# ده شانۆنامه

PDF4Kurd

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# دە شانۆنامە

- ئۆگێست سترنبێرگ
- جورج ڤیوتوکا
- جوزیف ئوکونور
- جلیل محەمەد قولی زادە
- محەمەد موکری

موکری

ناوی کتێب: ده شانۆ نامه
نووسینی: ئۆگێست سترنبێرگ، جۆرج ڤیوتوکا، جوزیف ئۆکونور، جەلیل محەمەد قولی زادە، موکری
نووسین و وەرگێڕانی: موکری
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٢٦
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: کارزان عەبدولحەمید
بەرگ: مریەم موتەقییان
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٥٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# مسز ژۆليا

ستڕنبێرگ

### کاراکتەرەکان

مسز ژۆلیا: کچی کۆنت ٢٥ ساڵ

ژان، نۆکەر ٣٠ ساڵ

کریستین، ئاشپەز ٣٥ ساڵ

ڕووداوەکانی ئەم شانۆگەرییە لە شەوێکی هاویندا لە ئاشپەزخانەی ماڵی کۆنت ڕوودەدات.

ئاشپەزخانەیەکی گەورە، بنمیچ و دیوارەکانی، بەپەردە و شتە هەڵواسراوەکان پۆشراون، دیواری پاشەوەی درێژەی هەیە، بەلای چەپدا و بۆ ئەو شوێنەی کە لە بینەرەوە دوورە، لەسەر ئەم دیوارە و بەلای چەپدا، دوو ڕەف دانراون بەکاغەزی نیمچە بازنەیی ڕازاونەتەوە، پڕن لە دەفر و ئامانی مس و ئاسن و تەنەکە.

لە لای ڕاستەوە سێ بەشی مەدخەلێکی خارجی کەوانەدار و دوو دەرگای شووشەیی، لەتوێی شووشەی دەرگاکانەوە، نافورەیێك پەیکەری کیوبید و گوڵی لەیلەك و پۆپەی چناری زراف دەبینرێ.

لە لای چەپیشەوە، گۆشەی کوانوییێکی سواخدراو دەبینین، بەشێکی دووکەڵکێشەکەی کەوتووەتە ڕوو.

لە لای ڕاستەوە لاییێکی مێزی نۆکەران بەقۆقزی دیارە کە لە داری سنۆبەری سپی دروست کراوە، چەند کورسییەکی بەدەورەوەیە.

کوانووەکە بەچەند چەپکێ لە چڵە بەتولا ڕازاوەتەوە، چڵە (دەفران)یش لەسەر ئەرزدا پەرش و بڵاون.

لە گۆشەی خوانەکەدا گوڵدانێکی گەورەی ژاپۆنی بەگوڵی لەیلەك ڕازاوەتەوە. هەروەها سنووقێکی گەورەی بەفر و مێزی ئاشپەزی و حەوزی دەفر شۆردن دیارن.

جەرەسێکی گەورەی کۆنە مۆدێل بەسپرینگێك هەڵواسراو بەقەد دەرگاکەوەیە، لە لای چەپەوە بەشێکی دەنگ گەیێنەری دەبینین کە بەبۆڕی گەیاندنی تەلەفۆنییەوە بەستراوە.

کریستین لە نێو تاوەیێکدا شتێ سوورەوە دەکات و لە تەنیشتی کوانووەکەدا وەستاوە

بەروانكێكی داوەتە سەر فوستانێكی كاڵی پەمۆیی.

ژان دێتە ژووریّ پۆشاكی ڕەسمی نۆكەرانی پۆشیوە، جووتیّ پێڵاوی سواری بەر كیفەوەی بەدەستەوەیە لەسەر زەوی ئاشپەزخانەكەدا دایدەنیّ، بەشێوەیێك كە ببینرێن.

ژان: دیسانەوە مسز ژولیا تووشی شێتی شەوانەی بووەوە.. بەتەواوی شێت بووە..

كریستین: وابیّ گەڕایتەوە.. ها؟

ژان: كۆنتم گەیاندە وێستگا، لە ڕێی گەڕانەوەمدا سەرم بە(جرن)دا كرد سەرنجێكم دا، پاشانیش بەشداری سەمام كرد، مسز ژولیاش لەوێندەر بوو لەگەڵ پاسەوانی ڕاودا سەردەستەی سەماكەران بوو، هەركە بینیمی بەپەلە داوای لیّ كردم، سەمای ڤالْسی لەگەڵدا بكەم، چۆنی سەما دەكرد؟ لەسەرەخۆ و وەئاگا نەبوو.

كریستین: ئەمە شتێكی تازە نییە.. بەدرەفتارتر بووە. بەتایبەت لەم دوو هەفتەیەی ئەم دواییەدا، ڕێك لەو كاتەی كە خوازبێنییەكەی هەڵوەشاندووەتەوە.

ژان: چ چیرۆكێكە [چ بەسەرهاتێكە] پیاویّ بوو بەرێكوپێكی دەكەوتە ڕوو، ئەگەرچی پارەیێكی زۆریشی نەبوو، بەڵام ئەو جۆرە كەسانە دەناسی، كاتیّ كە پەنا دەبەنە بەر بیرۆكەیێكی دیاریكراو (لەسەر گۆشەیێكی مێزەكەدا دادەنیشیّ) سەیرە.. ها.. خانمێكی گەنج حەز بەوە بكات لەگەڵ نۆكەراندا دانیشیّ لەبری ئەوەی لەگەڵ بابیا بۆ دیدەنی كوڕانی ئامۆزای بچیّ..

كریستین: ڕەنگە لە ڕووبەڕووبوونیاندا هەست بە شەرمەزاری بكات، پاش ڕووداوی دەزگیرانەكەی.

ژان: ئەمە جێی سەرسوڕمانم نییە، ئەو پیاوە زانیی چۆن لە ڕوویدا دەوەستیّ كریستین، ئایا دەزانی چی ڕووی دا؟ هەموو ڕووداوەكانم بینی، گەرچی خۆم وا نواندبوو كە چم نەبینیوە.

كریستین: چ دەڵێی؟ چ ڕووداوێكت بینی؟

ژان: دڵنیا بە، لە گەورەكەدا بوون، بەپێی قسەی ژولیا، مەشقی دەكرد و ڕای دەهێنا دەزانی ژولیا چی دەكرد؟ وای دەكرد لەسەر قامچییەكەیدا باز بدات، وەك ئەوەی مەشقی بازبازێن بە سەگیّ بكات.. پیاوەم بینی دووجاران بەسەر قامچییەكەدا بازی دا، هەر جارەش بە قامچییەكە پێوەی دەدا، لە جاری سێهەمدا پیاوە، قامچییەكەی لە

دەست وەرگرت و تێکی شکاند، جێی هێشت.

کریستین: بەڕاستی ئەمەی کرد؟ سەیرە.

ژان: بەڵێ.. ئەمە بووە کۆتاییەکەی. کریستین چ شتێکی بەتامت هەیە بیخۆم؟

کریستین: "شتێك لە تاوەکە دەردێنێ و لەبەردەمی ژانی دادەنێ" پارچەیێك جەرگە لەبەر تۆ جیام کردۆتەوە.

ژان: "بۆنی پێوە دەکات" حەزم ئا لەمەیە "قاپەکە دەپشکنێ" ئا.. چاکتر نەبوو گەرمی کەیتەوە.

کریستین: تۆ لە خودی کۆنت قورستری.. چاکترینت پێ چاك نییە " بەسۆزەوە دەست بەسەر پرچەکەیدا دەهێنێ".

ژان: "بە تووڕەییەوە" چاك وایە بەتەنها جێم بێڵی، دەزانی ئەز زوو تووڕە دەبم و هەڵدەچم.

کریستین: دەمەوێ بزانی ئەمن تۆم خۆشدەوێ.

"ژان خەریکی خواردنی دەبێ، کریستین بتڵە بیرەیێکی بۆ دێنێ"

ژان: ئەمە چییە؟ بیرە؟ لە شەوی جەژنی هاویندا؟ نا.. سوپاست دەکەم.. دەتوانم لەمە چاکتر بێنم "چەکمەجەیێك دەکاتەوە بتڵە شەرابێکی سوور دەردێنێ، مۆرێکی زێڕینی پێوەیە" دەبینیت، مۆری زێڕین.. پەرداغێکم بدەیێ، ئەڵبەتە گلاسی شەراب، چونکە بە سادەیی دەیخۆمەوە.

کریستین: "پەرداغێکی چکۆڵە دەخاتە سەر کووانووەکە"

خودا پشت و پەنای ئەو کەسە بێت کە دەتکاتە مێردی خۆی، چ پیاوێکی وەکو تۆ تووڕە و نەوسنم نەبینیوە.

ژان: قسەی قۆڕ، گەلێ بەختەوەر دەبی، گەر بتوانی من بەدەست بێنی. ڕاستتر تۆ بەختەوەری، خەڵکی دەزانن تۆ دولبەری گەنجێکی مێرخاسی وەکو منی "تامی شەرابەکە دەکات" ئەمە شەرابێکی نایابە، بریا هەندێ گەرم دەبوو (بە هەردوو دەست و لەنێو لەپیا گلاسەکە گەرم دەکاتەوە) ئەم شەرابەمان لە "دیژون" لیتری بە چوار فرەنگ، لە جەنگەڵدا کڕی، ئەوە چ لێ دەنێیت، بۆنێکی گەن بەرەو دەرێ دەنێرێ.

کریستین: ئەمە خۆراکێکی پیس و لەعینە.. مسز ژولیا بۆ دیانا-ی دەوێ.

ژان: کریستین دەبێ پەیژەکانت چاك کەیتەوە.. بۆچ چێشت لە ڕۆژی جەژندا بۆ کسۆکێکی

لەعنەتی لێ دەنێی؟ ئایا نەخۆشە؟

کریستین: بەڵێ، نەساغە، لە کونجەکەدا کەوتبووە دووی سەگەکەوە، تا سەرئێشەی بۆ خۆی دروست کرد، ئەمەیش کارێکە خانمی گەورەم قبوڵی ناکات.

ژان: خانمەکەم لە هەندێ کاردا زیادەڕەوی لە پشکنین دەکات، بەڵام ئەفسوس لە شتەکانی تردا وردەکار نییە. لەم ڕووەوە تەواو لە کۆنسیسە دەچێ، کاتێ کە لە ژیاندا بوو.. گەر لە ئاشپەزخانە یا لە گەوڕی مانگاکاندا با تەواوی ئاسایی بوو، بەڵام هەرگیز نەیدەتوانی ئەسپێ تاو دا، بێ دەربەست بوو سەر دەستەکانی چڵکن با.. بەڵام دەبا دروشمی خانەوادە نەقشی بەستبا لەسەر هەموو دوگمەکان، ئەمەیش مسز ژولیایە بایەخ بە پاك و تەمیزی پۆشاکەکانی نادات تەنانەت بە خۆیشی، لووت بەرزیش نییە.. گەر ئێستا ڕای من دەپرسی لە ″جرن″دا پاسەوانی ڕاو سەمای لەگەڵ ″ئەنا″ دەکرد کچی ژولیا بەپەلە لە دەستی وەرگرت، داوای لێ کرد کە سەما لەگەڵ خۆیدا بکات ئێمە شتی وا ناکەین.. بەڵام کاتێ کە گەورەکان لە قیمەتی خۆیان دادەگرن ئەم کارانەیان لێ ڕوودەدات و چکۆڵەو مونحەت دەبن.. لەگەڵ ئەمەشدا کچێکی ڕوخسار جوانە، جوانیشە، دوو شانی جوان و شتی تریش..

کریستین: تا ئەم ڕادەیە جوان نییە.. بۆ پۆشاك پۆشین کلارا یارمەتیی دەدات، بریا گوێت لێ دەبوو چی پێ دەڵێ.

ژان: کلارا؟ ئۆە.. ئێوەی ژنان هەمیشە غیرەتان هەیە، لەگەڵیا چووە دەرێ، ئەو سوار بوو، بینیشم سەمای دەکرد.

کریستین: ژان، کە لەمە ببمەوە سەمام لەگەڵدا دەکەی؟

ژان: ئەڵبەتە.

کریستین: پەیمانم دەدەیتێ؟

ژان: گەر گوتم شتێکی دەکەم، یانی دەیکەم ″دەوەستێ″ سوپاس بۆ شیڤەکەت، گەلێ بەتام بوو.

″تەبەتۆری شووشەکە دەنێتەوە سەرەوە″

ژولیا: ″لە دەرگاوە دەردەکەوێ، لەگەڵ کەسێکدا قسان دەکات کە لە دەرێدایە″ پاش ساتێکی دی دەگەڕێمەوە.. چاوەڕێم مەکەن.

″ژان شووشەکە لە چەکمەجەیەکدا دەشارێتەوە بەرێزەوە دەوەستێ″

ژولیا: ″بەرەو کریستین دەچێ کە بەرامبەر ئاوێنەکە وەستاوە ″ئامادەیت؟″ کریستین بەهێما تێیدەگەیێنێ کە ژان لێرەدایە″

ژان: ″بە شەهامەتەوە″ دەتانەوێ نهێنییەکانتان ئاڵوگۆڕ بکەن؟

ژولیا: ″بەدەستەسڕەکەی دەکێشێ بە ڕوومەتی ژان″ ئەمە کاری تۆ نییە.

ژان: بۆنی وەنەوشە چەند خۆشە.

ژولیا: ″بەنازەوە″ ڕوودارییە! تۆ لە عەتریش تێدەگەی؟ بە تەئکید دەزانی چۆنیش سەما دەکەی.. بڕۆ و لە چاو حیزیش گەڕێ.

ژان: ″بەڕووداری و بێ ئەوەی بێ سەروبەر بێ″ پێم وایە خانمان، لە شەوانی جەژنی هاویندا ئەو شلەیە لێ دەنێن کە ژنانی جادووگەر وەسفی دەکات، بەخت ئاشکرا دەکات، ڕووخساری ئەو پیاوەت پێشان دەدات کە دەتخوازێ.

ژولیا: ″بەتووڕەیییەوە″ بۆ ئەمەیش دەبێ دوو چاوی بەهێز هەبێ ″بەکریستین″ لە شووشەیێکدا داینێ و سەری چاك قایم کە.. دەی ژان وەرە با بڕوێن لەگەڵ مندا سەمای ئیسکتلەندی دەکەی..؟

ژان: ″دوودڵە″ نامەوێ سەرپێچی فەرمانت بم، بەڵام بۆ ئەم سەمایە وادەم بە کریستین داوە.

ژولیا: ئوە.. ئەو دەتوانێ هەموو کاتێ لەگەڵتا سەما بکات.. کریستین وا نییە.. تۆ مانعت نییە گەر ئەمجارە بمدەیتێ، ها؟

کریستین: خانمەکەم من جێ و ڕێی خۆم دەزانم، گەر ڕێم بدەی ژان حەقی ئەوەی نییە بڵێ نەء″وەردەچەرخێ″ ژان لەگەڵیدا بڕۆ.. ئەمە شەرەفە بۆ تۆ..

ژان: نامەوێ سنووری خۆم ببەزێنم.. بەڵام بە ڕاشکاوی.. ئایا بەجێیە بۆ خانمەکەم دووجاران لەسەریەك لەگەڵ کەسێکدا سەما بکات؟ تۆ خەڵکانی ئێرە چاك دەناسی و دەزانی چ جۆر چپەیان هەیە.

ژولیا: ″تووڕەیە″ دەچپێنن؟ بۆ چ دەچپێنن؟ چت مەبەستە؟

ژان: ″بەرێزەوە″ مسز ژولیا، گەر درکت بەوە نەکردووە چم مەبەستە ئەوا بەڕاشکاوییێکی تەواوەوە دەڵێم، لائیق نییە لە ئوسوڵ دەرچی سۆزت بەکەسێکی نۆکەرت ببەخشی،

کەچی ئەوانیش هەر هەموویان چاوەڕێن ئەم شەرەفەیان پێ ببەخشی.

ژولیا: سۆزم بۆ کەسێ؟ هەرگیز گوێم لەم شێوە قسانە نەبووە (لەم جۆرە قسانەم نەبیستووە) لێرەدا من خاوەن فرمانم، گەر تەنازولم بۆ ئەوە کردبێ بچم بۆ ئاهەنگی سەمای تایبەت بە نۆکەران، ئەویش لەبەر حەزی سەما کردنم بێ، ئەوا من لەگەڵ کەسێکدا سەما دەکەم بتوانێ سەردەستەی سەما بێ، نەك بمکاتە قەشمەرجار.

ژان: فەرمایشی ئێوەیە مسز ژولیا، من لە خزمەتم.

ژولیا: "بەناسکییەوە" گوێی مەدەرێ.. ئەمشەو جەژنە.. دەبێ کەیفخۆش بین و خۆش بگوزەرێنین. بیر لە جیاوازییەکان نەکەینەوە.. باسکتم وێدە.. کریستین بێ خەم بە و پیاوەکەت نادزم.

"ژان باسکی دەداتێ، ژولیا بەرەو دەرێی دەبات".

کارەکتەر دەبێ ئەم دیمەنە سازدا وەك ئەوەی لە دوورەوە بێ ئاوازی سەمای سکوتلەندییە.. کریستین منگە منگی ئاوازە دەکات ئەو مێزە پاك دەکاتەوە کە ژان لە سەریا خواردبووی. لە حەوزەکەدا دەفرەکان دەشوات. وشکیان دەکاتەوە لە دۆلابەکە دایاندەنێ، بەروانکەکەی دادەکەنێ، لە چەکمەجەکەوە ئاوێنەیێکی چکۆڵە دەردێنێ دەیخاتە پشت گوڵدانی سەر مێزەکە، مۆمێ دادەگیرسێنێ و تۆقەیێکی پرچ گەرم دەکات و پرچی خۆی پێ لوول دەدات، بەرەو دەرگا دەچێ بەگوێ بیستی دەوەستێ، کە بەرەو مێزەکە دەگەرێتەوە، ئەو دەستەسرە دەبینێ کە مسز ژولیا جێی هێشتبوو، بەرزی دەکاتەوە، بۆنی پێوە دەکات، ڕایدەخات و چوارقەدی دەکات.

ژان: "بەتەنها دێتە ژوورێ" ئەڵبەتە دەبێ بەڕاستی شێت بووبێ، کە بەم شێوەیە سەما دەکات، هەریەکەو بەگرژییەوە لە پشتی دەرگاکەوە خۆی شاردووەتەوە.. کریستین پێت وا نییە؟

کریستین: تۆ دەیناسی.. لەم ڕۆژانەدا ڕەفتارەکانی گەلێ سەیرن.. ئێستاش دەربارەی سەماکەی خۆمان چ دەڵێی؟

ژان: لێم زویر نەبووی کە بەو شێوەیە دەرچووم و جێتم هێشت؟

کریستین: جا چ سۆنگەی زویربوون هەیە؟ پاشان من جێ و ڕێی خۆم دەزانم.

ژان: "باوەش بەناوقەدیا دەکات" کریستین، تۆ کچێکی ئاقڵی.. دەبی بە کابانێکی چاکیش.

ژوليا: "بەتوورەيييەوە دێتە ژووریٚ، ئیهانە کراوە بەلاَم بەکەیفخۆشییەکی داگیرکراوەوە قسان دەکات"

هاوەڵێکی چاکیت.. ڕادەکەیت شەریکە سەمایشت بەو شێوەیە جیٚ دێڵێ..

ژان: مسز ژولیا، بەپێچەوانەوە.. بەرەو ئەو شەریکە گەڕامەوە کە دەسبەرداری ببووم.

ژولیا: "لەهجەکەی دەگۆڕیٚ" لێرەدا کەسیٚ نییە وەکو تۆ سەما بکات.. بەلاَم بۆ پۆشاکی نۆکەرانت پۆشیوە؟ ئەمڕۆ جەژنە.. بڕۆ بەپەلە پۆشاکەکەت بگۆڕە.

ژان: وابیٚ داوات لیٚ دەکەم ساتیٚ جێم بێڵی.. چاکترین چاکەتم بەو عەلاگەیەوە هەڵواسراوە "ئیشارەت بۆ عەلاگەکە دەکات، بەرەو لای ڕاست دەڕوات"

ژولیا: ئەوەندە شەرمنۆکی، تا ئەو ڕادەیەی نەتوانی لە بەردەممدا چاکەتەکەت بگۆڕی؟ وابیٚ برۆ بۆ ژوورەکەت، یا لێرەدا دەبم و پشتت تیٚ دەکەم.

ژان: بە یارمەتیت مسز ژولیا.

"بەرەو لای ڕاست دەڕوات، باسکی دەبینین، چاکەتەکەی دەگۆڕیٚ"

ژولیا: پیٚ دەچیٚ نێوانتان لەگەڵ ژاندا گەلیٚ خۆش بیٚ کریستین.. خوازبێنی کراون؟

کریستین: خوازبێنی کراوین؟ بەڵیٚ.. پێم وایە.

ژولیا: پێت وایە؟

کریستین: مسز ژولیا، تۆ لەم کارانە دەزانی.. بەتایبەتی تۆیش..

ژولیا: خوازبێنی کرابووم، خوازبێنییەکی ڕەسمی.

کریستین: بەلاَم نەگەیشتە شتیٚ.. وا نییە؟

"ژان دەگەڕێتەوە چاکەتێکی ڕەشی هی ڕۆژانەی لەبەرە لەگەڵ شەبقەیێکی ڕەشدا"

ژولیا: **Trea gentil, Monsieur! Tres gentil!**

ژان: **Vous voulez plaisanter, Madame?**

ژولیا: **Et vous voulez parler francais**

لە کویٚ فێری زمانی فەرەنسی بوویت؟

ژان: لە سویسرا، لە چاکترین ئوتێلەکانی لوسرن – دا گارسۆن بووم.

ژولیا: تۆ بەم چاکەتەوە بە جنتلمان دەچی؟

″ژان لەسەر مێزەکە دادەنیشێ″

ژان: تۆ موجامەلەم دەکەیت.

ژولیا: ″ئیهانە کراوە″ موجامەلەت دەکەم.. تۆ؟

ژان: خاکییە خۆڕسکەکەم ڕێم لێ دەگرێ کە باوەڕ بەم پێشوازییەی تۆ بێنم بۆ کەسێ لە جێ و ڕێی مندا بێ، بۆیە، پێم وایە موبالەغە دەکەیت یا بەشێوەیەکی دی موجامەلە دەکەیت.

ژولیا: لە کوێ فێری ئەوە بوویت، بەم شێوەیە قسان بکەیت؟ دەبێ تۆ لە عاشقانی شانۆ بیت؟

ژان: بەڵێ.. گەلێ سەفەری ئەملاو ئەولام کردووە.

ژولیا: بەڵام لێرەدا لە دایك بوویت؟

ژان: باوکم جووتیار بوو لێرەدا گریزی زەویی وەکیلی دادگا بوو.. کە تۆ منداڵ بووی ڕاهاتبوومە سەر ئەوەی بتبینم، لەگەڵ ئەمەشدا تۆ هەرگیز هەستت بە وجودی من نەدەکرد.

ژولیا: بەڕاست؟

ژان: بەڵێ.. ڕۆژێکیانم تەواو لە بیرە.. بەڵام ناتوانم دەربارەی ئەو ڕۆژە قسانت بۆ بکەم.

ژولیا: نا.. قسان بکە.. دەی.. دەمەوێ قسان بکەیت.

ژان: نا.. نا.. ناتوانم.. لە فرسەتێکی دی.. ڕەنگە.

ژولیا: جا فرسەتێکی دی چ سوودێکی هەیە.. بۆ کارەکە تا ئەم ڕادەیە گەن بووە؟

ژان: کارێکی گەن نەبووە.. بەڵام نامەوێ ئێستا بیدرکێنم.. ئۆە.. سەیری بکە ″ئیشارەت بۆ کریستین دەکات لەسەر کورسییەکەدا و لە تەنیشت کووانووەکەدا دانیشتووەو خەو بردوویەتییەوە″

ژولیا: بێشك کابانێکی میهرەبان دەبێ.. ڕەنگە بشپرخێنێ.

ژان: نا.. لە خەودا قسان دەکات.

ژولیا: ″بەتەوسەوە″ چۆن ئەمەت زانی؟

ژان: ″بەجورئەتەوە″ گوێم لێ بووە.

ژوليا: ″سەرنجيان بەر يەك دەكەوێ″ بۆ دانانيشی؟

ژان: ڕێ بە خۆم نادەم.. تۆ وەستا بی..

ژوليا: با بڵێين فەرمانت دەدەمێ؟

ژان: وابێ ملكەچم.

ژوليا: دە دانيشە.. بەڵام هەندێ چاوەڕێ كە.. يەكەم ناتوانی شتێكم بدەيتێ بيخۆمەوە؟

ژان: نازانم لە نێو سنوقی بەفرەكەدا چی هەيە، پێم وا نييە جگە لە بيرە شتێكی دی تيادا بێ.

ژوليا: بەمەش دەڵێی چ شتێ، من لە زەوقدا گەلێ بەسيتم، بيرەم لە شەراب پێ چاكترە.

″بيرەيێك لە نێو سنوقی بەفرەكەدا دەردێنێ و دەيكاتەوە، لە نێو دۆڵابەكەدا بەدوای گلاسێك و قاپێك دەگەڕێ تا خزمەتی بكات″

ژان: بە يارمەتيت.

ژوليا: سوپاس.. تۆيش ناخۆيتەوە؟

ژان: حەزم لە بيرە نييە.. بەڵام گەر ئەمر بفەرموويت كە..

ژوليا: ئەمرم كرد.. دەبێ جەنتلمان بزانێ چۆن دڵی خانمان ڕادەگرێ.

ژان: بەڵێ، ئێوە ڕاست دەكەن.

″بەدوای گلاسێ دەگەڕێ و بيرەيێكی دی دەكاتەوە″

ژوليا: لە سحەتی من بخۆوە ″ ژان دوودڵە″ پێم وا نييە پياوێكی گەورەی وەك تۆ هەست بە حەيا و شەرم بكات.

ژان: ″بە شەهامەتێكی موزەيەفەوە چۆك دادەدات، پاشان سەری بەرز دەكاتەوە″ لە سحەتی خانمی گەورەم.

ژوليا: براڤۆ.. ئێستا دەبێ قۆنەرەكانم ماچ كەيت، تا وێنەكە تەواو بێ ″ بۆ ساتێ ژان دوودڵە، پاشان بەجورئەتەوە قاچی دەگرێ و بەئاسانی ماچی دەكات″ زۆر باشت كرد، دەبا نواندن بكەيتە پيشە.

ژان: ″هەڵدەستێ″ مسز ژوليا، ناتوانين بەم شێوەيە بەردەوام بين، گريمان كەسێ هاتە ژووریێ و بينيمانی.

ژولیا: جا ئەمە چییە؟

ژان: خەڵکان دەچپێنن، هەر ئەمەیە.. گەر دەزانی لێرەدا زمانیان چ دەجوێ.

ژولیا: چ دەڵێن؟ پێم بڵێ.. دانیشە.

ژان: "دادەنیشێ" نامەوێ سنووری خۆم ببەزێنم.. بەڵام، هەندێ شتیان لە زار دەردەچێ.. ئیشارەتە بۆ.. خۆ تۆ منداڵ نیت.. تۆ دەزانی دەمەوێ چ بڵێم.. خانمێ لەگەڵ پیاوێکدا بخواتەوە.. بەتایبەتی ئەو پیاوە گەر نۆکەر بێت.. لە شەویشدا بەتەنها بێت.. ئەو کات..

ژولیا: ئەو کات چی؟ دوایی ئێمە بەتەنها نین.. کریستین لێرەدایە.

ژان: بەڵێ خەوتووە.

ژولیا: وابێ وەئاگای دێنم " هەڵدەستێ" کریستین، تۆ خەوتوویت؟

کریستین: "بەلاڵەپەتێیانە" مم.. مم.

ژولیا: کریستین! دەزانێ بنوێ!

کریستین: "خەوتووە" قۆنەرەکانی کۆنتم پاك کردەوە.. دەبێ قاوەکە ئامادەکەم.. ئامادەم.. ها ئێستا دێم.. ئۆف.

ژولیا: "لووتی دەگرێ" وەئاگابێ.

ژان: "بەحدەتەوە" ئیزعاجی مەکە.

ژولیا: "بەتەحەداوە" دەتەوێ چ بڵێی؟

ژان: بەدرێژایی ڕۆژ بەپێوە لە لای کووانووەکە دەوەستێ، هەڵبەتە ئێستا گەلێ ماندووە، دەبێ ئێوەش ئەمە لە بەرچاو بگرن.

ژولیا: "لەهجەکەی دەگۆڕێ" جوان نییە بۆ تۆ ئاوها بیرکەیتەوە.. ئەڵبەتە تۆ لەسەر حەقی.. سوپاست دەکەم "پاش پەیڤینەکانی دی، کریستین وەئاگا دێ، نیوە خەوتووە، بەرەو لای ڕاست دەبێتەوە دەچێتەوە نێو نوێنەکەی" با دەرچین، دەتوانی هەندێ گوڵە لەیلەکم بۆ بچنی.

ژان: مسز ژولیا بەیەکەوە دەرچین؟

ژولیا: ئەڵبەتە.

ژان: هەرگیز ئەمە نابێ، هەرگیز.

ژولیا: نازانم بۆ ئەمە نابێ.. ئایا پێت وایە من..

ژان: من.. هەرگیز، بەڵام خەڵکانی دی پێیان وایە کە..

ژولیا: چی؟ من نۆکەرم خۆشدەوێ؟

ژان: تکام وایە ئەوە بەمێشکتا گوزەر نەکا کە من مەغروور بم، بەڵام وەك زانراوە ئەمە فیعلەن ڕوودەدات، چ شتێکی موقەدەس لە لای ئەم خەڵکەدا نییە..

ژولیا: پێم وایە تۆ ئوروستوقراتیت.

ژان: بەڵێ، من ئوروستوقراتیم.

ژولیا: گەر بتەوێ من تەنازول دەکەم.

ژان: مسز ژولیا، ئەمە مەکە، چ کەس باوەڕ بەوە ناهێنێ کە تۆ تەنازولت کردووە، بەڵکو دەڵێن تۆ نووچت داوە.

ژولیا: ڕای من دەربارەی خەڵکی چاکترە لە ڕای تۆ، وەرە ببینە گەر تۆ لەسەر حەقی.. دەی.. وەرە "بەچاو تەحەدای دەکات"

ژان: تۆ شەخسیەتێکی سەیرت هەیە.. ئا ئەمە دەزانی؟

ژولیا: ڕەنگە، هەروەها تۆیش.. بەهەرحاڵ.. هەموو شتێ سەیرە، ژیان، پیاوان، هەموو شتێ، تەنها کەفە، دەسووڕێتەوە و بەسەر ئاودا، تا لە کۆتاییدا نوقم دەبێ، خەونێك هەیە جار جارە بەسەرم دەکاتەوە، ئەم گوتەیەش وەبیرمی دێنێتەوە، وا دێتە بەرچاوم کە من بەرەو ترۆپکی عەموودێکی بەرز سەردەکەوم، لەوێدا دادەنیشم، بێ ئەوەی بزانم چۆن دادەبەزم.. گەر سەیری خوارێ بکەم لە بەرچاومدا زەوی دەسووڕێتەوە بەڵام دەزانم دەبێ بەهەر جۆرێ بێ دابەزمە خوارێ، ئەو جەرگ و ئازایەتییەم نییە بازدەمە خوارێ، ناشتوانم تا سەر لەسەریدا بم، تەمەنای ئەوە دەکەم بکەومە خوارێ، کەچی ناکەومە خوارێ، لەگەڵ ئەمەشدا درك بەوە دەکەم حەوانەوە و ئاسایش وەدەست ناهێنم گەر لەسەر زەویدا نەبم لەسەر زەویدا بم، تەمەنای ئەوە دەکەم بەرەو ناخ و قووڵتر ڕۆ چم.. هەستێکی ئاوهاش بەناخمدا گوزەر دەکات.

ژان: نەء.. لە خەونەکانمدا خۆ لە نێو جەنگەڵێکی تاریکدا دەبینم، لە ژێر دارێکی درێژدا ڕاکشاوم.. دەمەوێ سەر دارەکە کەوم، بچمە سەر پۆپەی درەختەکە، تا بتوانم لەبەر ڕۆشنایی هەتاودا ئەو شوێنە ببینم، دەمەوێ ئەو هێلانەیە بدزم کە هێلکە زێڕینەکەی



موکری (٢)

تیادایە، بەرەو ژوور هەڵدەگژێم و سەردەکەوم، ناکەوێتە بەردەستم، من دەزانم گەر دەستم بەر ئەو چڵە بکەوێ ئەوا دەتوانم بگەمە پۆپەی درەختەکە.. ڕێك وەك ئەوەی بەسەر پەیژەدا سەرکەوم.. جارێ ئەو چڵەم بەر دەست نەکەوتووە، بەڵام ڕۆژێ ئەمە هەر دەکەم، تەنانەت گەر لە خەونیشدا بێ..

ژولیا: من لێرە لەگەڵ تۆدا لەمەڕ خەون قسەی بێ سەرو بەر دەکەین.. دەی وەرە، با بچینە نێو باخەکە..

"دەستی دەداتێ و دەیانەوێ بچنە دەرێ"

ژان: مسز ژولیا، دەبێ لەسەر نۆ گوڵ لە گوڵەکانی نیوەشەوی هاوین بنوین.. ئەوسا خەونەکانمان وەدی دێت..

"وەردەچەرخن و دەگەنە دەرگاکە.. ژان دەست دەخاتە سەر یەکێ لە چاوەکانی"

ژولیا: چ لە چاوتا هەیە؟ پیشانم دە.

ژان: چ نییە.. هەندێ تەپ و تۆزە.. پاش دەقیقەیێکی دی چاك دەبیتەوە.

ژولیا: ڕەنگە چمکی سەر دەستم بەری کەوتبێ.. دانیشە با تەپ و تۆزەکە لە چاوت دەرهێنم.

"دەستی دەگرێ و دایدەنیشێنێ و سەری دەگرێ و بەرەو پاشی دەبات هەوڵ دەدات بە چمکی دەستەسڕەکەی تەپ و تۆزەکە دەربێنێ"

مەبزوێ.. پێم گوتی مەبزوێ "دەکێشێتە سەر زەوی" ئەوە بکە کە پێت دەڵێم.. لەرز دایگرتووی.. پیاوێکی گەورەی بەهێزی وەکو تۆ "دەست بە ماسولکەکانیا دەهێنێ" ئەم دوو باسکە!

ژان: "بە هۆشیارییەوە" مسز ژولیا!

ژولیا: مسیۆ ژان.

ژان: **Attention Je ne suis qu ,un homme!**

ژولیا: مەبزوێ.. ئاهـ.. تەپ و تۆزەکەم دەرهێنا.. دەستەکانم ماچ کە و بڵێ سوپاس.

ژان: "دەوەستێ" مسز ژولیا، ئێستا کریستین لە نوێنەکەیدایە.. تکات لێدەکەم گوێ بیستی ئەوە بەو بزانە چیت پێ دەڵێم..

ژولیا: یەکەم، دەستم ماچ کە.

ژان: گوێم بۆ شل کە.

ژولیا: یەکەم، دەستم ماچ کە.

ژان: چاکە.. جگە لە خۆت لۆمەی کەسی دی مەکە.

ژولیا: بۆ؟

ژان: بۆ؟ تۆ منداڵ نیت.. تۆ لە تەمەنی بیست و پێنجساڵیدای، نازانی گەمە بە ئاگرکردن خەتەرە.

ژولیا: ئەمە بەسەر مندا ناسەپێ.. من ئیماندارم و ئاگربەنم پێیە.

ژان: "بە جورئەتەوە" نا.. تۆ ئیماندار نیت.. ئەگەر واش بێت، گەلێ شت لە دەوروبەرت هەن قابیلی گڕگرتنن، دەبێ حیسابیش بۆ ئەمە بکەیت.

ژولیا: خۆتت مەبەستە؟

ژان: بەڵێ.. نەك لەبەر ئەوەی کە من کێم.. بەڵام لەبەر ئەوەی گەنجم و..

ژولیا: میهرەبانی! ئایا مەغروور نیت.. پێم وایە دۆن ژوانیت! یا یوسفی گەورەمانی.. بەڵێ وایە.. پێم وایە تۆ گەورەمان یوسفیت.

ژان: تۆ پێت وایە؟

ژولیا: خەریکە پێم وابێ "ژان بە جورئەتەوە بەرەو لای دەچێ، باوەش بە ناوقەدیا دەکات، دەیەوێ ماچی بکات، زللەیەك دەکێشێتە ڕوخساری" دەستت لابە.

ژان: بەڕاستتە، یا گاڵتەم لەگەڵدا دەکەی؟

ژولیا: بەڕاستمە.

ژان: وابێ ئەوەی پێشتر ڕووی دا، ئەویشت بە ڕاست بوو، تۆ کارەکان بە جدی وەردەگری.. ئەمەیش خەتەرە، بێزاربووم لە گاڵتەجاڕی.. بە یارمەتیت بەرەو کارەکەم دەگەڕێمەوە، ئێمە گەلێ لە پاش نیوەشەوین، دەمەوێ قۆنەرەکانی کۆنت پاك کەمەوە.

ژولیا: لەو قۆنەرانە گەڕێ.

ژان: نەء.. ئەمە کاری منە و بەجێی دێنم، لە واجیباتی مندا ئەوە نییە ببمە هاوڕێی ڕابواردنی تۆ و ناشبم.. ڕێزم بۆ خۆم ڕێم لێ دەگرێ ئەمە بکەم.

ژولیا: تۆ لووت بەرزی.

ژان: لە هەندێ کاردا.. نەك لە کارەکانی دیدا.

ژولیا: خۆشەویستیت تاقی کردووەتەوە؟

ژان: ئەمە وشەیێکە و بەکاری ناهێنین، بەڵام لە لایەن کچانەوە سۆز و میهرەبانی پێ بەخشیوم، جارێکیان نەخۆشی زۆری بۆ هێنام، چونکە نەمتوانی ئەو کیژە وەدەست بێنم کە دەمویست.. وەك شازادەکانی هەزار و یەك شەوەم لێ هاتبوو کە خەو و خۆراکیان لێ حەرام ببوو، چونکە کەوتبوونە نێو دنیای دڵداری..

ژولیا: کێ بوو "ژان وەڵام ناداتەوە" کێیە؟

ژان: ناتوانی ناچارم کەیت کە پێت بڵێم.

ژولیا: گەر وەك ناحەزێ لێتم پرسی، وەك هاوڕێیەك کێیە؟

ژان: تۆ.

ژولیا: "دادەنیشێ" شتێکی میهرەبانە.

ژان: بەڵێ.. گەر بتەوێ خەندە ئاوەریشە.. ئا ئەمە ئەو چیرۆکەیە کە بەر لە هەندێ قایل نەبووم بۆتی باس کەم.. بەڵام ئێستاکێ پێت دەڵێم.. ئایا دنیات چۆن دێتە بەر زەین کە لە خوارڕا سەیری بکەیت؟ ئەڵبەتە نا خۆت وەك خۆی هەڵۆ و تەواوە، ئێمە سەرپشتیان نابینین، چونکە هەمیشە بەسەر سەرمانەوەن.. لە گەورێکدا لەگەڵ حەوت برا و خوشکێك و بەرازێك پەروەردە کرام، ئەو گەوڕەیش لەسەر زەوییەکی کرکایکردا بوو، تەنانەت تاقە دارێکی لێ نەبوو، بەڵام پەنجەرەکە دەیڕوانییە سەر شۆرەی باغەکەی باوکت.. لەسەر شۆرەکەوە دەمتوانی دارسێوەکان ببینم، ئەو کاتە ئەو باغچەیە بۆ من وەکو بەهەشتی عەدەن وابوو، مەلائیکەتە بەهێزەکان بەچەکە ئاگرینەکانیان حەرەسی بوون.. لەگەڵ ئەمەشدا من و منداڵان دەمانتوانی ڕێ بۆ درەختی ژیان کەین.. پێم وایە ئێستاکێ دەمبوغزێنی..

ژولیا: هەموو منداڵان سێو دەدزن.

ژان: ئێستاکێ تۆ ئەمە دەڵێی، بەڵام فیعلەن دەمبوغزێنی گرنگ ڕۆژێکیان دایکم بردمیە نێو باغەکە بۆ بژارکردنی ئەو زەوییەی کە پیازی تیا چنرابوو، لە تەنیشت باغچەکەی ئاشپەزخانەکەدا سەلاملگێك لەسەر شێوە تورکی دروست کرابوو، لە ژێر داری یاسەمین و گوڵەکێوی بەسەرا بوو، نەمدەزانی ئەو سەلامگە بۆچی بەکار دێ، بەڵام

جوانترین بینایێك بوو تا ئەو كاتە چاوەكە بینیبووی.. خەڵكی دەبینی دەچوونە نێوی و دەهاتنە دەرێ، تا ئەو ڕۆژەی كەسێ چووە ژوورێ و هاتە دەرێ و دەرگاكەی بە كراوەیی بەجێ هێشت، دزە سەرنجم هاویشتێ، دیوارەكان بەوێنەی مەلیك و ئەباتیرە ڕازابوونەوە، پەردەی سوور پەنجەرەكانی داپۆشیبوو.. تۆ دەزانی ئەو جێیە كە بۆتی باس دەكەم كوێیە؟ ″ئەو كاتە چڵێ لەیلەك دەقرتێنێ و لە ژێر لووتیا ڕایدەگرێ″ نەچووبووومە نێو باخەكە، جگە لە كەنیسە نەچووبووومە چ جێیەك بەڵام ئەو باخە گەلێك مەزن و جوان بوو، هەرچەندە هەوڵم دابا نەمدەتوانی وێنەكەی لە خەیاڵی خۆمدا دووربخەمەوە.. بەتایبەت ئەو جێیە، وردە وردە ئارەزوویێكی سەركێش هانی دام گەر بۆ جارێكیش بێ تامی ئەو مەزنییە بێ كۆتاییە بكەم.. لە دواییدا توانیم دزەی بۆ بكەم، بینیم، سەرم سووڕما، پاشان دەنگی پێی كەسێكم بیست دەهات، تەنها یەك ڕێیەك هەبوو بۆ دەرچوون، ئەڵبەتە ئەویش بۆ گەورەپیاوان بوو، بەڵام من ڕێیەكی دیم هەبوو، چ چارێكی دیم نەبوو، هەر دەبا بەكاری بێنم ″ژولیا كە چڵە لەیلەكەكەی بەدەستەوە بوو، لە دەستی دەكەوێتە سەر مێزەكە″

هەر بە سكەخشكێ گەیشتمە دەرێ خۆم كێشایە قەد دارتوویێك بەسەر چڵەكانی شاتوودا ڕۆیشتم، گەیشتمە باغچەی گوڵەكان، لەوێدا فوستانێكی پەمە و جووتێ گۆرەوی سپیم بینی دەتوانی بینیتە بەر زەینی خۆت، حاڵ و وەزعی من لە نێو دڕك و لە زەوییەكی شێداری پیسدا چۆن بێ.. دەتمبینی لە نێو دار گوڵەكاندا دەرۆیشتی، بەخۆمم دەگوت: گەر ڕاست بێ كە دەگوترێ، دەشێ دز بچێتە بەهەشت و لەگەڵ مەلائیكەكاندا بژێ، سەیر ئەوەیە لەسەر زەوی خواوەند كوڕە جووتیارێكی وەكو من نەتوانێ بچێتە نێو باغچەكە و گەمە لەگەڵ كچی كۆنتدا بكات..

ژولیا: ″دڵگرانە″ پێت وایە هەموو منداڵە هەژارەكان ئەم هەستەیان هەیە؟

ژان: ″لە پێشدا دوودڵە، پاشان بەدڵنیاییەوە″ هەموو منداڵێ؟ بەڵێ.. ئەڵبەتە ئەڵبەتە.

ژولیا: دەبێ هەژاری شتێكی گەلێ سەخت بێ.

ژان: ″دڵگرانی كاری تێ كردووە، زۆر بەدڵنیاییەوە″ ئۆه.. مسز ژولیا، سەگ دەتوانێ لەسەر ئەو قەنەفەیەدا بنوێ كە خانمەكەی لەسەریا دادەنیشێ ئەسپ دەتوانێ ئەو نیعمەتە وەدەست بێنێ كە خانمە گەنجەكەی دەست بە لمۆز و لووتیا بێنێ، بەڵام نۆكەر ″بەلەهجەیێكی جیاواز″ جار جارێ دەبینی نۆكەرێ عەزمی بەهێزی هەیە بۆ

ئەوەی ڕێی ژیان شەق کات، بەڵام ئایا ئەمە هەموو جارێ ڕوودەدات؟ بەهەرحاڵ، دەزانـی ئـەو کـاتـە چـیـم کرد، بەهـەمـوو پـۆشاکـەکـانمەوە خـۆم هـاویشتـە نێو ئـاوی زێرابەوە، پاشان دەریان هێنام و زۆریان لێدام.. بەڵام لە ڕۆژی یەکشەمی داهاتوودا باوکم و هەموو ئەو کەسانەی لە ماڵێدا بوون چوونە سەردانی داپیرەم، منیش کاری خۆم وەجێ هێنا بەسابوون و ئاوی گەرم لە ماڵێ خۆم شۆرد و پۆشاکم پۆشی بەرەو کەنیسە کەوتمە ڕێ، بۆ ئەوەی بەختی سەرنجدانی تۆم بەرکەوێ، بینیتم، بەنیاز بووم بگەڕێمەوە ماڵێ و بمرم بەڵام دەمویست مردنێ بمرم، میهرەبان و کەیفخۆشانە و بێ ئازار بێ ئا لێرەدا وەبیرم هاتەوە، سامناکە کەسێ لە ژێر پیرە دارێکدا بنوێ، لەوێندەر دارێکی ئاوها و لە هەرەتی گوڵگرتنا بوو، گوڵەکانیم چنی و لە نێو سنووقی وێنجەدا کۆمکردنەوە، کردمە پێخەف بۆ خۆم، ئایا سەرنجی نەرم و نۆڵی وێنجەت داوە، هـەروەك ئـەوەی دەست بـەسەر جـەستـەی ئـینسانـدا بـێنـی ئـاوهـایـە، سەرپـۆشی سنووقەکەم ڕاکێشا، چاوانم لێك نا، بەرەو دنیای نووستن ملم نا، بەڵام نەمردم.. وەك دەبینی.. وەئاگا هاتمەوە، هەستم بەناخۆشییەکی قورس دەکرد، نەمدەزانی چم دەوێ، ئەڵبەتە چ هیوایەکی ئەوەم نەبوو تۆ وەدەست بێنم، بەڵام تۆ لەوێدا وەکو ڕەمزی نەبوونی هیوا بۆ بەرزبوونەوە، لەو چینەی کە تێیدا لە دایك بووم وەستا بووی..

ژولیا: بەشێوەیێکی جوان ئەمەت گێڕایەوە. ئایا چوویتەتە قوتابخانە؟

ژان: بـۆ مـاوەیـەکـی دیـاریـکراو.. بـەڵام گـەلـێ ڕۆمـانم خـوێندووەتـەوە، هـەروەهـا مـن لـە عاشقانی شانۆم.. گوێبیستی خەڵکانێ بووم سەر بەچینێکن کە لە چینەکەی من باشترە.. ئەو قسانە بۆ من چاکترین قوتابخانە بوون.

ژولیا: ئایا لەوێندەر دەوەستای گوێت هەڵدەخست بۆ ئەوەی کە چ دەڵێن؟

ژان: ئەڵبەتە.. زۆرم بیست.. کاتێ کە گالیسکەم دەپڕاند یا کاتێ سەوڵی بەلەمم لێدەدا.. جارێکیان دەمبیست لەگەڵ یەکێ لە دەستە خوشکەکانتا قسانتان دەکرد..

ژولیا: ئۆه.. چیت بیست؟

ژان: حەز ناکەم ئەمەیانت بۆ باس کەم.. بەڵام ئەو قسانەتان، گەلێ لە بەرچاومدا کردەوە، نازانم چۆن تۆ فێری ئەو وشانە بوویت.. ڕەنگە جیاوازی نێوان چینی ئێمە و چینی ئێوە ئەوەندە زۆر نەبێ وا خەڵکی پێیان وایە کە زۆرە.

ژولیا: دەبێ شەرم لە خۆت بکەی.. ئێمە ڕەفتاری خۆ ڕێك دەخەین بەتایبەت کە خوازرابین.

ژان: "سەیری چاوانی دەکات" ئایا تۆ دڵنیایت! چ پێویست ناکات خانمەکەم لەگەڵ مندا ڕۆڵی بەریئی وەربگریت؟

ژولیا: ئەو پیاوەی کە خۆشم دەویست زۆڵ بوو..

ژان: ئا ئەمەیە کە هەمووتان هەمیشە دەیڵێن.. ئەڵبەتە لە پاشاندا..

ژولیا: هەمیشە؟

ژان: هەمیشە، چونکە هەمان وشانەم چەندین جار بەر لە ئێستا و لە موناسەباتی ئاوهادا بیستووە.

ژولیا: چ موناسەباتێ؟

ژان: لەم جۆرە موناسەباتانە.. کە قسانمان لەسەر دەکرد.. لە دوا جاریشدا.

ژولیا: "هەڵدەستێ" بەسە.. نامەوێ چیدی لەمە زیاتر ببیستم.

ژان: وێیش وای دەگوت.. سەیرە.. بەیارمەتیت.. دەمەوێ بنووم.

ژولیا: "بەناسکییەوە" لە شەوی جەژنی هاویندا دەنوی؟

ژان: چونکە سەما لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە خۆشی ناخاتە دڵمەوە.

ژولیا: وابێ کلیلی کۆگای بەلەمەکان بێنە، سەوڵ لێدە لە نێو دەریاچەکەدا دەمەوێ خۆرهەلاتن ببینم.

ژان: ئایا حیکمەتی تێدایە؟

ژولیا: پێ دەچێ گەلێ وابەستەی کێشمە کێشەکانت بی.

ژان: جا ئەمە چی تێدایە؟ نامەوێ کەسێ وام لێ بکات بەئەحمەقی بکەومە ڕوو یا دەرم کات بێ ئەوەی شەهادەی حوسنی سلوکم بداتێ.. دەمەوێ لە نێو ئەو جیهانەدا ڕێ بۆ خۆ شەق کەم.. دوای ئەمە هەست دەکەم دەبێ بیر لە کریستین بکەمەوە.

ژولیا: ئاه.. وابێ ئێستاکی کریستین سەبەبە.

ژان: بەڵێ.. بەڵام بیر لە تۆیش دەکەمەوە.. گوێ بۆ نەسیحەتم شل کە و بچۆ بۆ نێو نوێنەکەت.

ژولیا: ئایا پێت وایە من فەرمان لە تۆ وەردەگرم؟

ژان: تەنها ئەمجارە.. لە بەرژەوەندی تۆ دایە.. تکات لێ دەکەم.. کات گەلێ درەنگە، پێویستت بەخەو، وەعیت لە دەست دەدات، تەواو وەك مەی چۆن وەعیت لە دەست دەدات، خەویش ئاوهایە.. بچۆ بۆ نێو نوێنەکەت.. پاشان.. گوێ شل کە.. پێ دەچێ هاتوون بەدوای مندا دەگەڕێن، گەر بەیەکەوە بمانبینن کارت تەواو دەبێ..

"سترانی جووتیاران دەبیستریٚ.. نزیك دەبنەوە"

*خانم بەپێڵاوەکانییەوە بەنێو جەنگەڵەکەدا گوزەری کرد.*

*فل، دلی دری دی اوە*

*لە جەنگەڵدا جزمەکەی ون کرد*

*فل، دل دری دی اوە*

*بە خۆڕایی شەش مانگ بەسەر یەکدی خوازیمان گوزەشت*

*فل، دل دری دل اوە*

*خۆشەویستەکەی گوتی گوڵ سپییەکە خانمەکەمە*

*فل، دل دری دل اوە*

*هەفتەی ڕابردوو پێشکەشی خۆشەویستەکەم کرد.*

ژولیا: من ئەم خەڵکانە دەناسم، خۆشیانم دەوێ، ئەوانیش منیان خۆشدەوێ با بێن و دەبینی..

ژان: نەء.. مسز ژولیا، ئەوان تۆیان خۆش ناوێ، ئەو خۆراکەت لێ وەردەگرن کە تۆ دەیاندەیتێ، هەر پشتت تێ کردن تفت لێ دەکەن، ئا ئەمە حەقیقەتە، گوێ شل کە، ئەرێ ناتوانی گوێبیستی گۆرانییەکانیان بیت، نا.. نا گوێیان بۆ شل مەکە.

ژولیا: "گوێ شل دەکات" گۆرانییەکە چییە؟

ژان: گۆرانییێکی پیسە، لەمەڕ من و تۆیە.

ژولیا: لەو نەگریسانە.. ترسنۆك و پۆخڵن.

ژان: ئۆباشەکان هەمیشە ترسنۆکن، چاکترین ڕێ بۆ جەنگ لەگەڵیانا، ئەوەیە لەبەریان هەڵبێیت.

ژولیا: بەڵام بۆ کوێ؟ ناتوانین ئێستاکێ دەرچین و ناشتوانین بچینە ژوورەکەی کریستین.

ژان: وابێ با بچینە ژوورەکەی من، ئا ئەمە تاقە ڕێیە، دەتوانی متمانەم پێ بکەی، باوەڕم پێ بکە من هاوڕێتم و ڕێزت دەگرم.

ژولیا: بەڵام.. گریمان لێرەدا بەدواتا گەڕان؟

ژان: دەرگاکە بە ترباس دەگرم، گەر ویستیان بیشکێنن تەقەیان لێ دەکەم "لەسەر چۆك" تکایە.. وەرە.

ژولیا: "بەلەهجەیەکی مانادارەوە" وادەم دەدەیتێ (پەیمانم دەدەیتێ).

ژان: بەڵکو سوێندت بۆ دەخۆم.

ژولیا بەرەو لای ڕاست ڕادەکات ژانیش بەحەزەوە دووی دەکەوێ، جووتیارەکان دێنە ژوورێ، کەمانچەژەنێ پێشیان کەوتووە، پۆشاکی جەژنیان پۆشیوە، گوڵ بە شەپقەکانیانەوەیە، بەرمیلێ بیرەیان پێیە، بەرمیلێکی بچکۆلەتری براندی، هەردوو بەرمیلەکە بە گەڵای دار ڕازاونەتەوە، لەسەر مێزەکەدا دایاندەنێن و بەدووی گلاسدا دەگەڕێن، پاش خواردنەوە دەست دەگرن سەما دەکەن بەشێوەیێکی بازنەیی دەسووڕێنەوە و گۆرانی دەڵێن.

خانم بەپێڵاوەکانییەوە بەجەنگەڵەکەدا گوزەری کرد.. لە دواییدا بە گۆرانی و سەما دەردەچن.

ژولیا: "بەتەنها دێتە ژوورێ، کە دەبینێ ئاشپەزخانە بێ سەروبەرە، هەردوو دەستی بەیەکدا دەدات، قووتوییێکی بۆدرە دەردێنێ و هەندێکی لە ڕووخساری خۆی دەدات."

ژان: "دێتە ژوورێ وەك سەرکەوتوو دەداتە قاقا" بینیت؟ پێم نەگوتی؟ خۆ بە گوێیەکانی خۆت بیستت.. ئایا پێت وایە چیدی لێرەدا دەتوانین بمێنین؟

ژولیا: تۆ ڕاست دەکەی، بەڵام چ بکەین؟

ژان: هەڵێین، بەرەو هەندەران بڕۆین. لێرە دوورکەوینەوە.

ژولیا: بەرەو هەندەران؟ بەڵام بۆ کوێ؟

ژان: سویسرا یان بۆ دەڤەری دەریاچەکانی ئیتاڵیا، پێ دەزانی؟

ژولیا: نەخێر.. دەڤەرێکی جوانە؟

ژان: هەمیشە هاوینە.. دار پرتەقاڵەکان و.. دار چنار و بێیەکان.

ژولیا: جا لەوێندەر چ بکەین؟

ژان: ئوتێلێ دەکەینەوە.. ئوتێلێکی مەزن.. بۆ موسافیرە مومتازەکان.

ژولیا: ئوتێل؟

ژان: بەڵێ.. ئەمە ژیانێکی گەلێ خۆشە بۆ تۆ، هەمیشە ڕوخساری نوێ دەبینیت، زمانی نوێ دەبیستیت، کاتی ڕووگرژی و تووڕەییت بەدەستەوە نابێ، چ لەو کارانە ناپرسی کە کاتە بێ ئیشەکانتی پێ پڕکەیتەوە، هەمیشە بەشەو و بەڕۆژ مژول دەبیت، هەر دەبێ وەڵامی زەنگەکان بدەیتەوە، شەمەندەفەر، ئۆتۆبیس، دێن و دەچن زێڕیش بەبەردەوامی دەچێتە قاسەوە.. بەڵێ ئا ئەمە ژیانێکە بۆ تۆ گەلێ خۆشە.

ژولیا: ئەمە بۆ تۆ ژیانێکی پڕ لە خۆشییە.. بەڵام بۆ من چی؟

ژان: دەبیتە گەورەخانمی ئوتێلەکە، دەبیتە سەرمایێکی مەزن بۆ دەزگاکە بەم جوانی و ڕێکوپێکییەتەوە، هەرگیز نابێ فەشەل بێنین، سەرکەوتن سەد دەر سەدە، وەك شاژنێ لە ئوفیسدا دادەنیشی، تەنها پتێ بەسەر جەرەسە کارەباییەکەدا، کۆیلەکانت بەهەناسەبڕکێ لە بەر پێتدا نۆچ دەدەن، میوانەکان لە بەردەم عەرشەکەتدا تێدەپەڕن، بە شەرمەوە سامانەکانیان لەسەر مەکتەبەکەت دادەنێن، تۆ ناتوانی ڕادەی خەجاڵەتییان بێنیتە بەر زەین، کاتێ کە لیستی حیسابەکانیان دەگرنە دەست منیش حیسابەکانیانت بۆ لێدەنێم، تۆیش بەبزە سیحراوییەکەت شەکراویان بەسەردا دەکەیت.. بەڵێ با لێرە دوورکەوینەوە (لە گیرفانیا جەدوەلی کاتی شەمەندەفەرەکان دەردێنێ) ئێستا یەکەم شەمەندەفەر.. بەڵێ دەتوانێت لە سەعات ٦،٣٠ شەش و نیودا بگەینە "مالمی" و لە سەعات ٨,٤٠ هەشت و چل دەقیقەدا دەگەینە "هامبۆرگ" پاشان دەگەینە "فرانکفۆرت" و لەوێشەوە بۆ "بازل" لە هەمان ڕۆژدا دەگەینە "بازل" پاشانیش لە ڕێی "سانت جۆئارد"ەوە دەگەینە "کۆمۆ" بلێین بە سێ ڕۆژ.. ئا.. تەنها سێ ڕۆژ.

ژولیا: پێ دەچێ هەموو ئەمانە جوان بن.. بەڵام دەبێ هانم بدەی، ژان هانم بدە، دەستت لە ناوقەدم گیرکە و پێم بڵێ خۆشم دەوێی.

ژان: "دوودڵە" چەندم حەز پێیە، بەڵام جورئەت ناکەم، لەم ماڵەدا نا جارێکی دی ئەم کارە ناکەم، من فیعلەن تۆم خۆش دەوێ، خۆشەویستییێکی ڕاستگۆیانە، سەرباری ئەمەیش، تۆ باوەڕم پێ دەکەیت، مسز ژولیا وانییە؟

ژولیـا: "بـه حـەیـایـێکـەوە کـە لـەگـەڵـیـا بـگـونجیٚ" مسز؟ بـەژولـیـا بـانگم کـە، ئێستـا چ بـەربـەستێکمـان لـە نێواندا نییە، بەژولیا بـانگم کە.

ژان: "بـەغـەمـبـارییـەوە" نـاتـوانم.. بـەربـەسـتـەکـان هـەر دەمـێنـنـەوە، مـادامـێکـی لـەم مـاڵـەدا دەژین، من نـاتوانم ئـەسڵی خۆم فـەرامۆش بکـەم، پـاشـانیش "کۆنت" لێرە دایـە، تـا ئێستـا ڕووبـەڕووی کـەسێك نـەبوومـەتـەوە وەك کۆنت ڕێزم بـەرەو خۆی ڕاکێشیٚ، هـەر کە لـەسـەر کورسییەکەدا دەسکێشەکەی دەبینم، هەست بەمە دەکەم کە ئەوەی لێم ون بووە، دۆزیـومـەتـەوە، هـەرکـە دەنگـی زەنگـەکـەی دەبـیـستـم، وەك ئـەسـپێکـی زەنـدەق چـوو، لـە جێیـەکـەی خـۆم ڕادەپـەڕم، تـەنـانـەت کـە پێڵاوەکـانـی دەبـیـنـم، بـەرەپـی و کـبـریـائـەوە داچـەقـیـون، هــەست بــەئــارەزوویـێك دەکــەم داچــەممەوە و بـیــانسڕمــەوە "پێلـەقـە لـە قۆنـەرەکان دەدات" ئـەمـانـە تـەنهـا قسـەی خـەرافـاتن، تـەقلیدێکە و لە منداڵییەوە لە مێشکمدا ڕواوە، تـەقلیدەکە تـەنهـا بـەمروری زەمـەن دەتوانین بـەسـەریـا زاڵ بین، بـەڵام گەر تۆ لەگەڵمـا بێیتـە دەریٚ بۆ وڵاتیٚ جـەمـهوری بێت، ئـەوسا دەبینی چۆن بۆ پۆشاکی ڕەسمـی حـەمـاڵ و دەرگـاوانـەکـانی ئێمـە، کـە لـە لامـانـدا کـار دەکـەن دەچـەمنـەوە، بـەسـەر ئـەژنـۆدا چـۆك دادەدەن، دەبیـنی، بـەڵام من بـۆ چ کـەسیٚ نـاچـەممـەوە، بـۆ ئـەمـە خـەڵق نـەکراوم و من لـەمـە گـەورەترم، من کـەسـایـەتی خـۆم هـەیـە، هـەر ئـەوەنـدە دەستم لـە یـەکـەم چڵی داریٚ گیر بوو، دەبینی هـەڵدەگژێمـە سـەریٚ و تـا دەگـەمـە پۆپـە، من ئێستـا نۆکـەرم، بـەڵام لـە سـاڵی داهـاتوودا دەبمـە خـاوەن ئوتێل، لـە مـاوەی دە سـاڵدا هـەند سـامـان کۆ دەکـەمـەوە، دەتوانم دەسبـەرداری کـارکردن بم، ئـەوسـا بـەرەو "ڕۆمـانیـا" دەکـەومـە ڕیٚ، وایـان لێدەکـەم سـەرسنگم بـەمیدال بڕازێننـەوە، ڕەنگـە.. دەڵێم ڕەنگـە.. لـە کۆتـاییدا لـەقـەبی کۆنت–یش وەدەست بێنم.

ژولیا: جوانە.. جوانە.

ژان: لـە ڕۆمـانیـادا دەتوانم لـەقـەبی کۆنت بکـرم، بـەم شێوەیـە تۆیش دەبیتـە "کۆنتیسە" کۆنتیسەی من..

ژولیا: جـا لـەم هـەموو شتـە چ بـە من؟ دەستم لـە هـەموو ئـەمـانـە شۆردووە، هـەموو ئـەو شتـەی کـە دەمـەویٚ ئـەوەیـە کـە پێم بڵێی "خۆشم ئـەوێی" ئـەوسـا چ دەربـەستی ئـەوە نیم کـە کێم و دەبم بـە کیٚ.

ژان: پـاشـان هـەموو ڕۆژیٚ ئـەوەت پیٚ دەڵێم، بـەڵام ئێستـاکیٚ نـا.. گـەلیٚ گرنگـە عـاتفی نـەبین

دەنا هەموو شتێك تێك دەدەین، دەبێ هەموو شتێ گەلێ بە خوێن ساردییەوە ئەنجام بدەین.. وەك كەسانی عاقڵ ڕەفتار بكەین "جگەرەیێك دەردێنێ و پارچەیێكی لێدەكاتەوە و دایدەگیرسێنێ" ئێستا لێرە دانیشە، منیش لەوێ دادەنیشم، وا لە كارەكە دەدوێین كە هەر هیچ شتێ نەبووبێ.

ژولیا: "بەیەئسەوە" خودایە، چەند دڵڕەقیت!

ژان: من! چ كەسێ نییە لە من دڵ ناسكتر بێ، هەر تەنها ئەوەیە من جڵە وكێشی سۆزەكانی خۆمم.

ژولیا: بەر لە هەندێ قۆندەرەكانت ماچ دەكردم.

ژان: "بەڕەقییەوە" بەر لە هەندێ، بەڵێ، بەڵام شتێكی دیمان لەبەردەمەو دەبێ ئێستا بیری لێ كەینەوە.

ژولیا: چۆن دەبێ تا ئەم ڕادەیە دڵڕەق بیت؟

ژان: بێ كەم و زیاد ئەمە مەسەلەی مەنتیقە، یەكجار حەماقەتمان كرد، چ پێویست دەكات جارێكی دی كەرایەتی بكەین؟ كۆنت لە هەر ساتێكدا بێت ئێستا دەگەڕێتەوە. پێویست دەكات بەر لە گەڕانەوەی هەموو كارەكانمان یەكلا كەین.. ڕات چییە بەرانبەر پرۆژەكانم، ئایا قایلیت؟

ژولیا: بێ عەیب دەكەوێتە ڕوو، بەڵام یەك كاری دی هەیە، ئەویش موغامەرەیەكی ئاوها گەورە، سەرمایێكی زۆری پێ دەوێ، ئایا ئەم سەرمایەت هەیە؟

ژان: "گاز لە جگەرەكە دەگرێ" من؟ ئەڵبەتە هەمە، من پیاوێكی لێهاتووم خیبرەی "شارەزایی" ساڵەهای ساڵم هەیە و چەند زامنێكیش دەزانم ئەمە بە ڕای من سەرمایە گرنگەكەیە.

ژولیا: بەڵام بەمە بیتاقەی شەمەندەفەری پێ ناكڕی.

ژان: ئەمە ڕاستە، بۆیە من پێویستم بەكەسێكە پشتم بگرێ و پارەم باتێ.

ژولیا: لەكوێ ئەو كەسە وەدەست دێنی و كاتەكەیش كەمە؟

ژان: ئەمەیان بۆ تۆ جێ دێڵم، گەر دەتەوێ شەریكایەتیم بكەی.

ژولیا: بەڵام من ناتوانم. من خاوەنی یەك "بنس" نیم.

ژان: "پاش بێدەنگییەكی كەم" وابێ كارەكە كۆتایی پێ هات.

ژولیا: بەڵام.

ژان: ڕیسمان بوو بە خوری.

ژولیا: پێت وایە من لەم ماڵەدا وەکو عەشیقەی تۆ دەمێنمەوە، پێت وایە کارێك دەکەم خەڵکی لە پاشەملەوە دەرحەقم بچپێنن؟ چۆن دەتوانم پاش ئەوەی ئەمە ڕووی داوە سەیری باوکم بکەم؟ نا.. بەرەو دوورم بەرە.. من توانای ڕووبەڕووبوونەوەی عار و فەزیحەتم نییە.. خودایە من چیم کردووە؟ خودایە.. خودایە.. ″دەست بە گریان دەکات″

ژان: ئۆه.. تۆیش هەمان وەسیلە بەکار دێنیت.. چیت کرد؟ چت نەکردووە جگە لەوەی کە زۆربەی کچۆڵەکان دەی کەن.

ژولیا: تۆ ئێستا دەمبوغزێنی ″بەدەمارگیرییەوە دەقیژێنێ″ من قەحپەم! من قەحپەم.

ژان: تۆیش وابێ دابەزە ئاستی من، سەر لە نوێ بەرزت دەکەمەوە.

ژولیا: چ شەیتانێ وای لێ کردم بەرەو لای تۆ داکشێم؟ ئایا ئەمە ئەو جازبیەیە کە بێ هێز بەرانبەر بەهێز هەستی پێ دەکات، یا هەمان ئەو هەستەیە کە هەڵدێراوان بەرانبەر بەوانەی بەرەو ژوور هەڵدەکشن؟ یا خۆشەویستییە؟ ئا ئەمەیە خۆشەویستی؟ ئایا دەزانی خۆشەویستی چییە؟

ژان: من؟ لەم کارەدا پسپۆڕم، بۆ پێت وایە بۆ من شتێکی تازەیە؟

ژولیا:  قسان بەم جۆرە ناکرێ.. تۆ خاوەن عەقڵێکی نەگریسی؟

ژان: بەم پێیە پەروەردە کروام، دەبێ قەبوولم کەیت وەك هەم، عەقڵەکەت لەدەست مەدە، دەوری خانمی پایە بەرزم لەگەڵدا مەنوێنە.. هەردووکمان لە نێو یەك کێشە داین، دەی کچۆڵەکەم، شتێکی تایبەتیت پێشکەش دەکەم.

″چەکمەجەکە دەکاتەوە، شووشەیێك مەی دەردەهێنێ و دوو گلاسی بەکارهێنراو پڕ دەکات″

ژولیا: ئەم مەیەت لەکوێدا هێنا؟

ژان: لە ژێر زەمینەکە.

ژولیا: ئەمە مەی (برجندی)یە تایبەتە بە بابم.

ژان: چما مێردی کیژەکەی ناتوانێ بیخواتەوە.

ژولیا: من بیرە دەخۆمەوە.

ژان: ئەمە دەلیلی ئەوەیە کە زەوقت نزمترە لە زەوقی من.

ژولیا: دز!

ژان: تەشەرم لێ دەدەیت!

ژولیا: ئۆه.. باوەڕم بە دز هێنا! دەبێ سیامەست بووبێتم، یا لە شەوی جەژنی هاوین، شەوی ڕابواردنی بەرێ بەدەم خەوەوە ڕێم کردبێ.

ژان: بەرێ؟.. ها..!

ژولیا: "ژوورەکە پەی دەکات زەوی لە ئێستای من بەدبەختتری بەخۆوە بینیوە!

ژان: چی وای لێ کردووی هەست بە بوئس بکەی؟ پاش ئەم سەرکەوتنەش؟ بیر لە کریستین ناکەیتەوە، دەبێ ئێستا هەستی چۆن بێت؟

ژولیا: پێم وایە نۆکەران هەستیان هەیە، بەڵام ئێستا، نەئـ نۆکەر هەر نۆکەرە.

ژان: قەحپەش هەر قەحپەیە.

ژولیا: "بەسەر چۆکدا دەکەوێت و پەنجەکانی هەڵدەپێکی" ئۆه.. خودای ئاسمانەکان، ئەم ڕوحە بەد بەختەم وەرگرەوە، لە نێو ئەم پۆخلییەدا کە تیایدا ڕۆ چووم بەرزم کەوە فریام کەوە، ڕزگارم کە.

ژان: دان بەوەدا دەنێم کە بۆ تۆ هەست بەئەسەف دەکەم، لەو ڕۆژەدا کە لە نێوان چڵە پایزەکاندا نووستبووی، کاتێ کە لە نێو باغچەی گوڵاندا بینیمی بەڕاشکاوی پێت دەڵێم، هەمان بیرکردنەوەی پیسی منداڵانی دی بە مێشکی منیشدا گوزەری کرد..

ژولیا: ئەو کات ویستت لە پێناوی مندا بمری؟

ژان: لە نێو سنوقی وێنجەدا؟ ئەمە تەنها قسان بوو.

ژولیا: دەتەوێ بڵێی ئەمەیش درۆیە؟

ژان: "هەست دەکات خەوی دێت" تەقریبەن.. شتێکی لەم بارەیەت لە چ ڕۆژنامەیەکدا خوێندووتەوە.. کرێکارێکی دووکەڵکێش پاککەرەوە سنوقیکی پڕ لە گوڵی لەسەر خۆی داخست، چونکە ئافرەتێ شکاتی لێ کردبوو، چونکە نەی دەویست ئەو منداڵە بەخێوکات کە لەو ئافرەتەوە هێنابوویە دنیا.

ژولیا: وابێ تۆیش لە هەمان ئەو جۆرە پیاوانەی!

ژان: دەبا بیر لە شتێ بکەمەوە و بیڵێم، ژنان حەزیان بەم جۆرە قسانەیە.

ژولیا: زۆڵ.

ژان: هیچ و پووچ.

ژولیا: ئێستا پشتی هەڵۆت بینی!

ژان: بە تەواوی پشتی نا.

ژولیا: من نزمترین چڵ بووم لە دارەکەدا!

ژان: چڵەکە پیس و گەنیو بوو.

ژولیا: من دەبمە ئەو لافیتەیەی بەسەر دەرگای ئوتێلەکەتدا..

ژان: منیش ئوتێلەکەم.

ژولیا: لە ئۆفیسەکەت دادەنیشم.. موشتەرییەکانت ڕادەکێشم، سەردانی حیسابەکانت دەکەم!

ژان: نا.. من خۆم تەزویری حیسابات دەکەم.

ژولیا: هەرگیز پیم وانەبوو، پیاوێ تا ئەم ئاستە مونحەت بێ.

ژان: تۆ دەربارەی خۆت قسان دەکەی.

ژولیا: هەی نۆکەر، هەی وابەستە، کە قسانت لەگەڵ دەکەم بووەستە.

ژان: تۆی عەشیقەی نۆکەران، قەحپە، هیچ و پووچی ماڵ، دەمت داخە و لێرە بڕۆ، تۆ لەمەڕ ئینحیتات بۆ من قسان دەکەی، لە ژیانما قەت ئافرەتێکم نەبینیوە، خۆی هەرزان فرۆش کات وەك ئەمشەو تۆ لەگەڵ مندا کردووتە، پیسترین قەحپە بەم شێوەیە خۆی هەڵناداتە باوەشی پیاوانەوە، ئا لە چینەکەی مندا کچێکت بینیوە ئاوها ڕەفتار بکات؟ هەرگیز کچی ئاوهام نەبینیوە، ئەڵاهومە لە نێوان دڕندەو قەحپەکاندا نەبێ.

ژولیا: "داهەزاوە" ئەمە ڕاستە.. لێم دە.. بە پێیەکانت پێشێلم کە، من لەمە زیاتر موستەحەقی چ خێرێ نیم.. من پۆخڵم، بەڵام یارمەتیم بدە، دەستم بگرە، لێرەدا دەرم هێنە، ئەگەر ژێیەك بۆ دەرباز بوون هەیە! دەرم هێنە.

ژان: "بەمیهرەبانییەوە" من دان بەو دەورە دەهێنم کە شەرەفی فریودانی تۆی گرتبووە خۆی، بەڵام پێت وایە کەسێ لە مەرکەزی مندا بێ بوێرێ بە ئاستەم سەیرت بکات، گەر خۆت بانگهێشتی نەکەیت؟ من تا ئەم ساتەیش سەرم سووڕماوە..

ژوليا: فەخریشی پێوە دەکەیت!

ژان: جا بۆ نەء؟ گەر ئەم سەرکەوتنە ئاسان با، چ تامێکی نەدەبوو.

ژوليا: بەڵێ.. لێم دە.. دەست درێژی کە لە لێدانم!

ژان: "هەڵدەستێ" نا.. نەدەبوو ئەمە بڵێم، من موتەئەسیفم.. لە مردوو دان حەرامە، بەتایبەتی گەر مردووەکەت خانم بێت، لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانم کەیفخۆشی خۆم بشارمەوە، بۆم دەرکەوت ئەوەی ئێمەی نۆکەرانی سەرسام دەکرد بریقەیێکی پووچەڵ بوو، پشتی هەڵۆیش درێژە سوورا و سپیاو سواخی گۆنا تەڕەکان دەکات، چنگە زاخاو دڕاوەکان ڕەنگە تیژاییێکی ڕەشیان هەبێت، دەستەسڕەکە ڕەنگە پیس بێ، سەرباری ئەوەی کە بۆنێکی خۆشی لێوە دێ، لەگەڵ ئەمەشدا من موتەئسیفم چونکە درکم بەوە کرد، ئەوەی کە بۆی دەسووتام تا پێی بگەم، لەمە چاکتر و پوختەتر نەبوو، موتەئەسیفم دەتبینم لە ئاشپەزەکەت مونحەتتری.. بۆ ئەمە موتەئەسیفم، هەروەها موتەئەسیفم گوڵان دەبینم لە ژێر باراندا هەڵدەوەرێن و دەبن بە قوڕ..

ژوليا: تۆ وا قسان دەکەی وەك ئەوەی فیعلەن لە من بەرزتر بی؟

ژان: من وام.. نابینی کە من دەمتوانی بتکەمە کۆنتیسە، بەڵام تۆ هەرگیز ناتوانی من بکەیتە "کۆنت".

ژوليا: بەڵام من کچە کۆنت–م.. ئەمە زیاترە لەوەی کە تۆ بتوانی بەدەستی بێنی.

ژان: ئەمە ڕاستە.. بەڵام ڕەنگە ببمە بابی چەند کۆنتێ.. وابێ..

ژوليا: بەڵام تۆ دزی.. من نا.

ژان: ئەمە پیسترین خراپە نییە.. لەمە پیستریش هەیە، من کە خزمەتی ماڵێ دەکەم، تا ڕادەیێك خۆم بەئەندامێکی خانەوادەکە دەژمێرم، کوڕێ لە کوڕانی ماڵ، کاتێ منداڵان، میوەی دارێکی پڕ بەر لێ دەکەنەوە، تۆ بەمە ناڵێی دزی "سەرلەنوێ سۆزی هەڵدەچێ" مسز ژوليا، تۆ ژنێکی میهرەبانی میهرەبانتری لەوەی کە بۆ پیاوێکی وەك من بیت، نەشوەی سۆز ڕایماڵیویت و ئیتیزانی خۆتت ون کردووە، ئێستایش دەتەوێ هەڵەکەت چاك کەیتەوە، قەناعەت بەخۆت بێنی کە منت خۆش دەوێ، بەڵام تۆ منت خۆش ناوێ، ڕەنگە سەوداسەری شەکڵم بووبیت، ئەگەر ئەمە هەموو شتێکە، ئەوا خۆشەویستییەکەی تۆ چ چاکتر نییە لە خۆشەویستییەکەی من، ئەگەر هەموو مەبەست و خواستت ئەو حەیوانەیە کە لە مندایە، ئەوا ڕەزامەندیم بەدەست ناهێنی تا

خۆشەویستیت وەدەست دەهێنم.

ژولیا: تۆ لەمە دڵنیایت؟

ژان: تۆ دەتەوێ بڵێی ئەمەیان مومکینە؟ دەشێ تۆم خۆش بووێ، ئەمەیان ڕاستە و بێ گومان، تۆ جوانیت و ناسکیت ″بەرەو لای دەچێت و دەستی دەگرێ″ خوێنەوار و نایابیت، کاتێ گەر خۆت بتەوێ وابیت.. ڕەنگیش نییە ئەو ئاگرە لە دڵی پیاوێکدا دامرکێنیتەوە کە خۆت جارێ ئاگرت تێ بەرداوە.

″باوەش بەناوقەدیا دەکات″ تۆ وەك شەرابی گڕگرتوویت و بەهاراتی بۆن پژێنت تیادایە.. ماچێ لە تۆوە.

″دەیەوێ نزیکی بێتەوە، بەمیهرەوە خۆی لێ دەربـاز دەکات″

ژولیا: لێم گەڕێ، بەم شێوەیە ناتوانی من وەدەست بێنی.

ژان: ئەی چۆن؟ نە بەم شێوەیە؟ نە بەمیهر و قسەی لووس، بەبیرکردنەوە لە داهاتوو ڕاکردن لە عار و شەرمەزاری! ئەی چۆن؟

ژولیا: چۆن؟ چۆن؟ نازانم.. هەرگیز.. نازانم.. من ڕقم لێتە، وەك چۆن ڕقم لە مشکانە ئاوها ڕقم لێتە، بەڵام ناتوانم لە تۆ هەڵێم.

ژان: لەگەڵمدا هەڵبێ.

ژولیا: ″خۆی و پۆشاکەکەی ڕێك دەخات″ ڕاکەم؟.. بەڵێ.. هەر دەبێ ڕاکەین، بەڵام ماندووم گلاسێ شەرابم پێدە.

″ژان شەرابەکە تێ دەکات″

ژولیا: ″سەیری سەعاتەکەی دەکات″ بەڵام پێشەکی دەبێ قسان بکەین، هەندێ ماوەمان بەدەستەوەیە.

″گلاسەکە تەواو دەکات و بۆی درێژ دەکات و داوای زیاتر دەکات″

ژان: زۆر مەخۆرەوە.. دوایی سەرت سوور دەخوات.

ژولیا: جا چییە؟

ژان: جا چییە؟ جوان نییە مەست بیت.. چت دەویست پێم بڵێی؟

ژولیا: دەبێ ڕابکەین، بەڵام دەبێ پێشتر قسان بکەین.. دەبێ من قسان بکەم تۆ سەرلەبەری کاتەکان قسانت دەکرد، لەمەڕ ژیانی خۆت قسانت دەکرد، ئێستایش

دەبێ من لەمەڕ ژیانی خۆم قسانت بۆ بکەم، تا بەر لە سەفەرەکەمان یەکدی چاك بناسین.

ژان: تکایە، ساتێ، تکایە چاك بیرکەوە بەر لەوەی نهێنییەك بدرکێنی و پاشان لێی پەشیمان بیتەوە.

ژولیا: تۆ هاوڕێم نیت؟

ژان: بەڵێ.. هەندێ جار.. بەڵام متمانەت پێم نەبێ.

ژولیا: تۆ ئەمەت مەبەست نییە، پاشان نهێنییەکانم لە لای هەموو کەسێکدا زانراون دایکم لە ڕەسەنێکی نەبیل نەبوو، یەکێ بوو لە ڕەشە خەڵکەکە، نەشونمای کرد بەو باوەڕانەی ئەو دەمە باو بوون، لەسەر یەکسانی و ئیستیقلالی ئافرەت و لەم شێوە شتانە.. ڕقی لە بیرکردنەوەی شووکردن بوو، کە باوکم خواستی قایل نەبوو بیگوازێتەوە.. پاشان گوازتییەوە، منیش سەربار‌ی ئیرادەی دایکم هاتمە دنیاوە، دایکم ویستی پەروەردەم کات بەو شێوەیەی کە ناویان لێ نابوو "ژیانی ئاسایی منداڵ" فێری ئەوە بووم کە کوڕان چییان دەکرد، تا سەلماندم کە ژنان لە پیاوان بێ تواناتر نین، پۆشاکی کوڕانم دەپۆشی فێرە سواری بووم، چ کارم بەمانگاکانەوە نەبوو، ئەسپم ڕام دەکرد و زینم دەکرد لە کاروباری کشتوکاڵدا شارەزا بم، لە چواردەوری گوندداا پیاوان کاری ژنانیان دەکرد، ژنانیش کاری پیاوانیان دەکرد، لە ئەنجامیشدا هەموو شتێ داتەپی بووینە مەسخەری هەموو دەرو دراوسێکان، ئەڵبەتە بابم لە کۆتاییدا وەئاگا هاتەوە، دژ بەم وەزعە شۆڕشی بەرپا کرد، هەموو شتێ بەپێی بیرکردنەوەی خۆی گۆڕا.. داکم نەخۆش کەوت چ نەخۆشییەك بوو، نازانم، زۆرجار تووشی هەناسەبڕکێ و تەشەنوجات دەبوو، لە هەورەبان یا لە نێو حەدیقەکەدا خۆی دەشاردەوە، هەندێ جاریش سەرتاپای شەوی لە دەرێدا بەسەردەبرد.. پاشان ئەو ئاگرە گەورەیەی بەسەردا هات کە بیستوومە، ماڵ، گەوڕ، سەماگا، ئاگر هەمووی ماشییەوە، ئەمەیش لە زرووفێکدا بوو، ئەوەی دەنواند کە ئاگرەکە عەمدەن بووە، کارەساتەکە بۆ ڕۆژی دوایی تەواوبوونی مەوعیدی تەئمین بوو، پارەی تایبەت بەتازەکردنەوەی بۆڵیسەی تەئمین دواکەوت، ئەویش سەبارەت بەئیهمالی پۆستەبەر، تا کاتیش بەسەرچوو..

"جارێکی دیش گلاسەکەی پڕ دەکاتەوە و دەخواتەوە"

ژان: مەخۆرەوە.

ژولیا: ئۆە.. جا چییە؟ وامان لێهات بنمیچمان نەما و لە نێو گالیسکەکاندا دەنووستین، بابم نەیدەزانی لە کوێ پارە وەدەست بێنێ و ماڵەکەمان چاك کاتەوە، دایکم ئیشارەتی ئەوەی دایێ لە یەکێ لە هاوڕێکانی منداڵیی قەرز بکات، خاوەن کارگەیێك لە نزیك ئێمەدا دەژیا، بابم بەبێ سوو قەرزی وەدەست هێنا، ئەمەیش بووە.

ژان: ئەوەم بینی کە چۆن خوازبێنییەکەی هەڵوەشاندەوە.

ژولیا: ئەمە درۆیە.. من خوازبێنییەکەم هەڵوەشاندەوە.. ئایا گوتوویەتی کە خۆی خوازبێنییەکەی هەڵوەشاندووتەوە؟ هەی بیژی!

ژان: پێم وا نییە زۆڵ بێت.. وابێ مسز ژولیا تۆ پیاوان دەبوغزێنی؟

ژولیا: بەڵێ.. زۆربەی کاتەکان.. بەڵام جار جارێ کاتێ کە هەست بەلاوازی دەکەم ئۆە.. چ خەجاڵەتییەکە!

ژان: منیش دەبوغزێنی؟

ژولیا: لە ڕادەبەدەر.. بەدەستم بێ بتکوژم، وەك چۆن دڕندەیەك دەکوژم.

ژان: وەك ئەوەی بەپەلە بی سەگی هار بکوژی.. وا نییە؟

ژولیا: ئەمە ڕاستە.

ژان: بەڵێ، ئێستاکێ چت پێ نییە بیکوژی، چ سەگێکیش لە گۆڕێدا نییە، چ بکەین؟

ژولیا: دەچینە دەرێ.

ژان: بۆ ئەوەی ژیان لە یەکدی تێك دەین؟

ژولیا: نەء.. بەڵکو بەیەکەوە چێژ لە ژیان وەرگرین دوو ڕۆژ، هەفتەیێك.. چەندمان پێ خۆش بوو ڕادەبوێرین و پاشان.. دەمرین.

ژان: بمرین؟ خوایە من پێم چاکە ئوتێلێ بکەینەوە.

ژولیا: "گوێبیستی نییە" لە دەریاچەی "کۆمۆ" هەتاو هەمیشە گەشە، داری سەرووەکان لە جەژنی لە دایکبووندا سەوزن و دار پرتەقاڵەکان گوڵەکانیان دەپشکوێن.

ژان: دەریاچەی "کۆمۆ" شوێنێکی بارانەوییە پرتەقاڵی لێ نییە، تەنها لە لای میوەفرۆشان نەبێ، بەڵام شوێنێکی موناسیبە بۆ گەڕیدەکان (توریستەکان) گەلێ ڤێلای تیایە دەکرێ بەکرێ بدرێ بەعاشقان، توجارەتێکی پڕ قازانجە.. ئایا دەزانی

بۆ؟.. چونکە عاشقان ڤیلایان بۆ شەش مانگ بەکرێ دەگرن، پاش سێ هەفتەیش بەجێی دێڵن.

ژولیا: "بەکاڵفامییەوە" جا بۆ پاش سێ هەفتە بەجێی دێڵن؟

ژان: ئەڵبەتە لەبەرئەوەی ناکۆك دەبن، دەشبێ هەر کرێ بدەن، ئەو کاتیش دەتوانین جارێکی دی ڤیلاکە بەکرێ بدەینەوە، بەم شێوەیە بە ئیستیمرار، چونکە عەشق زۆرە، هەتا گەر تەمەنیشی کورت بێ.

ژولیا: ناتەوێ لەگەڵمدا بمری.

ژان: هەرگیز نامەوێ بمرم، یەکەم ژیانم زۆر خۆش دەوێ، دووەم خۆکوژی تاوانێکە بە حەقی عینایەتی ئیلاهی کە ژیانی پێ بەخشیوین.

ژولیا: ئایا دەتەوێ بڵێی کە باوەڕت بەخوایە؟

ژان: ئەڵبەتە باوەڕم بەخوا هەیە، هەموو دوو هەفتە جارێ دەچمە کەنیسە بەڕاشکاوی بێزاری ئەم گفتوگۆیەم، ئەوا دەچمە نێو نوێنەکەمەوە.

ژولیا: ئاوها پێت وایە ئەمە کیفایەتە بۆ من؟ ئایا دەزانی چ قەرزاری ئافرەتێکی کە تۆ تووشی فەسادت کردووە؟

ژان: "جانتای پارەکەی دەردێنێ، پارەییێکی زیو هەڵدەداتە سەر مێزەکە"

فەرموو.. نامەوێ قەرزاری چ کەسێ بم.

ژولیا: "خۆی وا دەنوێنێ ئەم ئیهانەیە سەرنجی ڕانەکێشاوە" ئایا دەزانی قانوون لەم ڕووەوە چ دەڵێ؟

ژان: لە بەدبەختییا قانوون چ ناڵێ لەمەڕ سزای ئافرەتێ کە بیەوێ پیاوێ فریو دات.

ژولیا: "بەهەمان لەهجەی پێشووی" ئایا دەتوانی لە ڕێگاچارەییێکی دی بیرکەیتەوە جگە لەوەی کە بچینە دەرێ و یەکدی بخوازین و پاشانیش تەلاق وەدەست بێنین؟

ژان: وای فەرز کە من ڕەفزی ئەو ژنهێنانە بێ هاوسەنگە دەکەم.

ژولیا: بێ هاوسەنگ؟

ژان: بەڵێ.. بە نیسبەتی منەوە.. ڕەسەنی من لە ڕەسەنی تۆ چاکترە، لە خانەوادەی مندا کەسێ تۆمەتی ئەوەی نەخراوەتە پاڵ کە بەدەستی ئەنقەست ئاگر لە ماڵان بەردات.

ژولیا: ئا ئەمەیانت چۆن زانی؟

ژان: چ کەسیٚ نییە پیٚچەوانەی ئەمە بزانیٚ، ئیٚمە شەجەرەی نەسەب ناپاریٚزین تەنها لە سجلەکانی حکومەت نەبیٚ، بەلاٚم من شەجەرەی نەسەبی تۆم لە کتیٚبیٚکدا خویٚندووەتەوە کە لەسەر میٚزیٚکدا و لە ژووری میواندا دانرابوو، ئایا دەزانی باپیرەی یەکەمت کیٚیە؟ ئاشەوانیٚ بوو، لە کاتی جەنگدا وای لە ژنەکەی کرد، شەویٚ بچیٚتە پیٚخەفی مەلیکی دانیمارك.. لەم جۆرە باپیرانەم نییە، هەر باپیرەم نییە، بەلاٚم دەتوانم من خۆم ببم بە باپیرە.

ژولیا: ئەمە جەزای منە، چونکە ئەوەی لە دلٚمدا بوو بۆ کەسیٚکم ئاشکرا کرد کە موستەحەق نەبیٚ.. من تەزحیەم بە شەرەفی خانەوادەکەم دا..

ژان: بەبیٚ شەرەفی چم پیٚ گوتی؟ پیٚم نەگوتی مەخۆرەوە، لەبەرئەوەی خواردووتەوە قسان دەکەی، دەبیٚ قسان نەکەی.

ژولیا: چەند پەشیمانم لەوەی کە کردم، من چەند پەشیمانم، بەلای کەمەوە خۆشت دەویٚم.

ژان: بۆ دواجار لیٚت دەپرسم، چیت مەبەستە؟ یا دەتەویٚ بەسەر لیٚدانی قامچییەکانتا باز بدەم؟ یا دەتەویٚ ماچت کەم و فریوت دەم بۆ سیٚ هەفتەییٚك لە ڕۆخی دەریاچەی کۆمۆدا بگوزەریٚنین، تا دوایی؟ دەتەویٚ چ بکەم؟ تەوەقوعی چی دەکەی؟ دەبیٚ سنووریٚ بۆ ئەمە دانریٚ، ئەمەیە سەرەنجامی ناکۆکی لەگەلٚ ژناندا، مسز ژولیا گویٚ شل کە، من دەبینم تۆ بەختەوەر نیت، دەزانم ئازاریش دەچیٚژی، بەلاٚم من ناتوانم لە تۆ بگەم، ئیٚمە لە نیٚو چینەکەی خۆماندا بەم شیٚوەیە ڕەفتار ناکەین، هەرگیز بوغزاندن لە نیٚوانماندا نییە، خۆشەویستی لە لای ئیٚمەدا ڕابواردنە، هەر کاتیٚ کە ئیشکردن بوارمان دا ئیٚمە بەخۆشەویستی ڕادەبویٚرین، بەلاٚم ئیٚمە بەدریٚژایی شەو و ڕۆژ ئەو کاتەمان نییە بیکەین وا ئیٚوە دەیکەن، من پیٚم وایە کە تۆ نەخۆشیت، بەلٚکو دلٚنیام کە تۆ نەخۆشیت.

ژولیا: دەبیٚ لەگەلٚ مندا میهرەبان بیت، تۆ ئیٚستاکیٚ وەکو ئینسان لەگەلٚما دەدویٚی.

ژان: وابیٚ تۆیش لەگەلٚ مندا ئینسان بە، تۆ تفم لیٚ دەکەی و قایلیش نیت جیٚ تفەکە بسرمەوە.

ژولیا: یارمەتیم بدە، دەستم بگرە، پیٚم بلٚیٚ چ بکەم بەرەو کویٚندەر بچم.

ژان: خودا دەیزانیٚ خۆیشم نازانم.

ژولیا: من خەتاکارم، لەسەرەخۆ نەبووم، بەلاٚم دەبیٚ ڕیٚیەك بۆ دەربازبوون هەر دەبیٚ.

ژان: لێرەدا بمێنەوە، هێدی بە، چ کەسێ چ شتێ نازانێ.

ژولیا: موستەحیلە خەڵکانی کێڵگەکە دەزانن و کریستینیش دەزانێت.

ژان: ئەوان چ نازانن، هەرگیز باوەڕیش ناکەن، کە ئەمە مومکین بێ.

ژولیا: "بەلاڵەپەتێیانە" بەڵام.. ئەمە دووبارە دەبێتەوە.

ژان: ئەمە ڕاستە.

ژولیا: ئەی عاقیبەت؟

ژان: "ترس دایگرتووە" عاقیبەت؟ چ گەوجم. چۆن ئەمەم بەسەرا تێپەڕی بێ ئەوەی فکرێکی لێ بکەمەوە؟ تەنها یەك چارەڕێ هەیە ئەویش دەبێ کۆچ کەیت. هەر ئێستا ناتوانم لەگەڵ تۆدا کۆچ کەم دەنا هەموو شتێ دادەتەپێ هەر دەبێ بەتەنها کۆچ کەیت بۆ دەرێ.. بۆ ئەو شوێنەی کە دەتەوێ.

ژولیا: تەنها خۆم؟ بۆ کوێ؟ ناتوانم.

ژان: بەڵێ دەبێ، بەر لەوەی کۆنت بگەڕێتەوە، گەر لێرەدا، خۆت دەزانی چی ڕوودەدات، گەر کەسێ جارێ لاڕێی گرت، ئەدی دەربەستی لاڕێ گرتن نایێت، مادامێ فیعلەن کە زیان ڕووی داوە، ئەوسا هەر پێ درێژی لەسەر ملهوڕی دەکات، لە کۆتاییشدا هەموو شتێ ئاشکرا دەبێ، چ چارەسەرێ نییە غەیری کۆچ کردنت نەبێ، پاشانیش دەتوانی هەموو شتێ بۆ کۆنت بنووسی و لە هەموو شتێ ئاگاداری کەیتەوە، بێ ئەوەی ناوی من بێنی، هەرگیز ئەمەیشی بەخەیاڵدا نایێ، پێشم وا نییە مەبەستی بێ ناوی کەسەکە بزانێ..

ژولیا: کۆچ دەکەم گەر لەگەڵمدا کۆچ کەیت.

ژان: ئافرەت تۆ شێتی.. مسز ژولیا، ڕەدووی نۆکەری خۆی دەکەوێ، ڕۆژنامەکان بۆ ڕۆژی دوایی هەواڵەکە بڵاو دەکەنەوە، کۆنتیش ناتوانێ بەرگەی ئەم سەدمەیە بگرێ.

ژولیا: ناتوانم کۆچ کەم، ناشتوانم بمێنمەوە، یارمەتیم بدە، ماندووم، گەلێ ماندووم، بە ئارەزووی خۆت ئەمرم پێ بکە، ئەمە وام لێ دەکات خۆ ئامادەیی کۆچ کەم، ناتوانم بیرکەمەوە.. ناشتوانم ڕەفتارکەم..

ژان: ئێستا دەبینی، ئێوە چینێکن بەکەڵکی چ شتێ نایێن؟ بۆچی بەسەر زەویدا دەڕۆن و خۆتان گیڤ دەکەنەوە، لووتتان بەرز دەگرن، هەروەك ئەوەی گەورەی کۆیلەکانی

زەوی بن، بچۆ سەرێ و پۆشاکەکانت بپۆشە هەندێ پارەش لەگەڵ خۆتا بێنە و بگەڕێوە.

ژولیا: "بەدەنگێکی چرپە ئاسا" لەگەڵمدا وەرە..

ژان: بۆ ژوورەکەت.. جارێکی دی وەعیی خۆتت لە دەست داوە "ساتێ دوودڵ دەبێ" نا.. هەر دەبێ ئێستاکێ بڕۆیت. "دەستی دەگرێ بەرەو دەرێ"

ژولیا: "بەڕێوەیە بۆ دەرێ" ژان ناتوانی بەمیهرەوە قسانم لەگەڵدا بکەیت؟

ژان: ئەمر، میهری لەگەڵدا نابێ.. ڕەنگە ئێستا درکت بەوە کردبێ کە چ هەستێ داماندەگرێ کاتێ کە ئەمرمان بەسەرا دەکرێ.

"ژولیا دەردەچێتە دەرێ"

"ژان بەتەنهایە، ئۆخەی دەکات، لەسەر کورسیی نزیك مێزەکە دادەنیشێ، ڕۆژژمێرە قەڵەمەکەی دەردێنێ ناوبەناو بەدەنگی بەرز حیساب دەکات، هێما گوزارشت دەکات تا کریستین دێتە ژوورێ، پۆشاکی گۆڕیوە ئامادەیە بۆ کەنیسە بچێت، سنگی کراسێك و کەرەڤاتەیەکی سپی بەدەستەوەیە"

کریستین: یا ستار.. خودایە.. چی بەسەر ئەم شوێندا هاتووە؟ لێرەدا چیتان دەکرد؟

ژان: هەموو جووتیارەکان بەدووی مسز ژولیادا هاتن.. بۆ خەوەکەت هەند قورس بوو کە هەر هیچت نەبیست؟

کریستین: خەوتبووم، وەك تەختەم لێ هاتبوو.

ژان: پۆشاکت پۆشیوە بچیتە کەنیسە؟

کریستین: بەڵێ.. ئەی وادەت نەدامێ لەگەڵما بێیت؟

ژان: ئاهـ.. وەبیرم هاتەوە.. ئەوە پێداویستییەکانیشت پێیە.. دەی یارمەتیم بدە..

"دادەنیشێ، کریستین یارمەتی دەدات، سنگی کراسەکە و کەرەڤاتەکەی لە مل دەکات"

"ساتێ بێ دەنگی"

ژان: "بەخەواڵوویی" دەبێ ناوەڕۆکی خوتبەی ئەمڕۆ چی بێ؟

کریستین: پێم وایە، یۆحەننای مەعمەدانە..

ژان: بەتەئکید خوتبەیەکی دووروودرێژە.. دەمەوێ بنووم.

کریستین: چی وای لێ کردوویت سەرتاپای شەو نەنوویت، سەیری ڕوخساری خۆت کە، تەواو سەوز هەڵگەڕاوە.

ژان: لێرەدا دانیشتبووم و لەگەڵ مسز ژولیا قسانم دەکرد.

کریستین: ئوسوڵ نازانیت.

″بێ دەنگی″

ژان: کریستین گوێ شل کە.

کریستین: چی؟

ژان: ئا ئەمە کارێکی سەیر نییە؟

کریستین: چ کارێك؟

ژان: هەموو شتێ.

کریستین: ″لەسەر مێزەکەدا دوو گلاسی نیوەپڕ دەبینێ″

وابێ بەیەکەوە دەتانخواردەوە.

ژان: بەڵێ..

کریستین: چ خەجاڵەتیێکە سەیرم کە.

ژان: بەڵێ.

کریستین: ئایا ئەمە دەکرێ.. ئایا ئەمە دەکرێ؟

ژان: ″پاش ساتێ بیرکردنەوە″ بەڵێ.. دەکرێ.

کریستین: ئۆە.. ئەمە خراپترە لەوەی کە مەزندەم دەکرد.. سامناکە.

ژان: دڵ پیسی لێ دەکەیت؟

کریستین: من دڵ پیسی لێ ناکەم، بەڵام کلارا یا سوفی لەباتی من بان، چاوانیان دەردەهێنایت، بەڵێ ئەمە شعوری منە، ناشزانم بۆ.. بەڵام ئەمە شتێکی ترسناکە.

ژان: وابێ تۆ ڕقت لێیەتی؟

کریستین: نا.. بەڵکو ڕقم لە تۆیە.. خەتاکە لە تۆ دایە.. خەتایێکی گەورەیە.. بەستەزمانە.. نامەوێ چیدی لەگەڵ کەسانێکدا لەمماڵەدا بژیم کە ڕێز لە گەورەکانی خۆیان نەگرن.

ژان: جا بۆ ڕێزیان لێ دەگری؟

کریستین: پرسیارێکی گەلێ بەجێیە، ئەی زیرەکی وردەکار، ئایا خزمەتی کەسانێ دەکەیت کە نەزانن سلوك و تەسەروفی چاك بنوێنن، ئەمە بەڕای من سووکایەتییە و لە قیمەتی خۆت داگرتنە.

ژان: بەڵێ.. بەڵام هەندێ پرسەیشمان هەیە ئەویش بەپێی زانینمان ئەوەیە کە لە ئێمە چاکتر نین.

کریستین: پێم وا نییە. گەر لە ئێمە چاکتر نەبن، چ سوود بۆ هەوڵدانمان نامێنێ کە کۆشش دەکەین بگەینە ئاستیان، بیر لە کۆنت بکەوە، چی بەسەرهات و چ موعاناتێکی هەبووە.. نا.. نا.. نامەوێ چیدی لەمماڵەدا بمێنمەوە، مسز ژولیا، لەگەڵ کەسێکی وەك تۆدا دەخواتەوە وەك ئەوەی لەگەڵ وەکیلی دادگا وەك ئەوەی لەگەڵ پیاوێك لە چینەکەی خۆیدا..

ژان: گوێ شل کە.

کریستین: بەڵێ.. بەڵێ.. تۆ بۆ خۆت خراپ نیت، هەندێ جیاوازی لە نێوان کەس و کەساندا هەیە، ئەمە کارێکە و نابێ فەرامۆشی بکەم، ئەم خانمە چکۆڵەیە کە هەمیشە خاوەن کبریاء و لووتبەرزی بووە، خۆی لە پیاوان بەگەورەتر دەزانی، بەخەیاڵی کەسدا نەدەهات کە بیەڵێ چ کەسێ نزیکی بێتەوە، کە دەیویست دیانای سەگەکەی بکوژێ هەر لەبەرئەوەی لەگەڵ سەگی دەرگاوانەکەدا دەردەچوو.. نا.. لێرەدا نامێنم، لە مانگی ئۆکتۆبەری داهاتوودا دەڕۆم.

ژان: ئەی پاش ئەوە؟

کریستین: مادامێکی ئێستا دەرگای قسانمان کردەوە، ڕەنگە موناسیب بێ کە بەدووی کارێکدا بگەڕێی.. مادامێکیش کە دەبینە ژن و مێرد.

ژان: بەدووی چدا بگەڕێم.. گەر ژن بێنم جێیەکی ئاوهام دەست ناکەوێ.

کریستین: نا.. من درك بەمە دەکەم.. بەڵام دەتوانی کارێ وەدەست بێنی، دەرگاوانی، پۆستەبەری، لە مەکتەبێکی حکوومیدا، من دەزانم مەعاشی حکومەت کەمەو بەش ناکات بەڵام مەعاشێکی سابتە، پاشان حکوومەت معاش دەداتە بێوەژن و منداڵان.

ژان: "ڕووگرژە" هەموو ئەمانە جوانن.. بەڵام نییەتی ئەوەم نییە لە پێناوی ژن و منداڵەکانمدا بمرم، لێرەدا دەبێ ئەوەت پی بڵێم کە پڕۆژەکانم ئەنجامی لەمەیان چاکتر پێ وەدەست دێنم..

کریستین: پرۆژەکانت.. ئەمە چاکە.. بەڵام ئیلتیزاماتت لەسەرە، چاکتر وایە لە بیرمان نەکەیت.

ژان: سەرم لێ مەشێوێنە و لەمەڕ ئیلتیزامات هەند قسان مەکە.. من دەزانم دەبێ چ بکەم "گوێ بیستی دەنگێ دەبێ لە دەرەوە دێ" بەهەرحاڵ ماوەمان زۆر بەدەستەوەیە لەبارەی ئەم شتەوە قسان بکەین، بچۆ ژووری و خۆت ئامادە کە تا بەرەو کەنیسە بچین.

کریستین: ئەوە کێیە لەسەرێدا دەڕوات؟

ژان: نازانم، ڕەنگە کلارا بێت.

کریستین: "دەردەچێت" ئایا دەبێ کۆنت گەڕابێتەوەو بێ ئەوەی کەسێ گوێی لێ بووبێ؟

ژان: "بە ترسەوە" نا.. ئەمە مومکین نییە، دەنا زەنگی هەر لێدەدا.

کریستین: "خەریکی دەرچوونە" خودا یارمەتی هەموو لایەکمان بدات، هەرگیز ئەمەم لێ نەبینیوە.

"خۆر هەڵاتەوە، ڕۆشنایی پۆپە درەختەکانی گرتووەتەوە، هێدی هێدی ڕۆشنایی لە پەنجەرەکانەوە دێتە ژووری، ژان بەرەو دەرگا دەچێ و ئیشارەتێ دەدات"

ژولیا: "بەپۆشاکی سەفەرەوە دێتە ژووری، قەفەسێکی بەدەستەوەیە چۆلەکەیێکی تیادایە، قەفەسەکە بە تارایێك داپۆشراوەو لەسەر یەکێ لە کورسییەکاندا دایدەنێ" من ئامادەم.

ژان: وس.. کریستین وەئاگابە.

ژولیا: "تەواوی دەمارگیری پێوە دیارە" ئایا گومانی لە شتێ کردووە؟

ژان: ئەو چ شتێ نازانێ.. توخودا تۆ چیت بەسەردا هات؟

ژولیا: چی؟

ژان: ڕەنگی مردووانت لێ نیشتووە، گەر بشبووریت ڕوخسارت پۆخڵە.

ژولیا: دەیشۆم.. هەر ئێستا "بەرەو دەستشۆر دەچێ، دەست و ڕوخساری دەشوات" خاولییەکەم بدەیێ.. ئۆە.. هەتاویش هەڵهاتووە..

ژان: خێوەکانیش خۆیان شاردەوە..

ژولیا: بەڵێ.. خێو و شەیتانەکان لە شەوی ڕابردوودا تەراتێنێیان دەکرد.. بەڵام ژان گوێ

شل کە. لەگەڵمدا وەرە و ئێستاکە من پارەم پێیە.

ژان: ″بە گومانەوە″ بەسیەتی.

ژولیا: بۆ سەرەتا بەش دەکات، لەگەڵمدا وەرە، ناتوانم بەتەنها سەفەر بکەم، تەسەوور کە لە جەژنی هاویندا سەفەر دەکەم، لە نێو شەمەندەفەرێکی قەرەباڵغداو خەڵکی سەیرم دەکات، لە وێستگاکاندا دەوەستێ و منیش دەمەوێ باڵ بگرێتەوە نا.. نا.. ناتوانم، پاشانیش یادگارییەکان دادەبارێنە سەر سەرم، یادگاری منداڵی لە جەژنی هاویندا، کاتێ کە کەنیسە دەبووە جەنگەڵێکی سەوز خوانی سیڤیش دەڕازایەوە، کەسوکارو هاوڕێیان بەمۆسیقا و سەما لەگەڵ گەمەو گوڵدا لە ئێوارانی باخەکە دەگوزەرا.. مرۆ دادەکشێ و دادەکشێ و فیرار دەکات و هەڵدێ، بەڵام یادەکانی لە نێو گالیسکەی جیهازدا خۆی لەمەڵاس ناوە، ئیش و پەشیمانیشی ئاڵاندووەتە خۆیەوە.

ژان: لەگەڵتا سەفەر دەکەم، هەر ئێستاو بەر لەوەی کاتمان لە دەست بچێ هەر لەم ساتەدا..

ژولیا: وابێ پۆشاکەکانت بپۆشە ″قەفەسەکە دەگرێتە دەست″

ژان: بەڵام بێ کەلوپەل، ئەمە کارەکەمان لێ ئاشکرا دەکات.

ژولیا: نا.. نا.. دەتوانین لەگەڵ خۆماندا بە گالیسکەکە بیبەین.

ژان: ″پاش ئەوەی شەبقەکەی دادەگرێ″ ئەمە چییە پێتە؟

ژولیا: ئەمە چۆلەکەکەمە، ناتوانم بەجێی بێڵم.

ژان: قەفەسی چۆلەکەکەمان لەگەڵدا بێ، پێ دەچێ شێت بوویت.. لە قەفەسەکە گەڕێ.

ژولیا: تاقە شتێکە کە لە ماڵەکەی خۆمدا، لەگەڵ خۆما دەیهێنم، تاقە زیندەوەرێکە پاش ئەوەی سەگەکەم ″دیانا″ جێی هێشتم، خۆشی دەوێم، دڵڕەق مەبە، لێ گەڕێ با بیهێنم.

ژان: پێم گوتی لە قەفەسەکە گەڕێ.. بەم شێوەیە بەدەنگی بەرز قسان مەکە، ئەگینا کریستین دەمانبیستێ..

ژولیا: نا.. بەجێی ناهێڵم، پێم چاکترە بیکوژین.

ژان: بیهێنە، ملی بادەدەم.

ژولیا: بەڵام وا مەکە ئازاری بگاتێ.. نا.. نا.. ناتوانم.

ژان: لێم گەڕێ، من دەتوانم.

ژولیا: "پەلەوەرەکە لە قەفەس دەردێنێ و ماچی دەکات" ئاه.. ئەی پەلەوەرە ئازیزەکەم چ چارەیەکت نییە جگە لە مەرگ و جیابوونەوەت لە خاوەنەکەت؟

ژان: پێویست بەم شیوەنە ناکات، تکات لێ دەکەم.. نازانی ئەم کارە پەیوەستە بە ژیانت.. بە داهاتووت؟ دەی پەلە بکە.

"قەفەسەکەی لە دەست وەردەگرێ، بەرەو قەرمەکەی دەبات، چەقۆیێك دەگرێتە دەست، ژولیا، ڕووی خۆی وەردەچەرخێنێ"

ژان: پێویستی دەکرد فێری ئەوە بی کە چۆن مریشك سەرببڕی، نەك بە دەمانچە تەقە بکەیت "چەقۆکە دادەوەشێنێ" ئیدی بۆ لەبەر دڵۆپە خوێنێ لە خۆچوویت؟

ژولیا: "دەقیژێنێ" وابێ بمکوژە.. بمکوژە.. مادامێ دەتوانی بێ ئەوەی تەڵەموویەکت ببزوێ، گیانلەبەرێکی بێ گوناح بکوژیت.. ئاهـ.. ڕقم لێتەو دەتبێزێنم، خوێن لە نێوانی من و تۆدا هەیە، مەلعونە ئەو سەعاتەی کە یەکەم تۆم تیادا بینی، مەلعونە ئەو ساتەی کە لە منداڵدانی دایکمەوە بەرەو ژیان هاتم.

ژان: جا ئەم هەموو لەعنەتانە چ سوودێکیان هەیە؟.. دەی با بڕۆین.

ژولیا: "لە قەرەمەکە نزیك دەبێتەوە، سەرباری ئیرادەی وەك ناچاری کەمەنکێشی دەبێ"

نا.. نامەوێ ئێستاکێ بڕۆم.. ناتوانم.. دەبێ ببینم.. وس لەسەر ڕێگاکە دەنگی گالیسکە دێ "گوێ هەڵدەخات بێ ئەوەی چاو لەسەر قرمەو چەقۆکە بترووکێنێ" تۆ پێت وایە توانای ئەوەم نییە خوێن ببینم، پێت وایە تا ئەو ڕادەیە بێ هێزم، ئاه چەندم حەز دەکرد، خوێنت، مێشکت لەسەر ئەم قرمەیەدا ببینم، چەندم حەز دەکرد ڕەگەزت وەك ئەم زیندەوەرە غەرقی خوێن بێ، پێم وایە دەتوانم لە نێو کاسەی سەرتا بخۆمەوەو پێیەکانیشم لە نێو سنگتا بشۆم، دڵیشت بەبرژاوی بخۆم، پێت وایە من لاوازم، پێت وایە بەری منداڵدانم حەنینی بۆ تۆوی تۆ هەیە، پێت وایە من دەمەوێ نەوت لەژێر دڵمدا هەڵگرم و خوێنی خۆم بکەم بەخۆراکی، منداڵەکانت هەڵگرم و ناوت وەرگرم.. پێم بڵێ ناوت چییە؟ ها من هەرگیز ناوی خانەوادەی تۆم نەبیستووە، یا هەر ناوی خانەوادەت نییە؟ دەتەوێ ببمە ژنی دەرگاوان یا کەناس؟ تۆ ئەی سەگ، ئەی نۆکەر، ئەی ئەوەی چاکەتەکەت دروشمی منی پێوەیە دەتەوێ ببمە هاوژینی ئاشپەزەکەم و هەویێی خزمەتکارەکەم.. ئۆه.. ئۆه، پێت وایە من جەبانم و دەمەوێ ڕابکەم، نا.. ئێستاکە من دەمێنمەوە، با هەورە برووسکە بگرمێنێ، بابم دەگەڕێتەوە بۆ ماڵێ،

دەبینێ دۆلابەکەی کراوەتەوە، پارەی تیادا نابینێ، لە زەنگ دەدات، دوو جاران بۆ نۆکەرەکەی لە زەنگ دەدات پاشان بەدووی پۆلیسدا دەنێرێ، هەموو شتێکی بۆ ئاشکرا دەکەم، هەموو شتێ، کە بەرەو کۆتایی دەچێت من گەلێ بەختەوەر دەبم.. وابێ ئا ئەمەیە کۆتایی، ئەو کاتە تووشی سەکتەی دڵ دەبێت و دەمرێت بەم شێوەیە کۆتایی هەموومان دێت، ئەوسایش، هێمنی و ئاسایش و حەوانەوەکی یەکجارەکی حووکم دەبێت، دروشمی خانەوادەیش لەسەر دارمەیتدا دادەشکێ، سولالەی کۆنت کوێر دەبێتەوە، بەڵام سولالەی نۆکەر لە مەیتەمدا دەژێ، ئیکلیلی غاز لە نێو قوڕدا وەدەست دێنێ، کۆتاییشی زیندان دەبێ.

ژان: براڤۆ مسز ژولیا، ئا بەم شێوەیە خوێنی شاهەکان قسان دەکات، دە وەئاگابە عەقڵەکەت بێنەوە سەر خۆت.

″کریستین دێتە ژووری، پۆشاکی کەنیسەی پۆشیوە، کتێبی تەراتیلی بەدەستەوەیە″

ژولیا: ″بەرەو کریستین ڕادەکات، خۆی دەخاتە نێوان باسکەکانی وەك ئەوەی داوای فریاکەوتن و پاراستنی لێ بکات″

کریستین یارمەتیم بدە.. دژ بەم پیاوە یارمەتیم بدە.

کریستین: ″ساردەو نابزوێ″ ئەمە چییە لە بەیانی یەکشەمەدا ڕوودەدات؟ ″چاوی بە قرمەکە دەکەوێت″ ئەمە چییە؟ هەموو ئەمانە چ مانایەکیان هەیە؟ ئەم هەموو قیژەیە چییە؟

ژولیا: کریستین، تۆ ژنیت، تۆ هاوڕێی منی، لەم زۆڵە وریا بە.

ژان: ″بە هەندێ شەرم و دڵتەنگی″ تا ئەم دوو خانمە قسان دەکەن، من ڕیش دەتاشم ″لەلای ڕاستەوە دەردەچێ″

ژولیا: دەبێ تێم بگەیت، دەبێ گوێ بیستی من بیت.

کریستین: نا.. لە حەقیقەتدا من لەم جۆرە بەدڕەفتارییە تێناگەم. بە پۆشاکی سەفەرەوە بۆ کوێ دەچیت؟ ئەویش شەبقەی لەسەر دایە؟ چییە؟ چی؟

ژولیا: کریستین، گوێ شل کە، هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم.

کریستین: نا مەوێ چ شتێك بزانم.

ژولیا: هەر دەبێ گوێم بۆ شل کەیت.

کریستین: هۆی ئەم هەموو شتە چییە؟ ئایا قسە بێ سەرو بەرەکانی ژانە؟ هەرگیز ئەمانە بە منەوە پەیوەندییان نییە، چونکە کاری من نین، بەڵام ئەگەر تۆ نیازت وایە لەگەڵ خۆتا بیبەیت، ئەوا دەبێ سنووری بۆ ئەمە دانێین.

ژولیا: "لە حاڵەتێکی گەلێ دەمارگیرە" تکات لێ دەکەم کریستین ئارامی بپارێزەو گوێم بۆ شل کە، من ناتوانم لێرەدا بمێنێتەوە، بۆیە دەبێ سەفەر بکەین .

کریستین:..

ژولیا: لەپڕ، ئێستا بیرۆکەیێك بە خەیاڵمدا هات، گوێ شل کە، گریمان ئێمە هەرسێکمان کۆچمان کرد، بەرەو دەرێ کۆچ کەین، بەرەو سویسرا دەچین، پارەم پێیەو ئوتێلێ دەکەینەوە، من و ژان دەتوانین هەموو کارەکانمان مەیسەر کەین، تۆش دەتوانی سەرپەرشتی ئاشپەزەکە بکەیت. ئا ئەمە شتێکی نایاب نییە؟ بڵێ بەڵێ.. ئێستاکێ.. لەگەڵماندا وەرە، ئەمە چاکترین چارەسەرە.. ئۆە.. بڵێ بەڵێ..

"باسکەکانی دەنێتە قەدی کریستین و پیایا دەکێشێ"

کریستین: "بە ساردی و تێفکرینەوە"

ژولیا: "هانی دەدات" کریستین، تۆ هەرگیز سەفەرت نەکردووە، دەبێ سەفەر بکەیت و سەیری دنیا بکەیت، ناتوانی ڕادەی خۆشی سەفەر بە شەمەندەفەر بێنیتە بەر زەین.. بە بەردەوامی ڕوخساری نوێ، وڵاتانی نوێ.. پاشان دەگەینە هامبۆرگ، سەردانی باخچەی ئاژەڵان دەکەین ئەمانەت خۆشدەوێ، دەچینە ئۆپێراو شانۆکان کە بگەینە میونیخ گەلێ مۆزەخانە دەبینین، ناوی میونیخت نەبیستووە، شا لویس لەوێدا دەژیا، ئەو شایەی کە شێت بوو؟ سەردانی قەڵاکەی دەکەین. تا ئێستاکێش هەندێ شتی وەکو خۆی ماوەتەوە، وەك ئەوەی کە دەیانبیستین، لەوێشەوە ڕێگاکە بۆ سویسرا گەلێ دوور نییە.. چیاکانی ئەلپ، بێنە بەر زەینی خۆت چیاکانی ئەلپ لە گەرمەی هاویندا بەفر دایپۆشیون.. لە سویسرا دار پرتەقاڵ و سەروو لە چوار وەرزا بە سەوزی دەیانبینن.

"لەلای ڕاستەوە ژان دەبینین، مووس بەسەر قایشدا دێنێ و تیژی دەکات، قایشەکەی بە دگان و بە دەستی چەپ گرتووە، بەبایەخەوە گوێ بۆ قسەکان هەڵدەخات، ناوبەناو سەری قایل بوون ڕادەتەکێنێ"

ژولیا: "بەحەماسەوە هانی دەدات" پاشان ئوتێلێکمان دەست دەکەوێ، من لە ئۆفیس دادەنیشم، ژان-یش لە دەرێدا پێشوازی لە توریستەکان دەکات دەچێتە دەرێ و

توریستەکانیش دەکرێ، نامەکانیش دەنووسێ ئەمە بۆ تۆ ژیانێکی چاکە، پڕ کار دەبین، پێشوازی شەمەندەفەرەکان دەکەین، ئۆتۆبیسەکان دێنە لامان، زەنگەکان لە سەرێ و لە خوارێ لە هۆڵی خواردندا لێدەدرێن، حیسابەکان دەنووسم، هەروەها دەشزانم چۆن ترش و خوێشیان بەسەردا دەکەم، تۆ ناتوانی تەسەوری ئەوە بکەی کە توریستەکان چ خەجاڵەتییێك دایاندەگرێ کاتێ کە حیسابەکانیان دەدەن.. تۆ.. تۆیش وەك شاژنێ لە ئاشپەزخانەکەدا دادەنیشی ئەڵبەتە بەرامبەر بەخرتەکە خۆت ناوەستی، دەبێ شیکپۆش بیت، لە بەرامبەر خەڵکیدا بەجوانی بکەویتە ڕوو، بێ گومان ڕۆژێ مێردێ وەدەست دێنێ.. ئاسانە ئەم ئینگلیزە دەوڵەمەندانە "لەهەجەکەی خاودەبێتەوە" ڕەدوو خرێن، ئەوسا دەوڵەمەند دەبی.. بۆ خۆ ڤیلایەك لە ڕۆخی دەریاچەی کۆمۆدا دروست دەکەین.. ڕاستە جارجارێ لەو شوێنەدا باران دەبارێ بەلام "زۆری پێ نامێنێ" جارجارەیش هەتاو هەڵدێ، ئەگەر چی دنیا بەتاریکی دەکەوێتە ڕوو پاشان دەگەڕێینەوە بۆ ولاتەکەی خۆمان یا هەر ولاتێکی دی.. دەگەڕێینەوە بۆ ئێرە.. یا بۆ شوێنێکی دی..

کریستین: مسز ژولیا، پێم بڵێ تۆ خۆت باوەڕت بەم هەموو شتانە هەیە؟

ژولیا: "ئینهیاری کردووە" من باوەڕم پێی بێ؟

کریستین: بەڵێ.

ژولیا: "شەتەکە" نازانم، باوەڕم بە هیچ شتێ نەماوە.

"ڕۆ دەچێتە نێو کورسییەکە، بەهەردوو دەست سەری خۆی دەگرێ" هەرگیز باوەڕم بە هیچ شتێ نەماوە..

کریستین: "ڕوو وەردەچەرخێنێ بەرەو لای ڕاست، بۆ ئەو جێیەی کە ژان-ی لێ وەستاوە"

ژان: "بە شەرمەوە مووسەکە دەخاتە سەر مێزەکە" ڕاکردن؟ ئەمە وشەیێکی گەورەیە، گوێم لە پێشنیارەکانی خانمی چکۆڵە بوو، ئەگەر چی شەکەتە و سەرلەبەر شەو نەنووستووە، پێشنیارێکەو بە ئاسانی جێبەجێ دەکرێ.

کریستین: ژان، گوێ شل کە، گەر پێت وایە دەبم بە ئاشپەز لەلای ئەم..

ژان: "بەحیدەتەوە" تکات لێ دەکەم وشەی ڕێك بەکاربێنە، کاتێ لەمەڕ خانمەکەتدا دەدوێی.. تێگەیشتی؟

کریستین: خانمی من..

ژان: بەڵێ.

کریستین: قسەیێکی جوانە.

ژان: بەڵێ.. چاك وایە زیاد ببیستی و کەم قسان بکەی.. مسز ژولیا خانمی گەورەتە ئەوەی وای لێ کردووی هەست بەوە بکەی ڕێزی نەگری، هەر ئەوە وات لێ دەکات هەست بکەی کە ڕێزت بەرانبەر بەخۆت نییە.

کریستین: ئۆه.. من هەمیشە ڕێزی خۆم دەگرم.

ژان: ڕێزی خەڵکانی دی ناگری!

کریستین: بە ڕادەی لە پلەی خۆم دانەبەزم، تۆ ناتوانی بڵێی ئاشپەزەکەی دەستی کۆنت لەگەڵ مەیتەر، یا شوانی بەرزەکاندا تێکەڵە، تۆ ناتوانی شتێ لەم بابەتانە بڵێی...

ژان: بەڵێ.. بەختت یارە، دەستت لەگەڵ جەنتلمانێك تێکەڵە.

کریستین: بەڵێ، جەنتلمانێ، وێنجە لە تەوێڵەکەی کۆنت دەفرۆشێ.

ژان: ئایا ئەمە بەراورد دەکرێ لەگەڵ ئەو عموولەیەی کە لە بەقاڵەکەی وەردەگرێ و ئەو بەرتیلانەی لە قەساب وەردەگری.

کریستین: چ دەڵێی؟

ژان: وابێ پاش ئێستاکێ تۆ ناتوانی ڕێز لە کۆنتی گەورەو خانمی گەورەت بگری.. تۆ.. تۆ..

کریستین: ئایا لەگەڵما دێیتە کەنیسە؟ پێم وایە پاش ئەم کردەوەیەت پێویستت بە وەعزێکی چاکە؟

ژان: نا.. ئەمڕۆ نایێم بۆ کەنیسە، دەتوانی بەتەنها بڕۆیت و دان بە کردەوەکانت بێنی..

کریستین: بەڵێ ئەمە دەکەم، بە لێبووردنێ دەگەڕێمەوە بەشی هەردووکمان بکات مەسیح ئازاری چەشت لەسەر خاچدا گیانی سپارد بۆ ئەوەی گوناهەکانی ئێمە پاك کاتەوە.. گەر بەدڵێکی پڕ ئیمان و عەقڵێکی پەشیمان ڕووی تێ کردین، ئەو خەتاکانی ئێمە لە ئەستۆی خۆی دەگرێ.

ژولیا: کریستین، ئیمانت بەمە هەیە؟

کریستین: ئیمانێکی پتەو، وەك چۆن ئیمانم بەوە هەیە کە لێرەدا وەستاوم، ئیمانێکە لە

مندالّییەوە لە ناخمدا جێگیر بووە.. مسز ژولیا، خەتا چەند زۆر بێ ڕەحمەت و لێبووردنیش زۆر دەبێ.

ژولیا: گەر ئیمانت.. یا..

کریستین: ئەم ئیمانە بەدەست ناهێنی بێ ڕەزامەندی تایبەتی خواوەند، ئەم ڕەزامەندییەش بەهەموو کەسێ نابەخشرێ.

ژولیا: ئەی بە کێ دەبەخشرێ؟

کریستین: ئا ئەمەیە نهێنییە مەزنەکە کە بە بەخشندەیییەوە ئالاوە مسز ژولیا، خودا سەیری کەسان ناکات، دوا کەس دەبێتە یەکەم..

ژولیا: وابێ ئەو سەیری دوا کەس دەکات.

کریستین: "بەردەوامە لەسەر قسەکانی" حوشترێ بەکونی دەرزیدا تێپەڕێ ئاسانترە لەوەی کە دەوڵەمەندێ بچێتە بەهەشتی خواوەند.. مسز ژولیا ئەمە حەقیقەتە.. من دەڕۆم، داوا لە مەیتەرەکە دەکەم، کە ئەسپەکان دەرنەکات بۆ ئەو کەسانەی بیانەوێ بڕۆن، تا خودی کۆنت نەگەڕێتەوە، ئەمە نەکات "دەڕواتە دەرێ"

ژان: ئا ئەمە شەیتان نییە.. هەموو ئەو شتەیش لە پێناوی چۆلەکەیێك!

ژولیا: چاوپۆشی لە چۆلەکەکە بکە، چ ڕێبازی دەربازبوونێ شك دەبەی، ڕێیەك بەدی دەکەی سنوورێ بۆ ئەم وەزعە دابنێت؟

ژان: "بە بیرکردنەوەوە" نەء.

ژولیا: لەجێی من بای چت دەکرد؟

ژان: لەجێی تۆ.. ئاهـ.. گەر ژنێ دەبووم لە ڕەسەنێکی نەجیبزادە و لاڕێم گرتبا! نازانم ئۆه! بەڵێ.. دەزانم.

ژولیا: "مووسەکە دەگرێتە دەست بە حەرەکەیێك دەلالەتی هەبێ" ئە ئەوها؟

ژان: بەڵێ.. بەڵام سەرنج دە، من خۆم ئەم کارە ناکەم.. جیاوازییەك لەنێوانماندا هەیە.

ژولیا: لەبەرئەوەی تۆ پیاویت و من ژنم؟ چییە جیاوازییەکە؟

ژان: هەمان جیاوازی نێوان پیاو و ژن..

ژولیا: "مووسەکەی بەدەستەوەیە" دەمەوێ بەڵام ناتوانم، بابیشم ناتوانێ. لەو کاتەدا کە دەبوو ئەم کارە بکات.

ژان: نا.. پێویست نەبوو ئەمە بکات، دەبا یەکەمجار تۆڵەی خۆی بکاتەوە.

ژولیا: ئێستا نۆرەی دایکم هات تۆڵەی خۆی لە شەخسی من بکاتەوە.

ژان: مسز ژولیا بابی خۆتت خۆش ناوێ؟

ژولیا: بەڵێ زۆرم خۆش دەوێ. بەڵام دەشبێ بیبوغزێنم، دەبێ بیبوغزێنم بۆ ئەوەی هەست بەم کینەیەم بکەم، ئەو پەروەردەی کردم بەسووکییەوە بڕوانمە ڕەگەزم، وای پێگەیاندم کە ببمە نیوەژن و نیوەپیاو.. لەم ڕووەوە گلەیی لە کێ دەکرێ؟ بابم یا دایکم.. یا خۆم یا نەفسی خۆم؟ منێ کە نەفسم نییە؟ هەر بیرکردنەوەیێکم هەبووبێ، سەرچاوەکەی بابم بووە، هەر سۆزێکیشم هەبووبێ، هۆیەکەیشی بۆ دایکم دەگەڕێتەوە، تەنانەت بیرۆکەی ئەم دواییەم (کە خەڵکان یەکسانن) لەلایەن دەزگیرانەکەمەوە وەرم گرتووە، بۆیە بەزۆڵ ناوی دەبەم، وابێ هەڵەکەی من چۆن دەبێ؟ هەموو گلەییەکە بخەمە ئەستۆی مەسیح، وەك کریستین ئەمە دەکات؟ نا.. من کبریائم گەورەترە لەوەی کە ئەمە بکەم، من عیلم و مەعریفەتم بە فەزڵی بابمەوە وەدەست هێناوە، ئەوەی کە کریستین دەیڵێ کە ناشێ دەوڵەمەندان بچنە بەهەشتەوە، موجەرەد درۆیە، کریستین مادامێ ڕەسیدی لە بانکدا هەیە هی کێیە؟ جا چ دەگەیێنێ گەر بزانین هەڵەکە هی کێیە؟ مادامێکی من خۆم تەحەمولی گوناە و سەرئەنجامەکانی دەکەم گرنگ نییە بزانم هەڵەکە هی کێیە؟

ژان: بەڵێ.. بەڵام..

"دوو زەنگی تیژ لە زەنگەکەوە دەبیستێ، ژولیا لە جێیەکەی خۆیەوە ڕادەپەڕێ، ژان چاکەتەکەی چاك دەکاتەوە"

ژان: کۆنت گەڕایەوە.. گەر کریستین..

"بەرەو ئەو بۆڕییە دەکەوێتە ڕێ کە دەنگ دەگوازێتەوە، پیایا دەکێشێ و پاشان گوێ بیست دەبێ"

ژولیا: دۆلابەکەی بینی؟

ژان: گەورەم خاوەن شکۆ من ژانم، "سەرلەنوێ گوێ بیست دەبێ بینەران نابیستن کە کۆنت چ دەڵێ" بەڵێ خاوەن شکۆ "گوێ بیست دەبێ" بەڵێ خاوەن شکۆ هەر ئێستاکێ "گوێ بیست دەبێ" پاش دەقەیێکی دی، خاوەن شکۆ "گوێ بیست دەبێ" بەڵێ.. بەڵێ پاش نیو سەعات.

ژولیا: "بە قەلەقەوە" چی گوت، خودایە، چی گوت؟

ژان: داوای پێڵاوەکەی کرد، پاش نیو سەعاتی دی قاوەکەی دەوێ.

ژولیا: پاش نیو سەعات.. ئۆه.. من گەلێ شەکەتم، ناتوانم چ شتێ بکەم، ناتوانم تۆبە بکەم، ناتوانم ڕابکەم، ناتوانم بمێنمەوە، ناتوانم بژێم، ناتوانم بمرم، یارمەتیم بدە، ئەمرم بەسەردا بکە، وەك سەگ ملکەچ دەبم، ئەم دوا چاکەیەم لەگەڵدا بکە، شەرەفم ڕزگار کەو ناوی بابم ڕزگار کە.. تۆ دەزانی چ پێویستە فەرزی کەیتە سەر ئیرادەمەوە، ئەوەیە کە ناتوانم من بیکەم، ئیرادەی خۆتم بدەیێ وام لێ بکە بیکەم.

ژان: نازانم چی ڕووی دا، منیش ناتوانم ئەمە بکەم، تێ ناگەم، وەك ئەوەی چاکەتەکەم ڕێم نەدات ئەوە بکەم، لەو کاتەوەی گوێم لە دەنگی کۆنت بووە ناتوانم ئەمرت بەسەردا بکەم.. ئێستا ناتوانم هیچ تەفسیرێ بکەم.. بەڵام.. دەبێ ئەم چاکەتە لەعینە بێ کە داومەتە سەر شانم.. پێم وایە گەر کۆنت بێتە خوارێ داوای ئەمەم لێ بکات ملی خۆم ببڕم، فەورەن دەیکەم.

ژولیا: با بە خەیاڵ وای بێنینە بەر زەین کە تۆ کۆنتی و منیش تۆم، تەمسیلێکی نایابت کرد کە بەسەر چۆکا لە بەردەمی منا کڕنووشت برد، ئەو کات بە مانای وشە ئوروستوقراتی بووم ئایا لەسەر شانۆ خەوێنەری موگناتیسیت نەبینیوە؟

"ژان سەر دەلەقێنێ" بە وەسیتەکە دەڵێ، گسکەکە بێنە، گسکەکە دەبات، پاشان پێی دەڵێ گسك بدە، گسك دەدات.

ژان: بەڵام ئەم وەسیتەیەش خەوێنەر بێ.

ژولیا: "بە ترسەوە" فیعلەن من خەوێنراوم، جگە لە دووکەڵ لەم ژوورەدا چ شتێ نییە، تۆیش وەکو کووانوویێك کەوتوویتە ڕوو، وەك کووانوویێك کە بەپیاوێ دەچێ بەرگی ڕەشی پۆشیبێ و شەبقەیێکی بەرزی لەسەردا بێ، کاتێ کە ئاگرەکە دادەمرکێ چاوانت وەکو خەڵووز دەدرەوشێنەوە.. ڕوخسارت تەنها کیتلەیێکە لە خۆڵەمیشی سپی.

"تیشکی هەتاو دەگاتە ئاشپەزخانە و دەکەوێتە سەر ژان" کەش جوان و گەرمە "دەستەکانی بەیەکا دێنێ وەك لەبەر ئاگرێکدا گەرمیان کاتەوە" ڕۆشنیشە، ئیحای ئاسایش و ئاشتی دەدات.

ژان: "مووسەکە هەڵدەگرێ و دەیخاتە نێوان دەستی" ئا ئەمە گسکەکەیە.. وابێ برۆ بۆ ڕۆشنایی، بۆ جرن و..

″شتێ دەچێتە گوێی″

ژولیا: ″هاتەوەتەوە سەرەخۆی″ سوپاست دەکەم، ئێستاکێ دەحەسێمەوە.. یەکەم پێم بڵێ، بەر لەوەی بڕۆم، ڕەزامەندیی خواوەند وەدەست بێنێ.. بیڵێ گەر تەنانەت باوەڕیشت پێی نەبێ.

ژان: یەکەم ڕەنگە کە.. نا.. ناتوانم ئەمە بڵێم، بەڵام مسز ژولیا چاوەڕێ کە.. تۆ ئێستاکێ لە نێوان یەکەمەکاندا نیت.. تۆ لە نێوان دوا کەسەکان دایت.

ژولیا: ئەمە ڕاستە من لە نێوان دوا کەسەکان دام.. من دوا کەسم ئۆە.. بەڵام ئێستاکێ ناتوانم بڕۆم، جارێکی دی پێم بڵێ دەبێ هەر بڕۆم.

ژان: نا.. من ناتوانم ئەمە بڵێم.. ناتوانم.

ژولیا: ئەمانەی کە یەکەمەکان بوون، دەکەونە نێوان دوا کەسەکانەوە.

ژان: بیر مەکەوە.. بیر مەکەوە.. تۆ هێز لەبەر منیش دەبڕی وام لێ هاتووە هەست بەوە دەکەم جەنابم.. ئەمە چییە؟ وام بە خەیاڵدا هات زەنگەکە دەجووڵێتەوە.. چۆن لە زەنگ دەترسم. بەڵام ئەمە تەنها زەنگ نییە.. لە پشتمەوە کەسێك هەیە، دەستێکە دەیبزوێنێ، هێزێکی دیش دەستەکە دەبزوێنێ، بەڵام گەر گوێیەکانت داپۆشی.. دەی گوێیەکانت داپۆشە.. بەڵام زەنگەکە لە جاری یەکەم بەهێزترە زەنگەکە لێ دەدات و لێ دەدات تا وەڵام دەدەمەوە.. ئەو کاتەیش کات لە دەست چووە.. پۆلیس دێت و پاشان:

″دوو دەنگی تیژی زەنگەکە دێت، ژان بۆ ساتێ خۆی گرژ دەکاتەوە پاشان قیت دەبێتەوە″

ئەمە ترسناکە بەڵام چ ڕێی دەربازبوونێك نییە.. دەی برۆ..

″ژولیا بە هەنگاوی مەحکەم لە دەرگاوە دەچێتە دەرێ″

کۆتایی...

له شانۆنامەکانی هۆدە

# ئۆگێست سترنبێری

# سەقاقوش - گەمە بە ئاگر - سەموم(*)

**د. فازڵ جاف**

له سویدییەوە تەرجەمەی کردووەتە عەرەبی

**موکری**

له عەرەبییەوە تەرجەمەی کردووەتە کورد

(*) سەموم: ناوی جۆرە بایێکی تیژە لە باکووری ئەفریقیادا هەڵدەکات.

## پێشەکی

خوێنەر، سێ شانۆنامە دەخوێنێتەوە: سەقاقوش... گەمە بە ئاگر... سەموم.

ئەم شانۆنامانە لەسەر شێوەی شانۆنامەی هۆدە (مسرحيات الغرفة) نووسراون کە سترنبێری ١٩١٢-١٩٤٩ نووسەری ناوداری سوید توانیویەتی ئەفراندنیان تیابکات.

مەفهومی شانۆنامەی هۆدە، لەسەرەتا بەسترابووەوە بە تاقیکردنەوەی شانۆی حەمیمی (In tima teatern)(*)

کە لە ساڵی ١٩٠٧ سترنبێری دایمەزراند، کەوتبووە ژێر کاریگەری تاقیکردنەوەکانی دەرهێنەری ئەڵمانی ( ماکس رینهارت) کە ئەم جۆرە شانۆنامانەی داهێنا.

شانۆنامەکانی هۆدە کە لە ساڵی ١٩٠٧ وە سترنبێری نوسیوونی، ئەم شانۆنامانەن:

زریان

سۆناتای تارمایی

سەقاقوش

زەمینی سووتێنراو

بەڵام مەفهومی شانۆنامەکانی هۆدە تەجاوزی سنووری ئەو شانۆنامانەی کرد، کە لە بنەڕەتدا بۆ شانۆنامەی حەمیمی نووسرابوون، پاشان هەموو ئەو شانۆنامانەی گرتەوە کە کورتن و یەك فەسڵین، وەك:

مسز ژۆلیا

سەموم

قەرزدەرەکان... تا...

سترنبێری، ئەمانەی بەر لە دامەزراندنی (( شانۆی حەمیمی)) نووسیبوو...

---

(*) (المسرح الحميمی In thma teatern لە کوردیدا بەواتای گیانی بەگیانی دێت، واتە شانۆکە و بینەران هەند تێکەڵن لەگەڵ یەکدی وەك دوو هاوڕێی گیانی بەگیانیان لێ هاتووە...

# سەقاقوش

**PELIKANEN**

سترنبێری، ئەم شانۆنامەیەی لە ساڵی ١٩٠٧، پاش مردنی (ئانا)ی خوشکی نووسی... مەرگی ئەم خوشکەی خەمێکی گەورەی بۆ جێهێشت و لە کاتێکیشدا بوو لە ژنی سێیەمی جیابووەوە...

ئەم شانۆنامەیە بەتایبەتی بۆ شانۆی (حەمیمی) نووسراوە کە خۆی لەخۆیدا بەوە دەژمێردرێت، گەڕانەوە بێت بۆ شێوازی (شانۆی تەلیعی) کە لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا برەوی هەبوو، بەڵام خوو خدەی سترنبێری، تێکەڵ دەبێ بەکەشی خەون و پلدانی شاعیرییەتی ڕەگی دەگەڕێتەوە بۆ کارە بەنێوبانگەکانی خۆی وەك (گەمەی خەون) و (سۆناتای تارمایی) و (سەمای مەرگ).

مەوزوعی فەساد وەك میراتی، هەروەها بەدکاری کە لەنەوەکانەوە گوازراونەتەوە، دەمانگەڕێنێتەوە بۆ تەبیعەتی (ئەبسن) لە (تارماییەکان) و (مراوی کێوی)... بەڵام... (سەقاقوش) وا دەکەوێتە ڕوو کەمتر قووڵی (تارماییەکانی) هەبێ... بەڵام زیاتر شاعیریترە...

ڕووحیەتی ئەم شانۆنامەیە تژی مۆسیقاو ڕیتمە، ڕێ خۆش دەکات بۆ کارەکتەرەکان و دەرهێنەر، چاکتر لەنێو ڕووبەری ئەفراندن ببزوێن سترنبێری لە (سەقاقوش)دا ئەو خەمە گەورەیە دەخاتە ڕوو کە هەست بە عەدەمیەت دەکات وەك دژێکی بنەبڕ لەئاست وجودێکی ساختەدا وەستاوە: کە بەدکاری لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی گوازراوەتەوە ئینسانییەتی لەو ساندووەتەوە، ئەم بەدکارییە لە ناخدا خۆی مەڵاس داوە...

سترنبێری لە یەکێ لە نامەکانیدا دەڵێ:

سەربارى ئیرادەی خۆم، ئەم شانۆنامەیەم هەر نووسی... کاتێ خەریکی نووسینی بووم، حەزم دەکرد، ئاگری تێ بەردەم، یا تووڕی هەدەم، کەچی شانۆنامەکە دەسبەرداری من نەدەبوو... جارێکی دی ڕاوەدووی نام... کاتێ کە دەمبینی ئێواران لەسەر شانۆ نمایش دەکرێ گەلێ ئازارم دەچەشت، بەڵام لەگەڵ ئەمانەدا هەستم بە پەشیمانی نەکردووە نە بۆ شانۆنامەکە، نە بۆ نووسینی... بە بۆنەی کردنەوەی (شانۆی

حەمیمی) یەکەم جار شانۆنامەی (سەقاقوش) لە ساڵی **١٩٠٧** پێشکەش کرا، بە تەواوی فەشەلی هێنا...

ڕەخنەگران، هێرشی توندیان کردە سەری، بەڵام لە ساڵی **١٩١٤** (ماکس ڕینهارت) پێشکەشی کرد... ئەم پێشکەشکردنە مانەندی گورزێکی سەرسوڕهێنەر بوو بۆ ڕەخنەگرانی سوید.

یەکێ لە ڕەخنەگرانی سوید پاش ئەوەی (تیپی شانۆی هۆدەی بەرلینی) سەردانی سویدی کرد... ئەو ڕەخنەگرە ئەمەی نووسی:

نمایشەکە، وانەیەك بوو بۆ سویدییەکان...

## گەمە بە ئاگر

LEKA MED ELDEN

پاش فەشەلی پەیوەندی ژن و مێردایەتی نێوان سترنبێری و ((سیری فۆن ئایسین)) **١٨٩٢** ژنی، ((سترنبێری ئەم شانۆنامەی نووسی کە گەلێ لایەنی خودی نووسەری تێدایەا بە تایبەت کەسایەتی ((ئەکسل)) تاڕادەیەك دەنگی نووسەرە.

لە ساڵی **١٨٩٣** یەکەم نمایشی ئەم شانۆیە لە بەرلیندا کرا، کەچی پاش پانزە ساڵ **١٩٠٨** لە سویددا نمایش کرا، لەسەر (شانۆی حەمیمی).

ڕادەی سەرکەوتنی ئەو شانۆنامەیە زیاتر نەبوو لە شانۆنامەی (سەقاقوش) تەنها سیانزە جار نمایش کرا...

لە ساڵی **١٩١٤** (شانۆی حەمیمی) بۆ دووهەم جار شانۆنامەی (گەمە بە ئاگر)ی نمایش کرد، سەرکەوتنی چاکی وە دەست هێنا بینەرو ڕەخنەگرانی سەراسیمە کرد... هەر لەو ڕۆژەوە لەسەر شانۆکانی سویدو ئەوروپا بە بەردەوامی نمایش دەکرێ...

## سەموم

SAMUM

سترنبێری لە ساڵی **١٨٨٩**دا ئەم شانۆنامەیەی نووسی. لەگەڵ ئەو شانۆنامەدا کە تایبەتن بە (شانۆی ئەزموونگەری ئەسکەندەنافی) لە کۆپنهاگن.

لـەوێدا (سیـری فـۆن ئـایسن)ی ژنــی سترنـبـێری کـاری نـوانـدنـی دەکـرد و دەورە سەرەکییەکانی دەگێڕا.

سترنبێری، لە وتارە بەناوبانگەکەیدا، هێرشی بردە سەر نووسەرانی شانۆ، کە دەوری تایبەت دەنووسن بۆ ئەکتەرە ناودارەکان سترنبێری، دەرهێنەری کەسایەتی (بیسکرە)یە کە شەخسیەتێکی سەرەکییە لە شانۆنامەکەدا...

لە کاغەزێکدا بۆ (سیری فۆن ئایسن)ی ژنی نووسی لە (سەموم)دا (ڕەشەبای بیابان) دەبیت بە کچێکی عەرەب بەهەر شێوەیێك بێت ڕووحی ئەفسەرێکی فەرەنسی دادەهەزێنێ گۆرانی چرپنیش یەکێکە لە شێوەکان...

لە نامەیەکی دیدا دەڵێ:

لەم دواییەدا، شانۆنامەیەکی جوانم نووسی، لەسەر شێوەی (ئەدگار ئەلان پو) بە ناونیشانی (سەموم) ئەڵبەتە یەك فەسڵییە. لەم شانۆنامەیەدا کارێکم بە ڕەشەبای بیابان کردووە هێزێکی ئەوتۆی هەبێ، خەونی ترسناك دەرپەڕێنێ، پیاوێکی فەرەنسی بەرەو خۆکوژی بنێرێ سترنبێری، گەلێ حەزی بەوەبوو لە مەوزووعی شەرقییەکان بدوێ وەك (حیکایەتی ئەبولقاسمی تەنبوری) و هێماکانی ڕۆژ هەڵات وەك پەنا بردنە بەر ڕەمزی فارسی لە (سەقاقوش)دا.

شانۆنامەی سەموم لە هەمان ئەو کاتانەدا نووسراوە، کە بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتناسی لـە ئـەوروپـادا گـەشەی سەندبوو... لـەهـەمـان ئـەو ساڵـەدا، گـەورەتـریـن کـۆنـگـرە بـۆ ڕۆژهـەڵاتـنـاسی لـە ژێر نـاوی (کۆنگرەی جیـهـانـی بـۆ ڕۆژهـەڵاتـنـاسی) لـە ستۆکـهـۆڵمدا بەسترا... شایانی باسە لەنێو ئەو ژنە ئەکتەرە ناسراوانەی ڕۆڵی (بیسکرە)یان بینیوە... ژنە ئەکتەری مەزنی ڕوسیا (فیرا کیمسار جیفساکایا)یە.

فازڵ جاف

ستۆکهۆڵم – ١٩٩٣/١٠/١٠

# سەقاقوش

**PELIKANEN**

کارەکتەرەکان:

*دایك...ئەلسا*، بێوە ژنە

کوڕ..*فردیرك، قوتابی قانونە*

کچ...*جیردا*

*زاوا...مێردی جیردایە*

*مارگریت...کارەکەرە*

هۆڵی دانیشتن

لە بنەوەی هۆڵەکەدا، دەرگایێك دەڕوانێتە سەر هۆڵی خواردن لەلای ڕاستەوە دەرگای بانێژیەك دیارە لەسەر شێوازی فەرەنسی دروست کراوە...

مێزێکی چەکمەجەدار، مێزێکی نووسینیش.

قەنەفەیێك بە پەردەیێکی سووری ئەرخەوانی داپۆشراوە پەردەکە لە مەخمەڵێکی تووکن دروست کراوە... کورسیەکی هەزاز–یش.

دایك: (پۆشاکی تازیەباری پۆشیوە، لەسەر یەکێ لە کورسییەکان دانیشتووە، بەبێ ئارامییەوە، جار جارە گوێ هەڵدەخات) لە دەرێدا ژەنیاری مۆسیقای شوبان دەژەنێ:
Chopins Fantaisie Impromptuaevre Posthume OP 66

مارگریت: ( ئاشپەزە، لە قووڵاییەوە دێتە ژوورێ)

دایك: تكایە دەرگاكە داخە...

مارگریت: ئایا خانم تەنهایە؟

دایك: تكایە دەرگاكە داخە... كێیە مۆسیقا دەژەنێ؟

مارگریت: كەشی ئەم ئێوارەیە چ ناهەموارە... كەشی زریان و بارانە.

دایك: تكایە دەرگاكە داخە، تەحەمولی بۆنی كاربۆنیك و ئەم چڵە دارە سووتاوانە ناكەم...

مارگریت: ئەمەم دەزانی، بۆیە بەچاكم زانی تەرمی مێردەكەتان بە پەلە بگوازرێتەوە بۆ گۆڕستانەكەی كەنیسە.

دایك: منداڵەكان خۆیان ویستیان مەراسیمی لە گۆڕنان لێرەدا بكرێ.

مارگریت: بۆ خانمی گەورەم دەیەوێ لێرەدا بمێنێت... بۆ لێرە ناگوازنەوە؟

خاوەن ماڵەكە ڕێمان نادات بگوازینەوە... ئەوەمان لەسەرە ئاوها وەكو خۆمان بمێنینەوە...(بێدەنگی) بۆ پەردەكەت لەسەر قەنەفە سورەكە لادا؟

مارگریت: دەبێ بینێرم بۆ شۆردن. (پاش هەندێ)

خانمی گەورەم چاك دەزانێ، مێردەكەتان لەسەر ئەم قەنەفەیەدا دواهەناسەی دا... وابێ خۆت لەم قەنەفەیە ڕزگاركە...

دایك: تا هەموو شتەكان نەژمێردرێن، هەقی ئەوەم نییە چ شتێ لە جێی خۆی بجوولێنمەوە... بۆیە دەمبینی وەك زیندانییێك لێرەدا دانیشتووم... لێم قەدەغە كراوە بچمە ژوورەكانی دییەوە...

مارگریت: بۆ؟

دایك: یادەوەری... یادەوەری تاڵ و ئەم بۆنە ناخۆشە... ئەوە كوڕەكە مۆسیقا دەژەنێ؟

مارگریت: بەڵێ... لەم ماڵەدا ئارام ناگرێ هەمیشە ڕاڕایە... برسییە... دەڵێ هیچ كاتێ پڕ بەسكم تێرم نەخواردووە.

دایك: هەر لەگەڵ لەدایكبوونا نەخۆش بوو...

مارگریت: ئەو كۆرپەیەی بە شیری قوتوو شیر دەدرێ.پاش لە شیر بڕینەوەی پێویستی بە خۆراكی وزە بەخشی حەقیقییە.

دایك: (بە دڵنیاییەوە) ئاوها... ئایە پێویستیتان بەهیچ شتێك هەبوو؟

مارگریت: نەء... بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا نەدەبوو خانمی گەورەم هەرزانترین و بێ کەڵکترین شت بکڕێ... لە کاتێکدا منداڵەکان دەنێرێتە قوتابخانە تەنها کوپێ عەسیری (هیندبای) کێوی و پارچە نانێکیان خواردووە... ئا ئەمە ڕەوا نییە...

دایك: منداڵەکانم قەد لە خۆراکەکانیان نابەدڵ نەبوون.

مارگریت: ئاوها...؟ نا بەدڵی خۆیان لە حزەوری تۆدا دەرنەبڕیوە... جورئەتیان نەدەکرد... بەڵام هەرکە گەیشتنە تەمەنی روشد بۆ لای من دەهاتنە ئاشپەزخانەوە...

دایك: هەمیشە تووشی حاڵەتی دەستکورتی دەبووین.

مارگریت: کارەکە، بەم شێوەیە نییە، لە ڕۆژنامەدا خوێندوومەتەوە هەندێ جار مێردی ڕەحمەتیتان بیست هەزار باجی دەسهاتی داوە...

دایك: پارەکان تەواو بوون.

مارگریت: بەڵێ... منداڵەکان لە ڕووی جەستەوە بێ نموودن سەیری جیردا–ی کچت بکە... مەبەستم خانمی گەنجە بیست ساڵی تەواو کردووە کەچی بەتەواوی پێنەگەییوە!!

دایك: لەمەڕ چی قسان دەکەی؟

مارگریت: بەڵێ... بەڵێ (پاش هەندێ)

خانمی من ... پارچە دارێکت دەوێ بۆ ناو سۆپاکە؟ ئێرە گەلێ ساردە...

دایك: نەخێر... سوپاس، ئەوەندە پارەمان نییە تا بیانسووتێنین.

مارگریت: بەڵام سەرلەبەری ئەمڕۆ قوتابییەکەی قانون سەرمای بوو... دەبوو یا بچێتە دەرێ، یا لە شوێنێکی گەرمدا و لە تەنیشتی پیانۆکەدا دانیشێ...

دایك: ئەو هەمیشە سەرما بردەڵەیە...

مارگریت: دەپرسم... بۆ؟

دایك: وریابە (پاش هەندێ) ئەڵێی ئەوە کەسێکە بەوێدا دەڕوات؟

مارگریت: نەخێر... کەس لەوێدا نییە.

دایك: وام دەبینی، کەسێ بم و لە تارمایی بترسێ؟

مارگریت: نازانم، بەڵام دڵنیام لەمە زیاتر لێرەدا نامێنمەوە... جارێکیان هاتم بۆ ئێرە،

وەك ئەوەی مەحكوم بم بەوەی پەروەردەو چاودێری منداڵەكانت بكەم... كاتێ هەستم كرد بەد ڕەفتارن لەگەڵ كارەكەراندا، دەمویست ئێرە بە جێبێڵم... بەڵام سەرنەكەوتم ڕاستتر ڕێم پێ نەدرادە سبەرداربم... بەڵام ئێستا پاش شووكردنی جیردا خانم... هەست دەكەم پەیامی خۆمم وەئەنجام گەیاندووەو ساتەوەختی ئازادبوون نزیك بووەتەوە... بەڵام ئەو ساتە ئێستا نییە...

دایك: لەو قسانەی دەیڵێیت، تاقە وشەیێكی تێناگەم. هەموو دنیا دەزانێ من چۆن لە پێناوی منداڵەكاندا خۆمم بەخت كردووە... چۆن خزمەتی ماڵی خۆمم كردووەو ئەركەكانم وەجێ هێناوە. تۆ تاقە كەسی لۆمەم دەكەی، بەڵام بەهەندی وەرناگرم... هەركاتێكیش بتەوێ دەتوانی بڕۆیت... بەدڵنیاییەوە پێت دەڵێم كارەكەر ناگرم، تا منداڵان نەگوازنەوە بۆ ئەم ماڵە...

مارگریت: بەخت یاوەرت بێ... منداڵان بە خۆڕسكی سوپاسگوزار نین ڕوخساری خەسووانیش، گەر هەندێ پارەیان پێ نەبێ، خۆشی بەخش نین...

دایك: بێ غەم بە، خۆم دەكەم سەرەڕای ئەمەیش هاریكاری زاواكەم دەكەم بۆ كاروباری نێو ماڵ... زاواكەم زاوایە ئەمما زاوا...

مارگریت: ئە ئاوها...؟

دایك: بەڵێ، ئاو هایە... وەك خەسوو سەیرم ناكات... گەر نەڵێم وەك هاوڕێ ئەوا وەك خوشك سەیرم دەكات...

مارگریت: (گوزارشتێ لە سەر ڕوخساری خۆی دروست دەكات)

دایك: لە گوزارشتەكەی ڕوخسارت تێدەگەم... من زاواكەی خۆمم خۆشدەوێ، ئەمە حەقێكی مەشروعی، خۆمە... ئەویش شایستەی ئەم خۆشەویستییەیە، مێردەكەم خۆشی نەدەویست، ئێرەیی پێ دەبرد، گەر نەڵێم غیرەی لێ دەكرد... غیرەكەیشی منی دەگەشانەوە ئەگەر چی گەنجەكەی جاران نیم...ئەرێ هیچت گوت؟

مارگریت: هیچم نەگوتووە، پێم وایە لێرەدا كەسێ بەرەو ئێرە دێ... قوتابی قانوونە، دەكۆكێ، ئەرێ ئاگرەكە نەكەمەوە؟

دایك: پێویست ناكات.

مارگریت: خانمی گەورەم، گەلێ سەرماو برسیەتیم لەم ماڵە چەشتووە، چاكە ئەمەیش

باوابێ... بەڵام نوێنێکی لائیقم بەیێ، من پیرێژنێکی ماندووم.

دایك: تازە درەنگە... مادامێ تۆ دەڕۆیت.

مارگریت: ڕاستە، ئەمەم لە بیر کرد. بۆ پاراستنی شەرەفی ماڵەکە هەموو ئەو پۆشاکانەم بسووتێنە کە خەڵکی دیت پێ دادەپۆشی و لە نێویا مردن، بۆ ئەوەی لە ئاست ئەو کەسەی پاش من دێت، هەست بە خەجاڵەتی نەکەیت... نازانم گەر کەسێك هەبێ دوای من بێت.

دایك: کەس نایێت

مارگریت: ئەگەر هات زۆر نامێنێتەوە... تائێستا پەنجا کارەکەرم بینیوە ئێرەیان جێهێشتووە.

دایك: لە بەر ئەوەی کەسانی خراپ بوون، ئێوە هەمووتان مانەندی یەکن.

مارگریت: وابێ، گەلێ سوپاس، ئێستاش نۆرەی تۆیە، بە پێی زنجیرەو تەرتیب، هەموو کەسێك دەوری خۆی هەیە.

دایك: ئایە ئێستا تەواو بوویت...؟

مارگریت: بەڵی... هەر ئێستاو بە پەلە... پەلەتر لەوەی کە تەسەوری بکەیت.

(دەڕواتە دەرێ)

***

کوڕ: (دێتە ژوورێ، کتێبێکی پێیە، زمانی تێکدەئاڵێ و دەکۆکێ)

دایك: تکایە دەرگاکە پێوە دە.

کوڕ: بۆ؟

دایك: ئابەم شێوەیە وەڵامم دەدەیتەوە؟ چیت دەوێ؟

کوڕ: دەتوانم لێرەدا دانیشم و بخوێنمەوە...؟ لەوێدا سەرماکە گەلێ سەختە.

دایك: تۆ هەمیشە سەرمابردەڵەیت.

کوڕ: گەر مرۆ بێ جوولە دانیشێ، زیاتر سەرمای دەبێ. (بێدەنگی، خۆی وا دەنوێنێ کە دەخوێنێتەوە) کاری ژماردنەکان تەواو بوو؟

دایك: بۆ دەپرسی؟ نابێ تازییەکە تەواو بێ، تۆ بۆ باوکت تازیەبار نیت.

کوڕ: بەڵێ... بەڵام ئەو لەوێدا چاکەو بابحەوێتەوە، ئەخیرەن حەوایەوە، لەگەڵ ئەمەشدا، ئەمە ڕێی ئەوەم لێ ناگرێ بیر لە فەراهەمکردنی باری ئابووریم بکەمەوە، تا بێ قەرزکردن بەردەوام بم لەسەر خوێندن و وەرگرتنی بڕوا نامەی زانکۆ...

دایك: تۆ دەزانی باوکت لە پاش خۆی هیچی جێنەهێشتتووە... ڕەنگە تەنها قەرزەکانی جێهێشتبێ...

کوڕ: ئەی کۆگاکە... ئەڵبەتە شتێك هەردەکات.

دایك: چ کۆگاییێك نییە... مادامێ مەخزەنی نەبێ بۆ کەلوپەلەکانی... تێگەیشتی؟

کوڕ: (لەپێشدا بیر دەکاتەوە) بەڵام دەزگاکە... ناوەکە... کڕیارەکان

دایك: مرۆ ناتوانێ کڕیارەکانی بفرۆشێ...

کوڕ: (پاش هەندێ) ڕاستە، وا دەگوترێ

دایك: لەلای پارێزەرەکە بوویت؟ (پاش هەندێ) ئابەم شێوەیە شینی باوکت دەگێڕی؟

کوڕ: نەخێر، کارەکە بەم شێوەیە نییە، هەر شتەو لەسنووری خۆیدا وەرگیرێ... کوا خوشکم و مێردەکەی؟

دایك: ئەم بەیانییە لە سەفەری بووکێنییە وەگەڕانەوە... لە ماڵێ–لە ماڵەکانی حەوانەوە لایانداوە...

کوڕ: بەلای کەمەوە دەتوانن تاڕادەی تێربوون بخۆن.

دایك: تۆ هەمیشە لە مەڕ خۆراکەوە قسان دەکەی... چ عەیبێکت لە خۆراکەکانی من بینیوە، وا لێیان بێزاریت؟

کوڕ: نەء، چ عەیبێك لە خۆراکەکانت نییە.

دایك: بەڵام تۆ تەنها شتێکم پێ بڵێ، وە بیرت دێ، لەم دواییيانەدا من ناچار بوووم بەتەنها بژیم... تۆو باوکت بەیەکەوە دەچوونە دەرێ، ئەرێ لەمەڕ کاروباری دارایی خۆیەوە هیچ قسانی نەدەکرد؟

کوڕ:(بەردەوامە لە خوێندنەوەی کتێبەکەی) نەخێر... شتێکی ئەوتۆ نەبوو...

دایك: دەتوانی تەفسیری ئەو سۆنگەیە بکەیت کە بۆچ میراتێکی پاش خۆی جێنەهێشت... لەم ساڵانەی دواییدا بیست هەزاری وەردەگرت؟

کوڕ: لەمەڕ دارایی باوکمەوە چ شتێ نازانم... بەڵام گوتی نرخی خانووەکە گەلێ بەرزە...

تاقم و کەرەسەکانی نێو ماڵی بەم دواییە کڕی.

دایك: بەڕاست ئا ئەمەی گوت؟ پێت وا نییە قەرزار بووبێ؟

کوڕ: نازانم... جاران قەرزار بوو... بەڵام قەرزەکانی دایەوە.

دایك: وابێ پارەکە بۆ کوێ چوو؟ وەسیەتنامەی جێهێشتووە؟ ئەیبوغزاندم، چەند جارێ هەڕەشەی لێ دەکردم لە پارە بێبەشم کات، بشێ پارە کۆکراوەکەی لەلایەکدا دانەنابێ؟

(هەندێ بێدەنگی) ئەرێ کەسێك لە دەرێدایە؟

کوڕ: نەخێر... چ شتێ نابیستم

دایك: بەهۆی ڕووداوەکانی ئەم دواییەوە تووشی هەندێ دڵەڕاوکێ بووم.. لە گۆڕنان... کاروباری دارایی... بەهەر حاڵ تۆ دەزانی، خوشکەکەت و مێردەکەی دێنە ئەم شوقەیە کارەکەش وابێ، دەبێ لە نێو شاردا ژوورێ بۆ خۆت پەیدا کەیت...

کوڕ: بەڵێ ئەمە دەزانم.

دایك: تۆ زاواکەت خۆش ناوێ

کوڕ: چ میهرێ لەنێوانماندا نییە.

دایك: بەڵام کوڕێکی چاك و زیرەکە... پێویستە خۆشت بوێ... شایستەیە.

کوڕ: ئەو منی خۆش ناوێ... بەموناسەبەتەوە، بەرانبەر بە باوکم کەسێکی بەد بوو...

دایك: خەتای کامیان بوو؟

کوڕ: باوکم خراپ نەبوو.

دایك:...نەبوو!!

کوڕ: پێموایە، ئێستا کەسێك لە دەرێدایە و دەڕوات

دایك: دوو پارچە دار بسووتێنە... تەنها دوو پارچە...

کوڕ: (گڵۆپەکە دادەگیرسێنێ، پاش هەندێ)

دایك: ناتەوێ وێنەکەی باوکت ببەیتە ژوورەکەت؟ ئەوە بەدیوارەکەوە هەڵواسراوە.

کوڕ: جا بۆ دەبێ ئەمە بکەم...؟

دایك: لەبەر ئەوەی من خۆشم ناوێ... چاوەکانی بەشەڕ خواز دەچن.

کوڕ: من وایان نابینم.

دایك: وابێ بیبە بۆ ژوورەکەت، مادامێ ئەم گرنگییەی پێ دەدەیت.

کوڕ:(وێنەکە دادەگرێ) بەڵێ، وادەکەم... (پاش هەندێ)

دایك: من چاوەڕێی (ئەکسڵ)و (جیرادا) دەکەم، دەتەوێ بیانبینی؟

کوڕ: نەخێر... حەزناکەم... هەرئەوەندە هەندێ دارم دەسکەوێ، دەچمە ژوورەکەی خۆمەوە.

دایك: هەند پارەمان نییە تا بیانسووتێنین.

کوڕ: بیست ساڵە و تا ئێستاش هەر ئەم قسەیە دەبیستین سەرەڕای ئەوەی کە پارەمان هەبووە، هەربۆ ڕووکەش دەمانتوانی سەفەری خۆشی بۆ دەرەوەی وڵات بکەین. سەربارى ئەمەیش شیڤمان[١]خواردووە نرخەکەی لە سەد کرۆن زیاتر بووە، نرخەکەی بەقەد چوار باوەش داری سووتەمەنی بووە... بەڵێ چوار باوەش دار هەر باوەشی پڕ بەهەردوو باسك بێ...

دایك: قسەی بێ سەروبەر.

کوڕ: بەڵێ، ئەوە جۆرێ بوو لەنارێکی، ئەوە نییە هەموو شتێ... تەنها کارەکان سەقامگیر بن...

دایك: مەبەستت چییە؟

کوڕ: مەبەستم (جەرد) و کارکانی دییە.

دایك: کارەکانی دی چین؟

کوڕ: قەرزەکان و ئەو کارانەی هەڵپەسێوراون

دایك: ئاو ها!!

کوڕ: بەموناسەبەتەوە... دەتوانم هەندێ پۆشاکی خوری بکڕم؟

دایك: چۆن دەبێ تۆ ئێستا داوای ئەمە بکەیت؟ دەبێ بیر لەوە بکەیتەوە بەم نزیکانە خۆت وە دەستیان بێنی.

کوڕ: ئەو کاتەی شەهادەکەم وەدەست دێنم.

---

(١)شیڤ: خواردنی ئێواران.

دایك: تا ئەو كاتە دەتوانی وەكو خەڵكی دی قەرز بكەیت.

كوڕ: جا كێ ئارەزوو دەكات قەرزم بداتێ...؟

دایك: هاوڕێكانی باوكت.

كوڕ: باوكم چ هاوڕێیەكی نەبوو... كەسی سەربەست لە بیركردنەوە، نابێ هاوڕێی هەبێ، لە كاتێكدا كە هاوڕێیاتی بناغەی بنیاتی لەسەر سەراسیمەی ناخدا گرێدراوە...

دایك: چ زانایێكی حەكیمیت... هەموو ئەمانە لە باوكتەوە فێر بوویت...

كوڕ: بەڵێ... ئەو پیاوێكی حەكیم بوو... جار جاریش كاری ئەحمەقانەی دەكرد.

دایك: نەخێر... گوێ شل كە، ئایا بیر لە ژن هێنان دەكەیتەوە؟

كوڕ: نەخێر... سوپاس... ژن بێنم و لێگەڕێم ژنەكەم حەزی گەنجەكان دامركێنێتەوە، بشبم بە قەڵغانێكی قانونی بۆ پاراستنی ژنێكی سوزانی، موغازەلەی خەڵكانێكی دی بكات... چاكترین هاوڕێیانی خۆت، بەو چەكە لەنێو ببەی لەو جەنگەی كە دژ بە خۆت بەرپای دەكەیت... نەخێر لەم بەزمە بە دوورم خەرەوە...

دایك: نەخێر، ئەوە چ دەبیستم؟ بگەڕێوە ژوورەكەی خۆت، بەسمە، ئەمڕۆ تەحەمولی ئەم هەموو شتە بكەم... دڵنیام مەستیت...

كوڕ: دەبێ بە بەردەوامی و بەكەمی بخۆمەوە، بۆ ئەوەی كۆكەكەم كەم كەمەوە، هەروەها هەست بە تێریش بكەم.

دایك: دیسانەوە لە خۆراكەكانی من ناڕازیت؟

كوڕ: خۆراكەكانی تۆ عەیبیان نییە، تەنها ئەوە نەبێ سووكن و بێ تامن وەكو – هەوا – وان...

دایك: دەبێ ئێستا بڕۆیت

كوڕ: ڕەنگە خۆراكەكانت گەلێ بیبەرو خوێی پێوە بێ تا ئەو ڕادەیەی پاش خواردنیان مرۆ هەست بە برسیەتی دەكات، وەك ئەوەی بەهارات و خوێ بە هەوادا كرابن...

دایك: پێم وایە مەستیت... ئێرە بەجێ بێڵە

كوڕ: بەڵێ... بەڵێ... دەڕۆم، دەمویست شتێكی دیش بڵێم... بەڵام قەیناكات

دایك: (پەشێوە، هاتوچوو دەكات، چەكمەجەكانی مێزی نووسینەكە دەكاتەوە).

***

زاوا: (بەپەلە دێتە ژووری)

دایك: (بەگەرمییەوە پێشوازیی دەكات) ئاكسڵ، تۆیت... گەلێ بیرم دەكردی... ئەدی كوا جیردا؟

زاوا: پاش هەندێكی دی دێت... تۆ چۆنیت؟ كارەكان چۆن بەڕێوە دەچن؟

دایك: دانیشە با یەكەم جار لێت بپرسم – لە حەفلەی ژنهێنانەكەتەوە یەكدیمان نەبینیوە... بۆ بەو شێوەیەو بەپەلە گەڕایتەوە؟ دەبوو هەشت ڕۆژتان لەوێدا بگوزەرانبا... كەچی تەنها سێ ڕۆژتان پێ چوو و گەڕایتەوە...

زاوا: سێ ڕۆژی بێزار ئامێز بوو... تۆ دەزانی مرۆ كە هەموو شتەكانی خۆی دركاند... ئیدی هەست بە قورسی تەنهایی دەكات، ئێمەش ڕاهاتبووینە سەر ئەوەی لەگەڵ تۆدا بین... وامان لێهات بیرمان دەكردی...

دایك: بەڕاست؟ دەبێ وابێ، ئێمە هەرسێكمان، لەڕووی ڕەشەباو زریاندا پشتی یەكدیمان گرت، پێموایە ئێوە هەردووكتان لە شەخسی مندا پشت و پەنای خۆتان دەبینن.

زاوا: جیردا، تەنها منالێكە لە هونەری ژیان تێناگات حوكمی پێش وەختی هەیە، هەندێ عینادە، لەهەندێ حالەتیشدا توندڕەوە...

دایك: ئێستا بڵێ، حەفلەی گواستنەوەكەتان چۆن بوو؟

زاوا: سەركەوتوو بوو، سەركەوتووییەكی پڕشنگدار بوو... ئەی شیعرەكان؟

دایك: مەبەستت ئەو شیعرانەیە كە بۆ منت هۆنیوەتەوە... ناتوانم ئەوە بێنمە بەرچاوی خۆم، خەسوویێكی دی هەبێ، لە شووكردنی كچەكەیدا، شتی وای بەدەست هێنابێ، ئەو شیعرەت دێتەوە یاد، كە چیرۆكی سەقاوشێك باس دەكات كە چۆن بە خوێنی خۆی بێچووەكانی بەخێو كرد؟ دەزانی یەكەم جار كە بیستم گریام... بەڵێ گریام.

زاوا: ڕاستە، لە سەرەتا وابوو، پاشان دەستت بە سەما كرد، جیردا تەقریبەن غیرەی لێ دەكردی.

دایك: ئەمە جاری یەكەمی نییە، ئەو حەزی دەكرد بە پۆشاكی پرسەوە، ئامادەی ئاهەنگەكەبم، بەزمانی خۆی ئەمەی گوت... بەڵام من ئەفەرۆزم كرد، ئایە دەبێ من ملكەچی ویستی منالەكانم بم؟

زاوا: دەبێ ئەوەندە گرنگی پێ نەدەی، هەندێ جار جیردا ڕەفتاری سەیری هەیە... هەركە

سەرنجی ژنیّ بدەم ئیدی...

دایك: چی؟ بۆ ئێوە بەختەوەر نیین؟

زاوا: بەختەوەر بین؟ چ جۆرە بەختەوەرێکت مەبەستە؟

دایك: بلّیّ ئاوەها؟ بۆ پێشتر بەشەڕ هاتوون؟

زاوا: پێشتر؟ لەمارە بڕینەوە، جگە لە شەڕ هیچی دیمان نەکردوە ئێستاش کارەساتێکی دی لەگۆڕێدایە، دەبیّ وەك مولازم ئەوەل ئیستیقالە لە وەزیفەکەم بکەم لەبری ئەم کارە دەبیّ لە سلکی ئیحتیاتدا خزمەت بکەم ئەمە کارێکی دلّخۆشکەرە بۆ من... پێم وایە کە پۆشاکی مەدەنی بپۆشم خۆشەویستی جیردا بۆمن کەمتر دەبێتەوە لەوەی کە پۆشاکی سەربازی بپۆشم.

دایك: ئەدی بۆ پۆشاکە سەربازییەکەت ناپۆشی؟ دان بەوەدا دەنێم کە لە نێو پۆشاکی مەدەنیدا دەتبینم، بەئاستەم دەتوانم بتناسمەوە... بەڕاستی تۆ بیّ پۆشاکی سەربازی ئینسانێکی دییت.

زاوا: بۆم نییە پۆشاکی سەربازی بپۆشم لەدەرەوەی کاتی خزمەتکردن و ئیستعرازاتی سەربازی...

دایك: بۆت نییە؟

زاوا: بەلّیّ ئەمە ئەمرە

دایك: وەی لە جیردای بەدبەخت خۆی لە مولازم ئەوەلیّ مارەبڕی کەچی شووی کردووە بە فەرمانبەرێکی حیسابات.

زاوا: مرۆ چی لە دەست دیّ؟ دەبیّ ژیانەکە بگوزەرێنین... ئەریّ بە موناسەبەتی ناو هێنانی ژیانەوە، کارەکان چۆن بەڕێوە دەچن؟

دایك: بەسەراحەت نازانم!! بەلاّم خەریکە گومان لە فردریك دەکەم

زاوا: چۆن؟

دایك: ئەم ئێوارەیە بەشێوەیێکی سەیر دەیدواندم...

زاوا: ئەو گەوجە...!

دایك: گەلیّ جار پەنا دەبەنە بەر فرِوفێلّ... من قەناعەتم بەوە نییە، کە وەسیەتنامە و پارەی پاشەکەوت لە گۆڕێدا نەبیّ...

زاوا: دەستت بە پشکنین کردووە؟

دایك: هەموو چەکمەجەکانیم پشکنی...

زاوا: چەکمەجەکانی کوڕەکە؟

دایك: ئەڵبەتە؟ بەردەوام تەنەکەی زبڵەکەیشی دەپشکنم. چونکە، هەر کاغەزەو دەینووسیٚ و پاشان دەیاندڕێنی...

زاوا: ئەمە گرنگ نییە... مێزی مەکتەبی پیرەمێردەکەت پشکنی؟

دایك: بەڵیٚ... ئەڵبەتە.

زاوا: بەڵام بەوردی... هەموو چەکمەجەکانیش...

دایك: هەر هەموویان

زاوا: لە مێزی هەموو مەکتەبێکدا، چەکمەجەیێکی تایبەتی هەیە بۆ پاشەکەوتە بەنرخەکان.

دایك: ئا ئەمەم بەخەیاڵدا نەهاتووە.

زاوا: دەبیٚ ئەمە تاقیکەینەوە

دایك: نەکەی دەست لەو چەکمەجەیەی بدەیت، چونکە لەلایەن لێژنەی جەردەوە مۆرکراوە

زاوا: مرۆ ناتوانیٚ لەنێوان مۆرەکەوە دەستی بۆ ببات؟

دایك نەخێر... ناتوانریٚ...

زاوا: بەڵیٚ... گەر بتوانین تەختەکانی پشتەوەی بکەینەوە، چەکمەجەی پاشەکەوتە بەنرخەکان، هەمیشە دەکەوێتە پشتەوە

دایك: بۆ ئەم کارە پێویستیمان بە ئامێرێکی لەبارە...

زاوا: نەخێر... بەبیٚ ئامێریش دەتوانین ئەم کارە بکەین.

دایك: بەڵام دەبیٚ جیردا بەمە نەزانیٚ

زاوا: ئەڵبەتە نەء... چونکە هەموو شتیٚ بۆ براکەی دەدرکێنیٚ.

دایك: (دەرگاکان پێوە دەدات) تەنها بۆ سەلامەتی پێوەیان دەدەم.

زاوا: سەیری پشتی مێزەکە دەکات تەسەور کە کەسێکی دی لێرە بووە!! تەختەی پشتی مێزەکە کراوەتەوە، دەتوانم دەستی تێخەم... دەبینی گومانەکانم وەدی هاتن؟

دایك: ئەمە كاری كوڕەكەیە... پەلەكە كەسێك بۆ ئێرە دێ...

زاوا: كاغەزی لێیە...

دایك: پەلەكە... كەسێك بەرەو ئێرە دێت

زاوا: زەرفێكی گەورەی تیایە...

دایك: جیردایە بەرەو ئێرە دێت... كاغەزەكانم بدەرێ... پەلەكە.

زاوا: (زەرفێكی گەورەی دەداتێ، دایكەكە دەیشارێتەوە)بیگرە... بیشارەوە

***

(جیرەی دەرگاكان دێت، پاشان لە دەرگا دەدرێ)

زاوا: گەوجیەتییەكە لەتۆ بوو، كە دەرگاكانمان كلیل دا... ئەوا هەموو شتێكمان دۆڕاند...

دایك: بێدەنگ بە...

زاوا: چ گەوجێكی... دەرگاكە بكەوە، ئەگەر نا خۆم دەیكەمەوە... دووركەوەوە...(زاوا دەرگاكە دەكاتەوە)

جیردا: (بەغەمبارییەوە دێتە ژوورێ) بۆچی دەرگاكەتان كلیل داوە؟

دایك: چكۆڵەكەم، یەكەم سلاوێكمان لێ بكە، لەوەتی گوازراویتەوە نەمبینیویت... پێم بڵێ سەفەرەكەتان خۆش بوو... قسان بكە و بەم جۆرە غەمبار مەبە...

جیردا: (بەغەمبارییەوە، لەسەر یەكێ لە كورسییەكان دادەنیشێ) بۆچی دەرگاكەتان كلیل دابوو؟

دایك: چونكە لە خۆیەوە دەكرایەوە، منیش بێزار بووم لەوەی هەركەسێ پیایدا هاتبا پێی بڵێم پێوەیدە... نیازتان وایە ئێستا شوقەكەتان تەئسیس بكەن بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئێوە لێرەدا ژیان دەگوزەرێنن...

جیردا: چ چارێكی دیمان نییە... من بۆ خۆم هەندم بەلاوە گرنگ نییە، نازانم (ئەكسل) چ دەڵێ؟

زاوا: بەڵێ گەلێ چاك دەبێ، كارەكە بۆ پیرەژنەكە لەوە گەنتر نابێ، بەتایبەتی ئارامی بكەوێتە نێوانمانەوە.

جیردا: گەر وابێ ئەدی دایكم لە كوێدا دەژیت؟ ژنە.

دایك: لێرە... كچەكەم... تەنها دەچمە نێو نوێنێكەوە...

زاوا: لەم هۆڵی دانیشتنە، تۆ دەچیتە نێو نوێنێكەوە؟

جیردا: (لەگەڵ وشەی (تۆ)دا ڕادەچڵەكێ)مەبەستت منە؟

زاوا: من ئەم پیرەژنەم مەبەستە... بەڵام قەیدی نییە، كارەكە وەك پێویست بەڕێوە دەچێت، دەبێ یارمەتی یەكدی بدەین و بەو یارمەتییە بژێین كە پیرەژن دەماندات ێ.

جیردا: (دەگەشێتەوە) هەندێ یارمەتی بۆ دابینكردنی كەرەسەكانی نێو ماڵ وەردەگرم.

دایك: كچۆڵەكەم، بێگومان بەڵام نامەوێ قاپەكان بشۆم.

جیردا: ئەمە پەیوەست نییە بە تۆوە. بەڵێ كارەكان گەلێ بە چاكی بەڕێوە دەچن... بەو مەرجەی مێردەكەم موڵكی من بێت... كەسێكی دی بۆی نییە سەیری بكات... لە خانەی حەوانەوەدا ئەمەیان كرد، هەر ئەمەیش بووە هۆی ماوەی سەفەرەكەمان كورت كاتەوە، ئەو كەسەی هەوڵدات مێردەكەم لێ سەنێ، چارەنووسی مردنە... ئەوە ئەمەشتان زانی...

دایك: بەپەلە دەچینە دەرێ، تا كەرەسەكان بگوازینەوە.

زاوا: (سەرنجی دایكەكە دەدات) چاكە... جیردا دەتوانێ لێرەوە دەست پێبكات.

جیردا: ئەمەیان بۆ؟ نامەوێ لێرەدا بەتەنها جێبهێڵدرێم ئۆقرە ناگرم تا بەتەواوی لە كاری گواستنەوە نەبینەوە...

زاوا: لەبەر ئەوەی تۆ لە تاریكی دەترسیت... لێگەڕێن با هەرسێكمان بەیەكەوە بچینە ژووریێ...

(هەر سێكیان بەیەكەوە لە ژوورێدان)

***

سەر شانۆ چۆڵە، لەدەرێدا زریانە، لەڕێی پەنجەرەو سۆپاكەوە هاژەی دەبیسترێ، دەرگاكەی پشتەوە جار جارێ دەكرێتەوە پێوە دەدرێ، ئەو كاغەزانەی لە سەر مێزی نووسینە كەدایە بەهۆی (با)یەكەوە، لەنێو ژوورەكەدا پەرتوبڵاو دەبێتەوە... نەمامێ ڕەگی ڕۆچووەتە نێو پەرژینی دیوارێك، بەتوندی دەلەرێتەوە دەنگی كوڕەكە دەبیسترێ.

کوڕ: دایکە (پاش ئەمە، یەکسەر ئەم دەنگە دەبیسترێ) پەنجەرەکە داخە.

(بێدەنگی) (کورسییە هەزازەکە دەست بەلەرینەوە دەکات)

دایك: (بەدەمارگیرییەوە دێتە ژووری، کاغەزێکی پێیەو دەیخوێنێتەوە) ئەمە چییە؟ ئەم کورسیە هەزازە دەلەرێتەوە؟

زاوا: (پاش ئەو دێتە ژووری) بیخوێنمەوە چ بووە؟ ئەمە چییە؟ دەتوانم بیخوێنمەوە؟ ئەمە وەسیتنامەکەیە.

دایك: دەرگاکە پێوەدە، دەنا با دەمانبات... وەسیەتنامە نییە، دەبێ پەنجەرەیێك بکەمەوە، لەم بۆنە ڕزگارمان بێت... ئەمە نامەی باوکە بۆ کوڕەکەی، بوختان بە من و بە تۆ دەکات...

زاوا: دەتوانم بیخوێنمەوە؟

دایك: نەخێر... بیخوێنیتەوە ژهراوی دەبیت... دەیدڕێنم... خۆشبەختانە نەکەوتووەتە بەردەستی فردریك... (کاغەزەکە دەدڕێنێ و دەیخاتە نێو سۆپاکەوە) تەسەورکە، لە قەبرەکەیەوە هاتووتە دەرێ و قسان دەکات، نەمردووە!! هەرگیز ناتوانم لێرەدا نیشتەجێ بم... نووسیویەتی گوایە من کوشتوومە. من ئەمەم نەکردووە، بەهۆی جەڵتەی مێشکەوە مردووە، پزیشکەکان بەم شێوەیە دەستنیشانی هۆی مردنەکەیان کردووە، بەڵام شتی دیش دەڵێت، هەر هەموویشی درۆن، لەوانە، گوایە من تووشی ئیفلاسیم کردووە... (ئاکسل) گوێ شل کەو پێم بڵێ ئێمە بەم زووانە ئەم ماڵە جێ دەهێڵین... ناتوانم تەحەمولی بکەم وەعدم بدەیێ... سەیری کورسییە هەزازەکە بکە.

زاوا: ئەوە بەهۆی هەواکەوەیە...

دایك: لێگەڕێ با ئەم خانووە بەجێ بێڵین... وەعدم بدەرێ...

زاوا: ناتوانم ئەمەیان بکەم، پێم وابوو میراتیم بەردەکەوێ، ئاماژەت بۆ دەکرد، ئەگەر ئەو میراتییە نەبا ژنم نەدەهێنا، ئێستاش دەبێ بە ئەمری واقیع قایل بیت... وەك زاوایێکی خەڵەتێنراو، بەرەو ئیفلاس براو سەیرم کەیت و مامەڵەم لەگەڵدا بکەیت، پێویستە پاشەکەوت بکەین و تۆیش یارمەتیمان بدەیت...

دایك: مەبەستت ئەوەیە لەماڵەکەی خۆمدا، وەك کارەکەرێك کاربکەم... کە ئەمەم نیاز نییە...

زاوا: زەروورەتیش حوکمەکانی خۆی هەیە.

دایك: چ زۆڵێكی...

زاوا: پیرێژنی دەمەوەر وریابە.

دایك: كارەكەی تۆ...

زاوا: تابۆت دەركەوێ كارەكەرەكانت چەندێ برسییەتی و سەرمایان چەشتووە... تۆیش پێویستت بەمانە نییە.

دایك: دەتوانم وەك بێوەژنێ قستێكی تەئمین وەرگرم.

زاوا: هەر بەشی كرێی ژوورێكی هەورەبان دەكات، بەڵام گەر بمانەوێ بە ئاشتی بژین ئەوا بەشی كرێی ئەم خانووە دەكات، گەر نا ئەوا من دەڕۆم.

دایك: جیردا بە جێدێڵی؟ تۆ هەرگیز خۆشت نەویستووە.

زاوا: ئەمەیان، تۆ لە من چاكتری دەزانی... تۆ لە ڕەگوڕیشەوە لە یادەوەری مندا، هەڵتتەكاندووەو تووڕت هەڵداوەتە دەرێ لە ژیانی مندا چ جێیەكی بۆ نەماوەتەوە، تەنها ئەو نوێنە نەبێ كە دەیپارێزی... گەر منالّی ببێ ئەوا منالّەكانیشی لێ داگیر دەكەی... تا ئێستا جیردا درك بەكارەكان ناكات، خەوتووەو بەڕێوە دەڕوات، بەڵام لەم بێ ئاگاییە. بێدار دەبێتەوە... وریابە، ئەو كاتەی چاوەكانی دەكاتەوە...

دایك: (ئاكسل) دەبێ پشتی یەكدی بگرین، نابێ كەسمان لەوی دی جیا بێتەوە... ناتوانم بەتەنها بژیم... لەسەر هەموو شتێ ڕازیم، تەنها خەوتن لەسەر ئەو قەنەفەیە نەبێت...

زاوا: نامەوێ دیمەنی هۆڵی دانیشتن تێكدەم و قەرەوێڵەیێكی تێدا بێ.

دایك: لێگەڕێ با دانەیێكی دی پەیداكەم.

زاوا: ناتوانین دانەیێكی دی بكڕین... ئەمە خۆیشی هەند جوان نییە.

دایك: ئۆهـ... ئەمە وەك سەكۆی سەربڕین خوێناوییە.

زاوا: قسەی قۆڕ... ئەگەر بەمە ڕازی نییت... ئیدی دەبێ هەڵبژێریت یابە تەنها لە هەورە بانەكە بژیت، یا بچیتە خانەی هەژاران و ئامادەی نوێژی جەماعەت بی...

دایك: ئەوا قبولّم كرد.

زاوا: چاكت كرد (پاش هەندێ).

دایك: تەنها تەسەوری ئەوە بكە، بۆ كوڕەكە دەنووسێ بە كوژراوی مردووە...

زاوا: بۆ کوشتن، زیاتر لەڕێیەك هەیە، بەڵام ڕێگاکەی تۆ چاکیەکەی لەوەدایە، لە سزای قانونی دەرباز دەبی.

دایك: بڵێ ڕێگەکەی هەردووکمان، تۆیش لەمەدا کەمتەرخەم بوویت بێ ئەوەی بیەوێت، هانت دەدا، تووشی شێتگیری بێت، ئەوسایش بەرەو بێ ئومێدیت نارد...

زاوا: ڕێی لی گرتبووم، نەیدەویست وەلاکەوێ، ناچار بووم وەلای خەم.

دایك: تاقە شتێ بووەتە مایەی ئەوەی لۆمەت بکەم، ئەوەیە کە تۆ فریوت دام ماڵەکە بە جێبێڵم... بۆیە ئەو ئێوارەیەم قەت لە بیر ناچێتەوە... یەکەم ئێوارە لە ماڵەکەی تۆداو لە تەنیشتی خوانێکی پڕ خۆراکدا، دانیشتبووین... دەنگێکی ترسێنەر لە نێو کێڵگەکانەوە بەرز بووەوە، دەنگێ بوو، دەتگوت، لە حەوشەی بەندیخانەوە، یا لە شێتخانە، بەرز دەبێتەوە... ئایە دێتەوە بیرت؟ ئەوە بوو، خۆی بوو، دەچووە نێو کێڵگەکانی تووتنەوە شیوەنی بۆ ژن و منداڵە لەدەستچووەکانی دەگێڕا...

زاوا: بۆ هەموو ئەمانە، ئێستا دەیگێڕیتەوە؟ بە چ دەزانی، ئەوە خودی خۆی بوو؟

دایك: لەنامەکەدا وا نووسراوە...

زاوا: حەقمان بەم هەموو شتانەوە چییە؟ خۆ مەلائیکەت نەبوو...

دایك: نەخێر مەلائیکەت نەبوو، بەڵام جار جارێ هەستی ئینسانی لەلادا دروست دەبوو... بەڵێ، هەندێ ناسکتر لە هەستەکانی تۆ...

زاوا: ئەوە دیسان مەیلت بۆی دەچێتەوە.

دایك: شەڕانگێز مەبە، دەبێ تووڕەییەکمان جڵەو بکەین...

زاوا: هەر دەبێ وا بکەین... بەمە حوکمدراوین (لەناوەوە هاواری کرخ دەبیسترێ)

دایك: ئەمە چییە؟ گوێت لێیە!! خۆیەتی.

زاوا: کێیە؟ کێت مەبەستە؟

دایك: (دەوەستێ کوڵ دەگرێ)

زاوا: کێ لەوێدایە؟ کوڕەکەت؟ پێم وایە جارێکی دیش مەستە...

دایك: فردریکە؟ دەنگی لە دەنگی ئەو دەچێ... وام هاتە بەر زەین... هەرگیز تەحەمولی ئەمە ناکەم... ئێستا چی بەسەر هاتووە؟...

زاوا: بڕۆ بزانە چییە؟ پێدەچێ ئەو زۆڵە مەست بێ.

دایك: چۆن قسەی وا دەکەی... بەهەر حاڵ ئەوە کوڕی منە!!

زاوا: کوڕی تۆیە، بەهەر حاڵ... (سەیری سەعاتەکەی دەکات)

دایك: بۆ سەیری سەعاتەکەت دەکەی؟ ناتەوێ بۆ شیڤ خواردن لێرە بمێنێتەوە.

زاوا: نەخێر – سوپاس... حەز بەچایی گەش ناکەم، هەرگیز ماسی (ئەنشوفە) کە بۆنی دڕنی لێ دێ لەگەڵ نانەوڵادا ناخۆم. بەموناسەبەتەوە، دەبێ ئەم ئێوارەیە ئامادەی کۆبوونەوەیەك بم.

دایك: چ کۆبوونەوەیەك؟

زاوا: لەمەڕ هەندێ کاروبارەوەن، پەیوەست نیین بەتۆوە... دەتەوێ دەوری خەسوو ببینی؟

دایك: دەتەوێ لەیەکەم گەیشتنەوەتان بۆ ماڵ، ژنەکەت بەجێ بێڵی؟

زاوا: ئەمەش پەیوەست نییە بەتۆوە.

دایك: ئێستا تێدەگەم، چ چارەنووسێ چاوەڕێی من و منداڵەکانم دەکات – ئێستا دەستپێکی کەوتنی دەمامکەکانە

زاوا: ئێستا دەست پێ دەکات

(پەردە دادەدرێتەوە)

***

### *هەمان دیمەن*

لە دەرێدا مۆسیقا (Godard Jocelgn Berceuse) دەژەنرێ

(جیردا، لە تەنیشتی مێزی نووسینەکەدا دادەنیشێ)

(بێدەنگییەکی درێژ)

کوڕ: (دێتە ژووری) تۆ بەتەنهای؟

جیردا: بەڵێ! دایکم لە موبەقە...

کوڕ: ئەی (ئەکسل) لەکوێدایە؟

جیردا:چووە ئامادەی کۆبوونەوەیەك بێت... فردریك دانیشە قسان بکەین... ببە بەهاوسۆزم...

کوڕ: (دادەنیشێ) بەڵێ، پێم وایە هەرگیز گفتوگۆمان لەگەڵ یەکدی نەکردووە... خۆمان لە

یەکدی دەبوارد سەبارەت بەوە بوو مەیلمان بۆ یەکدی نەبوو.

جیردا: تۆ هەمیشە پشتی باوکت دەگرت منیش پشتی دایکمم دەگرت.

کوڕ: ڕەنگە پاش هەندێکی دی کارەکە بە پێچەوانەوە بکەوێتەوە... ئایە تۆ باوکی خۆتت دەناسی؟

جیردا: پرسیارێکی سەیرە! بەڵام، بەڕاستی تەنها لەچاوی دایکمەوە دەمبینی.

کوڕ: بەڵام هەستت دەکرد، خۆشی دەویستی.

جیردا: ئەدی بۆچی دەیویست مارەبڕینەکەم هەڵوەشێنێتەوە؟

کوڕ: دەیزانی لەم مێردەتدا، هیچ هاریکاری و یارمەتییێك بەدی ناکرێ، کە تۆ پێویستت پێیەتی!!

جیردا: هەربۆیە کە دایکم جێی هێشت، ئەویش بەسزای خۆی گەیشت.

کوڕ: ئایا مێردەکەت هانی دا بەجێی بێڵێت؟

جیردا: هەردووکمان، من و ئەو... دەبا باوکم ئازاری جیابوونەوە بچێژێ، چونکە هەوڵی دەدا من و دەزگیرانەکەم لەیەکدی جیابینەوە...

کوڕ: ئەمەیش بووە هۆی ئەوە خێراتر لە نێوچێ... بڕوام پێ بکە هەموو خێرێکی تۆی دەویست.

جیردا: تۆ لەلای ئەودا دەژیایت، لەمەڕ ئەم شتەوە چی دەگوت؟ کارەکەی بەلاوە چۆن کەوتبووەوە؟

کوڕ: وای لێهاتبوو، موعاناتەکەی قابیلی وەسفکردن نەبوو.

جیردا: لەمەڕ دایکمەوە چی دەگوت؟

کوڕ: هیچ شتێ... پاش ئەوەی هەموو ئەو شتانەم بینی، هەرگیز ژن ناهێنم. (پاش هەندێ) جیردا ئایا تۆ بەختەوەریت؟

جیردا: بەڵێ... ژن بگاتە ئەو پیاوەی خۆشی دەوێ، ئیدی بەختەوەر دەبێ

کوڕ: ئەی بۆ مێردەکەت لەیەکەم شەودا بەجێت دەهێڵێ؟

جیردا: کاروباری خۆی هەیە، دەبێ ئامادەی کۆبوونەوەکان بێت.

کوڕ: لە چێشتخانەدا؟

جیردا: چ دەڵێی؟ تۆ دڵنیایت؟

کوڕ: پێم وابوو دەزانیت...

جیردا: (سەری دەخاتە بەینی دەسەکانی و دەست بەگریان دەکات) خودایە... خودایە

کوڕ: بمبوورە، گەر ئەزیەتم دایت؟...

جیردا: بەڵێ، ئەزیەتت دام... ئازارت دام، تەمەنای مردن دەکەم!

کوڕ: لە سەفەرەکەتان بۆچی زیاتر نەمانەوە؟

جیردا: ئەکسڵ، خەمی پرۆژەکانی بوو، بیری دایکمی دەکرد، وەك دەزانی ناتوانێ لێی دوورکەوێتەوە... (سەرنجی یەکدی دەدەن)

کوڕ: ئاوها؟ (پاش هەندێ) جگە لەمە، چێژتان لە سەفەرەکەتان وەرگرت؟

جیردا: بەڵێ

کوڕ: جیردا بەستەزمان!

جیردا: چ دەڵێی؟

کوڕ: چاکە... تۆ دەزانی دایکم چەندێ فزووڵییە، لەهەموو کەسێ زیاتر تەلەفۆنەکە بەکاردەهێنێ!

جیردا: ئەوە تۆ چ دەڵێی، جاسووسی لەسەر دەکردین؟

کوڕ: ئەو هەمیشە جاسووسی دەکات، ڕەنگە ئێستا لەپشتی یەکێ لە دەرگاکانەوە وەستابێ، گوێی بۆ قسەکانی ئێمە شل کردبێ!!

کوڕ: تۆیش هەمیشە جێی متمانەتە، چۆن دەبێ ئەمە ڕووبدات؟ تۆ دەزانیت چ ژنێکە...

جیردا: نەخێر و ناشمەوێ بزانم

کوڕ: وابێ ئەمە باسێکی دییە... تۆ ناتەوێ بزانیت چونکە ئەمە لە بەرژەوەندی تۆدا نییە.

جیردا: هیچ مەڵێ... من دەزانم خەوتووم و بەرێوە دەڕۆم... ئەمە دەزانم سەرەڕای ئەمەیش ئارەزووم نییە وە ئاگا بێمەوە، توانای ژیانم نامێنێ.

کوڕ: نابینی هەموومان خەوتووین و بەرێوە دەڕۆین؟ وەك دەزانی قانون دەخوێنم و دۆسییەکانی مەحکەمە دەخوێنمەوە، لەمەڕ گەورە تاوانبارانم خوێندووتەوە کە هیچ تەفسیرێکیان بۆ تاوانکردن نییە، پێیان وا بووە لەسەر حەق بوون، بەر لەوە ئاشکرا

بن، تەنانەت بەر لەوەیش وە ئاگا بێنەوە... دەبێ غەرقی خەو ببوون، گەر خەونیشیان نەبینیبێت...

جیردا: لێگەڕێ با نووستبم... دەزانی ڕۆژێ بێدار دەبم بەڵام تا ئەو ڕۆژەی حەز دەکەم زەمەنێکە درێژ بێتەوە، لەم کاروبارانەوە بێ ئاگام، بەڵام گومان ڕووی تێ کردووم، لە بیرتە کە منداڵ بووین، خەڵکەکە پێیان دەگوتین شەڕەنگێزەکان کاتێ کە بەدەنگی بەرز حەقیقەتمان دەگوت... پێیان دەگوتم شەڕەنگێز، چونکە شتە بەدەکانم بە بەد ناوزەد دەکرد. پاشانیش خۆم ڕاهێنایە سەر بێدەنگی، ڕەزامەندی خەڵکیم لەسەر ئەم ڕەفتارە چاکەم وەدەست هێنا، بەم شێوەیە خۆمم فێرکرد، ئەوە ناڵێم کە مەبەستمە، دەرحاڵ وام لێهات ئامادەبم ڕووبەڕووی ژیان ببمەوە.

کوڕ: مرۆ دەبێ چاو پۆشی لە خەتا و خەوشەکانی هاوسێکەی بکات، ئەمە ڕاستە، بەڵام گەلێ قورسە بزانیت چۆن ڕەفتار بکەیت هەندێ جار دەخوازێ حەقیقەت بدرکێنین...

جیردا: بێدەنگ بە.

کوڕ: بێدەنگ دەبم... (بێدەنگی)

جیردا: نەخێر، دەبێ قسان بکەین... بەڵام نەك لەسەر ئەم بابەتە، من بیرۆکەکانت لە تویێی بێدەنگییەوە دەبیستم، ئینسانەکان کە یەکدی دەبینن، قسان دەکەن و قسان دەکەن، قسانێ کە کۆتایی نەبێ تەنها لەبەرئەوەی بیرۆکەکانی خۆیان بشارنەوە، تا هەستەکانیان لەبیرکەن، هەستەکانیان بکوژن، بۆ ئەوەی وەئاگا بێنەوە، دەیانەوێ لەمەڕ کەسەکانی دییەوە، شتی نوێ ببیستن، بەڵام نهێنی و کێشە تایبەتییەکانی خۆیان دەشارنەوە.

کوڕ: جیردای بەستەزمان.

جیردا: ئایا دەزانی کام لە ئازارەکان مەزن و بە شکۆن؟ (بێدەنگی) کە دەبینی بێزاری لە بەختەوەری گەیشتووەتە پۆپە.

کوڕ: ئەنگاوتت.

جیردا: هەست بەسەرما دەکەم هەندێ دار بێنە

کوڕ: تۆیش هەست بەسەرما دەکەیت؟

جیردا: هەمیشە هەستم بەسەرماو برسیەتی کردووە.

کوڕ: وابێ تۆیش، ئەم ماڵە زۆر سەیرە، بەڵام ئێستا بچیتە دەرێ بەدووی داردا بگەڕێی ئەنجام ئەوەیە... ئەنجام ئەوەیە وەك بۆ هەشت ڕۆژ سەفەرمان کردبێ.

جیردا: ڕەنگە هەندێ دار لەنێو سۆپەکەدا هەبێ، هەندێ جار دایکم پارچە دار دەخاتە ئەوێ، هەر بۆ ئەوەی چەواشەمان بکات و هیچی تر...

کوڕ:( بەرەو سۆپاکە دەچێ) بەڕاست... هەندێ دار لێرەدایە (بێدەنگی) بەڵام ئەمە چییە؟ نامەیێکی دڕاوە... دەتوانین ئاگری پێ بکەینەوە.

جیردا: فردریك نەکەی ئاگر بکەیتەوە، تووشی شەڕێك دەبین ئەوسەری دیار نەبێت، وەرە دانیشەوە، با قسان بکەین...

کوڕ: (دادەنیشێ– نامەکە لە نزیکی خۆیەوە لەسەر مێزەکە دادەنێ (بێدەنگی)

جیردا: بۆچی باوکم بەم شێوەیە مێردەکەمی دەبوغزاند؟

کوڕ: چونکە ئەم (ئەکسلە)ی، تۆ، هات و کچ و ژنەکەی داگیر کرد، وای لێ کرد کە بەتەنها بژێ، پیرەمێردەکە سەیری کرد، خۆراکی زاواکەی گەلێ چاکترە لە خۆراکی خۆی، کە لە هۆڵەکەدا دادەنیشتن، دەرگاکەتان لەسەر خۆتان دادەخست گوێتان لە مۆسیقا دەگرت و بەدەنگی بەرزیش قسانتان دەکرد، خەریکی خوێندنەوەی ئەو جۆرە ئەدەبەش دەبوون، کە ئەو حەزی لێ نەدەکرد... لە ماڵەکەی خۆی دەرکرابوو لە دەرێی ماڵەکەیدا خۆراکی دەخوارد، ئیدی هاتوچووی مەیخانەکانی دەکرد.

جیردا: نەماندەزانی چ دەکەین... باوکم بەستەزمان بوو، شتێك هەیە وای کردووە سوپاسگوزاری باوك و دایکمان بین... ناو ناوبانگی چاکییان، یادی زەواجی باوك و دایکمانت بە بیردێ؟ هەموو ئەو وتارو شیعرانەی خوێنرانەوە.

کوڕ: وەبیرم دێ... کارەکەم... بەمەهزەلە دەبینی... ئاهەنگ بەیادی ژیانی ژن و مێردایەتی بەختەوەر بگێڕدرێ... بەختەوەری تا ئەو ڕادەیەش... یانی ژن و مێردایەتی پڕو پووچ وەك ژیانی سەگەکان وایە.

جیردا: فردریك.

کوڕ: ناتوانم لەمەڕ ئەم مەوزووعەوە قسان نەکەم... خۆت چاك دەزانی چ جۆر ژیانێکیان دەگوزەران...وەبیرت نایێ دایکمان هەوڵی دەدا لە پەنجەرەکەوە خۆی بخاتە خوارێ ئێمەش چۆن هەوڵمان دەدا، لێنەگەڕێین ئەو کارە بکات.

جیردا: بەسە.

کوڕ: گەلێ هۆکار لە پشت ئەو هۆکارەوە هەیە کە من و تۆ نایانزانین لە ماوەی تەلاقدا تەحەمولی سەختی هاریکاری کردنی پیرەمێردم لەئەستۆگرت، ئەو دەمە وا دەکەوتە ڕوو دەیەوێ شتێ بدرکێنێ چەند جارێ ئەم حاڵەتە دووبارە بووەوە، بەڵام قسەکردن فریای نەکەوت... جار جارێ خەونی پێوە دەبینم.

جیردا: هەروەها منیش لە خەونەکانم دەیبینم وا دەکەوێتە کە تەمەنی سی ساڵ بێ بە سۆزەوە سەیرم دەکات، سەرنجەکانیشی مەغزدارن، بەڵام نازانم چی دەوێ، جار جارێکیش لەخەوننەکانمدا دایکم دەردەکەوێ، باوکیشم بە شەڕەنگێزییەوە مامەڵەی لەگەڵ ناکات، چونکە لە نەتیجەدا هەر خۆشی دەوێ... وەبیرت دێ لە جەژنی ژن و مێردایەتییان باوکمان بە چ ناسکییەکەوە دایکمانی دەدواند سەرەڕای هەموو شتێکیش سوپاسگوزاری بوو...

کوڕ: ئەم سەرەڕای هەموو شتێك زۆر شت دەگەیێنێ بەڵام خۆی بۆخۆی هێشتا کەمە...

جیردا: قسەیێکی جوانە! سەرەڕای هەموو شتێك، خزمەتێکی گەورەی کردووە، چاودێری ماڵەکەی کردووە؟

کوڕ: پرسیارە گەورەکە لێرەدا خۆی مەڵاس داوە...؟

جیردا: ئەوە چ دەڵێی؟

کوڕ: لەم خاڵەدا هەمووتان (موتەفیقن) تەنها کارەکە پەیوەست بێ بە بەڕێوەبردنی ماڵەکە... هەمووتان وەك ماسۆنییەکان وەك گرووپی بەدکار پشتی یەکتر دەگرن وام لێهات لە مارگرێت بپرسم کە بە هاوڕێی خۆمی دەزانم لەمەڕ کاروباری نێو ماڵ لێم پرسی، نازانم بۆ تێر بەسکی خۆمان خۆراك ناخۆین؟ ئەو دەمە ئەو ئینسانە زۆر بڵێیە لاڵ بوو، بێدەنگ بوو، بەتووڕەیییەوە ڕۆیشت... دەتوانی ئەمە تەفسیر بکەی؟

جیردا: نەخێر.

کوڕ: ئەوە ئێستا دەبیستم تۆیش ماسۆنیت!!

جیردا: تێناگەم چیت مەبەستە.

کوڕ: جار جارێ دەپرسم، ئەگەر باوکم قوربانی گرووپی بەدکاران بێت، دەبا دایکم هەوڵی ئاشکراکردنی ئەو گرووپەی دابا.

جیردا: جار جاریّ وەك پیاوێكی شێت قسەی دەكرد.

كوڕ: لەبیرمە باوكم وشەی گرووپی بەدكارانی وەك نوكتە بەكاردەهێنا... بەڵام لەدواییدا بێدەنگی هەڵبژارد...

جیردا: ئێرە گەلیّ ساردە... ساردە وەك گۆڕ.

كوڕ: هەندیّ دار دەسووتێنم، چ دەبیّ با ببیّ (لە سەرەتادا، بەبیّ ئەهمیەتییەوە نامە دڕاوەكە هەڵدەگریّ، پاشان وردە وردە دەكەوێتە خوێندنەوەی)

كوڕ: ئەمە چییە؟ (پاش هەندیّ) بۆ كوڕەكەم.

دەست و خەتی باوكمە (پاش هەندیّ) وابیّ بۆ منە (دەست بەخوێندنەوەی دەكات، هەرەس دێنێتە سەر یەكیّ لە كورسییەكان... ئیدی بەردەوام دەبیّ لەسەر خوێندنەوەی).

جیردا: چ دەخوێنیتەوە؟ ئەم نامەیە چییە؟

كوڕ: كارێكی ترسناكە (بێدەنگی) بەڕاستی ترسناكە.

جیردا: پێم بڵیّ چییە؟ (پاش هەندیّ)

كوڕ: ئەمە كارێكی گەلیّ ترسناكە، نامەیەكە لە باوكی مردووەوە بۆ من (دەست بەخوێندنەوەی دەكات) ئێستا لەم خەوە بێدار دەبم... (خۆی دەخاتە سەر قەنەفەكە، بە ئازاراوە دەتلێتەوە نامەكە دەخاتە گیرفانی)

جیردا: (لەسەر چۆك دانیشتووە) فردریك ئەمە چییە؟ پێم بڵیّ برا ئەزیزەكەم ئایا نەخۆشی؟ بڵیّ... بڵیّ پێم باشە.

كوڕ: (شوێنی دانیشتنەكەی دەگوازێتەوە) لەمە زیاتر ناتوانم لەم ماڵەدا بژیم...

جیردا: دە پێم بڵیّ.

كوڕ: ئەمە شتێكە باوەڕ نەكردە نییە (هێز دەهێنێتەوە بەرخۆی هەڵدەستیّ)

جیردا: ڕەنگە كارەكە حەقیقی نەبیّ.

كوڕ: ئۆهـ... نەخێر لە نێو گۆڕەوە درۆ ناكات

جیردا: ڕەنگە خەیاڵاتی بیّ سەرو بەر تێكی دابیّ...

كوڕ: ئای لە گرووپی بەدكاران دووبارە لێرەدان؟ ئێستا هەموو شتیّ دەڵێم... دەگویّ شل كە.

جیردا: وا پێدەچێ ئاگام لە هەموو شتێ بووبێ. سەرەڕای ئەمەش نامەوێ ئەمە بسەلمێنم.

کوڕ: ناتەوێ بیسەلمێنی... چاکە کارەکەیش بەم شێوەیەیە ئەو ژنەی ژیانی پێ بەخشین جگە لە دزێکی ترسناك چیدی نییە.

جیردا: نەخێر

کوڕ: بەشێ کە مەسرووفاتی ماڵی دزیوە... وەسڵی ساختەی دروست کردووە، بێ کەڵکترین شتی کڕیوە، کەچی گرانترین نرخی بۆ داناوە... ژەمە خۆراکەکانی خۆی لە مەتبەخ دەخوارد... سووکە شۆربایێکی گەرمیشی لەگەڵ ژەمە خۆراکدا بە ئێمە دەدا، نڤیژکی[1] لە شیرەکە دەردەهێنا بۆیە وا لەڕو بەدبەخت و نەخۆش و برسین، ئەو پارەیەی بۆ دارکرین تەرخان دەکرا لێی دەدزی و ئێمەیش لەبەر سەرما لەرزدایگرتبووین، کاتێ باوکم ئەم شتانەی بۆ دەرکەوت، ئاگاداری ئەنجامی ئەم بەدکاریەی کردەوە، وەعدی دایە باوکم رەفتاری چاك کاتەوە، بەڵام لەسەر فرتوفێڵەکانی بەردەوام بوو کێشەی دروست دەکرد، گیراوەی صویاو بیبەری سووری بەکاردەهێنا.

جیردا: لەوانەی کە گوتت باوەڕ بە تاقە وشەیێکی ناکەم.

کوڕ: گروپی بەدکاران... با بەدکارترت بۆ باس کەم... ئەویش مێردە پۆخڵەکەتە کە هەرگیز خۆشی نەویستوویت، بەڵکو دایکتی خۆشدەوێ...

جیردا: ئۆهـ

کوڕ: کاتێ باوکم بەمەی زانی، ئەو کاتە مێردەکەت پارەی لە دایکم بە قەرز وەرگرت، یا دایکمان... ئەو زۆڵە بۆ ئەوەی گەمەکە داپۆشێ پەنای بردە بەر ئەوەی داخوازی تۆ بکات ئەوە دەست وەشاندنە گەورەکان بوو... بەڵام وردەکارییەکانی دی، دەبێ خۆت بیهێنیتە بەر زەینی خۆت...

جیردا: (دەگرێت و دەستەسڕەکەی بەدەستییەوە) پێشتر ئەم هەموو شتانەم دەزانی... هەر هەموو ئەم شتانەم دەزانی... بەڵام سەرەڕای ئەمەیش هیچ نازانم شتێکە عەقڵی من تەسەوری نەدەکرد، چونکە گەلێ گەورترە لەوەی کە تەسەورم دەکرد...

کوڕ: چمان لە دەست دێ، تالەم حەیا چوونە ڕزگارت کەین؟

---

(١) نڤیشك: کەرە

جیردا: کۆچ دەکەم.

کوڕ: بۆ کوێ؟

جیردا: نازانم.

کوڕ: دەبێ چاوەڕێ بین... چاودێری پەرەسەندنی ڕووداوەکان بکەین.

جیردا: مرۆ ناتوانێ دژ بەدایکی خۆی کاری بکات... دایك مەخلوقێکی پیرۆزە...

کوڕ: وەك شەیتان.

جیردا: لەم قسانە مەکە.

کوڕ: وەك ولاخ مەکر بازە... خۆ پەرستییەکەی کوێری دەکات.

جیردا: لێگەڕێ بالێرە بڕۆین

کوڕ: بۆکوێ؟ لێگەڕێ با چاوەڕێ بین... تا ئەو زۆڵە لە ماڵەکەش دەری دەکات... بێدەنگ بە ئەو زۆڵە بەرەو ئێرە دێ... جیردا لەگەڵ یەکدیدا یەکییەتێکی ماسۆنانە دروست دەکەین... کەلیمەی سرڕیشت دەدەمێ، لە شەوی بوکێنیدا لێیدایت.

جیردا: زۆر جار ئەمەم بخەرەوە بیر دەنا لە بیری دەکەم حەزێکی سەرکێشم هەیە بۆ ئەوەی لەبیری بکەم.

کوڕ: ژیانەکەمان تێکشکاوە، چ شتێکی شەرەفمەندی تیا نییە... چ شتێ نییە شایستەی ڕێز بی... بیر چوونەوەش موستەحیلە لێگەڕێ با ژیانەکەمان و یادی باوکمان ڕاست کەینەوە.

جیردا: عەدالەتیش بەرقەرارکەین

کوڕ: بەڵێ تۆڵە.

***

(زاوا دێتە ژووری)

جیردا: (بەخۆنواندنەوە) ئەم کاتەت باش کۆبوونەوەکەتان چاك بوو؟ شتێکی سوودبەخشتان وەدەست هێنا؟

زاوا: کۆبوونەوەکە دواخرابوو

جیردا: گوتت داخراو بوو؟

زاوا: گوتم کۆبوونەوەکە دواخرابوو

جیردا: کەوایە لە ئێستاوە کاروباری ماڵ چاك کەین

زاوا: ڕەفتاری ئەم ئێوارەیەتم پێ سەیرە... بەڵام فردریك دەبێ خۆشمەشرەب بێ.

جیردا: گەمەمان کرد... گەمەیەکی ماسۆنییانە.

زاوا: وریای ئەو گەمەیە بن

کوڕ: وابێ لەبری ئەو گەمەیە گەمەی گروپی بەدکاران یا گەمەی تۆڵە وەرگرتنەوە بۆ کوژراو دەکەین.

زاوا: (بەپەستییەوە) قسەکانتان ڕوون نییە، دەیپێچنەوە، چ لە گۆڕێدایە؟ نهێنییەکان

جیردا: ناتەوێ ئێمەیش لە نهێنییەکانی خۆت ئاگادار کەیتەوە؟ وانییە؟ ڕەنگە هەر نهێنیت نەبێ.

زاوا: چ لێرە ڕوودەدات؟ ئایە کەسێ لێرە بووە؟

کوڕ: من و جیردا گەمەی ئامادەکردنی روحمان (تحضير الارواح) دەکرد، یەکێ لە مردووەکان سەردانی کردین.

زاوا: ئەگەر لەم گاڵتەجاڕییە دەست هەڵناگرن، سەرئەنجامێکی خراپی دەبێ... سەرەڕای ئەمەیش، دەبێ بڵێم ئەم ئێوارەیە مزاجێکی باشت هەیە... ئافرەت تۆ هەمیشە غەمباریت و خەمۆکیت هەیە (دەیەوێ دەست بەڕومەتیا بێنێ بەڵام جیردا بەرەو دواوە دەکشێتەوە) لە من دەترسی؟

جیردا: (خۆی لێ دەدزێتەوە) نەخێر... هەندێ هەست هەن لە ترس دەچن، بەڵام شتێکی دین، هەندێ ئیمائە هەن زیاتر گوزارشت دەکەن لە گوزارشتەکانی روخسار، وشە گەلێکیش هەن ئەو گوزارشتانە دەشارنەوە کە ئیمائەو گوزارشتەکانی ڕوخسار ناتوانن گوزارشتی لێ بکەن.

زاوا: (بەترسەوە، دەستکاری هەندێ کتێبی ڕیزکراوی سەر ڕەفێك دەکات)

کوڕ: (کورسییە هەزازەکە جێدێڵی، تا ئەو کاتەی دایك دێتە ژووری کورسییەکە دەلەرێتەوە) ئەوا هات و شۆرباکەی پێیە(*)

***

(*) ثرید: دەکاتە نانەولاو... من کردم بەشۆربا لە کوردیدا وشەی شۆربا ئاسانتر و ڕەوانترە.

دایك: (دێتە ژوورێ، دەبینێ كورسییە هەزازەكە دەلەرێتەوە زەندەقی دەچێ بەڵام ئارام دەبێتەوە) حەز لە هەندێ شۆربا دەكەن؟

زاوا: نەخێر سوپاس... ئەگەر شۆربای وێنجەیە بیخە بەر تانجییەكان... گەر هەندێ تانجیت هەبێ... گەر شۆرباكەش خەستە، ئەوا بیخەرە سەر دومەڵەكانت.

دایك: ئێمە هەژارین و دەبێ دەست بە پارەوە بگرین.

زاوا: ئەو مرۆیە بەهەژار ناژمێردرێت گەر خاوەنی بیست هەزار بێت.

دایك: بەڵێ... مادامێ ئەو پارەیە بەقەرز دەدرێ و نادرێتەوە.

زاوا: چییە؟ كوڕەكە شێت بووە.

جیردا: نەخێر بەڵام ڕەنگە بەرەو شێتبوون بچێت...

دایك: ئێوە هاتوون؟

جیردا: وەرن بچینە نێو... ئازایەتییەوە... گەورەكانم گۆشتی سووركراوەو كولێرەی منتان بەردەكەوێ.

دایك: هی تۆ؟.

جیردا: بەڵێ هی من و لەماڵەكەی خۆمدا.

دایك: ئاو ها....

جیردا: (بەرەو دەرگاكە ئیشارەت دەكات)، فەرموون.

دایك: ئەمە چییە؟

جیردا: لوغزێك لەم كارەدا هەیە.

دایك: منیش پێم وایە.

جیردا: فەرموون (هەموویان بەرەو دەر دەچن).

دایك: (بەزاوا) كورسیە هەزازەكەت بینی وا دەلەرییەوە؟ ئەوە كورسی ئەو بوو.

زاوا: نەخێر بەڵام شتێكی دیم بینی.

پەردە

***

(هەمان دیکۆر)

مۆسیقای ڤالسن دەژەنرێ، جیردا دانیشتووە، کتێبێ دەخوێنێتەوە)

دایك: (دێتە ژووری) ئەم ئاوازەت دەکەوێتە بیر.

جیردا: ڤالسن؟ بەڵێ.

دایك: ئەو ڤاڵسنەیە کەڕۆژی بووکێنیت دەژەنرا لەسەر ئاوازەکەی تا بەرەبەیان سەمام کرد.

جیردا: بووکێنی من؟ کوا ئەکسڵ؟

دایك: من چ بزانم؟

جیردا: بلێ ئاو ها... بەشەڕ هاتوون؟ (بێدەنگی... سەیری یەکدی دەکەن)

دایك: کچۆڵەکەم چ دەخوێنیتەوە؟

جیردا: کتێبەکە لەسەر ئاشپەزییە، بەڵام لە کتێبەکە نەنووسراوە ئەو ماوەیە چەندە تا چێشتەکە پێدەگات

دایك: (دوودڵە) چاکە کارەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دی دەگۆڕێت بەپێی زەوقە، هی وا هەیە بەشێوەیەك چێشت لێدەنێ جیاوازە لەگەڵ شێوەی کەسێکی دی...

جیردا: من ئەمە تێناگەم... دەبێ پاش پێگەیینی چێشت ژەمەکە بخورێت، دەنا دەبێتە ژەمێکی گەرمکراوە، خواردنەکە تازە نابێت، بۆ نموونە دوێنێ گۆشتی مەلی (تەیهوج)ت سوورەوە دەکرد، سێ سەعاتی پێچوو، لەسەعاتی یەکەمدا بۆنی نێچیرە کێوییەکە گەلێ بەلەززەت بوو، ماڵەکەی پڕکردبوو، پاشان بێدەنگی باڵی بەسەر مەتبەخەکەدا گرت، کاتێ کە مەلەکە خرایە سەر سفرە، هیچ نەکهەیەکی نەبوو، وەك هەوا چ تامێکی نەبوو دەتوانی تەفسیرێ بۆ ئەمە بدۆزیتەوە؟

دایك: (شڵەژا) لەمە تێناگەم...

جیردا: دەتوانی تەفسیری ئەوە بکەیت بۆ لە خۆراکەکەدا شلەی تیانییە؟ شلەکە چی لێهات؟ کێ خواردی؟

دایك: چ بیرۆکەیەکم لەلادا نییە.

جیردا: هەندێ پرسیارم لێ کردی، شتی جۆراو جۆرم لێ وەدەست هێنان.

دایك: (قسەکە دەبڕێ) هەموو ئەمانە دەزانم، پێویست ناکات تۆ شتێکم فێرکەیت بەڵام من

فێری هونەری دابینکردنی کاروباری ناوماڵت دەکەم.

جیردا: مەبەستت ئەوەیە چۆنیەتی بەکارهێنانی، فولی صۆیاو بیبەری سوورە؟ پێشتر ئەمە فێر بووم... هەروەها فێری ئەوەش بووم ئەو لەگەنانەی داوەتبووان ئیشتیهای ناکەن و خۆیانی لێ لادەدەن، ئەو قاپانە دەمێننەوە بۆ ڕۆژی دوایی گەرم دەکرێنەوە، هەروەها فێری ئەوە بووم کاتێ مەخزەنی خۆراکەکان لە پاشماوە پڕ دەبن چۆن دەعوەت بکەم... پێشتر فێری ئەمانە بووم، بۆیە هەر لەمڕۆوە دەتوانم کاروباری تەدبیرکردنی ماڵ لەئەستۆ گرم.

دایك:(توورەیە) دەتەوێ ببمە کارەکەری تۆ؟

جیردا: دەبمە کارەکەری تۆ... تۆیش دەبیتە کارەکەری من، یەك هاوکاری ئەوی دی دەکات... ئا ئەوە... ئەکسل هات.

***

زاوا: (دێتە ژوورێ، گۆچانێکی ئەستووری پێیە) چاکە... قەنەفەکە چۆن دەبینی؟

دایك: ئۆهـ...خراپ نییە.

زاوا:(هەڕەشە دەکات) بەموناسیبی نابینی؟ چ عەیبێکی تیادایە.

دایك: ئا ئەوەتا، ئێستا خەریکە تێدەگەم.

زاوا: ئاوها، لەگەڵ ئەوەی ئێمە پڕ بەسکی خۆمان لەم ماڵەدا خۆراك ناخۆین... ئیدی من و جیردا خۆمان خۆراکی خۆمان ئامادە دەکەین...

دایك: ئەی من؟

زاوا: تۆ قەڵەویت و هەندەی بەرمیلێکیت، بۆیە هەندەت پێویست بە خۆراك نییە، بۆ سیحەتی خۆیشت دەخوازێ هەندێ کێشت داگری... وەك ئێمە کێشی خۆمان داگرت... جیردا دەتوانێ بۆ ساتێ بچێتە دەرێ تۆیش سۆپاکە داگیرسێنە... (جیردا دەچێتە دەرێ)

دایك: (لە توورەییدا دەلەرزێ) دار لەنێو سۆپەکەدا هەیە.

زاوا: نەخێر داری تیا نییە... تەنها چەند چڵێکی باریکن... ئێستا دەبێ دار بێنیت و پڕ بەسۆپاکە بێت.

دایك: (بەلاڵە پەتێیانە) دەتەوێ پارەکانم بسووتێنم؟

زاوا: نەخێر... دەبێ دارەکان بسووتێن... تا گەرممان بێتەوە... پەلەکە

دایك: (زمانی تێك دەئاڵێ)

زاوا: یەك... دوو... سێ (بەگۆچانەکەی دەکێشێتە قەد مێزەکە)

دایك: پێم وایە دارەکان تەواو بوون.

زاوا: دەبێ کارەکە یەك لەم دووە بێت... یادرۆ دەکەیت یاپارەکەت دزیوە... چونکە پێری ئێمە دارمان کڕی

دایك: ئێستا خەریکە دەزانم تۆ چ ئینسانێکی.

زاوا: (لەسەر کورسییە هەزازەکە دادەنیشێ) دەبا ئەمەت لە مێژە زانیبا، گەر گەنجیەتی من نەخەڵەتابا بەتەمەن و شارەزاییت... دەی پەلەکە دارەکان بێنە... دەنا... (گۆچانەکە بەرز دەکاتەوە) (دایك دەچێتە دەرەوە، کە دێتەوە ژووری باوەشێ داری پێیە)

ئیستا بەتەواوی سۆپاکە دادەگیرسێنی... دەی بێ ئەوەی خۆت وا بنوێنی کار دەکەی... دەی یەك، دوو، هەرسێکی.

دایك: چەند لە مێردەکەم دەچی، ئێستا لەسەر ئەو کورسییە هەزازە دانیشتوویت ڕێك بەو دەچیت

زاوا: ئاگرەکە پێکە...!!

دایك: (بە ملکەچییەوە... بەڵام هێشتا تووڕەیە) دەیکەمەوە... دەیکەمەوە...

زاوا: تۆ چاودێری ئاگرەکە بکە... ئێمە دەچینە ژووری خۆراك خواردن و شیڤەکەمان(*) دەخۆین.

دایك: ئەی من.

زاوا: تۆ لە مەتبەخەکەدا ئەو نانەولاوە دەخۆیت کە جیردا بۆی لێناویت...

دایك: لەگەڵ ئەو شیرەی چەوری لێ گیراوە...

زاوا: هەمان ئەو شیرەی کە چەورییەکەیت لێ گرتووە... ئەمەیش کارێکی ڕەوا و ڕاستە...

دایك: (بەدەنگێکی کرخەوە) وابێ من لێرە دەڕۆم.

زاوا: نەکەی هەوڵی ئەمە بدەی... دەنا حیجزت دەکەم.

---

(*) شیڤ: خواردنی شەو.

دایك: (بەچپەوە) وابێ لە پەنجەرەکەوە خۆم دەخەمە خوارێ.

زاوا: ئەگەر ویستت ئەمە بکە... دەبا لە مێژە ئەمەت کردبا، ژیانی چوار کەسیشت ڕزگار دەکرد... ئاگرەکە بکەوە، فووی لێکە، ئاوها... لێرەدا دانیشە تا دەگەڕێینەوە.

(دەچێتە دەرێ) (پاش هەندێ).

دایك: (کورسیە هەزازەکە ڕادەگرێ، لەلای دەرگاکەدا گوێ هەڵدەخات هەندێ دار لە سۆپاکە دەردێنێ، لەژێر مێزەکەدا دەیشارێتەوە)

***

کوڕ: (دێتە ژووری هەندێ مەستە)

دایك: ئەمە تۆیت؟

کوڕ: (لەسەر کورسیە هەزازەکە دادەنیشێت) بەڵێ...

دایك: چۆنیت؟

کوڕ: خراپ... لە نێوچوونم نزیك بووەتەوە...

دایك: تەنها وەهمە... خۆت ئاوها مەلەرزێنە... سەیری من بکە چۆنم... چاکە من گەنج نیم، لەگەڵ ئەمەشدا تەمەنێکم بەکاری قورس و ماندوویەتی بردووەتە سەر و ئەرکەکانم لە پێناو ماڵ و منداڵدا وە جێهێناوە... ئەرێ وانییە؟

کوڕ: ئێی... ئەو سەقاقوشەی کە هەرگیز خوێنی دڵی خۆی نەدایە بێچووەکانی... زانستی ئاژەڵ ئەم جۆرە ئیدیعایانەی پووچەڵ کردووەتەوە...

دایك: ئایە شتێ بێ تاقەتی کردوویت؟ پێم بڵێ...

کوڕ: دایکە گوێ شل کە گەر من مەست نەبام نەمدەتوانی لەگەڵ تۆدا ئاوها بە ڕاشکاوی قسان بکەم چونکە لە توانامدا نەدەبوو، ڕاستتر توانام خیانەتی لێ دەکردم، بەڵام ئێستا پێتدەڵێم نامەکەی باوکمم خوێندەوە کە تۆ دزیبووت و تووڕت هەڵدابووە نێو سۆپاکە.

دایك: لەمەڕ چی قسان دەکەی؟ چ نامەیەکت مەبەستە؟

کوڕ: هەمیشە درۆ دەکەی... دێتەوە بیرت یەکەم جار چۆن فێری درۆکردنت کردم، ئەو دەمە هەر بە ئاستەم دەمتوانی قسان بکەم... دێتەوە بیرت؟

دایك: نا... نەخێر هیچم بیر نایەتەوە... دەسبەرداری ئەم خۆ لەرینەوەی خۆت بە.

کوڕ: ئەی لەبیرتە یەکەم جار چۆن درۆت لەگەڵدا کردم؟ ئەوەیشم لەبیرە، مناڵ بووم لە ژێر پیانۆکە خۆم شاردبۆوەو پیرێژنێ سەردانی کردیت، سێ سەعاتی ڕەبەق درۆت بۆ کرد، منیش دەبا گوێ گرم.

دایك: درۆیە.

کوڕ: ئایا دەزانی بۆ تا ئەم ڕادەیە و بەم شێوەیە نەخۆشم؟ من هەرگیز شیری دایکم نەخواردووە، من سپێردرابوومە دەستی یەکێ لە دایەنەکان، دەبا لە شووشەوە شیر بدرێم کە هەندێکیش گەورە بووم لەگەڵ دایەنەکەمدا سەردانی ماڵی خوشکەکەیمان دەکرد، کە خەریکی قەحبایەتی بوو ئا لەو ماڵەدا دیمەنی پڕ نهێنیم بینی، چ کەسێ ڕێ نادات منداڵان ئەو دیمەنانە ببینن جگە لەو کەسانەی کەسەگ ڕادەهێنن، ئەویش لە وەرزی زستان وپایزداو لە هەوای ئازادا... کە پێم گوتی ئەو شتانەم لەو قەحبەخانە ئابڕو بەرەدا بینیوە، ئەو دەمە تەنها چوار ساڵ تەمەنم هەبوو بەڵام تۆ بە درۆکردن تۆمەتبارت دەکردم، لێشت دەدام، لەبەر ئەوەی گوایە درۆم کردووە، سەرەڕای ئەوە لە غەیری حەقیقەت چیدیم نەدەگوت... ئەو کارەی کەوتبووە بەر ڕەحمەت و هاندان و قایل بوونت، هەموو نهێنییەکانی بۆ ئاشکرا کردم... ئەو دەمە تەنها پێنچ ساڵان بووم... بەم شێوەیە بەدەستی سەرما و برسیەتییەوە دەتلامەوە، لەم کارەدا منیش مانەندی باوکم و کەسانی دیم... ئێستا درك بەوە دەکەم، تۆ مەسرووفەکانی ماڵت دەدزی بەتایبەتی ئەو پارانەی تەرخان کرابوون بۆ دار کڕین...

ئەی سەقاقوش، سەیری روخسارم کە سەیری جیردا و سینگە پوکانەوەکەی بکە... بەڵام چۆن باوکمت کوشت، ئەمەیان خۆت بەچاکی دەیزانی، وردە وردە بەرەو یەئس و بێ ئومێدیت نارد، ئەمەیش تاوانێکە ناکەوێتە بەر سزای یاسا... چۆنیش ژیانی خوشکەکەمت لە نێو برد ئەمەیان لە هەموو کەسێ چاکتر خۆت دەیزانی... ئێستاش جیردا هەموو شتێ دەزانێ.

دایك: دەسبەرداری ئەم لەرینەوەیە بە... ئێستا چ دەزانی.

کوڕ: ئەوەی دەیزانم، ئەوەیە کە تۆیش دەیزانی، بەڵام ناتوانم چ شتێ بڵێم، کارێکی ترسناکە گەر بیاندرکێنم بەڵام هەر دەشبێ بیاندرکێنم، دەنگێ لە ناخمدایەو ئاگادارم دەکاتەوە، من دەبێ تەقە لە خۆم بکەم...

ئەویش ئەو کاتەیە کە بێدار بم... هەر بۆیە دەخۆمەوە دەخۆمەوە، لە ترسی بێدار بوون دەخۆمەوە.

دایك: لە درۆ کردنیشدا زیادەڕەوی دەکەیت

کوڕ: جارێکیان باوکم لە ئەو پەڕی تووڕە بووندا پێی گوتی: دژ بە سروشت تۆ گەورەترین فرتو فێڵی تۆ لە منالّییەوە، بەر لەوەی فێری قسان بیت، فێری درۆکردن بوویت، تۆ هەمیشە خۆت لە ئەرکەکانت دەدزییەوە، بۆ ئەوەی زیاترین کات بۆ خۆشگوزەرانییە شەخسییەکەی خۆت وەدەست بێنی، کاتێ کە جیردا نەخۆش کەوت، ژیان ومەرگی بە تالّە موویەکی باریکەوە بەسترا بووەوە، ئێستاش لەبیرمە، ئێوارەیەکیان سەیری نمایشی ئۆپێرایەکت دەکردو گوتت: باری ژیانەکە قورسترە لەوەی باری دی لێ نێین...

لە هاوینی ئەو سالّەدا لەگەڵ باوکما لە پاریس بوویت، سێ مانگی تەواو ژیانت بەزیادە مەسرەفی گوزەراند، واتکرد بکەوینە ژێر قەرزەوە، من و جیردا ناچار بووین لەم شارە لە زینداندا لەگەڵ دوو کارەکەردا لەم مالّەدا بژین؛ لە ژووری نووستنەکەی باوکمدا، یەکێ لە پیاوەکانی ئاگر کوژێنەوە، لەگەڵ یەکێ لە کارەکەرەکان دەژیا، ئەم ژن و پیاوە بەسۆزانە، نوێنی ژن و مێردایەتی تۆو باوکمیان بەکار دەهێنا.

دایك: بۆ لەکاتی خۆیدا ئەمەت پێ نەگوتم؟

کوڕ: ها... لەبیرت کرد، من لەکاتی خۆیدا ئاگادارم کردییەوە، کەچی سزات دام، جارێك دەتگوت بوختان دەکەی، جارێکی دیش، دەتگوت درۆ دەکەیت، تۆ هەرکاتێ گوێت لە کەلیمەی حەق بێ، یەکسەر بەدرۆ لە قەڵەمی دەدەی.

دایك: (لە ژوورەکەدا، وەك نێچیرێکی کێوی کەوتبێتە داوەوە ئاوها دەسووڕێتەوە) هەرگیز، کوڕم نەبینیوە، ئاوها قسە لەگەڵ دایکیا بکات.

کوڕ: چاکە، ئەمە کارێکی باو نییە و دژ بەسروشتە... ئەمەیان دەزانم، بەڵام دەبێ هەر هەموو ئەمانە بگوترێن تەنانەت ئەگەر بۆ جارێکیش بوو بێت... نەدەتوانرا بێدارت کەن، بۆیە نەتتوانی وەزعەکەت بگۆڕی... جارێکیان باوکم پێی گوتی، ئەگەر بتخەنە سەر تەختەی ئەشکەنجەدانەوە، لەوێشدا دان بە هەڵەکانی خۆتا نانێیت... هەروەها دان بەوەشدا نانێیت کە درۆت دەکرد...

دایك: باوکت... پێتوایە لە خەتا بێ بەریی بووە؟

کوڕ: باوکم خەتای گەورەی کردووە، بەڵام نەك دەرحەق بە ژن و منداڵەکانی... بەڵام لێرەدا گەلێ نهێنی دی لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا هەیە، کە بۆ من جێی گومانن، بەڵام جورئەتی ئەوەم نەبووە هەڵیاندەمەوە... باوکم هەندێ لەو نهێنییانەی نەدرکاند، لەگەڵ خۆیدا بۆ گۆڕی برد... دەڵێم هەندێکیان.

دایك: قسەکانت تەواو؟

کوڕ: دەچمە دەرێ بۆ ئەوەی بخۆمەوە... هەرگیز ناتوانم بڕوانامەی زانکۆ بەدەست بێنم چونکە باوەڕم بە عەدالەت نەماوە... بەڵام یاساکان پێموایە لەلایەن دز و بکوژانەوە داڕێژراون، ئەویش بۆ ئەوەی تەبرئەی تاوانباران بکەن، ئینسانی ڕاستگۆ بەشاهید عەیان قەبوڵ ناکرێ، بەڵام دوو شاهیدی ساختەچی بەسن بۆ ئەوەی تاوانەکە بسەلمێنن و دادگاش دەسبەکاربێ لە سەعات یانزەو نیودا قەزیەکی قانونی دەبەمەوە، بەڵام لە سەعات دوانزەدا، هەمان قەزیە لەبەر هەڵەیەکی ڕێنوس دەدۆڕێ، نەبوونی یەکێ لە تێبینییەکانی سەر پەراوێز، بەسە بۆ ئەوەی منی بێ تاوان بخەنە زیندانەوە، ئەگەر هاریکاری زۆڵێکم کردبێ، بەوەی بەزەییم پێدا هاتبێتەوە کەچی تۆڵەم لێ دەکاتەوە، چەکی جنێوو سوکایەتی دەرحەقم بەکار دێنێ بەسووکی ڕوانینی من بۆ ژیانی ئینسانی کۆمەڵگا بەتایبەتی بۆ خودی خۆم سنووری نییە، وام لێهاتووە بەبێ هوودەییەوە سەیری ژیان بکەم. (بەرەو دەرگا دەچێت)

دایك: مەڕۆ.

کوڕ: لە تاریکی دەترسی؟

دایك: ئەعسابم تەواو نییە، لە سەرەخۆ نیم.

کوڕ: ئەم کارە لەگەڵ ئەو حاڵەتەی تۆدا دەگونجێت.

دایك: ئەم کورسییە بەرەو شێتبوونم دەبات... هەمیشە وەك دوو چەقۆ وا بوون، دڵی منیان پارچە دەکرد... کاتێ کە لێرەدا لەسەری دادەنیشت.

کوڕ: گەر دڵت هەبا.

دایك: مەڕۆ من ناتوانم لێرە بمێنمەوە... ئەکسڵ زۆڵە.

کوڕ: تا ئەم ساتە منیش هەمان ڕام هەبوو... بەڵام ئێستا نێچیرێکی گیرۆدەی مەیل و ئارەزووی تاوانکارییەکانتە بەڵێ، ئەکسڵ، ڕۆژانێ بوو... گەنج بوو، فریودرا.

دایك: وا دێتە بەرچاوم، تۆ لەگەڵ هاوڕێی خراپدا هاوڕێیەتیت هەیە...

کوڕ: هاوڕێی خراپ... بەڵێ لەگەڵ کەسدا جگە لە کەسانی خراپ هەڵسوکەوتم نەکردووە...

دایك: مەڕۆ.

کوڕ: لێرەدا دەتوانم چ بکەم؟ حەزم دەکرد لێرەدا بمابام بۆ ئەوەی لێگەڕێم لەبەر گەورەیی ئەو عەزابانەی لە ڕێی قسەکانی منەوە پێت دەگات لێگەڕێم بمریت.

دایك: مەڕۆ

کوڕ: دەڵێی ئێستا بێداربوویتەوە؟

دایك: بەڵێ خەریکە بێدار دەبمەوە وەك ئەوەی لە خەوێکی قورس بە ئاگا بێمەوە... کارێکی ترسناکە بۆ لەمەوبەر کەسێ هەوڵی ئەوەی نەداوە بێدارم کاتەوە

کوڕ: پێم وایە ئەوە لەدەسەڵاتی کەسدا نەبووە... بۆیە خەتا بارنییت.

دایك: ئەم قسەیە دووبارەکەوە

کوڕ: نەتدەتوانی لە غەیری خۆت کە ئێستا هەیت. کەسێکی دی بیت.

دایك: (بەملکەچییەوە دەستی ماچ دەکات) لەسەر قسەکانت بەردەوام بە.

کوڕ: لەمە زیاتر توانای قسەی دیم نییە... بەڵێ... تکایەکم هەیە... ئێرە جێ بێڵە دەنا کارەکە بەرەو گەنتر دەڕوات

دایك: تۆ لەسەر حەقیت!! من دەڕۆم.

کوڕ: چ ئازارێکە وا دایکم هەیەتی.

دایك: بەزەیت پێما دێتەوە؟

کوڕ: (دەگریێت) بەڕاستی بەزەییم پێتا دێتەوە، چەند جار دەربارەی تۆ گوتوومە، شەڕەنگێزە هەستی بەزەییم بەرانبەری دەبزوێ.

دایك: سوپاس بۆ ئەوە... فردریك بڕۆ.

کوڕ: چ ڕێیەکی دی هەیە؟

دایك: چ ڕێیەکی دەرباز بوون نییە.

کوڕ: بەڵێ ئەمە ڕاستە... لێرەدا چ ڕێیەکی دی نییە.

(دەڕواتە دەرێ، پاش هەندێ)

***

(دایك تەنهایە بۆ ماوەیەك هەردوو دەستی لەسەر سنگی دانا دەچێت پەنجەرەكە دەكاتەوە، لە پەنجەرەكەوە سەیری دووردەكات پاش هەندێ دەكشێتەوە دواوە مەودایێك دەكشێتە دواوە بۆ ئەوەی ئامادە بێت باز بدات... بەڵام دەسبەرداری بڕیارەكەی دەبێ، كاتێ كەسێجار لە دەرگاكەی پشتەوە دەدرێ.)

دایك: كێ لەوێدایە ئەوە چ ڕوودەدات (پەنجەرەكە پێوە دەدات) وەرە ژوورێ (دەرگاكەی پشتەوە دەكرێتەوە)

كوڕ: ئێرە كەسێكی لێیە؟ (دەنگی گریانی فردریك دەبیستێ)

دایك: خۆیەتی لەنێو كێڵگەی توتنەكەدا ڕادەكات... ئەرێ نەمردبوو؟ چم لەدەست دێ، چارەم چییە (لەپشتی مێزەكەدا ون دەبێ، جارێكی دی با هەڵدەكات كاغەزەكانی سەرمێزەكە پەرت و بڵاودەكاتە نێو هۆڵەكەوە)

دایك: فردریك... پەنجەرەكە داخە (یەكێ لە گوڵدانەكان بەهۆی – با– كەوە دەكەوێتە سەر زەوی) پەنجەرەكە پێوەدە، خەریكە لەسەرما دەمرم، ئاگری ناو سۆپاكەش خەریكە كز دەبێ. (هەموو گڵۆپەكان دادەگیرسێنێ، دەرگاكە جارێكی دی پێوە دەدرێ كورسییە هەزازەكە بەهۆی –با– وە جارێكی دی دەلەرێتەوە. دایك بەشێوەیەكی بازنەیی لەنێو ژوورەكەدا دەسووڕێتەوە. خۆی دەخاتە سەر قەنەفەكە ڕوخساری خۆی لە نێو سەرینەكاندا ون دەكات.)

***

ڤالسی Ilme disait لە دەرێدا دەبیسترێ ( دایك هەمان وەزعی پێشووی هەیە ڕاكشاوە لەسەر قەنەفەكە سەریشی لەنێو سەرینەكاندا نوقم بووە.

جیردا دێتە ژوورێ، نانەوڵاو لەسەر سینیەكدایە... دایدەنێ، گڵۆپەكان تەنها یەكێكیان نەبێ ئەوانی دی دەكوژێنێتەوە)

دایك: (وە ئاگا دێت هەڵدەستێت و دەوەستێت) گڵۆپەكان مەكوژێنەوە.

جیردا: ئاوها... دەبێ زیادە مەسرەفی نەكەین.

دایك: ئابەم پەلەیە گەڕایتەوە؟

جیردا: بەڵێ، ئاكسل ئەمەی بەخۆش نەزانی چونكە تۆ لەگەڵ ئێمەدا نەبووی

دایك: سوپاس

جیردا: ئەمەش شیڤەکەتە.

دایك: برسی نیم.

جیردا: بەڵێ تۆ برسیت، بەڵام حەزت لە نانەولآو نییە

دایك: بەڵێ جارجار

جیردا: نەء... هەرگیز... نەء... نەك لەبەر ئەوەی تۆ برسیتە... بەڵکو لەبەر بزە شەڕ ئامێزەکەت کە بەم بزەیەت ئەزیەتی ئێمەت دەدا... کاتێ کە نانەولآوی وێنجەت دەخوارد... لەززەتت لەوە وەردەگرت ئەزیەتمان بدەیت... هەرهەمان نانەولآویشت لێ دەنا بۆ تانجییەکانت...

دایك: لەبەر ئەوەی من ناتوانم شیری چەوری لێ گیراو بخۆمەوە. چونکە پاش خواردنەوەی هەست بە سەرما دەکەم.

جیردا: پاش ئەوەی بۆ قاوەی بەیانیت سەر توێژی شیرەکەت گرت فەرموو چی لێدەکەیت کەیفی خۆتە... (لەسەر مێزێکی چکۆلەدا شۆرباکەی بۆ دادەنێ) لێم گەڕێ بتبینم چۆن دەخۆیت.

دایك: ئەمە ناتوانم.

جیردا: (دەچەمێتەوە هەندێ دار لەژێر قەنەفەکە بەرز دەکاتەوە) ئەگەر نەخۆیت ئەکسل ئاگادار دەکەمەوە کە تۆ دارەکانت دەدزی.

دایك: ئەکسل ئەوەی لە شەوقدا بۆمن دەسووتا... بە تووڕەیییەوە مامەڵەم لەگەڵ ناکات لەبیرت دێ لەسەر ئاوازی Ilme disait لە ئاهەنگی گواستنەوەتدا چۆن سەمای لەگەڵ دەکردم... ئەمە دەبیستی (کۆپلەی دووەمی کە لە دەرێدا دەژەنرێ ئەمیش لەبەر خۆیییەوە دووبارەی دەکاتەوە)

جیردا: بۆ پاراستنی ئابڕووت چاکە بێ ئابڕوویییەکانی خۆتم وەبیر نەهێنیتەوە...

دایك: شیعریشیان بۆ ناردووم!... جوانترین گوڵیش.

جیردا: بێدەنگ بە.

لە جەنەتستان... جەنەتستان وشەیەکی فارسییە، مانای باخی جەننەتە، ئەو لەوێدا پەری ناسك، حۆرییە بۆن خۆشەکان دەژین، پەری، ئەو حۆرییەیە، خەڵقەندەیەکە لەسەر شێوەی جوانی دورست کراوە تا تەمەنی زیاتر هەڵچێ جوانتر دەبێت.

جیردا: خودای من،... بۆتۆ خۆت بە حۆری دەزانی؟

دایك: ئۆهـ... نەء ئەمە تەنها لەنێو شیعرەکەدایە... مامە فیکتۆریش داوای لێ کردم شووی پێ بکەمـ چ دەبوو گەر پێم گوتبا بەڵێ!

جیردا: دایکم بەستەزمانەـ تا ئێستا بەڕێوە دەڕۆیت و خەوتوویت... ڕێك وەك ئێمە، یان هەرگیز بێدار نابیتەوە؟ یا دەبینی پێت پێدەکەنین؟ تێناگەی ئەکسل سووکایەتیت پێ دەکات؟

دایك: سووکایەتی بە من؟ پێم وایە هەمیشە ئەکسل لەگەڵ مندا زیاتر ناسکتر بووە وەك ئەوەی لەگەڵ تۆدا ناسك بێ.

جیردا: تەنانەت، تا گۆچانەکەی لەڕووتا بەرزکردەوە؟

دایك: لەڕووی من؟ ئازیزەکەم لە ڕووی تۆدا بەرزی کردووە!!

جیردا: ئاهـ... دایکە ئەڵقەکەت لەدەست داوە؟

دایك: بۆ ئەوەی لە ئێوارەاندا لەگەڵیابم هەندێ بەشەوق بوو خەریك بوو دەسووتا، ئێمە هەمیشە شتی زۆرمان پێیە بەیەکدی بڵێین. تاقە کەسێکە تێم دەگات، بەڵام تۆ تەنها منداڵێکی.

جیردا: (دایکی لە شانەوە دەگرێ وە ڕای دەوەشێنێ)

سوێندت بەخوا دەدەم بێداربەوە.

دایك: هێشتا بەتەواوەتی پێنەگەیشتووی... بەڵام من دایکتم بە خوێنی خۆم بەخێوم کردی... شیرم دایتێ

جیردا: نەء... تۆ بەشیری قوتوو لەنێو شووشەدا شیرت دەدامێ کە گۆپکەیەکی لاستیکی هەیە، پاشان ڕاهاتمە سەر دزیکردن لە مەخزەنی خۆراك بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هیچ شتێك نەبوو کەڵکی خواردنی هەبێت جگە لە نانەڕەقی ڕەش کە لەگەڵ خەردەلدا دەمخوارد ئەگەر گەرووم تووشی سووتانەوە هاتبا ئەوا بەنەختێ سرکە تەڕم دەکرد. سەبەتەی نانەکە تاقمی بەهاراتەکان کە لەسەر خوانەکە ڕیزکرابوون، ئەوانە بۆمن وەك کۆگای خواردن بوون...

دایك: ئاو ها کە منداڵ بوویت دزیت دەکرد؟ شتێکی جوانە خۆ شەرمیش ناکەیت وا ئاشکرای دەکەیت تەسەوری ئەوە بکە قوربانیم بەخۆم دا بۆ منداڵانی مانەندی تۆ...

جیردا: (دەگریێت) بۆ هەموو شتێك لێت دەبوورم... بەڵام ژیانم لێ داگیرکەیت ئەمەیان نەء... ئەکسل ژیانی من بوو چونکە لەگەڵ ئەودا دەستم بە ژیان کرد...

دایك: خەتای من نییە، ئەو منی لەتۆ پێ چاکتر بوو، ڕەنگە بڵێی چۆن ئەمە دەڵێی... ڕەنگە من سیحرم لەتۆ زیاتر بێت زەوقی لەزەوقی باوکت چاکتربوو کە بەهیچ جۆرێ حەقی خۆی نەدەدامێ ئاستی منیشی نەدەزانی تا منافیسی بۆ دەرکەوت. (سێ جار لەدەرگا دەدرێ) کێیە ئەوە؟

جیردا: نەکەی ناوی باوکم بەخراپە بێنی، هەموو ژیانم ناکاتە ئەوەی گەر بیبەخشم لە ئاستی ئەو ئازارا نەبێ کەمن بوومە هۆی ئەوەی ئەو بیچێژێ... بەڵام تۆ دەبێ نرخی ئەمە بدەی، لەبەر ئەوەی تۆ منت دژ بە ئەو هان دەدا! بە بیرت دێ کە منداڵێکی بچکۆلە بووم، چۆن فێری قسەی خراپت دەکردم کە لە ماناکانیان تێنەدەگەیشتم باوکم بای پێویست پیاوێکی عاقڵ بوو بۆ ئەوەی لەسەر قسە بێ سەرو بەرەکانم سزام نەدات دەیزانی ئەو تیرە وێڵە، کێ دژ بەو کەوانەکەی کێشاوەتەوە، بەبیرت دێ چۆن فێری درۆکردنت دەکردم، درۆی لەگەڵدا بکەم خۆم وا دەنواند پێویستم بە کتێبی تازەی قوتابخانە هەیە. یا ئەو کاتەی بەهەردووکمانەوە فێڵمان لێ کرد من و تۆ. بۆ ئەوەی پارەکە دابەش کەین لە بەینی خۆمان، چۆن ئەتوانم ئەوانەی لە ڕابردوودا ڕوویان داوە لە بیری خۆمیان بەرمەوە ئایە مەیێك هەیە بەبێ ئەوەی ژیان بخنکێنێ بتوانێ زاکیرە خەفەکاتەوە؟ گەر هێزم هەبا بمتوانیبا ئەمانەم توور هەڵدایەتە دەرێ... بەڵام من و هەروا فردریکیش قوربانیین دەسەلات و ئیرادەمان نییە... قوربانی تۆین ئەو ژنەی کە جورئەتی نییە موعاناتی تاوانەکانی خۆی بخاتە ڕوو...

دایك: هیچ دەربارەی منداڵی من دەزانی؟ دەزانی لە چ ماڵێکی بەددا پەروەردە کراوم؟ دەتوانی بەخەیاڵ بێنیتە بەرچاوی خۆت لەوێدا فێرە چ شەڕخوازییێك بووم؟ کارەکە وەك میراتی دەکەوێتە ڕوو لەسەرەوە بۆ کێ؟ لە باوکەکانی یەکەمەوە، وەك لە کتێبی منداڵیدا هاتووە... وا دەکەوێتە ڕوو کە ڕاست بێ. وابێ لۆمەی من مەکە، منیش لەلای خۆمەوە لۆمەی دایك و باوکی خۆم ناکەم کە ڕەنگە ئەوانیش لۆمەی دایك و باوکی خۆیان کردبی... بەم شێوەیە... بەموناسەبەتەوە کارەکە لەنێو هەموو خانەوادەیەکدا بەم شێوەیەیە... سەرەڕای ئەوەی کارەکە بەڕوونی لەبەر چاوی غەریباندا ناکەوێتە ڕوو.

جیردا: ئەگەر کارەکە بەم شێوەیە بێت، ئەوا ئارەزووم لە ژیان نییە، ئەگەر ناچاریشم کەن بژیم حەز دەکەم لە تویێی ئەم ئازارەدا کوێرو لاڵ بم بەلاّم بۆ چاوەڕێکردنی ژیانێکی چاکتری پاش ئەم ژیانە.

دایك: ئازیزەکەم تۆ لەمەدا موبالەغە دەکەی... هەر ئەوەندەی منداڵێکت ببێ ئیدی بیر لە شتی دی دەکەیتەوە.

جیردا: ناتوانم منداڵم ببێ.

دایك: ئەمەیان چۆن دەزانی؟

جیردا: پزیشك ئەمەی پێگوتم.

دایك: پزیشکەکە لەسەر هەڵەیە

جیردا: جارێکی دی دەستت بەدرۆ کردەوە... من نەزۆکم هەروەها فردریکیش، هەر بۆیە نامەوێ بژیم...

دایك: قسەی بێ سەروبەر.

جیردا: ئەگەر بەدکارییێکم لەدەست هاتبا نەمدەهێشت لەسەر ژیاندا... بۆ ئەوەندە قورسە بەدکاری بکەیت؟ هەر کە دەستم بەرز دەکەمەوە لێتدەم هەست دەکەم لەخۆم دەدەم. (لەپڕ دەنگی مۆسیقا دەوەستێ، دەنگی کوڕەکە دەبیسترێ دەناڵێنێ)

دایك: دیسانەوە مەستە

جیردا: بەڵێ فردریك بەستەزمانە... چی لە دەست دێ؟

***

کوڕ: (دێتە ژوورەوە، نیوە مەستە) پێم وایە دووکەڵ لە مەتبەخەکەیدا هەیە.

دایك: چ دەڵێی؟

کوڕ: پێم وایە... شتێك لەوێدا دەسووتێ.

دایك: دەسووتێ؟ چ دەڵێی؟

کوڕ: بەڵی... من... پێم وایە... شتێك دەسووتێ...

دایك: (بەرەو قوولایی ڕادەکات، دەرگاکان دەکاتەوە ڕووبەڕووی گڕی سووری ئاگرێ دەبێتەوە) ئاگر... چۆن دەتوانین دەرچینە دەرێ نامەوێ بسووتێم... نامەوێ.

(بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە)

جیردا: (براکەی دەخاتە نێو بازووەکانییەوە) فردریك ڕاکە... ئاگرەکە لە ژوور سەرمانە...ڕاکە.

جیردا: ڕاکە دەبێ ڕاکەی!

کوڕ: بۆ کوێ؟ ... نا... نامەوێ.

دایك: حەزدەکەم لە پەنجەرەکەوە خۆم هەڵدەمە خوارێ. (دەرگای بانیژەکە دەکاتەوە، بەرەو دەرێ خۆی هەڵدەدات)

جیردا: ئۆهـ... خودای من ڕزگارمان کە...

کوڕ: ئا ئەمە تاکە چارەسەر بوو...

جیردا: تۆ ئاگرەکەت کردەوە؟

کوڕ: بەڵێ... چیدیم لەدەست دەهات بیکەم؟ چ چارەسەرێکی دی نەبوو... وانییە؟

جیردا: نەخێر... چ چارەسەرێکی دی نەبوو... دەبێ هەموو شتێ بسووتێ... دەنا لێرە دەرناچین...

فردریك بمخە نێوان بازووەکانتەوە... بەتوندی بمگوشەبەخۆتەوە تەوە... برا ئەزیزەکەم: من بەختەوەرم... بەختەوەرییێك هەرگیز لەمەوبەر هەستم پێ نەکردووە... ڕۆشنایی هەموو شتێکی گرتووەتەوە ئای بۆ بەدبەختی دایکم، کە شەڕانگێز بوو...

کوڕ: خوشکە خۆشەویستەکەم... ئای کە دایکم بەستەزمانە دەزانی ئێستا چەند گەرمە... ئیسراحەت بەخشە؟ لەمە بەدوا جارێکی دی هەست بەسەرما ناکەم... گوێ هەڵخە بۆ نیڵە نیڵی گڕەکان هەموو شتێ وردوخاش دەکەن... گڕەکانی هەموو شتە کۆنەکان، هەموو شەڕخوازەکان و هەموو ناشرینەکان...

جیردا: برا ئەزیزەکەم، خۆت بەمنەوە بگرە... ئێمە بەسووتان نامرین... تەنها بە دوکەڵ دەخنکێین و دەمرین، ئایە بۆنی دوکەڵی بۆنخۆش دەکەی... بۆنی داری غارو ئکلیلی غاری باوکمە دەسووتی... ها ئەوەتا گڕەکان گەیشتنە کانتۆرەکان بۆنی خورمامەو بۆنی گوڵەکان هەموو شوێنێکیان گرتووەتەوە برای ئەزیزم... مەترسە... هەموو شتێ بەپەلە کۆتایی پێ دێ برای ئازیزم... برای ئازیزم دامەهەزێ... برای ئازیزم خۆت بەمنەوە بگرە... باوەشم پیا بکە، وەك ئەوەی باوکم دەیگوت، ئەمە بەو ڕووداوە دەچێ

که ئێوارەی جەژنی لە دایکبوون ڕووی دا... کاتێ کە شیڤ-مان لە موتبەخەکە دەخوارد... کەنانەکەمان لە شلەکە وەردەدا... ئەو تاقە ڕۆژەی پڕ بە سك تێرمان خوارد... وەك باوکم دەیگوت... ئەم بۆنەخۆشە، بۆنەکە... گرەکانی گەیشتە ئەو شوێنەی خۆراکەکانی تیا دەپارێزن، گەیشتە کیسە چایەکان و قاوەو بەهارات و وەنەوشە...

کوڕ: ئەوە هاوینە نزیك بووەتەوە؟... بەرسیم (وێنجە دەم دەکاتەوە، پشووی هاوین نزیك دەبێتەوە، بە بیرت دێ چۆن دابەزینە ڕۆخی دەریاکە، سڵاومان لەو کەشتییە سپییانە دەکرد کە بەهەڵم کاریان دەکرد... بە بۆیە نوێیەکانیاننەوە چاوەڕێی ئێمەیان دەکرد... باوکم ئەو دەمە بەختەوەر بوو کە لە ژیاندا بوو جارێکیان گوتی: دەبا ژیان بەم شێوەیە با؛ پێم وایە لەسەر حەق بوو، هەرچییەکی هەبوو لە پێناوی ئێمەدا بەخشیی... هەمیشە لە نێو پانتۆڵی کۆن و کراسی یەخە دڕاودا بوو کەچی ئێمەش لە نێو پۆشاکێ بووین لە هی نەجیبزادەکان دەچوو. جیردا پەلەکە ئا ئەوە کەشتییەکەیە کە بەهەڵم کار دەکات شووت لێدەدات... دایکم لەبەردەمی هۆڵەکەدا دانیشتووە... نەخێر... ئێستا زیندوو نییە... ئای لەو دایکە بەدبەختەمان لەگەڵ ئێمەدا نابێت... تا ئێستا لەوێدا، لە ڕۆخی دەریاکەدایە من نایبینم... کارەکە بێ ئەو خۆش نابێ... ئەوەتا ئێستا بەرەو ئێرە دێ... ئێستاش پشووی درێژی هاوینەمان دەست پێدەکات.

(گرە سورەکان بە تەوژمتر دەبینرێن کوڕ و جیردا بەسەر دەما دەکەونە سەر زەوی)

پەردە

# گەمە بە ئاگر

**EKA MED ELDEN**

کۆمیدیاییێکە، لەیەك بەش

**کارەکتەرەکان**

*باوك: تەمەنی شەست ساڵە سووخۆرە*

*دایك: تەمەنی پەنجاو هەشت ساڵە*

*کوڕ: تەمەنی بیست و حەوت ساڵە وێنەکێشە*

*ژنی کوڕ: تەمەنی بیست و چوار ساڵە*

*هاوڕێ: تەمەنی بیست و شەش ساڵە*

*کچی مام: کچێکە تەمەنی بیست ساڵە*

***دیمەنی یەکەم***

بانیژەییێکی دەرێ، بەشێوەی هۆڵ کەرەسەی تێدا دانراوە، دەرگاییێك بۆ باخچەکە دەچێ، لە هەردوو لایشەوە دەرگای دی هەن...

زەمەن ئێستایە و جێگایش یەکێکە لە شارەکانی ڕۆخی دەریا...

کوڕ دانیشتووە سەرقاڵی وێنەکێشانە، ژنی کوڕ دێتە ژووری پۆشاکەکەی ڕۆبی بەیانیانە...

کوڕ: هێشتا وەخەبەر نەهاتووە؟

ژنی کوڕ: (ئەکسل) بە چ بزانم؟

کوڕ: پێم وابوو تۆ بۆ ئەوە چوبووی تا لەوە دڵنیابیت.

ژنی کوڕ: شەرم ناکەیت ئەگەر دڵنیابام کە تۆ هەرگیز غیرە ناکەیت، ئەوا گومانم لەوە دەکرد کە...

کوڕ: ئەگەر منیش دڵنیانەبام کە تۆ هەرگیز خیانەتم لێ ناکەیت. ئەوا گومانم لەوە دەکرد کە...

ژنی کوڕ: بۆ؟ ڕێك لەم کاتەدا...

کوڕ: بیستت پێم گوتی کەر... بەڵام لەمەڕ ئەکسل–ی هاوڕێمان تۆ دەزانی من تەقدیری هاوڕێیەتی چ کەسێ ناکەم بەقەد ئەوەی تەقدیری هاوڕێیەتی ئەو دەکەم تۆیش بەشداریم دەکەی، خۆشبەختانە هەمان هەستت لە ئاست ئەو ڕوحە داهەزیوە هەیە پێدەچێ هەموو شتێ وەك پێویست بێ...

ژنی کوڕ: پیاوێکی بەد بەختە، بەڵام هەندێ جار بەشێوەیەکی سەیر ڕەفتار دەکات، بۆ لە هاوینی ڕابردوودا ئاوها لەپڕ بەجێی هێشتین، بێ ئەوەی خوا حافیزیمان لێ بکات هەموو کەلو پەلەکانیشی جێ هێشت...

کوڕ: بەڵێ ئەوەیان چیرۆکێکی سەیر بوو، پێم وا بوو حەزی لە «بادیل»ە

ژنی کوڕ: پێت وابوو؟

کوڕ: بەڵێ... بەڵام ئێستا پێم وا نییە، دایکم پێی وایە بۆ لای ژن و منداڵەکەی گەڕابووەوە

ژنی کوڕ: ئەمەیان چۆن... بۆ ژنەکەی تەڵاق نەداوە؟

کوڕ: تا ئێستا نەء... چاوەڕێی بڕیاری دادگا دەکات...

ژنی کوڕ: تۆ پێت وابوو حەزی لە (بادیل)ە لەمەڕ ئەم باسەوە پێشتر قسەت نەکردووە؟ چاکە گەربۆ یان لوابا بەیەکەوە ژیابان، کارێکی چاك دەبوو.

کوڕ: کێ ئەمە دەزانی... ئادیل بەبێ هەست گەمە دەکات.

ژنی کوڕ: کێ؟ وێ؟ وابێ زانیاریت دەربارەی کەمە... زۆر کەمە.

کوڕ: بەژنی سەرنج ڕاکێشە، بەڵام گەر هەندێ هەستی هەبا... ئەمەیان نامەوێ قسەی لێبکەم.

ژنی کوڕ: گەر هەیبا؟

کوڕ: لەهەستەکانە هەندێکی هەیە؟

ژنی کوڕ: بەڵێ... ڕۆژێ لە ڕۆژان هەندێکی ئاشکراکات

کوڕ: بەڕاست.

ژنی کوڕ: پێدەچێ بایەخی دەدەیتێ...

کوڕ: بەشێوەیەك لە شێوەکان.

ژنی کوڕ: بە چ شێوەیەك؟

کوڕ: تۆ دەزانی بەر لە ئێستا (ئادیل) وەك مودیلی مەلەوان بەرانبەرم وەستا.

ژنی کوڕ: ئەمە چاك دەزانم... جاکێ بەرانبەرت وەکو مۆدێل نەوەستاوە؟ تکام وایە سکێچەکانت پیشانی هەموو کەسێ مەدە... ئەوا پیرێژنیش بەرەو ئێرە دێ.

## دیمەنی دووەم

هەمان کەسەکان دایك بە پۆشاکێکی پەرپووت و شەبقەیەکی یابانی گەورەوە دێتە ژوورێ، سەبەتەیەك خۆراکی پێیە.

کوڕ: دایکە ڕێك وەکو شەیتان دەکەویتە ڕوو

دایك: ئاوها بەبێ ئەدەبی قسەم لەگەڵ دەکەی (سەرزەنشتی دەکات)

ژنی کوڕ: "کنوت" پیاوێکی ترسێنەرە... بەلام چیت کڕیوە؟

دایك: ماسی نایابی چەشنی (داب)م کڕیوە...

کوڕ: (لەناو سەبەتەکەدا دەگەڕێ) نەفرەت... بەلام ئەمە چییە... بێچووە مراوی؟

ژنی کوڕ: تەنها نەختێ قەڵەو بایێ... دەست بە ئێرەدا بێنە ژێری سنگی.

کوڕ: پێم وایە سنگ شتێکی جوانە

ژنی کوڕ: شەرم ناکەیت

دایك: چاکە... هاوڕێکەتان دوێنێ شەو سەردانی کردن؟

کوڕ: هاوڕێکەمان... هاوڕێی کریستین تاڕادەی شێت بوون حەزی لێیەتی... بەخەیاڵما دەهات دوێنێ شەو ئێوە یەکدیتان ماچ دەکرد

دایك: (کنوت) نەکەی بەم شێوەیە گاڵتە بکەی... ئەوەی بە ئاگر گەمە بکات...

کوڕ: ئەمە دەزانم... بەڵام من منداڵ نیم... بەموناسەبەتەوە ئایە تەسەور دەکەیت، من وا بکەومە ڕوو کە دەبێ غیرە بکەم...

دایك: کارەکە پەیوەست نییە بەو شێوەیەی کە دەبێ بکەویتە ڕوو... کریستین وانییە؟

ژنی کوڕ: تێناگەم لەمەڕ چی قسان دەکەن

دایك: (بەئاسپایی دەست بە گۆنایدا دەکێشێ) وریابە

کوڕ: بەشێوەیەکی ترسێنەر کریستین بەریئە... ئاگادارت دەکەمەوە پیرێژن نەك خراپی کەیت...

دایك: شێوەی گاڵتەکەتان قێزەوەنە تاڕادەیەك مرۆ ناتوانێ بزانێت چ کاتێ ڕاست دەکەن.

کوڕ: من هەمیشە جدیم...

ژنی کوڕ: پێموایە ڕاست دەکەی، تۆ هەرگیز پێناکەنی، کە شتە تورەهاتەکانت دەدرکێنی ئێوە دەست بەشەڕی بەیانیان دەکەنەوە... دوێنێ شەو چاك نەنووستوون؟

کوڕ: هەر نەخەوتووین.

دایك: نەفرەت جێتان دڵم نەوەك باوکت بێت دەست بکات بە جنێودانی من...

کوڕ: باوکم، لە کوێیە؟

دایك: لەگەڵ (ئادیل) بۆ پیاسەی بەیانیان چووە.

کوڕ: غیرەی لێ ناکەیت؟

دایك: ئۆه...

کوڕ: بەڵام من غیرە دەکەم.

دایك: غیرە لە کێ دەکەیت؟ گەر ڕێی ئەم پرسیارەم بدەیت...

کوڕ: ئەڵبەتە لە پیرەمێردەکە...

دایك: کریستین... گوێت لێ بوو؟ خۆشبەحاڵت هاتوویتە نێو خانەوادەیێکی بەختەوەر.

ژنی کوڕ: بەڵێ... گەر بە چاکی (کنوت)م نەناسیبا، گەر نەمزانیبا ئەم هونەرمەندانە قەومێکی جیاوازن، ئەوسا هەستم بەوە دەکرد کە بەتەواوی ئینتیمائم بۆ ئەو خانەوادەیە نییە...

کوڕ: بەڵێ من هونەرمەندم... بەڵام دایك و باوکم وردە برژوازین و بەری دیدیان کورتە...

دایك: (بێ شەرەنگێزی) تۆ برژوازییە چکۆڵەکەیت کە بەری دیدت کورتە... هەرگیز پوولێکت وەدەست نەهێناوە، تۆ ئێستا تەمەنت گەورەیە. باوکت برژوازییەکی دید کورت نەبووە کە ئەم خانووەی بۆ نەناسراوێکی وەکو تۆی دروست کرد...

کوڕ: ئاهـ... کوڕی گەورە کارێ نییە خۆشی ببەخشێ... ئێستا لێرە برۆ دەنا جنێوی ئەوت بەردەکەوێ... ئەمەیش ئەو شتەیە کە نامەوێ گوێم لێ بێ... پەلەکە... پیرەمێردەکە بەرەو ئێرە دێ...

دایك: ئەم رێیە دەگرم(دەڕوات)

کوڕ: ئەم ماڵە کزە، بایێکی نەفرەت لێکراوی لێیە... کزە بایێکی حەقیقی

ژنی کوڕ: دایك و باوك ناتوانن لێمان گەڕێن هەندێ کات بە ئارامییەوە بژین... بۆ ئەم هەموو خۆ هەڵواسینە تا بچینە سەر خوانیان... نابێ خۆمان موتبەخی تایبەتیمان هەبێ.

کوڕ: رێك وەك ئەوەی خۆراك هەڵدەی بۆ چۆلەکەکان لە کەناری پەنجەرەیشەوە سەیریان کەیت دڵ بەوە خۆش کەی چۆن خۆراکەکە هەڵدەگرنەوە...

ژنی کوڕ: (ڕوو لە ئاستی دەرێ دەکات، گوێ هەڵدەخات) بەسە... هەوڵدە، پیرەمێردەکە هان دە لە شەڕی بەیانیان بەدووری خەیت.

کوڕ: گەر بمتوانیبا دەمکرد، بەڵام ئامادە نییە هەمیشە میزاجە میهرەبانەکەم قەبوڵ کات.

***

### *دیمەنی سێهەم*

هەمان کەسەکان باوك بە بەروانکێکی سپیی بێ قۆڵ و بە چاکەتێکی مەخمەڵی رەشەوە دێتە ژوورێ، گوڵێك دەخاتە یەخەی چاکەتەکەی کچە مام بە نێو ژوورەکەدا دەسووڕێتەوە، پاشان تەپ و تۆزی سەر کەلوپەلەکان دەتەکێنێ...

باوك: (بێ ئەوەی شەبقەکەی بەرزکاتەوە) بەیانییێکی ساردە...

کوڕ: دەتوانم ئەمە ببینم

باوك: چۆن دەتوانی؟

کوڕ: بەلای کەمەوە دەبینم سەرت دەلەرزێتەوە

باوك: (بە سووکایەتیەوە سەیری دەکات)

ژنی کوڕ: کنوت کابرایێکی ڕووداری
باوك: شێت دەبێتە مایەی غەمباری بۆ خودی خۆی بەڵام باوکی شێت هەرگیز ئۆقرەی بۆ ناگیرێ
کوڕ: ئەم هەموو حیکمەتەت لە کوێوە بۆ دێت؟
ژنی کوڕ: (بە کچە مام) بەسە بای پێویست تەپ و تۆزی سەر کەلوپەلە کانت تەکاند ئەی هاوڕێی ئازیزم
باوك: ژنی زیرەك ماڵ دروست دەکات... بەڵام پیاوی شێت بەسەرەڕۆییەکەوە دەتوانێ وێرانی کات.
کوڕ: ئادیل گوێت لێیە؟
کچە مام: لەگەڵ منتە؟
کوڕ: بەڵێ لەگەڵ تۆمە... ئەم حیکمەتەش لەکوێوە هاتووە، وەك ژنێ ئابڕووی نەپارێزێ مانەندی بەرازە بەلووت سەتڵێ هەڵگرێ
ژنی کوڕ: کنوت ئەمە چییە؟
باوك: دوێنێ ئێوارە درەنگ کەسێك سەردانی کردن
کوڕ: پێتوایە کاتەکە گەلێ درەنگ بوو؟
باوك: گومان بۆ هیچ شتێك ناکەم، بەڵام پیاوێکی گەنجی مانەندی ئەو دەتوانێ کاتێکی موناسیبتر هەڵبژێرێ.
کوڕ: تۆ لەگەڵ ئەمەشدا هەر پێتوایە...
باوك: کە هات داوەتی ئێوەی وەجێ هێنا بوو؟
کوڕ: ئەمە لێپرسینەوەیە... پێدەچێ تۆ سپرینگی گوشاری سەر کەڵە پەنجەت پێ بێ...
باوك: نەخێر ئەوە لە مومتەلەکاتەکانی شەخسی تۆیە هەر پرسیارێ دەکەم هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە لێرە بگوازنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئێوە دەزانن ئەم ماڵەم بۆ ئێوە دروست کردووە بەلای کەمەوە هەر هیچ نەبێ کە گەیشتە تەمەنی پیری هەست بەوە دەکات دەبێ بۆ خەڵکانی دی بژێت...
کوڕ: لەم تەمەنەدا هەند گەورە نییت، ئەمرۆ کە چوویتە دەرێ گوڵێ بەقەد یەخەی چاکەتەکەتەوە بوو، وا دەکەوتیتە بەر چاو کە بۆ موغازەلە دەرچوویتەتە دەرێ...
باوك: هەموو شتێ سنووری هەیە؛ هەروەها گاڵتەیش دەنا کریستین ئیعتیقادی چ دەکەی؟

ژنی کوڕ: کنوت ترسێنەرە... ئەگەر دڵنیا نەبام مەبەستی لە گوتەکانیا هیچ نییە... وابێ ئەو گەوجە (سەرەنجی پۆرتریتێکی سەرەتایی هاوڕێکە دەدات) ئەمە وێنەی کێیە؟

کوڕ: نابینی، وێنەی هاوڕێکەمانە... هاوڕێی خانەوادە

باوك: گوزارشتەکانی شەڕخوازە... لەم وێنەیەدا وا دەردەکەوێ کە پیاوێکی بەدە

ژنی کوڕ: بەڵێ لەم وێنەیەدا... بەڵام خۆی وا نییە

باوك: ئەو ئینسانەی ئایینی نەبێ ئینسانێکی بەدە ئەو پیادەی ژنەکەی بەجێ دێڵێ پیاوێکی بەدە...

ژنی کوڕ: بەڵام ژیانی ژن و مێردایەتی جێ نەهێشتووە. بەڵکو بڕیارەکەی بۆ دادگا جێهێشتووە تا لەمەڕ کارەکە سەرەنجی دات

باوك: بەر لە ئێستا کنوت هەمیشە بەخراپی باسی ئەم هاوڕێیەی دەکرد... چۆن وای لێهات ئێستا بووەتە دۆستی؟

کوڕ: لەمەوبەر نەمدەناسی؛ ئێستا دەیناسم... ئێستا لە شەڕی بەیانیانت تەواو بوویت؟

باوك: پێشتر ئەم پەندەت بیستووە؟

کوڕ: هەموو پەندو حیکایەتەکانم بیستووە...

باوك: ئەوین کاتی خۆی هەیە و نا حەزیش کاتی خۆی... بەیانیتان باش.

(دەڕواتە دەرێ)

***

## *دیمەنی چوارەم*

کەسانی پێشتر جگە لە باوك

ژنی کوڕ: (لەگەڵ کچە مامدا قسە دەکات کە خەریکی ئاودانی گوڵەکانە) هاوڕێ خۆشەویستەکەم، گوڵەکان ئاو دراون

کچە مام: تۆ حەزت لەمن نییە... بەهاوڕێ بانگم مەکە...

ژنی کوڕ: تۆ بۆ من ناحەز نیت سەرەڕای ئەوەی کە تۆ سونگەی هەموو ناکۆکییەکانی نێوان خانەوادەیت.

کوڕ: ئاوها... وابێ ئێستا ئێوەش دەستپێدەکەن

ژنی کوڕ: تەنها هەندێ خۆشیم دیبا لەوەی (ئادیل) خەمی ماڵەکەمیەتی... هەمیشە ڕەخنەو سەرزەنشت بەرێوەیە گەر بیەوێ خزمەتێکم بکات.

کچە مام: لەبەر ئەوە تۆ هەست بەمە دەکەی، چونکە کاروباری ماڵەکەت و مناڵەکەت پشتگوێ خستووە بەڵام من هەر کارێکی دەیکەم یەك ئامانجم هەیە... دەیشیڵێم... کەسێکی سوود بەخش بم تا هەست بەوە نەکەم لەسەر سەدەقە دەژیم... بەڵام تۆ... تۆ...

کوڕ: (لەکچە مام نزیك دەبێتەوە سەیری دەکات) گەر ڕۆحی گەمەت هەبا... ئەو دەمە دەبوویتە خاوەن سۆز

ژنی کوڕ: چت حەق بەسەر سۆزەکانیەوە هەیە؟

کچە مام: ڕاست دەکەی... نابێ هەژاران خاوەن سۆزو باری سەرەنج و حەزو هەستیان هەبی... ئەوەی کچە دەوڵەمەندێ بخوازێ، ئاهەنگەکەیش لە کەنیسەدا ساز دات، دەتوانێ هەموو شتێ بکات... دەتوانێ ڕوو لەخوانێکی تێرو تەسەل بکات... بە سکە خشکێ بەرەو نوێنێکی نەرم بکشێ شەو ورِ وۆژیش وەك بەراز بژێیت...

ژنی کوڕ: شەرم ناکەیت

کچە مام: لەمن گەڕێ... من هەموو شتێ دەبینم... هەموو شتێکیش دەبیستم.

(دەچێتە دەرێ)

***

## *دیمەنی پێنجەم*

دوو کەسەکەی پێشوو، جگە لە کچە مام...

کوڕ: پێموایە شەیتان لەم ماڵەدا دەسوورێتەوە

ژنی کوڕ: هێشتا نەسووڕاوەتەوە... ڕەنگە دەست پێ بکات... وریابە لەم کچە... ڕەنگە دایکت بمرێ؟

کوڕ: پاشان چیی دی؟

ژنی کوڕ: ئەوسایش باوکت جارێکی دی ژن دەهێنێتەوە

کوڕ: ئەدیل دەخوازێ

ژنی کوڕ: بەڵێ

کوڕ: ئا... بەموناسەبەتەوە... ئێمە دەبێ نەهێڵین ئەمە ڕوویدات. مەبەستم دەبێ ببێتە ژنی باوکم، مناڵەکانیشی بەشە میراتیان بەرکەوێ...

ژنی کوڕ: دەڵێن خەزوور لەمەڕ ئادیل-ە وە لە ئێستاوە وەسیەتنامەی نووسیوە...

کوڕ: لەمەڕ پەیوەندییەکەیانەوە چ تەسەور دەکەیت؟

ژنی کوڕ: هەموو شتێك وە هیچ شتێ... ئەوەی ڕوونە حەزی لە ئافرەتەکەیە...

کوڕ: حەزی لێیەتی؟ ڕەنگە وابێ، بەڵام لەمەزیاتر نییە.

ژنی کوڕ: تا ئەو ڕادەیە حەزی لێیەتی غیرە لە ئەکسڵ دەکات.

کوڕ: بەڵام مرۆ دەتوانێ ئەو دووگەنجە بەرەو زەواج بەرێ؟

ژنی کوڕ: ئەکسل بە ئاسانی ژن ناهێنی

کوڕ: چۆن نا... وەکو هەموو بێوە پیاوێ غەرقی حەز بووە.

ژنی کوڕ: بەڵام من بەزەییم پیا دێتەوە... چاکەکارترە لەوەی شەیتانێکی ئاوها بخوازێ...

کوڕ: نازانم ئەمساڵ کەش و هەوا چۆن دەبێ... بەڵام وا دەکەوێتە بەرچاو هەواکە قورس بێ، زریانێ بەرێوەیە حەزێکی زۆرم بۆ سەفەرکردن هەیە.

ژنی کوڕ: بەڵێ... بەڵام ناتوانی هەندێ لە تابلۆکانت بفرۆشیت ئەگەر سەفەر بکەین باوکت یارمەتی ساڵانەکەمان لێ دەبڕێ... هەموو ئەمانە بۆ ئەکسل دەگێڕینەوە... دەتوانێ یارمەتیمان بدات، توانای هەیە بۆ تەدبیر کردنی کاروباری کەسانی دی بەڵام بۆ کارەکانی خۆی دەستەوەستانە

کوڕ: نازانم... بەعاقڵی نازانم لێگەڕێن غەریبان دەست وەردەنە ناخۆشییەکانی خانەوادە.

ژنی کوڕ: ئەم تاقە هاوڕێیەمان بە غەریب دەشوبهێنی؟

کوڕ: بەڵێ... هەر کێیەك بێت... نزیك ئەو کەسەیە، خزمایەتیت لە گەڵیا هەبێ... جگە لە مە چیدی نییە... پیرە مێرد گەلێ جار قسەیێك دووبارە دەکاتەوە: هەمیشە ڕەفتارت لەگەڵ هاوڕێکانت بەو شێوەیە بێت، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دەبنە ناحەزی یەکدی...

ژنی کوڕ: ئاو ها... دەستت کردەوە بەوەی پەنا ببەیتە بەر قسەکانی پیرەمێرد، کە پەندێکی گەنی دیشی هەیە، ئاگاداربە لەو کەسەی خۆشت دەوێ...

کوڕ: کارێکی ترسناکە کە دەست بە دووبارە کردنەوەی حیکمەتەکانی دەکات.

ژنی کوڕ: (بەرەو کوێ) بەڵێ لە کۆتاییدا (بەرەو ئەکسل دەچیت) بەیانی باش ئەی ئەو کەسەی تا درەنگانێ دەخەوێ...

***

***دیمەنی شەشەم***

هەمان کەسەکان... هاوڕێکە دێتە ژووریٚ پۆشاکی هاوینەی ڕەنگ کاڵی پۆشیوە مل پێچێکی شینی لەملەو جووتە پێڵاوی سپی تەنسی لە پێیە...

کوڕ: بەیانیت باش

هاوڕێکە: بەیانیت باش هاوڕێیان... ئێوە چاوەڕێی منتان دەکرد؟

ژنی کوڕ: بەڵێ

کوڕەکە: ژنەکەم پەشێوی ئەوە بوو دوێنیٚ شەو نەخەوتوویت

هاوڕێکە: (بە شڵەژانەوە) چت مەبەستە؟ چت مەبەستە؟

کوڕەکە: (بە ژنەکەی) دەبینی، شەرمنۆکە...

ژنی کوڕ: (بە فزوولەوە سەرنجی هاوڕێکە دەدات)

هاوڕێکە: بەیانێکی نایابە... مرۆکە لە ژێر بنمیچی دووکەسی بەختەوەردا بنویٚ... ژیان بەڕوویدا زەردەخەنە دەپرژێنیٚ

کوڕەکە: پێتوایە ئێمە گەلیٚ بەختەوەرین...

هاوڕێکە: بەڵیٚ... دووجار لە ئێوە بەختەوەرتر باوکتە... دەبینیٚ منداڵەکان و نەوەکانیان سەرلەنویٚ ژیانی بەختەوەرانە دەژێنەوە... خەڵکی بەدەگمەن ئەم جۆرە پیریتییەیان دەست دەکەویٚ.

کوڕەکە: ئێرەیی بە خەڵکی دی مەبە

هاوڕێکە: من ئیرەیی بەکەس نابەم، بەڵکو بە پێچەوانەوە، من حەز دەکەم هەمان بەختەوەری ئەوانم هەبیٚ کە لە ژیاندا بەختەوەرن، ڕەنگە هیوام پیٚ ببەخشن کە ژیان لە داهاتوودا وەك ژیانی ئەوان بێت. بەتایبەتی کە مرۆ درك بەوە بکات کە چ ژیانێکی ئاڵۆز ئەو باوکە ژیاوە، ئیفلاس... ژیانی تاراوگا... بێزارو لەلایەن خانەوادە.

کوڕەکە: بەڵام ئێستا خانوویێك و چەندین عەقاراتی هەیە... کوڕەکەیشی بە جوانترین شێوە ژنی هێناوە... ئەریٚ وانییە؟

هاوڕێکە: بەڵیٚ... بیٚ گومان...

کوڕەکە: گویٚ گرە... ساڵی پار تۆ حەزت لە ژنەکەم کردبوو...

هاوڕێکە: نەء... ناتوانم ئیدیعای ئەمە بکەم، تەنها هەندێ مەیلم بۆی هەبوو... بەڵام ئێستا ئەو مەیلەش لە نێو چوو...

ژنی کوڕ: دڵنیام ئێوە بە پەلە دەگۆڕێن

هاوڕێکە: بەڵێ لە حەزەکانماندا... ئەمەیش مایەی خۆشبەختیمە

کوڕەکە: بەڵام بۆ هاوینی رابردوو لە پڕ سەفەرتان کرد؟ ئایە بەهۆی ژنی یەکەمەوە بوو، یا بەهۆی ئادیل؟

هاوڕێکە: (بە سەر سوڕمانەوە) تۆ لە پرسیارکردنا فزووڵیت.

کوڕەکە: وابێ ئەوە بەهۆی ئادیل–ەوە بووە... کریستین دەبینی

ژنی کوڕ: زەروور نەبوو لێی بترسێ

هاوڕێکە: من لە ژنان ناترسم بەڵام لە سۆزەکانم دەترسم بۆ ژنان

کوڕەکە: مەوهیبەیەکی نا ئاساییت لە پێچ و دەورەدا هەیە... بۆیە زۆر گرانە مرۆ تێتبگات.

هاوڕێکە: بۆ دەخوازی مرۆ لەمن بگات... زیاتر لەوەی لە کەسانی دی بگات.

کوڕەکە: دەزانی باوکم بەر لە هەندێ لەمەڕ وێنەکەت چیی گوت؟

ژنی کوڕ: کنوت

کوڕ: گوتی وێنەکە ئەوە دەخاتە ڕوو کە ئینسانێکی بەدە

هاوڕێکە: ڕەنگە لەگەڵ ئەسڵدا یەکانگیربن... چونکە من لەم ساتەدا هەست دەکەم بەڕاستی من خراپم

ژنی کوڕ: ئێوە کە کەسان دەدوێنن، شانازی بەمەوە دەکەن کە بەدکارییەکانی خۆتان بخەنە ڕوو.

هاوڕێکە: ڕەنگە ئەمە بۆ ئەوە بکەم، تا بیانشارمەوە.

ژنی کوڕ: نەخێر تۆ ئینسانێکی چاکیت... گەلێ چاکتری لەوەی کە دەتەوێ... بەڵام نابێ وا لە هاوڕێکانت بکەیت لێت بترسن

هاوڕێکە: تۆ لەمن دەترسیت؟

ژنی کوڕ: بەڵێ... جار جارە... ئەو کاتانەی کە هی ئەوە نیت لێت بگەن...

کوڕەکە: دەبێ دووبارە زەواج بکەیت... ئەمە هەموو پێویستییەکەتە

هاوڕێکە: هەموو پێویستییەکم... جا کێ بخوازم؟

کوڕەکە: بۆ نموونە ئادیل

هاوڕێکە: لێت دەپاڕێمەوە لەمەڕ ئەم باسەوە قسان مەکە...

کوڕەکە: سەیرکە، ئەوە خاڵە حەساسەکەیە وابێ، سەفەرەکەتان بەهۆی ئەدیل بوو.

هاوڕێکە: ئێستا هاوڕێیانی خۆشەویست... ڕەنگە چاکتر بێ ڕۆبێکی ڕەش بپۆشم...

ژنی کوڕ: پێویست بەوە ناکات، ئەم بەدلەیە جوانە ئادیل حەزتان لێدەکات...

کوڕەکە: گوێت لە ژنەکەم بوو دەڵێ تۆ شیکیت؟

هاوڕێکە: تا ئەم ڕادەیە ڕایەکەی لەمەڕ بەدلەیێك بەختەر دەزانی

کوڕەکە: باو نییە ژنان موجامەلات بکەن بەتایبەتی لەمەڕ پیاو... بەڵام ئێوەیش خەڵکانێکی باو نیین

هاوڕێکە: لەگەڵما دێنە دەرێ بۆ ئەوەی بەیەکەوە بەدووی ژوورێکدا بگەڕێین...

ژنی کوڕ: چی؟ ناتەوێ لەمە زیاتر لە لاماندا بمێنیتەوە؟

هاوڕێکە: نەخێر... هەرگیز ئەمە ئامانجم نەبوو

کوڕەکە: وابێ ئاوها...

ژنی کوڕ: پێمان بڵێ... بۆ ناتەوێ لە لای ئێمەدا بمێنیتەوە؟

هاوڕێکە: نازانم... نامەوێ ئەزیەتتان دەم... ڕەنگە ئەوە ڕووبدات یەك لەوی دی بێزار بێ.

ژنی کوڕ: لە ئێمە بێزار بوویت؟ گوێ گرە... نابێ ئەمە بکەیت... مەبەستم موستەحیلە لەو دێیەدا بژیت... ئەوسا خەڵکەکە دەست بە قسان دەکەن.

هاوڕێکە: قسان... چ قسەیەك؟

ژنی کوڕ: ئاه... تۆ دەزانی خەڵك قسە دروست دەکەن

کوڕەکە: کارەکە ڕوونە... دەبێ تۆ لێرە بمێنیتەوە... لێگەڕێ با قسان بکەن... ئەگەر لێرەدا بمێنیتەوە ئەوا عەشقی ژنەکەمی، ئەگەر لە گوندەکەدا بمێنیتەوە مانای ئەوەیە تۆ پەیوەندیت لەگەڵدا پساندووە ئەڵبەتە... یامن دەرم کردوویت، پێم وایە شەرەفمەندترە کە تۆ عەشقی ژنەکەم بیت.

هاوڕێکە: تۆ زیاد لە پێویست بەڕوونی گوزارشت لە خۆت دەکەیت، ڕاستتر دەمەوێ

بەجۆرێ بیر بکەمەوە موناسیب بێت لەگەڵ شەرەفی ئێوەدا...

کوڕەکە: سونگەیێکی دی هەیە وا لە ئێوە دەکات و ناتانەوێ بیڵێن.

هاوڕێکە: بەسەراحەت ناتوانم بمێنمەوە... بەڵێ... ئینسان بەئاسانی دەتوانێ ڕابێتە سەر ژیانی کەسانی دی... ڕابێت و چێژ لە ژیانی کەسانی دی وەرگرێت... لە کۆتایشدا بچێتە نێو پەیوەندی عاتفییەوە لەگەڵ ئەوانی دیدا... پاشانیش جیابوونەوە قورس دەبێ...

کوڕ: بۆ دەبێ جیاببینەوە؟ تەواو... لێرەدا دەمێنیتەوە... دەستت درێژ کە بۆ باسکی ژنەکەم دەچینە دەرێ، پیاسە بکەین.

هاوڕێکە: (بەهەندێ دوودڵییەوە هاوڕێکە باسکی بۆ ژنی کوڕەکە درێژ دەکات)

ژنی کوڕ: پێموایە باسکت دەلەرزێت... کنوت دەلەرزێ.

کوڕەکە: چ مێردێکی موناسیبە–، بەڵام بەڕاستی لەرز دایگرتووە... گەر هەست بە سەرما دەکەی لەماڵێدا بمێنەوە...

هاوڕێکە: گەر ڕێم بدەن دەمەوێ لێرەدا بمێنمەوەو ڕۆژنامە بخوێنمەوە.

ژنی کوڕ: لەهەموو دڵێکمەوە... من و کنوت دەچینە بازاڕ

(ئیشارەت دەکا بەرەو دەرێ دەدات) ئادیل وەرە لێرەدا شتێ بۆ تۆیە...

***

## دیمەنی حەوتەم

هەمان کەسەکان لەگەڵ ئادیل

هاوڕێکە: خانم دەتەوێ لەگەڵ مندا بمێنیتەوە، کاتێ ئەو ژن و مێردە دەچنە بازاڕ؟

کچە مام: لەگەڵ تۆدا بمێنمەوە؟ بۆ؟ لەتاریکی دەترسی؟

هاوڕێکە: بەڵێ زۆر.

(کوڕ و ژنی دەچنە دەرێ) (هاوڕێکە دڵنیا دەبێ کە هەردووکیان تەنهان) نامەوێ ئەو موناسەبەیەم لەدەست چێ بۆ ئەوەی وشەیێکی زۆر تایبەتتان پێ بڵێم... ئەویش لەبەر ئەوەی تۆ خزمایەتیت لەگەڵ ئەم خانەوادەیە هەیە... ئایە ڕێم دەدەی؟

کچە مام: فەرموو

هاوڕێکە: تۆ دەزانی من چەندێ ئەم دوو گەنجەم خۆشدەوێ... دەبینم بزە دایگرتوویت... تێدەگەم چت مەبەستە، حەقیقەتێکی تەواوە... کریستین وەك ژنێکی گەنج هەندێ لە جازبییەتی خۆی بەسەر مندا تاقی دەکاتەوە... لەگەڵ ئەمەشدا من دڵنیات دەکەم کە جڵەوی سۆزەکانی خۆمم گرتووە... بەڕادەیێك جارێکیان ویستی پەت بپسێنێ...

کچە مام: جێی سەرسوڕمانی من نییە کە تۆ هەندێ حەزت لە کریستینە بەڵام لەگەڵ کنوتدا هاوڕێیەتی دەکەیت، ئالەمەیان تێناگەم... بەڵێ پیاوێکی هیچ و پووچە... لە ئاستی تۆدا نییە چ لە بەهرەو چ لە تاقیکردنەوە...

هاوڕێکە: مەبەستت ئەوەیە کە تەنها منداڵە... بەڵام ئا ئەلەمەدا حەوانەوە بەدی دەکەم، پاش ئەوەی زستانێکی تەواوە لەگەڵ ڕۆشنبیردا بووم...

کچە مام: گەمە لەگەڵ منداڵاندا خۆشە، بەڵام هەندێ جار قورس دەکەوێتەوە... بەڵام تۆ لەگەڵ کنوت دا ماندوو نابی... بۆ؟

هاوڕێکە: لەم بارەیەوە بیرم لێ نەکردووەتەوە، پێدەچێ تۆ بۆ ئەم کارە بیرت کردبێتەوە... تەسەوری چ دەکەیت؟

کچە مام: تۆ بەبێ ئەوەی ئاگات لێ بێ حەزت لە کریستین–ە

هاوڕێکە: پێم وانییە، لە حەقیقەتدا من هەردووکیانم بەیەکەوە خۆشدەوێ بەڕادەیەك چ لەززەتی نابینم گەر بەتەنها هاوڕێیەتی یەکێکیان بکەم، گریمان کارەکە وابێ وا تۆ تەسەوڕی دەکەیت... یانی من حەزم لە کریستین بێ... مادامێ کە من جڵەوی سۆزەکانی خۆم گرتووە، چ ڕوو دەدات؟

کچە مام: سۆزەکان جیاوازییان لەوەدایە دەگوێزرێنەوە، بەپەلەیش وەك ئاگر بڵاودەبنەوە.

هاوڕێکە: ڕەنگە ئەمە وابێ... بەڵام چ مەترسیێك بەدی ناکەم... دەتوانی تەواوێ دڵنیا بیت من پاش ئەوەی لەم دواییانەدا ئازارەکانی تەڵاق ئەزیەتی دام چ ئارەزوویەکم نییە بەتاقیکردنەوەیەکدا، تێپەڕم یا ببمە هۆیەك بۆ تاقیکردنەوەکە... بێجگە لەمانە... کریستین خانم حەزی لە مێردی خۆیەتی...

کچە مام: حەزی لێیەتی؟ هەرگیز حەزی لێ نەبووە... خۆشەویستییەکەیان لە شێوەی پەیوەندی ژن و مێردایەتی بێ جوڵەیە... بەڵام خوو خدەی کنوت ئەوەیە کە خاوەن سۆزێکی بەجۆشە... تا ئەو ڕادەیەی کە ڕەنگە خەم بۆ هەندێ (تو)و (شیر) بخوات.

هـاوڕیکە: گویّ گرە، دڵنیام کەتۆ داخوازی کراویت

کچە مام: چۆن؟

هـاوڕێکە: وا دەکەوێتە ڕوو کەتۆ لە مجۆرە کارانە شارەزابیت و بۆیە بەقوڵی سەرەنجی مەوزوعەکە دەدەم... وا دێتە بەرچاوم کارەکان لە ساڵی پارەوە گەلیّ گۆڕاون...

کچە مام: چۆن؟

هـاوڕێکە: پێم وایە کەشی ئێستا کەشێکی دییە، هەروەها جۆری بیرکردنەوەی خەڵکی و قسانیان ئەمەشیان جۆرێکی دییە شتێك هەیە پەشێوی کردووم...

کچە مام: تۆ ئەمەت بەدی کردووە خانەوادەیێکی سەیرن باوك بیّ کارە، دە ساڵە پارە بەسوو دەدات... کوڕەکەیش بیّ کارە لەوەتەی لەدایك بووە سووخۆرە... ئەمانە ئەخۆن و دەخەون، چاوەڕێی مەرگن بەو شێوە کەیفبەخشەی کاتی پیّ بەسەر بەرن، لە ژیاندا هیچ ئامانجێکیان نییە چ تەموح و چ موعاناتێکیان نییە، بەڵام گەلیّ مەوعیزەیان هەیە، سەرنجی ئەوەت داوە ڕستەیەك بەیناو بەین لەم ماڵەدا دووبارە دەبێتەوە: ئینسانێکی بەد...

هـاوڕێکە: بە شێوەیەکی نایاب قسان دەکەیت؟... سەرنجەکانت تیژو سمێنەرن

کچە مام: وەك کینە... بەڵیّ

هـاوڕێکە: ئینسان کاتیّ کە کینەی دەبیّ، وەك تۆ کینەداری دەبیّ توانای خۆشەویستیشی هەبیّ

کچە مام: ... ئەوان

هـاوڕێکە: ئێستا بە بەدی لەسەر هاوڕێکانمان قسەمان کرد... دەبیّ من و تۆ بمانەویّ و نەمانەویّ ببینە هاوڕیّ...

کچە مام: بمانەویّ و نەمانەویّ...

هـاوڕێکە: دەستی خۆتم بۆ درێژکە، بەڵام پەیمانم بدەییّ نامبوغزێنی!

کچە مام :(دەستی دەگریّ) دەستەکانت گەلیّ ساردن

(ژنی کوڕ لە توێی دەرگاکەوە سەرەنجێکی پەلە دەدات)

هـاوڕێکە: بەڵام دەستەکانی تۆ گەلیّ گەرمن

کچە مام: بێدەنگ بە کریستین لەوێدایە

هاوڕێکە: وابێ لە کاتێکی دیدا بەردەوامی بەقسەکانمان دەدەین.

***

### *دیمەنی هەشتەم*

هاوڕێکە... کچە مام... ژنی کوڕ (سەر شانۆ بێدەنگە)

ژنی کوڕ: چییە ئەم بێدەنگییە؟ هاتنم ئیزعاجی کردوون؟

کچە مام: هەرگیز... ڕەنگە من ئیزعاجم کردبن

ژنی کوڕ: (نامەییێك بۆ هاوڕێکە بەجێدێڵێ) ئەم نامەیە بۆ تۆ نێردراوە... لەژنێکەوەیە

هاوڕێکە: (سەرەنجی نامەکە دەدات، ڕەنگی تێکدەچێ)

ژنی کوڕ: چەندێ ڕەنگت تێك چووە... ئەم شاڵەم بگرە... ئەگەر تا ئێستا هەست بەسەرما دەکەیت (شاڵەکە لەشانی خۆی دەکاتەوە دەیداتە سەرشانی هاوڕێکە)

کچە مام: ڕەنگە بۆ ژێر پێت پێویستت بە سەرینێك هەبێ

ژنی کوڕ: چاکتر بوو بتگوتبا سۆپاکە دادەگیرسێنم، پاش ئەو چەند ڕۆژ باران بارینە شوێنەکە پڕە لە شێ...

کچە مام: بەڵێ... بێ گومان تۆ ڕاست دەکەی

هاوڕێکە: ئایە لە پێناوی مندا گەلێ ئەزیەتت چەشت؟

کچە مام: ئەمە شتێکە، شایانی باسکردن نییە...

***

### *دیمەنی نۆهەم*

هاوڕێکەو ژنی کوڕ (بێدەنگی)

هاوڕێکە: چ بێدەنگییەکە...

ژنی کوڕ: ڕێك وەك ئەو بێدەنگییەیە کە کاتێ هاتمە ژووری... چ نهێنییەك بوو دەتانویست بیپارێزن؟

هاوڕێکە: هەندێ نا قایل بووم... ئەمە عادەتێکی کۆنە، قورسە دەسبەرداری بم

ژنی کوڕ: بۆ منیش هەندێ لەو ناقایل بوونەت باس کە... تۆ بەختەوەر نیت...

هاوڕێکە: سونگەی هەرە سەرەکی ئەمە، ئەوەیە کە ناتوانم کار بکەم...

ژنی کوڕ: ئێوە ناتوانن کار بکەن بەهۆی...

هاوڕێکە: هەر هۆیەك بێت.

ژنی کوڕ: تا ئێستاش موتەعەلیقی بە ژنەکەتەوە؟

هاوڕێکە: موتەعەلیق نیم بە خۆی بەڵکو بە یادەوەریەکانی

ژنی کوڕ: وابێ یادەوەرییەکانی وەبیر خۆت مەهێنەوە...

هاوڕێکە: هەرگیز...

ژنی کوڕ: لە پایزی ساڵی پار کە ڕایکرد... تۆ چوویت بۆ لای؟

هاوڕێکە: نا... نەچووم بۆ لای... ما دامێ دەپرسی، بۆ لای کەسێکی دی چووم

ژنی کوڕ: ئۆهـ...

هاوڕێکە: چاکە... کاتێ مێش گاز لە ولاغ دەگرێ گەوزانەوەی نێو قوڕاو حەوانەوە بە ولاغەکە دەبەخشێ... ئەمەیش دەبێتە هۆی ئەوەی پێستەکەی قایمتربێ

ژنی کوڕ: شەرم ناکەیت؟

هاوڕێکە: بەموناسەبەتەوە... قوڕاوی ڕەسەن هەیە... قوڕاوی ناڕەسەنیش هەیە.

ژنی کوڕ: چیت مەبەستە؟

هاوڕێکە: تۆ شووت کردووە... ئێمەیش هەردوو مناڵ نین تا ئامادەمان کەن لە کەنیسە لە ئاومان هەڵکێشن... من مەبەستم ئەوەیە پەیوەندی ژن و مێردایەتی ئەوەیە لێگەڕێن مرۆ گۆڕێکی لە گۆڕستانی کەنیسەدا هەبێ... بەڵام کەسی ڕەبەن حەقی ئەوەی نییە لە کەنیسەدا گۆڕی هەبێ لە هەردوو حاڵەتەکەشدا زەوی پڕە لە مردووان...

ژنی کوڕ: بەڵام بە دڵنیاییەوە ناتەوێ بەراوردێ دروست بکەی؟

هاوڕێکە: بەڵێ... دەمەوێ بەراوردێ بکەم

ژنی کوڕ: بەڕاست ژنەکەت چ جۆرێ بوو لە ژنان؟

هاوڕێکە: کچێکی شەریفی سەر بە چاکترین خانەوادە؛

ژنی کوڕ: خۆشتدەویست؟

هـاوڕێکە: خۆشەویستییەکی بەهێز

ژنی کوڕ: پاش ئەوە؟

هـاوڕێکە: یەکترمان دەبوغزاند

ژنی کوڕ: بەڵام بۆ؟ بۆ؟

هـاوڕێکە: ئەمە یەکێکە لە پرسیارە زۆرەکانی ژیان کە وەڵامی نییە

ژنی کوڕ: دەبێ هۆیەك بۆ ئەمە هەبووبێ...

هـاوڕێکە: منیش پێم وابوو... وایە پاشان بۆم دەرکەوت سونگەی شتەکان ئەوە بوو کە یەکتریمان دەبوغزاند... شەڕەکانمان نەبوونە هۆی جیابوونەوەمان، بەڵکو شەڕەکان لەوەوە دەستی پێکرد کە خۆشەویستییەکەی نێوانمان وشك بووەوە... بۆیە دەبینی، ئەوەی کە دەگوترێ ژن و مێردی بێ خۆشەویستی ژن و مێردی بەختەوەرن...

ژنی کوڕ: (بەکاڵفامییەوە) چاکە... من و کنوت هەرگیز بەجدیەوە نەچووینەتە شەڕەوە...

هـاوڕێکە: ئا ئەمە تۆ کریستین–خانم بەسەراحەتەوە قسەت کرد

ژنی کوڕ: چیت گوت؟

هـاوڕێکە: گوتت مێردەکەت هەرگیز خۆشنەویستووەوە؟

ژنی کوڕ: هەرگیز خۆشم نەویستووە؟ چاکە!... مەبەست چییە لە خۆشتبووێ...

هـاوڕێکـە: (هـەڵدەستـێ و دەوەستـێ) ئـەمـە چ پرسیـارێکە لـە لایـەن ژنـێکی مێرددارەوە دەکرێ... چم مەبەستە لە خۆشم بوێ... چاکە؟ شتێکە لەنێو ئەو شتانەی دەیکەن و بەبێ ئەوەی قسەی لەسەر بکەین.

ژنی کوڕ: ژنەکەت جوان بوو؟

هـاوڕێکە: بەڵێ... دەمبینی جوانە... بەموناسەبەتەوە لە تۆ دەچوو

ژنی کوڕ: پێت وایە من جوانم؟

هـاوڕێکە: بەڵێ

ژنی کوڕ: مێردەکەم بەرلەوەی لەئێوە ببیستێ و پێی وانەبوو... جێی سەرنجە حەزی لێمە، لەبەر هیچ شتێ نا... تەنها لەبەر ئەوەی تۆ لێرەدای، ئامادەبوونت لێرە وەك ئەوەیە گرێ تێبەردرابێ...

هـاوڕێکە: بۆیە حەزدەکات لێرەدا بمبینێ، ... تۆیش؟

ژنی کوڕ: من؟

هاوڕێکە: بەر لەوەی لەمەزیاتر ڕۆچینە نێو باسەکەوە، دەشێ پێویست بێ لەسەرمان لێرەدا کۆتایی بە مەوزووعەکە بێنین.

ژنی کوڕ: (بەحیدەتەوە) چیت مەبەستە؟ تەسەوڕت لە مەڕ من چۆنە؟

هاوڕێکە: چ شتێکی بەدنییە... چ شتێ... بمبوورە گەر ئازارم داوی.

ژنی کوڕ: تۆ بریندارت کردم... بەشێوازێکی زۆر... بەڵام تێدەگەم سەرنجە لووت بەرزییەکەت بۆ ژنان چۆنە...

هاوڕێکە: بۆ هەموو ژنێ نا... تۆ بەنیسبەتی منەوە...

ژنی کوڕ: چییە؟

هاوڕێکە: ژنی هاوڕێمی بۆیە...

ژنی کوڕ: گەر ژنی هاوڕێت نەبام؟

هاوڕێکە: بۆ جاری دووەم دەڵێم نامەوێ لەم مەوزووعە بەردەوام بین کریستین خانم وا دەکەوێتە ڕوو کە لەوانە نییت ڕاهاتبیتە سەر وەرگرتنی سەراسیمەی پیاوان...

ژنی کوڕ: من ڕانەهاتوومەتە سەر ئەمە... پێم چاکە لەلایەن پیاوانەوە خۆشیانبوێم... تەنها کەمێ...

هاوڕێکە: تەنها کەمێ... بەڕاستی ئامادەییت تێدایە ببیتە کەسێکی بەختەوەر... چونکە داخوازییەکانت لە ژیاندا کەمە.

ژنی کوڕ: تۆلەمەڕ داخوازییەکانم چ دەزانی؟

هاوڕێکە: تۆ عاشقی سەرکەوتنی؟ دەشێ لەوانە بیت بەردەوام هەوڵدەدات سەرکەوێ بەرەو ژوور هەڵچێ بۆ ئەوەی شتێ وەدەست بێنی.

ژنی کوڕ: نەخێر... من لەو نەوعە نیم... بەڵام ژیان یەك ڕیتمە... بێ کاری... نەبوونی هەستی بەجۆش... دەزانی جارجارێ دەبمە کەسێکی شەڕخواز تا ئەو ڕادەیە تەمەنا دەکەم موسیبەتێکی گەورەم بەسەردا بێت... دەردێ... ئاگرێ. (بەچرپەوە) مناڵەکەم بمرێ... من خۆم بمرم

هاوڕێکە: دەزانی ئەمە چییە؟ بێ تاقەتی و بێزارییە... ئینتەلایە لە خۆشی مادی ڕەنگە شتی تریش بێ...

ژنی کوڕ: ئەو شتە چییە؟

هاوڕێکە: زاڤیری[1]

ژنی کوڕ: چت گوت؟

هاوڕێکە: نامەوێ ئەو وشەیە دووبارەکەمەوە... بەتایبەتی کە پێم وایە بیستت، منیش لە پشت ئەوەوە چ مەبەستێکی خراپم نییە، پێم وا نییە بریندارم کردبی...

ژنی کوڕ: تۆ لەگەڵ هەموو خەڵکی دیدا جیاوازی... تۆ زللە بە هاوڕێکەتا دەکێشی هاوڕێکەت هەستی پێناکات

هاوڕێکە: ژنان هەن لەززەت لە لێدان وەردەگرن

ژنی کوڕ: ئا ئێستا لێت دەترسم

هاوڕێکە: چاك دەکەیت

ژنی کوڕ: تۆ کێیت؟ چیت دەوێت؟ نییەتەکانت چییە؟

هاوڕێکە: لەمەڕ من کریستین خانم ئەوەندە فزووڵی مەبە

ژنی کوڕ: جارێکی دی گەڕایتەوە سەر بێ حەیایی

هاوڕێکە: ئێستا ئەم نەسیحەتە ودییەت پێشکەش دەکەم. سەرنجی ئەوەت داوە کە مێردەکەت دیار نەبێ، من و تۆ هەراو مەرافەمانە... ئەمە نیشانەیێکی چاك نییە...

ژنی کوڕ: بۆچی؟

هاوڕێکە: بۆ هاوڕێیاتی درێژ خایەن... لە حەقیقەتدا ئەمە ئیحای ئەوە دەدات، پێویست بێ ڕێڕەوی هاوڕێیەتییەکەمان بەرەو لایەکی دی بڕوات...

ژنی کوڕ: گەلێ جار هەست دەکەم وەك ئەوەی لە توانامدا بێ بتبوغزێنم...

هاوڕێکە: ئەم کارە مژدە بەخشی خێرە... بەڵام ناتوانی هەرگیز هەست بەوە بکەی کە دەتوانی منت خۆشبوێ؟

ژنی کوڕ: بەڵێ...جار جارە...

هاوڕێکە: پێم بڵێ کەی؟

---

(١) زاڤیری: شبق= ژنی حەیشەری.

ژنی کوڕ: بەڕاستی دەمەوێ وەڵامی سەراحەتتان بدەمەوە... بەتایبەتی کە قسان لەگەڵ ئەدیل-دا دەکەیت.

هاوڕێکە: ئەمە ئاگری مێردەکەتم دەخاتەوە بیر، کە من دەبینێ ئەو ئاگرەی دەگەشێتەوە. بەکورتی وامدێتە بەرچاو من و ئادیل خانم دەوری ئەوەمان وەرگرتووە ئاگری لەدار بەربوو دەگەشێنینەوە.

ژنی کوڕ: (پێدەکەنێ) ئەمەی کە گوتت بەڕادەیەك پێکەنین ئاوەرە، بواری تووڕە بوونم لێدەگرێ...

هاوڕێکە: هەرگیز نابێ تووڕە بیت... ئەوە بۆ زۆربەی کەسەکان دەگونجێ... (تەنها بۆ گۆڕینی مەوزووعەکە)، ئەرێ مێردەکەت لە کوێیە؟

(هەڵدەستێ و لە پەنجەرەکەوە سەیر دەکات)

هاوڕێکە: نەمدەویست سەرنجت بۆ ئەوە ڕابکێشم، کە چ لەنێو باغەکە ڕوو دەدات...

ژنی کوڕ: وەك ئەوەی لەمەوبەر قەد کنوت-م نەبینیبێ ئادیل ماچ بکات.

هاوڕێکە: بەڵام ئادیل ناتوانێ هەستەکانی مێردەکەت دەربارەی تۆ بورووژێنێ، ئەم کارە لەم ماڵەدا پەشێوی کردووم... لەم ساڵەدا گەلێ کار پەشێوی کردووم... دەزانی؟ دڵنیام شتێك لە ژێر تەختەی زەوییەکەدا دەگەنێ...

ژنی کوڕ: چۆن؟ من چ شتێ بەدی ناکەم... بەمونا سەبەتەوە، هەموو ئەمانە تەنها گەمەیە...

هاوڕێکە: بەڵێ... ئێوە بە دەنکە شقارتە گەمە دەکەن، بە چەقۆی ڕاو... بە دەنەمێت... گەمە دەکەن پێم وایە ئەمە کارێکی ترسناکە.

***

### *دیمەنی دەهەم*

کەسەکانی پێشوو لەگەڵ باوکدا، کە شەبقەیەکی لەسەرە.

باوك: کنوت لێرەدایە؟

ژنی کوڕ: نەخێر... چووە بۆ بازاڕ... شتێکت لێ دەوێ؟

باوك: بەڵێ... دەنا، لێم نەدەپرسی... ئەدی ئادیل-ت نەبینیوە؟

ژنی کوڕ: نەخێر... لەمێژ، نییە نەمبینیوە...

باوك: (هەست دەكات هاوڕێكە لەوێدایە) ببوورە نەمزانی لێرەدان... وەزعتان چۆنە؟

هاورێكە:سوپاس... ئێوە وەزعتان چۆنە؟

ژنی كوڕ: ئایە كارێ خزمەتێكتان هەیە بۆتانی بكەم؟

باوك: بەڵێ... گەر مانعتان نەبێ... ڕەنگە بوونی من لێرە بێزارت كات... كاتێكی دی دێمەوە...

ژنی كوڕ: چۆن دەبێ بوونی ئێوە بێزارمان كات.

باوك: وابێ، مێشوولە لە ژوورری نووستنەكەمدا هەیە... بۆیە بیرم لەوە كردەوە پرستان پێبكەم ئایە دەتوانم لە ژووری هەورەبانەكەدا بنووم.

ژنی كوڕ: (بە تووڕەیییەوە) ئەو ژوورەم داوە بە ئەكسل.

باوك: ئاوها... ئایە لێرەدا دەمێنیتەوە؟ گەر ئەمەم زانیبا هەرگیز ئەم پێشنیارەم نەدەكرد.

هاورێكە: منیش پێشنیاری كوڕەكەتانم قبوڵ نەدەكرد گەر زانیبام ئێوە...

باوك: پێویست بەمە ناكات، بێزارتان ناكەم، مانەوە لەنێوان پێست و ئێسقاندا كارێكی چاك نییە. (بێدەنگی) تا ئێستا دەستی بەوێنەكێشان نەكردووە؟

ژنی كوڕ: نەخێر... ئارەزووی نییە.

باوك: هەرگیز كنوت ئارەزووی كاری نەبووە... ئارەزووی ئێستای بۆ كاركردن كەمترە لە ئارەزووی جارانی...

ژنی كوڕ: شتێكی دیتان هەیە بتانەوێ بیڵێن؟

باوك: نەخێر... شتێكی ئەوتۆی گرنگ نییە. لەمەڕ مەوزووعی ژوورەكە چ بە كنوت مەڵێ...

ژنی كوڕ: (بە ئەو پەڕی خۆشییەوە) ئەمە ناكەم.

باوك: تێدەگەی، من نامەوێ ببمە هۆی شەڕو مەرافەتان، ئەویش لەسەر هیچ بێ گەر ژوورەكە كەسی لێ نەبا شتێكی دی بوو، دەمتوانی تیایدا بنووم... بەڵام ئێستا كەسێكی دیی تیایە... چاكە ئێستا جێتان دێڵم...

(دەچێتە دەرێ)

***

## دیمەنی یانزەهەم

هـاورێکەو ژنی کوڕ

هـاورێکە: ببورە کریستین خـانم... من نـاچارم بۆ مـاوەیێکی کەم جێتبێڵم.

ژنی کوڕ: بۆ کوێ بەم پەلەیە دەچیتە دەرێ؟

هـاورێکە: ئەمەیان ناتوانم بدرکێنم

ژنی کوڕ: دەڕۆیتە دەرێ بۆ ئەوەی ژووری بەکرێ بگری؟ نابێ ئەمە بکەی.

(دەیەوێ شەبقەکەی لێوەرگرێ)

نەخێر نابێ بڕۆیت... بەموناسەبەتەوە ئێمە نیین تۆمان دەرکردبێ...

***

## دیمەنی دوانزەهەم

دوو کەسەکەی پێشوو لەگەڵ کوڕە-کەدا

کوڕ: ئەمە چییە؟ شەڕتان کردووە؟ یا کارەکەتان تەنها گوزارشتە لە ئەوین؟

ژنی کوڕ: تەنها ناکۆکییە لەنێوان خۆشەویستان... کنوت دەتوانی تەسەوری ئەوە بکەیت ئەم کەسە شڵەژاوە دەیویست بچێتە دەرێ بەدووی ژوورێکدا بگەڕێ... چونکە (باوك) هاتە ئێرە داوای ژووری هەورەبانەکەی دەکرد...

کوڕەکە: ژووری هەورەبانەکەی دەویست؟ ئەڵبەتە دەیویست بزانێ چ لە نێوانتاندا ڕوو دەدات... هەر لە بەر ئەم هۆیەیە دەتەوێ بڕۆیت؟ لەسەر چۆك بەرانبەر بە خانم بوەستە و داوای لێبووردنی لێ بکە...

(هاورێکە دەکەوێتە سەر چۆك) پێیەکانی ماچ کە... دوو پێی جوانی هەیە.

(هاورێکە پێیەکی ماچ دەکات، ڕەپ دەوەستێ)

ئێستا داوای لێبووردنت کرد... من دەچمە دەرێ ژووری بۆ خۆم دەدۆزمەوە... تا ماوەیەکی کورت خواتان لەگەڵ.

(بەپەلە دەچێتە دەرێ)

ژنی کوڕ: (بێزارە) ئەکسل بەگ...

***

***دیمەنی سیانزەهەم***

کوڕەکە و ژنی کوڕ...

ژنی کوڕ: ئابڕوو ئەمە دەخوازێ باوك بەم شێوەیە خۆی هەڵنەقورتێنێتە کارەکانەوە ئاسایشی ماڵ تێکبدات... نەشەو نەڕۆژ ساتێ ئارامیمان بەخۆوە نەبینیوە...

کوڕەکە: دەبێ بە ئەمری واقیع قایل بین... بەڵام دەتتوانی هەندێ سۆزەکانت جڵەوکەیت...

ژنی کوڕ: چ سۆزێ؟ مەبەستت چییە؟ غیرە دەکەیت؟

کوڕەکە: چی؟ تێناگەم مەبەستت چییە... مەبەستم ئەو هەستانەتە کە حەز بە بینینی باوکم ناکەیت...

ژنی کوڕ: (هەوڵ دەدات قسەکە بگۆڕێ) ئیدی ئێستا لەمەڕ هەستەکانەوە لەمە زیاتر ناڕۆین، ئەم ملپێچە بگرە، تا وەکو کەسێکی ئاسایی بکەویتە ڕوو.

(پاکەتێ لە گیرفانی دەردێنێ)

کوڕەکە: ملپێچێکی دیی نوێ؟ ڕەنگی شینە

ژنی کوڕ: (ملپێچە ڕەنگ شینەکە لە دەوری ملی کنوت گرێ دەدات)

ئەڵبەتە نابێ بە پۆشاکی پیسەوە بچیتە دەرێ... دەبێ سمێڵەکەیشت ڕێکخەیت...

کوڕ: دەزانیت؟ ئێستاکێ تۆ گەلێ ڕوون و ڕەوانیت.

ژنی کوڕ: مەبەستت چییە؟

کوڕەکە: ڕەنگە پێویست بکات پۆشاکی ڕەنگ کاڵ بپۆشم و کەوشی تەنسیش لە پێکەم

ژنی کوڕ: بەڵێ... ئەوانە لەگەڵ تۆدا دەگونجێن... خەریکە قەڵەو و پڕ دەبی

کوڕەکە: دەتەوێ هەندێ لاواز بم، وەك هەندێ تێکشکاو بکەومە ڕوو کە چ شتێکم کەم نییە تەنها تەڵاق نەبێ...

ژنی کوڕ: کنوت، ئەوا غیرە دەکەیت.

کوڕەکە: ڕەنگە لەبەر ئەوەی تۆ سنووری خۆتت بەزاندبێ... بەڵام ئەمە کارێکی سەیرە، من غیرە دەکەم بێ ئەوەی هەست بە ئیرەیی و شەڕەنگێزی بکەم. من ئەم پیاوەم هەندێ خۆشدەوێ تا ئەو ڕادەیەی ناتوانم لەمەڕ هەر شتێکدا دەرحەقی بەخیل بم... هەرشتێ

ژنی کوڕ: هەموو شتێ؟ ئەمە گەلێ زۆرە.

کوڕەکە: بەڵێ... ئەمە حەقیقەتە... کارێکی شێتانەیە... تاوانبارییە... سووکایەتییە... بەڵام بیەوێ لەگەڵتا بنوێ، ئەوا ڕێی دەدەم.

ژنی کوڕ: تۆ ئێستا گەلێ ترسناکی... لەدەمی خۆتەوە گەلێ شت دەبیستم، گەلێکیشم تەحەمول کرد...

کوڕەکە: دەربارەی ئەم کارە چم لەدەست نایێت بیکەم... دەزانی خەونێك لە وە ئاگایی و خەونمدا ڕاوم دەنێ... وامدێتە بەرچاو بەیەکەوە دەتانبییم... ئەمە ئەزیەتم نادات... بەڵکو ڕاستتر حەز بە بینینی ئەمە دەکەم، وەك ئەوەی شتێکی گەلێ جوان ببینم، ئاوهایە...

ژنی کوڕ: سنوورت بەزاند...

کوڕەکە: ڕەنگە حاڵەتێکی نا ئاسایی بێت... بەڵام دان بەوەدا بنێ کە حاڵەتێکی خۆشە تا ڕادەی نەفرەت...

ژنی کوڕ: دەزانی چی؟ جار جارێ هەست دەکەم دەتەوێ خۆت لەمن ڕزگار کەیت.

کوڕەکە: تۆ ئەم زەنە ناکەیت

ژنی کوڕ: بەڵێ زەینی منە... وا دێتە بەرچاوم تۆ بەرەو لای من پاڵ بە ئەکسل-ەوە دەنێی، بۆ ئەوەی بکەوێتە نێوان بازووەکانی منەوە، تۆیش پاکانەیەکی دژ بە منت دەسکەوێ تا بتوانی داوای تەڵاق بکەیت.

کوڕ: چ نایابە... کریستین ئاگادارم کەوە... پێشتر یەکدیتان ماچ کردووە؟

ژنی کوڕ: سوێند بە ژیانم دەخۆم، نەخێر...

کوڕەکە: وەعدم بەرێ بەڕاشکاوی ئاگادارم دەکەیتەوە، هەر کاتێ ئەو ساتە هاتە گۆڕێ...

ژنی کوڕ: کنوت، گوێ شل کە... دەبێ عاقڵ بیت...

کوڕەکە: تەواو... نامەوێ، ببمە کەسێکی خەڵەتێنراو... ناشمەوێ جیا ببمەوە... بەڵام پێم چاکە جیا ببمەوە لەوەی کە خەڵەتێنراو بم

ژنی کوڕ: واز لەم وەعزانەت بێنە... نۆرەی منە وەعزت دادەم چ پەیوەندییێکت لەگەڵ (ئادیل) دا هەیە؟

کوڕەکە: ئەو پەیوەندییەیە دەیزانی و پێشی ڕازیت

ژنی کوڕ: من چ خیانەتێکی ژن و مێردایەتیم قەبوڵ نییە

کوڕەکە: ئێستا ئەم قسەیە دەکەیت... ئەوەی بەر لە هەندێ کاریێ بوو بەریێ کەچی ئێستا بووەتە تاوان.

ژنی کوڕ: ڕێك وەك هەندێ بەر لە ئێستا پەیوەندییە بەریئەکەی من و ئەکسل–ە

کوڕەکە: ئەمڕۆ پەیوەندییەکی بەریئە... بەڵام کێ دەزانێ سبەی چۆن دەبێ؟

ژنی کوڕ: وابێ چاوەڕێ بکە تا سبەینێ

کوڕەکە: نەخێر... نامەوێ تا ئەو کاتە چاوەڕێی بکەم کار لە کار ترازابێ

ژنی کوڕ: وابێ چیت دەوێ؟

کوڕەکە: نازانم چیم دەوێ... بەڵێ نازانم... کۆتایی بۆ ئەم هەموو شتە ئەگەر کۆتایی لەگۆڕێدابێ... خۆمان داوەکەمان تەنیوە، کەچی خۆمان تێکەوتین... کە دیار نییە گەلێکم ڕق لێیەتی... بەڵام کە دووبارە دەیبینمەوە، ئەو کاتەی کە چاوە گەورەکانی دەچەقێنێتە سەرم، ئیدی خۆشم دەوێ وەك برا، خوشك، ژن، ئێستا من تێدەگەم چۆن تۆ کەوتوویتەتە ژێر کاریگەرییەوە... بەڵام بە تەواوی لە خۆم ناگەم، پێدەچێ وەك ئەوەی زۆر لە نێو ژناندا ژیابێتم تا وای لێهاتووە هەستەکانم هەستی ژنانە بن دەردی خۆشەویستییەکەت بۆ ئەو گەشتبێتە منیش... پێم وایە تۆ بە جۆرێ خۆشت دەوێ، سنووری بۆ نەبێ... بەڵام درك بەمە ناکەیت...

ژنی کوڕ: ئەمە ڕاستە، بەڵام دەتەوێ لۆمەکە بخەیتە سەری من

کوڕەکە: ڕێك وایە... وەکو تۆ کە دەتەوێ لۆمەکە بخەیتە سەری من... ڕێك وەك خۆت... من خەریکە شێت دەبم

ژنی کوڕ: منیش ئەمە دەبینم

کوڕەکە: دەرحەقم؟ هەست بە بەزەیی ناکەیت؟

ژنی کوڕ: بۆ دەبێ هەست بە بەزەیی بکەم تۆش ئەزیەتم دەدەی؟

کوڕەکە: تۆ هەرگیز منت خۆشنەویستووە.

ژنی کوڕەکە: تۆیش هەرگیز منت خۆشنەویستووە.

کوڕەکە: ئا ئەوە گەیشتینە سنووری شەڕو مەرامەکە تاماوین بەشی ژیانی داهاتوومان دەکات

ژنی کوڕ: بەر لەوەی کار لە کار بترازێ لە شەڕ گەڕێن. بچۆ لە دەریاچەکە مەلە بکە تا ئارام دەبیتەوە.

کوڕەکە: دەتەوێ خۆت بخەیتە خەڵوەتەوە...

***

## دیمەنی چواردەهەم

دووکەسەی پێشوو لەگەڵ هاوڕێکە

هاوڕێکە: (بە ڕوو گەشییەوە) چاکە... بەختەوەر بووم. هەرکە چوومە دەرێ ڕێکەوتی ئادیل–م کرد کە ژوورێکی هەیە لە ...

ژنی کوڕ: ئەویش ژوورێکی بۆ کرێ هەیە؟

هاوڕێکە: دەیزانی ژوورێك هەیە

ژنی کوڕ: ئەو کچە هەموو شتێ دەزانێ

هاوڕێکە: (لەگەڵ کوڕدا قسە دەکات و پاکەتە جگەرەکەی بۆ درێژ دەکات) جگەرە

کوڕەکە: (بە حیدەتەوە) نەخێر... سوپاس

هاوڕێکە: ئەوە چ ملپێچێکی جوانە...

ژنی کوڕ: بە جوانی دەبینی؟

هاوڕێکە: لە پشتەملە ئێووە بە خراپی باسی منتان دەکرد.

کوڕەکە: (بەهەڵچوونەوە) داوای لێبووردن دەکەم دەبێ بڕۆم مەلەوانی بکەم

(بەپەلە دەچێتە دەرێ)

***

## دیمەنی پانزەهەم

هاوڕێکەو ژنی کوڕ...

هاوڕێکە: چییەتی؟

ژنی کوڕ: غیرە...

هاوڕێکە: ئاوها... چ شتێ نییە مایەی ئەوە بێت وا بکات

ژنی کوڕ: کنوت، پێی وایە... ئەریَ ئەو ژوورە دەکەوێتە کوێوە وا ئادیل باسی دەکات؟

هاوڕێکە: (بیری لە شوێنێکی دیە) ئادیل ... ئا... بەڵێ بەرانبەر بە حەوزی کەشتییەکانە...

ژنی کوڕ: لە هەموو ڕوویەکەوە حیسابی بۆ کراوە... دەتوانن لە ژوورەکەیدا یەکدی ببینن...چ دەسیسەیەکە.

هاوڕێکە: دڵنیام ئادیل هەرگیز بیری لەمە نەکردووەتەوە

ژنی کوڕ: ئادیل؟ ئاوها... ئایە پەیوەندییەکەتان تا ئەو ڕادەیە بەسۆز بووە؟

هاوڕێکە: لە خۆتەوە تارمایی دروست مەکە، کە لە واقیعدا وجودی نییە... نەکەی ئەمە بکەی دەنا...

ژنی کوڕ: دەنا وەك عادەتتە سەفەر دەکەی؟ ئێستایش نابێ سەفەر بکەی، ئەم حەقەت نییە.

هاوڕێکە: (جگەرەیێك دادەگیرسێنێ) ڕەنگە ئەرکێك بی و لەسەر شانم بێ

ژنی کوڕ: گەر هاوڕێی من بیت بەتەنها لەمماڵەدا منت بێ حیمایە جێ نە دەهێشت، شەرەفم لەمەترسیدایە... مێردە تاوانبارەکەم کە باوك و دایکی پشتی دەگرن، ڕێ بەخۆی دەدات مومارەسەی هەرچی شتی خراپ هەیە دەیکات دەتوانی تەسەوری ئەوە بکەیت بەڕادەیەك داشۆراوەتەوە ئامادەیی خۆی دەربڕی دەسبەرداری من بێت بۆ کاتێ کە تۆ پێویستت بەمن بێت...

هاوڕێکە: وێنەیەکی جوانی وێنەکانی غیرەیە... تۆ وەڵامت بۆ ئەوە چی بوو؟

ژنی کوڕ: بە چ شتێ وەڵامی بدەمەوە؟

هاوڕێکە: من ئەم پرسیارەم لێکردی...

ژنی کوڕ: (بەشێتگیرییەوە) تۆ وەك پشیلەیت و گەمە بە نێچیرەکەت دەکەیت... تۆ دەزانی چۆن وەك دیلێ کەوتمە نێو داوەکەت. چەندێ هەوڵ دەدەم و تێدەکۆشم خۆم لەو داوە ڕزگار کەم کەچی ناتوانم بەزەییت پیاما بێتەوە... تەنها یەك سەرەنجی عەتف... ئاوها مەوەستە، وەك تابلۆیەکی خاڵی لە هەستەکان... تابلۆیەك چاوەڕێی مەزن بوون و قوربانی دەکات  دەکەوێتە سەر چۆك) تۆ بەهێزی، دەتوانی سۆزەکانت جڵەوکەیت– تۆ شانازی بە خۆتەوە دەکەیت بۆیە هەرگیز ئەویندار نەبوویت... تۆ

هەرگیز خۆشت نەویستووە... وەك من خۆشم ویستوویت...

هاوڕێکە: من هەرگیز ئەوینم نەبووە؟ کریستین خانم هەڵسە لێرەدا و لەسەر ئەو قەنەفەیە دانیشە، ئێستا قسەت بۆ دەکەم...

(دایدەنێ و جگەرەیەکی بەدەستەوەیە)

من خۆشمویستی... وەك دەگوترێ لەیەکەم بینیندا... ئایە خۆر ئاوا کەت بە بیردێ... خۆرئاواکەی ئەو ڕۆژەی ساڵی پار کە یەکدیمان تیادا ناسی... کاتێ بەلاتا تێپەڕیم مێردەکەت سەرقاڵی تابلۆ کێشان بوو پاش ئەوەی تەعاروفمان لەگەڵ یەکدی کرد... ئیدی تا تەواو ماندوو بووین قسەمان کرد. لەسەر گژوگیاکە دانیشتی داوات لە منیش کرد وابکەم بەهۆی شەونمەوە پاڵتۆ کەت تەڕ بوو، ترسایت پۆشاکەکانم تەڕکات... ئەوسا بەپەلە دوگمەکانی پاڵتۆکەت کردەوە، داوات لێ کردم لەسەر یەکێ لە قۆڵەکانی دانیشم... هەستم دەکرد کە بازووەکانی خۆتت بۆ من کردووەتەوە، بانگت کردووم لە باوەشتا ئارامی بچێژم ئەو دەمە بەختەوەر نەبووم، هێزم لەبەر بڕا بوو تەنهایش بووم– هەستم بەگەرم و نەرمی ژێر پاڵتۆکەت کرد دەمویست لەژێر پاڵتۆکەتەوە دزەبکەم، کاتێ کە هەستم بەجەستە گەرمە پاکیزەکەت کرد... بەڵام کە لە سەرەنجە بەریئەکەتدا بزەیەکی سیس هەڵاتووم بینی، کە گوزارشت بوو لە سەرسوڕمانت لەمەڕ پیاوێکی وەك من کە ئازاری نا ئارامی ئەزیەتی دەدات... ئیدی شەرمم لێکردی پاش ئەوە زیاتر یەکدیمان دەبینی، پێدەچوو مێردەکەت لەززەتی وەردەگرت لەوەی کە من سەراسیمای تۆم وام لا کەووتە ڕوو وەك ئەوەی من ژنەکەی بۆ کەشف دەکەم کەوتمە نێو داوەکەتانەوە.

ئێوەش گەمەتان پێدەکردم... مێردەکەت بە ئاشکرا گاڵتەی پێدەکردم، تەنانەت لە بەر چاوی خەڵکێکی زۆردا گەلێ ئازارم چەشت لەسەر ئەوەی کە خۆی زۆر خۆشدەوێ و گەلێك لە خۆی ڕازییە تاوای لێهات جار جار بیر لەوە بکەمەوە لەسەرە ڕێی خۆمی لادەم جێیەکەی بگرم... ئەو ئێوارەیەت لەبیرە، بە بۆنەی جەژنی لە دایکبوونمەوە دەعوەتتانم کرد؟ مەفروز وابوو تۆ لە کاتێکی درەنگدا بێیت... پاش چاوەڕوانی هاتیتە هۆڵەکەوە... تەنوورەیەکی وەنەوشەیی و کراسێکی گوڵگوڵینی و ڕەنگ کاڵ و شەبقەیەکی گەورە بە چنینێکی ورد داپۆشراو بوو، ڕەنگدانەوەی تیشکی زێڕینی دەدایە سەر جەستەت... کاتێ کە بە جورئەتێکی شەرم ئامێزی کچێکی چواردە ساڵە چەپکە گوڵەکەت پێشکەش کردم گەلێ جوان بوویت، ئەو دەمە جوانییێکی بێ وێنەت هەبوو زمانم تێکئالا و نەمتوانی

بەخێرهاتنت بکەم... چوومە دەرێ و دەستم بەگریان کرد.

ژنی کوڕەکە: هەر هیچ نەبێ تۆ دەتوانی دەسەڵاتت بەسەر، سۆزەکانتا بگری...

هاوڕێکە: وەبیرت دێ شەوێ و پاش شیڤ خواردن چەند سەعاتێ لەمەڕ یادگارییەکانی خۆمان قسەمان کرد، پاشان ڕوحمان دەستیان لە گەردنی یەکدی کرد... کنوت–یش بەبێ ئەوەی بزانێ، یاڕاستتر بۆ وەجێهێنانی ئارەزووی تۆ داوای لێ کردم لە زستاندا بێمە لای ئێوە... دەزانی وڵامەکەی من چی بوو؟

ژنی کوڕەکە: وەڵامەکەت بەم شێوەیە بوو: جورئەت ناکەم

هاوڕێکە: لە بەیانی ڕۆژی دووهەمدا سەفەرم کرد.

ژنی کوڕ: بەدرێژایی ئەو ڕۆژە گریام... کنوت–یش گریا

هاوڕێکە: تەسەورکە ئێستا چەند دڵۆپە فرمێسک دەڕژێن

ژنی کوڕ: ئێستا؟

هاوڕێکە: وەك دانیشتبووی دانیشە... ئێستا هەموو ئەوەی ویستمان بیڵێین گوتمان... تەنها ئەوەمان لەسەرە لەیەکدی جیابینەوە...

ژنی کوڕەکە: نا... نا... جیانابینەوە، بۆچی نابێ کارەکە وەك پێشووی لێ بێ؟ تۆ لەسەرەخۆیت و منیش نەشڵەژاوم، کنوت حەقی بەسەر سۆزەکانمەوە نییە مادامێکی خۆمان دەتوانین ڕامیان بکەین... ئێمە لێرەدا دانیشتووین بە ئارامییەوە گفتوگۆ لەسەر ئەو ڕووداوانە بکەین کە لە ڕابردوودا بەسەر هەردووکماندا هاتووە... وەك ئەو ژن و مێردانەی تەمەنیان بەسەر بردووەو ڕووداوەکان و سەرهات و چیرۆکی خۆشەویستی سەردەمی گەنجییەتیان دەگێڕنەوە...

هاوڕێکە: ئاه... تۆ مندالە بەستەزمانەکە... نازانم چۆن شووت کرد تۆ باوەڕت بە هاوڕێیەتی هەیە پاش موسارەحەی خۆشەویستی... من لەسەرەخۆم... لەسەرەخۆم وەك کیسەیێك بارووت لە ژێر پڵیتەی ئاگردا... من ساردم وەك ئاتونێکی بڵێسەدار... ئاه... هەوڵم دا و خۆمم ئەزیەت دا... بەڵام لەمەدا لۆمەم لێ ناکرێ...

ژنی کوڕەکە: ئەی لەمەدا لۆمە لە من دەکرێ؟

هاوڕێکە: بەڵێ... پێم وایە... تۆ دەتوانی کاتێ کە ئاگر کرایەوە خەفەی بکەیت...بەڵام من بەتەنها دەژیم ... چ بیرۆکەیەکی شەیتانییە... ئایا لەوبڕوایەدایت پاش ئەم هەموو شتە ئارەزووی ژیانم هەبێ لەم ماڵەدا پاشماوەی خوانی ئەم پیاوە دەوڵەمەندە

بخۆم؟ هەوا هەڵمژم... هەڵاڵەی گوڵەکان بخۆمەوە لەگەڵ هەستی گوناحکاریدا بژیم؟

ژنی کوڕ: بۆچی هەست بەگوناهـ دەکەی لە کاتێکدا ئەو بێ پەروا عەشیقەکەی خۆی ماچ دەکات؟

هاوڕێکە: لێگەڕە با گلەییەکان نەخەینە سەر خەڵکی دی... لێگەڕە. دەنا خۆمان دەبینین لە لێواری هەڵدێردابن پاشان خنکان لە نێو دەریاچەکەدا... ئەگەر بۆ جارێکیش بێ با حەقیقی بین لێگەڕێ با بۆ دنیای بسەلمێنین ئێمە نموونەی کەسانی شەریفین حەقیقەتی باسەکە بۆ کنوت دەگێڕینەوە... کە گەڕایەوە یەکسەر پێی دەڵێین ئێمە یەکترمان خۆش دەوێ، یارمەتیمان بدە چارەسەرێکی عاقلانەمان بۆ بدۆزەرەوە ئێمە هیچ گوناهێکمان نەکردووە.

ژنی کوڕەکە: مەزنە... کارێکی جوامێرانەیە... بەڵێ ئەمە دەکەین پاشانیش هەرچییەك دەبێ یا هەرچییەك دەخوازێ با ببێ... بەویژدانێکی زیندووەوە دەتوانین ئەمە بکەین... مادامێ ئێمە هیچ تاوانێکمان نەکردووە.

هاوڕێکە: ئەوسا داوام لێ دەکات ئێرە بەجێ بێڵم

ژنی کوڕەکە: یا بمێنیتەوە

هاوڕێکە: بە چ مەرجێ؟ بەو مەرجەی هەموو شتێ وەکو ڕابردووی لێ بێ؟ ئەمە بەمن تەحەمول ناکرێ... پێت وایە پاش ئەم هەموو شتە دەتوانم تەحەمولی بینینی دەسبازییەکانتان بم ئێواران گوێم لێ بێ دەرگای ژووری نووستنەکەتان دادەخەن؟ نەء... کۆتایی ئەمانە هەموو دەبینم... بەڵام دەبێ ئاگاداری حەقیقەتی باسەکە بێت... دەنا توانای ئەوەم نییە سەرەنجی ڕوخساری بدەم، یا تەوقەی لەگەڵ بکەم... دەبێ هەردووکمان لە هەموو شتێکی ئاگادار کەینەوە.

ژنی کوڕ: ئاهـ... خۆزیا ئەو سەعاتەی دەهات بەزوویی دەگوزەشت... بڵێ خۆشم دەوێت... دەنا ئەو ئازایەتیەم نییە چەقۆکەی تیا نوقم بکە... بڵێ خۆشمدەوێی...

هاوڕێکە: (وەك ژنی کوڕەکە دانیشتووە) بەڕوح و بە جەستە خۆشمدەوێی... ئەو پێیە چکۆلانەتم خۆشدەوێ کە لەپشتی پەڕەی فوستانەکەتەوە دەیانبینم ددانە وردە سپییەکانتم خۆشدەوێ، ئەو دەمەتم خۆشدەوێ کە بۆ ماچ خولقێنراوە، گوێیەکان و چاوە پڕ لە بەزەیی شەهوانییەکانتم خۆ شدەوێ... جەستە سووکە هەوا ئاساکەتم خۆش دەوێ کە حەز دەکەم بیخەمە سەر شانم و ڕاکەم و بەرەو جەنگەڵەکە بچم...

جارێکیان کە گەنج بووم، لە یەکێ لە شەقامەکاندا... کچێکم بینی هەڵمگرت چوار نهۆم بردمە سەرێ... ئەو دەمە گەنج بووم... تەسەور بکە ئێستا من پیاوێکی کامڵ-م

ژنی کوڕەکە: هەروەها ڕۆحی منیشت خۆشبوێ.

هاوڕێکە: ڕۆحتم خۆشدەوێ چونکە لە ڕۆحی من لاوازترە... وەك ڕۆحی من گڕگرتووە... ڕۆحی منیش ئیمانی نییە.

ژنی کوڕەکە: دەتوانم هەڵسم و لێت نزیك بمەوە؟

هاوڕێکە: نەخێر...

ژنی کوڕەکە: ئەوا دەنگی پێی کنوت- دەبیستم... ئەوا بەرەو ئێرە دێ، گەر ناو چاوانت ماچ نەکەم، ئازایەتی تەواوم نییە.

هاوڕێکە: بەرەو ئێرە دێ؟

ژنی کوڕ: بێ دەنگ بە...

***

***دیمەنی شانزەهەم***

دوو کەسەکەی پێشوو، باوك دێتە ژوورێ، شەبقەکەی بەدەستەوەیە ڕوو لە هاوڕێکە دەکات، کە ڕادەپەڕێ و دەوەستێ...

باوك: (ڕۆژ نامەیێك لەسەر مێزەکەدایە لەپشتی سەری هاوڕێکەدایە هەڵیدەگرێ) گەر بێزارم کردوون، داوای لێبووردنتان لێ دەکەم... تەنها ئەم ڕۆژنامەیە دەبەم (بە ژنی کوڕەکە) ئادیل-ت بینی...

ژنی کوڕەکە: ئەوە پێنجەمین جارە تۆ لە (ئادیل) دەپرسی

باوك: بۆ ئەمەیشت دەژمارد؟ نیازت نییە بەر لە تێشت(*) خواردن مەلەوانی بکەیت؟

ژنی کوڕەکە: نەخێر... ئەمڕۆ نەء...

باوك: چاك نییە مەلەوانی پشتگوێ خەیت مادامێ سیحەتت تەواو نییە.

(بێدەنگی، باوك دەچێتە دەرێ).

***

---

(*) تێشت: خواردنی بەیانی.

## دیمەنی حەڤدەهەم

هـاوڕێکە و ژنی کوڕەکە

هـاوڕێکە: تـەحـەمولی ئـەمـە نـاکـەم... لـەمـە زیـاتر نـاتوانم لێرەدا بمێنمـەوە.

ژنی کوڕەکە: (لێی نزیك دەبێتەوە بەچاوانی گەشەوە سەیری دەکات) بەیەکەوە هەڵێین...

هـاوڕێکە: نـەخێر... بـەتـەنها ڕادەکەم

ژنی کوڕەکە: وابێ منیش ڕادەکەم... با بەیەکەوە بمرین

هـاوڕێکە: (دەیگرێتە ئامێز و ماچی دەکات) لەنێو چووین... بۆ ئەمەت کرد؟ ئەمە کۆتایی شەرەف و بڕوایە کۆتایی هاوڕێیەتییە... کۆتایی ئەمانە... گڕەکانی دۆزەخ هەموو شتێکی سەوزو گوڵ گرتوو دەسوتێنێ و هەڵدەلوشێ... ئا...

(لەیەك جیادەبنەوە هەریەکەو لەسەر کورسی خۆی دادەنیشێ...)

***

## دیمەنی هەژدەهەم

دوو کەسەکەی پێشوو، پاشان کوڕەکە دێتە ژووری

کوڕەکە: بۆ ئاوها دوور لە یەکدی دانیشتوون؟

ژنی کوڕەکە: لەبەر ئەوەی...

کوڕەکە: بە غەمباریش کەوتوونەتە ڕوو.

ژنی کوڕەکە: لەبەر ئەوەی کە یەکدیمان خۆش دەوێ

کوڕەکە: (بۆ هەندێ دیقەتی دەداتێ پاشان بە هاوڕێکە) ئەمە ڕاستە... ؟

هـاوڕێکە: بەڵێ ڕاستە.

کوڕەکە: (هەندێ تێشکاوە، دادەنیشێ) بۆ ئەمەتان پێ نەگوتم

ژنی کوڕەکە: دەبێ ئینسانی شەریف ئەمە بکات

کوڕەکە: گوزارشتە لە ڕەسەنایەتی... بەڵام حەیایی تیا نییە

ژنی کوڕەکە: تۆ خۆت ئەم داوایەت لەمن ویست... کە ساتی ئەوە هات...

کوڕەکە: ڕاستە، ساتەکیش گەیشت وا دیارە پێشتر ئەمەم دەزانی سەرەڕای ئەمەیش

بەنیسبەتی منەوە کارێکی تازەیەو مەفهوم نییە... ئەمە خەتای کێیە؟ خەتاکەی خەتای تەنها کەسێك نییە بەڵکو خەتای هەمووە لە یەك کاتدا دەبێ ئێستا چ بکەین؟ پاشان چی ڕوو دەدات؟

هاورێکە: چ ڕەخنەیەکت لە ڕەفتارم هەیە؟

کوڕەکە: نەخێر...چ شتێ کە درکت بەمەترسییەکە کرد ڕاتکرد ڕەفزی دەعوەتەکەمانت کرد کە لێرەدا بمێنیتەوە، سۆزەکانی خۆتت شاردەوە تەنانەت کریستین وای تەسەور دەکرد کە تۆ ڕقت لێیەتی...

بەڵام بۆ دووبارە هاتیتەوە.

هاورێکە: لەبەر ئەوەی وەهمی ئەوەم لا دروست بوو کە سۆزەکانم مردوون.

کوڕەکە: ڕەنگە وابێ من باوەڕم پێتە... ئەوە ئێمە لە ئاست حاڵەتێکدا دانیشتووین کە خۆمان نەمانخوڵقاندووە نەشماندەتوانی ڕێی لە ڕوونەدانی بگرین، لەڕێی ئینفتاحێکی ساختەوە هەوڵمان دا خۆ لە مەترسییەکە دوور گرین و گاڵتەمان پێدەهات... تا لێمان نزیك بووەوە ئێستا چۆکی لەسەر سینەمان داداوە ئیستا دەبێ چ بکەین لەدوا ساتەکاندا وەك هاوڕێ و لەسەرەخۆ قسان بکەین... دەبێ چ بکەین؟

(بێدەنگی)

چ کەسێ وەڵام ناداتەوە... بەڵام نابێ لێرەدا دەستەوستان دانیشین سەرنجی بنمیچ دەین کە لە ژووری سەرمانەوە گڕی گرتووە... (هەڵدەستێ و دەوەستێ) لێگەڕێ با بیر لە ئەنجامەکان بکەینەوە.

هاورێکە: چاکترین چارەسەر ئەوەیە کە من بکشێمەوە دواوە...

کوڕەکە: پێم وایە چاکە...

ژنی کوڕەکە: (بەهەڵچوونەوە)... نەخێر ئەمە نابێت گەر ئەمە بکەیت بۆ هەرکوێیەك بچیت دووات دەکەوم.

کوڕەکە: بە ئارامی قسەکردن بەم شێوەیە دەبێت؟

ژنی کوڕەکە: ئەوین لە سەرەخۆ نییە (لە هاورێکە نزیك ئەبێتەوە).

کوڕەکە: بەلای کەمەوە لە دیمەنی زاڤیرتیان بەدوورم خەن تکام وایە موراعاتی شعوورم بکەن... چونکە من بە بەراورد لەگەڵ ئێوەدا بەریئم... سەرەڕای ئەمەیش هەمیشە منم

ئازار دەچێژم...

ژنی کوڕەکە: (دەست دەخاتە ملی هاوڕێکە) نابێ بڕۆیت، گوێت لێمە!

کوەڕکە: (دەستی ژنەکەی لە ملی هاوڕێکەی دەکاتەوە) دەبێ وەکو خەڵکی بەتەربیەت ڕەفتار بکەن، چاوەڕێ بکەن تا لێتان جیادەبمەوە... هاوڕێکەم گوێت لێیە؟ دەبێ ئێمە بیر لە چارەسەرێکی پەلە بکەینەوە، چونکە زەنگی تێشتت خواردن پاش چەند ساتێکی دی لێدەدرێ دەبینم خۆشەویستییەکەتان نابەزێ، بەڵام خۆشەویستی من دەشێ هەندێ ماندوو بوون سەرف کرێ دەبەزێ... لەگەڵ ژنێکدا بژێم، ئەویش پیاوێکی تری خۆشبووێ، ئەمە کارێکە پێی قایل نیم، لەوکاتەدا خۆم وا دەبینم، شاخدارم بۆیە بۆ تۆی بەجێدێڵم بەڵام دەبێ زەمانەتی ئەوەم بەیتێ کە دەیخوازی...

هاوڕێکە: لە کارەکە تێناگەم، ئەم عەرزە جوامێرانەت زیاتر ئیهانەم دەکات لەوەی هەست بە تاوان بکەم وەك ئەوەی دزیبێتم...

کوڕەکە: پێم وایە... ئیهانەکە کەمترە کە بەخوا شتەرخوازی خۆم ببەخشم لەوەی کە دزیم لێ بکرێ... پێنج دەقیقەتان لەبەردەمە تا بگەنە دوا بڕیار... خواتان لەگەڵ

***

## *دیمەنی نۆزدەهەم*

هاوڕێکە و ژنی کوڕەکە

هاوڕێکە: ئەرێ وام نابینی بووبێتم بە گاڵتە جاڕێ؟

ژنی کوڕەکە: نەخێر: بۆ ئەوەی شەریف بی، جێی گاڵتەجاڕی نیت؟

هاوڕێکە: هەمیشە نەو... بەڵام لەم حاڵەدا، مێرد وا دەکەوێتە ڕوو کە کەمتر جێی گاڵتەجاڕی بێ... بەڵام تۆ ڕۆژێ بەسووکایەتییەوە سەیرم دەکەی...

ژنی کوڕەکە: لە ساتێکی ئاوها ئەمەیە هەموو ئەو شتانەی دەتوانی بیڵێیت؟ ئێستا شتێ نییە لە نێوانماندا کۆسپ بێت، دەتوانی ئێستا بەویژدانێکی زیندووەوە باسکەکانتم بۆ بکەیتەوە... ئێستا تۆ دوودڵی...

هاوڕێکە: بەڵێ من دوودڵم... چونکە ئەم ڕاشکاوییە شێوازی ڕووداری وەرگرتووە... ئەم جوامێرییە تامی دڵڕەقی وەرگرتووە...

ژنی کوڕەکە: ئاوها... ئاوها

هاوڕێکە: پێم وایە ئەم بۆنە گەنیوەی کە لێرەدا هەستم پێ کرد... ئەو بۆنەیە لە ئێوەوە دەردەپەڕێ...

ژنی کوڕەکە: یا لە ئێوەوە... تۆ بوویت بە سەرنجە شەڕ ئامێزو ساردییە دەستکردەکەت لەگەڵ ڕەفتاری دڵڕەقیت وەدووم دەکەوتی، ورووژانمت، ئێستا فریودەر دەوری، پیاوی ئەخلاقی دەبینی... ئاهـ...

هاوڕێکە: ڕەنگە کارەکە بەم شێوەیە بووبێ... ئێوە خۆتان...

ژنی هاوڕێکە: نەخێر...تۆ بوویت... تۆ... تۆ (خۆی دەخاتە سەر قەنەفەکە دەست بەقیژە دەکات) یارمەتیم بدە... من دەمرم... دەمرم

هاوڕێکە: (مەییوە)

ژنی کوڕەکە: ناتوانی یارمەتیم بدەی، بەزەییت بەمنا نایێتەوە؟ تۆ حەیوانێکی دڕندەیت... نابینی نەخۆشم... یارمەتیم بدە یارمەتی...

هاوڕێکە: (هێشتا وەستاوە و بێ جووڵەیە)

ژنی کوڕەکە: پزیشکێکم بۆ بانگ کە، بەلای کەم ئەو خزمەتەم بکە کە کەسانی ئاسایی بۆ کەسێکی دیی دەکات ئادیل-م بۆ بانگ کە...

(هاوڕێکە دەچێتە دەرێ)

***

***دیمەنی بیستەم***

ژنی کوڕەکە... پاشان کوڕەکە دێتە ژوورێ...

کوڕەکە: ئێستا؟ چ ڕوودەدات؟ (بەژنی کوڕەکە) ئاشت نەبوونەوە؟

ژنی کوڕەکە: لاڵبە... نامەوێ گوێم لە وشەیێکی دی بێت.

کوڕەکە: بەڵام ئاوها بەپەلە لە باغچەکەوە چووە دەرێ؟ وا کەوتە بەرچاووم کە دارەکان و پەرژینەکە لە ڕەگەوە هەڵتەکێنێ و لەگەڵ خۆیدا بیبات... پێدەچوو وەك ئەوەی گڕ بەربووبێتە گیرفانەکانی پانتۆڵەکەی...

***

### دیمەنی بیست و یەکەم

دوو کەسەکەی پێشوو، دایك، ئادیل، پاش هەندێکیش باوك دێتە ژووری...

کوڕەکە: ئێستا کاتی تێشت خواردنە

باوك: بەڵێ سوپاس... ئەمە دەکەین

دایك: بەڵام کوا ئەکسل؟ چاوەڕێی بکەین یان نەء؟

کوڕەکە: نەخێر... بەهیچ جۆرێ چاوەڕێی ناکەین ڕۆیشت کۆچی کرد

دایك: چ پیاوێکی ڕەفتار سەیر بوو ماسی (داب)م بۆ سوور کردووەتەوە.

کوڕەکە: (بەباوك) ئێستا دەتوانن ئەگەر بتانەوێ بگوازنەوە بۆ ژوورەکە...

باوك: سوپاس، ئێستا پێویستم پێ نەماوە...

کوڕەکە: ڕێبازێکی سەیرت هەیە، بۆ ئەوەی بەپەلە ڕەئیەکانت بگۆڕیت

باوك: لەمەدا من تەنها نیم، ئەوەی دەتوانێ دەسەڵات بەسەر عەقڵی خۆیدا بگرێ چاکترە لەوەی دەتوانێ شارەکان داگیر بکات...

کوڕەکە: چ لەمەڕ ئەمەوە: بەهاوڕێکەت مەڵێ برۆ و پاشان بگەڕێوە.

باوك: قسەیێکی چاکە... ئەم قسەیەت لە کوێوە هێنا؟

کوڕەکە: لە کریستین–ەوە ئەمە فێر بووم

باوك: کریستین... ئاهـ–چووە دەرێ بۆ مەلەوانی؟

کوڕەکە: نەخێر... تەنها بە ئاوی سارد خۆی شۆرد...

(زەنگی تێشت خواردن دەبیسترێ)

کوڕەکە: (بەباوك) باسکت بۆ ژنەکەم درێژکە... منیش لەگەڵ ئادیل دا دێم

باوك: نەخێر سوپاس... کریستین تەنها بۆ تۆیە

(پەردە)

# سموم

SAMUM

**کارەکتەرەکان**

بیسکرە: کچێکی عەرەبە

یوسف: عەشیقی بیسکرە–یە

جیمارد: ئەفسەرە لە سوپای فەرەنسا Zuave لە جەزائیر

شوێن: جەزائیر[١]

کات: ئێستا[٢]

گۆڕستانێ لەسەر شێوازی عەرەبی، مەرقەدێ لەناوەڕاستدایە بەرماڵەکان لەم لاو ئەولادا پەرتو بڵاون

لەلای ڕاستەوە میحرابی نوێژ، لە پشتەوە دەرگاو ڕاڕەوی دی و پەردە... کۆمەڵێ قوم لەم لاو ئەولادان پارچە (صبێرێکی) هەڵکێشراو فڕێ دراوەتە سەر زەوییەکە...

چڵە دارخورما، گژوگیا بەشێوەیەك کەڵەکە کراون...

(١) سوپای پیادەی فەرەنسی لەجەزائیر لە بنەڕەتدا سەربازەکان جەزائیری بوون.

(٢) مەبەستی ئەو دەمەیە کە فەرەنسا جەزائیری داگیرکردبوو.

## دیمەنی یەکەم

بیسکرە دێتە ژوورەوە، پۆشاکێکی لە جۆری (برنس–ی) پۆشیوە، سەرپۆشی سەر ڕوخساری هاتووەتە خوارەوە، سێ تارێکیشی بە کۆڵەوەیە... هەر کە دێتە ژووری خۆی دەخاتە سەریەکێ لە بەر ماڵەکان دەست بە نوێژکردن دەکات هەردوو دەستیشی لەسەر سینە داناوە...

بیسکرە: لا الە الا اللە

یوسف:(بەپەلە دێتە ژووری) سموم بەرەو ئێرە دێ... کوا فەرەنسییەکە؟

بیسکرە: پاش هەندێکی دی دەگاتە ئێرە

یوسف: بۆ دەرحال نەتدایە بەر چەقۆ؟

بیسکرە: نەء... خۆی بۆ خۆی ئەمە دەکات... ئەگەر بمکوشتبا فەرەنسییەکان قەتڵ و عامی هەموو عەشیرەتەکەمانی دەکرد چونکە وا دەزانن من عەلی دەلیلم... بەڵام نازانن من کچم و بیسکرەم...

یوسف: خۆی ئەوە دەکات؟چۆن؟

بیسکرە: نازانی کە سموم چ کارێ دەکات، مێشکی فەرەنسییەکان وشکە وەك خورما، مۆتەکە ڕوویان تێ دەکات ژیانیان دەکاتە دۆزەخێ تەحەمول نەکرێ بەرەو مەرگ پاڵیان پێوە دەنێ...

یوسف: ئەمەم بیستووە، لەدوای دەرگیریدا شەش فەرەنسی کوژران، کە بەرەو ئێمە دەهاتن... دەبێ لەم ڕۆژەدا متمانەت بە سموم نەبێ، چونکە بەفر دایکردووەتە سەر چیاکان دەبێ لەماوەی نیو سەعاتدا هەموو شتێ تەواو بووبێ.

(بانگی دەکات) بیسکرە ئایە دەتوانی پاش ئەم هەموو شتە حاقد بیت؟

بیسکرە: گەر لەتوانامدا بێ حەقدم هەبێ؟ حەقدی من وەك بیابانە، سنووری نییە... حەقدی من سووتێنەرە وەك هەتاو، تەنانەت لە خۆشەویستیم بەهێزترە، پاش ئەوەی (عەلیان) کوشت هەموو ساتێکی خۆشگوزەرانییان لێ دزیم... وەك زەهری کوشندەی ژێر کەڵبەی مار لەنێومدا کۆبۆتەوە ... ئەو شتەی لە توانای سمومدا نییە بە ئەنجامی گەیێنێ من دەتوانم ئەنجامی بدەم...

یوسف: زار خۆش بیسکرە... بەدڵنیاییەوە تۆ ئەمە دەکەی... بەڵام من حەقدەکەم وەك

پووش و پەڵاشی (حولەفاکانە) لە پایزدا سیس بووەتەوە... کە چاوم بە تۆ کەوت... هێز لەمنەوە وەرگرە، ببە بە تیری نێو کەوانی من...

بیسکرە: باوەشم پیا بکە یوسف... بمگرە باوەش

یوسف: لێرە نا... لەبەردەم ئەم مەرقەدە پیرۆزە ئێستا... نا... پاشان پاشان پاش ئەوەی حەقە مستی پاداشتەکەت... دەبێتە حەق.

بیسکرە: چ شێخێکی ئیعتیزاز بەخۆتەوە دەکەی...چ پیاوێکی ئازایت.

یوسف: بەڵێ ئەو ژنەی نەوەی من لەژێر دڵی خۆیدا هەڵدەگرێ دەبێ ئەوە بنوێنێ کە شایستەی ئەم شەرەفەیە.

بیسکرە: ئەوە منم، تەنها منم یوسف هەڵدەگرم نەك کەسێکی دی... من بیسکرەم... ڕاستە بەسووکییەوە سەرنج دەدرێم؛ منی ناشرین بەڵام منی بەهێز...

یوسف: چاکە... دادەبەزم و دەچمە لای کانیاوەکە دەنووم پێویست دەکات هونەرە نهێنیەکان کە لە (مرابط) ی گەورە سەیدی شێخدا فێر بوویت من دووبارەی کەمەوە.؟ کە منالێکی چکۆڵە بووی لە بازاڕە گەورەکەدا مومارەسەیت دەکرد؟

بیسکرە: نەخێر... پێویست بەوە ناکات... من هەموو ئەو نهێنییانە دەزانم کە پێویستە هەر فەرەنسیەکی ترسنۆکی پێ زەندەق بەرم... ئەو هیچ و پووچە بە سکە خشێ بەرەو دوژمنەکەی دەکشێ و لەپڕ تەقەی لێ دەکات... من هەموو نهێنییەکان دەزانم تەنانەت هونەری گوزارشت بێ ئەوەی قسە بکەم... ئەوەی هونەرەکانم ناتوانن جێبەجێی بکەن ئەوا هەتاو جێبەجێی دەکات... مادامێ هەتاو لە پاڵ یوسف و بیسکرە دایە...

یوسف: هەتاو هاوڕێی موسڵمانانە بەڵام نابێ جێی متمانە بێت... کیژم– هەتاو دەتسووتێنێ... قومێك ئاو لەپێش دا وەرگرە، دەستەکانت دەبینم شەقیان بردووەو (لەم کاتانەی گفتوگۆیەدا، یوسف بەرماڵێ لەسەر چاڵێ لادەدات، جامێ ئاوی لێ دەردێنێ دەیداتە بیسکرە)

بیسکرە: (جامەکەی بۆ دەمی دەبات) چاوەکانم، خۆیان بە سووری دەنوێنن، وشکی بەرەو سییەکانم دادەچۆڕێ... گوێ شل کە... گوێشلکە... دەبینی لمەکان لە درزی سەربانەوە چۆن دێنە خوارێ لەنێوان ژێیەکانی سێتارەکەدا جۆرە ئاوازێ دەژەنن... سموم لێرەدایە بەڵام هێشتا فەرەنسییەکە نەهاتووە.

یوسف: بیسکرە وەرە ئێرە، لێگەڕە با فەرەنسییەکە لە خۆیەوە بمرێ

بیسکرە: لە پێشدا دۆزەخ مەرگیش بەدوای دێ پێت وایە هێزم لەبەر بڕێ (ئاوەکە ڕۆ دەکاتە سەر کۆمەڵە لمەکە)

لم ئاو دەدەم بۆ ئەوەی تۆڵە بڕوێنێت، وشکاییش لە نێو دڵی خۆمدا دەڕوێنم، ئەی کەراهیەت بڕوێ تۆ هەتاو، بسووتێنە... تۆیش ئەی –با– کان بخنکێنە...

یوسف: دەستخۆش ئەی دایکی کوڕەکەی یوسف... تۆ، تۆیت لە تۆ دەبێت کوڕە تۆڵە ستێنەکەی یوسف...

(با–کان زیاد دەکەن، پەردەکان بەیەکا دێن، ڕۆشنایێکی سوور بەسەر ئەو شوێنەدا دەکێشی... ) (لەکاتی پەیڤینی داهاتوودا وردە وردە تیشکەکە زەرد هەڵدەگەڕێ)

بیسکرە: تۆ بڕۆ، ئەوا فەرەنسییەکە بەرەو ئێرە دێ سمومیش لێرەیە.

یوسف: پاش نیو سەعاتی دی دەگەڕێمەوە... لێرەدا سەعاتێکی لم هەیە( دەست بۆ ئەو سەعاتە دەبات کە لمی تیادایە) تەنها ئاسمان ڕادەی ئەشکەنجەی گاورەکان لە دۆزەخدا دیاری دەکات.

***

**دیمەنی دووهەم**

(بیسکرە... جیمارد دێتە ژووریٚ، ڕەنگ پەڕیوە، دوودڵە، شڵەژاوە، بەدەنگێکی کرخەوە قسە دەکات)

جیمارد: سموم هات دەزانی قەومەکەم بۆ کوێ چوون؟

بیسکرە: سەرکردەی قەومەکەت بوویت لە ڕۆژ ئاواوە بەرەو ڕۆژ هەڵات...

جیمارد: لێگەڕە ببینم لە ڕۆژ ئاواوە بۆ ڕۆژ هەڵات... پاشان لە ڕۆژ هەڵاتەوە بەرەو ڕۆژ ئاوا، لەسەر کورسییەکدا دامنیشێنەو هەندێ ئاویشم بدەرێ

بیسکرە: (بەرەو کۆمەڵە لمەکەی دەبات پاشان لەسەر زەوییەکە ڕایدەخات و سەری دەخاتە سەر لمەکەی) ئێستە تۆ لەم دانیشتنەتدا مورتاحی؟

جیمارد: (سەیری دەکات) دانیشتنەکەم تاڕادەیەك ڕێك نییە، شتێ بخە ژێر سەرم.

بیسکرە: (کۆمەڵێ لم کۆدەکاتەوە دەیخاتە ژێر سەری) ئەمە سەرینە و لەژێر سەرت دایە...

جیمارد: سەری من لەوێدایە کە پێیەکانم لەوێدان ئەریٚ پێیەکانم لەوێدان؟

بیسکرە: بەڵێ

جیمارد: وام هاتە خەیاڵ... شتێکم بدەریٚ ببێتە دنگە بۆ پشتم)

بیسکرە: پارچە دار صبێرەکە ڕادەکێشیٚ دەیخاتە ژێر هەردوو پێی جیمارد) ئەمەش دنگە

جیمارد: ئاویش... ئاو... ئاو...

بیسکرە: (جامە خاڵییەکە پڕدەکات لە ئاو دەیداتیٚ) مادامیٚ ساردە... بیخۆرەوە... (جیمارد قومێکی لێدەدات) ساردە... بەڵام تینویەتی ناشکێنیٚ و ناتوانم بیخۆمەوە من ڕقم لەئاوە بیگرە...

بیسکرە: ئایا ئەو سەگەت وەبیر دیٚ کە گازی لیٚ گرتی؟

جیمارد: کام سەگت مەبەستە؟ هەرگیز سەگ نەیگازیوم...

بیسکرە: سەمومەکە زاکیرەتی بیٚ هێز کردووە... وریابە لە ورێنەکانی سەموم... تۆ ئەو سەگە هارەت لەبیرە کە گازی لیٚ گرتی، کاتیٚ بۆ ڕاو دەچوویت، لەلای (باب–ی عوید) گازی لیٚ گرتی... ئەو ڕاوەی پێش دوا ڕاوت بوو.

جیمارد: ڕاو لە (باب–ی عوید)؟ ڕاستە... دێڵیٚ بوو لە ڕەنگی قندس؟ دێڵیٚ؟ بەڵیٚ ...دەبینی... کە گازی لە ئەژنۆت گرت ئێستاش هەست بە ئێشی ئەو برینە دەکەی؟

جیمارد: (قاچی خۆی دەگریٚ هەست بە دڕکی دارەکە دەکات) بەڵیٚ... هەست بەوە دەکەم... ئاو ... ئاو...

بیسکرە: (قاپیٚ لمی بۆ درێژ دەکات) بخۆرەوە... بخۆرەوە...

جیمارد: نەخێر...ناتوانم... ماری، ئەی پیرۆز، دایکی خواوەند،... ترس پڕم دەکات

بیسکرە: مەترسە، تیمارت دەکەم، بەهێزی مۆسیقای ڕەها هەموو شەڕێکت تیا دەردەکەم...گویٚ شل کە

جیمارد: (هاوار دەکات) عەلی ...عەلی... مۆسیقام ناویٚ... تەحەمولی ناکەم... چ خۆشییەکم لەمەدا دەست دەکەویٚ...

بیسکرە: مۆسیقا مەکری ماری خۆ مەلاسداوی نێو ڕۆح رام دەکات پێت وانییە سەردەکەوێتە سەر سەگێکی هاریش؟ گویٚ شل کە... ( لەسەر ئاوازی سێتارەکە گۆرانی دەڵیٚ) بیسکرە...بیسکرە... بیسکرە

یوسف: (لە ژێر زەوییەوە) سەموم ...سەموم

جیمارد: عەلی... دەربارەی چی گۆرانی دەڵێیت...؟

بیسکرە: بۆ من گۆرانیم گوت...ئەبینی لاسکێ لە چڵی خورماکە وەردەگرم (لاسکێ لە چڵی خورماکە وەردەگرێ دەیخاتە بەینی دگانەکانی)

یوسف: (لە ژێرەوە) سەموم...سەموم

بیسکرە: چ گەمەیێکی دۆزەخی و شەیتانییە

بیسکرە: ئێستا دەست بە گۆرانی چڕین دەکەم

(بیسکرە یوسف بەیەکەوە)

بیسکرە... بیسکرە... بیسکرە... سەمووم

جیمارد: (هەڵدەستێ) تۆ کێیت... ئەی شەیتان کە بەدوو دەنگ گۆرانی دەچڕی؟ تۆ پیاوی یا ژنیت؟ یا هەردووکیانی بەیەکەوە؟

بیسکرە: من عەلی دەلیلم... تۆ من ناناسی... چونکە زاکیرەت شڵەژاوە... ئەگەر دەتەوێ خۆت لە وڕێنەکانی خەون و بیرۆکەکان ڕزگارکەیت... دەبێ متمانە بەمن ببەخشی و دەبێ ئەمرەکانم جیبەجێ بکەیت...

جیمارد: پێویست ناکات ئەمانەم لێ داوا کەیت... من کارەکان دەبینم، تەواو وەکو تۆ چۆنیان دەبینی ئاوها دەیانبینم.

بیسکرە: ئەی وەسەنی، کارەکان دەبینی؟

جیمارد: وەسەنی؟

بیسکرە: بەڵێ... ئەو مەدالیەی لەسەر سینگدایە... لێی کەرەوە (جیمارد مەدالیەکە لێ دەکاتەوە) بیخەرە ژێر پێتەوە... لەخوای تەنها و ڕەحمان و ڕەحیم بپاڕێوە

جیمارد (دوودڵە) یا ئەدوارد... ئەی قەدیس... ئەی ڕزگارکەرم

بیسکرە: ئایە دەتوانێ بتپارێزێ؟

جیمارد: نا... ناتوانێ... (بەدڵتەنگییەوە) بەڵێ... دەتوانێ بمپارێزێ...

بیسکرە: وابێ لێگەڕە با ببینین

(دەرگا دەکاتەوە پەردەو پووش و پەڵاش بەهۆی وزەی-با- کەوە ئەملاو ئەولا دەکەن.)

جیمارد: (بەدەست دەمی خۆی دەگرێ) تکایە دەرگاکە پێوەدە

بیسکره: ئەو بتەی لەسەر سینگتا هەڵتگرتووە، تووڕی هەڵدە

جیمارد: نەخێر... ناتوانم ئەمە بکەم.

بیسکره: دەبینی سەموم مەسی تەڵەموویێکی لەشم ناکات... بەڵام تۆی وەسەنی دەکوژی... میدالیەکەت فڕێ دە...

جیمارد: (میدالیەکە فڕێ دەدات) ئاو... من دەمرم

بیسکره: لەخوای بەخشندە داوای لێبووردن بکە

جیمارد: لێبووردن لە چی؟

بیسکره: ئەوەی پێت دەڵێم، دووبارەی کەوە.

جیمارد: بڵێ

بیسکره: لا الە الا اللە الرحمن الرحیم

جیمارد: لا الە الا اللە الرحمن الرحیم

بیسکره: لەسەر زەوییەکە ڕاکشێ

(جیمارد بەناچاری لەسەر زەویەکە ڕادەکشێ) چ دەبیستی؟

جیمارد: هاژەی کانیاوێك دەبیستم... لە توێی پەنجەرەیەکی چەند چاوەوە، چاوەکانی سەوزن، دەڕواننە سەر شەقامێکی سپی تیشکی چرایەك دەبیستم.

بیسکره: کێ لە پشتی پەنجەرەکەدا دانیشتووە...؟

جیمارد:ئەلیس-ی ژنمە

بیسکره: کێیە لە پشت پەردەکانەوە وەستاوە بەدەست گەمە لەگەڵ ملی ئەلیس دا دەکات؟

جیمارد: جۆرج-ی کوڕمە...

بیسکره: تەمەنی چەندە؟

جیمارد: لە جەژنی قەدیس نیکولای چوار ساڵ تەواو دەکات

بیسکره: ئەوە ئێستا لە پشتی پەردەکاندایە گەمە لەگەڵ گەردەنی ژنی پیاوێکی دی دەکات!

جیمارد: ناتوانێ ئەمە بکات... بەڵام ڕاستە ئەمە دەکات!

بیسکره: تەمەنی چوار ساڵە و سمێڵێکی زەردی هەیە...

جیمارد: سمێڵێکی زەرد... واتگوت... ئەمە جول-ی هاوڕێمە.

بیسکرە: ئەمەی لەپشت پەردەکاندا وەستاوە گەمە بە گەردەنی ژنەکەت دەکات...

جیمارد: چ شەیتانێکە...

بیسکرە: کوڕەکەت دەبینی؟

جیمارد: نا... نەخێر... نایبینم

بیسکرە: (لاسایی دەنگی سەعات دەکاتەوە، بە پەنجە لە سێتارەکە دەدات) ئێستا چ دەڵێی؟

جیمارد: سەعاتەکان دەبینم دەنگیان لێوە دێ...هەست بەتامی تەرمەکان دەکەم بۆنی نقێژکی تواوەش دەکەم... چ دۆزەخێکە...

بیسکرە: گوێت لە دەنگی شەماس... نییە نوێژ لەسەر تەرمی مناڵەکە دەکات؟

جیمارد: سەبرکە... هیچ نابیستم

(بەغەمبارییەوە) تەمەنای ئەمە دەکەی؟ ئا ئەوەتا ئێستا دەبیستم

بیسکرە: چەپکە گوڵ دێنێ لەسەر تەرمێکی هەڵگیراودا؟

جیمارد: بەڵێ

بیسکرە: شریتی وەنەوشەیین بە حەرفی زیوین لەسەری نووسراوە (خوات لەگەڵ جۆن–ی خۆشەویستم... لە باوکتەوە)

جیمارد: بەڵێ... ئەمە دەبینم (دەگرێیت) جۆرج، کوڕەکەم...کوڕم جۆرج... مناڵە ئازیزەکەم... ئەلیس ژنەکەم... دڵنەوایم بکە!... یارمەتیم بدە ئەلیس تۆ لە کوێی؟ وازت لەمن هێناوە؟ وڵامم بدەوە...وڵامی دەنگی خۆشەویستەکەت بدەوە

(دەنگێ لەسەربانەکەوە دێ بانگ دەکات... جۆڵ...جۆڵ) جۆڵ...ناوی من...بەڵام ناوی من چییە؟ ناوم جارلس–ە... وێ گوتی جوڵ...ئەلیس ژنە ئازیزەکەم وڵامم دەوە...ڕوحت لێرەدایە... من دەیناسمەوە تۆش پەیمانت دامێ چ پیاوێکی دیت خۆش ناوێ... (دەنگەکە پێدەکەنێ) کێیە پێدەکەنێ؟

بیسکرە: ئەلیس... ژنەکەت

جیمارد: وابێ بمکوژە، نامەوێ لەمە زیاتر بژێم بێز لە ژیان دەکەمەوە وەك تامی سرکە گرتووی لێهاتووە (تف لە خۆی دەکات) دەممم وشك بوو...ئاو...ئاو... دەنا گازت لێدەگرم (ڕەشەبایەکی بەهێز لە دەرێ هەڵیکردووە)

بیسکرە: (دەست دەخاتە سەر دەمی خۆی) ئێستا تۆ دەمری... ئەی فەرەنسی، بەر لەمردن

دوا حەزی خۆت تۆمارکە... کوا دەفتەری تێبینییەکانت؟

جیمارد: (دەفتەری تێبینیەکان و قەڵەمێ دەردێنێ) چی لەسەر بنووسم؟

بیسکرە: کاتێ کە پیاو ڕووبەڕووی مردن دەبێتەوە بیر لە ژن و منداڵەکانی دەکاتەوە

جیمارد: ئەلیس نەفرەتت لێ دەکەم... سەموم من دەمرم...

بیسکرە: ئەمەی کە نووسیوتە ئیمزای بکە دەنا ئەوەی نووسیوتە بێ ئیمزا بێ کەڵکی نییە

جیمارد: چی؟ ئیمزا لەسەر چی بکەم؟

بیسکرە: بنووسە لا الە الا اللە.

جیمارد: (ئەوە دەنووسێ) ها– ئەمەم نووسی ئایە دەتوانم ئێستا بمرم؟

بیسکرە: دەتوانی وەك سەربازێکی جەبان کە خیانەتی لە میللەتەکەی خۆی کردووە، بمری... مەراسیمێکی نایابی لە گۆڕنانت بە نسیب دەبێ ئەویش لەنێوان چەقەڵەکاندا بە دەوری تەرمەکەتدا دەسووڕێنەوە (دەنگی هێرشبردن لە سێتارەکەوە هەڵدەستێنێ گوێت لە دەنگی تەپڵە؟ گاورەکان پێش دەکەون هەتاو و سەمومیان لەگەڵدایە. لە بۆسەکانتان دەرچنە دەرێ (دەکێشێتەوە سەر سێتارەکە) لە هەموو هێڵەکانەوە گوللەدەبارێ... فەرەنیسییەکان ناتوانن چەکەکانیان پڕکەنەوە... عەرەبەکان بەڕێکوپێکی تەقە دەکەن... فەرەنسیەکان ڕادەکەن

جیمارد: (هەڵدەستێ) فەرەنیسیەکان ڕاناکەن

بیسکرە: (نایێك دەردێنێ فیکەی کشانەوەی لەسەر دەژەنێ فەرەنسییەکان دەکشێنەوە... کاتێ کە فیکەی کشانەوە بژەنرێ

جیمارد: ئەوە ئەکشێنەوە... کشانەوەیە... منیش لێرەم؟ (ڕوتبەی سەر شانەکانی خۆی دەکاتەوە) من مردووم (دەکەوێتە سەر زەوی)

بیسکرە: بەڵێ تۆ مردوویت... تۆ لەمێژە نەتزانیوە کە تۆ مردوویت... (دەچێتە لای میحراب و کاسە سەرێ دەهێنێ)

جیمارد: بەڕاست من مردوو بووم؟(ڕوخساری دەخاتە نێوان هەردوو دەستی)

بیسکرە: لە مێژە... گەلێ لە مێژە لە ئاوێنەکەدا سەیری خۆت بکە (کاسە سەرەکەی پیشان دەدات)

جیمارد: ئاهـ... ئەوە... منم...

بیسکرە: گۆنا قۆقزەکانت نابینی؟ نابینی چۆن هەڵۆکان چاوەکانتیان خواردووە؟شوێن

کاکیلە دەرکێشراوەکەی چەناگەی سەرووت نابینی؟

جێی(نوقرە) لە چەناگەتدا نابینی کە ڕیشێکی جوانت هەبوو ژنەکەت دەسبازی لەگەڵ دەکرد... شوێن گوێچکەکەت نابینی جورج–ی کوڕت ڕاهاتبووە سەر ئەوەی کاتێ قاوەی بەیانیانت دەخوارد ئەویش گوێتی ماچ دەکرد... جێ چەقۆی مەقسەڵەکە نابینی بەسەر ملەوەیە کە جەلاد خائینەکەی سەر بڕی؟

(جیمارد بەترسەوە گوێ بیستە... دەکەوێتە سەر ئەرز و دەمرێ)

بیسکرە: (پاش ئەوەی کە لەسەر چۆك بوو، هەڵدەستێ دەستی دەگرێ ترپەی دڵی دەپێوێ، پاشان گۆرانی دەچڕێ...)سەموم... سەموم... (دەرگاکان دەکاتەوە... پەردەکان دەلەرنەوە، بیسکرە دەست دەنێتە سەر دەمی خۆی و دەکەوێتە سەر زەوی) یوسف!

***

**دیمەنی سێهەم**

دوو کەسەکەی پێشوو، یوسف لە کانیاوەکە دێتە دەرێ

یوسف: (سەرنجی جیمارد دەدات، بەدوای بیسکرەدا دەگڕێ )

بیسکرە (دەیبینێ بە باوەش هەڵیدەگرێ)

تۆ زیندوویت؟

بیسکرە: فەرەنسییەکە مرد؟

یوسف: ئەگەر نەمردبێت... دەبێ بمری و چ چاری نییە سەموم... سەموم

بیسکرە: وابێ من دەژیم... بەڵام ئاوم دەیێ

یوسف: (دەیباتە لای کونەکە) لێرەدا... ئێستا یوسف هی تۆیە

بیسکرە: بیسکرەیش دەبێتە دایکی کوڕەکەی تۆ...

یوسف: ئەی مەزن... یوسف...

یوسف: بیسکرە... ئەی بەهێز بەهێزتر لە خودی سەموم

کۆتایی

# سیتاری ئاسنین

جۆزیف ئۆکۆنور

سێتارەکەی (ڤین)ی سێتارژەنی فەنلەندی سیٚ ژێی هەبوو
ژێیە برۆنزییەکەی گوێگری دەخستە خەو.
زیوینەکەی: پێکەنین بەخش بوو.
بەڵام ژێییە ئاسنەکەی دەیگریاندن.

کەسانی شانۆگەرییەکە:

١– پیتەرتولی peter tolly ئینگلیزە. خاوەن موڵکە لە ئێرلەندایە.

٢– شاموس shamus پیاویەتی.

٣– مایکل ئۆریۆردۆن M.O. Riordon فەرمانبەرە لای تولی و ئەفسەرە لە سوپای بەرگری ئیرلەندی.

٤– مولی کنزیللا Molly Kunsella کچی مامی مایکلە.

٥– کاپتن جۆن تریجارتن J.Tregarthen ئەفسەری سوپای بەریتانییە، دیلەو لە ژێر چاودێری مایکل دایە.

٦– شونەکیلی Sean kellsy ئەفسەرێکی مەزنە لە سوپای بەرگری ئیرلەندی.

٧– سکانلۆن Scanlon یاریدەدەری کیلییە.

٨– سەربازی تان–١–

٩– سەربازی تان –٢–

١٠– دیرموت Dermot حەرەسە لە سوپای بەرگری ئیرلەندی.

١١– فیلیم phelim حەرەسە لە سوپای بەرگری ئیرلەندی.

ئبریلی ساڵی ١٩٢٠

بەشی یەکەم: بەیانی.

بەشی دووەم: ئێوارەی هەمان ڕۆژ.

بەشی سێیەم: بەیانی ڕۆژی دوایی و سەعات پێنج و نیو.

## بەشی یەکەم

لە هۆڵی دانیشتنی قەسرێکی ئێرلەندی کە موڵکی پیتەر تولی ئینگلیزەو میراتگری دەستهاتی ئەندازیارانی کاروباری تەندروستییە لە قەسرەکە گەلێ شتی تێدایە و نیشانەی فیزی پووچەڵی پێوەیە.

مۆمدانی زیوین –چرای زۆر– شووشەی نایاب، زۆربەی تفاقەکان پێویستییان بەچاك كردنەوە هەیە...

دەرگایێك دەڕوانێتە سەر ڕاڕەوو ڕێی گشتی و ئەو زەوییانەی لە دەورو پشتی قەسرەکەدایە...

ناردوانێکیش دەبینرێ پەنجەرە درێژەکان بەپەردەی ئەستوور داپۆشراون سەرباری ئەوەی تیشکی ڕۆژ پەردەکان دەسمێ هێشتا سەر شانۆ هەندێ تاریکە...

لە سووچێکی ژوورەکەدا... دوور لە ناردوانەکە (مایکل ئۆریوردون) دانیشتووە ڕوخساری لە بینەرانەوە دوورە، تازەش چاوەکانی لە دەس داوە لە دوورەوە سێ جار شووتی شەمەندەفەر بەرز دەبێتەوە.

تولی: (لە ناردوانەکەوە دێتە خوارێ) پێم وتی ئەوە شەمەندەفەرەکە گەیشت...

شاموس: تووڕە مەبە، ئەی پێم نەوتی، لە وێستگادا بەتیم–م گوتووە تۆ سەفەر دەکەی؟ (چاوەڕێ دەکات) هەتا ئەگەر پێشم نەوتبا خۆ بۆ سەعاتێ لەگەڵ (ردان–ی) شوفێردا چەنەبازی دەکاو چیرۆکی ئەفسانەیی بۆ دەگێڕێتەوە.

تولی: چاکە.. بەیارمەتیت پەلە بکە.. دەبێ سبەی لە لەندەن بم.

شاموس: (گەلێ بەخاو و خلیچکیەوە دەجووڵێتەوە) وەختمان زۆر بەدەستەوەیە.. گەورەم کاتمان زۆرە دەبێ وەك سەمایەکی هێدی بیگوزەرێنین. ئەمە ڕەسمێکی پەیڕەو کراوە ئەمەیە ژیان، دەستوورێکی ئاینییە، بۆ لەو باوەڕەدای قەشە (ئوسیلڤان) بەپەلە هەڵگژێتە سەر ناردوانەکان و بەرەو گوشتارگا بچێت؟ (لە پڕ جانتاکان لە خوارووی ناردوانەکە دادەنێ ڕوو وەردەگێڕێ بۆ ئەوەی بچێتەوە سەری) گریمان ئەمە پەیڕەوی کوشتارگایە، دەبێ بەئەسپایی ڕوو وەرچەرخێنی بەسەر بەرزییەوە هەنگاو هەڵهێنی، بەپێی دەستورێکی ئاینی وەك کەڵە خێوێك لەسەر بەردێکی بەرز بپەڕێتەوە.

تولی: بەیارمەتیت بەشێوەیەکی تر خەیاڵت بخە کار با بەهەر شێوەیەکی دی بێت مادامێ دەتەوێت پەلە بکەیت، خۆ تۆ جارێ پەردەکانت لانەداوە کەچی سەعات دە و شتێکە، پێم ناڵێی تۆ تا ئێستا خۆتت بەچییەوە خەریك کردووە؟

شاموس: چاکە گەورەم گوێ گرە، هەر کە تیشکی هەتاو پەردەکانی سمی و هاتە ژوورێ. سەعات شەش و نیو بوو لە خەو هەڵسام پاشان چووم بۆ..

تولی: چاکە.. چاکە.. ببوورە پرسیارم لێ کردی، خۆم پەردەکان دەکەمەوە (پەردەکان دەکاتەوە) ئێستا خەڵکی وا دەزانێ کەسێك مردووە (لە دوورەوە دەنگی دوو تەقە دێ) ئاە! خودایە ناشێ کێشەی دیش لە ڕێدا بێ..

شاموس: گەورەم گەر بەئاسپایی و بەهەردوو گوێ هەڵخەین ئەوا بۆت دەردەکەوێ چ کێشەیێك لە ڕێدا نییە، تەنها دەنگی تفەنگی چکۆڵەی عیار (٢٢)وە و هی ڕاوە کەروێشکە. دەنگی تفەنگی گەورەی عیار (٣٠٣) ڕاوە ئینگلیزییە؟ گەورەم خوا خۆشی دەوێیت تۆ خۆت ئەوەت لە بیر کردووە کە ئینگلیزیت. بەڵام ئێستا چ نیاز خراپێك لە گۆڕێدا نییە..

تولی: لە پێناوی هێمنی و ئاسایشدا ئەم خانووەم کری کەچی پیاو ناتوانێ بێ ئەوەی تەقەی لێ بکرێ سەر لە پەنجەرەوە بێنێتە دەر...

شاموس: گەورەم ئێستا تەنها کەروێشکەکان لە مەترسیدان بۆیە ئێوە چ مەترسیتان لەسەر نییە (بەپەلە) پێت سەیر نەبێ کاپتن جۆن و مولی خانە زوو زوو دەچنە ڕاو...

تولی: تکا دەکەم پێش ئەوەی بڕۆم با یەکێکتان بفەرمووێ تێمگەیێنێ ئەم کاپتنە چۆنەو کێیەو لێرەدا چ دەکات من بۆ چەند ڕۆژێك دێمە ئێرە دەبینم ماڵەکەم لە لایەن (ئەهالی) چەکدارەوە داگیر کراوە کاپتن (ێکی) سەیری سوپای بەریتانیش کاتی خۆی بەڕاوە کەروێشك بەسەر دەبات؟ من لەم هەموو شتە تێناگەم.

شاموس: (ئەهالی) وشەیێکی نەگریس و ئیهانە بەخشە، نابێ بەئیرلەندییەکان بووترێ.

تولی: ئێمە هەموو (ئەهالین) ئەمەش باجە بۆ ئەو کەسەی لە دایك دەبێ.

شاموس: ئاوها ئەدی مایکل دەربارەی کاپتن جۆن هیچی بۆ باس نەکردووی؟

تولی: لەوەتی هاتووم بۆ ئێرە دوو قسەم لەگەڵ ئوریوردۆن نەکردووە، ئەو بە بەردەوامی لێرە نییە، من پیاوم بەکرێ گرتووە کاروباری موڵکەکانم بۆ بەڕێوە ببات. کەچی

وەکو خاوەن ماڵ ڕەفتار دەکات واش دەزانم ئەوانەی دێنە هۆڵەکانی ماڵەکەم و کاری نابەجێ دەکەن هەموو هاوڕێی ئەون ئەرێ ئێستا لە کوێ دایە؟ بەر لەوەی بڕۆم دەبێ هەندێ قسانی لەگەڵ بکەم...

ئوریوردۆن: (لەسەر کورسییەکی دەسکدارە) تو بی خوا تۆیش وەکو من کوێری؟

تولی: ئۆە.. ترساندمت.. چاکە تۆ لێرەدای بەهەر حاڵ، شاموس کوا (میل) و عارەبانەکەی؟ ئەم جانتایانەی بۆ ببە.

شاموس: (میل) نەخۆشە من لە بری ئەو دەچم عارەبانەکە ئامادە دەکەم.

تولی: نەخۆشە! تا ئێستا عارەبانەکە ئامادە نەکراوە، گەر وابێ ئەوا هەرگیز ناگەینە شەمەندەفەرەکە.

شاموس: نەخێر گەورەم، پێی دەگەین، دڵنیابە ئێستا لە وێستگاکەدا پۆکەر دەکەن (دەردەچێ)...

تولی: چاکە ئوریوردۆن چی دی؟

ئوریوردۆن: چاکە... تولی چی دی؟

تولی: من چاوەڕێ دەکەم، پێش ئەوەی بڕۆم هەندێ شتم بۆ ڕوون کەیتەوە.

ئوریوردۆن: دەربارەی چی؟

تولی: بۆ چ ماڵەکەم بووەتە ئۆردوگا، ئەو پیاوانە چین لە نێو موڵکی مندا دێن و دەچن، ئەدی ئەو کاپتنە ئینگلیزییە مەنگە کێیە؟ بەهیوام هەندێ ڕۆشنایی بخەیتە سەریان؟

ئوریوردۆن: بەهیوای هەندێ ڕوونکردنەوەیت؟ تۆ داوای زۆرم لێ دەکەی بەڵام من وەڵامی پرسیارەکانت دەدەمەوە. یەکەم کاپتن جۆن تریجارتن ئەفسەرە لە سوپای ئینگلیزی و دیلی منە.

تولی: دیلی تۆ؟

ئوریوردۆن: بەر لە سێ مانگ لە نزیك –دبلن–دا بەدیل گیرا، ناردیانە ئێرەو لە ژێر چاودێری مندایە، لەبەر چەن هۆیەك دەبێ لە خەڵکانی تۆ ئاسایش نەشاردرێتەوە من ناتوانم چاودێری بکەم، هەروەها پیاوی زیادیشمان نییە چاودێری بکەن بۆیە لێگەڕاوم دیلی (کەلیمەی شەرەف) بێت ئەوا ئێستا لەم کاتەشدا ڕاوە کەروێشك دەکات.

تولی: تێگەیشتم.

ئوریوردۆن: شانست هەیە.

تولی: ئوریوردۆن– حەقیقەتێکی دی هەیە وا دیارە لە بیرت کردووە ئەویش: ئەمە ماڵی منە و تۆیش بۆ من کار دەکەی و منیش حەقەکەت دەدەم بۆیە من بۆم هەیە بڕیاری ئەوە بدەم کێ دەبێ بێتە ئێرەو کێ نەیێت سەربارى ئەمەش من پیاوێکی ئینگلیزیم و ڕێگە نادەم ئا لێرەدا ئەفسەرێکی سوپای ئینگلیزی بەند بێ، گەر لە لەندەن ئەمە ببیستن ئەوا دەمگرن. ڕەنگە وەك خائنێك لەقەڵەمم بدەن، هەر هیچ نەبێ لە ڕووی گۆڕانکارییەوە بۆ چ بیر لە کەسانی دی ناکەیتەوە؟

ئوریوردۆن: تولی چی دی قسان بۆ خۆت مەکە، لە لەندەن دا دەتوانی –گەر بتەوێ پۆلیس ئاگادار کەو بڵێ سوپای ئیرلەندی دەستی بەسەر ماڵەکەمدا گرتووە، باوەڕیش ناکەم خەمت بخۆن، دەشتوانی بەکاپتن تریجارتن بڵێی تۆ سەربەستی بۆ هەر لایەك دەتەوێ بڕۆیت بڕۆ دەڵێ باوەڕ ناکەم گوێت بداتێ، ئەو بۆ خۆی دنیایێکی بێ دەربەستە ئەمە حەقیقەتە.

تولی: وا دیارە گەلێ سنگ فراوان بووم

ئوریوردۆن: تولی–ی سنگ فراوان.

تولی: کەسێ ناتوانێ ئەمە ئینکار بکات –تۆ ئینکاری دەکەیت، دەبێ لەم ئاستەدا هەموو ئەم شتانە بووەستێ من پیاوی سیاسەت نیم.. من تەنها پیاوی کارم چاوم لەگەلێ شت پۆشیوە، وام چاوەڕێ دەکرد کە تۆ بەلای کەمەوە بەئەدەبەوە لەگەڵما بدوێیت. دیارە ئەوەت لە بیر کردووە کە دەتوانم دەرت کەم، ناشبێ وا هەست بکەی کە تۆ تەنها لەبەر ئەوەی...

ئوریوردۆن: بەسە... بەس ئەو بەزەیی پیا هاتنەوەت مەهاوە نێو شەبقەکەمەوە کە بستێ بڕ ناکات تۆ، منی کوێری بەستەزمانت ڕانەگرتووە گوایە بەزەییت پیا دێت، تۆ لە پێناوی کارەکانی خۆتا منت ڕاگرتووە، من لە پێناوی کارەکانی تۆدا لێرەم شارەزای ئەم کارەم، موڵك و کێڵگە چکۆلەکەت کاریان بەجوانی بەڕێوە دەچێت، هەر لە پێناوی تۆیش دەپارێزرێن، بۆ ئەوەی تۆیش بتوانی– پاش ئەوەی ڕۆحی خۆتت لە ئاودەستخانە فرۆشتنی بۆ وڵاتانی دنیا جەڕاندووە، بێیت بۆ ئێرە، بەئارامییەوە هەندێ کاتت بگوزەرێنی..

تولی: پێویست بە توانج ناکات، کارەکەم کارێکی گرنگە.

ئوریوردۆن: بەڵێ، بەڵێ تۆ پیاوی بهداشتیت و کەسیش ئەمە ئینکار ناکات ڕەنگیشە ئەمە سۆنگە بێت کە تۆ لێرەدا لە جێی شیاوی خۆتا نەبیت و دەزانی ئێستا لە ئێرلەندا چی ڕوو دەدا؟

دەوڵەتە خێرخوازەکەت، هەرچی پڕوپووچی بەندیخانەکان هەیە کۆیانی کردۆتەوەو چەکداری کردوون و بۆی ناردووین تا کەسانی من ئاسا بکوژن... دەربارەی (بلان ئاندتانز) هیچت بیستووە دیارە ڕۆژنامە ئینگلیزییەکان شەرم دەکەن باسیان بکەن؟ ئەوانە ئەو بەرێزانەن کە شەش مانگ لەمەو بەر بۆسەیەکیان بۆ تیپەکەم نایەوە لەو ڕۆژەوە جیاوازی لە ڕۆگەی ئەم ڕۆژەدا نابینم، تۆ قایل نییت کە هاورێکانم لێرەدان، دەشزانم ئەمە ماڵی تۆیە، بەڵام جێیەکی گەلێ لە بارە بۆ بارەگای سەرکردایەتی بۆیە لێرەدا دەمێنینەوە.

تولی: بەڵام تاکەی ئەمە بەردەوام دەبێت؟ دەبێ بزانی، ئەمە چ کێشەیێکم بۆ دروست دەکات، من تەقدیری هەڵوێستی تۆ دەکەم و..

ئوریوردۆن: چاکە بەڵام ئەم وەزعە تارزگاری ئیرلەندە بەردەوام دەبێت، پاشانیش تەنها خوا بۆ خۆی دەزانێ چ بۆ خۆمان دەکەین! گەر کەیفخۆش دەبێ بزانی ئەوا من دڵنیات دەکەم، سەربازە نیزامییەکانی بەریتانیا ئەوانەی کە من چاوم پێکەوتوون، گەلێ تووڕەو بێزارن لە (بلاك ئاندتانز) هەر وەکو ئێمە تووڕەن.. کاپتن جۆن تف ڕۆ دەکات هەر کە ناویان بێت.

تولی: گوێگرە، من چ تێناگەم، مەبەستیشمە و هەوڵ نادەم تێبگەم، نامەوێ لەمە زیاتر گەڕانەوەم بۆ لەندەن دواخەم.. گەلێ بەداخەوەم کە بۆ ئێرە هاتووم.

ئوریوردۆن: پیاو.. باوەڕ بەخۆت مەکە، کە دەگەڕێیتەوە بۆ لەندەن، گەلێ شانازی دەکەیت (لە دوورەوە دەنگی تەقەیێك دێت) مەترسە ئەوە بۆ کەروێشکە، ئێستا لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرێ بکە پێم بڵێ.. پیاوێکی کەتە، لە ڕادەکە قسان بۆ کوڕێکی پرچ ڕەش دەکات..

تولی: (سەیری دەرێ دەکات) بەڵێ هەردووکیان لەوێدان.

ئوریوردۆن: چاکە پیاوە کەتەکە (شۆن کیلییە) و هەر ئێستا گەیشتۆتە ئێرە ئەو پیاوە لە (مۆنز) دژ بەئەڵمان جەنگاوە، بریندار و تەسریح بووە، پاشان هاتووە بۆ دبلن، لە

ساڵی ١٩١٦ لە شۆڕشی جەژنی (فصح)دا لەگەڵ من بەشداری کردووە لە جەنگا دژ بەئینگلیز، حوکمی ئیعدامی بەسەرا دراو جێبەجێ نەکرا، تا جارێکی دی گەڕاوەتەوە بۆ فەرەنسا بەشداری جەنگ بکات، کار گەیشتە ئەوەی لەگەڵ سوپای بەریتانیا دژ بەڕووسەکان بجەنگێت... ئەوا ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ ئێرلەندە مەزنترین سەربازە، بگرە بێ هاوتاترین هەڵۆیە، تولی تۆیش گەر پیر بویت و نەوەت –گەر بەختت یار بێ و نەوەت هەبێ– لە دەوری ئەژنۆتا دادەنیشن، دەبینن لە نێو پێستی سەرە پیرەکەتا هەندێ یادگاری زێڕین پارێزراوە، دەتوانی پێیان بڵێی (نەوەکانم لە قەسەرەکەی ئێرلەندامدا شۆن کیلی تیایدا دەژیا) ئەوسا ئەوانیش لە نێوان خۆیاندا دەڵێن گەر ئێستا باپیرمان هەند گرنگ نەبێ، بەڵام لە سەردەمی لاویەتیا لەگەڵ پیاوانی ئازا و قارەمانا بووە.

تولی: نەخێر... چ کەسێك بەقارەمانم نازانێ تەنانەت نەوەکانیشم بۆ سەلماندنی دیدی خۆیشم ئەوا من بەپەلە ئیرلەندە جێ دێڵم، سوپاس بۆ خوا گەلێ لە سنوورەوە دوور نیم –هەر کە بگەمە بلفاست ئا لەوێدا هەناسەی ئۆخەی هەڵدەمژم.

ئوریوردۆن: ئا لێرەدا جیاوازین، هەر کە من بگەمە بلفاست ئیدی لە هەوا هەڵمژین دەکەوم. (شاموس دێتە ژوورەوە).

شاموس: گەورەم ئێمە ئامادەین، لە ئامادەکردنی عارەبانە ڕەقەم قیاسیمان لێداوە (تیم) شەمەندەفەرەکە ڕادەگرێ... توورە مەبە.

تولی: من متمانەم بە(تیم) نییە دڵنیام ئێستا مەستە.

شاموس: گوێگرە گەورەم... دەبێ هەر وابێ، لەم تەمەنەی ئێمەدا، دەبێ خۆ ڕابێنینە سەر هەموو شتێ، گەر (تیم) سەردانم بکات دەبێ بزانێ بەمەشغولییەوە دەمبینێ کە خەریکی کاروباری ئێوەم. هەر کە منیش سەردانی بکەم دەبێ بزانم و پێشبینی ئەوەش بکەم کە بەسیامەستی دەیبینم (شاموس جەنتاکان دەباتە دەرێ).

تولی: (تەوقەی لەگەڵ ئوریوردۆن دەکات) ئوریوردۆن بەخوات دەسپێرم (مولی کەنسالا دێتە ژوورەوە)

مولی: ئەهلا مستەر تولی، بەم پەلەیە سەفەر دەکەیت؟

تولی: بەڵێ.. ناشتوانم بڵێم ئەفسوس، بۆ هێمنی و ئاسایشی هاتبووم بۆ ئێرە.

مولی: ئەمە چ کارێکی ناجۆرە تۆ دەیکەیت.

تولی: گویّ گره، دەبیّ لە ڕۆیشتن پەلە بکەم، نەك مایکلی کوڕە مامت ڕامکێشێتە لای خۆی، وەختیّ خۆم ببینم لە تەنیشتیەوەو لە پێناوی ئێرلەندا دەجەنگم.

مولی: مستەر تولی ئەمە بیرێکی چاکە من خۆم فێرە تیر ئەندازەیی دەکەم.

تولی: بەخواتان دەسپێرم (دەڕوات)

شاموس: (لە دوورەوە) ئەسپەکە سمکۆڵ دەکات هەموو شتیّ ئامادەیە گەورەم

تولی: (لە دوورەوە) ئەریّ ئەم عارەبانەیە متمانەی پیّ دەکریّ؟

مولی: تولی بەستەزمان بەم چەترو شەبقە چڕو ڕشەیەوە نازانیّ چی بەسەر دێت. دەبوایە گوللەیەکمان بەشەبقەکەوە نابا تا لە ئینگلتەرە نیشانی موشتەریەکانی خۆی دابا.

ئوریوردۆن: نەچووە بچیّ، لە لای دەرگاکەوە فیشەکیّ تاقیکەوە.

مولی: ئەزیەتی زۆری کێشا.. بەهەرحاڵ بەزیندوویەتی ناگاتە وێستگاکە چونکە شاموس لە عارەبانە هاژوتن گەلیّ سەرکێشە.

ئوریوردۆن: تولی کابرایێکی چاکە، بەڵام هەمیشە کەللەییم دەکات هەر کە دەنگی دەبیستم لە بیانوو دەگەڕێم و دەمەویّ ئیهانەی بکەم.

مولی: بەڵام من کە دەیبینم هەست بەگەوجی خۆم دەکەم کە بەیەکدی دەڵێین بەیانیت باش مولی... بەیانیت باش مولی... وەك ئەوەی تەحدایەکی قورسی یەکدی بکەین.

ئوریوردۆن: دەتوانین ئەم ئاخاوتنەتان بکەینە گۆرانێیکی پف دراو.

مولی: هەر کە جارێکی دی گەڕایەوە بۆ ئیرلەندە تۆ دەتوانی بۆی بچڕی.

ئوریوردۆن: بەڵیّ هەر لە ئێستاوە بۆی ئامادە دەکەم (هەوڵ دەدا گۆرانییەکە تاقی کاتەوە) لە بەهارە ڕۆژێکی جواندا تولی چاوی بەمولی کەوت.

مولی: ئەریّ لەسەر ئاگردانەکە چا هەیە؟

ئوریوردۆن: دەبیّ شاموس هەندێکی لیّ جێهێشتبیّ (مولی دەڕوات) (ئوریوردۆن گۆرانی دەچڕیّ) تولی بەمولی دەڵیّ من پاشای ئاودەستخانەکانم نازانم بۆچ کەسیّ بەناوی یەکەمی بانگی ناکات.

مولی: (لە دوورەوە) کیّ؟

ئوریوردۆن: تولی.

مولی: ڕەنگە مەسیحی نەبێت.

ئوریوردۆن: ڕەنگە ناوی یەکەمی پۆخڵتر بێ لە ناوی خانەوادەکەی. خوا یارمەتی بدات (گۆرانی دەڵێ) مولی بەتولی دەڵێ، لێم دەگەڕێی بۆ وەزع و حاڵی خۆم؟

مولی: (دێتە ژوورەوە) پیاڵە چایێکت دەوێ؟

ئوریوردۆن: بەڵێ سوپاست دەکەم (گۆرانی دەچڕێ) جێی پاشا دانیشتنە لەسەر تەخت ببوورە ئەرێ ئەو بەیانییە لە کوێ بوویت؟

مولی: بەسواری چوو بوومە گەردشێ.

ئوریوردۆن: تەنها بوویت؟ بۆ پێت نەوتم؟ حەزم دەکرد لەگەڵ تۆدا سواری ئەسپ بم.

مولی: (ڕۆری) شەل بووە دەزانم لەم ڕۆژانە حەز دەکەی سواری بیت.

ئوریوردۆن: سەرچلێم دەکرد، هەر ئەسپێکی دیش با سواری دەبووم، جا چ دەبوو؟

مولی: بەهەر حاڵ –جۆن–یش لەگەڵما هات و تەنها نەبووم.

ئوریوردۆن: وا هاتە بەرگوێم لە دەرێدا ڕاوە کەروێشك دەکات.

مولی: وێکرا ڕاومان دەکرد، هەر بۆ گۆڕین و خۆشی بیرمان کردەوە بەسواری ڕاو بکەین.

ئوریوردۆن: خوا یارمەتیتان بدات چ نێچیرێکتان دەست کەوت؟

مولی: چ کەروێشکم نەپێکا، بەڵام دارێکم ئەنگاوت.

ئوریوردۆن: ئەدی ئێستا جۆن لە کوێ دایە؟

مولی: ئەسپەکان دەلەوەڕێنێت.. دوا ناکەوێت.

ئوریوردۆن: دەزانی گەلێ جار بەتوندی لۆمەی خۆم دەکەم و بەخۆم دەڵێم بەڕاستی ئەوە لە لای من دیلە.. من نازانم بۆچی ناتوانم باوەڕ بەخۆم بێنم دنیا بەنیسبەت منەوە دنیاکەی جاران نییە، بەپێوەرێکی دیی جیاواز شتەکان دەپێوم، هەندێ کەس و هەندێ شت لە جاران جوانتر دەبینم، دەپرسم ئایا جۆن ئەفسەرێکی ئینگلیزیە یان تەنها هاوڕێیەکی ئازیزە، خواوەند لە بری چاوە کوێرەکانم پێی بەخشیوم؟ کام یەك لەم دووەیە؟

مولی: هەردووکیانە.

ئوریوردۆن: بەڵێ.. گەلێ بیرم لە شێوەی کردووەتەوە، لەم شەش مانگەی ئەم دواییییەمدا

که هاوڕێمە نازانم وەك لە مێشکمدا ڕێك و میهرەبانە ئاوهایە... وەسفی بکە.

مولی: نا... نەء.. مایکل وەسف ناکەم.

ئوریوردۆن: دەی... وەسفی بکە، من و تۆ هەمیشە یەك جۆر کەسانمان بەدڵ بووە، وەسفی بکە، هەر وەك ئەوەی خۆم دەیبینم.

مولی: لە مێشکتا وێنەیەکی جوانت تۆمار کردووە بەتەواوی لەیەك دەچن.

ئوریوردۆن: بەڕاستیتە.. لێکدەچن.. شتێکی گەلێ چاکە، بەڵام بەهەر حاڵ سەیری نیگای هاورێکانی دیم لە مێشکما پاراستووە، هەر وەك ئەوەی تابلۆ بن لە پێشانگا لە نێو بورجێکی تاریکدا بن، بەڵام جۆن دەنگێکی دوورە، یان ترپەی پێیە و لێم نزیك دەبێتەوە یا وەك تەقەی تفەنگێکە و لە دوورەوە دەیبیستم.

مولی: چاکە کارێکی چاکە کە دەزانم خۆشت دەوێ... گەر هەموو دوژمنداریێ تۆ ئاسا ڕەفتاری کردبا، ئەوا ئەم جەنگە درێژە تاساتێکی دی بەردەوام نەدەبوو.. حەز لە پیاڵە چیایێکی دی دەکەی؟

ئوریوردۆن: نەخێر سوپاس. بەهیوام درك بەوە بکەی کە بەختت یارە وەك ئەمڕۆی بەهارە ڕۆژی مانگی ئیپریل هەمیشە لە مێشکمدا وەك ئێستا جوان و گەنج دەمێنێتەوە..

هاورێکانم لە دنیای خەونمدا دەژین.. ئەرێ ئەمە دیارییێکی جوان نییە بۆ تۆ بەبۆنەی ساڵ ڕۆژی لە دایکبوونی داهاتووت؟

مولی: دەبێ تا ئەو ڕۆژە دێ چاوەڕێ بکەم؟ ناشێ ئێستا ئەو دیاریەم دەست کەوێ؟

ئوریوردۆن: مەبەستت دیاریەکی ئاسابییە نەك دیاری جەژنی لە دایك بوونت.

مولی: بەڵێ. وەبیرم دێ کە منداڵ بووم گەلێ دیاریت دەدامێ.. دەزانی توانای چاوەڕێ کردنی ساڵێکم نەدەبوو؟

ئوریوردۆن: منیش وەبیرم دێتەوە، بەڵام دەربەست نەدەبووم بێگومان بەخشین و وەرگرتن خۆشیەکی مەزنی تیادایە ها فەرموو ئەمەیش دیاریەکەت... هەمیشە گەنج بیت.

مولی: سوپاس دڵپاکی گەورەم.

ئوریوردۆن: بەڕاستی جێی داخە هەر کە نوورەکەم بێتەوە جوانتر دەردەکەوین

مولی: ئۆه.. چ پێویست بەم قسانە ناکات.

ئوریوردۆن: نەخێر.. لەبەر تیشکی ڕۆژدا.. جوانترینتان لاوازو ڕەنگ پەڕیوە- کەچی لەبەر تیشکی مۆمدا بەجۆرە میهرێکەوە دەکەوینە ڕوو بەڵام لەبەر تیشکی تاریکیدا کە من ئێستا تیایدا دەژیم وەك مەزنی خواوەند دەکەویتە ڕوو.. چ لەمە تێگەیشتی؟ فەرموو لە پێناوی مندا ئەم لەغزە شیکەوە.

مولی: بەم شێوەیە.. بێ مایکل هەر ئافرەتێکت توش بێ بەخوا دەی دەزانی؟

ئوریوردۆن: نەبەخودای، مێشکم گەلێ کچە شەیتانیشی پاراستووە، لە واقعدا هاوڕێکانم خۆشبەختن.

مولی: ئەرێ وا هەست دەکەیت، دوو خۆشەویست لەنێو چاوانی یەکدیدا تا سەر هەر بەجوانی دەمێننەوە؟

ئوریوردۆن: ڕەنگە بۆ ماوەییێکی کەم، بەڵام ناشێ تا سەر کوێر بن.

مولی: مایکل، تۆ تەوس بێژو گولمەز قسەی... لێم دوورکەوە.

ئوریوردۆن: ئاه.. چەن ئەڤیندراری درۆزن، لەم وشانە دادەچۆڕێنێتە گوێی خۆشەویستەکەی: (تا دنیا ماوە هەمیشە لەبەر چاومدا وەکو ئێستا بەجوانی دەمێنیتەوە... خەیاڵ و هیوا بەرەو ژووری دەبات پاشان لە پڕو لە بەرزییەوە بۆ نێو دنیای واقیع و حەقیقەت دەکەوێتە خوارێ..)

مولی: ئەدی کەی ئەم دووفاقییە لە کەسایەتیت یەك دەگرنەوە، بەدەستێ نەسیحەتی تەوس ئامێزم دەکەی و بەدەستەکەی دیش گەنجێیەتی هەمیشەییم پێ دەبەخشی.. لەسەر ڕایەك ئۆقرە بگرە.

ئوریوردۆن: نایەڵم دەستی ڕاستم بزانێ دەستی چەپم چ دەبەخشێ.

مولی: بەهەرحاڵ ڕێ نادەم چ کەسێ ڕێی ئەڤینم لێ گری.

ئوریوردۆن: بەهیوام نەکەویتە نێو ئەڤینداریی‌یەوە.

مولی: هەتا خۆشەویستی تاقە برا گەورەکەشم؟

ئوریوردۆن: بەخوا سوێندت بۆ دەخۆم، برات نیم و چ ڕۆژێ لە ڕۆژانیش برات نەبووم.

مولی: هەرگیز؟

ئوریوردۆن: چاکە... ڕەنگە تەنها جارێ برات بووبێتم.. بەڵام ئێستا برات نیم.

مولی: ئاوها.. بۆیە ئێستا لێم دوور دەکەویتەوە (جۆن، نزیك دەبێتەوە، مولی بەپەلە بەرەو دەرگا دەچێ، ئیدی وشەکانی ئوریوردۆن نابیستێ).

ئوریوردۆن: مولی من لەتۆ دوورناکەومەوە، بەڵکو لێت نزیك دەبمەوە.. من..

مولی: ئاه... ئەوە جۆن–ە... ئەهلەن (جۆن دێتە ژووریَ)

جۆن: ئەهلەن مولی.. ئەهلەن مایکل، بەهارە ڕۆژێکی نایابە، حەزم دەکرد بۆ گەردش لەگەڵماندا بایت.

ئوریوردۆن: دیارە، گەلێ بەزەییتان بەکەروێشك دێتەوە وا هەوڵتان داوە بەسواری شکاریان بکەن؟

جۆن: وامانزانی زیاتر خۆشی بەخشە.

ئوریوردۆن: لە جارێکی دیدا تیروکەوان تاقییکەنەوە، ئیدی هەرگیز شفتەی کەروێشك ناخۆین.

جۆن: ئەمە بیرێکی چاکە، من ئەم جۆرە شفتەیە دەبێزێنم.

ئوریوردۆن: گەلێ دەیبێزێنی –خوا یارمەتیمان بدات دەشڵێ قسەکانی ئێمە بەتوێکڵە.

جۆن: ئەریَ لەسەر ئاگردانەکە هەندێ چام دەس دەکەویَ؟

مولی: چای تازەت بۆ لێدەنێم.. ڕەنگە ئەو چایەت بەدڵ نەبێ.

جۆن: نا..نا.. تکا دەکەم، ڕاهاتوومەتە سەر ئەو چایەی شاموس لێی دەنێ.

مولی: بەڵام ئێمە لەم شارەدا بەمیهمان پەزیر ناوبانگمان هەیە، تەنانەت بۆ هاوڕێیانیشمان.. (مولی دەڕوات)

جۆن: مایکل لە ڕاستیدا هەستم نەدەکرد ژیانی بەندی تا ئەم ڕادەیە خۆش بێ.

ئوریوردۆن: وا هەست دەکەم هەمیشە وابێ، کە لەساڵی **١٩١٦دا** بەدیل گیرام ئەم بەخشندەیییەم نەبینی لەگەڵ ئەمەشدا گەر ئێمە بەرانبەر بەدوژمنانمان بەخشندە نەبووین چۆن بۆمان دەلویَ بەرامبەر بەهاوڕێیانمان بەخشندە بین؟

جۆن: چۆن؟ ڕەنگە قسەکەم ناجۆر بێت، بەڵام دەڵێم ئەم سێ مانگە بەختەوەرترین ڕۆژانی ژیانم بووە.. ئەمەیش سەبارەت بەتۆو بەمولی بووە، هەر کە لە نوێندا ڕادەکشێم دوعا بۆ ئەو کوڕە چاو زیتە دەکەم کە سێ مانگی لەمەوبەر و لە شەوێکی زستاندا لوولە ساردەکەی تفەنگەکەی نایە بنا ملمەوە، لە ڕاستیدا مەلائیکەت بوو،

دەرگـای بـەهـەشتـی، چـاوەڕوان نـەکراوی بـۆ کردمـەوە.. هـاویشتمـیـە نێو زیندان و سەربەستی.

ئوریوردۆن: —جۆن— هەموو وێکرا لە زینداندایـن، بەڵام هـەر یەکەو بەجۆرێ من بەندی تاریکیم هەر هەمووشمان بەندی جەستەمانین ئەرێ وا نییە؟ گەر لە جەستەوە بۆ عەقڵ فیرار بکەن، ئەوا خۆ دەبینین بەندی فەلسەفەیێکی دیوار ئەستوورین، گەر لە خودی ژیانیش هەڵێین، ئەوا دەکەوینە پشت شیشە بەرزەکانی ئەبەدییەت، ئەم بوونە بەندیخانەیێکی ترسناکە، بوونێکی گەمارۆ دراوی سەختە.. بەڵام مادامێکی دەتوانین لەنێو قەفەسەکانمانەوە گۆرانی بڵێین ئەوا بەختەوەرین. ئەوا چ پێویست بەقەلەق ناکات.

جۆن: مایکل بەیناو بەین نەبێ من تووشی قەلەق نابم، ئەو دەرگیرییەی کە هەفتەیێك لەمەوبەر لەگەڵ (بلاك —ئاند— تانز) دا ڕووی دا هەندێ بێزاری کردم. بەڵام نازانم ئەم قەلەقەم حەقیقی نییە یا بەختەوەرییەکەم لێرەدا حەقیقی نییە؟ بەهەر حاڵ ئەم دوو جیهانەم گەلێ جیاوازن، دەرگیریەکەش گەلێ سامناك بوو وەکو تامپون کردنی دوو ئـەستـێرە وابـوو، ئـێمـەش گـەڕایـنـەوە سەر دۆخـی خـۆمـان.. بشێ جـارێکـی تر دەرگیریەکی دی ڕوو بدات.

ئوریوردۆن: جۆن، تۆ چاك دەزانی من ناتوانم لەگەڵ تۆدا موناقەشەی نهێنییەکانی جەنگ بکەم، ئەگەر چی هۆیەکەشی نازانم بەڵام گەر جەنگ گەیشتە ئەم هەرێمە، ئەوا لەگەڵ چ بەرەیەکدا دەجەنگێیت؟ دڵنیام لەوەی کە تۆ لە پاڵ (بلاك—ئاند تانز)دا ناجەنگێیت.

جۆن: نەخێر... لەپاڵ ئەواندا نابم.

ئوریوردۆن: دەڵێی نەخێر— کەچی بەڕەسمی وەك سکانلۆن دەڵێ، سەربازێکی خوێنڕێژی و لە نێو پۆشاکی سەربازی خوێنمژاندای

جۆن: سوێندت دەدەم بەخوا، ئەم سکانلۆنە کێیە؟

ئوریوردۆن: یاریدەدەری (شون کیلی) یە هەردووکیان شەوی ڕابردوو گەیشتن، پێت دەڵێم ناتوانی چ کارێ بکەی بۆ ئەوەی خۆشی بوێیت ئەو هەمیشە دەڵێ: ئایا دەشێ ئینگلتەرە شتی چاکی لێدەرکەوێ؟

جـۆن: ئـەمـە ئـیـهـانـەیـەکـەو بـەڕووی خـۆیدا دەشکێتـەوە ئـەدی نـەگریسەکـانـی (جـوو)

نەیاندەوت چ خێرێك لە مەسیحییەكان چاوەڕێ ناكرێ.

ئوریوردۆن: دەشێ ئەمە ڕاست بێت بەڵام ئێوەی پرۆتستانت چاكتر لە ئێمە لە ئینجیل دەگەن.

جۆن: مایكل هەرچییەكی دەڵێی كەیفی خۆتە، بەڵام شون كیلی بۆ ئیجازە بەسەر بردن بۆ ئێرە نەهاتووە، من لە نرخی ئەم پیاوە تێدەگەم، ئەم پاداشتە بۆ ئەو كەسەس بیگرێ گەلێ زۆرە تەنانەت لەو پاداشتەش زیاترە كە بۆ دەستگیر كردنی تۆ تەرخان كراوە.

ئوریوردۆن: جۆن گەر زۆرت مەبەستە بیزانی، ئەوا پێت دەڵێم: ئێستا كێ ئەوەی من دەیزانم زیاتر نییە لەوەی كە تۆ دەیزانی.. من سەربازی كار نیم جا بۆ هەوڵی ئەوە بدەم لە پێویست زیاتر بزانم؟

جا چ ئەبێ ژمارەی ئەوانەی نازانن یەكێكیان كەم بێتەوە (مولی چا دێنێتە ژوورێ).

مولی: چام لەسەر جوانترین شێوەی ئینگلیزی لێناوە، لەسەر دەستووری مسز (بیتین) ئامادەم كردووە.

جۆن: سوپاست دەكەم، تكایە چیدی ئەوەم مەخەوە یاد كە من بێگانەم، حەزم بەم هەستە نییە.

مولی: دیارە ئەو گۆرانیەشمان لەگەڵدا دەچڕێ: ئەی پیاوینە، بەیداغی سەوزم لێ ئاڵێنن، ئەی كۆچەری ئینگلیزی، جۆن تریجارتن بەر لەوەی ئیرلەندا جێ بێڵێ، ئەو ساتە بەدی دەكەم.

ئوریوردۆن: شتێكی جوانە گۆرانیەكیش هەیە پەیوەندی بەم باسەوە هەیە.

مولی: ئەم بەیانییە هەموو شتێك جوانە، سەیری ئەو هەموو گوڵە جوانانە بكە كە لە حەدیقەكەدایە (بەوردی قسەكان بەرەو سنووری هەستی ئوریوردۆن دەگۆڕێ). ئا لێرەوە دەتوانی بۆنی گوڵە شلێر بكەی، گوێگرە تاقە باڵندەیێك نییە بێ دەنگ بێ، ڕەنگە هەستی خاوێن بەوەی كە ژیان لەسەرەتاییدایە خەوشی كردبن هەر وەك ئەوەی كە ئەمە یەكەم بەرە بەیانی بوون بێیت.

ئوریوردۆن: دەشێ وابێ.. ڕەنگیشە خواوەند بەر لە پێنج دەقیقە جیهانی خەلق كردبێ، دنیایێكی تەواوی پڕ لە یادگاری و لیستە و كەندن كارییە، ئەمە تیۆرێكی نایابە دە

فەرمەوو ناڕاستی ئەمە بسەلمێنە.

جۆن: مایکل، حەز بەمە ناکەم، وا دێتە بەرچاوم ئەم بەیانییە، ڕێك بەیەکەم بەرەبەیان دەچێ، بەهیوام لەمەیاندا ڕاست بکەم. مناقەشەی ئەم تیۆرە ناکەین. با چێژی لێ وەرگرین، ئەم چایەش لە نایابی ئەو چایەیە کە دایکم لێی دەنا...

مولی: دەڵێی لە بیرت کرد کە جیهان پێنج دەقیقەیە دروست کراوە، ئەمەیش یەکەم پیاڵەی چایە یا یەکەم قۆرییە چای ڕەسەنی سەرەتایە بەپێی دەستووری خواوەندی مەزن بۆ مسز (پیتن) ئامادە کراوە.

ئوریوردۆن: لەم حاڵەتەدا دەبێ چێژی بکەم نابێ شتی وام لە دەست بچێ.

مولی: دەبێ هەموو وێکڕا بیخۆنەوە، لە نوخبی ئافەریدی دەیخۆینەوە بەهیواین بیرێکی بەختەوەرانە بێت، ڕەنگیشە ڕۆژگار دروستی ئەو بیرە بخاتە ڕوو (دەخۆنەوە)

ئوریوردۆن: خەست و شیرینە، وەك ئەو یەکە قومە ئاوەیە کە ئادەم لەسەر چاوەی بلوری نییەکانی بەهەشتی عەدەن نۆشی کرد.

مولی: بەتام و خۆشە، وەك ڕەحمەتی خواوەندە بۆ پیرەمێردێکی حەفتا ساڵە کە لەسەرە مەرگدا بێ و ژیانێکی پڕ گوناهکاری گوزەراند بێ.

جۆن: چایەکی چاکە.

مولی: ئوە.. هەتاو ون بوو.. ئەوە چ هەورێکی سفتەو وا کوتوپڕ بەری ڕۆژی گرت. چ مەناخێکی ناجۆرە، بەکەشی ئینگلتەرە دەچێ.

جۆن: تا ڕادەیەکی زۆر بەو دەچێت.

مولی: ڕەنگە زریانیشی بەدوادا بێت.

ئوریوردۆن: دەشێ خواوەندی مەزن لەم جیهانە بێزار بوو بێ و پاش دە دەقیقەی دی سەرو بنی بکات (زەنگی سەعات یانزە لێدەدرێ)

مولی: مایکل–وا مەڵێ، ئەم سەعاتە دەمترسێنێ سەعات یانزەشە... سەعات یانزە...

جۆن: دەڵێی، ئێوارەیە.. ئەم هەورە بەری ڕۆژی گرتووە دەڵێی مەغریبە..

ئوریورودۆن: دەبا وەك ئەوەی ئێوارە بێ.. ڕەفتار بکەین بۆ من چ جیاوازییەکیان نییە، با سێبەرەکان لە دەوری خۆمان کۆکەینەوەو بحەسێینەوە.

جۆن: (بە مولی) وەرە ئێرە، هاوبەشیی سێبەرەکەم بە(لە تەنیشتی دا دەنیشێ) مایکل

ئێستا ئێوارەیێکی خۆش و بێدەنگە، ڕات چییە بەگۆرانییەك؟

مولی: بەڵێ.. دەی مایکل کوا سێتاکەت؟

ئوریوردۆن: لە تەنیشت پەنجەرەکەدا جێم هێشتووە، هەر کە شنە بایێك هەڵکات بەئاسپایی دەلەرێتەوە.. ئا ئەوەتا کچۆڵەکەم، چ گۆرانیەکت دەوێ خەم ئامێز یا کەیف بەخش؟

مولی: ئوە... ئەڵبەتە گۆرانیەکی خەم ئامێز.. گۆرانیەکی خەم ئامێز.

جۆن: بەڵێ.. با گوێ لە گۆرانیەکی خەم ئامێز گرین.. هەرچەندە غەماوی بێت ئەوەندە چاکترە (ئوریوردۆن هەندێ لە ئاوازی گۆرانی جاردنز دەڵێ)

ئوریوردۆن: گۆرانی دەڵێ.. ئا لەوێدا.. لە نزیکی باخچەکانی ماڵێدا.. من و خۆشەویستەکەم یەکیدمان بینی.. هەر کە بەپێی ناسك و چکۆڵەنی هاتە لام... ئامۆژگاری کردم.. بەساکاری ئەوین وەرگرم.. ئامۆژگاری کردم.. بەساکاری ئەوین وەرگرم.. وەك دەرەختێ کە هێدی هێدی چرۆکانی دەم دەکاتەوە.. بەڵام منی گەوجی سەر کێشیش قایل نەبووم...

من و خۆشەویستەکەم... لە کێڵگەیێك کە لە تەنیشتی ڕووباردا بوو وەستاوین.. شانم دایەوە تا دەستە ناسکە سپی و چکۆڵەکانی بخاتە سەر...

ئامۆژگاری کردم.. وەك ئەو گیایەی لەسەر پردەکاندا دەڕوێن. بەهێمنی ژیان بگوزەرێنم –بەڵام من ساویلکە و گەوج بووم. ئەوەتا ئێستا بەخوڕ فرمێسك دەبارێنم...

(لە کۆپلەی یەکەمی گۆرانیەکە دەستی مۆلی و جۆن لە یەکدی گیر دەبێ و لە کۆپلەی دووهەمی گۆرانییەکە سێبەری زەلامێکی کەتە لەسەر پەیژەکە دەردەکەوێ)

کیلی: پاش تەواو بوونی گۆرانییەکە (گالە) مەزنەکانی ئێرلەندە هەروەك ئەوەی خواوەند بەشێکی خەلق کردوون هەموو جەنگەکانیان خۆشی بەخشە، گشت گۆرانیەکانیشیان غەم ئامێزە.

ئوریوردۆن: شون! ئاە، چ دەکەیت، دەڵێی خێوی تووڕەیی کینەی وا دادەکشێیە نێوانمان وەك ئەوەی چ غەمێکمان نەبێ وەرسمان کات کەچی کۆتایی هاتنی جیهان هەڕەشە لە ئێمەو لە هەموو کەسێ دەکات.

کیلی: چی؟ ئەوە جارێکی دی دەیڵێیتەوە؟ هەر لەبەر ئەمەیە گۆرانی دەڵێی؟ بۆ ئەوەی دەڵێی تا ڕوحی مەعنەویت سەرخەیتە سەر ڕووی جیهانێك کە خەریکە نوقم دەبێت؟

ئوریوردۆن: لە چ کاتێکەوە مرۆڤ پێویستی بەسۆنگە بوو بۆ بۆ گۆرانی چڕین؟ تەنها لەبەر ئەوەی خواوەند بینایی پۆشیوم لە گۆرانی چڕین ناکەوم. ئەمە کچە مامە، کچۆڵەکەم لە کوێدای؟

مولی: لێرەدام...

ئوریوردۆن: مولی کنسلاو کاپتن تریجارتن... ئەمیش شۆن کیلییە..

کیلی: (بەمولی) ئەهلا (بە جۆن) کاپتن تریجارتن.

جۆن: سوپای بەریتانیم

کیلی: بەڵێ.. بەڵێ... لە بیرم کرد کە تۆ لێرەدای (بە تەوسەوە) لە جۆری ڕەفتار خۆ چ گلەیێکت نییە؟

جۆن: هەرگیز

کیلی: (سەرنج لە مولییەوە دەگوێزێتەوە سەر جۆن و لەسەر جۆنیشەوە بۆ مولی) هەر هیچ گلەییت نییە.

ئوریوردۆن: چاکە، شۆن، بەدرێژایی ئەم بەیانییە لە کوێدا بوویت؟

کیلی: ئەوە.. ئەو ناوەم دەپشکنی، هەر ئێستا گەیشتمە ئەوێ توخوا چ لەم هەشت ئاودەستخانەیە دەکەن.

ئوریوردۆن: ئاە، بۆ تائێستا نەتزانیوە؟ تولی خاوەنی ئەمماڵەیە، ئەو تولیەی ناوی خۆی لەسەر چینەکانی ئاودەستخانە هەر لێرەوە تا وڵاتی چین نەخشاندووە.

کیلی: بەڵام دەشێ بپرسم، بۆ ئەم هەشتە بەڕەنگ جیاوازن؟

ئوریوردۆن: خانەوادەی خۆی وە بیر دێنێتەوە، هەر یەکەیان ڕەنگی هەڵبژاردەی تایبەتی خۆی هەیە.

کیلی: بەهیوای، لە پێناوی ئێرلەندە، خۆتان لەو ڕەنگە سەوزەیان بپارێزن.

مولی: مستەر کیلی بەجێت دێڵین، دڵنیام کاری لەمە گرنگتر هەیە.

کیلی: گەلێ جار کاری گرنگم دێتە ڕوو بەڵام ئێستا نەء.

مولی: پاشان دەگەڕێینەوە، ڕەنگە لەکاتی فراڤیندا بتبینن.

ئوریوردۆن: خواتان لەگەڵ –خوات لەگەڵ جۆنی (جۆن و مولی دەڕۆن).

جۆن: (بەفەرەنسی) خواتان لەگەڵ.

ئوریوردۆن: چاکە شۆن، چی تۆی هێناوەتە ئەوپەڕی باشوور؟

کیلی: دیارە کاپتن تریجاتن، لێرەدا بەئەوپەڕی سەربەستییەوە ڕەفتار دەکات، وەك بڵێی لەماڵی خۆیدایە.

ئوریوردۆن: من ئەمەم دەوێ، لاوێکی گەلێ جوامێرە.

کیلی: کچە مامیشت کەیفخۆش و گەشە.

ئوریوردۆن: (بەغەمباریەوە) لەمەشیان دڵنیام.

کیلی: پێم بڵێ– ئەرێ بەردەوامی لەسەر ئەو شتەی کە ماوەیەك لەمەوبەر بۆت باس کردبووم؟

ئوریوردۆن: ئەوە بەر لە ئێستا بوو.. ئەو کاتە دەرگیری زۆر بوو، بۆیە پرسم پێ نەکردوو دوام خست جا چۆن دەکرێ ئێستا داوای ئەوەی لێ بکەم ببێتە خێزانم؟

کیلی: جا بۆ ئەء؟

ئوریوردۆن: یەك دوو جار هەوڵمدا کەچی فرسەتم بۆ نەڕەخسا، شۆن ڕەنگە تۆیش بزانی من هەمیشە وەکو برا گەورەی وا بووم وا هەست دەکەم ناتوانێ بەچاوێکی دییەوە سەیرم بکات. ئەم بەیانییە قسەکانمان بەرەو ڕۆگەی باسەکە دەچوو، لەو کاتەی جورئەتی خۆمم کۆکردەوە سۆزی ناخم بدرکێنم، کەچی جۆن هاتە ژووری.

کیلی: جۆن هاتە ژووری؟

ئوریوردۆن: جارێکی دی لە مەبەستی سارد بوومەوە!

کیلی: مایکل دەتەوێ لێرەوە بیگوازمەوە بۆ شوێنێکی دی؟

ئوریوردۆن: کێ...

کیلی: کاپتن تریجارتن.

ئوریوردۆن: خودایە.. نەء.. هاوڕێمەو نامەوێ بەهیچ جۆرێ لەدەستی دەم، ئەرێ چ بوو وا لە پڕ ئەم قسە سەیرەت کرد... چ شتێ هەیە وام لێبکات. خۆزیای لە دەستچوونی بخوازم؟

کیلی: چ شتێکی ئەوتۆ نییە.. بەڵام گەمژەییيە.. ئەوەندە لەگەڵ دوژمندا بەسۆز بیت... بەڵام

مـایکل وا دەردەکەویٚ گەر یـارمـەتیم بدەی بـەرەو بـاسەکە بگەڕێمەوە– تـائێستـایش دڵت هـەر بـەرەو هـەمـان مـەبـەست دەڕوات کە لـەمـەوبـەر بـۆت بـاس کردووم.. بۆیە دەبیٚ کات بـەفیڕۆ لـە دەست نـەدەی و دووی دڵت کەوی.

ئوریوردۆن: دڵنیـام و چـاك دەزانم، بـەڵام چۆن دەکریٚ بیسەلمێنم کە فـاڵی (چاکە) ئەویش تـەنها لـەبـەر بـەزەیی بێت؟ چۆن دەتوانم تـەحەمولی دەسەڵاتی خۆم بکەم، چۆن بـاسی خواستنی لەگەڵا بکەم؟ چۆن سیمـای خـەم ئـامێزی بخـەملێنم کە کوتوپڕ ڕوخساری دەگۆڕیٚ، پـاشانیش بـەزەیی و شەفەقـەتی بـەمن، خـەمی ڕوخساری دەرەوێنێتـەوە.. ئـەمـە هـەرگیز خۆشەویستی نییە.

کیلی: مـایکل ئـەمـە خوو ڕەوشتی تۆ نییە، دەبیٚ هـەمـان ئـەو ئـەویندارە بی کە لـە جـەنگدا دەتنواند بـەخودای حەسودیم پیٚ دەبردی بۆ ئـەو جۆرە شێتـایەتیە بیٚ هـاوتـایە شەڕت پیٚ دەکرد وام هـاتـە بـەرچـاو کە پیرانی دێرینمـان –کە ئێستـا نـاوەکانیـان نـاکەوێتـەوە یـاد لـە نێو دەمـارەکانتـا دەنرکێنن و دڵت پڕ دەکەن لـە جورئـەت، ئـەمـەیە ڕێی دروست کـە دەبـیٚ پـیـاوان لـە جـەنـگـدا پـەیڕەوەی بکـەن، کە لـە تـەنیشتـی تـۆدا بـووم بـەسـەر سوڕمـانـەوە سەرنجم دەدایت، وەك ئـەوەی کـارێکی مـاتمـاتیکی عـەقلی شی بکەمـەوە بیٚ شك منیش ژمێریـارێکی چـاك بووم، لێرە برینێکم زیـاد دەکردوو لـەویٚ گیـانێکم کەم دەکردەوە، جـەزری تـەربیعی ئێشم بـەسـەر تۆی پیـاوی خـانـەوادەیێك دابـەش و تطبیق دەکرد. لـە کۆتـاییی دەرگیرییەکدا دەمتوانی بـەوردی وەڵامت بدەمـەوە. بـەشێوەیێك وردە بـەشەکانی هـەزارم بۆ دەژمـاردی، ڕەنگە من پـاکانـەم هـەبیٚ نـەتوانم لـە ئـەویندارییـا تۆ ئـاسابم –من ساردم و سەراپـای تـەمـەنم هـەوڵم دا هـەست و سۆزو خۆشەویستی بکەم بـەڵام سەرنـەکەوتم.

ئوریوردۆن: ڕەنگە وەك دەجـەنگیم توانـام هـەبـا جـاریٚ ئـەویندار بکەم بـەڵام دڵ وەکو منداڵە و تـاریکی دەیترسێنیٚ، بـەهـەر حـاڵ تۆ دەتـەویٚ چ لـە خۆت بکەی؟ دەتـەویٚ وەك مـاسێیکی سارد بیٚ گیـان لـەسـەر بینـایەکی بـەسەوزی داپۆشراو ببریقێیتـەوە؟

دڵانی سارد لـە پێنـاوی مـەسئـەلـەی دۆڕاودا نـاجـەنگیٚ، وەك ئـەمـەی تۆ کردووتـە. شۆن کیلی، سەربـاری سەرکێشیش تـەنهـا شتـە دۆڕاوەکان لـەبـەر چـاو دەگریٚ!

کیلی: مـایکل، هـەموو هـەوڵ و کۆششێکم بۆ ئـەوە بوو، کە بتوانم هـەست بکەم، کەچی نـەمتوانی لـە پێنـاوی هـەر مـەسلـەیـەکدا جـەنگم کردبیٚ سەیر ئـەوەیە سەرکەوتوو بووە!

ئوریوردۆن: ئەی ڕاتان دەربارەی مەسەلەی ئێستامان؟ وابزانم بەدەسەڵاتی ڕەسمی خۆتەوە، وەك زانینێك لە زانستی ماتماتیك بۆ ئێرە هاتوویت؟

کیلی: لە ڕاستیدا وایە، بەڵام ئێستا کێشە تایبەتییەکەی تۆ لە هەموو کێشەیێکی دی زیاتر سەرقاڵی کردووم.

ئوریوردۆن: شۆن، بەدڵنیاییەوە دەڵێم، ئەمەت سەرنجێکی ناجۆرە، کە لەسەر گیادا ڕادەکشێی گوڵێك لە دووری هەنگاوێ دووانەوە بەری چیایێکی یەکدوو میل دوور لەبەر چاو دەگرێ لێگەڕێ با ئەم کیسە چکۆڵەیەی من بڕنین و سەیری چیاکە بکەین.

کیلی: کێشەکەت بڕنم؟ چاکە، خۆزیا دەمتوانی لەگەڵ ئەمەشدا هەڵسە، مەعلوماتمان پێگەیشتووە، دەربارەی چالاکی تانز لەم ناوچەیەدا، هەفتەی ڕابردوو، ئەو هێزەیان ناردبوو بۆ ئەو ناوە، تەنها بۆ پشکنین بوو، کەتیبەیێکیش لە وشکایی و لە دوورگەی (جالین بای) دابەزیوە، هەردوو هێزەکە یەکیان گرتووەو لە ڕێی وشکاییەوە بەرەو ئێرە دێن بەر لە سەعاتێکیش گەیشتوونەتە (دالجینی) ئامانجیشیان پاکسازی کردنی ئەم بارەگای سەرکردایەتییەیە.

ئوریوردۆن: ئاوها! ئای تولی بەستەزمان.

کیلی: ئەڵبەتە بەژمارە لە ئێمە زیاترن، بۆیە چاکترین فرسەت بۆسە دانانە، هەموو ئەو پیاوانەی توانیومە کۆیانکەمەوە ئامادەم کردوون و چەکدارن و لە نێو ئەو جەنگەڵەی لای ڕاستی ئەمماڵەدایە –چاوەڕێم دەکەن، وەقتیشمان بەدەستەوەیە بەڵام گرفتی ئەوەمان هەیە کە لە کوێدا جێ بۆ بۆسەکە هەڵبژێرین لەبەر ئەوەی تۆ شارەزای ئەم ناوچەیەیت وەك لەشی خۆت بناسی ئاوها شارەزایت، هاتووم ڕاوێژت ببیستم شەوی ڕابردوو بەپەلە بەو ناوەدا گوزەرم کرد بیرم لە جەنگەڵی، (کلون ورد) کردەوە چونکە ڕێیەکەی پێچی تیادایە.. ڕاتان چییە؟

ئوریوردۆن: شوێنێکە ئەوان دەتوانن خۆیانی تیا بپارێزن، گەر تەقەیان لێ بکرێ هەروەك چۆن ئێمە خۆمانی تیا دەپارێزین ئاوهایە.

کیلی: وا بێ بۆسەکە لە کوێ دابنێین؟

ئوریوردۆن: ڕات چییە لە پردی (جلاسفونت) بێ دەبێ بەسەریا بپەڕینەوە، لێرەوە گەلێ نزیك نییە، خەتەری بۆ ئێمە تیادا نییە.

ئوریوردۆن: ئەمە چەواشەیان دەکات، وا دەزانن ئێمە ئامادە نین.

کیلی: دەشێ..!

ئوریوردۆن: چاکترین شوێنە بۆ بۆسە، دەتوانی نیوەی پیاوەکانت لە تەنیشتی پردەکە دامەزرێنی، نیوەکەی دیشی ببەیتە جەنگەڵەکەی لای ڕاستی ڕێگاکە بگرن. لێگەڕێ با سەربازەکانی تانز بەپردەکەدا بپەڕێنەوە پاشان دایانبارێنە هەر کە شکان و گەڕانەوە بەسەر پردەکەدا بکشێنەوە لەولای دییەوە ڕایانگرە ئەمە بۆ دوژمن دەبێتە موفاجەئەییێکی دوو فاقە.

کیلی: موفاجەئە.. چ وشەییێکە و ئاستی نەخشە نزم دەکاتەوە، چاکە.. لەبەر ترس و سەرسوڕمان. بڕوایان پێ بەرز دەکەینەوە چاك ئەو شوێنەم دێتەوە یاد، ئەرێ لەسەر خەریتەدا دەکەوێتە کوێ؟ بەڵێ، چاکە ئەمە کاتێکی چاکیشمان بۆ دەڕەخسێنێ... ناشێ سەربازەکانی تانز تائێستا لە جلاسلوخ زیاتر ڕۆیشتبن هەموو سەرە سەعاتێکیش ڕاپۆرتمان پێ دەگات. گەر بتوانین تا سەعات سێی ئەمڕۆ لەو شوێنەدا دابمەزرێین ئەوا وەختی چاکمان بەدەستەوە دەبێ (بانگ دەکا) سکانلۆن!

سکانلۆن: (لە دوورەوە) بەڵێ گەورەم ئەوا هاتم (سکانلۆن) دێتە ژوورێ، باریکەلەو ئەسمەرە شەرمنە بۆ کیلی گەلێ دڵسۆزە، دەمارگیری پێوە دیارە!

کیلی: تا پاش ڤراڤینیش لەم نزیکانە بەپاش سەعات دوو وەرە بۆ لام لە نزیکی پردی (جلاسفونت) بۆسە دادەنێین، بەڵام ئەمە بەکەس مەڵێ، زمانەکان گەلێ درێژن.

سکانلۆن: سوپاس بۆخوا.. ماوەییێکی چاکیشە بۆ قەشە تاگوێ لە دانپیانانمان بگرێ، دەترساین بەپەلە بۆ جەنگ بچین و نەپەرژینە سەر هیچ تەنها لێبوردنێکی گشتی نەبێ (دەڕوات)

کیلی: سکانلۆن-ی ئازیز، گەلێ وابەستەی بیروڕایەتی ئەمەیش لە توانای عەقلە چکۆڵەکەی نییە.

ئوریوردۆن: تۆش دەڕۆیت؟

کیلی: بۆ دانپیانان؟ باوەڕ ناکەم، چ پاکانەیێك نابینم لە عادەتی خۆمم دەرکات. دە ساڵ لەمەوبەر.. دوا جار بوو چووم بۆ دانپیانان.

ئوریوردۆن: عادەت بۆ ئەوە دروست کراوە تا بشکێنرێ.

کیلی: من ئەو کەسە نیم بیشکێنێ، سەرەڕای ئەوەی کە لە ساڵی **١٩١٦** ئەمەم کردووە،

کاتێ کە کۆلۆنێلەکە لە دادگای سەربازییا پێی وتم: لێرە دەتبەن تا تیر بارانت کەن، بەڵام جێهێنانی کارەکەیان دوا خست کێشەکەیش بەسەلامەتی گوزەشت.

ئوریوردۆن: چاکە، خواوەند مەرگێکی هێدی و ئارامت لە نێو پێخەفدا پێ ببەخشێت!

کیلی: ئەمە هەرگیز مانای بێ ئیمانی من نییە ئەڵبەتە من ئیمانم هەیە بەڵام مرۆ گەر باوەڕی بەدانپیانان هەبوو ئەوە مانای ئەوەیە لە گوناهەکانی پەشیمانە، منیش هەرگیز لە ژیانمدا پەشیمان نەبووم.

ئوریوردۆن: ڕەنگە ئەمەیش یەکێ بێ لەو سۆزانەی کە تۆ دەڵێی تیامدا نییەو هەستی پێ ناکەم؟

کیلی: بەراستی هەستی پێ ناکەم، بەڵام مایکل تۆ ئەو کەسە مەبە وەك خۆت دەتەوێ هاوڕێکانت وابن... وەك هەن سەیریان بکە، پاشانیش گەر توانیت هەوڵی ئەوە بدە خۆشیانت بووێ بەئەمانەتەوە دەڵێم هەرگیز لە تەمەنمدا لە ڕووی هیچ شتێکدا پەشمان بوون و سۆزەکانی دی لەناخمدا مردوون، یا ڕەنگە هەر لە دایك نەبووبن..

ئوریوردۆن: ڕاستر ئەوەیە خەوتوون.. شۆن ئەمەیان حەقیقەتە وەك کچۆڵە پاکیزە خەواڵووەکان چاوەڕێی ماچی شازادەیێکن لە خەویان هەڵسێنێ! ڕات دەربارەی ئەمەیان چییە؟

کیلی: بەڕای من ئەمەیان درۆیێکی چکۆڵەی جوانی نەفرەت لێکراوە ئومێد لەخوا دەخوازم بتوانم جارێك بگرییم تا دنیا بەپێچەوانەی زمانەکانی سەعات بسووڕێنەوە تا کارێ کە کردوومە پوچی کەمەوە، گەلێ جار هەست دەکەم مەیلی کاری ناجۆرم هەیە.. ئەمە تەنها هیوایە، ڕەنگە ڕۆژێ لە ڕۆژان بیکەم ڕەنگە بیکەم. (سکانلۆن بەڕاکردن دێتە ژووری) ئەری بەخوا –ئەوە چی وای لێ کردوویت بەبێ ئەوەی فەرمانت بدرێتێ دێیتە ژووری.

سکانلۆن: ببوورە گەورەم، نامەکان بەپەلەن و هەواڵی خراپیان تیادایە. خودایە هەواڵی خراپ.

کیلی: هێدی بەوە، پێمان بڵێن هەواڵەکان چین؟

سکانلۆن: هەواڵەکان کە پەیوەستە بەکیوخ و ماجیل و ئۆشی، زۆڵەکان، بێ دەربەستانە تیر بارانیان کردوون، ئەم هەواڵە ئاگر ئاسا لە دبلن–ەوە هاتووە (کیلی نامەکانی لە دەست وەردەگرێ).

ئوریوردۆن: کیوخ و ماجیل و ئۆشی! خودایە ناشێ ئەمە ڕووی دابێ موستەحیلە... ئایا دەسگیر کراون. یا چی تر؟

سکانلۆن: دەستگیرکران و تیر بارانیان کردن.. بەئەوپەڕی سانایی گوللە بارانیان کردن.. تەنانەت ڕێیان نەداون چاویان بەقەشەش بکەوێ ئەمە ناشیرینترین تاوانە.

ئوریوردۆن: بەڵام دیلی جەنگن، هەرگیز دیلی جەنگ تیرباران ناکرێ.

سکانلۆن: ئەوە کاری سەربازەکانی –تانز–ە نەفرەتی خوایان بەرکەوێ و بیانهاوێتە دۆزەخ.

ئوریوردۆن: (بەتووڕەیییەوە) خودایە ڕەحمەتت، هەند بێ توانام تەنانەت ناتوانم هەست بەغەمێ بکەم، چاکترین هاوڕێیانم تیرباران کراون؟ چاکە مایکل –تۆ هەموو ئەو شتانەی کە لە ڕۆژانی سەربەرزی گوزەشتەماندا، بۆ من ماویتەوە، تۆ (کیڤن بیرن) ئەمەیان چییە (بەردەوامە لە خوێندنەوەی) بۆ ئەوەی مەرگ سزای مەرگ بێ و ژیانیش لە ئاستی ژیان بێ دەبێ سێ ئەفسەری سوپای بەریتانی بەقورعە هەڵبژێرین.

ئوریوردۆن: ئەمەیان چییە؟

کیلی: تۆڵەیە، چ گەوجایەتییەکە.

سکانلۆن: گەورەم گەوجایەتی؟ ئەمە عەدالەتی ئاسمانە، هەر ئاوهایشە.

ئوریوردۆن: کەڕبە! شۆن! ئەمە چییە و چی ڕوو دەدات؟

کیلی: لە بارەگای سەرکردایەتی شێتگیرییە، گەمژەیی و تووڕەبوونە، ئاە، ئێستا دەزانم بۆ وا بەدرێژی –لەم بارەیەوە بۆیان نووسیبووم وا هەست دەکەن کە ویژدان ئەزیەتی من نادات. واشبزانم ڕاست دەکەن. وە کالەتی قورعەی مەرگیان بەمن سپاردووە، دوو ئەفسەری گەورەی ئەم هەرێمەش یاریدەم دەدەن ئەمەیش مانای ئەوەیە کە ئێوەن.

ئوریوردۆن: ئێمە! بەڵام شۆن ئێمە.

کیلی: پێویست بەقسان ناکات، فەرمانی ڕاشکاوە، گەر گەوجانەیە یا دروست، دەبێ وە ئەنجامی بێنین سوێندمان خواردووە سەر پێچی نەکەین.

سکانلۆن: سوپاس بۆ خوا بەشدار دەبم لە تۆڵە سەندنەوەی هاوڕێیانم.

کیلی: (گوێگرە) دەبێ لە سێ ڕۆژدا ئیعدامەکە بەدەستی ئەفسەری ڕاسپێراو جێبەجێ

بکرێ، ئا.. کارێکی چاکیشیان کردووه– ئەوا لیستەیەك بەنێوی ئەفسەرانی دیل و ئەفسەرانی متەتەویع ناردووه، ناوەکانیش بەپێی حەرفی ئەبجەدیش نین تێکەڵ و پێکەڵە، موقەدەم لە پاڵ عەریفە ئەمەش وەك کاغەزی شەش لۆلەپاڵ ڕواو دەبێ، چاکە براینە، پێش ڤراڤین کاتی چاکمان بەدەستەوەیە، بەردەوامی کار بدەبن؟ دانیشین پێشنیار دەکەم یەکێکمان دەرزیێك بگرێتە دەس. بیچەقێنە سەر ناوی ئەو کەسانەی کە لە لیستەی قورعەکەدا نووسراوە، بۆ ئەوەی دڵنیا ببن کە بەرەوایی و دروستی کارەکە دەکەین، مایکل تۆ دەفەرموی ئەم کارە بکەی؟

ئوریوردۆن: شۆن سوێندت دەدەم، با موناقەشەی ئەم فەرمانە بکەین، بەهۆی کارە بەدەکانی –تانز– ناکرێ پیاوانی سوپای بەریتانی بکوژین.

کیلی: چ جیاوازییەکیان لە نێواندا نابینم.

ئوریوردۆن: سەرکردایەتی پەشیمان دەبێتەوە، بەهەموو دڵنیاییەکەوە دەڵێم پاشان پەشیمان دەبنەوە.

کیلی: تۆ سەرکردە دەناسی و دەشزانی پەشیمان نابێتەوە ئیدی ئەو قەلەقەی بۆ چییە؟ چەن گوللەیێك لە دڵدا گیر دەبێ. ئەمە ڕێیەکە بۆ مردن وەك هەموو ڕێیەکانی دی وایە، ئەگەر ڕێی چاکتر بۆ مەرگ هەبوو، ئەوا بەهەرحاڵ، تووڕەیی جەماوەر قوربانی لە ئێمە دەوێ، دەبێ ئێمەیش لە ڕووی زریاندا بچەمینەوە، بەر لەوەی دەس بەکار بکەین دەبێ خاڵێکی گرنگ ڕوونکەینەوە، ئەویش دەرزییەکە چزایە سەر هەر ناوێك ئەو ناوە هەر کەسێ بێت دەبێ بمرێ، بەهیچ جۆرێ ناو گۆڕین و لابردنی تیادا نییە. دەبێ ئەو کەسە ببن وا پێشەوامان بە حیکمەتەوە ناوێ (ئامێری عەدالەتی خواوەندی) لێ ناوین ئایا ئامادەین؟ مایکل بێ سوودە ئێمە وابەستەیی و سوێندی مل کەچی فەرمانمان خواردووە.. بۆیە مەسئوولیەتیش ناکەوێتە سەر ئێمە، لە بیرت نەچێ ئێمە وا بەستەی سوێندین... فەرموو چاوەڕێت دەکەین (ئوریوردۆن بەدەرزی ناوێکی لیستەکە کون دەکات) سکانلۆن، ناوەکان بنووسە وەك بانگیان دەکەم، ڕائید پیتەر بیر دەسور.

سکانلۆن: ڕائیدی وانییە؟ ڕائید؟

کیلی: ڕوتبەی سەربازی پاسپۆرتی جاویدی نییە لەلای خۆت ناوەکە بنووسە.

سکانلۆن: (دەنووسێت) ڕائید پیتەر بیر دەسور.

کیلی: پاش ئەو (ئوریوردۆن ناوێکی دی کون دەکات) لە نزیکی ناوی چ کەسێ نەبوو، جارێکی دی (ئوریوردۆن ناوێکی دی کۆن دەکات) ڕەقیب نیڤیل دی کۆرس –ناوێکی جوانە، ڕەنگە لەرێی کارتی هەڵبژاردنەوەی ناوی خۆی گۆڕیبێ، لەگەڵ ئەمەشدا بەپەلە دەگاتە چاکە ئورستۆقراتییەکان)

سکانلۆن: (دەنووسێت) ڕەقیب دی نڤیل کۆرس.

ئوریوردۆن: شۆن، بەزەییێك.

کیلی: نەخێر، مایکل گەر بەزەییشم هەبێ ناینوێنم خزمەتی ئەو کەسە دەکەم کە سوێندی خزمەتم بۆ خواردووە، من نا، هەر کەسێ بێ هەروەها دەبێ تۆیش وا بکەیت.. دەی بزانین دوای ئەمانە کێیە؟ (تولی و شاموس بەجەنتاکانیانەوە دێنە ژوورێ)

تولی: جانتاکان بخە سەر پەیژەکە، ناچارم سبەی سەفەر بکەم، ئەمە هەموو شتێکە وا مەکەن، قسەکانتان ببڕم، من خاوەنی ئەمماڵەم.

کیلی: (بەدەنگی نزم) ئەوی دی

ئوریوردۆن: ناوێکی دی کۆن دەکات (سەیری کاغەزەکە دەکات پاشان بۆ ماوەییێك سەرنجی دەچەقێنێتە سەر ئوریوردۆن لە پڕ بەرەو لای سکانلۆن ڕوو وەردەگێڕێ) کاپتن جۆن تریجارتن.

ئوریوردۆن: (هاوار دەکات) ئاه.. نا.. جۆن و مولی بەپەشۆکاوی دێنە ژوورێ و دەستیان لە دەستی یەکدیدایە)

مولی: (بەرەو ژووری دەچێ) مایکل.. مایکل تۆ لێرەدایت بۆ تۆ هەندێ هەواڵی گرنگمان پێیە.

جۆن: هەواڵێ گرنگ و مەزن.

مولی: ببوورە، پاشان پێی ڕادەگەیێنن –مایکلی ئازیز بەڕەحمەتی خوا کەوێ تولی بەستەزمان جێما شەمەندەفەرەکە جێی هێشت (بەیەکەوە پێدەکەنن و دەچنە دەرێ)

سکانلۆن: کاپتن جۆن؟

کیلی: تریجارتن

سکانلۆن: (دەنووسیت) تریج–ئار–تن.

(ئوریوردۆن مەیووە سکانلۆن بەخۆ گێل کردنەوە دەنووسێت)

## بەشی دووەم

(هـەمـان دیمەنـی پـێشوو -پـاش نـیوەڕۆی هـەمـان ڕۆژ، شـامـوس بـەخـاولـیێكـی سەوزەوە شتە زیوینەكان پاك دەكاتەوە) (مولی لە باخچەكەوە دێتە ژووری)

مولی: شاموس ئەرێ مایكلت لە چ جێیەكدا نەبینیوە؟

شاموس: مایكل؟ لێگەڕە با بیرێكی لێ كەمەوە، بۆ دواجار بینیم.. ئەرێ ئەوە كەی بوو؟ ئا.. ئەوە پێش ئەوەی تولی سواربێ و بەرەو وێستگا بچێت، هەردووكیان قسانیان دەكرد، منیش عارەبانەكەم ئامادە دەكرد.

مولی: لەو كاتەوە نەتبینیوە؟ بێ سوودە.

شاموس: چاوەڕێ كە، با جارێكی دی بیبینمەوە.. لەگەڵ كیلی دابوو، ئا لەم ژوورە گەنجێكی دییان لەگەڵ دابوو.

مولی: ئەو كاتە، ئێمەیش بینیمان، لەو ساتەوە دیار نییە، فراڤینیشی نەخواردووە.

شاموس: ئا.. ئەمە شتێكی چاك نییە، پێویستە پیاو نەهێڵێ خۆراكێكی ڕەسمی چاك لە دەس بچێت.

جۆن: (لە پەیژەكانەوە دێتە خوارێ) لە نهۆمی سەرێشدا دیار نییە، بەڵام هێشتا لە نێو ئەم قەسرە بەرینەدا ڕێ نادۆزمەوە دەشێ بەشێكی تەواوی مابێ نەمپشكنی بێ.

مولی: با وابێ... خۆشەویستم پاشان خەبەر دەدەینێ دەشێ سەرقاڵی كاری بێ دەشێ هەواڵی ناجۆری دەربارەی هاوڕێ جەنگاوەرەكانی بیستبێ.

جۆن: بەڵێ.. كاتێ هاتیتە ژوورێ، ناجوربوون، گرنگ نییە، هەواڵی خۆش وەك مەی. چاك وایە دەهێنێ چاوەڕێی بكرێ.

شاموس: ئەرێ لەو مەیەتان خواردووەتەوە وا ئەمڕۆ پاڵاوتوومە.

مولی: بەڵێ، لێمان خواردەوەو ئاهەنگیشمان سازدا.

شاموس: ڕەنگەكەی نایابە، ئەو سەردەمەم وەبیر دێنێتەوە كە چەكم بۆ ئێرلەندا هەڵگرتبوو و پاش ساڵی ١٩١٦ بەند كرام.. ئەو كاتە دادەنیشتم، لە نێوان شیشەكانی بەندیخانەوە سەیری گردۆڵە سەوزەكان و زەردەپەڕی سووركاڵی هەتاوی خۆرنیشین و ئەستێرە زیوینەكانم دەكرد. بیرم لە خاولی سەوزو پاڵاوتنی مەی و پاككردنەوەی كەوچكەكان دەكردەوە.

شەوان کە دەخزامە نێو نوێنە تەنگەکەمەوە، خەونم دەدی:

گردۆڵە سەوزەکانم دەئالاندە قەدی خۆمەوە هەتاوی ئاوابوویشم دەگوشی و میلۆنەها ئەستێرەم لێ دادەڕژت، قوبەی شینی ئاسمانم لێ پەی دەکرد چ خەونێکی مەزن بوو، چ وە ئاگا هاتنەوەیێکی نەگریسی و ترسناکیش بوو!

مولی: (بە جۆن) ها ئەم ئەستێرەیە بگرە دەس (کەوچکێکی دەداتێ)

جۆن: هائەوە ئەستێرەییێکیش بۆ تۆ، گەلێ بەهیوام تیشکەکانیان دانەمرکێتەوە.

مولی: با ئەم دوو کەوچکە بپارێزین، شاموس لەو باوەڕەدانیت ئەمانە ببنە مایەی خۆشبەختی و شانسمان بداتێ!

شاموس: ئەڵبەتە، دەتوانن بیبەن، بەڵام مولی خان ئەو کەوچکانە موڵکی من نین، ئومێد دەکەم بەختی چاکتان بداتێ، لەسەر مێزەکەدا کەوچکەکانی تر جێ دێڵم ببریقێنەوە، تا ئارامی بەژوورەکە ببەخشن، لە دەرێدا، ڕۆژێکی ڕەشە، قاو وایە کە سەربازەکانی -تانز-دێن. ئەم هەموو بێدەنگەییە نابینی؟ جەنگاوەرەکان سەرقاڵی کاروباری خۆیانن و لە ژێر چاودێری خودی کیلی-دان.

جۆن: وا بێ چاکترە هەر لەنێو ماڵدا بین.

مولی: ئەگەر جموجۆڵێکم بیست ئەوا چ شتێ ڕێم لێ ناگرێ لە پەنجەرەکەوە سەیر بکەم.

جۆن: نەخێر... وا بزانم پێویست دەکات هەموومان لەنێو ئۆردوگاکاندا بین هەر هیچ نەبێ تا دەگەڕێینەوە.. چەندم حەز دەکرد لێرەدا مایکل لەگەڵ مندابا.

شاموس: گەورەم من لە ماڵێدا دەمێنمەوە.. مستەر تولی-یش لەم ناوە دەبێت، گەر مایکلم بینی پێی بڵێم ئێوە بەدوایدا دەگەڕان؟

مولی: تکا دەکەم، خوا سەرفرازت کات.

شاموس: تۆیش سەرفراز کات (شاموس دەڕوات)

مولی: شاموسی ئازیز دەستەکانی پڕن لە ئەستێرە!

جۆن: ڕۆمانسییەکی گەورەیە، مایکل باوەڕی وایە بەتاوانی ڕێگرێ و جەردەیی چووەتە بەندیخانە.

مولی: ئاه.. جا ئەمە چییە؟ ئەڵبەتە ڕێ گرێکی نایاب بووە، بەپێی ڕەسم و دەستوور ڕەفتاری کردووە، گەنجێکی چکۆڵەی مەزنە.

جۆن: (کەوچکەکە بەرز دەکاتەوە) ئا ئەمە نیشانەی خواستن نییە.

مولی: (بەنەرمییەوە) بەڵێ تکا دەکەم (یەکدی ماچ دەکەن)

جۆن: ئوە... مولی ئازیز.. چەندم حەز دەکرد دووربااین لە ئینگلتەرە.. دەمەوێ بەهێمنیەوە خۆشم بوێی.

مولی: ئاە.. دەربەستی ئەم وردە دەرگیرییە مەبە لەگەڵ –تانز–دا ناتوانم بڵێم شۆن کیلی–م خۆش دەوێ. بەڵام متمانەم پێیەتی پشتم بگرێ بەهەر حاڵ سەیرکە–ئاسمانێکی چکۆڵەی تایبەتی پڕ لە ئەستێرەمان هەیە، کە هەرگیز زریان و هەور ناتوانێ بەریان بگرێ، شاموسی ئەستێرە ناس دایهێناوەو نەخشەی بۆ کێشاوە. سەیر کە ئەوە (ئوریوردۆن) ئەستێرەیێکی مەزن بەپشتوێن و شمشێرەکەیەوە خۆی خستووەتە ڕوو.

جۆن: تا ئەوەش ئەستێرەی (ورچە زلەیە) سەرەو خوار بووە.

مولی: خوایا ئەوە مانای ئەوەیە کە باران دەبارێ، بڕوانە کۆی چل چرا لە کەوچکەکانی پێغەمبەرانیش دیارن.

جۆن: ئا ئەوە ئەستێرەیەکە هەرگیز لە ئاسمانی ئاسایدا نییە تا چاو بڕ کات لە نێو ئاسماندا مەلەوانی دەکات، چ ناوێکی لێ بنێین؟

مولی: نوێژی خوان، سوپاس گوزاری خواوەند بەر لە خواردن.

جۆن: جا بۆ ئەم ناوە؟

مولی: کەوچکی شۆربایە!

جۆن: شیکردنەوەیەکی جوانە، مایکل لێهاتووە، ڕاستی دەکرد کە دەیوت (جیهان تازە خەلق کراوەو لە ئەمڕۆوە دەست پێ دەکات ئێستا لەبەر چاوی ئێمەدا وایە، ئەرێ هەموو شتێکی بەرچاو دەوروبەرمان خۆ ڕسك و سەیر نین؟ بڕوانە تیشکەکەی ئەم ژوورە لە چ تیشکێ ناچێ کە بەر لە ئێستا بینیومە ڕەنگی وەنەوشەیی گرتۆتە خۆی، ئەمەیش سەبارەت بەهەڵکردنی زریان و گەواڵە هەورەکانی دەرێیە. وا ئەم جۆرە تیشکە لەم ژوورەدا خەملیوە.

مولی: خۆشەویستییەکەمان تەحەدای هەورە برووسکە دەکات! ئێمە ئەو تەحەدایە قبوڵ دەکەین! پێم بڵێ لە کوێی ئینگلتەرەدا دەژین؟ بڵێی ئەم پیاوە خاکی پۆشە ژیانی

خۆشگوزەرانیم بۆ بڕەخسێنیێ، ئەو ژیانەی کە پێی ڕاهـاتووم؟

جۆن: جۆرێ لە خۆشگوزەرانییێکی جیاواز- وەك جیاوازی ئینگلتەرەو ئیرلەندە. گەر لێرە دەرچووین ئەوا ئەوەڵ کارێکی کە دەیکەم دەستبەرداری سوپا دەبم- هەر یەکەم هەفتەی سەربازیم لەو ژیانە تێر بووم.

مولی: خۆشەویستی بەستەزمانم، جا بۆ لە سەربازی مایتەوە؟

جۆن: ئوە... تەنها لەبەر تەوەزەلی، وەك دەزانی کوڕە چکۆڵەی جوتیارێکی دەوڵەمەند چ میریاتێکی مابێت، منیش گەلێ پێویستم بەوە بوو لە کێڵگەکەدا بمێنمەوە.

مولی: چاکە بەردەوام بە، پێم بڵێ لە کوێدا بژین دەمەوێ بەچاوی سۆزو ئەوینەوە بڕوانمە داهاتوو.

جۆن: خۆشەویستم لە کێلگەدا ئارام دەگرین، لە ساڵی ١٩١٨دا برا گەورەکەم کوژرا، بـابیشم ئێستا لـە تـەمـەنی حـەفتـا ساڵیدایـە، گـەلێ بـەسوێی بینینی منـە. دەیـەوێ بگەڕێمەوە، بۆیە لە گێڵگەدا دەژین ببینی خۆشت دەوێ، لوت و جوتە سمێلێکی سەیری هەیە لە تەمەنتا شتی وات نەبینیوە، بەڵام خاوەنی جووتە چاوێکی نەرم و ناسکە.

مولی: ئۆە.. ئەوا پێشەکی خۆشم ویست.

جۆن: کێڵگەکە لە (بکنجام شیر)ە لەسەر گردێکدایە، لە ڕۆژانی ساماڵدا لەندەنی لێوە دیارە، بە دووربینیش کە باوکم دانەیێکی هەیەو لە ژوووی نوستن دایە، دەتوانی کاتدرائیەی قەدیس پۆلس ببینی.

مولی: دووربین -لە ژووری نوستنیا؟

جۆن: سەیری ئەستێرەی پێ دەکات، هەروەها بۆ ئەوەش بەکاری دێنێ گەرچی پێی لێ نانێ، کە ئیجازە وەرگرین بەرەو ماڵی بگەڕێینەوە بەو دووربینە سەرنجمان دەدات.

مولی: چەن خۆشەویستە، وابێ دەتوانم بەگالیسکەوە بچمە لەندەن و هەموو شارەکەی بۆ بکرم، بەهیوام گالیسکەیێکی چوار ئەسپیتان هەبێ.

جـۆن: خـۆشەویستـم، مـاشێنـێکـی -رولـز رویس- مـان هـەیـە هـەنـد گـەورەیـە جـێی دارەمەیتێکی تیا دەبێتەوە.

مولی: خودایە.. ماشێنێ بە ماتۆڕ کار دەکات سەر کێشییەو چ جارێ ئەمەم نەکردووە.

جۆن: ئەمە یەکێکە لەو شتە نایابانەمان، گوندی –برۆم–یش لە تەنیشت کێڵگەماندایە جوانترین کلێسای مێژوویی تیادایە، بورجێکی چوارگۆشەی هەیەو لە تەنیشت بورجەکەش –سەعاتێکی ڕەنگاو ڕەنگی هەتاوی هەیە– لە ژێریا نووسراوە. (شەودادێ) نازانم بۆ ئەم جۆرە سەعاتانە هەمیشە خەم ئامێزو تەڵخن؟

مولی: دڵنیابە چ پێویستمان بە سەعاتی هەتاوی نابێت تا لە کات بگەین، لەگەڵ ئەمەشدا بەهۆی ئەو جۆرە سەعاتانەوە ڕۆژ زیاتر گەشەدارو ڕوونترە (بەنەرمی و سۆزەوە) خۆشەویستم جۆن –نیازت وایە لە کڵێسا کونە بورجدارە مارەم دەکەیت؟

جۆن: نا... نەخێر خەمت نەبێ، کڵێسایێکی دیی کاسۆلیکی هەیە و لە داری ساج دروست کراوە، ئەوە دەبێتە کاتدرائیەکەمان، بەمەیان قایلیت؟

مولی: وەك بەهەشت دێتە بەرچاوم، هەوڵیش دەدەین وای لێ بکەین.

جۆن: دڵنیابە، هەر ئەم کێشانە بگوزەرێت، خۆ ناشبێ لەمە زیاتر درێژە بکێشێ– بەدەریادا بۆ ئینگلتەرە دەڕۆین، جێی داخیشە کە ناتوانین مایکل لەگەڵ خۆماندا ببەین، ئەڵبەتە زۆریشی بیر دەکەین.

مولی: ڕەنگە بتوانێ سەردانمان بکات و ببێتە باوکی ڕۆحی یەکەم منداڵمان.

جۆن: (پێدەکەنێ) بەڵێ.. بەخودای نەمدەزانی –پاش ئەوەی هەند بە زۆری ناویم دەبیست– بەم شێوەیە یەکدی ببینین و ناوی ئەو ناوی کیلی لە نێو جەنگاوەرە بەریتانییەکان، کە لێرەدا دەجەنگن، وەك ئەفسانەن. ئەمە دەزانین؟ هەستم بەخەجاڵەتی دەکرد کە دەمبینی سەربازە تازەکان لە شورەتی قارەمانەکانی داستانەکاندا دەجەنگن، منیش کاری سەرەکیم سەربازییە کەچی بەترس و لەرزەوە، سەیری جەنگم دەکرد، نازانم خۆشەویستیت بۆ من کەم ناکات گەر دان بەوە دابنێم و بڵێم گەلێك کەیفخۆش بووم بەدیل گیرام.

مولی: لەم دنیایەدا چ شتێ نییە کارم تێ بکات و خۆشەویستیم بۆ تۆ کەم کاتەوە، بە هیوام بەختەوەر بی بەدیل بوونت، دەنا چۆن دەکرا یەکدی ببینین؟

جۆن: ئای کە مۆتەکە دەنیشتە سەر سنگم، هی ئەو کەسانەی تەقەم لێ دەکردن، هەرگیز رانەهاتوومەتە سەر ئەم کارە، گەلێکیش لە خۆ دەترسام تەقەم لێ کرێ، چەندم خەون بەو چاوە سەوزو داچەقیوانە دەبینی کە لە سێرەی تفەنگەوە دەڕوانێتە دڵم

مولی: چ خەمت نەبێ، ئێستا هەموو شتێ کۆتایی پێ هاتووە.

جۆن: بەڵێ هەموو شتێ کۆتایی پێ هات (هەورە برووسکە.. دووبارە دەبێتەوە)

مولی: زریانی دەرێ لە بیرکە.. تەنها بیر لە ئەستێرەکانی ئەم ژوورە بکەوە (دەست بۆ کەوچکەکان دەبات) ڕەنگی داهاتوومان دەنوێنێ، بریقەدارو ئارامە، کەیفخۆش بە.

جۆن: ببوورە خۆشەویستم، لە خودی خۆم قایل نیم دەبا هەست بکەم بەئەوپەڕی دڵشادی لەسەر ترۆپکی دنیا بوەستم، پاش ئەوەی کە جوانترین کچێ خۆشەویستمەو بەسواری راوە کەروێشك دەکات.

مولی: جۆن! ئەمە بواری منافەسە کردنم ناداتێ.

جۆن: بەڵام وام بەخەیاڵا دێت هەورە برووسکەکەی دەرێ ئا لێرەدا جێگیر بووە (دەست بۆ سەر دڵی خۆی دەبات) بۆ؟ وەك مایكل دەڵێ ئەم لەغزەم بۆ شی کەوە.

مولی: لەوێدا، لە هەرێمی دڵ، نشێوێکی قووڵ هەیە، خۆشەویستم لە ڕاستیدا ئێوە وای دەردەخەن کە ئێمە باوەڕمان بەپڕوپووچی و خرافات هەیە کەچی چ میللەتێك –لەسەر ئەم زەوییەدا هەندەی میللەتی ئینگلیز باوەڕی بەم شتانە نییە– ئێوە هەر کە پەڵە هەورێکتان بینی وا هەست دەکەن رەوە ئەسپێکە و باڵیان ڕەشە یا بلاچەیێکی هەوری زیوین ببینن هەست ناکەن ئەوە قەلە ڕەشێکە و لەو ناوەدایە.

جۆن: ئەمەیان ڕاست نییە، بۆ ئەوەی بۆتی بسەلمێنم ئەوا من لە پڕ بەتاقە ڕێیەکی مسۆگەر لەو نێشێوییە دەردەچم (ماچی دەکات).

مولی: ئێستاش هەر بەرچاو لێڵیت؟

جۆن: ئەڵبەتە، مادامێکی ئەمە چارە بێت. (پێدەکەنن)

مولی: ئەمەیان چاکترە؟

جۆن: خۆشەویستم، بۆ هەر ئێستا لێرەدا نەتخوازم؟

مولی: بێگومان تۆ نازانی ڕادەی سەختی ئەم کارە لە ئێرلەندا چەندە تەنانەت لە باری ئاساییدا بەزەحمەت کڵێسا قایلی خواستنی تێکەڵ دەبێ جا نەخوازەڵڵا ئەم بارە ناهەموارە، لێگەڕە با چێژ لە ماوەی خوازبێنیەکەمان وەرگرین. هەموو سەردەمێکی ژیان سیحری خۆی هەیە. ئەمیش سیحری خوازبێنییە، دڵنیابە لە ئینگلتەرە دەتوانین ئیزنی کڵێسا وەدەست بێنین.

جۆن: بەهیوام قسەی تۆ ڕاست بێ، قەد لەمەوبەر داوای ئیزنی ژن هێنانم نەکردووە.

مولی: خۆشەویستم، ڕۆژی گواستنەوە، درێژە ناکێشێ گۆرانییەکەت وەبیر نایێتەوە؟ دەڕوانینە کاتدرائیە چکۆڵەکەمان کە لە ساجی چەماوە دروست کراوەو لە دێی برۆم دایە، لەوێدا چاوەڕێی باوکت و مایکل دەکەین، کەیفخۆشی ئێمە سەراپای کڵێسا دەگرێتەوە، هەتا پاش ئەوەی بەماشێنە روڵزرایسەکەتان بەرەو بەسەر بردنی (شهر العسل) دەڕۆین.

جۆن: ئەوەیان لە کوێ دەبێ؟

مولی: ئەڵبەتە لە بەهەشت، چ شوێنێکی دی هەیە؟

جۆن: نەخێر.. بەڕاستی دەمەوێ بزانم چ شوێنێکت بەدڵە تا لەوێدا بەسەری بەرین؟

مولی: ئاه... ئێستا نایێتەوە بیرم، خەون بە شاری ڤینیس و کابری و پاریس و مراکشەوە دەبینم.. خەویان پێوە دەبینم... (دەنگی هەورە برووسکە دێ)

جۆن: ئەوە هەور گرماندی، چاکتر وایە چراکە هەڵکەین (چرا هەڵدەکات) ئەوە چییە هەر پاش فراڤین بووە ئێوارە، ئەوە کەسێکە لە ڕاڕەوەکە دایە (بەرەو پەنجەرەکە دەڕوات) سوپاس بۆخوا ئەوە مایکلە، تولی دوای خستبوو.

مولی: مایکل، بەستەزمان! با لە ژێر ساباتەکەوە بوەستین توشی موفاجەئەی بکەین...

تولی: (دێتە ژووری) توخوا با بچینە ژووری ئێستا بارانێکی زۆر دادەکات و یەکێ لە مەلائیکەتەکان لەهەر ساتێکدا بێ زنجیرەکە گرێ دەدات (ماوە بێ چاوەڕوانی) ئاه... ئازیزم کێ دەڵێ ئێرلەندییەکان حەز بەگوڵمەز و گاڵتە دەکەن؟ (ئوریوردۆن دێتە ژووری) مادامێکی ئێستا بەیەکەوەین و تۆیش لە کێشەی جەنگە چکۆڵەکەت بۆ چەن ساتێ دەستت بەتاڵە، دەمەوێ دەربارەی هەندێ شتی گرنگ قسانت لەگەڵدا بکەم. ئەرێ چ شتێ بۆ تەختەکانی داری زان بکەین، ئەوانەی کە لە نێو باخچەکەدایە؟

ئوریوردۆن: چی لێ بکەین؟

تولی: بەڵێ.. لەم ڕۆژانەدا نرخی تەختە بەرز بووەتەوە، دارەکانیش چ سوودێکیان نییە تا بیانهێڵینەوە، پێشنیار دەکەم بیانفرۆشینەوە.

ئوریوردۆن: توخوا لێیان گەڕە با بژین، کەم کوشتن و تاوان کراوە وا تۆیش دەتەوێ خۆتی تێ وەردەی.

تولی: ئوریوردۆن گوێگرە! وای لێ هاتووە زۆر بەزەحمەت دەتوانم دوو قسەی ماقووڵت

لەگەڵدا بکەم، فەرموو هۆیەکی بەجێم بەرێ تا نەیان بڕینەوە.

ئوریوردۆن: دارەکان جوانن و بەس، تۆ چیدی پێویستت بەپارە هەیە؟

تولی: نەخێر.

ئوریوردۆن: چاکە، ئیدی!

تولی: نازانم چۆن بەم هەموو پسپۆرییەت ئیدارەی ئەم شوێنەت پێ دەکرێ، لەگەڵ ئەمەشدا تۆ لەمن زیاتر لێرەدای، بۆیە دارەکان وەکو خۆیان دەهێڵمەوە، ڕاتان چییە؟

ئوریوردۆن: سوپاس.

تولی: باسێکی دیش هەیە...

ئوریوردۆن: بەڵام نەك ئێستا، سوێندت دەدەم ئێستا نا بمبوورە لەسەرخۆ نیم، تکات لێ دەکەم ئێستا نا.

تولی: ئوە.. گەلێ چاکە، با وابێ (ماوەیێك بێ دەنگی)

ئوریوردۆن: ئەرێ ئەم شتە گەرمە چییە لەم ژوورەدا؟

تولی: کەسێك چراکانی داگیرساندووە.

ئوریوردۆن: ئۆهً.. تا ئەم ڕادەیە ژووەکە تاریکە؟ ئەمە یارمەتی کیلی دەدات.

مولی: (لە ژێر ساباتەکەوە) مایکل.

ئوریوردۆن: مولی! ئەمە بوو هەستەکەم، دەمزانی جگە لە چراکان شتێکی دی ئەم ژوورەی گەرم کردووەتەوە.

مولی: لە منیش زیاتر! جۆن پێیان بڵێ!

ئوریوردۆن: جۆن

جۆن: نەخێر تۆ پێیان بڵێ!

مولی: چاکە مایکلی ئازیز.. چاوەڕێی موناقەشە کردنم نییە، تۆیش مستەر تولی حەز دەکەم بێدەنگ بیت، گوێ بۆ ئەم هەواڵە خۆشە هەڵخەن، من و جۆن دەزگیرانی یەکدین (بێدەنگی) دەتگوازێتەوە... چیتانە کەڕن؟ چییە؟

تولی: چاکە.. چاکە. چاکە من، بۆ –من– ئەمە– جوانە، بەهیوام ئەمە بیێتە مایەی پتەو بوونی پەیوەندی داهاتووی نێوان ئینگلتەرەو ئێرلەندە (بە جۆن) بەر لە ئێستا

یەکدیمان نەبینیوە وانییە؟ کەیفخۆشم کە یەکەم یەکدی بینینمان لە موناسەبەتێکی وا بەختەوەرانە بێت.

مولی: چاکە، مایکل، تۆ هیچ شتێکت پێ نییە بیڵێیت؟

ئوریوردۆن: بەڵێ-بەڵێ

جۆن: هەواڵەکە سبری کرد، مایکل ناشێ بڵێیت کە ئەمەم نەخەملاندووە؟

ئوریوردۆن: جۆن دڵنیابە -من- لەسەرخۆ نیم... من.. من.. هەندێ نەساغم.

مولی: مایکل

ئوریوردۆن: هەندێ هەواڵی ناخۆش هەیە و دەربارەی هەندێ هاوڕێی ئازیزە، کوژراون، هەندێکی دیانیش لە مەترسیدان ئەڵبەتە پیرۆزباییتان لێ دەکەم کەیفخۆش دەبم.

مولی: ئێمەیش خەمباری کۆستی ئێوەین، مایکل هاوبەشی خەمی تۆین.

ئوریوردۆن: جۆن بەیارمەتیت، دەتوانم هەندێ قسانت لەگەڵ بکەم؟

جۆن: فەرموون.

ئوریوردۆن: نەخێر جۆن تەنها لەگەڵ تۆدا، تولی دەفەرمووی لەگەڵ مولی-دا بچنە جێیەکی ئەمین؟ پاش بەینێکی دی، لێرەدا دەبێتە تەقە. تکا دەکەم.

تولی: خودایە! ئەرێ ئەمە ڕوو دەدات؟ ئاە.. ئەڵبەتە.. ئەرێ کاپتن متمانەت بەمن هەیە لەگەڵ دەسگیرانەکەتا بم؟

جۆن: بەڵێ، من بەتۆی دەسپێرم؟

مولی: خۆشەویستم، پاشان یەکدی دەبینین، لە ژووره خرەکەدا یەکدی دەبینینەوە.. مایکلی ئازیز خوا حافیز. (مولی و تولی دەچنە دەرێ)

ئوریوردۆن: ڕۆیشتن؟

جۆن: بەڵێ مایکل، چی بووە؟ پێم دەکرێ یارمەتیت بدەم؟

ئوریوردۆن: ئوە.. خودایە...

جۆن: چ بووە مایکل؟ پێم بڵێ...

ئوریوردۆن: بەپێی پەتییەوە کەوتوومەتە نێو درکەوە، هەوڵی دۆزینەوەی ڕێیەك دەدەم. گوێگرە جۆن. پاش ئەوەی هەواڵی نێوان ئێوەم لە مولی بیست تەنها ڕێیەك نەبێ چ

شتیّ بەدی ناکەم، بەڵیّ تەنها ڕێیەك، دەبیّ وەعدم بەیتیّ بیگری، جۆن وەعدم بەریّ..

جۆن: ڕێیەکە بۆ کویّ دەچێت؟ هەموو شتیّ لە پێناوی تودا دەکەم تەنها ئەمریکە.

ئوریوردۆن: دەبیّ هەر ئێستا ئێرە جیّ بێڵی – ئێستاو ئەم ساتە بەرەو سنوور ڕاکەی (موف) تیژڕەوترین ئەسپەو بیبە، لە پێشدا بەرەو ڕۆژئاوا بۆ بالجین، پاشان بەرەو باشوور و بۆ بلفاست.

جۆن: بەلاّم مایکل بۆ؟

ئوریوردۆن: جۆن... سوێندت دەدەم لێم مەپرسە.. بەلاّم برۆ.. دەتوانی ئەسپەکە لە هەر تەوێڵەیێکدا دابنێی، پاشان بە پۆستە هەواڵم بۆ بنێرە لە کوێدا بیّ خۆم دەیهێنمەوە.

جۆن: مایکل گویّ گرە، دیارە تۆ بە عەقڵەوە قسان ناکەیت چاوەڕێی ئەوە مەکە من بەم شێوەیە ڕاکەم و بیّ ئەوەی کارەکەم لا ڕوون بێتەوە، بۆ برۆم؟ کەی بگەڕێمەوە؟. ئایا ئەمە ڕاسپاردەیەو جگە لە من بەکەسێکی دی ناکرێت؟ ئایا پەیوەندی بەجەنگەوە هەیە؟ چییە؟

ئوریوردۆن: –گویّ گرە– باوەڕت بە من هەیە؟

جۆن: ئەڵبەتە.

ئوریوردۆن: کەوابیّ هەر ئێستا دەڕۆیت و هیچم لیّ ناپرسی پێم بڵیّ سەعات چەندە؟

جۆن: سەعات سێیە.. ئەگەر ئەو سەعاتە کۆنەی سەر دیوارەکە دروست بیّ!

ئوریوردۆن: هەر ئێستا –وابیّ– هەر ئێستا، خودایە بۆ نەمتوانی بەر لە ئێستا ئاگاداری کەمەوە. توخوا سوێندی شەرەف بایەخی چییە بەرانبەر بە ژیانی هاوڕێیەك کە لە مەترسیدا بیّ؟ نازانم چ شتیّ نازانم دیارە ڕێم لە خۆم تێکداوە.

جۆن: ژیانی هاوڕیّ: مایکل چت لا مەبەستە؟

ئوریوردۆن: وتت من باوەڕم پێتە..

جۆن: بەڵیّ باوەڕم پێتە.

ئوریوردۆن: کەوابیّ ئەسپەکە زین کە و برۆ، لە بلفاست بمێنەوە، یا چاکتر وایە لە ئینگلتەرە دابە، تا بەتەواوی ئەم کێشانە تەواو دەبێت.

جۆن: ببوورە مایکل، تۆ لەسەرەخۆ نیت، دەبیّ لەمە زیاتر بزانم، هەموو شتێکیش بخە لاوە من کەلیمەی شەرەفم پیّ داویت تۆیش دەزانی نایشکێنم.

ئوریوردۆن: کەلیمەی شەرەف! لای من بایی مسقاڵە زەڕەیێك بایەخی نییە، دەبێ تۆیش وەکو من بکەیت.. ئێستا ئا!

جۆن: بەڵام دەبێ ڕێز لە کەلیمەی خۆم بگرم، وا پەروەردە کراوم، وا بزانم هیچ شتێ ناتوانێ ناچارم کات قسەی خۆم بشکێنم.

ئوریوردۆن: گوێ گرە... بەختەوەری مولی-ت دەوێ؟

جۆن: خۆت وەڵامی ئەم پرسیارە دەزانیت.

ئوریوردۆن: کەوابێ جۆن باوەڕم پێ بکە، گەر ناتەوێ بۆ یەکجاری دڵی لەناوبەری چیت پێ دەڵێم ئەوە بکە.

جۆن: لێرەوە یەك هەنگاو نابزوم، تا مانای ئەمەم تێ نەگەیێنی.

ئوریوردۆن: تۆ کات بەفیڕۆ لە دەست دەدەی، چ کاتێکی بەنرخیش.

جۆن: نابزوم، تا مەبەستت ڕوون نەکەیتەوە. (ماوەیەك بێ دەنگی)

ئوریوردۆن: مانای ئەوەیە کە ژیانت لە مەترسیدایە، یانی گەر ئێستا ڕانەکەیت پاش سێ ڕۆژی تر دەمری، یانی کینەی جەنگی کوێرانەیە وا هەردووکمانی خستووەتە نێو داوی خۆیەوە، من پەیمانم بۆ سوپای ئیرلەندی دەشکێنم، تۆیش کەلیمەی شەرەف بۆ من دەشکێنی و منیش لە شکاندنی یەکجارەکی رزگار دەکەیت.. ئەمەیە مەبەستم. توخوا هێشتا درکت بەوە نەکردووە کە بۆ بەپەلە سوار بیت و بەرەو سنوور (موف) تاودەی؟

جۆن: بەڵام من دیلی جەنگم، چۆن دەبێ لە مەترسیدا بم؟

ئوریوردۆن: جۆن، تۆڵە- تەنها تۆڵە- نەگریسترین وشەیە لە فەرهەنگی جەنگی نەگریسدا (تانز) سێ ئەفسەری ئیرلەندیان کوشتووە بەقورعە ناوی سێ ئەفسەری بەریتانی هەڵبژێردراوە تا بیانگەیێننە ئەوان..

جۆن: مەبەستت ئەوەیە کە ناوی منیش...؟

ئوریوردۆن: بەڵێ.. ناوەکەت.. ئەی خوا! لە سۆنگەی چی خەڵك یەکدییان خۆش ناوێ؟ مرۆ دەتوانێ تەنها بەنووکە دەرزیێك کە لە شەڕەوە سەر هەڵدەدا، لە مەسیح دوور کەوێتەوە، ئەم کارە مەکە، زیندەگی هەموو گوناهـ و گوناهکارییە، بەڵام ستوونەکەی خۆشەویستییە. جۆن تکات لێ دەکەم کە هەر ئێستا بڕۆیت دەبا خۆشەویستی مولی

لەگەڵتا بن (دەنگی هەورە برووسکە).

جۆن: من ناتوانم ڕابکەم، مایکل دڵنیام بڕیارەکە جێبەجێ ناکەن.

ئوریوردۆن: کیلی جێبەجێی دەکات، لە مێژەو چەند ساڵێکی دوورەو درێژە دەیناسم، دەیکات، بۆیە بەر لەوەی شەڕ دەست پێ بکات، دەبێ بڕۆیت تێ ناگەیت؟ من چۆن دڵنیام کە شەو دادێ ئاوهاش دڵنیام کیلی دێتەوە، کوشتنی ئەو لە لایەن تانزەوە زیاتر لە گوللەیێکی دەوێ.

جۆن: نەخێر مایکل نابێ ڕابکەم، پێویستە بەرگری بکەم هەر کە کیلی گەڕایەوە چاوم پێ دەکەوێ و چارێ دەدۆزینەوە..

ئوریوردۆن: جۆن تۆ گەوج و کاڵفامی

جۆن: گەر ڕابکەم، ئەوا بەنووکە دەرزی لە بری ناوەکەی من ناوێکی دی کون ناکەن. (بێدەنگی) وا نییە (بێدەنگی) (هەورە برووسکە) دەست ڕێژە.

ئوریوردۆن: خودایە، شەڕ دەستی پێکرد! ئێستا کاتیش لە دەس چوو، ئۆە بۆ زووتر خەبەرم نەدایتێ؟ چاکترین دەرفەتمان لە دەستدا– لە دەسمان چوو.

جۆن: ئەمە هیچی لە کارەکە نەدەگۆڕی.. مایکل لۆمەی خۆت مەکە لە هەردوو حاڵەتدا بۆ من وەك یەك وایە.

ئوریوردۆن: جۆن ڕێیەك دەدۆزینەوە.. چارەیێك هەر دەدۆزینەوە گەر ئەمە دوا کاریش بێ بیکەم ئەوا ناهێڵم ئەمە ڕووبدات.

گەر خۆیشم لەناوچم ناهێڵم، تۆ جارێ لە ژێر چاودێری مندای لە بیرت نەچێ چارێك دەدۆزینەوە، تۆ بڕۆ بۆ لای مولی لە سەلامەتی ئەو دڵنیابە –لە پردی جلاسفونت بۆسە دادەمەزرێنن، لێرەوە هەند دوور نییە و کەمتر لە بوردی تفەنگە.

جۆن: تۆیش لەگەڵما دێیت؟

ئوریوردۆن: نەخێر.. لێرەدا دەمێنمەوە، پێم چاکترە بە تەنیا بمێنمەوە، –جۆن– بڕۆ خواوەند یارمەتیمان بدات، لە نێو ئەم تاریکییەدا ڕێییە بدۆزینەوە.

(جۆن دەڕوات، دەنگی دەسرێژێکی دی دێت، ئوریوردۆن بەرەو پەنجەرەکە دەچێت، گوێ هەڵدەخات، دەسرێژەکە بەردەوامە، ئوریوردۆن لە تەنیشتی پەنجەرەکەدا دادەنیشێ و سێتارەکەی دەگرێتە دەس و ئاواز دەژەنێ، دەوەستێ و گوێ بیست دەبێ

جارێکی دی لە سێتارژەنی بەردەوام دەبێ، دەنگی ترپەی پێ لە دەرێ دەبیستێ لە سێتارژەنی دەوەستێ)

سەربازی ئینگلیزی-١:

(لە دەرێوە، لە دوورەوە) بۆسەیێکی نەفرەتییە، پەلەکە بچینە ژوورێ، یەکەمیان چکۆڵەیە، لەڕێ دەرچووە، دووەمیش خوێنڕێژە.

سەربازی ئینگلیزی-٢-:

لە کوێدایە؟

سەربازی ئینگلیزی-١:

لەلای پردەکەدایە، کە بەشە زۆرەکەی سوپا خەریکی بۆسە دانان بوون دەبێ کەشاف لە شوێنێکی دیدا بێ، تۆ لە پەنجەرەوەکەوە بچۆ ژوورێ منیش لێرەدا دادەمەزرێم (ئوریوردۆن دەبینێ) چاکە، خوا ڕۆژێکی خۆشمان بۆ بنێرێ.. ئەرێ لێرەدا کێ دەبینم؟ پیاوێکی بێ چەك، تەنها سێتاری پێیە؟

سەربازی ئینگلیزی-٢:

کێیە؟

سەربازی ئینگلیزی-١:

ناشێ بڵێی خاوەنی ئەم ڕوخسارە نەناسمەوە، ئەی لەسەر نەخشەی ئیعلانات وێنەکەیت نەبینیوە؟ پاداشتەکەی بەزیندوویەتی یا بەمردوویەتی بۆ ئەو کەسەیە دەیگرێ. پیاو ڕووی تفەنگەکەتی تێکە، یەکێکە لە پڵنگەکان

سەربازی ئینگلیزی-٢:

کێیە- نایناسمەوە؟ هەموو ئیعلانەکان بۆ من لەیەك دەچن.

سەربازی ئینگلیزی-١:

مایکل ئوریوردۆن -مەزنە- تەنها خۆی بەسێتایەکی مێگوزار-ەوە پاسەوانی بارەگای سەرکردایەتی دەکات.

سەربازی ئینگلیزی-٢:

ئوریوردۆن؟ مەبەستت...؟

سەربازی ئینگلیزی–١:

بەڵێ، مەبەستم ئەوە.. مستەر ئوریوردۆن لێرەداو دوور لە دەرگیرییەکە چ دەکەیت؟ دەڵێی سەرت دێشێ؟

(بێدەنگی)، (لەم دیمەنەدا ئوریوردۆن وەك تۆپی مەیدانی پڕ دانیشتووەو بێ دەنگە. ئەرێ چ شتێکت نییە بیڵێی، بەر لەوەی بگەیتە بایمیت و بارنێك و ئلیوی؟ (لێی نزیك دەبێتەوە) خودایە، بەپەلە دەستی لە ڕووی چاوەکانی ئوریوردۆندا دەجووڵێنێتەوە) چ بەختێکی مەزنە؟ ڕۆڵە سەیری کە کوێریشە!

سەربازی ئینگلیزی–٢:

ئەڵبەتە ئەمەیش جۆرە بەختێکە، دەتوانین جێی بێڵین؟ لە پەنجەرەکەوە سەیری دەکەم.

سەربازی ئینگلیزی–١:

بەزیندوویەتی یامردوویەتی –ڕۆڵە ئیعلانەکانت لە بیر کرد؟

سەربازی ئینگلیزی–٢:

باوەڕ ناکەم پیاوێکی کوێر بکوژیت.

سەربازی ئینگلیزی–١:

ڕۆڵە دەیکوژم، ئەویش تەنها لەبەر بەزەیی پیاهاتنەوەیە (بە ئوریوردۆن) ئێمە نامانەوێ سەراپای تەمەنت پێت هەڵکەوێ و هاوڕێکانت بارگران کەیت، ئەرێ مستەر مایکل وانییە، (بێدەنگی) ڕۆڵە دەبینی چاکەی لەگەڵدا دەکەی، هەروەها چاکەیش بۆ خۆمان و بۆ هەموو ئەوانەی پەیوەستی ئەم کارەن و کەیفخۆش دەبن پێویستە پاسەوانیی بکەیت و سەرنجی ڕاڕەوەکەیش بدەیت، هێمنییەکەی لێ نەشێوێنن (بە ئوریوردۆن) داوای لێبووردنت لێ دەکەم، کە تەقەت لێ دەکەم، بەڵام بەختەوەر ئەوەیە مەرگێکی هێمنی دەسکەوێ.

سەربازی ئینگلیزی–٢:

گەر نیازی کوشتنیت هەیە، بەپەلە بیکوژە.

سەربازی ئینگلیزی–١:

ڕۆڵە سەرپێچی مەکە، پێم ناخۆشە وەبیرتی بخەمەوە کە بەروتبە لە تۆ گەورەترم، پاش ئەوەی ئوریوردۆن ئەو هەموو سەر ئێشییەی بۆ دروست کردین باوەڕ ناکەم

چاوەڕێی مەرگێکی پەلەی ئاسان بکات، ئەمە ناکات عەدالەت من خۆم لەو کەسانەم پەیوەستم بەعەدالەتەوە، بێگومان مستەر ئوریوردۆن کاسۆلیکییە، من دەپرسم چ کاتیّ بۆ دوا جار چۆتە کڵێسا تا ئیعتراف بکات؟

ڕەنگە ئارەزووی دەقیقەیێك دوان بکات تا هەوڵی تۆبە کردن بدا. دەشیّ؟ دەشیّ ئێستا هەست بەهێمنی بکات پێشوازی تاقیکردنەوەیەکی سەیر دەکات، تا بیەویّ خۆی بۆ ئێمە بسەلمێنیّ لێگەڕێ با بزانم. ئەو حەوت گوناهە کوشندانە چین؟ ئەریّ یەکەمیان لە خۆبایی بوون نییە؟ (بەدڕندەییەوە شەپا زللە دەکێشیّ بەڕوخساری ئوریوردۆن) ئوریوردۆن هەڵی بێنە کامەمان لێی دایت؟

سەربازی ئینگلیزی–٢:

بەسە با بەشداری شەڕەکە بکەین.

سەربازی ئینگلیزی–١:

نا، نەخێر، ئێمە بەزیندوویەتی بەسوودترین من حەزم بەدەرگیری نییە (بیّ دەنگی) کەوابیّ مستەر ئوریوردۆن هیچی نییە بیڵیّ تەنانەت وشەیەکیش دەربارەی ئێرلەندە. پیرێژنی دڵساف –کاتلینی بیّ هولیهان و ئالاّی سەوزی پیّ نییە.. (دەنگی هەورە بروسکە) نازانم ئەم هەورە چ دەڵیّ؟ تۆ هیچ شتیّ ناڵێیت، با وابیّ، چاکە، هەموو شتێکی باش کۆتایی هەیە، زیندەگیش وەك هەندیّ کەس دەڵێن شتێکی جوانە.

سەربازی ئینگلیزی–٢:

توخوا لێگەڕە با لێرە بچینە دەریّ، ئەوە تەقەش وەستا، ئێستا دەگەڕێینەوە.

سەربازی ئینگلیزی–١:

بەڵیّ ئێستا دەگەڕێینەوە، چاکتر وایە تفەنگ بەکار نەهێنین، دەنگی تەقە هەیە، بەکارهێنانی ئاسنی سارد، چاکترە و زیاتریش ترس دەخاتە دڵەوە، گەورەم مستەر ئوریوردۆن تۆ لەمەدا لەگەڵمان نیت، (تیژایی چەقۆ دەنێتە سەر ملی ئوریوردۆن) چەکی سپی ترس زیاتر دەخاتە نێو دڵەوە. (ئوریوردۆن نەڕەیێکی مەزنی لێوە دیّ) ئێرلەندە بەم ناوە شوورەتی پەیدا کردووە (لا دەکاتە لاوە وەك زۆرانبازێکی شارەزا باسکی سەربازە چکۆڵەکە دەگریّ و لەسەر سەریوە دەیداتە سەر زەوی و لەسەر پشت دەکەوێتە سەر مێزەکەو هەندیّ لە کەوچکەکانی شاموس پەرت و بڵاو دەبێتەوە.

سەربازی ئینگلیزی–٢:

ئـوە (هـێرش دەبـاتـە سەر ئـوریـوردۆن هـەردووکیـان بـەیـەکـەوە دەکـەونـە سەر زەوی ژوورەکە) ( سەربازی یەکەم هەڵدەستێتە سەر پێ)

سەربازی ئینگلیزی–١:

بـەتـونـدی بـیـگـرە –جـڵـەوی بـگـرە، کـۆتـایـی پـێ دێنم (جـۆن لـەسەر نـاردوانـەکـەوە دەردەکەوێ تفەنگی پێیە)

جۆن: لە جێگای خۆتان بوەستن، بەرەو دیوارەکە بکشێنەوە.

(سەربازی یەکەم دەکشێتەوە–دووهەمیش هەڵدەستێ و لەگەڵ یەکەمدا دەکشێتەوە، ئوریوردۆن–یش هەڵدەستێ و ڕێی خۆی دەدۆزێتەوە)

جـۆن: چـاکـە، ئـوریـوردۆن لـە جێگەی خـۆتـا ڕاوەستـە (دەچێتە لای ئـوریـوردۆن لـەسەر کورسییەکدا دایدەنیشێنی، تفەنگەکەی هەر لە ڕووی دوو سەربازەکەدایە) سوپاس بۆ خوا گوێم لە تەق تەق بوو ئەرێ ئەم دوو خوێنڕێژە لە کوێوە هاتن؟

ئوریوردۆن: نازانم

سەربازی ئینگلیزی–١:

تۆ ئەفسەری بەریتانیت؟ ئەدی بۆ ئەو پۆشاکەت پۆشیوە؟

جۆن: من ئەفسەرێکی ئینگلیزم؟

سەربازی ئینگلیزی–١:

وابێ ئێمە بەختەوەرین، دەی ڕۆڵە با بڕۆین.

جۆن: لە جێی خۆتانا بوەستن دەستان بەرز کەنەوە.

سەربازی ئینگلیزی–٢:

چوویتە پاڵ دوژمنانەوە؟

جۆن: جگە لە ئێوەو مانەندی ئێوە چ دوژمنێکم نییە.

سەربازی ئینگلیزی–١:

چاکە، ئێمە بۆ ئێرە نێردراوین تا یارمەتی وەجێهێنانی کارەکەت بدەین، لێگەڕێ با بڕۆین.

جۆن: لە جێی خۆتان بن (فکیشەکدانیان دادەنێن) چاکە، ئوریوردۆن دەتەوێ چییان لێ بکەم؟ دیلی تۆن.

ئوریوردۆن: بەڕاستی نازانم چیم لێیان دەوێ؟ چەند دەقیقەیێك لەگەڵ ئەمانەدا بووم وەك تەواوی تەمەنێ وابوو.

جۆن: بێ سوودە وەك دیلێ لەسەر کەلیمەی شەڕەف ڕایانگرێ.

سەربازی ئینگلیزی–١:

جا بۆ تاقی ناکەیتەوە؟ بۆ دەتوانی تا هەمیشە تفەنگەکەت لە ڕووماندا ڕاگری؟

سەربازی ئینگلیزی–٢:

ئێستا دەگەڕێنەوە. وا بزانم نیازت نییە تەسلیمی کیلی–مان بکەیت؟

ئوریوردۆن: کێ پێی وتن کیلی لێرەدایە؟

سەربازی ئینگلیزی–١:

گەورەم، مستەر ئوریوردۆن چۆڵەکە پێیی وتین.

ئوریوردۆن: خودایە، ئەرێ بۆ ناتوانین نهێنی بپارێزین، هەر کە هەوا بەسەر سەرماندا تێپەڕێ خەڵکی لە ڕێی بیری سپیمانەوە لە کات دەزانێ بایەکە بڵاوی دەکاتەوە.

جۆن: لە واقیعدا کێشەیێکی ئاڵۆزە، ئوریوردۆن چییان لێ بکەین؟

سەربازی ئینگلیزی–١:

چ کێشەیێك لە گۆڕێدا نییە، لێگەڕێ با بڕۆین، خۆ ناکرێ بەندی مستر ئوریوردۆن بین، چونکە ئەو ئێستا سەربازی نییە، هەروەها ناشێ دیلی تۆ بین، چونکە تۆ لە سوپای ئێمەدای و لە پاڵ ئێمەیشدای.

سەربازی ئینگلیزی–٢:

دەی هاوڕێ ئێستا دەگەڕێینەوە.

ئوریوردۆن: لێگەڕە با بڕۆن، لێگەڕە با بڕۆن، هەموو قەفەسەکان بکەنەوە تەنانەت هەڵۆکانیش مافی فڕینیان هەیە.. هەڵێن..

کیلی: (لە دوورەوە) مایکل!

سەربازی ئینگلیزی–٢:

دەی ڕۆڵە بەرێگەکەی ئێمەدا وەرە (گوێ لە ترپەی پێی کیلی دەبێ، کە لە دوورەوە دێت) ئەمە چییە؟ (بەپەلە بۆ دەرگا دەچێ)

کیلی:(بەپەلە دێتە ژووری و تانزەکان دەبینێ) ئاە لە جێی خۆتان بوەستن –هەردووکتان–(دەیانخاتە بەر لوولەی تفەنگ) چۆن توانیتان لە داوەکەم دەرباز بن.

ئوریوردۆن: لە تیپی کەشافەن، گوێم لێ بوو وایان دەوت، دیارە بەبوارە کۆنەکەی ڕووبارەکەدا پەڕیونەتەوە.

کیلی: (بانگ دەکات) سکانلۆن.

سکانلۆن: (لە دوورەوە) گەورەم ئەوا هاتم!

کیلی: کە لە دەرێدا بووم باسی چیتان دەکرد؟ کێ لە پشتی کێدا بوو؟

ئوریوردۆن: جۆن ژیانی رزگار کردم.

کیلی: (بە ساردییەوە) ئاوها؟ کاپتن تریجارتن بەر لە من رزگاری کردن و پێشم کەوت؟ دیارە ملکەچییەکەی دووفاقە.

جۆن: کەلیمەی شەرەفم داوە کە لێرەدا بەدیلی بمێنمەوە ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ کە نابێ دژ بە ئێوە بجەنگم.

کیلی: ئەدی ئەو سوێندەی بۆ سوپای خۆتانت خواردووە کە لە پاڵ ئێمەدا نەجەنگی؟

جۆن: ئەی ئەوەت پێ چاکتر بوو لێگەڕابام مایکل کوژرابا؟

(ئەمە دەبێ بەمایەی توورەبوونێکی سارد کیلی) (سکانلۆن دێتە ژووری)

کیلی: دوو باڵندەی تەریك لە نێو قەفەسیان نێ.

سکانلۆن: ئەرێ بەخوا چۆن توانیان بگەنە ئێرە؟

کیلی: ئەرێ ناتوانێ ئەمرێ بەجێ بێنی بێ ئەوەی پرسیار بکەیت؟

سکانلۆن: ببوورە گەورەم، ئێستا تەرمی (کیڤن بیرن) یان لەو دیو پردەکەدا هێنایەوە، کە گیانی سپارد قەشە جۆ لەگەڵیا بوو. (کیل وەك مەیوێ وەستاو، خەریکە لەبەر توورەبوون بتەقێ)

ئوریوردۆن: (بەلاڵە پەتێیانە) گیڤن.. بەر ڕەحمەتی خوا کەوێ.

کیلی: ئەو دووانە ببە بۆ نێو خانووچکەکەو ئێستا دێم تەحقیقیان لەگەڵ دەکەم.

سکانلۆن: ئێوە هەردووکتان ئەو ڕێیە بگرن (سکانلۆن لەگەڵ تانزەکاندا دەچنە دەرێ) (لە دەرەوە) وەرە لە پاسەوانی کردنی ئەم دووانە یارمەتیم بدە.

دیرموت: (لە دەرەوە) هەر ئێستا دێم.

کیلی: (بە جۆن) ئوریوردۆن-ی سەرکردە، دەربارەی چارەنووست هیچی پێ نەوتیت؟

جۆن: پێی وتم..

کیلی: چاکە.

جۆن: بەڵام ناتوانم باوەڕ بەوە بکەم کە ئێرلەندییەکان دیلی جەنگ بکوژن.

کیلی: ببوورە باوەڕەکەت لە جێی خۆیدا نییە، دەتوانی ئەم کارەمان بە پیاو کوژی لەقەڵەم بدەی- گەر ئەمە دڵنەواییت پێ دەبەخشێ، کاتی جێبەجێکردن دوو بەیانیە -شەممە- لە سەعات شەشی بەیانیدا، شوێنەکەیش ئێرەیە، تێگەیشتی؟

جۆن: (سەر دادەنوێنێ) بەڵێ.

کیلی: مایکل خۆم هەموو تەرتیباتێ دەبینم، پێویست ناکات خۆتی پێوە خەریك کەیت، تا ئەو کاتەش کاپتن تریجارتن هەر دیلی تۆیە.

ئوریوردۆن: شۆن...

کیلی: ئێستاش دەبێ تەحقیق لەگەڵ هاوڕێکانی کاپتن دا بکەم و ڕاپۆرتیش بۆ هەیئەتی سەرکردایەتی بنێرم، وادەزانم سەرکەوتنمان وەدەس هێناوە، بەڵام دەترسم ژنەکەی (گیڤن برن) وای تێبگات.

(لەم یەك دوو قسەی ئەم دواییەدا لەسەر پەیژەکەدا دەردەکەوێ هەر کە کیلی ڕوو وەردەگێڕێ بۆ چەند ساتێ چاویان بەچاوی یەکدی دەکەوێ پاشان کیلی بە پەلە دەچێتە دەرێ)

مولی: مایکل ئازیزم

ئوریوردۆن: مولی

جۆن: مولی، پێم وتی دوام نەکەوی.

مولی: مایکل ئەمە ڕاستە؟ خودایە نابێ ئەمە ڕاست بێ!

ئوریوردۆن: جۆن ئاگادارت کردووەتەوە.

جۆن: پێویست بوو لەسەرم کە...

مولی: ئەڵبەتە پێویست بوو کە ئاگادارم کات، درکم کردبوو کە شتێکی ترسناك هەڕەشە لە هەموویان دەکات، ئەویش کاتیَ دوورت خستمەوە، مایکل دەتوانین چ بکەین؟ کیلی هاورێت نییە؟ داوات وەجیَ ناهێنیَ؟

ئوریوردۆن: بەڵیَ کیلی هاوڕێمە، ئامادەیە لە پێناوی مندا هەموو شتیَ بکات، کە کارەکە پەیوەست بیَ تەنها بەخودی خۆیەوە، بەڵام دەیسەلمێنم ناتوانیَ ئەمرەکە بگۆڕیَ، هەر هیچ نەبیَ ئەمەم پیَ دەڵیَ.

مولی: گەر تۆ داوای لیَ بکەی..

ئوریوردۆن: نەخێر مولی، من دەزانم چ دەڵیَ، پێم دەڵیَ، (مایکل ئەم کارە بۆ من جیَ بێڵە تۆ خۆتی پێوە خەریك مەکە) بەدرێژایی ڕۆژانی جەنگ هەمیشە ئەم هەستە سەیرەی هەبووە، بەڵام ئێستا کارەکە گەنترە، لەبری من وەجێی دێنی، بەزەییەکەی لەو جۆرەیە کە هەموومان دەکوژیَ.

مولی: گەر وابیَ چ بکەین

ئوریوردۆن: لە نێوانی خۆماندا وەڵامی ئەمە دەدەینەوە. دەبیَ خۆمان چۆن رزگار کەین.

جۆن: بەڵام مایکل خۆیشت گوێت لە کیلی بوو من دیلی تۆم هێشتا کەلیمەی شەرەفی من لە گۆڕێدایە و ماوەی ئەوە هەیە چاو بە بڕیارەکە بێنێتەوە؟

ئوریوردۆن: توخوا کەلیمەی شەرەف لە بیرکە، تۆ ناتوانی کاریَ بکەی قەدی ئەم وشانە وەك مێشیَ نەتخاتە داوی خۆیەوە و نەشکوژیَ، ماجیل و ئۆشی و کیوخ وا لە سوپا دەکات تا چەند هەفتەیێك لە پۆپەی تووڕە بووندا بن، تەنها خۆمان دەتوانین یارمەتی خۆمان بدەین.

مولی: خۆشەویستم جۆن، گەوجایەتییێکی گەورەیە تۆ هەند وابەستەی کەلیمەی شەرەفی، ئەڵبەتە مایکل دەتوانیَ بۆتی بگەڕێنێتەوە.

ئوریوردۆن: ئەوا دەیگەڕێنمەوە، با ئەمەش یەکەم دیاری بۆ ژن و مێردی ئێوەبیَ.

جۆن: بەڵام ناوی سێهەم چ چارەنووسێکی دەبیَ؟ گەر ناوی من نەبیَ ئەڵبەتە ناوێکی دی جێگەی ناوی من دەگریَ.

ئوریوردۆن: جۆن گویّ گرە، نابیّ ڕیّ بەخۆت بدەیت بکوژرێیت، هەر تەنها لەبەر ئەوەی گەر تۆ نەمریت ئەوا یەکێکی دی دەمرێت.. ئەمە بەدەستی ئێمە نییە، ئەوەی لە دەستمان دێت ئەوەیە لە خواوەند بپارێینەوە کەس تووشی بەڵا نەبێت، بەڵام سەلامەتی و ژیان، خۆشەویستی لە دەستی ئێمەدایە.. ئیدی بۆیە پێویست بەقسان ناکات، دەنا قسەکردن هەموویان لە ناو دەبات.

جۆن: مایکل تۆ دەزانی کارەکە بەم ئاساییە نییە، من چاك درك بەوە دەکەم کە تۆ لە جێی مندا بایت چت دەکرد.

ئوریوردۆن: دڵنیابە ڕام دەکرد.

جۆن: ئەمەت نەدەکرد، شایستەی ئەوەی من ئاسا ڕەفتارت کردبا، مایکل من دەتناسم، تۆ شانازیت بەوە دەکرد کە کەلیمەی شەرەف لەلای تۆدا لە شیشەکانی بەندیخانە بەهێزترە، ڕەنگە لە بەندیخانە ڕاتکردبا، بەڵام لە کەلیمەی شەرەف ڕات نەدەکرد.. ئەریّ وانییە.

ئوریوردۆن: توخوا جۆن بەچیم دەزانی؟ بەخوا تا سنوور سوار دەبووم و نەفرەتم لە هەموو ئەو کەسانە دەکرد ڕێیان لیّ گرتبام.

مولی: کە ئێوە قسانتان دەکرد، بیرم لەگەلیّ ڕیّ و شێواز دەکردەوە، ئێستا گوێم لیّ گرن بیّ قسە، من و جۆن هەر ئێستا بەرەو ئینگلتەرە دەڕۆین.

جۆن: مولی...

مولی: تەنها کێشەیەکیشمان لە ڕێدا بیّ ئەوەیە، ئەویش چ ڕێگەیەك هەڵبژێرین بۆ وە ئەنجام هێنانی ئەم کارەمان (بە جۆن) گەر ڕەشەبا داریّ بشکێنیّ و ئێمە لە ژێری دابین، ئەڵبەتە باز دەدەین و لە مەترسی خۆ دەپارێزین چ جیاوازییەك نییە لە نێوان ئەو حاڵەتەو حاڵەتی ئێستای ئێمە، مایکل ئەمە چۆن جێبەجیّ دەبیّ؟ دەشیّ ئێستا جۆن سوار بێت و بڕوات؟

ئوریوردۆن: نەك ئێستا، چونکە لەوەتی شەڕە هەموو گوندەکان لە ژێر چاودێریدان، هێشتاش هەندیّ سەربازی ئینگلیزی لە دەوری ئێمەدا ماونەتەوە.

مولی: دەتوانیّ بەشەمەندەفەر سەفەر بکات؟

ئوریوردۆن: دەترسم وێستگاکەش لە ژێر چاودێریدا بیّ.

مولی: لە پێچەکە لە لای دووڕیانی شەمەندەفەرەکە کە دەکەوێتە ئەو لای وێستگاکە، لەوێدا ناتوانیٚ سوار بیٚ؟

ئوریوردۆن: ئەمەیان ئا...

مولی: شەمەندەفەری باربەر، سبەی لە سەعات شەشی بەیانیدا دەڕوات، تیمی پیری پاسەوان، لەوەتەی فێرە ڕۆیشتن بووم، دەمناسیٚ و هەموو شتیٚ لە پێناوی مندا دەکات، جۆن گویٚم لیٚ گرە، بزانە چیت پیٚ دەڵێم: بەرەو باشوور بۆ (کسلتاون) بەشەمەندەفەری ئێواران سەفەر دەکەم و چاوم بە (تیمی) پیر دەکەویٚ و پێی دەڵێم بەرەو باکوور و بە شەمەندەفەری بەیانییان سەفەر دەکەم هەروەها خەبەری هەموو شتێکی پێویستی دەدەمیٚ.

جۆن: خۆشەویستم

مولی: بەڵام جۆن تۆ دەتوانی لەلای دووڕێیانەکەی پاش وێستگاکە، سبەی سەعات شەشی بەیانی، خۆت بگەیێنیتە ئەویٚ داوا لە شوفیرەکە دەکەم کە (بارنی دۆنانە) و هاوڕێی تیمە لەلای نشێوییەکەدا لە تیژڕەوی شەمەنەفەرەکە کەم کاتەوە تا ڕادەی پیادە ڕەویٚ، ئەمەش هەندیٚ پارەی پیٚ دەویٚ..

ئوریوردۆن: ئۆە... دوو شلن و نیو بای ئەوەیە ویژدانی ئاسوودە کات.

مولی: جۆن ئیشارەتت دەدەینیٚ کە هەموو شتیٚ جێبەجیٚ کراوە و منیش لەنێو شەمەندەفەرەکەدام. ئەویش سیٚ شوتە دەیکەینە سیٚ شووت، هەر کە گوێت لیٚ بوو بەپەلە خۆت هەڵدە نێو فارگۆنی پاسەوانەکە، لەوێدا دەبینی (تیم) دوو چای بۆ من و تۆ ئامادە کردووە.

ئوریوردۆن: ئەمە نەخشەیێکی چاکە، هەوڵ دەدەم وە ئەنجامی بێنم، بەئەوپەڕی وردییەوە هەوڵ دەدەم بزانم لەو کاتەدا کیٚ دەبێتە حەرەس تا دڵنیابم لەوەی کە دەرباز دەبیٚ. گەر حەرەسەکە دیرموت بیٚ، ئەوا هەموو شتیٚ بەدڵی ئێمە دەبیٚ، وا دەزانم هەر ئەویش دەبێتە حەرەس چونکە حەرەسی بەرەبەیانی بانگ کرد. گەر پێویستی کرد دەسەڵاتی خۆم بەکار دێنم بەڵام هەوڵ ئەدەم ڕووبەڕووی چ کەسیٚ نەبینەوە– کیلیش لێرە نابیٚ، ئەمڕۆ بەرەو بارەگای سەرکردایەتی دەڕوات و ڕاپۆرتەکانی خۆی دەگەیەنیٚ، تا پاش نیوەڕۆی سبەی ناگەڕێتەوە.

ئەو کاتە تۆیش لە بلفاست نزیك دەبیتەوە.. ئەریٚ ئەوە دەڵێی شتێکم بەسەر هاتووە..

گەلێ بەحەنان و بەزەیییەوە باسی بلفاست دەکەم.

مولی: (بەدەمارگیرییەوە پێدەکەنێ) سەرفرازیی مایکل.. سەرفراز بیت، جارێکی دی دنیام لەبەر چاو ڕوون بووەوە، لە خوا دەپاڕێمەوە زەوی بەپەلە بسووڕێتەوە تا زوو سبەی بێت!

ئوریوردۆن: هەندێ جار هەست دەکەم، لە نێو ئەم تاریکییەدا دەست بەرەو ژوور بەرز دەکەمەوەو لەسەر شێوەی (برایل) ئەستێرەکان بخوێنمەوە، لە ئەستێرەکانەوە بزانم داهاتوو چۆنە. ئێستا تاقی کەمەوە.

مولی: بەڵێ تاقی کەوە.

ئوریوردۆن: ناتوانم پێیان بگەم.

(پێدەکەنن ئوریوردۆن دەستی دەکەوێتە سەر مێزەکە، بەڕێکەوت کەوچکێکی جێماو دەکەوێتە بەردەستی).

مولی: جۆن ئەوە چیتە؟ ئەم هەموو خەمە چییە؟ ڕابە وە ئاگا بێ و پێشوازی ژیان بکە.

جۆن: مایکل دەتوانم چی بکەم؟ من..من.. تا ئێستا خەمی ناوی سێهەممە، ئەرێ ڕاکردنی من کێشەیەکی ترسناکت بۆ دروست ناکات؟

ئوریوردۆن: ئەی چاکانی زیندوو، ئەرێ پیاو تۆ شێت بوویت؟ دڵنیات دەکەم مانەوەت لێرە خۆ کوژییە، گەر مەرگت دەوێ ئەوا چاوەڕێ بکە تا کیلی دەگەڕێتەوەو ئەگەر زیندەگیشت دەوێ ئەوا بڕۆ. جۆن من دڵگیرم درك بەهەستەکانت دەکەم، بەڵێ منیش هەمان هەستم هەیە، بەڵام دەتوانی گرەو بکەیت، لەبەر دوا شلنێ کە پێتە، من قەناعەت بەخۆم دێنم کە پێوستە بڕۆیت! دەی جۆن قەناعەت بکە، لەگەڵ شەپۆلدا مەلە بکە، تۆ بڕۆیت چ کێشەیێکم بۆ دروست نابێ پێویستیش بەدڵگیری ناکات.

مولی: جۆن، خۆشەویستم تا ماوم ئەمە تاقە داوامە خۆت بگەیێنە شەمەندەفەرەکە و تکا دەکەم سوار بیت.

جۆن: (پاش ماوەیێك، بەدڵ تەنگییەوە) با وابێ.

ئوریوردۆن: چ شتێ وەکو هەواڵی خۆشی مرۆ دڵگیر ناکات، مولی لە نێو دۆڵابەکەدا هەندێ ویسکی تولی–مان بۆ بێنە، لە نوخبی خۆمان دەخۆینەوە، جۆنیش کەیفخۆش دەکەین.

مولی: چاکە (ویسکی و پەرداخەکان دێنی) بەڵام جۆن ئەمە دڵ دەکاتەوە، ئیدی نەخشەکەمان هەڵناوەشێتەوە، ئەریٚ گەر کیلی لێرە نەبێت مایکل نابێت بە ئەفسەری سەرەکی؟

ئوریوردۆن: بەڵێ من دەبم.

مولی: چاکە، وابیٚ چ شتیٚ نییە لێی بترسین فەرموو مایکل (پەرداخێك دەداتە دەستی) لە نوخبی سبەینیٚ و شەمەندەفەری باربەری بلفاست (دەخۆنەوە).

ئوریوردۆن: ئەمە خواردنەوەییێکی چاکە، لە هەڵبژاردنی جۆری وێسکی، تولی زەوقێکی چاکی هەیە، ئەمە گومانی تیادا نییە، پێکێکی دیم بۆ تێکە (مولی بۆی تێدەکات) ئەمەش لە نوخبی ئەو کەشتییەی لە بلفاستەوە بۆ لیڤەرپول دەچیٚ (دەخۆنەوە).

مولی: جۆن، هەست ناکەیت ئێستا چاکتری؟

جۆن: وا هەست دەکەم سەرم بە بەرزایی سیٚ پیٚ لەسەر شانم بەرزبووتەوە، ئەریٚ چ لەناو ئەو شووشەیەدایە؟

ئوریوردۆن: وێسکیەکی چاکی ئێرلەندییە، پێکێکی دیی بۆ تێکە.

مولی: بەڵیٚ

ئوریوردۆن: ئەو کێڵگەیەی لێیدا نیشتەجیٚ دەبن؟ چاکە خواوەند خێرو بەرەکەت و خۆشی پیٚ ببەخشیٚ (دەخۆنەوە) دەزانم چ جاریٚ وەکو ئێستا وا بەپەلە مەست نەبووم، مەی و شپرزەیی چاکترین کەسی لە ئێمە، دادەگرێتە ژێر مێزەوە، خودایە من فراڤینیشم نەخواردووە، چاکە دەی (دوا قومی ویسکییەکە دەخواتەوەو بەپەلە گۆرانی –زی بالتین دوتەر– دەڵیٚ و لە پڕ دەوەستیٚ) خودایە دەڵێی شێت بووین دووورکەونەوە، شۆن دەگەڕێتەوە ئەمانەش لەم ناوە لادەن (مولی لایان دەبات) ئەمە بۆ ئێمە ڕەفتارێکی ناجۆرە، مولی چاکتر وایە عارەبانە ئامادە کەیت و بگەیتە شەمەندەفەرەکەو مەهێڵە شۆن کیلی بتبینیٚ لەگەڵ جۆن دایت.

مولی: ناهێڵین بمانبینی، چاکتر وایە خودا حافیزی بکەین، مایکلی ئازیز خودا حافیز، سوپاسی ئەو کارانە دەکەین کە لە پێناوی ئێمە کردووتە (بەناسکی ماچی دەکات و بە جۆن دەڵیٚ) خۆشەویستم تا سبەی خوات لەگەڵ سیٚ شوتی شەمەندەفەرکە تا ڕۆژی مردنمان لە گوێماندا وەك ڕەمزی دەربازبوونە گەورە دەزرنگێتەوە... سەرفراز بیت خۆشەویستم ئاگات لە خۆت بێت خۆشەویستم ئاگات لە خۆ بێت.

جۆن: وا دەکەم (یەکدی ماچ دەکەن)

مولی: لە کاتێکی نزیك و بەمانایێکی دی ئەم وشانە دووبارە دەکەینەوە (دەچێتە لای دەرگا) هەر کە شەمەندەفەرەکە کەوتە ڕێ تیم عارەبانەکە دەگەڕێنێتەوە (لەپڕو بەپەلە دەگەڕێتەوە بۆ لای جۆن ماچێکی درێژی بێ ئومێدانەی دەکات، دەگەڕێتەوە، بەرەو دەرێ دەڕوات، جۆن لە پەنجەرەکەوە سەرنجی دەدات پاش ماوەیێك بێ دەنگی بەغەمبارییەوە دادەنیشێ و لە پڕ سەری دەخاتە نێوان هەردوو لەپی)

جۆن: چ کاتێکی درێژە.

ئوریوردۆن: تەنها شەوێکی کورتە.

جۆن: مایکل ڕێی بیرکردنەوەم لێ بگرە، دەنا بەر پرسیارنابم لەوەی دەیکەم، هەرگیز ترسی ئاوها ڕووی تێ نەکردووم.

ئوریوردۆن: ئێستا خۆت ئەزیەت مەدە، پێت دەڵێم چ دەکەین ئەمشەو وەرە لەسەر قەنەفەکەی ژوورەکەی من بنوو، بەنۆرە دەنووین تا سەعات پێنج و نیو بەنۆرە حەرەسیات دەگرین و پاشان لە دەرگاکان دەتبەمە دەرێ تۆیش سەربەست دەبی، کارێکی گەلێ ئاسانە، کیلی لێرە نابێ و تا نزیکی نیوەڕۆش ناگەڕێتەوە تا ئەو کات تۆیش لە بەرچاوان دوور دەکەویتەوە.. با شەترەنج بکەین و کات بگوزەرێنین.

جۆن: بەڵێ وا دەکەین، مایکل دەترسم، هەست بەترسێکی نادیار دەکەم، دڵم وەکو چەکوشی لێ دەدات، هەموو لەشیشم ساردە.. خودایە!

ئوریوردۆن: خۆت ئەزیەت مەدە سبەی دەبیتە پیاوێکی دی، پێکەنینت بەهەموو ئەمانە دێتەوە، وردە وردە دێیتەوە سەرخۆ، ئەوەت لەسەرە بەبێ دەنگی دانیشی، لێگەڕە سەعاتەکان لە تویێی تۆوە بەنەرمی لم داچۆڕێ، بەر لەوەی وە ئاگا بێینەوە ڕۆژمان لێ دەبێتەوە، چاکتر وایە ئێستا خۆت گوم کەیت تا کیلی سەفەر دەکات، ئێستا لەسەر سەفەرە بچۆ ژوورەکەم، پاشان من دێمە لات چاکتر وایە کەس بەیەکەوە نەمان بینێ—وا دێنە بەر گوێم، ترپەی پێی کیلی دەبیستم، پەلە کە بڕۆ (جۆن دەچێتە نهۆمی سەرێ و کیلی و سکانلۆن دێنە ژوورێ...)

کیلی: میوانەکانت.. چکۆلەکەیان پیاوێکی گەلێ بی نموودە.

ئوریوردۆن: بەڵێ وایە.

کیلی: تا جێم هێشتن گەلێ زەلیل و غەمبار بوو، بەڵام ئەوی دییان گەلێ گەوجە.

سکانلۆن: جووتێ وەتەنین.. دوو بت پەرستن.

کیلی: (دوو پەرداخەکە لەسەر دۆلابەکە دەبینێ و دانەیەکیان هەندێ وێسکی تێدایە) مایکل لە ژوورێشدا دەخۆیتەوە؟

ئوریوردۆن: تانزەکان ترساندیانم.

کیلی: ئەڵێی پێکێکی پڕیشت بۆ من بەجێ هێشتووە؟ ئەمە بەخشندەییە خودا سەرفرازمان کات (دەخواتەوە) سەعات پێنج سەفەر دەکەم و سبەی دەگەڕێمەوە.

ئوریوردۆن: سەرکردەی گشتی دەبینی؟

کیلی: ئەڵبەتە لەوێدایەو چاوم پێدەکەوێ.

ئوریوردۆن: چاکەیەکم لەگەڵدا دەکەیت؟

کیلی: ئەڵبەتە.. چییە؟

ئوریوردۆن: داوای سووك کردنەوەی حوکمی جۆنی لێ بکە.

کیلی: داوای لێ دەکەم –بەڵام ناتوانم وەعدی هیچ شتێکت بدەمێ، چ هیوایەکی تێدا نییە تۆیش سەرکردەی گشتی چاك دەناسی.

ئوریوردۆن: بەڵێ دەیناسم، بەڵام تکا دەکەم داوای لێ بکەی ئەمە نەکات وەعدم بەرێ.

کیلی: وەعدت دەدەمێ و ئەمەیش کات بەفیرۆ بردنە، توخوا چ هیوایەکی پێ مەبەستە.

ئوریوردۆن: نەخێر چ ئومێدێکم پێ نییە، چاکترە بچم بنووم، هەست بەئیسراحەت ناکەم، بیرم ئاڵۆزە، شۆن سبەی دەتبینم.

کیلی: مایکل سبەی (ئوریوردۆن دەچێتە دەرێ) لەم کارە مایکل گەلێ دڵگیرە.

سکانلۆن: گەورەم دەربارەی چی؟

کیلی: ئەرێ ناتوانی تێ بگەی؟ حوکمی ئیعدام بەسەر کاپتن تریجارتن.

سکانلۆن: دەیناسێ، یا چییە؟

کیلی: سێ مانگ لە ژێر چاودێری مایکل دا دیل بوو.

سکانلۆن: خودایە، ئەمەیە ئەو کەسە کە لێرەدا دەژی، ئەرێ بەڕاستی ئیعدامی دەکەین، (بەپەلە) بەڵێ بەڵێ ئەڵبەتە، ئەمە بێ بەختییە، بێ بەختی.

کیلی: کیرخ و ماجیل و ئوشینه له بیر چوو؟ ئەی گیڤن بیرن–ت له بیر چوو، (بە تووڕەیییەوە کەوچکەکانی سەر مێزەکە ڕادەماڵێ)، بۆ تەنها ئەو لەنێو ئەم هەموو خەڵکەدا مەرگی نووسرابوو؟ چارەنووسی من ئەوەیە بەتەنها بژیم و دوا هاوڕێشم بمرێ؟

سکانلۆن: (بەشەرمەوە) گەورەم هێشتا من لە تەنیشتی تۆدام.

کیلی: (پشت گوێی دەخات) جگە لە مایکل کەسم بۆ نەماوەتەوە ئەویش نابینایە، هەموو خۆشەویستیم بۆ ئەوە.. هەموو شتێ لە پێناوی ئەودا دەکەم، (خۆی دەدوێنێ و لەبەر خۆیەوە) مایکل ئێستا لە ژیانتدا گەورەترین ئومێدت چییە؟ دەزانم چییەو پەنا بەخوا بۆتی جێبەجێ دەکەم، گەر بزانم ئەم کارەم خۆشەویستی تۆیشم لە دەست دەدات (ماوەییێك بێدەنگی) بەڵام دەبێ بەهەر نرخێ بێ مایکل لە کاتی جێبەجێ کردنی ئیعدامەکەدا حارز نەبێ.

سکانلۆن: گەورەم. ئەرێ تا ئەم ڕادەیە ئەو کابرا ئینگلیزەت خۆش دەوێ؟

کیلی: (پرسیارەکەی پشت گوێ دەخات) پێم وت، بۆچی بۆ جێبەجێ کردنی ئیعدامەکە ڕۆژی شەممە سەعات (١٠)، دیاری کراوە، بۆیە... مایکل تەوەقوعی ئەو کاتە دەکات، کاتی جێبەجێ کردنی حوکمەکە پێش دەخەم دەیکەمە سبەی، بەڵێ سبەی، بەر لەوەی مایکل لە خەو هەڵسێ دەگەڕێمەوە، ژوورەکەی تریجارتن دەکەوێتە ئەولای ژوورەکەی مایکل.. ئیدی مایکل چ شتی نازانێ، تا هەموو شتێ تەواو دەبێ، چ شتێ نازانێ، بەڵێ دەبێ ئەمە ببێ.

سکانلۆن: ئەمە گەلێ قورس دەبێ بۆ کابرایێکی ئینگلیزی و بڵێی بەر لە ئیعدام کردنی بینینی ئارەزووی قەشەی هەبێ؟

کیلی: ڕێی دەدرێ دوا نامەکانی بنووسێ، بەڵام ڕێ نادرێ چاوی بەمایکل بکەوێ، بەم شێوەیە مایکل دوور دەخەینەوە لەوەی کە دەبێ ببێ پاش ئەوەی کە هەموو شتێ تەواو دەبێ ئەو ساکە ئەو دەیزانێ.

سکانلۆن: ئەمەیان بۆ کابرای ئینگلیزی دڵڕەقییە.

کیلی: (بەساردییەوە) تەنها (مایکل گرنگە دەسەڵاتێکی بەرزتر لە دەسەڵاتی ئێمە فەرمانی ئیعدام کردنی تریجاتنی داوە (خۆی دەدوێنێ) هۆی دیش، هۆی دیش هەیە.

سکانلۆن: گەورەم هۆی دیش، ئینجا کیلی (بۆ یەکەمجار تێ ڕادەمێنێ) تۆ تاقە کەسی

لەگەڵ مندا مابێتەوە، ئا ئەمە، ئەمەیە تەنهایی.

سکانلۆن: گەورەم مەبەستت چییە؟

کیلی: گرنگ نییە، سبەی زوو دەگەڕێمەوە تێگەیشتی؟ تیپی ئیعدامیش لەگەڵ خۆمدا دەهێنم، پێویست ناکات لێرەدا کەس دیاری کەین هەر کە هاتمەوە کاپتن تریجارتن لە خەو هەڵسێنن، ئاگاداری دەکەینەوە کە نەخشەکە گۆڕاوە، ئێستاش دەبێ بچم بۆ بارەگای سەرکردایەتی.

سکانلۆن: گەورەم چ کاتێ دەگەڕێیتەوە؟

کیلی: بەر لە سەعات شەش حەرەسێ دانێ بۆ ئەو دوو تانزە دیلە.

سکانلۆن: بەڵێ گەورەم، زوویش لە خەو هەڵدەستم و بۆ پێشوازیت دێم. (سکانلۆن چاوەڕێی وشەیێکی نەرم و ستایش دەکات، مایکل بەدووچاوی بەرد ئاسا سەیری دەکات، سکانلۆن دەچێتە دەرێ، کیلی چاوەڕێی دەکات بۆ ساتێکی درێژ سەیری ئەو شوێنە دەکات کە ئوریوردۆن بۆی چوو، شاموس دێتە ژوورێ کیلی نابینێ بەڵام کەوچکەکان دەبینێ بڵاو بوونەتەوە)

شاموس: خودایە کێ ئەم هەموو ئەستێرانەی لە ئاسمانەوە بەرداوەتەوە؟

(پەردە)

## بەشی سێیەم

(ڕۆژی دوایی–ڕۆژی ئایندە، دەوروبەری سەعات پێنجی بەیانی، شانۆ تاریکە حەرەسی یەکەم دێتە ژووریٚ پەردەکان لا دەدات تریفەی مانگ و گزنگ تیکەڵ دەبن حەرەسی دووەم، خەواڵووە، دێتە ژووریٚ)

سەرباز–١: ئۆه.. دیرموت، ئاخری لە خەو هەڵسایت؟ دەزانیٚ دە دەقیقەیە وە ئاگام هێناوی؟

سەرباز–٢: ئوه... ئا ئەمە هەموو شتیٚ بوو؟ جا دە دەقیقە لە تەرازووی ئەبەدییەتدا چییە؟

سەرباز–١: گەر بەتەرازووی حەرەسی شەو بیپێوین دەبینین گەلیٚ درێژە–سکانلۆن لە خەو هەڵساوە لەلای پردەکەدا چاوەڕێت دەکات، بڕۆ بۆ ئەویٚ و لێگەڕیٚ با منیش هەندیٚ ڕاکشێم.

سەرباز–٢: گویٚ هەڵخە!

سەرباز–١: چییە هیچ شتیٚ نابینم.

سەربازی–٢: یەکەم باڵندە لە خەو هەڵسا.. سکانلۆن؟ دەیەویٚ بەم لە خەو هەڵسانەی نەسیمی ئەم بەیانییانە تێبگات؟ ئەریٚ ناتوانیٚ هەر بۆ یەکجاری بنویٚ مادام کیلی خۆشەویستی لێرە نییە؟

سەرباز–١: بەجەهەننەم، خەریکە هەتاو هەڵدیٚ، ئەمەش یانی من ناتوانم بنووم، ئەریٚ کە بانگت دەکەم بۆ ناتوانی لە خەو هەڵسی؟

سەرباز–٢: ئازیزم تەنها تەوەزەلییە، تەوەزەلی، خۆ ناشیٚ مرۆ هەموو بەهرەکانی هەبیٚ، لەنێو جیٚ ڕاپەڕین سیفەتی من نییە، من وەکو کەڵەشێر هەمیشە دوا کەسین لەخەو هەڵدەستین.

سەربازی–١: چاکە دەگەڕێمەوە بۆ نێو جیٚ، چ کارێکیش نییە من بیکەم.

سەربازی–٢: ئەریٚ تۆ چ جاریٚ سەرەنجی ئەوەت داوە، کەڵەشێر چ جۆرە تەمەڵێکی هەیە؟ هەر کە شەو کۆتایی پیٚ دێت یەکەم چۆڵەکە دەجریوێنیٚ هێشتا کەڵەشێر هەر خەواڵووە، چۆلەکەیێکی دی و یەکێکی دیش دەس بەجریوە دەکەن. تا هەموو چۆڵەکەکان هەڵدەستن. بەجریوە پێشوازی لە ڕۆژی نویٚ دەکەن، ئەوجا کەڵەشێر هەڵدەسیٚ و ترس دەخاتە دڵی چۆلەکەکانەوە ئەویش بەو دەنگەی کە بەدەسرێژ دەچیٚ،

چۆڵەکەکان لەبەرە بەیاندا بەر دەسرێژی دەکەون لە گەرووی سووری باڵندەیێکەوە دەردەچیّ کە بەلوولە تفەنگ دەچیّ.

سەربــاز–١: چــاك وایــە بــێیت و قسەم بــۆ بـکـەیت تــا خــەو دەمـبــاتــەوە، مـن پـێویستـم بەیارمەتیت هەیە.

سەرباز–٢: کە من قسان بکەم نابێ کەس بنووێ، پیاو، ئەمە بەهرەیە بەهرە.

سەرباز–١: چاکە شەو باش، بەخێر چیت، بەهیوام حەرەسیاتێکی هێمن بەسەربەری.

سەرباز–٢: نەخێر –بەیانیت باش، دڵنیابە حەرەساتێکی پڕ لە هەراو هۆریا دەبێ، ما دامێ ئەم هەموو چۆڵەکانە بەخەبەر هاتوون، کەچی تۆیش وەك کەڵەشێر لە پاش هەموویانەوە هەڵدەستی. (حەرەسی یەکەم دەچێتە دەرێ، حەرەسی دووەم کە دیرموت –فون– خەڵکی دوورگەی خۆرنیشینەوە هاورێ ئوریوردۆنە، لە پەنجەرەکەوە بۆ ماوەییێك سەیر دەکات، بەتەوەزەلی و منگە منگ گۆرانی دەڵێ) دەتوانێ بۆ سەعات و چارەکێ – ژنەکەتم بەیتێ. ئا کە نایابە بیرەی زەردی مەیلەو قاوەیی (بەردەوامە لە گۆرانی وتن دەس دەخاتە سەر دەرگاکە)

ئوریوردۆن: (لە ژوورە پەیژەکەوە بەچرپە) دیرموت.

دیرموت: مایکل! توخوا، چییە، نەتتوانیوە بنووی؟

ئوریوردۆن: دیرموت ئەرێ کەسێ گوێی لە دەنگمان نییە؟

دیرموت: نەخێر فیم تازە چوو بنووێ؟

ئوریوردۆن: دەتوانم داوای یارمەتیت لێ بکەم؟

دیرموت: ئەڵبەتە دەتوانێ تەنها ئەمر بفەرموون، وا بزانم داوای ئەوە دەکەی رێی ڕاکردن بۆ تریجارتن–ی هاورێت خۆش کەم؟

ئوریوردۆن: خوا یارمەتیت بدات، بۆ تا ئەم ڕادەیە، بیر کردنەوەم بەڕوخسارمەوە دیارە؟

دیرموت: مایکل–ی ئازیز، تەنها بۆ من دیارە، بیرم لەوە دەکردەوە کە کات تێدەپەڕێ تۆیش داوام لێ ناکەیت.. وس بێ دەنگ بە بۆ ساتێ قسان مەکە.. نا وامزانی فیم گەڕاوەتەوە، مەگەر ئەو خوایە بۆ خۆی بزانێ بۆچی دەگەڕێتەوە، خۆشترین شتێ لای ئەو خەوتنە مایکل دەتوانم چیت بۆ بکەم؟

ئوریوردۆن: (بەدەنگی نزم بانگ دەکات) (جۆن) (جۆن دێتە خوارێ) ئەمە دیرموت فونە

یارمەتیمان دەدات، پێم نەوتی بۆمانی دەکات؟

دیرموت: بەڵێ لە نێو باغەکاندا سڵاومان لە یەکدی کردووە، لەم ڕۆژە دەبینە هاوڕێی دڵسۆز؟

جۆن: بەڵێ سوپاست دەکەم.

دیرموت: پێویست بەسوپاس ناکات–بەختەوەر دەبم نەخشەکەی شۆن کیلی هەڵوەشێنمەوە، مایکل من تێناگەم بۆ خۆشت دەوێ، ئەو پیاوەی کە هەرگیز هەڵە نەکات، دەبێتە مایەی ترس بۆ هەموو هاوڕێکانی.

ئوریوردۆن: دیرموت، ئێستا دەتوانین بڕۆین؟ چاوەڕێ کردنی ئەم شەومان خەریك بوو لەناومان ببات.

دیرموت: ئەڵبەتە دەتوانین، ئۆە... چاوەڕێ کەن (فیم) وتی سکانلۆن لەسەر پردەکەدا چاوەڕێ دەکات.

ئوریوردۆن: سکانلۆن؟ توخوا لەوێ چ دەکات؟

دیرموت: (بەتەوسەوە) وا بزانم دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە کیلی پاش نیوەڕۆ بێتەوە ئەو لەوێدا بێ.

جۆن: جگە لە پردەکە چ جێیەکی دی نییە؟

ئوریوردۆن: نا.. نەخێر نییە.

دیرموت: لە هیچ شتێ مەترسە، لە پردەکە دووری دەخەمەوە بەرەو جەنگەڵی دارە زانەکان دەیبەم، ئەمە بۆ ئێمە ئەمینترە.

جۆن: لێرە نابزوین تا ئەم کارە دەکەیت، ئەو لەسەر پردەکەوە هەموو جووڵەیێك بەدی دەکات.

دیرموت: بێ ئومێد مەبە، چیرۆکێکی بۆ دروست دەکەم، دووری دەخەمەوە وەك گا دەیدەمە بەر.

ئوریوردۆن: ئەمە چەندی پێ دەچێ؟ پاش نیو سەعاتی دی شەمەندەفەرەکە دەگات.

دیرموت: دە دەقیقە ماوەم بەنێ ڕێیەکەتان بۆ خاڵی دەکەم، سکانلۆن ئەو پیاوە نییە لە ئاستی بەهرەی قسە کردنی مندا خۆی بگرێ، تریجاتن خوات لەگەڵ ئومێد دەکەم بەسەلامەتی بگەیتە ئینگلتەرا.

جۆن: خوات لەگەڵ سوپاس (دیرموت دەڕوات) دە دەقیقە!

ئـوریـوردۆن: ئـۆە پـووش و پشتـی حـوشتـر، کـەی پـووش پشتـی حـوشتـر شەق دەکـات! دەقیقـەیێك وەك پووشێکە..

جۆن: هـەروەهـا ساردیشە.

ئوریوردۆن: هێشتا هـاوین نەهـاتووە، سەعات پێنج و نیوی بـەیانیش گەلـێ ساردە، لـە بـەخشندەیی خواوەندە خەومـان لێکەوێ و خـەونی هێمن ببینین.

جۆن: بەڵـێ سەعاتێکە هـەموو ئازایەتییێکی لە دڵ دەردەکات ئەرێ تۆ ئەمەت بەدی نـەکردووە؟ لە کاتی جەنگدا، وەبیرم دێتەوە هـەندم ئەزیـەت و نـاخۆشیم لەم سەعاتـەدا دەچـەشت، کە سەراپای ڕۆژ تـەنـانـەت نیوەی شەویش نـەم دەچـەشت.

ئوریوردۆن: بـەڵـێ هـەموو سەرە سەعاتـەو ڕۆحی خۆی هـەیە و دەیپـارێزێ ئـەمـەیانیش لـەو سەعاتـە خۆشانـە نییە بەکەیف خۆشییەوە (بۆ ئەوەی ورەی بـەرز کاتـەوە). وەبیرم دێتـەوە بـەر لـە ئێستا سەعاتێکی تـایبـەتیم لـە جۆرێکی دی بۆ خۆمم سازدا بوو هـەر سەرە سەعاتـە بـە ژمـارە ئـاساییەکانی خۆی نـاو نـەدەبرد، بـەڵکو نـاوی تـایبـەتیم لـێ نـابوو، بۆ نموونـە سەعاتی مێشەهـەنگ، یـا کـەنـاچـە یـا کونـەپـەپوو، وەبیرم دێتـەوە نـاوی سەرە سەعاتێکم نـابوو سەعاتی شەیتـان.

جۆن: بـاسی سەعاتـەکەتم بۆ بکە تـا کـات بگوزەرێنین.

ئوریوردۆن: چ شتـێ لـەمـە چاکتر نییە، بیرێکی گەلـێ جوان بوو، ئـەڵبـەتـە دەزانی ڕووی سەعـات لـە دوو بـازنـەی یـەك لـەنـاو یـەکی لـە مینـا دروستکراو پێك هـاتووە.

جۆن: بـەڵـێ ئـەمـە دەزانم.

ئوریوردۆن: بـازنـەکەی نـاوەوە لـە مینـای ڕەشە بۆ سەعـاتـەکانی شەو بوو بـازنـەکەی دیش لـە دەرەوەش لـە مینـای سپییە بۆ سەعـاتـەکانی ڕۆژ بوو.

جۆن: بـەڵام سەعـاتـەکانی ڕۆژ بـەپێی وەرز دەگۆڕێن.

ئوریوردۆن: توخوا جۆن، تـا ئـەم ڕادەیە پرۆتستـانتی مـەبـە، من وتم ئـەم سەعـاتـە وەختـە، لـەو سەعـاتـە وەختـە نـایـابـانـە نییە نـاچێتـە دڵەوە. ئـەمـە تـەنـها بیرێکە بۆ دروستکردنی سەعـاتێکی جوان.

جۆن: ئـا... تێگەیشتم.. بۆچی سەعـاتـە وەختـەکانی ڕۆژت لـە بـازنـەکەی دەرەوە دانـابوو.

ئوریوردۆن: جا بۆ نەء؟ ئەو کاتە گەنج بووم لە ڕووە خۆشەکەیەوە سەرنجی شتەکانم دەدا، بەهەر حاڵ لە بری ئەوەی بەژمارە سەرە سەعاتەکان دیاری بکەم، نەم دەویست زەمەن کارێکی ماتماتیکی قورس بێت. بەوێنەی کونەپەپوو، ناوی، ئەنێن، یا هەر وێنەیەکی دی لەگەڵ سەرە سەعاتەکە بگونجێ. لەسەر مینای سەعاتەکە نەخشاندبووم ئەرێ ئەمە شتێکی جوان نییە لەسەر ڕەفەی ئاگردان دابنرێ؟

جۆن: بەڵێ وا دیارە جوانە بەردەوام بە باسی سەعاتەکەتم بۆ بکە تا ئەم چەند دەقیقەیە دەگوزەرێت.

ئوریوردۆن: وردەکارییەکانم وەبیر نایێتەوە، نیوەڕۆ سەرە سەعاتی پڵنگ بوو چونکە بەهێزەو مرۆ بەرەو خەو دەبات تیشکی زەردو گەرمی هەیە، سێبەرە ڕەشە ساردەکانی دەسمی.

جۆن: براڤۆ، گرەو دەکەم، هەموو سەرە سەعاتەکانی دی لە مەزنی ئەم سەرە سەعاتە نەبوون.

ئوریوردۆن: نەخێر، سەرە سەعاتی حەوت یا هەشتی ئێوارێ سەعاتی کەناچە بوو چونکە کەناچە زیاتر لە ئێواراندا دەردەکەوێ، تۆیش وای نابینی.

جۆن: بەڵێ، لەمەش زیاتر ئەستێرەی گەشی لەسەریەوە ئەستێرەی گەشی لە ژێریەوە وا لە کەناچەکە دەکات بەقایغێکی سپی بچێت.

ئوریوردۆن: یا وەك پاشایێك لە دوو ئاسماندا.

جۆن: یا وەك کەناچە

ئوریوردۆن: (پێدەکەنێ) بەڵێ.

جۆن: ئەم سەرە سەعاتەی ئێستاش هی شەیتان بوو؟

ئوریوردۆن: بەڵێ سەعاتی شەیتان بوو، ئەرێ سەعات چەندە؟

جۆن: جارێ پێنج دەقیقە تێنەپەڕیوە.

ئوریوردۆن: شەیتان بەئاسپایی دەبزوێت، کوا باڵەکانی.

جۆن: ئۆە.. ئومێد دەکەم سەعاتی کەناچە، سبەی بێت، نا با ئەمڕۆ بێت، بەتیژڕەوی فڕینی کەناچەکانت دەگوزەرێ، دەمەوێ ببزوێم دنیا گەلێ ساردە، مایکل چ بوو ئەو گۆرانیەی کە باسی کەناچە لە ئێواراندا دەکات، جارێکیان چڕیت.

ئوریوردۆن: جاست لە بازاڕدا (گۆرانییەکی کۆنە شیعری باریان کولمە).

جۆن: بەڵێ بە ئاسپایی هەندێ بچڕە، گۆرانیەکی گەلێ جوانە.

ئوریوردۆن: جا لەم سەرە سەعاتەدا، دەنگ وەکو قیرەی بۆقی لێ دێ، شەیتان حەز لە گۆرانی ناکات.

جۆن: شەیتان، بەجەهەنەم! باڵندەکان دەجریوێنن ئەی تۆ بۆ گۆرانی ناچڕیت؟

ئوریوردۆن: چاکە، بۆ کات گوزەراندن (گۆرانی دەڵێ).

*خۆشەویستە چکوڵەکەم پێی وتم.. دایکم بۆ تۆ سەرپێچی ناکات*

*بابیشم سەرباری هەموو شتێك بەچاوی سووکەوە ناڕوانێتە تۆ کەلێم دوورکەوتەوە، بەدڵنیاییەوە وتی: خۆشەویستم زۆر ناخایەنێ و بەیەکدی شاد دەبین.*

جۆن: (وەك ئەوەی خۆی بدوێنێ) زۆر ناخایەنی خۆشەویستەکەم.

ئوریوردۆن: دنیا گەلێ ساردە، جۆن گوێگرە، هەمیشە لەوێدا چای حەرەسەکان لەسەر ئاگردایە، با یەکی پیاڵەیێك بخوێنەوە، بڕۆ بەئاسپایی بیهێنە.

جۆن: چاکە، با چا بخۆینەوە. (جۆن دەڕوات، مایکل باسکی خۆی دەبزوێنێ تا گەرمی بێتەوە، پاشان دەوەستێ فیم بەگۆرەوی و بێ پێڵاو دێتە ژووری).

فیم: مایکل دەڵێی سحەتت تەواو نییە؟

ئوریوردۆن: نەخێر من چاکم، تەنها ئەوە نەبێ کە نەمتوانیوە بنووم، بگەڕێرەوە ناو نوێنەکەت.

فیم: پیاڵە چایێکت بۆ بێنم؟

ئوریوردۆن: نەخێر، ئێستا دیرموت بۆمی ئامادە دەکات.

فیم: خودایە، ئەرێ ئەم پیاوە گەوج و تەوەزەل نییە، دەرەنگ لەخەو هەڵدەستێ، چاوی بەخەوەوەیەو چا دەخواتەوە، مرۆ وا هەست دەکات نوێنەکەی دیرموت ئافرەتەو نایەوێ جێی بهێڵێ، مایکل دڵنیایت چ خزمەتێکت نییە بۆتی ئەنجام دەم؟

ئوریودۆن: نا.. نا هیچ شتێ ڕەنگە بۆ گەردش لەگەڵ دیرموت بچمە دەرێ تۆ بگەڕێوە بۆ نێو پێخەفەکەت، خوات لەگەڵ (فیم دەڕوات) (بە نەرمییەوە) خودایە.

جۆن: (لە دەرگاکەی دییەوە) خەمت نەبێ ڕۆیشت.

ئوریوردۆن: بەڵێ ناگەڕێتەوە، من و دیرموت شەو و ڕۆژ گۆرانی دەڵێین بۆیە ئەمە بە کارێکی سەیر نازانێ.

جۆن: (پیاڵە چایەکی گەرمی دەداتێ) فەرموو بیخۆرەوە شتێکی نایابە.

ئوریوردۆن: دەخواتەوە، ئا... بەڵێ.

جۆن: دێتەوە بیرت کە دوێنێ بەیانی چ چایێکی نایابی بۆ لێنابووین؟

ئوریوردۆن: بەڵێ یەکە چایێ بوو لە دنیای نێوماندا خواردمانەوە وانییە؟ لە نوخبی سەرەتادا خواردمانەوە.

ئوریوردۆن: بەڵێ... ئەرێ سەعات چەندە؟

جۆن: حەوت دەقیقەو نیوی ماوە.

ئوریوردۆن: خودایە کەی تەواو دەبێ؟

جۆن: دیرموت دەتوانێ سکانلۆن دوورخاتەوە؟

ئوریوردۆن: دڵنیام و متمانەم پێیەتی، ژیان و لە ژیانیش بەبایەختری پێ دەسپێرم.

جۆن: چاکە، با گۆرانییەکە تەواو کەین، شایستەی ئەوەیە ئەم چەند دەقیقە خالییە درێژە پڕ کاتەوە، ئێستاش گەرووت گەرم بووەتەوە.

ئوریوردۆن: کۆپلەی دووەمی گۆرانییەکە باسی کەناچە دەکات کە لە نێو دەریاچەکەدایە ئاوهایە (گۆرانی دەڵێ)

*بەرەو بازاڕ هەنگاوی نا، لێم دوور کەوتەوە*

*بەوردییەوە سەرنجم دەدا شانەو شانی دەکرد.*

*پاشان بەرەو ماڵەکەیان گەڕایەوە، جگە لە تاقە ئەستێرەیێك*

*چیدی لە ئاسماندا نەماوە، وەك ڕەوتی شەوانەی کەناچە بەسەر دەریاچە هێدی هێدی دەڕۆیشت.* (لەپڕ) ئەوە چی بوو.

جۆن: گوێم لە هیچ نەبوو.

ئوریوردۆن: ئەم دەنگە بە دەنگی کونەپەپوو دەچێ گەلێ جار دیرموت بۆ ئاگاداری کردنەوە بەکاری دێنێ.. گوێ هەڵخە!

جۆن: هیچ نییە ڕەنگە دەنگی کوندەپەپووی ڕاستەقینە بێت.

ئوریوردۆن: بەڵێ ڕەنگە.

جۆن: (لەلای پەنجەرەکەوە) چ شتێ نابینم، (سەیری سەعاتەکەی دەکا) یەك دەقیقەی ماوە، چاکتر وایە فرسەتی دە دەقیقەکە بدەیتە دیرموت.

ئوریوردۆن: بەڵێ دەبێ وا بکەین.

جۆن: تا کاتی ڕۆیشتن دوا کۆپلەی گۆرانییەکە بڵێ.

ئوریوردۆن: (گۆرانی دەڵێ) *شەوی رابردوو. ئەوینە ون بووەکەم سەری هەڵدایەوە، کاتێ کە خۆشەویستەکەم هاتە لام... بەئەو پەڕی سوێ هاتە لام.. هەرکە هاتە ژووری ترپەی پێی نەدەهات.*

(لەپڕ دەوەستێ) ببووره وامزانی جارێکی دی دەنگەکە دەبیستم (گۆرانی دەڵێ) *دەستەکانی خستە سەرم پێی وتم زۆری پێ ناچێ خۆشەویستم –بەیەکدی شاد دەبینەوە– هیواکانم دێتە دی.* (لەپڕ هەڵدەسێ بەرەو دەرگا دەچێ، بەئاسپایی دەرگاکە دەکرێتەوە، کیلی و سکانلۆن دەردەکەون، کیلی دەست دەخاتە سەر شانی ئوریوردۆن، ئوریوردۆن هاوار دەکات)

کیلی: بەداخەوەم کە بەخەبەری، گەلێ بەئاسپایی هاتمە ژووری بۆ ئەوەی هەڵت نەسێنم.

ئوویوردۆن: لێرە چ دەکەی؟ بۆ گەڕایتەوە؟ تۆ گوتت پاش نیوەڕۆ دەگەڕێمەوە، چۆن من شێت بووم؟ توخودا کیلی لێرەدایە یا من تێکچووم؟

کیلی: بەڵێ مایکل کیلی لێرەدایە.

ئوریوردۆن: چت مەبەستە وا مۆتەکە ئاسا گەڕایتەوە، هێشتا ڕۆژ نەبووەتەوە؟ خوایە هیوام لە دەست دا جۆن بۆ قسان ناکەیت؟ تۆ لێرەدای یان نەء؟ نەء وەڵام نادەیتەوە خودایە با ئەمە خەون بێ، با مۆتەکە بێت! وە ئاگام بێنە.. خواوەند خەبەرم کەوە، تا بزانم جۆن لە پاڵ نوێنەکەمدا حەرەسە ئێستایش کاتی سەفەرەیەتی.

کیلی: مایکل تۆ بەخەبەری، بۆیە من بەداخەوەم، هەواڵی ناپەسەندم پێیە بۆ هاورێکەت.. وامزانی.. تۆ خەوتوویت و ئاگات لە هەواڵەکە نابێ.. وەك داوات لێ کردم منیش داواکەم پێشکەش کرد کە حوکمەکەی بوەستێنرێ بەڵام ڕەفز کرا.

(بەڕەسمی لەگەڵ جۆن قسان دەکات)

فەرمانی جێبەجێ کردنی ئیعدام بە ئیمزای دەسەڵاتی باڵا لەلامدایەو ئەنجام

هێنانیشی بە من سپێردراوە، کاتی دیاریکراویش بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی و سێی مانگی ئیپریلە (ماوەیێك بێ دەنگی)

جۆن: هەینی؟ بەڵام ئەمڕۆ هەینییە.

کیلی: هەینی ئەمڕۆو بەرەبەیانیش گەلێ نزیکە.

ئوریوردۆن: شۆن بێگومان تۆ شێتیت بۆ ئەزیەتمان دەدەی؟ لێرەدا بوویت و گوێم لێت بوو وتت ڕۆژی شەممە، ڕۆژی شەممە ڕۆژی شەمەش سبەینێیە.

کیلی: ئەمە دەزانم، بەڵام ئەمرەکە دەڵێ: ڕۆژی هەینی ئەمڕۆیش هەینییە... ئەمەیش جێی داخە، بەڵام پێویستە بە پێی ئەمرەکە کاری ئیعدام جێبەجێ بکرێ.

ئوریوردۆن: (بەبێ توانایی) بەڵام –من–

کیلی: (بە جۆن) لە دەرێدا قەشەیێکی کاسۆلیکی و یەکێکی دیش لە کڵێسەی پرۆتستانتییەکە دەتەوێ کامیان ببینی؟

جۆن: نەخێر

سکانلۆن: (بەنەرمییەوە) ڕەنگە پاش نەختێکی دی بتەوێ.

کیلی: وابێ لەم کاتەدا دوا نامەکانت بنووسە، ئێمە دەیگەیێنین، پێشنیار دەکەم بچیتە ژوورێکی دییەوە.. سکانلۆن لەگەڵ کاپتن تریجارتن–دایە داواکانی بۆ وەجێ بێنە.

سکانلۆن: وا دەکەم گەورەم.. دەفەرمووی لەگەڵما بێیت تکا دەکەم گەورەم (سکانلۆن و جۆن دەچنە دەرێ) (جۆن حەپەساوە)

ئوریوردۆن: (پاش ماوەیێك) شۆن

کیلی: بەڵێ، دەڵێی چی.

ئوریوردۆن: جگە لە ئێمە کەسێکی دی لەم ژوورەدایە؟

کیلی: کەسی لێ نییە.

ئوریوردۆن: هەر من و تۆین؟

کیلی: بەڵێ هەر من و تۆین.

ئوریوردۆن: شۆن نازانم بۆ ئەم کارە ناڕەوایەت بەسەر هێناین؟ خودا خۆی دەزانێ بۆ؟ دڵڕەقییەکی گەورەیە وا تۆ هەموو هیوایەکمان دەبڕی.

کیلی: مایکل لەم حاڵەتەدا چ هیوایەك نەبوو، ئەمەشم پێ وتوویت.

ئوریوردۆن: ئۆە.. بەڵکو هیوا هەبوو! هیوا هەبوو.. هێشتایش هیوا هەیە هەرگیز بێ هیوا نابم.

کیلی: مایکل لەمە زیاتر خۆت ئەزیەت مەدە گەلێکت ئەزیەت چەشتووە.

ئوریوردۆن: شۆن هەموومان بای ئەوەندەی قاڵ بووین ئەزیەتمان چەشتووە، ئیدی بۆ بەدووی زیاتردا بگەڕێین؟ تۆ لە تواناتدایە رزگارمان کەیت، وشەیێك لە تۆوە، جۆن لە مەرگ رزگار دەبێت. هەروەها منیش لە خەمێ رزگار دەبم لە خەمی نا بینایيم گەورەترە تۆیش لە پەشیمانی رزگارت دەبێ. پەشیمانی لەو کارانەی کە دەیکەیت. پەشیمانیێکی نەگریس، دەڵێی سەراپای تەمەنت هەستت بەپەشیمانی نەکردووە، بەڵام ئێستا هەستی پێ دەکەی، ئێستا هەست بە پەشیمانی دەکەیت، ئەگەرچی لەمەوبەر هەرگیز هەستت پێ نەکردووە!

کیلی: ڕەنگە لە پاشدا هەست بەپەشیمانی بکەم وا دەزانم ئەویش دەبێتە بەشێکی بە نرخی ئەم کارانەم.

ئوریوردۆن: نرخ؟ توخودا نرخی چ شتێ؟

کیلی: مایکل ئێستاییێکی ناتوانم وەڵامت بدەمەوە.

ئوریوردۆن: شۆن تۆ درك بەو هێزە ناکەیت کە لە پاڵ وشەیێکی تۆدایە، بڕیار وابوو جۆن مولی بخوازێ، ئەمە دەزانی؟

کیلی: بەمەزەنە بۆی چوو بووم.

ئوریوردۆن: مولی لەم کاتە لە نێو شەمەندەفەری بەیانیاندا پاش پانزە دەقیقەی دی بێرەدا تێدەپەڕێ شۆن لەم ساتەدا مولی چەندین باری هیواو خۆشەویستی پێیە، زیاتر لە توانای دڵە چکۆڵەکەی. لەگەڵیدا ڕێککەوتووم ئیشارەت بەجۆن بدات و ئەویش شەمەنەفەرەکە سێ جار شووتی بۆ لێ بدات، جۆنیش لە پێچەکەدا خۆی هەڵداتە نێویەوە. هەردووکیان کاروباری خۆیان ڕێکخستووە بەدەریادا سەفەر بکەن و بچنە ئینگلتەرە، شۆن ئەمە نەخشە بوو ئێستا شۆنیش بەڕێکەوت بیرت لەوە کردووەتەوە لە بری پاشی نیوەڕۆی ئەم بەیانییە بێیتەوە، ئەوە هاتیتەوە، نەوەیێك لە منالانەوە بۆ باپیران ئەمرۆ هەناسەیان لە خۆ بڕیوە تا بزانن بوون و ژیانیان بۆ دەبێ یا نەء؟ وشەیەکی تۆ زیندەگی بەم نەوەیە دەبەخشێ، وشەیێکت بەلایەکەی دیدا

دەبێتە مایەی ئەوەی هەرگیز لە دایك نەبێ ئا ئەمەیە ئەو هێزە کە لەنێو وشەی تۆدا خۆی حەشار داوە. وشەکەت بەوشەی خواوەند دەچێ، دەتوانێ ژیان ببەخشی (کیلی وەڵام ناداتەوە) شۆن... شۆن تۆ لە کوێدایت؟

کیلی: لێرەدام.

ئوریوردۆن: جگە لە جۆن خەڵکانێکی دیش چاوەڕێی وەڵامن مولی چاوەڕێیە باوکی جۆن چاوەڕێیە، منیش چاوەڕێی دەکەم. خۆشەویستی تۆ بۆ من وام لێدەکات کە گەلێك باوەڕم پێیەتی و بەلامەوە مەزنە لێت بپاڕێمەوە بەرەو ئەو لای دیی ڕوو وەرچەخێنەوە لێگەڕێ با جۆن بڕوات.

کیلی: مایکل ئەمە ڕەوا نییە تۆ هەموو لۆمەیێك بخەیتە ئەستۆی من لە جەنگدا وەك دەیزانی ئەمەش جەنگە کێ دەمرێ؟ ئەڵبەتە نایزانین، من و تۆیش وێکڕا ئەمەمان کردووە سێرەمان دەگرت و پەلەپیتکەمان دەترازان.

نەماندەزانی گوللەکانمان چ دڵێ دەسمێ، ئەمە کاری خواوەندە، بیزانێ.. ئێمە ئەمر وەردەگرین جێبەجێی دەکەین.. ئەڵبەتە وەزع و حاڵی ئەوانەی دەکوژرێن نا دیارە.. لەم حاڵەتەی ئێمەدا تەنها جیاوازیێك هەیە ئەویش ئێمە نێچیرەکە دەبینین ئەمە نابێتە پاکانە بۆ وەجێ نەهێنانی ئەرك. بەڵکو وامان لێ دەکات بەدڵڕەقییەوە ئەرکەکەمان وەجێ بێنین.

ئوریوردۆن: لێرەدا حاڵەتەکە جیاوازە، لە جەنگدا دەکوژی یا دەکوژرێیت، لەو کاتەدا خوێنەکە گەرمە، بەهیواین خواوەند بمانبەخشێ بەڵام ئێستا خوێنەکە ساردە کە بکوژین ئەوا بەبێ سۆز ئەم کارە دەکەین. ڕەحمەتی بەرینی خواوەند دەتوانێ ئەم کینەیەمان دامرکێنێ! شۆن گوێ گرە، من دەزانم تۆ تەبیعەتی ئاسنینت هەیە، ڕەنگە هەر ئەمەش وای لێ کردبی سەربازێکی ئازاو بەجەرگ بی، بەڵام ئەم عادەتە زیاتر خۆت کۆت دەکات و بەسەرخۆتا دەشکێتەوە. من وەبیرتی دێنمەوە دوێنی بوو تۆ وتت دە ساڵ دەبێ نەچوویت بۆ کڵێسا و لە تواناشدا نییە ئەم عادەتە بشکێنی و لاوییەتیت بەجەوانمەردی گوزەراندووە، نەریتت کردووە بەقەڵغان، چ جارێ دەسبەرداری ئەو قەڵغانە نەبووی وە سەر پێچی ئەمرێ بکەی کە باوەڕت وا بووبێ عەدلی تیادا نییە، دڵنیابە دەبێ ڕۆژێ نەریت بشکێنی و لەو خووەی خۆت دەرچی. دەنا عەقڵ لە دەست دەدەیت و دڵت دەبێتە بەرد پێم بڵێ و بەڕاستگۆیی وەڵامم بدەوە؟ چ شەونخوونیێك

ڕووت تێ دەکا؟ چ زیانێکت پێ دەگا گەر ڕێ بەجۆن بدەی بڕوات؟ گریمان تۆ پاش نیو سەعاتی دی گەڕابایتەوە، سەرت بادەدا، بزەیێکی ساکار دەیگرتی، ڕاپۆرتێکت بۆ سەرکردایەتی دەنووسی و دەتوت باڵندەکە لە قەفەس دەرپەڕی و فڕی، چ شتێ ڕێت لێ دەگرێ ئەوەی داوام لێ کردی پێمی ببەخشی و چ داوایەکی دیت لێ ناکەم. بەنێوی خواو بە نێوی خۆشەویستی داوا دەکەم ژیانی هاوڕێکەمم پێ ببەخشە.

کیلی: مایکل، گەر کارەکە بەم ئاسانییە با ئەوا دوودڵیم نەدەکرد، لە پێناوی تۆدا لە عادەتێ زیاترم دەشکاند، گەر پێی نازانی لە واقعدا من ئەمە دەکەم، بەڵام مایکل تۆ نەخۆشی وەك من نازانی ئێستا چ شتێ خێری تۆی تێدایە.

ئۆریوردۆن: من ئەوەم ناوێ خێری منی تێدا بێ! جگە لە خواوەند کێ ئەمە دەزانێ؟ نە من و نە تۆیش ناتوانین دوور تر لەم ساتە زەمەنییە بەدی بکەین، ئێمە هەردوو لەم ژوورەداین، جۆنیش لە نهۆمی سەرێ نامە دەنووسێ. مولیش لە نێو شەمەندەفەرەکەدایەو ترپەی دڵی بەدەنگی تایەی شەمەندەفەر دەپێوێ کە بەرەو باکووری دەبات من چ شتێ لەمە دوورتر نابینم، دەزانم ئەو چەن دەقیقانەی ماون دەتوانێ ڕیشا ژووری دڵ یا پێکهێنانی ژیانی چوار کەس دابین دەکات، تۆ وەك پزیشك لەسەر نەخۆش قسان دەکەیت، باسی ئەوەم بۆ دەکەی کە چ چاکە بۆ من! چاکترین شت بۆ من؟ بەدڵنیاییەوە دەڵێم داهاتووی ئەو سێ کەسەی دییە کە چاوەڕم وشەیەکی تۆن، بێگومان من داهاتووم تاریکە هەر بەتاریکیش دەمێنێتەوە، ئایا ڕۆشنایی لە چاوانی کەسانی دیدا دەکوژێتەوە؟

کیلی: مایکل تۆ تاقە کەسی لە نێوان ئەو چوارەدا کە من دەربەستی دێم، ئەم ئازارەی ئێستا پێوەی دەتلێیتەوە، خۆت بۆ خۆتت دروست کردووە. مایکل، ئەم ئازارەت لە چەشنی ئەو ئازارەدایە کە ڕۆمان نووسەکان باسی دەکەن وا تۆش ئەندامانی محاکمی تەفتیش هاتبوون، دەرگای بەندیخانەیان لە ڕووی زیندانییەکان دەکردەوە بەهێمنی و سەلامەتی بەڕاڕەوەکەدا دەڕۆیشتن و بەتەنیشتی یاساوڵەکان و بەرەو دەرگای دەرێی بەندیخانەکە بۆ سەربەستی هەنگاویان دەنا. لەوێداو لە پڕ تووشی سەرۆکی مەحکەمەی تەفتیش دەبوو. مایکل تۆیش هیوا ئازارت دەدات، بەڵام من دەرگاکانم بۆ نەخستوویتە سەر پشت ڕێیەکانیش بێ حەرەس نین، تەنانەت دەرگاکانی دەرێش بێ حەرەس نییە. لە سەرەتادا بۆم ڕوون کردیەوە کە پێویستە چ ببێت کەچی تۆ خۆ ئازاردانت پێ چاکترە.

ئوریوردۆن: بەڵام.. شۆن.. باسی هەندێ شت دەکەی بەتەواوی ناتوانم تێی بگەم، بەر لە یەك دوو دەقیقە وتت، لە پێناوی تۆدا ئامادەم زیاتر لە عادەتێ بشکێنم، لە هەمان کاتیشدا دەڵێی ئەمە ناکەم، لە بەرژەوەندی من قسان دەکەی، من هیچم لە باسەکەدا نییە جگە لەوەی هاوڕێی ئەوانم و هاوڕێی تۆیشم، گەر تۆ سووری لەسەر جێبەجێ کردنی فەرمانەکە ئەوا هەمووتان لە دەس دەدەم، جۆن و مولی تەنانەت شۆن تۆیش لە دەس دەدەم!

کیلی: ئەمە دەزانم

ئوریوردۆن: سەرەڕای ئەمەیش رزگارم ناکەیت، تۆ ناڵێی تەنها تۆی بیرت لێ دەکەمەوە.

کیلی: مایکل، وا هەست دەکەی من دڵڕەقم، لە ڕاستیدا تا ڕادەیەك وام، من وەك خەڵکانی دی نیم، ئازاری پەشیمانی و سۆز ناچێژم، بەڵام دەزانم چی و چ کەسم خۆش بووێ، من لەسەر خۆشەویستی خۆم بەردەوامم، بەتایبەتی من و تۆ هەمیشە دوو هاوڕێی دڵسۆز بووین لەو کاتەی کە تۆ بینایی لە دەس داوە و لە تاریکیدا دەژی چاوانی من ڕێیەکانت بۆ دەبینێ، چاوانم لە توانایاندایە خێری تۆ بەدی بکەن، مایکل پێویست دەکات باوەڕم پێ بکەیت، بتەوێ یان نە گەلێ خەڵکت خۆشویستووە. ئەم خۆشەویستییە دەستی بەسەر عەقڵ و دڵتا گرتووە چ جێی خۆشەویستی خۆتی تیا نەماوەتەوە.

هەمیشە ڕاهاتوویتە سەر ئەوەی ئەو کارانە بکەی کە خێری ئەوانی تیادایە نەك خێری خۆت، بەڵام ئێستاکێ من جڵەوی کارم بەدەستەوەیە گەر تەنها بۆ ئەمجارەش بێ کارێ دەکەم خێری تۆی تێدا بێ نەك هی ئەوان.

ئوریوردۆن: شۆن من تێناگەم.. تێناگەم.

کیلی: مایکل، خۆشەویستی گەلێ، ماسك، لە ڕوو دەگرێ، سەیرێکی دەوروبەرت بکە، خۆشەویستی هاوڕێکەت، سکی تەقلیدی گرتووەتەوە، ئەمە خۆی، ماسکی ئەوینە، خۆشەویستی تۆیش دەتوانێت ناوی ماسکی بەخشندەیی لێ نێین، ئەڵبەتە ئەو ڕۆژەیش کە تۆ بتوانی لە خۆشی و بەختەوەریدا ژیان بگوزەرێنی. حەقیقەتی ماسکی شەیتانی من بەدی بکەیت کە خۆشەویستی من تا ئێستا لە ڕووی گرتووە.

ئوریوردۆن: بەڵام چۆن دەشێ بەختەوەریم دەسکەوێ، تۆ نازانی چی دەکەیت، ڕەنگە وا بزانی هەموو کەسێکی دی هەمان هەستی تۆی هەیە، خۆشەویستی من چ دەمامکی

بـەخشنـدەی لـە ڕوو نـەگرتـووە. چت مـەبـەستـە؟ نـە بـەخشندەیی شەرەفمـەندانـە نـە بەئیشارەتی جورئـەتمـەندانـەش دەتوانیٚ ئەو دڵە شکاوەی لە دڵی من دەچیٚ بشارینەوە. تۆ وا قسان دەکەی وەك ئەوەی باوەڕت وابیٚ من دەبمە پیاوێکی بەختەوەر کە بتوانم مولی بخوازم، شۆن گەر ئەمە هەستی تۆیە، من بەخوا سوێندت بۆ دەخۆم تکا دەکەم باوەڕم پیٚ بکەی ئەوا هەڵە تێگەیویت، ئێستا بەختەوەری من پەیوەستە بە بەختەوەری جـۆن و مـولـی بـەخـتـەوەری هـەردووکـیـان.. تـاقـە بـەخـتـەوەری ئـەو دووانـەیـە کـە بەختەوەری من جوانتر دەکەن.

کیلی: مایکل دەزانی تۆ لە نێو ئەو تاریکییەی تیادا دەژی قسان دەکەی، بەڵام پێشەکیش لە دەرێدا کۆبوونەتەوە پاش ماوەیێکی کەمیش هەتاو هەڵدێت...

ئوریوردۆن: دەتوانی لە نێو تاریکیدا زیاتر و ڕوونتر ببینی لەوەی کە تیشك چاوانتی کوێر کردبیٚ، شۆن کات تێدەپەڕیٚ و منیش.. منیش نازانم چ بڵێم.. خواوەند یارمەتیم بدە ئیدی وشەکان ئەو مانایە دەبەخشن کە لەمەوبەر دەیانبەخشی.. پێم وتی تۆ ژیانم بەسەر خۆمدا دادەتەپێنیٚ، هەمیشە هەر ئەم زریانە بووە ئەم ساتە شنەبایێکی هێدی بوو، کەچی بەڕاشکاوی وەڵامم دەدەیتەوە کە نابیٚ.. شۆن چۆن دەتوانی ئەو ژانە بەدی کەیت وا ئازارم دەدات، چۆن بەرگەی بینینی ئەو ژانەم دەگریت و ئەو وشەیە نادرکێنی وا لە ناوی دەبات و دەیسرێتەوە؟

کیلی: تۆ تەنها بۆ ئەم ساتەی ئێمەی تێداین بیر دەکەیتەوە، بەڵام من بیر لە سەرانسەری تەمەنت دەکەمەوە، هاوبەشی خەمی نێوانتان ئێوەی چاکتر بەیەکەوە بەستووەتەوە، مـایکل قـایل بـە بـەوەی کـە ڕوودەدات، لێنـەگـەڕیٚ هـیوا خـۆی تێهـەڵقـورتێنـیٚ، هـیوا ناتوانیٚ هیچ جۆرە یارمەتیێکت بدات، بەڵکو ئازارت دەدات. گەر تاقە شتیٚ بەدروستی ڕووبـدات ئـەوەیـە: ئـەمـڕۆ کـاپتن تـریـجـارتـن دەبـیٚ بمریٚ، هـەر کـە قـەنـاعـەتت بـەم حەقیقەتە هێنا ئەوا ئێش و ئازارت دەوەستن. ڕۆژگاریش شتەکانی دی لە ئەستۆ دەگریٚ. من هەوڵ دەدەم ڕادەی ئازارەکانت کەم کەمەوە.. ئەویش بەوەی هەرچی هیوایەکت هەیە لێتی وەرگرم.

ئوریوودۆن: (گەلیٚ خەمبارە) بەڵام خۆشم دەویٚ.. خۆشم دەویٚ.

کیلی: ئەوا کەڵەشێر خوێندی ئێستا وەختیەتی گزنگی هەتاویش لق و پۆپی دارەکانی (تانی) ڕۆشن کردەوە.

ئوریودۆن: بەدرێژایی ئەم چەند ساڵە وامدەزانی تۆ هاوڕێمی! تۆ ئاسمان ئەم هاوڕێیە قایل نەبێ کەسێ لە مەرگ رزگاری بکات و منیش لە ئێش و خەمی سەراپای تەمەن؟ ئەرێ ئەمە نایسەپێنیتە سەرم تا ماوم ڕقم لێت بێ؟ بەخواوەند سوێند دەخۆم گەر دوو چاوم هەبا ئەوا بەزیندوویەتی دڵتم لە سینگت دەردەهێنا! ئای کە ترسنۆکی... بۆم دەرکەوت ئەم لووتبەرزی و خۆ گیڤ کردنەوەیەت بەرانبەر دەرۆزەکەرێکی نابینایە.. دەرۆزەکەرێکی نابینا هاوار دەکات داوای ڕەحمەت و چاکە دەکات، بەڵام بەدەستی خاڵی ناگەڕێتەوە ماڵەکەی.

کیلی: (بەئەوپەڕی هێمنییەوە دەمانچەکەی دەردێنی دەیخاتە نێو دەستی ئوریوردۆن پاشان بەهێمنییەوە پێی دەڵێ) سەرم لە ئاستی لوولەی دەمانچەکەدایە، کە من مردم ئەوا تۆ دەبیتە ئەفسەری یەکەم.

ئوریوردۆن: (بەترسەوە بەڵام تەماح نایگرێ) ناتوانم.. ناتوانم..

کیلی: تۆ ئەقڵت تەواو نییە، ئەوا سەرم دەستی پیا بێنە و تا بیپێکی (بەئاسپایی دەمانچەکەی لێ وەردەگرێ) ها مایکل دەبینی ڕوانینت بۆ زیندەگی و مەرگ ئەو کارە ئاسان نییە، بۆیە لێگەرێ با من لە بری تۆ قورسی ئەم جۆرە فەرمانانە لە ئەستۆ گرم.

(جۆن و سکانلۆن دێنە ژوورێ)

ئوریوردۆن: ئایا...

جۆن: (دوو نامەی دەداتێ) ئەمانەن بیانگەیێنە.

ئوریوردۆن: چاکە

کیلی: چ شتێکی دیت نییە بتەوێ بیڵێیت؟

جۆن: بەتۆی بڵێم، نەخێر (لە دیمەنی داهاتوودا ئوریوردۆن نامەکانی گرتووەتە دەس لەسەر دڵی دایناوە)

سکانلۆن: تۆ ئێستا دڵنیایت کە حەز ناکەیت چاوت بە قەشە بکەوێت؟

جۆن: بۆ من دڵگیر مەبە.. من خەمی تۆم نییە.

سکانلۆن: نەخێر گەورەم (بە شەرمەوە)

کیلی: (پارچە کاغەزێکی چوار گۆشەی سپی دەداتە دەستی سکانلۆن بەدەنگێکی نزمەوە

پێی دەڵێ).. ئەمە لەسەر دڵی دانێ.

(سکانلۆن دەشڵەژێ خەریکی چەسپاندیی پارچە سپییەکەیە، بەڵام هەندێ لە خوار دڵی جۆن دایدەنێ)

جۆن: (بەئەوپەڕی هێمنییەوە) دڵم زۆر لە ژوورترە.

سکانلۆن: (لە شوێنی پێویست دایدەنێ) ببوورە گەورەم.. گەورەم داوای لێبووردنت لێ دەکەم..

ئوریوردۆن: ئۆه.. جۆن هەوڵم دا، هەوڵم دا

جۆن: چاکە.. ئەمە دەزانم

کیلی: ئەرێ بڕۆین؟ چاوەڕێمان دەکەن.. لە تەنیشتی داری –زان– چاوەڕێمان دەکەن.

جۆن: مایکل خوات لەگەڵ سوپاسی ئەم بەختەوەرییە مەزنەت دەکەم.

ئوریوردۆن: (داشکاوە) جۆن.. جۆن.

(سکانلۆن و جۆن دەچنە دەرێ بۆ چەن ساتێ کیلی دەمێنێتەوە سەیری ئۆریۆردۆن دەکات پاشان دەڕوات).

ئوریوردۆن: (پاش چەند ساتێ) شۆن! شۆن! (لە دوورەوە، سێ جار شووتی شەمەندەفەرەکە دەبیسترێ).

ئوریوردۆن: ئاه... خودایە، ئەی دڵسۆزم، ئێستا لە ڕۆشناییدا چ ڕوو دەدات.

(لە دەرێدا فەرمانی تیرباران کردن دەبیسترێ، دەسرێژێ... ئوریوردۆن بەئاستەم خۆی بەپێوە دەگرێ.. نامەکانیش هەر لەسەر دڵیدایە..

هەر لە دوورەوە سێ شووتی درێژی تر دەبیسترێ بە قیژەی ئافرەت دەچێ، لە کاتی سێهەم شووتدا کە دوا شووتە بەئاسپایی پەردە دادەرێتەوە.

# پردی ئارتا

نووسینی: جۆرج ثیوتوکا

وەرگێڕانی شیعرەکانی: شێرکۆ بێکەس

**دیمەنی یەکەم**

لە ماڵی سەرۆکی وەستایاندا، دەمەو ئێوارەیەك خێزانەکەی لانکی مناڵەکەی ڕائەژەنێ بەدەنگی نزمەوە گۆرانی ئەڵێ:

کابان: بنوو ڕۆڵە.. کۆرپەم بنوو

کزەی دڵم.. سۆزی دەروون

ئەی چۆلەکەی دنیا نەدیو..

من ناردوومە لە شارەوە

لە ( ڤینیسیای) نازدارەوە..

بۆت بێت .. ئاڵتون..

بۆت بێت.. جل و پاوانەی زیو..

بنوو ڕۆڵە.. کۆرپەم بنوو

ئێستا لە شار.. سەر لانکەکەت

نەك وەستایەك تا چل و دوو

هەموو.. هەموو

خەریکن.. ئەیڕازێننەوە..

ورد، ورد و جوان

هەڵۆ.. نەخشی ناوەڕاستی

تاوس.. هی هەردوو تەنیشتی

بەرخم.. بنوو

بنوو ڕۆڵەی باوك پاشا و

باپیر سوڵتان

"دەست بەلا یەلا یە دەکاتەوە"

تۆش ئەی خەوی مناڵ فڕێن...

وەرە و.. ئەم کۆرپەیەش بەرە

بەساوایی ئەتدەمە دەس

*بمدەرەوە، پیاو و گەورە..*

*گەورە وەکو کێو و چیا..*

*کەڵەگەت وەك، ئەو دار سەرووەی*

*پەل بهاوێ بۆ ڕۆژهەڵات ...*

*بۆ ڕۆژئاوا*

"پیرێژن دێتە ژوورەوە؛ کابان هەست بەئامادەبوونی دەکات"

کابان: دایە.. لە نوێژی ئێوارە بوویتەوە؟.

پیرێژن: بەڵێ لێ بوومەوە و گەڕامەوە..

کابان: چوار مۆمت بۆ مەریەمی "پاکیزە" داگیرساند؟.

پیرێژن: بەڵی چوار دانە.. وەکو داوات کردبوو.

کابان: بۆ بەختەوەری هەموومان نوێژت کرد؟!

پیرێژن: ئەوەی پێویست بوو بەجێم هێنا..

کابان: کاتم بەدەستەوە نییە، بەڵام کە نوێژ دەکەی هەر وەکو ئەوەیە لە باتی منیشی بکەی....

پیرێژن: چاکە .. ڕەنگە مەریەمی پاکیزە بەم شێوەیە سەیری ئەم کارە بکات، چاکمان دەناسێ ئێمە ئەم چەند ساڵە مۆمی بۆ دادەگیرسێنین و گوناهەکانمانی بۆ باس دەکەین.

کابان: هەندێ لەمەو بەر، کاتێ مناڵەکەم ڕادەژەنی گوێم لە دەنگی زەنگەکان بوو...

پیرێژن: منیش بیستم..

کابان: تەرمی کەسێکیان دەناشت؟

پیرێژن: مردووم نەبینی.

کابان: ڕەنگە ئاگر لە شار بەربووبێ؟!

پیرێژن: ئەم جۆرە باسەشم نەبیست.

کابان: ئیتر بۆ زەنگەکان لێ دەدرا؟!

پیرێژن: کێ دەزانێ بۆ...

کابان: منداڵەکەم نووستووە.

پیرێژن: ئەیبینم..

کابان: سەیریکە چەند ناسك و لەبارە..

پیرێژن: بەتۆ ئەچێ.. کە لە تەمەنی ئەو دابووی تا ئێستا ناسکی و دڵتەڕیشت لێ جیا نەبووتەوە.

کابان: وەك مەلائیکەیێکی بچووکی نیگا پیرۆزەکانە.. پێی سپێراوە بەدەوری مەریەم بێ و پێویستییەکانی بەجێ بێنی... بەڵام ئەم زیرەکە لە بیری چووە، لەبەرپێیەکانی مەریەم خەوی لێکەوتووە..چەنێ جوانە؟ ئەرێ وانییە؟

پیرێژن: گەورەی ئاسمان بیپارێزێ..

کابان: مەریەمی گەورەمان دڵنەرمە و لەم وردە هەڵانەمان تووڕە نابێ لەسەر کورسییە بەرزەکەیەوە سەیری دەکات بۆی پێدەکەنێ دایە.. ئەوە بۆ ئاوا سەیرم دەکەی؟!

پیرێژن: ئەی چۆن سەیرت بکەم؟!

کابان: تەمێکی بۆر ئاڵاوەتە سەرنجەکانتەوە، ئاڵۆزییەکیشی گرتۆتە خۆیەوە... هەر وەکو بڵێی بینینی من سەرتاپات پڕ دەکات لە ترس.. وەك ئەوەی دووچاری نەخۆشییەکی کوشندە بووبێتم.

پیرێژن: تۆ کچی منیت. لە خوێنی منی هەر کە هەست بکەم تارمایی و سێبەرێك دەستت بەسەرا دەگرێ، برووسکەی ژان لە ناخمەوە بەرەو ئێسقانەکانم هەڵدەکشێ، هەروەکو ئەوەی سێبەرەکە لە منەوە ئاڵا بێ..

کابان: هیچ سێبەرێکی زیان بەخش لە من نزیك نابێتەوە. من وەك زەوی پیرۆزم. بەپیت و بە بەرم.. دڵخۆشیم لە ژێر هەتاودا سەر دەکات.. ″شو″وەکەشم دارێکی گەورەیە... هەست دەکەم هەموو سەعاتێکی لە ڕۆژ و شەودا ڕەگی ئەو دارە لە ناخمدا جێگیر دەبێ و بەتوندی دامەکێشیتە ئامێزییەوە..

پیرێژن: سەرنجەکانی ″شو″وەکەت توند و ڕەقە، ڕوخساری مەییوە وەکو بەردی لێ هاتووە. هەر وەکو ئەو بەردانەی کە کاریان لەگەڵ دەکات. هەرچی گیان و ژیانی تیادایە مەییوە.

کابان: ″شو″وەکەم بۆ ئەوە لە دایك بووە زۆرانبازی لەگەڵ بەردەکاندا بکات ئەو بەردانەی

لـەو زەویـیـە دێریـنـەوە زاون.. دەسەڵاتـی خـۆی دەسەپـێنێتـە سەریـان و کـاری خـۆی وەئـەنجام دەهـێنـێ.. لـە ڕێی بـەردەکـانـەوە ستـایشی خـوا دەکـات و فـەرمـانـەکـانـی بـەمـەردوم دەگـەیـەنێ.. کـەچی ئیشەکـەی قورسە و ئـەزیـەتی ڕۆحی دەدات..

ماندوویەتییەکەی تەنها لە شەواندا لە کۆڵی دەبێتەوە، ئەویش کە بەتەنیشتمەوە دەنوێ، ئەوسا دەگەڕێتەوە سەرخۆ و خووە ڕەسەنەکەی خۆی بەڕوخسارێکی بێ گەردەوە وەك ڕوخساری مناڵێکی بچووك و ناسك و دڵنەرم..

پیرێژن: تۆ خۆشت دەوێ.. جگە لە خۆشەویستیت، شتێکی دی تیادا بەدی ناکەی، ئەرك و مافیشت ئەوەیە "تەژی" بی لە دڵنەوایی و ئەم پیاوەی تۆی خواستووە و باوەڕت پێی بێ. بەڵام خۆشەویستی بەرچاوتی گرتووە و لێ ناگەڕێ ئەو گۆڕانە بەدی بکەیت کە داچـۆڕاوەتـە نـێو ڕۆحـیـیـەوە.. هـەمـیشە لـەبـەر چـاوتـا ئـەو گـەنجە قـۆزەیـە کـە ڕۆژێ چووبووە باخچەکەی باوکتەوە و دەستتی گرت و پاشان مارەتی کرد.

کابان: دایکە بەلای منەوە هیچ ناگەیەنێت گەر بگۆڕێت.. چونکە تا ئێستا لەبەر چاوی مندا هەمان ئەو کەسەیە کە لە سەرەتاوە ناسیومە.. قورس..بەڕێز.. پڕە لە بیرکردنەوە و خەون.. ڕاستە.. بەهێزە وەکو ئەو ستوونانەی کە دایدەچەسپێنێ.. کە شەویش دادێ، دەبـێتـە مـنـاڵـێکـی دڵـنـاسك و لـە ژێر تـیشکی چراکـەوە سەرنجێکـی غـەمـبـارانـەم تـێ دەگرێ..ئەگەر گۆڕاشبێ دەسەڵاتم نییە؟! تازە ئەو "خانمە" هەڵبژاردەی ئەو نیم، تا هەموو دڵسۆزییەکی بۆ تەرخان کات و مسۆگەری حەسانەوەی بکات، ببێتە مایەی بیرسافی و هۆشمەندی؟!

پیرێژن: کچم لە بارەی خۆتەوە دەدوێی، بەڵام بەختیاری ئەم ماڵە لەوەدایە تەنها تۆ نیت خەمخواری بێت، لە بیرت چووە گیانلەبەرێکی دی لەم ژیانەدا پشتی بە تۆ بەستووە؟!

کابان: بۆ کوڕەکەم ناشێ لە هیچ سڵ بکاتەوە، کوڕی وەستایەکی بەناوبانگە. پشتاو پشت ئەم کارە و نهێنی بەردەکانی بۆ ماوەتەوە.. ئەوان کە لە ترۆپکی چیاکاندا بەڕێزە ئەستوونی سپییان دەچەسپاند کە وەك باڵندە بە دەم باوە دەلەرانەوە...

خـەڵـکـی بـە چـاوی ڕێزو گـەورەیـیـەوە سەیـری کـوڕەکـەم دەکـەن ئـەو ڕۆژەیش دێ ئەستوونەکانی لە تەنیشت شاکارەکانی باوکیا بچەسپێنێ.. هەر وەکو ئەوەی ژیانی شووەکەم پاش پەژموردەی بگەشێتەوە.. وەکو ئەوەی کۆششی کۆنی قورسی بێ پایان لەسەرەوە دەست پێ بکا.

پیرێژن: بەگەشبینییەوە، گەر بڕوانیتە داهاتوو کارێکە بەخۆتەوە بەندە.. بەڵام من، کاری خۆمە گەر لەگەڵ ڕابردوودا بتلێمەوە و لەگەڵ یادەکانما بژیم کە هەرگیز لە مێشکمدا ناسڕێنەوە.. لەگەڵ چەندەها قۆناغ و پیاوی جۆراو جۆردا ژیام..لە پێشدا باوکم گەورە و دەسەڵاتدار بوو. پاشان براکانم میراتگری فەرمانی ئەو بوون، دوایش ئەو پیاوە بووە هەموو شتێ کە منی خواست و تۆم هێنایە دونیاوە... ئەمانە هەموو مردن.. باوەڕت هەبێ چاك هەموویانم ئەناسی کاتێ کە سەرنجەکانیان دەمەیی و سارد دەبووەوە.. هەستم دەکرد ڕۆحیان لە دوور لە دەرەوەی ئەم جیهانەدا بیر چۆتەوە.. منالّی و شیرینی تیا تێکەڵ بەیەك بوون، کاتێکیش کە ئازار و خەم تێیانەوە دەئاڵا وەکو ئەوەی بەرەو لە خاچدانیان بنێرن. لە گێژەنی خەونی ئاڵۆز و ئەفسانە و شەیتان و بوخوردا دەسووڕێنەوە.. کاتێ کە بێ ئومێد دەبوون لەوەی بگەنە مەبەست سەریان لێ دەشێوا. هەر کە هەستیان دەکرد بەم شێوەیە گەمارۆ دراون.

دەگەڕانەوە بۆ لای ئێمە.. ئێمەی گیانلەبەری ئەم زەوییە، ئێمەی ڕۆح سووك و جەستە نەخۆش و دڵ بریندار.

لەو کاتەدا وریا بە.. وریا بە.. وریا بە.. دڵڕەق ئەبن ...

"پیرێژن قسە دەکات. گوێیان لە دەنگی زەنگ دەبێ کە تێکەڵ بە غەڵبە غەڵبە.."

دەنگەکان: نەفرەت لە پرد بێ .. نەفرەت لە شار بێ..(لە شەڕ وریا بن ) وریا بن لە شوومی نابەجێی..

(چەند هاوسێیەك و منالّەکانیان دێنە ژووری)

هاوسێ–١: هاوسێ.. ئەم نەگبەتیە نوێیە چییە؟!

هاوسێ–٢: ئەمە جاری سێیەمە.. ئەی مەسیح و مەریەمی پاکیزە.. ئەمە جاری سێیەمە..

کابان: چی ڕووی داوە؟! ئەم ئاشووبە چییە؟!

هاوسێی–١: ئەم هەواڵەت نە زانیوە : ئەبوایە تۆ یەکەم کەس بوویتایە ئەمەت زانیبا..

کابان: هیچ نازانم.. هەواڵی چ نەگبەتییەکم پێ دەگەینن؟!

هاوسێی–١: نەتبیست زەنگەکان چۆن شێتانە لێدەدرا..؟!

کابان: گوێم لێ بوو لە دایکیشم پرسی مانای ئەم زەنگانە چییە وابێ دەنگی شەو شەقار دەکەن وەڵامی دامەوە و کە نازانێ چی ڕووی داوە..

پیرێژن: چی لەوە زیاتر بزانم کە ئەم ئافرەتانە ئەیزانن؟!

کابان: دایکە.. شتێك ڕوویداوە لێمی دەشاریتەوە.. ئێوە ئافرەتانی چاك قسە بکەن پێم بڵێن چی بووە واتان کرد ترس دەسەڵاتم بەسەرا بگرێ.

هاوسێی-١: پردەکە .. ئەوەی شووەکەت سەرۆکی وەستایانە و بنیاتی نابوو .. پردی ئارتا.. دوێنێ شەو بۆ جارێکی دیش هەرەسی هێنا..!!

کابان: هەرەسی هێنا..؟! ڕما؟ جارێکی تریش.. ؟

هاوسێی-٢: بۆ جاری سێیەم.. خودایە چ ڕۆژەڕەشێکی گەورەیە!

هاوسێی-١: تازە زانیم... کرێکاران گەڕانەوە بۆ شار.. کەس نازانێ چی پێویستە بکرێ..

کابان: دایکە.. جارێکی تریش.. ئەمە چۆن دەبێ؟!

هاوسێی-٢: لە شووەکەت بپرسە.. گەر کەسێ هەبی بزانێ .. ئەو کەسە شووەکەتە.

(سەرۆکی وەستایان دێتە ژوورێ).

هاوسێی-١: ئێمە ئەڕۆین دەسەڵات و هێز و چارە هەر بەدەستی خواوەندە..

هاوسێی-٢: ئەی مەسیح و مەریەمی پاکیزە.. ئا ئەمە سەرەتای ڕۆژەڕەشێکی گەورەیە..

(مناڵەکانیان کۆ دەکەنەوە و دەڕۆن).

سەرۆکی وەستایان: دیارە ڕێگا زۆر دوور و درێژە و نابڕێتەوە. کاتێ کە پیاو پاش ماندوویەتی کاری ڕۆژێك بگەڕێتەوە بۆ لای خێزان و مناڵەکەی لە نێو بای سارد و بەردی ڕەق و یاخیبوودا، تەواو شەکەت دەبێ ...

کابان: سەبارەت بەئیشە بێ بەرهەمەکەت هەست دەکەم جەستەت گرژ بووەتەوە. دانیشە پشوو بدە..

مافی خۆتە بۆ ساتێ کێشەکانت سووك کەیتەوە..

سەرۆکی وەستایان: (زۆر بەهێمنی)ماندوویی جەستە بە زوویی دەرئەچێ و ئەحەسێتەوە.

(بەحەسرەتەوە).. سوپاس بۆ یەزدان ئەم ئامێرە جارێ پتەوە و ترسی لە نێو چوونی نییە..

کابان: ڕۆحت شێواوە، تالاویش قورسی کردووە.. کەسێ بە سووکیەوە سەیری کردوویت؟!

سەرۆکی وەستایان: (بەناڕەحەتیەوە) کەسێکی دیاری کراو نییە:

کابان: لە سەرنجەکانتا ئێشێکی گەورە بەدی دەکەم.. ڕۆحی منیشت پڕ ئێش کردووە..

پیرێژن: بۆ پیرێژنێکی وەك من نەهاتووە لە نێوان ژن و مێردێکی گەنجا بووەستێ کاتێ کە باسیان ڕۆح و جەستە بێ.. چاك وایە بکشێمەوە.. کارەسات هەرچییەك بێ توانای ئەوەم نییە یارمەتی یەکتان بدەم.

کابان: دایە تۆ برۆ.. خۆت بەئازاری ڕەوتەنییەوە مەلەرزێنە حاڵمان لەسەر ئەستوونی بەهێز وەستاوە... ئەو بنیاتەش لە پاڵیاین لەسەر دوو ناوشانی ئەستووردایە.

سەرۆکی وەستایان: (ئەڕوا بۆ لای پیرێژن) دایە تۆ برۆ بە ئاسوودەییەوە بنوو.. من هەمیشە خاوەنی کرداری خۆم بووم بۆ ئەنجام هێنانی ئەو شتەی باوەڕم پێی هەیە، ئەوەی لە دەستم بێ و بەڕاستی بزانم دەیکەم..

پیرێژن: پاشانیش خوا خۆی ئاگادار بێ.

(پیرێژن ئەڕوات، شەو بەرەو ناخی خۆی ئەڕوات. کابانیش چرا دائەگیرسێنێ)

سەرۆکی وەستایان: (لە شوێنی خۆی) لێم ئەترسێ.. لە دەنگییەوە هەست بەوە دەکەم کە گینگڵ ئەدات و هەست ئەکات ڕووبەڕووی نابووتی و شەو ئەبم کێ ئەزانێ چی بەسەر هاتووە؟ پیرێژنی بەستەزمان منیش وام لێ هاتووە. جیاوازی لە نێوان خێر و شەڕا بەدیی ناکەم..

کابان: پیرێژنان وەکو منداڵ وان بە زوویی ئاڵۆز و گرژ ئەبن.. نابێ ئەوەندە گوێیان بدەینێ.. ئازیزم خەمەکانت لە بیر کە.

هەرچییەك ڕوویدات ئەوە نییە من و کوڕەکەت بە تەنیشتەوەین .

سەرۆکی وەستایان: ئافرەت.. بەردەکان مل کەچ ناکەن.

کابان: جا ئەمە چ پەیوەندییەکی بەپەیوەندیی گەشاوەی نێو ماڵی ئێمەوە هەیە؟

سەرۆکی وەستایان: (دائەنیشێ) بەرردەکان قورسن.. بەئەزیەتەوە هەڵ ئەگیرێن، بەڵام لە نێوان پەنجەکانمەوە وەك لم دائەچۆڕێن.. پردی ئارتاش یاخییە و نایەوێ لەسەر پێ بوەستێ.. نایەوی ئەستوونەکانیی داڕێژرێ و لەسەر زەوییەکی پتەودا بچەقێ.. بەردەکان بۆ من ژیانمە.. ئێستاش نازانم چی بکەم و چی بڵێم..

کابان: ئەی ئێمە بۆ شتێك نین؟! ئێمە خانەوادەی بەوەفا و دڵسۆزی تۆ نین؟!

سەرۆکی وەستایان: ئافرەت..جێ بۆ ئەم جۆرە پرسیارانە نییە.

کابان: قسەکانت وەکو قسەی پیاو چاکان و پێغەمبەرانە، پڕە لە وشەی سەرسووڕهێنەر و ئیشارەتی نادیار و تێکەڵ، منی ساکار و خۆش باوەڕ مەبەستم نییە، من دەربەستی هیچ نیم جگە لە مێرد و ماڵ و منالم نەبێ.

سەرۆکی وەستایان: ئەم هەموو شتانەت هەیە و خۆتی پێوە خەریك کەی، خۆت هەڵمەقورتێنە کاری پیاوانەوە، بۆ لە هەندێ کار ئەپرسی. گەر بیزانیت ترس سواری کۆڵت ئەبێ..

کابان: لە تەنیشتی تودا بم ترسم نییە.. لە چی بترسم کە مەریەمی پاکیزەش لەو بڵندییەوە ئاگای لێم بێت.

بۆ زەنگەکانم نەبیست؟! ئەم هەواڵەش ئەزانم کە بڵاو بۆتەوە؟! بەڵام دڵگیر نەبووم و نەشێواوم چونکە ڕادەی هێزی مێردی خۆم ئەزانم و بینیومە ساڵەها کۆششی کردووە و سەرکەوتنی وەدەست هێناوە..

سەرۆکی وەستایان: هەموو کاری مانگی ڕابردووم بەفیڕۆ چوو، هەر وەکو ئەو دووجارەی پێشوو کە پردەکە ڕووخا کەسێ نەیتوانی بزانێ سەرچاوەی ئەم شوومییە لە کوێوەیە. ئەمڕۆم لە نێوانی بەردە ڕووخاوەکاندا بەسەر برد بەردەکانم هەڵ ئەگرت و هەڵم ئەدا. ئەو عەیبە نادیارەی بۆتە مایەی تەپین بدۆزمەوە.. تێ ناگەم چییە؟! ئافرەت تێ ناگەم..

کابان: من شیاوی ئەوە نیم کاری تۆ هەڵسەنگێنم.. ڕای دەربارەوە دەربڕم. بەڵام ئەم مێشکە لاوازەم وا بەدی ئەکات کە ئەو زەوییەی لەسەر بنیات دەنێی پێویستی بەپتەوی و ڕەقی هەیە..

سەرۆکی وەستایان: خاك و خۆڵی یۆنان چاك ئەناسم بست بست شارەزایم، تا ئەمڕۆ هیچ بنیاتێکم لەسەر زەوی نەرم و خاودا دانەناوە ئەم زەوییەی پردی ئارتام لەسەر بنیات ناوە پتەوترین زەوییە و بەپاچەکەم شەقارم کردووە.

کابان: ڕەنگە چاك کەرەسەکانت هەڵنەبژاردبێ.

سەرۆکی وەستایان: کەرەسەکانم ئەناسم، هەروەك تۆ چۆن هەموو نهێنییەك لە نهێنییەکانی ئەم ماڵە دەزانیت منیش کەرەسەکان بەدەستم.. بەچاوم تاقییان دەکەمەوە چاکتر لەوەی کە تۆ لەسەر ئاگردا خواردنێ ئامادە دەکەی و هەوڵ ئەدەیت بەباشی لێی نێیت تا ئێستا کەسێ نەیتوانیوە فێڵێکم بەسەرا تێپەڕێنێت.

کابان: سەر لەم باسانە دەرناکەم، تەنها قسە بوو کردم، بەڵام ئەگەر کار بەم شێوەیە بێ وا باسی ئەکەیت هیچ شتێك نییە ڕێی پێ بەرم، جگە لەوەی باوەڕ بەوە بێنم، کە دوژمنێ چنگ لەسەر شان بەدواتەوەیە و ڕاوت ئەنێ.. حاکمێکت دڵگیر کردووە.. یا بوویت بەمایەی دەست بەتاڵی ناسیاوێك و دووچاری بێ کاریت کردووە و ناوبانگی تۆیشی تووشی شەونخوونی هێناوە و تووڕە و گرژ ئەبێ کە ببینێ پردی ئارتا لە تەواوبووندایە وەك بەیداغی بڵند ئەشنێتەوە وستایش ئەکرێ .. ئیتر لە تاریکیدا بەدزیەوە، زەلام بەئامێری نادیارەوە ئەنێرێ کارەکەت بڕووخێنن.. دڵت ئەزیەت ئەخوات ئەویش بەم بەدکاریەی بەختەوەر ئەبێ.

سەرۆکی وەستایان: بەشەوان یاساوڵی چەکدار ئێشکگری پردەکە دەکەن متمانەم پێیانە و دڵسۆزن.. کەسێکیش بۆی نەهاتووە لە دەرەوە..

کابان: دە بڵێ.. گەر ئەمە نەبێ هیچ مەزەنەیەکت هەیە؟! من درك بەو بیرکردنەوانەت ئەکەم، وا لە مێشکما گینگڵ ئەدات ئەگەر نەیشی درکێنیت...

سەرۆکی وەستایان: کاتێ گەورە پیاوانی هۆز ئەم ئەرکەیان پێ سپاردم پەیمانیان پێ دام ئەوەی داوای کەم بۆمی جێبەجێ بکەن لێمگەڕان بەپێی ئارەزووی ڕۆحم و بۆچوونی ئەقڵم و پرۆژەکە بەجێ بێنم پیاوێکی بەختەوەر بووم لە هەموو کەسیش چاتر ئەمە ئەزانیت..

کابان: بەڵێ چاك ئەمە ئەزانم.

سەرۆکی وەستایان: پاش چەندساڵێك سۆراخ و گەڕان لە تەنیشتی تۆدا حەسانەوەی دڵ و جەستەم وەدەست هێنا.. هەروەها لە نێوانی کەرەسە و بەردەکانا تامی ئیشی بە بەرم وەدەست هێنا گەورەی کاری خۆم بوو، دنگەی قورس و بەرزم ڕائەگرت و لەسەر زەوی دام ئەڕشت، بەبەردەکان هەموو حەز و ئارەزووەکانم بەجێ ئەهێنا.. بەڵام ئەو سەعاتەی پەیوەندیم بەو کارەوە بەست هەرگیز بەخەیاڵما نەئەهات کە ئەمە لە کارەکانی دی قورس ترەو ئەزیەتی زیاتری دەوێت. ئەگەر چی جەستەم هەستی بەقورسێتی ئەم کارەم کردووە، ڕەنگە ئەمە پاش ئەم کارانە هاتبێ و قورستر بووبێ لە تاقیکردنەوە و شارەزایی ناوبانگ و بەرپرسیاریم ئیتر بۆ یەکەم جار ترسێ چووە نێو کار و ژیانمەوە....

کابان: بەڵام تۆ ورەت بەرنەدا، بەڵکو بەهەمان جۆشی جارانتەوە تاوی خۆتت دەدا بەرەو پێش دەچوویت.

سەرۆکی وەستایان: بەڵێ بۆ پێش ئەچووم و گەرووم پڕ بوو لە ڕق و ترسیش ئاڵابووە ڕۆحمەوە.. وەك شاخەوانێکی ڕاهاتووی هەڵگرانی ترۆپکە سەختەکان بێ. چ هەورازێ نەیترساند و ڕەنگە هەر بیریشی لە ترس نەکردبێتەوە.. ڕۆژێ لە بەرزییەوە ئەو خەڵکە وەکو مێرووڵە وازی منداڵان ئەبینێ ترس دایگرتم و خوێن لە دەمارەکانمەوە وشك بوو.. هەر بەرەو پێش چووم لەبەر ئەوەی زیاتر هیچ دەسەڵاتم نەبوو، بەڵام ئەوەی ئەبینی نەگەیشتوومەتە هیچ شوێنێك و لە بازنەیەکی خاڵیدا ئەسووڕێمەوە و لە لێواردا لەتر ئەدەم.. ئێستا بە مەزنە لەو ترسەم تێ ئەگەم ئەویش ئیشارەتێ بوو لە چارەنووسمەوە وا دیارە لە کۆتاییدا ئەو ساتە دادێت هەست بکەم بەکلکێ لە نێوانی پێیەکانمدا وەك ماری ئاوی پێچ بخواتەوە.

چاك وایە ناوی خاوەن ئەو کلکە لەم ژوورەدا نەهێنم کە کوڕەکەمانی تیا نووستوە.

کابان: (نیشانەی خاچ بۆ کوڕەکە دروست دەکات)

بەزەیی و لێبووردنت.. ئەی مەسیح.

سەرۆکی وەستایان: شەیتانەکان سواری پردی ئارتا بوون، ئەترسم داچۆڕێنە ناو هەموو ژیانمەوە.. چ کارمان بەشەیتانەکانەوە هەیە.. بۆ بیری خۆیانمان دەهێننەوە بۆ کەسێ نەفرەتی لێ کردووین .. یان خۆمان دەرفەتمان بۆیان ڕەخساندووە؟!

نازانم کێ نەفرەتی لێ کردووم .. لەوەتی هاتوومەتە دنیاوە دەرفەتی زۆرم بۆ ڕەخساندوویت لە زۆرانبازیدام لەگەڵ بەرد و خەڵکدا بۆ داهێنانی کارێکی جاوید و نەمر.. ئەمەش وەك ئەبینی باسێکی چاکە و بەدڵی شەیتانەکان خۆیانی پێ بخافڵێنن ڕایان ئەکێشێ وەك چۆن ماستی سەر نەپۆشراو ماری کێڵگەکان ڕائەکێشێ ... شەیتانەکان شتێکیان لە من دەوێ (بەرقەوە پەنجەرەکە دەکاتەوە.. دەڕوانێتە تاریکی هاوار دەکات) شەیتانی شەو.. قسە بکە چیت لێم دەوێت.. من ئامادەم بۆ قسە کردن ئەمەوێ هەموو شتێك یەکلایی بکەمەوە گاڵتە پێکردن بەسە .. ئەی شەیتان گوێت لێ نییە؟!

(کابان بەترسەوە سەیری ئەم دیمەنە دەکات . دەنگ دێ وەك وەڵامدانەوەی سەرۆکی وەستایان بێت. گۆرانییەك دەنگی چەند پیاوێك ئەیڵێتەوە).

دەنگەکان: ڕەنج خەسار خۆمان.. ڕۆژانی درێژ بنیات دەنێین و لە شەویشا دەڕوخێت..

سەرۆکی وەستایان: ئەوانە هاوڕێیانی منن.. وەکو نەفرەت.. لە کۆڵانێکەوە بۆ کۆڵانێك ..

لە ئاوارەیی لە نێو تاریکیدا وێڵن.. دەست لە گەردنی یەکدین.. بە نەگبەتییەوە ئالاًون.. پردی ئارتا ئەمانیشی بیٚ هۆش کردووە ئەم شەو ئافرەتێکی زۆریش تووشی شەونخوونی دێن وە بە تەنهایی لە نوێنەکانیاندا فرمێسك ئەڕێژن بیٚ ئەوەی بزانن شووەکانیان بۆ وا ساردو خاو بوونەتەوە لە خۆشەویستییان.

*(دەست بەهاوار کردن دەکاتەوە)*

ئەی شەیتانی تاریکی.. ئەی لاوازی گاڵتە پێکراو، گەر شەیتانی، یاخوود خێو ..جنۆکە.. سیمرخ.. گورگ.. دز. هەرچییەك هەی.. ئەی پەیامبەری وێرانکاری بانگت ئەکەم، دەرکەوە تا ڕێك کەوین.

دەنگەکان: ڕەنج خەسار خۆمان، ڕۆژانی درێژ بنیات دەنێین، لە شەویشا دەڕوخیٚ...

کابان: پەنجەرەکە داخە، لێی گەڕیٚ با شەیتانەکان با لە دەریٚ بن.. ئەو شتانە لە بەرژەوەندی کوڕەکەماندا نییە.

(سەرۆکی وەستایان پەنجەرەکە دادەخا خێزانەکەشی لە تەنیشت مناڵەکەیدا دائەنیشێت. سەرنج دەدات و بەهەمان شێوەی دانیشتنی شێوەی یەکەم. بەدەنگی نزمەوە و دەست بەلایلایە دەکاتەوە).

*بنوو ڕۆڵە..کۆرپەکەم بنوو*

*کزەی دڵم.. سۆزی دەروون*

*ئەی چۆلەکەی دنیا نەدیو..*

*من ناردوومە لە شارەوە..*

*لە"ڤینیسیا"ی نازدارەوە*

*بۆت بێت ئاڵتون*

*بۆت بێت جل و پاوانەی زیو.*

## *دیمەنی دووەم*

(هەمان شەوە .. تریفەی مانگ کەرەسەکانی پردەکەی ڕووناك کردۆتەوە ئەستوونەکان ڕووخاون.. کەرەسەی بینا کەڵەك کراوە.. چرایەکی داگیرساو هەڵواسراوە .. دوو یاساوڵ چەکەکانیان پاك دەکەنەوە کەسێکی سێیەمیش لەسەر شانۆدایە. سازژەن پیرەمێردێکی کوێرە. وادیارە کەسێکیان ناناسێ، جار جارێ ژێی سازەکەی توند دەکاتەوە، ئاوازی لەسەر دەژەنێ، هەر وەکو ئەوەی لەو ساتەدا هۆنیبێتیەوە).

سازژەن: بەم ڕۆژگارە..

*چل و پێنج بەنا... شەست شاگرد..*

*ڕەنجیان ئەدا*

*پردیان لە سەر ئاوی ئارتا*

*دروست کرد*

*بەڵام کاتێ شەو دائەهات..*

*پرد ئەڕووخا..*

"هاژەی با زیاد ئەکات.. ناقوسێکی دوور بەبێ کۆنترڵ زەنگ لێدەدات.."

یاساوڵی-٣: بهاژێنە.. بەر نەفرەتی خوا کەویت..

یاساوڵی-١: جانەوەرەکەش گاڵتە بە زەنگەکان دەکات.

یاساوڵی-٣: شێتی تەنها سواری پردەکان نەبووە بەڵکو زەنگەکانیش شێت بوون.

سازژەن:

*بەناکانی پردی ئارتا*

*بەدەنگی بەرز*

*گۆرانیەك، ئەڵێن غەمگین*

*پڕ سکاڵا*

*لەبەر گریانی ئاواز و*

*وشەی غەمبار*

*پرد قڵیشا..*

*ئاو ڕاوەستا..*

*برادەران.. ئیتر بەس بێ، لاوانەوە..*

*دەبیگۆڕن. بەئاوازێ*

*دڵی خۆش و گەشمان باتێ*

*بەشکو زامی پرد سارێژ بێ و*

*ئاویش بەر بێ*

یاساوڵی-٢: (بەگۆرانییەوە ) چۆن بگرین و دەست لە گۆرانی هەڵگرین.. ئێشێ لە دڵماندایە، چارەیمان نییە.

یاساوڵی-١: گۆرانی بڵێین؟! ئا ئەمەمان کەم بوو ئەم هەموو شتەی تێمانەوە ئالاوە بەس نییە؟!

یاساوڵی-٢: لە باتیی ئەوەی بگرین، چاکتر وایە گۆرانی بڵێین.. کە شتێکی کەمان لە دەست نەیەت. "دووبارە هاژەی با دێ" بهاژێنە. خوا ڕووت ڕەش کات.. شەیتان خۆشی سڵی لێ دەکاتەوە.

یاساوڵی-١: تۆ باوەڕت بەشەیتان هەیە..؟!

یاساوڵی-٢: سوێند بەئێسقانە پیرۆزەکان، نازانم باوەڕم بە چی هەیە.. لەم ڕووداوانە زۆر تێ ناگەم، کەسێ لەمەو بەر شتی وای نەبیستووە.. دوێنێ شەو کلکێکی نەگریس لە نێوان بەردەکانی پردی ئارتادا ئەجوولایەوە.. دڵنیام ئەوە کلکی من بوو نەك کلکی تۆ..

یاساوڵی-١: وام بۆ دەردەکەوێ ئەم شەو باوەڕت بەخۆت نییە، کەسێ لە شەواندا ببینێ کلك دەڕوات شایستەی هەڵگرتنی چەك نییە..

یاساوڵی-٢: ئەوەی لێرەدا ڕوو ئەدات بەچەك و فیشەك جەنگی لەگەڵ ناکرێت.

یاساوڵی-١: باشە دوعا و وێردی لەگەڵدا بەکاربێنە.. بەڵام لێم ببورە عەقڵم نایبڕێ ئەم تفەنگە کوشندەیەی دەستم چاکترە بۆ ئەم هەڵوێستە.. چاك دەکوژێ.. ئەو نەگریسەی سەرپێچیمان لەگەڵ دەکات لە هەر کوێدا بێت، بۆ کوێ ڕادەکات لە دەستم.

(هاژەی با).

یاساوڵی-٢: بهاژێنه ئەی پیری بێ دەسەڵاتان (بەهاوڕێکەی) دە لێی دە. بزانین چەکەکەت بە چی دەوێرێ؟!

یاساوڵی-١: وام بۆ دەردەکەوێ کە خەریکە باوەڕ بەوەی بێنی کە هاژەی با دەنگی دۆزەخە.. ئەوا لە ژێر تیشکی چراکەوە دەبینم دەستەکانت دەلەرزێ. ئەوە عەقڵت ون کردووە؟!

تا دوێنێ چاك بوویت. دەسەڵاتت بەسەر خۆتا هەبوو.. دووجارە بینیوتە لە شەودا هەرەسی هێناوە، بێ ئەوەی کار لە هۆشت بکا، ئەڵێی تۆش پاش ئەم سێ هەرەسەی ئەم پردە هەرەست هێناوە.

یاساوڵی-٢: ڕەنگە.. بەڵام دەبینی کاممان زیاتر بەهۆی ئەم پردەوە ڕووخاوین.

یاساوڵی-١: چی دەبێت با ببێت.. با نەگبەتیش بباریێت بەڵام بەهەر جۆر بێت ئەم پرسیارە دەکەم.. گەر ئەم شێوە جانەوەرە هەبێ، ئەو نەفرەت لێکراوەی ترست پێ دەبەخشێت، چشتێکە وا هانی ئەدات خۆی بەکاری ئێمەوە خەریك بکات، کە ئەو جانەوەرەی بەدەسەڵاتی نێو وڵاتی خۆی بێت.. دەی.. بڵێ.. هۆی چییە ڕووی لە ئێمە کردووە؟!

یاساوڵی-٢: کێ تێمان دەگەینێ و حاڵیمان دەکات.. ئەشێ بیەوێ خۆمان هۆیەکان بدۆزینەوە.

یاساوڵی-١: چ شتێکی تر لە مێشکتدا دەسووڕێتەوە.. دیارە بیر لە شتێك دەکەیتەوە.

یاساوڵی-٢: تەمێ بەری بیرکردنەوەی گرتووم وا هەست دەکەم هەموو شتێك بووە بەخەون و وڕێنە.

یاساوڵی-١: مانگ گیراوە و ئاڵاوەتە پیسییەوە مەسئەلەکە قورس و ئاڵۆزە، بەڵام حەز بەشەوێ لە شەوانی ڕەشی هاوین دەکەم، لەسەر زەویدا خۆی ڕاخات و سەرت لە نێو خۆڵ بنێیت. بەڵام هەر هەست ئەکەی بەو هەوایەی لە دەورتدایە و ئازاد بووە لە خەون و ئەندێشە.

یاساوڵی-٢: کێ نەخشەی پردەکەی کێشاوە؟! کێ وە ئەنجامی دەدات؟!

یاساوڵی-١: لە سەرۆکی وەستایان بەو لاوە کێیە؟!

یاساوڵی-٢: ڕەنگە لەو مرۆڤەدا نابووتییەك هەبێ.

یاساوڵی-١: ئەمە درۆیە و بێ ئەدەبیشە.

یاساوڵی-٢: ڕەنگە نەفرەتێك ڕاوی بنێت. گوناهێ باپیرانی کردوویانە یا.. نازانم.. ڕەنگە.. کارێك پەیوەندی بەخەڵکی ماڵەکەیەوە هەبێ.

یاساوڵی-١: چییە ئەمە.. وا مانگ هانت دەدا ناوی بێنیت؟!

یاساوڵی-٢: خۆشەویستییەکەی بۆ خێزانی لە ئەندازە بەدەرە..

یاساوڵی-١: ئەمە بەخیلیە و شەهوەتێکی بێ مانایە.. ئایا مافی خۆی نییە لەگەڵ ئەو ئافرەتەی بۆتە هاوسەری ئارەزووەکانی وە ئەنجام بهێنێ و خۆشی بوێت..

یاساوڵی-٢: ئەمە ڕاستە، کێ بەپێچەوانەی ئەمەی وتووە بەڵام ئەو هەموو سۆز و عەشقە. ئەم هەموو بەختەوەرییە بەگوناه دەژمێردرێت کەچی ئەمان لە نێو ئەم گشت عەشق و بەختەوەرییەدا ژیان دەبەنە سەر.

یاساوڵی-١: بێ دەنگ زۆر قسە ئەکەی.

یاساوڵی-٢: ئەمە هەقی خۆیەتی و پێی لێ دەنێم بەڵام ئەم هەقەش کۆن دەبێ و ئەبێتە زوڵم.. ئەگەر بووە زوڵم خواوەندیش پێی ناخۆش ئەبێت.

یاساوڵی-١: بێ دەنگ بە شتێك دەبینم "چراکە بەرز دەکاتەوە"

تارماییەکە.

یاساوڵی-٢: دوو تارمایی.

یاساوڵی-١: کێ لەوێیە؟!

سەرۆکی وەستایان: منم

یاساوڵی-٢: من دەنگی ئەبیستم..

یاساوڵی-١: ئەگەر سەرۆکی وەستایانی نزیك بەرەوە.. ئەگەر غەریبیشی بەڕێی خۆت و کاری خۆتا برۆ .. فەرمانمان پێیە تەقە بکەین گەر شەیتانێ بێ..

(پێکەنین دەبیستریێت سەرۆکی وەستایان خۆی دەکات بەژووردا یاریدەدەرەکەشی دارێکی بەدەستەوەیە پێ ئەکەنێ).

یاریدەدەر: ئەم دوو هاوڕێیە وا دەزانن ئێمە لە شەیتانەکانین.

سەرۆکی وەستایان: ئارەزووی پێکەنینم نییە (بە دوو یاساوڵەکە) هیچ شتێ ڕووی داوە؟!

یاساوڵی-١: نەخێر گەورەم

سەرۆکی وەستایان: کەسێ خۆی نەخزانووەتە ئێرەوە؟!

یاساوڵی-١: کەسێ بەسەری نەکردووین، جگە لە مانگ و تریفە داچۆڕاوەکەی.

یاریدەدەر: تریفەی مانگ وادەکات سێبەر و خەیاڵی جۆراوجۆر بەدی کەین.. وانییە ئەی هاوڕێیانی دڵپاك..

یاساوڵی-١: نایەتە بیرمان کە خەیاڵ و تارمایی و سێبەرمان ببینێ.. بەڵام. شوومییەکی ترسناك بەدی ئەکەین چۆکی ناوەتە سەر ئەم بنیاتەمان.. بەڵام هێشتا وای لێ نەکردووین لە کارمان خات... هەر لەسەری دەڕۆین و هیچ شتێك پێچمان پێ ناداتەوە..

یاریدەدەر: تۆ کە قسە دەکەیت ورەت بەرزە.. بەڵام هەر کە کارەکان ئاڵۆز بوون.. ئەوجا باسەکانت بەرەو خێو و جنۆکە دەبەیت، نامەوێ باوەڕ بەوە بێنین کە کارەکەمان وەکو پێویست بەجێ ناهێنین.. ئێمەی بێ کەڵك و پووچ بەدوای هۆیە ناسروشتییەکاندا ئەگەڕێین و کارەکانمانی پێ لێك ئەدەینەوە تا بزانین گەیشتووینەتە کوێ.. قسەکانمان تێکەڵ دەکەین بەباسی شەیتانەکان، ئا بەم جۆرە لە سەرتاسەری  ئەم وڵاتە قسە و حکایەتمان لەسەر دەکەن تا وامان لێهاتووە بووینەتە گاڵتەچی.. ئەو کەسانەی کە گوایە خەمخۆری خەڵکن..

یاساوڵی-١: فامی ناتوانێ ئەم شەیتانە بەرجەستەکا. وا ئەم خەڵکە باسی دەکات.. ئەوەندەش دەربەستی ئەوانە نیم کە خەمخۆری خەڵکن.. بەڵام کە تۆ پرسیارم لێ دەکەی و ڕام دەپرسی کە لێرەدا چی ڕوودەدات پێت دەڵێم کە: ئەگەر هەموو ئەرکەکانیان بەجێ بێنن وەکو ئەو کەسەی کاری یاساوڵی و ئێشکگری بەجێ دێنێ، پرۆژەکە لە مێژرا ڕێی بەرەو تەواو بوون و پوختەیی دەبری.

یاریدەدەر: سوپاس بۆ خواوەند.. راستی لەم قسەیەدا دەردەکەوێ بەڵام وا دیارە هەر کەسە هەوڵ دەدا لۆمە بخاتە سەر شانی ئەوەی دی، هەر وەکو جەنگی شەو و ڕۆژ، کەچی من دەمەوێ لۆمە بخەمە سەر هەمووومان خۆیشم  بێ بەری ناکەم. سوێندتان بۆ دەخۆم دەڵێم ئێمە شایستەی ئەوە نین و نابین بەمایەی شەرافەتمەندی سەرۆکمان..

سەرۆکی وەستایان: بەسیەتی.. بایی پێویست شتتان وت.. کەڵکێ بەدی ناکەم لەو قسە و باسەتان، دڵنیام لە دروستی ئەو کارەی کردوومانە. هەروەها دڵنیام لە نەخشەو

کەرەسەکانم لۆمەیش ناخەمە سەر هیچ کەسێکەوە. ڕێی ئەم باس و توانج گرتنەتان نادەمێ.

یاریدەدەر: بەڵام کەسێك هەیە بەرپرسیاربێ.. نەفرەتی خوا، لەسەرمان بێ گەر هەموو شتێك وەك پێویست بێ.. بەردەکان هەرەس ناهێنن.

سەرۆکی وەستایان: شتێکی ناڕاست لە گۆڕدایە، کەچی چەند ئەگەڕێم جارێ بەدیم نەکردووە.

یاریدەدەر: توبی خوا کوێت دەوێ بچم بۆی بگەڕێم؟!

سەرۆکی وەستایان: گەر بمزانیبا نەتدەبینی، وا بە سەر گەردانییەوە لە ژێر تریفەی مانگدا سێبەرەکان بپشکێنم.

یاساوڵی-٢: لە دڵماندایە.. کەچی زات ناکەین بۆی بگەڕێین.

سەرۆکی وەستایان: تۆ باسی دڵت کرد.

یاساوڵی-٢: باسم کرد بەڕاستی ئەزیەت و کوێرەوەری هەر بۆ دڵە..

یاریدەدەر: وا دیارە ئەم هاوڕێیە عاشقە، ئەمیش کاتی ئەوەیە جگە لە عەشق.. هیچ شتێکمان کەم نییە.

یاساوڵی-٢: خۆشەویستی ئازادە، سەربەستە، کۆت ناکرێ.

سەرۆکی وەستایان: چاك وایە. خۆشەویستی تێکەڵی ئەم باسانە نەکەین..

سازژەن: *مانگی ئاسمان، نابێ هەڵبێ*

*با هەر هەور و تاریکی بێ*

*چونکە هەر یاری شیرینی*

*من بەتەنیا ناوی مانگە*

*کاتێ ئەچم بۆ بینینی*

*تاریکی ئەڕوا و بار ئەکات*

*یارم جوانە..*

*یارم لەگەڵ خۆر شەڕ ئەکات*

*پێشی ئەڵێ..*

*خۆری ئازیز*

*دە هەڵبێ. تا منیش هەڵبێم*

*دە داگیرسێ*

*تا منیش بدرەوشێمەوە*

*بەیانی کاتێ خۆر هەڵهات*

*سەوزە گیای دەشت وشك هەڵات*

*ئەوسا یارم هاتە دەرێ*

*هەر لەسەری کۆڵانەوە*

*دڵی کوڕانی توانەوە..*

(کاتێ سازژەن ئاوازی دەگوت لە نێوانی ئەستوونەکانەوە تارماییيەك لەتر دەدات و لە دوورەوە دەوەستێ)

یاساوڵی-١: ئا لەوێدا.. شتێك هەیە..

یاساوڵی-٢: پەنا بەخوا..

یاریدەدەر: ئەم گاڵتەجاڕییە چییە! کێیە ئەو سەرلێشێواوەی ڕوخساری خۆی بەدەمامك شاردۆتەوە..

(لە تارماییيەکە نزیك دەبێتەوە، هەڕەشە دەکات و دارەکەی بەرز دەکاتەوە لە نیوەی ڕێدا دەوەستێ و هاوار دەکات و دارەکەی لە دەست دەکەوێت باسکی ڕاستی بەدەستی چەپ دەگرێ. دەناڵێنێ سەرۆکی وەستایانیش نزیك دەبێتەوە).

سەرۆکی وەستایان: چیت بەرکەوت؟

یاریدەدەر: باسکم.. هەست دەکەم باسکم شکاوە..

(لەسەر چۆك دەکەوێت بەتوندی باسکی خۆی گرتووە و سەرۆکی وەستایان لە شانیەوە گرتوویەتی..)

سەرۆکی وەستایان: ئەی تارمایی شەو چیت لە ئێمە ئەوێت؟! "هەندێ بێ دەنگی".. هەرچییەك هەیت، گەر ئینسانێکی زوڵم لێکراوی، یا تارمایی مردوویەکی، یا شەیتانی.. چیت ئەوێت.."هەندێ بێ دەنگی" ئەی تارمایی شەو گەر بەشەری وەدەرکەوە.. گەر ئەویش نیت لە چی ئەگەڕێیت لە نێوان بەشەردا..

تارمایی: (بەدەنگێکەوە وەك ئەوەی لە دوورەوە بێت) بانگت کردم..

یاساوڵی-١: گوێتان لێ بوو؟! ئەو شتە قسەی کرد.

یاساوڵی-٢: خوایە بەزەییت.

سەرۆکی وەستایان: ئەی تارمایی. من لەم کارانە ناگەم.. من وەستام بەرد ئەبڕم و شەقاریان ئەکەم. من مرۆڤێکی ساکارم، کاری من ئەوەیە لە ڕۆشناییدا لە بەردەکان بنیات دروست کەم، نەك قسە لەگەڵ ئەو دەنگانە بکەم، کە هی بەشەر نین، بڵێ، چیت ئەوێ؟

تارمایی: داوای نرخی ئەو کارە دەکەم کە دەتەوێ لەسەر ئەو زەویەدا بەجێی بێڵی.. ئەی وەستا بەنیسبەت تۆیشەوە، کاتی قەرز دانەوەت هاتووە.. تۆ ئامادەی؟

سەرۆکی وەستایان: گەر شتێك لە قسەکانت گەیشتبێتم تەنها ئەوەییە کە داوای ئەوەم لێ ئەکەی، وەکو قەرزار بوو بێتم و پێم نەزانیبێ، یا لە بیرم چووبێتەوە، تا لێم گەڕێی "پردی ئارتا" دروست بکەم.. کە ئەمیش کاری منە.. ئەی تارمایی ئامادەم و لە حیساب ناترسم ئەیدەم..

تارمایی: گەر ئینسانێك نەنێیتە چاڵ لە ڕۆخی ڕووباردا ئەستوونەکانی پردەکە ناچەسپێ..

سەرۆکی وەستایان: داوای تاوانی کوشتنم لێ دەکەیت.. ئەی تارمایی زانیم نێرراوی دۆزەخی.. لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەستم و قسەت لەگەڵ ئەکەم، لەبەر ئەوەی ئەم پڕۆژەیە بەتەنها هی من نییە.. هی هەموو شار و گەل و هاوڕێیانە.. کە لەگەڵما کۆشش ئەکەن و تێ ئەکۆشن.. ڕەنگە لە کۆتاییدا ڕەشبینێك هەبێ ژیانی لە لا تاڵ بووبێ یا بێ باوکێکی ئاوارە، یا کەسێك نەخۆشی پیری تەنگەتاوی کردبێ و بیەوێ لە پێناوی خۆشەویستیی وڵاتەکەیدا خۆی بەخت بکات.. چ پێویستیش بەوە ناکات من ببم بە پیاوکوژ، جگە لەمە قسە بکە چی ترت پێیە...؟!

تارمایی: تۆ دەبێ ئەم نرخە بدەیت، نابێ کەسێکی تر لەباتی تۆ ئەم نرخە بدات. ئا لێرەدا ئافرەتێکی میهرەبان و ملکەچ ئەنێیتە چاڵەوە "زیندە بەچاڵی دەکەی".. ئەو ئافرەتەش ئێستا لە تەنیشتی بێشکی کوڕەکەتدایە و شەوانیش لە تەنیشت تۆدایە.. ئامادەیە هەزار جار لە پێناوی تۆدا خۆی بەخت بکات.. هەرگیز ئەمەی بەخەیاڵدا نەهاتووە، گەر جارێ شتێ ئاوهای بەمێشکدا بێ بەزمانی خۆی دەڵێ چ بەختەوەرێکی مەزنە؟!

سەرۆکی وەستایان: ئەی تارمایی خێرا کە من مەبەستمە؟

داوام لێ ئەکەی خێزانەکەم لە نێوانی ئەم بەردانەدا بنێمە چاڵ؟!

تارمایی: تۆ خۆت بوویت شەوان دەردەچویت و هاوارت دەکرد... کەواتە لە پردی ئارتا گەڕێ، سەرپشکی..

سەرۆکی وەستایان: قسەکانت وەکو نووکی چەقۆ تیژە، تۆ ئەزانی من ناتوانم لە خێزانەکەم جیاببمەوە.. سەرەڕای ئەوەش، کە پەیوەندییەکی بەهێزی ئەم بەردانە بەجەستەمەوەیە.. تۆ بەم قسانەت لەشم ئەبڕی و بەش بەشی ئەکەیت.. داوای شتیکی ترم لێ بکە ژیانم تەندروستیم.. ئەی تارمایی چاوت ئەوێت بتدەمێ بەسە بۆ من یەکجار پردی ئارتا بەپێوە ببینم و لە نێو ڕۆشناییدا وەستابێ..

تارمایی: تۆ سەربەستی..

(هەندێ بێ دەنگی: تارمایییەکە لە نێوان تاریکی شەودا ون دەبێ)

یاساوڵی–١: خواوەند، یارمەتیت..

یاساوڵی–٢: ئەی دڵسۆز.. ئەی یەسوع.

یاریدەدەر: (دەناڵێنێ) باسکم..باسکم..

سەرۆکی وەستایان: "یارمەتی دەدات هەڵسێ" هەڵسە.. ئەی هاوڕێیان گوێتان لێ بوو؟

یاساوڵی–١: بیستمان

سەرۆکی وەستایان: ئەم شتە ڕاستی بوو؟! بەچاوی خۆتان بینیتان؟! خەوم نەدیبێ؟!

یاساوڵی–١: بەڵێ ڕاستی بوو گەر درۆ بکەین.. بەر نەفرەت کەوین..

یاساوڵی–٢: ڕاستی بوو.. کوێر بین گەر درۆ بکەین..

سەرۆکی وەستایان: (بەیاریدەدەر) تۆ بیستت...؟!

یاریدەدەر: بیستم..

سەرۆکی وەستایان: ئەو شتەت بینی قسەی ئەکرد...؟!

یاریدەدەر: بینیم.. بەر بروسکە بکەوم گەر درۆبکەم.. ئای باسکم.. باسکم.. نازانم.. نازانم..

سەرۆکی وەستایان: هاوڕێیانم.. گوێم بۆ شل کەن.. لێتان ئەپاڕێمەوە من پێست و ئێسقانم دۆڕاند.. ئاگام لە هیچ نەماوە .. ئای بریا ئەمتوانی ئەمانە هەموو لە بیر

بکەم..کەسێك ڕامان ئەژەنێ و وازیمان پێ ئەکات.. بووین بەگاڵتەچیی شەیتانەکان و تارماییەکان.. بووین بە گەمەی شەوگاران، تارماییەکان بۆ یەکتری هەڵمان ئەدەن.. داوای خۆشەویستیتان لێ ئەکەم.. بەتەنها و بەم شێوەیە جێم مەهێڵن.. هەموو شتێ بۆتە کەلاوە.. ڕووداوێکی پێکەنین بەخشە.. بەڵام چی بە ئێمە ئەگەیەنێت.. ئایا پیاوی بەهێز و سەربەست نین.. ئازانین.. بێ دەربەستین.. هێزی گەنجایەتی لە نێو خوێنماندایە. (ئادەمین) بابژین سەربەستی..(بوون) ئەبێ بەهەڵم.. ئەی هاوڕێیان. بابێتە کەلاوە . سڵاو ئەی تارمایی.. (دەڕوات هەردوو یاساوڵەکە دەکەونە دوایەوە و دەستی یاریدەدەریان گرتووە...).

سازژەن: *ئەی تاوسی دوو باڵ زێڕین*

*ئەی تاوسی دوو قاچ زیوین*

*ئەی نینۆکت*

*لە زەرکەفتی ئاڵتوون گرتووە..*

*ئەی لەسەر سەر..*

*تاج هەڵگرتوو*

*ئەی دڵ.. گوڵدانی مرواری*

*چەند نازداری*

*ئەی تاوسی دوو باڵ زێڕین*

*ئەی تاوسی دوو قاچ زیوین..*

### ***دیمەنی سێیەم***

(هەمان شەو لە ماڵی سەرۆکی وەستایاندا، خێزانەکەی نوستووە.. چرایەك داگیرساوە.. سەرۆکی وەستایان خۆی دەکات بەژووردا..)

سەرۆکی وەستایان: نەمان و لەناوچوون بۆ پرد بێ.. بۆ شاربێ.. مەرگ لە ماڵدایە، لە نوێندایە.. ئەی مەرگ فەرامۆشت کردبووم، بەڵام بانگم کردی.. ڕقم لێت بوو بێزم لێت ئەکردەوە.. هەنگاوی چاك و لەبارم ئەنایە خۆڵی مەرگەوە.. عاشقێ هەتاوی باشوور و تریفەی ڕۆشن بووم، ئەوی دڵ و جەستەم لە توانایدا بوو کردم یۆنانم پڕ کرد لە کڵێسە و تەکیە... ڕۆشنایی بورجەکانی پڕ کرد و بۆ زەنگەکانی بەرز ئەبووەوە.. بۆ

جوانی یان هەموو بەختەوەریەکم تەرخان کردبوو.. خۆشیی گەورەم و کار و ژیان بوو.. هەولْم ئەدا ڕوو بەڕووت بوەستم و زۆرانبازیت لەگەڵا بکەم، بەو کارانەم زۆرانبازیت لەگەڵدا بکەم کە بە بەردەکان داڕێژراوە.. بەژنم بڵند کەمەوە و لە سنووری بەرزی ژیان زیاتر بێ.. ئەمویست وەکو بەردەکانم بم و پەژموردەیی ڕێم پێ نەبات.. پیری و لێکەوتن زەفەرم پێ نەبەن و بەرەو لەناوچوونم بنێرن.. بەڵام تۆ ئەی مەرگ، ئەوا هاتی و هەستێکت پێ بەخشیوم لە هەموو شتێکدا بەدیت دەکەم.. هەتا لە نێو بەردەکانیشدا.. بەردەکانیش شکاونەتە سەر یەك و مردوون.. بەردەکان تیژن وەك سونگین.. ئەقڵم ئەسمێ و جەستەم توێ توێ دەکات. ئەو جەستەیەی کە بەستراوەتەوە بە داوی خۆشەویستی و ئیشکردن لەگەڵ هەستی ئافرەتێکیش دەخەوێت..

(دەکەوێتە سەر یەکێك لە کورسیەکان و سەری دەنێتە نێو لەپی لە تەنیشتی خێزانەکەی سێبەری ڕێبوارێکی بەژن بەرز و قۆز و ساکارپۆش دەردەکەوێ).

ڕێبوار: لەم نیوەڕۆ وەختەدا بۆ کوێ دەچیت.. لەم چۆڵەوانییەدا ئەی بەندەی خواوەند بۆ کوێ دەچیت ؟!

کابان: (خەون دەبینێ و قسان دەکا) شووەکەم بانگی کردووم.

ڕێبوار: کێیە شووەکەت؟! (یان کێیە مێردەکەت)؟!

کابان: سەرۆکی وەستایانە.. پردی ئارتا دروست دەکات.

ڕێبوار: بۆچی مێردەکەت لە کاتی کاردا تۆی دەوێ و بانگت دەکا. بچیت بۆ پردی ئارتا.

کابان: نازانم و ناشپرسم.. ناردوویەتییە دوام و ئەوا منیش دەڕۆم بۆ لای.

ڕێبوار: بەڵام من ئەپرسم.. ئافرەت.

کابان: جا تۆ کێیت وا لە سەرەڕێدا ڕاتگرتووم و قسەم لەگەڵ دەکەی؟

ڕێبوار: بیرکەوە.. ڕەنگە شتێکت بێتەوە یاد..

کابان: تۆ ڕاست دەکەی. لە یادما قۆزییەکەت جێی هەیە کە بەگەواڵەیەکی زێڕین و پڕشنگدار دەچێ و بۆن و بەراوی بەهارت گرتۆتە خۆ، گەورەیی ئاڵاوەتە قەدتەوە.. تویێڵت گەشاوەتەوە. هەروەك ئەوەی تاجت لەسەر نابێ لە تەنیشتەوە کچۆڵەیەکی جوان و ڕۆح سووك هەبێ..

ڕێبوار: وەکو تۆیە.. ئەی ئافرەتی ئەم شەوە..

کابان: خۆت شۆڕ دەکردە سەریەوە و فەرمانێکت دەچپاندە گوێیەوە. هەواڵێکت دەدایە.. بەستەزمانە دەپەشۆکا و لەسەر چۆکدا دەکەوت و سوپاسی دەکردی. چ هەواڵێکت پێیە ئەوڕۆ لەسەر ڕێداو لە نێوان گوڵ و ڕێحانەدا وەستای و چاوەڕوانم دەکەی؟!

ڕێبوار: سەبارەت بەخواستی بانگهێشتنی شووەکەت.

کابان: کارەکەی بۆ باس نەکردووم، پێویستم بەوە نەبووە تا بۆمی ڕوون کاتەوە.. بانگی کردووم.. ئەمە مافی خۆیەتی.. هەر کاتێکیش بیەوێ من.. ئەوە.

ڕێبوار: چ کارێکی بەتۆ هەیە لە نێوان کرێکاران و وەستایاندا.. زۆران گران لەگەڵ بەرد و ئەوانەی قیر دەتوێننەوە و بەردەکانیش شەقار دەکەن.. چ کارێکی بەتۆ هەیە، تۆ دەتوانی چ یارمەتییێك بەخاوەن بەردەکان دەبەخشی.

کابان: مادامێ بانگی کردووم، ئەمە ئەوە دەنوێنێ کە پێویستی بەمن هەیە، یارمەتی هەر ئەوە نییە پەیوەست بێ بە بەردەکانەوە.. ڕەنگە بەختەوەرییەکەی لەم کاتەدا پێویستیی بەدیدەنی من هەبێت..

ڕێبوار: ئەی گیانلەبەری بەستەزمان ئەم ماوە دوور و درێژە هەوڵم دەدا کارێ بکەم گومان پەیدا بکەی کە لەم ڕۆژەدا چی بەمێشکی شووەکەتدا هاتووە ئەوە نییە وا تۆ ناوی بەختەوەریی لێ دەنێیت شووەکەت توانای ئەوەی نەماوە (حوکم بەسەر ژیانی خۆیدا بدا).

کابان: بەدوای شووی خۆمەوەم.. بۆ کوێم ببات.. دەڕۆم. ژیانی داومەتێ و ژیانمی دەدەمێ. مەبەستم نییە چ شتێکی دی بزانم..

ڕێبوار: ئەمەی بۆی دەبزوێیت و بۆی دەچیت ڕەنگە لەوە زیاتری لێ بووبیت وا بیری لێ دەکەیتەوە، چاك وایە پێشتر داوات لێ بکات ئافرەت. خواوەند پیرۆزیی نەداوە بەپردی ئارتا بۆیە یاساکانی بەسەردا جێگیر نابێ..

کابان: لە سەرەتاوە هەرچییەك بێ داواکەی، من خۆمی بۆ بەخت دەکەم، چۆن ڕۆحم پێی بەخشیوە، هەموو ژیانیشم لە ژێر دەسەڵاتیدایە. یا هەرچیەکی لێ بکات سەرپشکە.. ئەی غەریب لێم گەرێ بڕۆم شووەکەم بانگم دەکات بۆ لای دەچم..

ڕێبوار: ڕێت لێ ناگرم کە ئەچیت.. بڕۆ.. دەمزانی هەر دەچیت بەڵام پێویست دەکات وریا بیت، نەك بێ دەربەست و چاو پۆشراو وەکو مەڕێکی دابەستە.. عەدالەت ئەوەی دەوێت وریا بیت..

(ڕێبوارەکە ون دەبێ.. کابان وەخەبەر دێتەوە سەرۆکی وەستایان دەبینێ..)

کابان: تۆ لێرەی؟!

سەرۆکی وەستایان: تازە گەڕامەوە.

کابان: بۆ کوێ چووبوویت؟!

سەرۆکی وەستایان: دەرچووبووم بۆ هەوا هەڵمژین.

کابان: خەوێکم بینی..

سەرۆکی وەستایان: جگە لە خەو بینین، لێرەدا چ شتێکی دی نییە.

کابان: بینیم لە نیوەڕۆیەکی گەرمدا بۆ سەر کارەکەت بانگت دەکردم، بۆ لای پردەکە ڕێکەوتم، بێمە لات، لە ڕێدا غەریبێ ڕێی پێ گرتم و هەندێ شتی سەیری بۆ باس کردم.

سەرۆکی وەستایان: لە بارەی شتە سەیرەکانەوە.. ئەمەیان مەپرسە (بەبێزارییەوە)

کابان: باسی پردەکەی بۆ کردم، باسی یاساکانی خواوەند و عەدالەتی بۆ کردم.. ئەبێ چی بێ مەبەستی..ئەم پردە بەشەو و ڕۆژ چنگ لەسەر شانەوە ڕاومان دەنێ تەنگەتاوی کردووین.. هەندێ ڕاکشێ و لە بیری خۆتی دەرکە..

سەرۆکی وەستایان: ناتوانم..

کابان: ڕێ مەدە بە خۆت بۆڕ بدەی و هەرەس بێنی..

سەرۆکی وەستایان: لە خۆم جیانابمەوە خووم بەژانەکانمەوە گرتووە.. وەی گەر بەری دەم قوڕ بەسەر.

کابان: تۆ قسە دەکەی وەکو ئەوەی لە خودی خۆتا چاوەڕوانی نابووتییەك بیت.

سەرۆکی وەستایان: وام لێهاتووە نابووتی لە ناخیی خودی خۆمەوە سەر دەردێنێ..

کابان: چی لە ئەو شتانەی کە واس واسی کردووی؟!

سەرۆکی وەستایان : وتم پرسیار مەکە.

کابان: چاکە دووبارەی ناکەمەوە.

سەرۆکی وەستایان: بنوو..

کابان: ئەی تۆ چ دەکەیت؟! سەرلە نوێ لە شەوی ترسناکدا کۆڵانەکان پەی دەکەی؟!

سەرۆكی وەستایان: لە تەنیشتی تۆدا دەچەمێمەوە لای لایەت بۆ دەكەم. بنوو ئەتناسم و ئەزانم هاوسەری چ كەسێكی.

كابان: دەزانی بەڵام لە بیرت دەچیٚ.

سەرۆكی وەستایان: بریا ئەمتوانی ئەم شەوە لە بیرت كەم.. ئاهـ.. بریا هەر لە بیرم نەدەما كە تۆ لە دایك بوویت..

كابان: ئەی سەرۆكی وەستایان وابیٚ ڕقت لێمە.

سەرۆكی وەستایان: ڕقم لە خۆمە.. بەڕادەیەك. فامی تۆ، ناتوانیٚ دركی پیٚ بكات.

كابان: لەم شەوەدا.. بەم شێوەیە سەیرە قسەكانت دەمترسێنیٚ.

سەرۆكی وەستایان: بنوو.. هەوڵ دە خەونی تر ببینی، خەونی جوان جوان.. فرسەت لە دەست مەدە.. كیٚ دەزانیٚ شەو چەندی ماوەتەوە بنوو.. تا بەبیر سافییەوە چێژ لە شیرنی خەونەكان ببینی؟!

كابان: سەرۆكی وەستایان.. تۆ لە دڵی مندا ترس دەڕوێنی.

سەرۆكی وەستایان: نەخێر خانمەكەم. لێت دەپاڕێمەوە.. دڵگیر مەبە.. ئەم كێشەیەی تێی كەوتم.. وا هەست دەكەم تێیدا سەرناكەوم و بۆم چار ناكریٚ وادیارە زۆر ئاڵۆزە و بەقورسی چار ئەكریٚ بەنیسبەت فامی زەلامێكی وەكو من.. چی ئەڵێن.. با هەرچش ئەهۆننەوە بیٚ قسووربن. ئەم كارە هەموو بەندە بەسەربەستی خۆمەوە.. خۆشەویستم دەبیستی چ مەسەلەیەكی پووچ و نەگریسە مەسەلەی سەربەستیم لە هەڵبژاردندا بۆتە مایەی پێكەنین و گریان..

كابان: ئەی وەستا بەدی ناكەم، نازانم چییە ئەم سەربەستییە. تیٚ ناگەم لە چ گرێیەكەوە باسی ئەم شەوەت دەست پیٚ دەكەی.. من لە پێناوی تۆدا ئاڵۆز و شێواوم.. وشەكانت گرژە سەرنجیشت تاڵ و گەرمە.. هیچ كاتێك بەم شێوەیە نەمبینیوی بەڵام من لە چی بترسم، گیانم.. هەمووی بەخشیوە بە تۆ لە نێو مشتی تۆدایە.. چۆنت دەویٚ ئاوهای لیٚ بكە.. ئەگەر شایستەی شتێك هەم مشتت توند كەو بیگرە، گەر واش نەبیٚ بیدە بەر باوە با بڵاو بێتەوە بۆم نییە بیر بكەمەوە..

سەرۆكی وەستایان: بەڵام من تیٚ دەفكرم، ئەی گیانلەبەری بەستەزمان، تۆ نازانی سامانێكی بەرینت بەخشیوەتە ژیانم و چ جێیەكی بەرزت تیادا كردووە. تۆی هێمن و

بەستەزمان و ملکەچ بەم سیمایەت کە خۆگرتن و پاڕانەوەی لێ ئەتکێ.. تۆ ئەو کەسەی هەست ئەکەی قەرزاری هەموو شتێکی و هیچ شتێکیش مولکی خۆت نییە بەڵام بێ تۆ ژیانم چۆن ئەبوو. ئەی ئەو هاوسەرەی کە بەخیلیی لە مافی خۆی ئەکات ژیانم ئەبووە شتێکی پەرپووت و گیانیشم لە نێو جەستەیەکی ڕووتی تۆ تووڕ هەڵدراوە بۆ سەگەکان و...

کابان: ئەی وەستا.. تا ئەم ڕادەیە خۆشت دەوێم؟!

سەرۆکی وەستایان: بەڵێ ئەی خۆشەویستی گەشاوەم خۆشم ئەوێی(کرنووشی بۆ دەبا)

کابان: (دەست بەسەریا دەهێنێ) ئێستا تۆ ئەو منداڵەی بەسووکییەوە سەیری بایەخی خۆت دەکەی.. هەڵسە.. گوێت لێمە؟! ترس دامەدگرێ گەر لەبەر پێی زەلامێکی ناوبانگداری ئەم دونیایەدا بمێنمەوە.. ئەو بەهێزەی لەسەر ئەم زەوییەدا پەرستگان ساختمانی بڵند و گەشاوەی بنیات ناوە.. من چیم!! ئافرەتێکی دەستەوسان و بێ دەسەڵات نامەوێ بەم شێوەیە لەسەر ئەرزدا بتبینم دەمەوێ بۆ من بەرز بیت.. گەورەم بی و خۆشمت بوێ و لە ژێر دەسەڵاتی تۆدا بم ئەی وەستا هەڵسە..

سەرۆکی وەستایان: (هەڵئەستێ) ئافرەت تۆ هەندە دەربەستی من مەبە، بەردەکان فەرمان بەسەر ژیانی مندا ئەدەن، ئەو توانایەم نەما دەسەڵاتم بەسەریاندا هەبێ– وایان لێ هاتووە مێشك و جەستەم قورس دەکەن و چۆك دەنێنە سەر خۆشەویستی من بۆ تۆ و دڵە قرچێم بۆ کورەکەم بۆ نوێژەکانی بەیانیانم.. من گەمییەکی بێ گەمییەوانم.. گیانێکی نەسروەتم. لەخۆبایبوون سواری سەرم بووە و ئاگای ون کردووم.. هەست دەکەی من چیمە؟.. ئەی بەستەزمان..

کابان: بەڵێ ئەی وەستای من.. هەست دەکەم ئێش و ژانت زۆرە..

سەرۆکی وەستایان: تا ئەمڕۆ زۆرانبازیم لەگەڵ بەردەکان دەکرد و گۆرانیم دەوت و لە ناخمەوە پێدەکەنیم، جار جارەش ڕاستگۆم لەگەڵتا.. زۆرم لە دەروونم ئەکرد و ناچارم ئەکرد بۆ گۆرانی و پێکەنین.. تەنها بۆ ئەوەی بەسیمای خۆ گرتن، پیاوەتی خۆم دەرخەم.. گەنج بووم. ژیان ئاسان بوو.. خواوەند بەزەیی پیاما دەهاتەوە بەدەستەکانی لە بەهەشتا پێشوازی لێ دەکردم، بەڵێ هەندێ جاریش کەمێ زۆرم لە خۆ دەکرد و ترس و نارەحەتیەکەم دەشاردەوە... بەڵام هەرگیز ئەو کارە بەم شێوە قورس و خراپییە نەدەهاتە بەر چاوم بەڵام ئێستا ئافرەت ئێستا؟!..

کابان: ئێستا ئەم پەژارەییەت ئەڕەوێتەوە.. گەواڵەیەکی ڕەوتەنییەو تێ دەپەڕێت.. تەنها پێویستیت بەهەندێ حەوانەوە هەیە هیچی تر خۆتت زۆر ماندوو کردووە.. بەتایبەت لەم دواییەدا..

سەرۆکی وەستایان: ئەی هاوار. وا دەرناکەوێ تەنها ماندوویەتی لەم شەوەدا ئەم هەموو نارەحەتییەی بۆ دروست کردبم و مانگیش بەتەنها نییە دەستی لێ وەشاندبێتم منی نابێتە نێو ئەم پیسییەوە کارێکی ترە، چاك وایە لێی گەڕێین.. سەربەستی من بۆتە سەر باسی قسەکانیان.

زۆری لەسەر دەوترێ بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە هەواری شەیتانەکانە و تریفەی مانگیش داپۆشیوە.. لە پڕێکا لە بەردەکان گەورە بوونەوە و نەفرەت سواریان بوو و لە زەوییان دام.. ئەو کاتە خۆشییەکانم تەژێ بوو لە هێمنی و حەسانەوە و گۆرانییە بەسەرچووەکان.. کارەکان قورس بوون و بەیەکا چوون.. ڕۆشنایی دیدەم.. تانەو توانجم تێ مەگرە.. ئەگەر لەم شەوەدا برووسکەی ژان لە ناخت هەڵسێنم.. خەتای من نییە.. ئەی ماڵ خراپ..

کابان: خەتا خەتای منە.. من ئەو ئافرەتە کەم فام و کەم تەجرەبەیەم.. نەگەیشتوومەتە ئاستێ لە خەم و ژانەکانی تۆ بگەم.. بەڵام ئەوەندەش دەربەست مەبە.. لێم گەڕێ سەر بەرشتی ماڵ و مناڵ دەکەم. بیر لە تۆ دەکەم. هەست بەبەختەوەری دەکەم..

سەرۆکی وەستایان: ئەی میهرەبان لە کاتێکی ئاوەهاشدا خۆت بەخت دەکەی و بێ ئەوەی شتێکیشت بوێ..

کابان: سەد ئەوەندە چاکەت بەسەرمەوە هەیە.

سەرۆکی وەستایان: قسە شیرین. گەر نیعمەتی خواوەند ڕۆژێ داببەزێتە سەر ئەم زەوییە غەمبارە.. نازانم چی ئەبێ ئەگەر تۆ نەبی پێمی ببەخشیت ..(دائەنیشێ و ڕووی لە بینەر و جەماوەرە)

کابان: قسەکانت هێمنم ئەکاتەوە و دڵنەواییم پێ ئەبەخشێ..

سەرۆکی وەستایان: بنوو.. بایی پێویست قسانمان کرد..

کابان: وتت گۆرانیت بۆ دەڵێم..

سەرۆکی وەستایان: بنوو.. ناردوومەتە شار زیڕت بۆ بێنن.. لە ڤینیسیاش خشڵ و کەل و

پەل.. بنوو.. ئەی ئەوەی لە شاردا بەرگی پێخەفەکەت دەچنن.. چل و دوو جۆلاّ ئەی نەخشێنن..

(کابان چاوەکانی لە یەك دەنێ .. پیرێژن بەئەسپایی خۆی دەکاتە ژووریّ.. سەرنجی لەگەڵ سەرنجەکانی سەرۆکی وەستایاندا یەك دەگرێ و نیشانەی خاچ دروست دەکات)

سەرۆکی وەستایان: ئەی پیرێژن.. نیشانەی خاچ دروست دەکەی؟!

پیرێژن: خوا پشت و پەنا بێ..

سەرۆکی وەستایان: چ هێزێ وای لێ کرد نیشانەی خاچ دروست کەی کە تۆ هاتیتە ئەم ژوورەی ئینسانی زیندووی تیا نووستووە؟!

پیرێژن: وام بۆ دەرکەوت لەم ژوورەدا هەنگاوەکانی مەرگ دەبیستم.. من بمرم. مەرگ دەناسم و دەمناسێ.. گەر لێرەوە بێتە ژووریّ هەست دەکەم و دەیبینم..(دادەنەوێتە سەریەوە بەدەنگی نزمەوە گۆرانی بۆ دەڵێ)..

سەرۆکی وەستایان: (وەکو ئەوەی بوورابێتەوە تازە وەئاگا هاتبێتەوە)

مەرگ لە ماڵدا لە نوێندا لە ڕۆحمدا ئەی تارمایی شەو بووم بە دارێکی کلۆر.. ئەی چارەنووسی تاریك.. ئەوا من بەسەر یەکا ئەشکێم و بلاّو ئەبمەوە.. سلاّو و ڕێز لە کەسانی خاوەن ئەم کارە لەم ڕۆژگارەدا.. شایستەی سەر ئەم سەرپشك بوونەیە.. لە لایەن گەورەی نەعلەتیمانەوە سەپێنراوەتە سەریەوە.

بەلاّم سەربەستی بۆ کەسانی وەك من ئاساییە کەللە ڕەق.. سەرەڕۆ .. ئەی پیرێژنی میهرەبان ببیستە.. من سەربەستم.. من سەربەستم (دەردەچێ.. پیرێژن لە پاڵ نوێنەکەدا چۆك دادەدا و نوێژ دەکات)

## *دیمەنی چوارەم*

″ڕۆژی دوایی تر لە لای پردەکەدا.. سەرۆکی وەستایان لە پەنایەکدا وەستاوە و بیردەکاتەوە.. وەستاکان و هەردوو یاساوڵەکە لە سازژەنەکە کۆبوونەتەوە و ئەویش ئاواز دەخوێنێ″

سازژەن: بەم *ڕۆژگارە..*

*چل و پێنج بەنا.. شەست شاگرد*

ڕەنجیان ئەدا..
پردیان لەسەر ئاوی ئارتا
دروست دەکرد
بەڵام کاتێ شەو ئەهات
پرد ئەڕووخا

وەستاکان:

ڕەنج خەسار خۆمان، ڕۆژانی درێژ
بنیات دەنێین و شەوانیش دەڕووخێ ..

سازژەن:

چۆلەکەیەك فڕی.. فڕی
تا لەو بەر ڕووبار نیشتەوە
وەك پاساری..
وەك مەلانی تر نەی ئەخوێند..
لە مرۆڤ ئەچوو هاواری
زمانی گرت
ئەگر ئینسانێ نەنێژن
پێك نایەت.. پرد
بەڵام.. بەڵام ئاگادار بن
ئەو کەسەی هەڵی ئەبژێرن
نەغەریب بێ و نە ئاوارە
ئەزانن کێ؟!
ژنی جوانی وەستا باشی
ئەو بنێژن

وەستاکان:

ناڵە چیاکان پڕ دەکاتەوە.. فرمێسك پێ دەشتەکانی گرتۆتەوە..

سازژەن:

خۆر و بای وەشت و هەڵۆم کرد

بەپاسەوان..

خۆر لەسەر شاخ

بای وەشت بۆ پرد..

هەڵۆ ئێشکی کێڵگەی ئەگرت.

بەڵام دوایی خۆر ئاوا بوو

هەڵۆی چاو تیژ.. وەنەوز گرتی

بای وەشت.. شەپۆل هات و بردی

ئەوسا مردن

دەرفەتێکی وای بۆ ڕەخسا

بتفرێنێ و پرت پیاکا..

وەستاکان: ئێستا ئەی ئاسمان بناڵێنە و دەنگی برووسکەت بێ.. ئێستا ئەی ئاسمان باران دابارێنە سەر کێڵگەکان و بەفریش بەسەر چیاکاندا ببارێنە.

سازژەن: ئەو شاخانە بەختەوەرن

ئەو کێڵگانە بەختەوەرن

نە چاوەڕێن بیانکوژن

نە ئەشمرن..

ئەوان چاوە ڕێی بەهارن

ئەوان چاوەڕێی هاوینی

جوانی لادێ و،

شۆخی شارن.

"یاریدەدەری دێتە ژووری و باسکی ڕاستی پێچاوە"

یاریدەدەر: ئەوا هات، لە ڕێدا کراسەکەیم بۆ دەرکەوت.

سەرۆکی وەستایان: بەخێر بێت.

یاریدەدر: چی پێ ئەڵێیت؟

سەرۆکی وەستایان: نازانم..

یاریدەدەر: دەبێ حیکایەتێکی بۆ بدۆزینەوە.

سەرۆکی وەستایان: نازانم حیکایەت بڵێم..

یاریدەدەر: پێویست ئەکات نەیترسێنین لەبەر بەرژەوەندی ئەو... ئەبێ بەهێمنییەوە بیبەین. تا خەم نەخوات

سەرۆکی وەستایان: گەر خەمی خوارد چییە؟ بۆ خەم سواری ئێمەیش نەبووە؟

یاریدەدەر: بەستەزمانە.. بەزەییشمان پیایا نەیەتەوە؟!

سەرۆکی وەستایان: ئەی پیاو.. بەسە درۆ.. بەسە خەم.. دڵناسکیتان لە ڕادەبەدەر بووە.. بۆ ئێمەش جانەوەر نین؟! چاك سەیرمان بکە. سەیری خۆتیش بکە.. گەر بتوانی ئاوێنەیەك وەدەست بێنی چی دەبینی جگە لە مێگەڵێ جانەوەری برسی و ترسناك، تینوێتییان بۆ خوێن کردومان گەر بۆنی نێچیرت کرد ئیتر خۆت لە مەلاس دەنێیت لە شەرم گەڕێ. بەسە با ڕووە راستەقینەکەی خۆمان نەپۆشین.

یاریدەدەر: ماڵ وێرانی چارە ڕەش. بێ دەنگ بە وەك نەخۆشێ یا منالێ عەقڵی ون کردبێ قسان دەکەی..

سەرۆکی وەستایان: ئەترسی.. ڕاستی ببیستی، ئەی پیاوی ئاقڵ، دوێنێ شەو خۆشحاڵ بووم کە ڕایە درووستەکانتم بیست. بەڵام ئەو چۆن بوو لە ڕووی وازییەکانی شەوی نەفرەت لێکراودا.. تۆ کارەکانت لەگەڵ شەو و هەموو شتێکدا مەیسەر کردووە بۆ ماوەیەك عەقڵت نەحەوایەوە و بەزوویی چارەسەرێکی مام ناوەندیت دۆزییەوە. دڵناسکی و بەزەییت دۆزییەوە.

یاریدەدەر: لە هەموو کەسێك زیاتر بەزەییم بە تۆدا دێتەوە، هەست دەکەم چەند ئازار دەچێژی.. دڵم بۆ تۆ لەت لەت ئەبێ، هەر وەکو ئەوەی برای من بیت. بەڵام ناشبێت لێت گەڕێم بەم شێوەیە قسە بکەیت.. ئێمە ئەوە وا تۆ ئەیڵێی ئێمە وەستای بەشەرەف و کرێکارانی بەتوانایین. حەزمان لە کارەکانمان زۆرە بەختەوەر دەبین لە ئەنجامی بێنین تا ئەم حەزەی ئازارمان ئەدات ئازاد بین. تۆ لە ئێمە زیاتر حەزت پێیەتی.. ئیتر بۆ هاوار دەکەیت و هەڵدەچی.

که دەزانی جگە لەم ڕێیە چ ڕێیەکی دیمان نییە.. ئێمە کە خۆمان داوامان لێ ئەکەن ئەڵێین، پێویستە و نەفرەتە و سەری بۆ شۆڕ ئەکەین و پێی قایلین.. کاری ئێمە ئەوە نییە زۆرانبازی لەگەڵ شەیتانەکاندا بکەین، بەڵکو بەئیمانی پیاوەتی و ئازایەتییەوە بەردەکان لەسەر یەکتری دائەنێین.

سەرۆکی وەستایان: (پێدەکەنێ) ئیمان، پیاوەتی.. ئازایەتی.. لەم قسە بەتاڵانە گەڕێن.. ئەمە بوو کە چاوەڕێمان ئەکرد . تا دەست بەکاری دروست کەین بەعەقڵێکی رووناك و ویژدانێکی ئاسوودەوە ڕووی تێ کەین.. ئەی هاوڕێیان ورەتان بەرز کەنەوە..

یاریدەدەر: بێ دەنگ بە، دوایی هەموومان تووشی شێتی ئەکەیت..(کابان دێتە ژوورەوە)

کابان: سلاو ئەی وەستایان(هەندێ پێدەکەنێ) چیتان لێ قەوماوە وا بێدەنگ و گرژبوون.. ماتەمینی دایگرتوون...

یاریدەدەر: کرێکارانی پردەکە سلاویان بۆت هەیە خانم..

کابان: بەلام.. کارەکەتان بۆ وەستاوە.. سەرۆکی وەستایانیش بەپەلە ناردوویەتی بەدواما، دەستم لە هەموو شتێ تەکان بەدوای بانگەوازەکەیەوە هاتم، بۆ ئەوەندە دڵ گرانە و لام لێ ناکاتەوە؟!

یاریدەدەر: لێی ببوورە خانم.. خەمێکی گەورە چۆکی ناوەتە سەر سنگی، خەتای تۆی تیا نییە.. ئالەوێدا لە ژێر چینی یەکەمی ئەستوونەکاندا، لە چاڵێکی قووڵدا..

سەرۆکی وەستایان: بێ دەنگ بە..

یاریدەدەر: بەڵێ گەورەم.

کابان: لەو چاڵەوە چیت بەسەر هاتووە؟!

سەرۆکی وەستایان: چیم بەسەر هاتووە. ئایا پێویستە لە هەموو شتێ بپرسی؟!

کابان: تۆ بۆ ئێرەت بانگ نەکردووم، بۆم نییە بپرسم. چیت لێم ئەوێ؟

سەرۆکی وەستایان: هەمیشە بەپەلەی بۆ ئەو شوێنەی بتەوێ ئەڕۆیت و ئەگەیت پێش ئەوەی چاوەڕێش بکرێی.

کابان: ئەی وەستا تۆ داوات لە من کرد پەلە بکەم.. تۆ نەتوت چاوەڕێی هاتنت ئەکەم.. ئێستا..

سەرۆکی وەستایان: وتم. پەشیمان بوومەوە لەوەی وتم من ئەڵێم.. لە قسەکەم پەشیمان

ئەبمەوە.. ناتوانم بزانم ئێستا لە کوێدام؟! سەرم لێ شێواوە.

کابان: چاکە دەبا بگەڕێمەوە.

سەرۆکی وەستایان: کەیفی خۆتە.

یاریدەدەر:  وابێ ئەڕوات.. گەورەم.

سەرۆکی وەستایان: ئەمێنێتەوە؟! ئەڕوات.. پێویستە لە سەرم.. هەر ساتە و بڕیارێ بدەم.

یاریدەدەر: هەموو وامان ئەزانی بڕیاری خۆتت داوە.. بەڵام کە ئەترسی و پاشگەز ئەبیتەوە.

سەرۆکی وەستایان: لەم کارە گەڕێ. ئەزانم چ هەستێکتان بەرامبەرر بە من هەیە هەست ئەکەم گەر بگەڕێتەوە وەکو شێت ئەکەوینە دوایەوە و ئەیگەڕێنینەوە.. چار نییە.. ئەمە ئەبینم.. حیکایەتەکەت تەواو مادامێ دەستت پێ کرد.. تەواوی کە..

کابان: ڕەنگە زۆر سەیر بێ و بەگرانیش بگەڕێتەوە ئەم حەکایەتەی منتان بۆ هێناوە گوێی لێ گرم، مادام ئەم هەموو چرپە چرپەی سازداوە دەبێ بە گرانیش بکەوێتەوە.

یاریدەدەر: خانمەکەم.. ئا ئەمە هەموو کارەکەیە. ئەموستیلەی خوازبێنی لە دەستی سەرۆکمان کەوتە نێو ئەم چاڵەی کە پێتم گوت.. وەستاکان ئەمەیان بەوە زانی کە شوومییێکی قورس ڕوویان تێ ئەکات و مانیان لە کارگرتووە.. یا ئەمە ئیشارەتێکی خواوەندە کە ئەم پردە لە جارێ زیاتر دروستمان کردووە نەگبەتیمان بۆ ساز دەکات.

کابان: پیاوان.. وام ئەزانی شتێکی ترسناك دەبیستم بەڵام وادیارە بوونەتەوە بە منداڵ.

یاریدەدەر: مەپرسە خانم. بەدرێژایی ئەوڕۆ باسیان بۆ ئەکەم و هەوڵیان بۆ ئەدەم. پاشان توانیم وابکەم بزانن گەر ئەموستیلەکە دۆزرایەوە ئەتوانن بێ ترس دەست بەکار بکەنەوە.. بەڵام کەسێکیان زاتی ئەوەیان نییە دابەزنە نێو چاڵەکەوە.. تا نایەڵن نە من نە سەرۆکی وەستایان دابەزێتە نێویەوە.. گەوجێتییان وای بۆ نواندوون بۆ ئەوەی سیحرەکە بتەکێنن دەبێت ئێوە دابەزنە نێویەوە.. ئا ئەوەتا بەم شێوەیە لکاونەتە ژیانەوە لە ڕای خۆیان پەشیمان نابنەوە..

کابان:  ئا ئەمەیە غەمباری کردوویت.. ئەی سەرۆکی وەستایان.. هەر ئێستا دائەبەزم و بۆی ئەگەڕێم و ئەیدۆزمەوە.

سەرۆکی وەستایان: ئەوەی خواوەند ڕێت نیشان ئەدات بیکە.

کابان: هاوسەری چاکم.. لە ڕێی هاتنمدا ئاسمان سامال و شین بوو هەر وەکو ئەوەی ئەمڕۆ سەرەتای دروستبوونی بێت.. کێڵگەکان پڕ بوون لە بۆن و بەرامەی بەهەشت.. ڕووناکی پڕ بوو لە خۆشی و ئالۆزی.. خواوەند لە نێو ئەم شتانەدا دیار بوو نەمدەتوانی قسەی لەگەڵ بکەم وەك ئەوەی کاتی گوێگرتنی نەبێ.. بەڵام وا دیارە یەکێ لە باوەڕ پێکراوەکانی ئاگای لە من بوو یەکێ بوو لەوانەی پەیام دەگەیەنێتە ئەم خەڵکە.. ڕەنگیشە ئەمانەم لە خەوا بینیبێ.. من بەش بەحاڵی خۆم لە دوێنێوە هەندێك تێك ئالاوم وەك دەمبینی چاك ناکەوێتە بیرمەوە.. بەڵام وشەی خواوەند دەروونم گەرم دەکاتەوە بەجورئەت و هیواوە بێم بۆ لات.

سەرۆکی وەستایان: مادام لەگەڵ خواوەندی خۆت ڕێککەوتوویت هیچ پێویستیمان بە گفتوگۆ نییە.. ئەبێ منیش بەشێوەیەك ببمە کەرەستەیەك لە کەرەستەکان. لەبەر ئەوەی نارەواو گاڵتەجارییە کە ئەو ئەم کارە بڕیاردا و منیش بۆی وەجێ دێنم.. ئەم شتانەی کە ڕوو ئەدات، هەڵبەتە بەدڵیەتی پیرۆزی دەکات بەشێوەیەکی تر .. گەر وانەبێ بەچی باوەڕ بێنم..

یاریدەدەر: با لە خواوەند گەڕێین. کات لە دەست نەدەین.. تۆ ئامادەی ئەی بانۆی دڵساف؟!

کابان: بەڵێ.. بۆ کوێ پێویست ئەکات دابەزم.

یاریدەدەر: بەیارمەتیت لێرەوە وەرە..(بەرەو لێواری چاڵێك دەیبات کە لەژێر هەندێ ئەستووندایە).

کابان: بمبەستنەوە.. دەی بمبەستنەوە چراکەم بدەنێ(چرایەکی ڕۆشنی دەدەنێ) یارمەتی دابەزینم بدەن. (یارمەتی دەدەن ..دادەبەزێ.. وەستاکان پەتەکە شل دەکەنەوە)

یاریدەدەر: گەیشتیتە بن .. خانم..

دەنگی کابان: گەیشتم..

یاریدەدەر: شتێکت دۆزییەوە؟!

دەنگی کابان: من دەگەڕێم..

یاریدەدەر: لە گەڕان بەردەوام بە خانم.. جارێکی دی بۆی بگەڕێ خانمی میهرەبان..(بەسەرۆکی وەستایان) گەورەم ئێمە چاوەڕێی فەرمانتین.

سەرۆکی وەستایان: برایانم. ئەتانەوێ فەرمان بدەم..

وەستاکان: بەوەی ئەیبینی.. بەوەی دڵت پێت دەڵێ و خواوەند ئەیەوێ..

سەرۆکی وەستایان: فەرمان بدەم قوتابییەکانم؟! فەرمان بدەم برایان..؟

وەستاکان: بەوەی ئەتەوێ .. ئەی سەرۆك.. بەوەی ڕۆحت پێوە بەندە. بەوەی بە ڕاستی دەزانیت.

سەرۆکی وەستایان: ڕاستی.. درووستی،، خواوەند.. ڕاستی.. فەرمان بدەم.. ئەی برادەران..

وەستاکان: سەرۆك چیت ئەوێ؟! ئەی سەرۆك بڵێ..

دەنگی کابان: ئەی پیاوی چاك، پەتەکە ڕاکێشن، ترس دایگرتووم هێزم لە بەر بڕاوە..

یاریدەدەر: کۆتایی پێ بێنە.. گەر شایستەی ئەوەی حوکمڕانی ئەم هەمووە بکەی.. بەزەییت پێمانا بێتەوە با بەزەییت بەوەدا نەبێتەوە..

سەرۆکی وەستایان: ئەی ئازایان. ئەتانەوێ فەرمان بدەم.. بەزەییم پێتانا بێتەوە.. حوکمڕانیتان بکەم.. ئەی پیاوانی چاك. ئێستا پەتەکە بەدەستی منەوەیە.. ئەی هاوڕێیانی پردی ئارتا ئەی ئەوانەی زۆرانبازی لەگەڵ بەرددا دەکەن.. ئەی ئەوانەی شایستەی سەر بەرزی ستایشن. سەرۆکتان بڕیاری دا بەزەیی نەیەت و لە خۆ بووریٚ... بەو شتەی دڵە ڕەقەکانتان ئەیەوێ.. من فەرمان ئەدەم.. سەری چاڵەکە بگرن..

(هەموو وەستاکان ڕوو لە چاڵەکە دەکەن بەکۆمەڵ تووشی شێتییەتی بوون.. بەپەلە سەری چاڵەکە دەگرن سەرۆکی وەستایان بەردێکی گەورە دەنێتە سەر کەڵەکە کراوەکانی.. سەر چاڵەکە.. سازژەن ئاواز دەخوێنێ وەستاکانیش سەری چاڵەکە دەگرن.. ئەم ووشانە لە دەم وەستاکان و یاساوڵی دووەم و سەرۆکی وەستاکانەوە دەردەپەڕێ لە گەرمەی ئەم ئیشەیاندا دووبارەی دەکەنەوە)

وەستاکان: کەرەستەکان.. قیر.. بێڵ و پاچ.. یاڵڵا.. تێکڕا ون بە ئەی هەژاری. هێرش بەرن.. هێرش بەرن یاڵڵا لەسەرخۆ.. گەشتین وەرن ڕزگار بووین. بە بەرەکەتی خوا .. یاڵڵا. چیت لێ بکەم ئافرەتی بەستەزمان کێ ڕزگارت دەکات لە چارەنووسی ڕەش و تاریك؟! خەتا.. خەتای کەس نییە.. ئەی ڕۆحی ونبوو یاڵڵا وەرن کۆتای پێ بێنن.. سەربەست بن.. وەرن ڕزگاربین یاڵڵا با سیحرەکە بکەینەوە.. چاوەزاری لە ناو بەرین..

ببینەوە بە ئینسان.. بە بەشەر.. یاڵڵا .. بێڵ پاچ ..قیر.. کەرەستەکان..

یاساولی–٢: بۆ..بۆ؟! ئەی گەنجەکان.. بۆ ئەمەتان کرد.. برایان..بۆ؟! بۆ؟ بۆ؟! بۆ؟!

سەرۆکی وەستایان: ئەم سەر و ئەو سەر دەکات هانیان دەدات. یاڵڵا.. یاڵڵا. کار... سەربەستی.. یاڵڵا.. کوتەکێکی تر بەتوندی بیکوتن.. چاڵەکە بەتوندی بگرن.. نەوەك لە دەستتان دەرپەڕێ.. چاك وریا بن یاڵڵا ئەی وەستایانی شارەزا.. لە پێناوی پرۆژە گەورەکەمان.. لە پێناوی سەربەستی بەنرخمان.. خۆ بگرن بیکوتن.. قەلامان لە دەست شەیتان سەندەوە.. پردی ئارتای نەفرەت لێکراو و کینەدارمان لە دەست سەندەوە.. یاڵڵا پیاوەکانم... گەنجەکانم.. رۆڵەکانم جارێکی تر..

یاساولی–٢: هاوڕێیانم بۆ بۆ؟! بۆ خودایە؟! بۆ؟! بۆ؟!

(پیرێژن دێت. کار دەوەستێت . پیرێژن دێتە پێش).

پیرێژن: کچەکەم.

یاریدەدەر: پیرێژن تۆ کچت نییە.

پیرێژن: (بەسەرۆکی وەستایان)

کچەکەم.. خێزانەکەت.

سەرۆکی وەستایان: خێزانم نییە.

یاریدەدەر: دڵت بمەیێنە.. خۆت هان دە کارەکە پێویست بوو.

پیرێژن: باسی چی پێویستییەك.. ئەی خەڵکی زاڵم..

یاریدەدەر: ژیانی ئەو و ژیانی ئێمە فەرمانی دا.. پێویستی کارەکەمان وا بوو.

پیرێژن: ئەی خەڵکی دڵ ڕەق.. چیتان لە کچەکەم کرد؟!

یاریدەدەر: پێویستیەکان فەرمانی خۆیان هەیە ئێمەش کەرەستەکەین.

پیرێژن: ئەی خەڵکی فێڵباز داوای کچەکەمتان لێ دەکەم..

سەرۆکی وەستایان: ویستم ڕایگرم و ڕێی لێ بگرم. وتی لەگەڵ خوای خۆمدا ڕێکەوتووم.

پیرێژن: ئەی خەڵکی جانەوەر کوا کچەکەم؟! کوانێ پارچەی جەرگم کاکڵەی دڵم..

سەرۆکی وەستایان: ئەی پیرێژن. سەرەتای ژیانت بەئاسوودەیی و بەختەوەرییەوە بەسەر بردووە ئەم کارەش بەسەبرەوە وەرگرە، ژیانت و بەشی خۆت لەو دونیایە وەرگرتووە..

ئەوەتا حیسابت دا.. ئەوەی ئەتزانی بەسەر چوو.. ڕۆژگار لاپەڕەیەکی نوێی کردەوە کچە جوانەکەت. گەورە و میهرەبانمان خۆی بەخت کرد تا پردی ئارتا بوەستێ بە پێوە.. ئەوەتا. لە نێو بەردەکانا لە چاڵ نراوە..

پیرێژن: بەر نەفرەت و لەناوچوون کەون.

یاریدەدەر: ئەستوونەکان تا ئەبەد ئەبن بە ڕایەخی ڕۆحی ئەم کارە بزورگەی ئێمەش، جوانییەکەی دەگەشێنێتەوە ڕۆح سووکی و هێمنی پێ دەبەخشێ پیرۆزی پێوە دەلکێ..

پیرێژن: نەفرەت لە پرد بێ، نەفرەت لە کرێکاران بێ. ئای لەم قوڕبەسەرییە..

یاریدەدەر: گەر بەزەییت بە بەشەردا دێتەوە قسەکانت بگۆڕە. لەبەر ئەوەی پردی ئارتا بۆ خۆمان دروست ناکەین .. بەڵکو بۆ ئەم نیشتیمانەیە کە ئێمە لە خزمەتی داین، بۆ ئەو گەلەیە کە هیوای پێ بەستووین.. بۆ ئەو بەشەرانەیە لە داهاتوودا بەسەریان ئەپەڕنەوە.. بێ ئەوەی بمانناسن سوپاس دەکرێین لە نەفرەتەکە پەشیمان بەرەوە.. پیرێژن بیر کەرەوە ڕۆژێك تۆیش گیانت دەسپێرێتە. خواوەند.

پیرێژن: نەفرەت لە پردی ئارتا بێ.. بلەرزێتەوە.. هەر کاتێ پرچم وەری ڕێبوارانی لەسەر پەرینەوە. نەفرەت لەو وەستایانەی دروستیان کردووە. نەفرەت لە شار.. لەگەڵ ئای لەم قوڕبەسەری و ڕۆژ ڕەشییە...(دەکەوێتە سەر بەردەکان و دەگری.. ناو بەناوێ گریانەکەی تێکەڵ بەگۆرانی ئەوان ئەبێ)

سازژەن: زۆر دەمێك بوو.. ئامادە بووی

ملی ڕێگەی گەشتێکی دوور

*بگری و بڕۆی*

*ئەی بۆ هەواڵ؟!*

*من حەز دەکەم تۆ بەدایکت ڕاگەیەنی*

*کە ئەتەوێ جارێکی تر*

*بێیتەوە ماڵ*

*من ئەمەوێ دەست لە هیوا و*

خۆزگە نەشۆم..

*لەسەر ڕێتا،*

فەرشی گوڵ بێنم.. بۆتی ڕایەخم

لە حەوشەو ژوورو و هەیواندا

چراخانێ بۆ تۆ هەڵکەم

کام خۆراك خۆش و بەتامە

بۆ نیوەڕۆ.. بۆ شێوانت

ئامادەی کەم

کەی دێتەوە؟!

جێگەی نووستنت بۆ داخەم.

وەستاکان: ئەو ڕێگەیەی کە پیایدا ڕۆیشت لێوەی نەهاتەوە کەوتە ناو کەژو کێوی لە بیرچوونەوە و بیری نەماوە و زەوی ڕائەخست و بەردی بەخۆیا دادا.

سازژەن: کێ گرێ نا بەناو ڕەزو بێستانەوە؟!

پەرژین سووتا.. بێستان سووتا

جووتە داری خوشك.. سووتان

یەکەم سووتاو کەوت بەلادا

دووەم سووتا و بەڵام نەکەوت

ئەوەیان کە سووتاو لار بۆوە

غەمی دنیای لە کۆڵ بۆوە

ئەمیان کە سووتاش و نەکەوت

چاوی بەهەزار ئەندێشەی

داهاتووی کەوت..

وەستاکان: بەرەو کەژ..

بەرەو کەژ و کێوی لە بیرچوونەوەو

شیو و چەمی بێ دەنگی ڕۆیشت

ئەی مانگی مایۆی تەڕ.. ئەی مانگی

ئەپریلی گەشاوە

*ئەی ئەپریلی پڕ بەر و ئەی مایۆی*

*نازدارو خۆشەویست*

سازژەن: *چل و پێنج بەنا.. شەست شاگرد*

*لەسەر ڕووبارەکەی ئارتا*

*پردی مەبەستیان دروست کرد*

*ئەوسا ئیتر*

*فرمێسکی چاو وشکی کردو،*

*لاوانەوەش یەخەی دڵی،*

*پەستی بەردا*

یاساوڵی-٢: چ چارەیەکی ڕەشی هەبوو.. بۆ..ئەی گەنجان بۆ؟!

یاساوڵی-١: بێ دەنگ بە گوێ لە تۆ بگرین یان ئەو غەمەی وا ئەمان خوا.

یاساوڵی-٢: بۆ ئەی گەورەکانم؟! بۆ ئەی یەسوع، ئەی مەریەمی پاکیزە.

یاساوڵی-١: بێ دەنگ بە، وتم بێ دەنگ بە، ئەی نابینی برووسکەکەیش گاڵتەمان پێ دەکات..

یاساوڵی-٢: بۆ؟! ئەم نەفرەت لێکراوە دەستی بەسەردا گرتووین. ئەم گوناهە. ئەم نەگبەتییە گەورەیە.

یاساوڵی-١: جارێ. دووان. پێم وتی دەمت بگرە ئەگینا من بۆتی دەگرم.

یاساوڵی-٢: ئەی وریا.. بۆ؟! قسەکانم دروستە.. دروستە..

یاساوڵی-١: ئەتکوژم..

یاساوڵی-٢: بمکوژە..بۆ؟!

یاساوڵی-١: بۆ؟! ئەی پیاو... دەپرسی، کەسێك هەیە بزانێ بۆ. ڕەنگە وات زانیبێ جگە لە تۆ کەسی تر نییە بەئازارەوە بتلێتەوە نەفرەتمان لێی بێ.. ئەی هاوڕێیان.. با نەگبەتی ڕوومان تێکا.

وەستاکان و یاساوڵەکە: ئەمە چۆن ڕووی دا؟! چۆن کردتان؟! چۆن توانیتان؟! چۆن بەرگریتان کرد بۆ؟! کێ بووەتە هۆی ئەو خەتایە؟! کێ دەستی پێکرد؟! کێ وای لێ کردین بکەوینە دوای ئەم کارە؟! کێ چاومانی کوێر کرد؟! بۆ ئەوەی دەسەڵاتی هەیە،

ئەوەی فەرمانێ دەردەکات بڕیار دەدات بۆ گوێتان  لێ گرت؟! بۆ؟! کارەکە زۆر پێویست بوو..کارەکە فێڵ و بیر بوو.. گوناهـ و نابووتی بوو.. بەڕەڵایی و کوێری بوو، بۆ ترس و ترسنۆکی بوو بۆ؟! لە سیحر ئازادین، کرێکەمان لە قەباڵە ڕزگار کردبوو.. گەڕان بوو بۆ هێمنی و خۆشی و بەڵام ئاڵۆزی و شێواویمان تووش بوو، شەڕ، هیلاکی.. بێ ئومێدی، کاتی ڕەشی.. ئێوە پیاو نین لاڕێ گرتوون، دزن.. جەردەن، بۆرە پیاون، بێ کەڵکن، نزم و سەر شۆڕن، شایستەی ئەوەن دڵیان بەئێوە بسووتێ.. هەموویان.. هەموویان ونبوون، سون کلۆری کردووین، شێتین.. بۆ؟! بۆ؟!

پیرێژن: (هەڵدەستێ، هێمنی  دەستی بەسەر دەروونیا گرتووەو پێش دەکەوێ) با پردەکە وەکو دڵی پۆڵایینت پتەوبێ. ڕێبواریش وەکو پرچت ئاسنین بن..

وەستاکان: (دڵنەوا بوونەتەوە) ئامین..

پیرێژن: ئەی کچەکەم هێمن بەوە.. ئەو نەفرەتەی ڕژانمە سەر پردی ئارتاوە.. نارەحەتت نەکات. پەشیمان بوومەوە، مادامێ ئەمە چارەنووست بوو با ئەم پردە گەشە لەسەر تۆدا بچەسپێت، لەبەر خاتری تۆ با پاك ببێتەوە.. مەریەمی پاکیزە توندی و خۆشەویستی پێ ببەخشێ بەرەکەتی ئاسمانی بۆ بێنێ.. ئەم کرێکارە بەستەزمانە خولیای سەر کێشی و کار کوێری کردبوون پێویستی ئەم کارە سەختەیان ئەوە بوو سەری چاڵەکە بە بەرد بگرن. مل کەچی فرمانێ بوون لە دەسەڵاتی خۆیان زیاتر بوو، با لەمنیش ببوریت.. مناڵن. ئەم گڕتێبەربوانە، دڕەندەو بێ تاوانن.. بە(سەرۆکی وەستایان) بەڵام تۆ ئەی پیاوی کوێرەوەری ئەی ئەو کەسەی بیرت کردەوە و بڕیارت دا.. چ سوودی هەیە گەر نەفرەت بڕێژمە سەرتەوە یان لێت ببوورم.. ئیتر کێ لە تەنیشتت دەوەستێ و پشتت پێ دەبەستێ. تۆ هەتا هەتایە ئیتر لە ئینسان دابڕاوی. تۆلەمەودوا لە ئێمە نیت. کەس پێت قایل نابێ.. هاوڕێکانت پشتت لێ هەڵدەکەن.. هەر کە ئەم سیحرەیە بەریان بات گەلەکەشت دوورت دەخاتەوە.. کوڕەکەشت بەجێت دێڵێ هەر کە هەستی کرد جەنابتان خێوی دابڕین و تەنیایی ئاڵاوەتەوە دەورتەوە.. دڵی هیچ بەنی ئادەمێ لەمەو دوا بۆتۆ ناسووتێ.. تاڵی و ئێشت کەم ناکاتەوە. ئاوارەو سەرگەردان لە وڵاتەکەتەوە بۆ وڵاتی غەریبی دەسوڕێیتەوە. مناڵان دەلەرزن، گەر بەتەنیشتیانا بڕۆیت، وەیل بۆ تۆ، وەیل  بۆ تۆ، (دەڕوات هەندێ بێ دەنگی)

یاریدەدەر: ئەی هاوڕێیان.. کارەکەمان بانگمان دەکات (هەندێ بێ دەنگی) چاوەڕێی چی دەکەن؟!

(هەندێ بێ دەنگی)

چیتانە. ئەی پیاوانی بێ ئاگا خۆتانتان لە بیر کردووە.. بۆ دەمتان داچەقاندەوە و سەیرم دەکەن؟! من بانگتان دەکەم ئێستاش کاتی کارە.. (ورتە ورت لە وەستاکانەوە دەست پێ دەکات بە هەڕەشە ئامێزن)..بۆ وا خێسە دەکەن وا گرژ بوونەتەوە.. ئەمە یاخیبوونی ڕاستییە..

وەستاکان: (کەرەستەکانیان فڕێ دەدەن)

با بڕووخێ.. با بڕووخێ..

یاریدەدەر: پیاوانی گێڕو شێت. پشت لەکار دەکەن پڕۆژە گەورەکانتان پشت گوێ ئەخەن؟!

وەستاکان: با بڕوخێ پڕۆژەکە. با بڕوخێ کارکردن..

یاریدەدەر: ئینکاری ئەو پەیمانە دەکەن کە دابووتان.. پشتتان لە سەرۆك و مامۆستاتان ئەکەن؟!

وەستاکان: با بڕووخێ..با بڕووخێ پیاو کوژ.

یاریدەدەر: ئێوە پیاو کوژن..

وەستاکان: با بڕووخێ ئەوەی کوێری کردین. با قوتابی شەیتانان بڕووخێت.. بڕووخێ ئەو خائنەی هۆشی بردین نەفرەتی بۆ هێناین و وای لێ کردین خەتا بکەین.. با پردی ئارتا بڕووخێ.. بڕووخێ خوێنڕێژ.. بڕووخێ فێڵباز.

سەرۆکی وەستایان: (لەپڕ دەسەلات دەست بەسەر هەرایەکەدا دەگرێ) ئەی هاوڕێیان، ئەم بزووتنەوەیە ڕاگرن وەبیری خۆتانی بێننەوە کە ئێوە کێن و چ ئامانجێ لە ڕۆخی ئـەم ڕووبـارەدا کـۆی کـردوونـەتـەوە.. بـۆ ئـێوە تـەنـهـا ئـەو کـۆمـەڵـەن سەربـەخـۆ کۆبوونەتەوە تا بەم شێوەیە بڕوخێن و هەرەس بێنن کە مێشێکیش پێتانەوە بدات.. ئێوە وەستای بەردەستم نین؟! من سەرۆکی ئێوە نیم؟! هەنگاو هەنگاو یۆنانمان نەچاندووە تێکڕا بەعەشق و ژانەوە زۆرانمان لەگەڵ بەردەکاندا نەکردووە؟! قەڵاو ساختمان و کڵێسە و بورجی بەرزو سەرکەشمان دروست نەکردووە.. با تەنها گەل ببێتە جێی سەرنجتان.. گەل ڕێزو سوپاسی بۆ ئێوە هەیە.. باوەڕی بەئێوە داوە.. بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەم پڕۆژە نوێیەن کە پەیمان و ئامانجی بەدیهێنانیتان داوە.. گەورەترین پڕۆژەکانتانە ڕۆحیشمان بە پەرۆشەوە چاوەڕوانیەتی. گەر بەرز نەبێتەوە لە ژێر تیشکی هەتاودا وەکو زێڕ نەبریقێتەوە، بەرگری لە ڕەشەبای شێت و سەرکێش

ناکات.. ئەی هاوڕێیان وریا بنەوە، لە تەنیشتتان جیا نابمەوە، تا دەتان گەیەنمە لەنگەری تەواو بوون.. دوای ئەوە گەر ئێسکم قورس بوو ڕوخسارم بەدڵتان نەبوو دەرم کەن و توڕوم هەڵدەن، لێم جیا ببنەوە. چۆنتان ئەوێ بیکەن.. ئەمە مافی خۆتانەو ڕەوایە.. بەڵام ئێستا کاتی جەنگە. من داواتان لێ ئەکەم وە بەسەرتانا ئەنەڕێنم.. بۆ پێشەوە..

(بەبێ دەنگییەکەوە وەستاکان کەرەستەکانیان کۆ دەکەنەوە لەبەردەکان کۆ دەبنەوە وردە، وردە هەرای کار دەست پێ دەکات).

سازژەن: *چل و پێنج بەنا.. شەست شاگرد*

*لەسەر ڕووباری ئارتا*

*پردی مەبەستیان دروست کرد*

*ئەوسا ئیتر*

*فرمێسکی چاو وشکی کردو،*

*لاوانەوەش یەخەی دڵی،*

*پەستی بەردا*

یاساولێ-٢: بۆ؟! ئەی گەنجان بۆ؟!

(لەلایەکەوە دەکەوێ و دەست بەگریان دەکات.. کار بەردەوام دەبێ..)

سازژەن: *هەی کەشتییەکەی سێ گۆشە ڕوو*

*هەڵگری زیو*

*ئەی دنیا دیو..*

*چارۆکە ئاورشمین و*

*سەوڵت لە زیو..*

*پەت چارۆگەی لە زاخاوی زێڕ*

*هەڵکێشراو*

*ئەی هاوڕێی ئاو*

*ئەی پەتی چارۆگە ئاڵتوونی*

**دیمەنی پێنجەم**

(چەند ساڵێك تێپەڕیوە ئێمە لە نزیكی شارێكەوەین لە لای چەپی بینەرەوە قەڵای ساختمانێكی زۆر دەرگا و بورجی كڵێسەكان.. لای ڕاستیش چۆڵییە.. لە قووڵایی شانۆدا پردێكی بەرز و ڕێك دیارە.. كات شەوە، هەندێ كوڕ و كچ سەما ئەكەن وە گۆرانی دەڵێن، منداڵانی بچووك لە نێوان سەیركەرەكاندا گەمە دەكەن و پێدەكەنن..

كچۆڵەكان: وەرن هەموو تێچریكێنین

با دڵی پیس هەر شەق بەرێ

زەهر بكا بەگەروویدا و

بۆ خۆی بمرێ

كوڕان: *دەی مامە گیان*

*دەست دابگرە لەسەر سەمتوور*

*لە سازەكەت*

*وەهای لێدە*

*سەرخۆشمان كات*

بەشكو ئەو چاو ڕەشە جوانە

*پەسندمان كات*

كچان: *با دڵی پیس هەر شەق بەرێ*

*بڕوا و بمرێ*

ئێمە بەكۆمەڵ *گۆرانی و*

بەستە دەڵێین.

تۆ گوێ بگرە

ڕەقیب بمرە

كوڕان: *خاڵۆی سازژەن*

*دەدەی چاك.. چاك*

دەست دابگرە لەسەر سازەکەت

چەندت بویَ لە پارە و پول

من ئەتدەمیَ

یان لەم کۆڕی سەمایەدا

کچێکت بۆ دیاری ئەکەم

لە جێی کریَ

کچان: من گۆرانی ئەوین نالێم

دڵداری لەگەڵ کەس ناکەم

بەڵێن بەهیچ کوڕیَ نادەم

من گۆرانی ئەڵێم هەتا

گیانم شاد بیَ و،

بگاتە خوا

کوڕان: تۆ فریشتەی

ئەی گڵێنەی هەردوو چاوم

سەمات. سەمای پەرییانە

ئەی هەناوم

تۆ نازانیت چەند ئازاری دڵم ئەدەی

کاتیَ هەر وەکو فریشتە

بە بەردەمما دێیت و ئەڕۆی

لەنجە ئەکەی..

هەموو: با گۆرانی بڵێم و با

هەر دڵشاد بم

با پێبکەنم با یاری بکەم

با ئازادبم..

بۆچی بمرم؟!

*خۆ منداڵی قەت نافرۆشرێ*

*هەتا وەکو من بچم بیکڕم..*

(کچۆڵەیەك دێتە ژوورەوە ترس دەستی بەسەردا گرتووە و هەموو لە سەما کردن دەوەستن).

کچۆڵەکە: ئەوا لەسەرەوە هاتەوە. ئەو پیرە.. تارماییە.

هەمووان: تا ئێستا لێرەیە لە کوێوە دێت؟

کچۆڵەکە: ئالەوێدا.. لە جەنگەڵەکەدا بەرەو لای ئێمە دێت ئای لەم دڵ گرانییە.

کوڕان: با پێی بڵێین بڕوات. نامانەوێت. ئەمە مافی خۆمانە..

کچان: نەخێر. نەخێر ئێمە بڕۆین.

کوڕێکیان: ئێمە لە شاری خۆماندایین و ئەو نامۆیە..

کچان: نەخێر.. بابڕۆین

کوڕێکی تر: کوڕینە.. باسی کێ دەکەن؟!

کوڕی یەکەم: هەڵسە.. ئاگات لە هەواڵی ئەو پیرەمێردە نییە.. وەکو تارمایی لە دوێنێوە لە دەوری پردەکەدا دەسووڕێتەوە.

کوڕی دووەم: دڵنیام. پیرەمێردێکم بینی.. بەڵام چی لە ئێوە کردووە؟!

کوڕی یەکەم: سەروسیمایمان بەدڵ نییە.. کەسێ قسەی لەگەڵ ناکات.. چەخماخەیەکی سارد بەلەشی ئەو کەسەدا دێت گەر سەیری دەموچاوی بکات..

کچان: کوڕینە با بڕۆین.. با بڕۆین.

کوڕی سێهەم: ڕەنگە تاوانێکی کردبێ و هاتووە لە شارەکەماندا خۆی بشارێتەوە.

کوڕی دووەم: ڕەنگە شێت بێ؟!

کوڕی چوارەم: نە شێتە و نە تاوانبار.. گەر ڕای منتان دەوێ ئەوا ئەو..

کوڕان و کچان: چییە؟! چییە؟! دەترسی بیڵێ..

کوڕی چوارەم: دەبێ گەڕ بێ..

کچان و کوڕان: گەڕ..

(سەرۆکی وەستایان دێتە ژوورەوە و پیر بووە و کۆماوەتەوە گۆچانێکی بەدەستەوەیە کچان و کوڕان دەڕۆن. ورتە ورتیان لێوە دێ وردە هاواریش دەکەن.. سەرۆکی وەستایان سەر بادەدات سەیری سازژەن دەکات. ئەویش هەر خەریکی ئاواز دانانە. سەرنجی دەوروبەری خۆی نادات، سەرۆکی وەستایانیش لە پەنایەکەدا دائەنیشێ)

سەرۆکی وەستایان: ئەلەرزێن گەر بەتەنیشتیانا تێپەڕم ئاوهای پێ وتم بە سەرگەردانی و تەنیایی لە دونیایدا ئەسووڕێتەوە، هاوڕێکانت، هەموویان گەل و کوڕەکەت، پشتت تێ ئەکەن.. ئاوهای پێ وتم، کوڕەکەم چی لە دەست ئەهات بیکات؟ چۆن ئەتوانێ لە تەنیشتی منا بحەوێتەوە. گەنجەکان من ئەبینن و رائەکەن وەکو باڵندەیەکی ترساو هەر کە لێیان نزیك ئەبمەوە بۆی دەرئەچن (ئەگری) هەر وەکو ئەوەی زەوی لە ژێر هەنگاومدا وشك و برنگ بێتەوە.

سازژەن:

*با ئەو پرەدە*

*وەکو دڵی ئاسنت.. وابێ..*

*با رێبواران..*

*وەکو قژی سیم و بەهێزی*

*تۆ وەها بێ*

سەرۆکی وەستایان: کام پرەدت مەبەستە.. قسە بکە پیاوی چاك؟!

سازژەن: باسی ئەوە دەکەم.. من شتێکی تر دەزانم؟!

سەرۆکی وەستایان: بۆ دڵ و پرچی کەس ئیشارەتت کرد.. کێت مەبەستە.

سازژەن: ژنێکی گەنج و شۆخ و شەنگ.. رۆح سووك و بێ گەرد.. ژنێك لە سەردەمی دێریندا.

سەرۆکی وەستایان: کاری ئەو ئافرەتە چییە. وا ئیشارەت بەپردەکە ئەدەیت؟!

سازژەن: هەر وەکو ئەڵێن لە ژێر پرەدەکەدا زیندەبەچاڵ کرا، بۆ ئەوەی پردەکە بەپێوە بوەستێ، چونکە ئەو پردە نەفرەت لێکراو بوو. پاش ئەوە. پیرۆزبایی لە پردەکە کرا و هەستایە سەر پێ.. ئەمە چیرۆکێکە کە خەڵك دەماودەم دەیگێڕنەوە.

سەرۆکی وەستایان: ڕووداوێکی سەیرە.

سازژەن: ژیانی سەیروسەمەرەیە پڕ لە ئاڵۆز و دژواری.. زۆر زەحمەتە خەڵکی تێیان بگات.

سەرۆکی وەستایان: (سەیری پردەکە ئەکات) ئەم پردە سەرکەوتنێکی مەزن بوو. بەری ڕەنجی ساڵانی خۆشگوزار بوو. ئەبێ ڕۆحیان دووچاری ئەزیەتێکی زۆر بووبێ ئەبێ لە پێناوی ئەو ئافرەتە چارەڕەشەدا ئێشیان زۆر چێشتبێ.

سازژەن:

*چیرۆکێکی کۆنە. کێ ئێستا لە بیری ماوە*

*بەم ڕۆژگارە*

*چل و پێنج بەنا و.. شەست شاگرد*

*ڕەنجیان ئەدا*

*پردیان لەسەر ئاوی ئارتا*

*دروست ئەکرد*

*بەڵام کاتێ شەو دائەهات*

*پرد ئەڕووخا*

سەرۆکی وەستایان:

دەبێ زۆر گریابن و زۆریش ئەزیەتیان چەشتبێ

سازژەن:

*ئەگەر ئینسانێ نە نێژن*

*پێك نایێت.. پرد*

*بەڵام.. بەڵام ئاگادارین*

*ئەو کەسەی هەڵی ئەبژێرن*

*نە غەریب بێ نە ئاوارە*

*ئەزانن کێیە؟!*

*ژنی جوانی وەستا باشی*

سەرۆکی وەستایان:

با لە حەسانەوە و هێمنیدا بێ

سازژەن:

*یەکێ ڕۆیشت و چەوی هێنا*

*یەکێکی تر قیری ئەهێنا*

*وەستا باشیش بەردی هێنا*

*خستیە سەر سەری و هەڵی دا*

*ئای لە چارەنووسی ڕەشمان*

*سێ خوشك بووین*

*بۆ کلۆڵی لە دایك بووین*

*گەورەمان*

*ڕۆیشتو"دانوب"ی پێك هێنا*

*ئەوەی ترمان*

*ڕۆیشتو"فورات"ی پێك هێنا*

*منی گچکەش*

*پێکم هێنا*

*پردی ئارتا*

سەرۆکی وەستایان: تۆ لە خۆتەوە شت ئەهۆنیتەوە سەری دانوب دوورە و فوراتیش دوورتر.

سازژەن: گۆرانییەکە وا ئەڵێ... وا دیارە شتێك ئەزانی.

سەرۆکی وەستایان: بە چییا ئەزانی خێزانی سەرۆکی وەستایان دوو خوشکی هەبووە؟!

سازژەن: پێم وتی گۆرانییەکە وا ئەڵێ.

سەرۆکی وەستایان: بڕۆ لەو کەسانە پرسیار بکە کە لەوێدا بوون.

سازژەن: گۆرانیەکە لەوێدا بوو.. گۆرانییەك لە هەموو شتێك دایە.

سەرۆکی وەستایان: تۆ گۆرانییەکە ئەهۆنیتەوە.

سازژەن: من هیچ شتێك ناهۆنمەوە.. من گوێم لە کزەی ئەو بایانەیە کە لە ژێر ستوونی پردەکە و لە ناو جەنگەڵەکەوە هەڵ ئەکات.. گوێم لە خوڕەی ئاو و خشەی درەختەکانە.

کاتێ بەشەو بەغەمباری دەگەڕێتەوە.. گوێ بگرە..

*(دەست دەکات بەساز لێدان)*

سازژەن:

*جلی بووکێنیم لەبەر کە جێت ئەهێڵم*

*خوات لەگەڵ بێ*

*ئەگەر وەستا هاتەوە ماڵ*

*نەهێڵی قەت دڵی زیز بێ*

*سفرە ڕاخە*

*خواردن ڕیز کە*

*با تێر بخوا*

*دیاری ئەو ئەڵقەی دەسگیرانیم*

*دەربهێنە*

*بیدە.. وەستا*

*با لە جێی من یەکێکی تر نیشانە کا*

*بەڵێن نادەم*

*چونکە مردن چاوەڕێمە و*

*شووی پێ دەکەم*

(سازژەن ئاوازی بەیتەکانی پێشووی هۆنراوەکە دەخوێنێت لە قووڵایی شانۆوە،– تارمایی کابان دەردەچێ و نزیك دەبێتەوە، سەرۆکی وەستایان هەڵدەستێتە سەر پێ، دوایی کڕنوش دەبات)

سەرۆکی وەستایان: خێزانەکەم.. خێزانەکەم.. تۆ پیرۆزی.. پیرۆز

سازژەن: چییە ئەو ورتە ورتە.. گوێت لێ نیە.. گوێت لێ نییە ئەی هاولاتی.. هەڵسە خەبەر بەرەوە. ئەمە پیاوێکە نازانێ چی پێ ئەوترێ.. وادیارە تۆش عەقڵت تیاچووە.. با بڕۆم بەلای کاری خۆمەوە.. خوات لەگەڵ.. خوات لەگەڵ (ئەڕوات)

سەرۆکی وەستایان: تۆ خەیاڵیت یان سێبەری؟!

تارمایی: من هیواتم..

سەرۆکی وەستایان: من چ هیوایەکم هەیە، ئەی گیانلەبەری خەیاڵی.. پاش ئەو ڕۆژە نەفرەت لێکراوە، هەموو شتێکم بۆ هەمیشە وون کرد.

تارمایی: ئەی وەستام.. ئەم ساتە هیوای تۆ بە؛ ئەوا منیش هیوام بۆ هێناویت.

سەرۆکی وەستایان: ئەی ئافرەت لێم ئەبووریت؟

تارمایی: لە پێشدا لە تۆ بووراوم. ئەی پیاوی دووربین بەتاقی کردنەوەی تاڵدا تێپەڕبویت.. ئەستونی پردەکە. کە لەسەر داوای خۆت بوو. بانگت کردم و لەگەڵ ڕێبوارێکدا چاومان بەیەك کەوت و باڵە زێرینەکانی کردەوە و وریای کردمەوە.. وتی وریابە نەك وەکو مەڕێکی دابەستە بڕۆیت. ئەمەی مەبەستم بوو کە بیرم کردەوە من لە کوێم و بۆ کوێ دەڕۆم گریام و تۆم بەخشی..

سەرۆکی وەستایان: تۆ بەزەییت بەمنا دێت تۆ کە لە ژیاندا بوویت بەختەوەریت پێ بەخشیم، من ئا لەو ڕۆژەوە ناژێم.. من ئێسقانی کلۆرم، جەستەیەکی ڕووخاوم، بێ مەبەست بۆ هەر لایەك ئەڕۆم.. ڕەشەبا هەڵم ئەداتە ئەم لاو ئەولا.. ئا لەو ڕۆژە شەیتانییەوە هەموو شتێکم لەگەڵ تۆدا لە چاڵ نا.. هیچم بۆ نەما جگە لە نەبوون.. کارم درایە بەر با و.. لێم جیابوونەوە.. هەروەك ئەوەی کە تووشی تاعون و گەڕی هاتبم.. قسەیەکی ڕەقیان پێ نەوتم و لۆمەیان نەکردووم. بریا.. هەموو جنێوەکانیان ئەڕژاندە سەرمەوە..یا ئەهاتنە زۆرانبازیم یا ئەوەی لە دڵیاندا هەیە ئەیان وت.. بەڵام نەء لێم دوورکەوتنەوە.. کەس شکاتێکی لەسەرم نییە کەس شتێکی لێم ناوێ.. ئاوها لێم گەڕان وەکو بۆرە پیاوێك هەتا بۆرە پیاوانیش بێزی لێ ئەکەنەوە..

تارمایی: ئەی پیاوی پتەو وەکو چڵێکت لێ هاتووە کە لە دارێکی مەزن کرابێتەوە..

سەرۆکی وەستایان: کوڕەکەشم ڕۆیشت. هەموو شتێ ڕۆیشتن جۆش و هەڵچوونم و خۆشەویستیم بۆ کار هەموو ڕۆیشتن.. ئەوەی لە سەرم بوو دامەوە. حسابم لەگەڵ شەیتانەکاندا کۆتایی پێ هێنا، ئەوانیش ڕۆیشتن ساڵ دوای ساڵ سەری خۆمم هەڵگرت شوێنێك نەیگرتمە خۆیەوە.. کۆچ.. کۆچ.. و کۆچ هەمیشە لە شوێنێکەوە بۆ دوورتر دەڕۆیشتم لە ترسی ئەوەی خەمەکانم سووك نەبێتەوە و جارێکی تر ببمەوە بەخۆم.. بەڵام کار گوزەشت. هەموو باڵندەکان فڕین.. ئەوەتا تۆ ئەمبینی، وەکو پیاو

کوژێ بەشەواندا بەهەواری نێچیرەکەیدا و لە شوێنی تاوانەکەیدا دەسووڕێتەوە.

(دادەنەوێتەوە و دەگری– گۆرانی کوڕ وکچەکان دەبیستێ..).

گۆرانی:

*لێوت گوڵی ئەرخەوانە*

*گۆنات سێوە لا سوورەکەی*

*نێو یۆنانە*

*نێوان مەمانت بەهەشتە*

*لەشت چناری باخانە*

*من حەز ئەکەم*

*گوڵ ئەرخەوان.. تێر هەڵمژم*

*گاز لە سێوە لا سوورەکەت بگرم*

*دوایی بچمە بەهەشتەوە و*

*چنار بگرمە باوەشم*

تارمایی: ئەی پیاوی بەهێز، لاواز بوویت، غەمەکانت ڕات دەماڵن، وەکو منالێکی بچووکی..

سەرۆکی وەستایان: هێزم بەجێی هێشتووم.. تا توانای ئەوەم نەماوە پەت لە گەردەنی خۆم بئالێنم.. وەکو وتم حەزەکانم وشك بوونەوە.. ئاگری نێو خوێنم کوژایەوە، هێزم تیا نەماوە.. لەرز لە نێو پێیەکانمدا هاتوچۆ دەکات، شەرم و پیاوەتیم تیا نەماوە.. هەر کە کارەکەم تەواو کرد، بینیم هەموو هێزێکم مژراوە. وشك بوومەوە ناپیرۆزی.. ناپیرۆز.

کابان: لەسەرخۆ بە.. ئەی پیاوی شەرەفمەند.. ئەی پیاوی عادل.. پیاوی لە ناوچوو لە خۆ بەختکردنا.. لە هەموومان گەورەتر تۆ.. هێدی بەوە.. من هێمنی و دڵنەواییت بۆ دەهێنم..

سەرۆکی وەستایان: ئەی پیرۆز.. ئەی پیرۆز

(لەسەر زەویدا دەکەوێ و چاوی دەچێتە خەو، دادێ دەنگی زەنگەکان بەرز دەبنەوە..

لەسەر شانۆ تارمایی ئینسان کۆ دەبنەوە.. پاش هەندێ. دەنگی نوێژ بەرز دەبێتەوە..)
یادگاری قۆناغە و قۆناغ ئەمێنێتەوە.

(شانۆ ڕۆشن دەبێتەوە، بینەران قەشەکان دەبینن. بەرگی تایبەتییان لەبەردایە و سەرۆکی وەستایان مردووە و هەڵی دەگرن خەڵکێکی زۆر کۆبونەتەوە هەروەك لە تابلۆی ناشتنی"کۆنت اورجاف"ی لالجریکۆ.. لە قووڵایی شانۆدا پردەکە دەبریقێتەوە وەستای مردوو بەئەسپایی دەنێنە سەرداره مەیتێك نوێژ تەواو دەبێ و یەکێك بەدەنگی بەرز وتارێك لەسەر مردووەکە بۆ بینەران دەخوێنێتەوە.. دەنگی زەنگیش تێکەڵی وتارەکە دەبێ..)

قەشە: گوێ بگرن. خەڵکینە گوێ لە زەنگی مردووان گرن.. گوێ لە کۆتایی کوێرەوەری گرن.. کۆتایی هەموو تراژیدییەك. کۆتایی هەموو جۆشێکی گەشەدار و کۆشش گوێ لە دەنگی خوێن گرن.. بەهێمنی و پاکییەوە گوێ لە دەنگی چارەنووس گرن. لە خۆرنشینێکی گەرمی بەسەر چوودا دانیشتوانی شار و کێڵگە و دوورگەکان.. ئێوەش وا سواری دەریای دوور ئەبن. گوێ لە زەنگی جاویدی گرن.. گوێ گرن چۆن بەدەست لێوەشاندنێك. وەکو زریانی هاوین گەواڵەی ئەم ژیانە کورتە پەرش دەکاتەوە.. چۆن خەڵکی بەسەر سوڕمانەوە کۆدەبنەوە. لەسەر تەرمیان سەیری دەکەن. سیمای بێ گەرد و سەربەستی دەبینین.. گوێ گرن.. دانیشتوانی ئەم شارە گوێ گرن.. دەنگی زەنگەکان چۆن لە ناخی تافە دێرینەکانەوە بەرز دەبێتەوە.. گوێ لە زمانی باپیرانمان گرن..

گوێ گرن لەو ڕینماییانەی باپیران، بەردەکان و ساختمانی کۆنە ڕووکەشەکان.. گوێ لە پیاوەتی و پیرۆزی کار و لە خۆ بوردنی مرۆڤایەتی گرن..

ئەی خەڵکینە گوێ گرن.. بەیەکدا چوونی تافی ناخۆشی.

(کە وتارەکە تەواو دەبێ، چوار کەس دارە مەیتەکە بەرز دەکەنەوە و بەهەنگاوی ئەسپایی بەرەو شار دەڕۆن.

قەشەکان و خەڵك دەکەونە دوایانەوە و نوێژ دەخوێنن یادگاری لە هەموو قۆناغێکدا جاویدە..).

# مردووەکان

جەلیل محەمەد قولی زادە
موکری لە ئازەرییەوە کردوویەتی بەکوردی

## جەلیل محەمەد قولی زادە

لە ساڵی ١٨٦٦دا لە بنەماڵەیێکی دەسترۆدا لە شاری نەخچوان لە دایك بووە.. لە یاداشتەکانیا بەم شێوەیە باسی ئەو سەردەمە دەکات.

(یەکەم جار کە چاوم هەڵهێنا دونیام بەتاریکی بینی، هەموو بەیانیانێ دەنگی (الله ئەکبەری) باوکم منی لە خەوی شیرین ڕادەپەران)

* لە ساڵی ١٨٩٠دا لە نزیکی شاری نەخچوان دەبێ بە مامۆستا.

* لە ساڵی ١٩١٧ بەم شێوەیە باسی نەتەوە و وڵاتەکەی دەکات:

* (ئاهـ.. وڵاتی لە بیرچووم .. دنیا لەرز دایگرت، بیروڕایەکان بەیەکا هاتن، نەتەوەکان لە خەو ڕاپەرین و چاوانیان کردەوە و برا پەراگەندە و ئاوارەکانیان دۆزییەوە، ماڵە خاپوور و وێران کراوەکانیان سەرلەنوێ دروست کردەوە.. بەس تەنها تۆ لە کوێی نیشتمانی بێ چارەم.. ئاخ وڵاتی جوانم ئازەربایجان.. لە کوێ دای؟؟

* ئەدەبی جەلیل محەممەد قولی زادە لەو ئەدەبە پایە بەرزانەیە کە هەرگیز کۆن نابێ ڕۆژ بەڕۆژ گەنج دەبێتەوە، مانای نوێ و بایەخی نوێ وەدەست دێنێ، ئەدەبەکەی یەکێکە لە لاپەڕە گەشاوەکانی ئەدەبی ئازەربایجانی، وەکو فضولی و نظامی و م. ف. ئاخندۆف، جەلیل محەمەد قولی زادەیش خاوەن قوتابخانەیێکە.

* نەك لە ئازەربایجاندا بەڵکو لە هەموو ڕۆژهەڵاتدا ناوبانگێکی بەرزی هەیە و یەکێکە لە ئەدیبە هەرە بەرزەکانی ڕۆژهەڵات.

* لە ساڵی ١٩٣٢ کۆچی دوایی دەکات.

* لە ساڵی ١٩١٦ (شانۆگەری مردووەکان) وەك بۆمبایێك تەقییەوە هەموو کۆمەڵی هەژان.

**کەسانی ئەم شانۆگەرییە**

١- شێخ نەسروڵڵا - تەمەنی ٤٥ ساڵە

٢-شێخ ئەحمەد -تەمەنی٤٠ ساڵە یاریدەدەری شێخ نەسروڵڵا-یە

٣- حاجی حەسەن حاجییێکی ناسراوە و تەمەنی ٥٠ ساڵە

٤- کەربەلایی فاتمە ژنی حاجی حەسەنە

٥- ئەسکەندەر کوڕی حاجی حەسەنە تەمەنی ٢٥ ساڵە

٦- جەلال کوڕە بچووکی حاجی حەسەنە تەمەنی ١٠ ساڵە

٧- نازلی کچی حاجی حەسەنە تەمەنی ١٢ ساڵە

٨- زەینەب کارەکەریانە تەمەنی ٢٠ ساڵە

٩- عەلی نۆکەری حەسەنە ١٨ ساڵە

١٠- حاجی بەخشعەلی

١١- حاجی کەریم

١٢- حاجی کازم

١٣- مەشهەدی ئوروج تەمەنی ٣٥ ساڵە

١٤- تەکزبان دایکی ئورجە ٥٠ ساڵە

١٥- میر باقر ئاغا ٣٥ ساڵە

١٦- حەیدەر ئاغا تەلگرافچی ٤٠ ساڵە

١٧- عەلی بەگ

١٨- میرزا حەسەن (معلم)

سێ کچۆڵەی ژنی مەلا نەسروڵڵا-ن ١٣ - ١٤ ساڵانن/کەربەلایی وەلی

١٩- هەندێ میوان و نەخۆش و ئافرەت

## پەردەی یەکەم

مالّی حاجی حەسەن، ژووری ئەسکەندەر، چوارپایەکی ئاسن، مێزێکی کۆن، چەند کتێبێکی لەسەر دانراوە، کورسییێکی کۆن لە تەنیشتی مێزەکە دایە جەلالی حاجی حەسەن و میرزا حەسەنی موعەلیم لە تەنیشتی یەکدی دانیشتوون و خەریکی دەرس خوێندنن..

جەلال: کتێبەکەی لە دەستدایە و لالّە پەتێیانە دەخوێنێتەوە.. موعەلمیش هەندێ هەڵەکانی بۆ چاك دەکاتەوە. (حاجی کەریم هێدی هێدی دێتە ژووریّ)

کەریم: مامە حاجی .. حاجی حەسەن لە مالّێیە

جەلال: نەخێر قوربان، چووە بۆ بازاڕ...

(حاجی کەریم دەچێتە دەریّ موعەلیم بەسەرسوڕمانەوە سەیری دەکات، جەلال دەخوێنێتەوە میرزا حەسەنیش هەڵەکانی بۆ چاك دەکاتەوە... لە دوورەوە دەنگی ئەسکەندەر دێ، بە گۆرانی وتنەوە دێتە ژووریّ)

جەلال: (بە ئەسکەندەر) کاکە برۆ... بچۆ دەریّ با دەرسەکەم بخوێنم (ئەسکەندەر گوێی ناداتێ) توخوا کاکە گۆرانی مەڵێ با دەرسەکەم بخوێنم.

(ئەسکەندەر بەتووڕەیییەوە خۆی ئەکێشێتە سەر چوارپایەکە)

موعەلیم: ئەسکەندەر بەگ خوداحافیز، چاك بوو تەشریفتان هێنا، دڵنیام نەسیحەتی جەلال دەکەن کە خۆی بۆ دەرسەکانی بسووتێنێ..

ئەسکەندەر: بەسەرچاو..نەسیحەتی دەکەم، ئەمەش بزانە، کەسێ نییە گوێ بۆ قسەکانی من شل کات *(پێدەکەنێ)*

موعەلیم: نەخێر قوربان وا مەڵێ، جەلال کوڕێکی عاقڵە دڵنیام گوێ لە قسەکانی تۆ دەگرێ.. منیش لە ڕێی فێرکردنیا ئەزیەتێکی زۆر دەکێشم، باوکیشتان هەمان ئەزیەت دەبینێ..دەبێ بەری ئەم ئەزیەتە وەئاکام بێنێت.. مەگەر جەلال نابینێ ئینسانێکی بێ عیلم پوولێ ناهێنێ، ئینسان کە عیلمی نەبوو چ بایەخێکی هەیە...چۆن دەتوانێ بەحورمەت بێ..

ئەسکەندەر: (پێدەکەنێ)

مەگەر جەلال نابینێ ئینسانی بێ عیلم پوولێ ناهێنێ... ها... ها.. چۆن نابینێ؟ چاك دەبینێ؟ تەنها من نابینێ.. بەو کەسە دەگوترێ ئینسان نە عیلمی هەبێ و نە حورمەت وەکو من بێت..ها ها ها..

موعەلیم: (بەجەلال) نە.. نە.. نە.. ئەسکەندەر بەگ بەزەریفی دەدوێ.

جەلال: مامۆستا بەخوا کاکم دیسان سەرخۆشە (ئەسکەندەر هەڵدەستێت و دەچێتە لای جەلال)

ئەسکەندەر: من؟ من؟ سەرخۆشم؟

(دەمی نزیکی دەمی جەلال دەکاتەوە و هەناسەی بۆ دەنێرێ) کوا من سەرخۆشم؟

جەلال: (ڕووی خۆی وەردەچەرخێنێ دەموچاو دەداتە یەك)

بەخوا دیسان کۆکتێل–ت خواردووتەوە..

ئەسکەندەر: (بەپێکەنینەوە) درۆ دەکەی، بەخوا درۆ دەکەی کۆکتێلم نەخواردووەتەوە.. عارەقم خواردووەتەوە دەبینی درۆ دەکەی؟؟ ها ها ها...

(حاجی بەخشعەلی هێدی هێدی دێتە ژوورێ)

بەخشعەلی: ئەرێ .. حاجی حەسەن لە ماڵێیە؟

جەلال: لە ماڵ نییە

(حاجی بەخشعەلی دەچێتە دەرێ ئەسکەندەر هەتا بەردەرگا بەرێ دەخات).

ئەسکەندەر: کرش.. کرش.. کرش.. ها ها ها هۆش هۆش هۆش. مارس. مارس. مارس فوت. فوت. فوت.

جەلال: (ئەسکەندەر) کاکە.. بەخوا گەر باوکم هاتەوە پێی دەڵێم کە تۆ گاڵتە بەپیاوەکان دەکەی و جرتیان بۆ دەکێشی.

ئەسکەندەر: (پاش ئەوەی هەندێ سەیری جەلال دەکات)

منیش پێی دەڵێم جەلال دەرسەکانی نازانێ.. ها ها ها نە.. پێی ناڵێم.. من تۆم زۆر خۆش دەوێ تۆ خۆشت ئەمە دەزانی بەڵام تۆ بۆچی سەیری قسەکانی کاکت ناکەیت و بەچاکی لێی ناگەیت... بۆ نموونە ئێستا ئەم کتێبەی سەر ڕانت(دەست بۆ کتێبەکە دەبات). دڵنیایت کە بابە پارەیێکی چاکی بەم کتێبە داوە بۆ ئەوەی فێری خوێندن بی برۆ بیفرۆشە و پارەکەی ببە بۆ بارەوانی دوو شووشە عارەق–ی پێ بهێنە بۆ کاکت

ئەسکەندەر، منیش دەیاننێمە گیرفانمەوە شووشەیەکیان لە بەیانییەوە تا ئێوارە لە سەلامەتی جەنابی ئەم مامۆستایەت دەیخۆمەوە. ئێوە سەلامەت بن و عیلم بخوێنن، منیش عارەق دەخۆمەوە سەرخۆش دەبم (بەلای مامۆستایا) منت بمرم ڕاست نالێم؟

موعەلیم: لەسەرەخۆ بن ئەسکەندەر بەگ هەرچەندە ئەم قسانەت لە ڕووی مندا شتێکی ئاساییە.. بەڵام لە ڕووی منالان ئەم جۆرە قسانە مەکە. بێ جێییە، تۆ لەباتی ئەوەی هانی براکەت بدەیت کە بەدویی عیلما بڕوات نەك ئەم جۆرە قسانەی بۆ بکەی...

ئەسکەندەر: (پێدەکەنێ) بەدوای عیلما بڕوات؟ ها ها ها..

بەدوای عیلما بڕوات (جەلال دەیەوێ کتێبەکەی لە دەست وەرگرێ) سەبرکە.. گوێ گرە، بزانە چی دەڵێم (هێدی هێدی حاجی کازم دێتە ژوورێ)

حاجی کازم: مامە حاجی حەسەن لە ماڵە؟

ئەسکەندەر: بەڵێ..بەڵێ.. لە ماڵێدایە!!

جەلال: (بە حاجی) کاکم درۆ دەکات باوکم چووەتە بازاڕ.

موعەلیم: (بە حاجی کازم) چ خەبەرە؟ چی بووە؟

(حاجی کازم وەڵام ناداتەوە دەڕوات)

ئەسکەندەر: (کتێبەکەی بەدەستەوەیە بەدوایا ڕادەکات) پەلە مەکە.. مەڕۆ.. حاجی لە ماڵێدایە مەڕۆ.

گۆرانی دەڵێ..

مارس مارس، کرش کرش فوت فوت هۆش هۆش..

ئەها ئەها (بەتوندی قاچەکانی دەکێشێتە سەر زەوی)

موعەلیم: خواحافیزتان بێ (دەردەچێ و دەڕوات)

ئەسکەندەر: بەخێرچن (بەدوایا دەڕوات) مامۆستا پەلە مەکە مەڕۆ منت بمرم مەڕۆ.. وەرە جەلال فێرە عیلم کە، بابخوێنێت و ببێتە عالیم.

جەلال: بەئاسپایی بەئەسکەندەر دەڵێ کاکە کتێبەکەم بدەوە.

ئەسکەندەر: هەندێ دەکەوێتە دوایەوە پاشان دەگەڕێتەوە لەسەر چوارپایەکەدا دادەنیشێ و لە گیرفانی شووشەیێك عارەق دەردەهێنێ و لە گیرفانەکەی دیشیا ئیسکانێ دەردێنێ هەندێ عارەقی تێ دەکات و دەست بەخواردنەوە دەکات و کتێبەکە دەکاتەوە

و سەیری دەکات و بە کتێبەکە دەڵێ تۆ دەناسم.. منیش هەندێ تۆم خوێندۆتەوە.

(دەست بەخوێندنەوە دەکات) مەڵێ گوێڕایەڵی ئەو ڕێنماییە سوودبەخشە بوو، سەری لە بڕین ڕزگار بوو.

منیش مامۆستاکەم نەسیحەتی دەکردم و دەیوت زۆر سەعی بکە.. دەرسەکانت بەباشی ڕەوان بکە.. کەچی ئەم زمان ڕەشانە لە هیچ کەسێکیانم نەبیست بڵێ ببە پیاوێکی بەرز و گەورە ئەوەی دەمیبینی هەر دەیوت، عیلم بخوێنە، ببە بە عالیم، بەڵام کەسێ نەبوو حاڵیم بکات، ئەم عیلمە چییە؟.. عیلم بەوە دەوترێ کە ئێستا کەسێ ئەم شووشەیە بنێتە سەرەوە هەمووی بخواتەوە (دەخواتەوە) ببینە عیلم بەمە دەوترێ.

جەلال: (لە دەرگاوە سەر دەهێنێتە ژوورێ) کاکە باوە بێتەوە پێی دەڵێم.

ئەسکەندەر: (شووشە کە دەخاتە گیرفانیەوە) جەلال وەرە ئێرە بزانە چیت پێ دەڵێم.

جەلال: نایێم تۆ سەرخۆشی.

ئەسکەندەر: جەلال دەزانی سوقرات چی وتووە؟

جەلال: سوقرات کێیە؟

ئەسکەندەر: سوقرات پیاوێك بوو.. پیاوێکی زۆر عاقڵ و ژیر بوو وتوویەتی: من تا هیچم نەخوێندبوو وامدەزانی لە دنیادا هەندێ شت دەزانم بەڵام پاش خوێندن دڵنیا بووم کە هیچ نازانم.

ها ها ها.. یانی عارەق خواردنەوەش نازانم...

جەلال ئەرێ تۆ لە من ڕادەکەی و دەڵێی کە من سەرخۆشم.. بەڵام تۆیش وەکو من لە دەرس خوێندن ڕزگارت بێ وەك کاکت ئەسکەندەر لە ژێر کووپەی عارەقدا دەنوی.. ها ها ها (نازلی لە دەرگاوە دەردەکەوێ)

نازلی: کاکە.. توخوا کەم ئەم ژەهرە مارە بخۆوە.

ئەسکەندەر: بەسەر سەر.. سەیرکە بەسەر ئەم چاوانەم (دەستەکانی دەنێتە سەر چاوانییەوە)

نازلی: وەڵڵا درۆ ئەکەی.

ئەسکەندەر: باوەڕ بکە درۆ ناکەم.. لەوەتەی لێرەدا وەستاوی. قومێکم خواردووەتەوە، بەڵام هەرکە ڕۆیشتی دەخۆمەوە

نازلی: (نزیکی ئەسکەندەر دەبێتەوە) کەواتە منیش ناڕۆم.

ئەسکەندەر: (نازلی لە ئامێز دەگرێ) نازلی ئەی خوشکە جوانەکەی من.. هەر لە بەیانییەوە تا ئێوارێ لە ماڵێدا دانیشتووی جگە لە قاڵی چنین. هیچ ناکەیت.. دەرسیش ناخوێنی.

کەچی بەلای منیشا نابیت تا باسی ئەو شارانەت بۆ بکەم کە دیومە تا بزانی لە دنیادا چی هەیە..

سەیری دەرێ بکە ئێستا هەتاو هەڵهاتووە... تۆ ئەو هەتاوە نابینی و نازانی تیشکەکەی بۆ چ شتێ پێویستە، ئێستا سەوزە گیا لە پێدەشتەکاندا سەری بەرز کردووتەوە، چرۆی درەختەکان دەمیان کردووەتەوە.. بەڵام بێ تۆ ئەم چرۆ و چیمەنە بە چ دەچێ.. برایانی تۆ ئێستا لە باغەکاندا وێنجە کۆ دەکەنەوە کەچی تۆ لە ماڵێدا دانیشتووی و بنێشت دەجوی (جەلال دێتە ژوورێ) ئەی خوشکی من دەست دە دەستم و با بڕۆین و ئەم وڵاتە بەجێ بێڵین.. ئیتر بۆ وەستاوی.. (گۆرانی دەڵێ)

(حاجی حەسەن بە تەهلیلەوە دێتە ژوورێ و نازلی و جەلال دەچنە دەرێ)

ئەسکەندەر: بابە.. چ خەبەرە؟

حاجی حەسەن: (هەندێ بیر دەکاتەوە) دەڵێن کەربەلایی فتح الله زیندوو بووەتەوە!!

(بە سەرسوڕمانەوە سەری دەباتە نزیکی باوکییەوە)

ئەسکەندەر: چۆن؟

حاجی حەسەن: دەڵێن کەربەلایی فتح الله زیندوو بووەتەوە!!

ئەسکەندەر: چۆن؟

حاجی حەسەن: کوڕە مامەکەی حاجی ڕۆستەم. کەربەلایی فتح الله زیندوو بووەتەوە!

ئەسکەندەر: ئەوەی لە خوراساندا مرد.

حاجی حەسەن: ئا..ئا.. هەمان فتح الله

ئا.. ئا.. هەمان فتح الله

ئەسکەندەر: چۆن.. یانی چۆن. زیندوو بووەتەوە؟

حاجی حەسەن: زیندوو بووەتەوە.. ئیتر چۆن زیندووبوونەوەی چی؟

ئەسکەندەر: یانی زیندوو بووەتەوە. لە قەبرەوە هاتووەتە دەرێ؟

حاجی حەسەن: (بەبێ حەوسەڵەیەوە) ئا..ئا.. زیندوو بووەتەوە (ئەسکەندەر ڕووی خۆی وەردەچەرخێنێ و دەیەوێ پێکەنینەکەی بشارێتەوە و لەپڕ دەداتە قاقای پێکەنین و بۆی دەردەچێتە دەرێ).

حاجی حەسەن: (بە سەرسوڕمانەوە بەدوایا ڕادەکات) بەر لەعنەتی خوا کەوی! ئەمەیە خوێنەوارەکانی ئێمە، ئەوە دیسان سەرخۆشە.. گەر سەرخۆشیش نەبێ باوەر بەم شتانە ناکات.. باوەڕی بە هیچ شتێ نییە نە خوا دەناسێ نە پێغەمبەر، بەقەد سەنگی خۆی دراوم لەسەر دانا تا فێر بێ، ڕۆیشتە دەرێ، نازانم لە کام جەهەنەم دەرسی شەیتانی خوێندووە.. دە سەیرکەن ئاخری کەوتووەتە چ ڕۆژێکەوە.. هێشتا هەندێ موسوڵمانی ناپیاویش گلەیی دەکەن و دەڵێن بۆچی منالآنتان نانێنە بەر خوێندن؟ ئەمەیش بووە دەرس؟ با ئەوانەی دەرسیان خوێندووە بێن ئەم حاڵە ببینن. خوا هەزار لەعنەتم لێ کات گەر جارێکی تر منالّ بنێمە بەر خوێندن و بیەڵم بچنە شوێنی دوور و لە ناو کافرەکاندا دەرس بخوێنێ بەدفەڕە ئاخری وا دەبێت بەڵام چی بکەم من هەر لە یەکەم ڕۆژەوە دەمزانی ئەم خەڵکە ناهێڵن کە پیاو سەری خۆی کز بکات و هەر خەریکی ئەوانە بێت کە خۆی دەزانێ... پێتەوە دەنووسێن و یەخەت دەگرن و دەڵێن حاجی شوکر بۆ خوا تواناتان هەیە.

مناڵەکانت بنێرە بەر خوێندن. بەزەییت پیایانە بێتەوە کە دێنەوە. دەبنە مەئمور مەرکەز، ئەندازیار، ئەفسەر، سیاسەت، چی نازانم بە چ ژەهرە مارێکیش دەبن...بەڵێ.. ماشاالله خوێندی و هاتەوە بزانە بە چی بووە. بەیانی سەرخۆش. ئێوارە سەرخۆش.. خوا سەبەبکارت بگرێ و ماڵی وێران کات.

(حاجی بەخشعەلی وردە وردە دێتە ژوورێ)

بەخشعەلی: حاجی. کەربەلایی فتح الله زیندوو بووەتەوە؟؟

حاجی حەسەن: بەڵێ زیندوو بووەتەوە، بەدەستی خۆی کاغەزیشی نووسی و.. حاجی فەرموو دانیشە

بەخشعەلی: هیچ شتێ دوور نییە لە قودرەتی خوا... جارێکی تر مردوو زیندوو بێتەوە. ئەڵبەتە ئەمە کەسێ زیندووی کردووەتەوە (حاجی کەریم هێدی هێدی دێتە ژوورەوە)

حاجی کەریم: حاجی دەڵێن کەربەلایی فتح الله زیندوو بووەتەوە؟ ئەرێ ئەمە چ

خەبەرێکە؟؟ بۆ شتی واش دەبێ؟

حاجی حەسەن: بەڵێ. بەڵێ وایە.. ڕاستە. حاجی دانیشن...

حاجی بەخشعەلی ئێوەش بەپێوە مەوەستن بفەرموون دانیشن.

(هەرسێکیان دادەنیشن)

(حاجی کازم دێتە ژوورێ)

حاجی کازم: حاجی دەڵێن برازاکەی حاجی ڕۆستەم زیندوو بووەتەوە؟

حاجی حەسەن: (هەڵدەستێتەوە پێوە) بەڵێ.. بەڵێ حاجی ئاغا وایە..

(مەشهەدی ئوورج و چەن زەلامێك بەدوایەوە دێنە ژوورێ ئورج کاغەزێکی بەدەستەوەیە ناوی خوا دەهێنێ).

ئوروج: باری پەروەردگار زمانم لاڵە بۆ تەعریفکردنی تۆ هەزار شوکر بۆ کەرەمت ئیلاهی!

(هەندێ لە پیاوەکان نزیك دەبنەوە و سەیری کاغەزەکە دەکەن)

کەریم و بەخشعەلی: ئەمەیە کاغەزەکەی کەربەلایی فتح الله؟ بیخوێنەوە بزانین چی نووسیوە؟

حاجی حەسەن: چاك وایە کاغەزەکە بخوێنیتەوە و هەموومانیش گوێ بگرین

ئوروج: (هێشتا هەر دەستی بەرزکردووەتەوە و دەست بەگریان دەکات و چاوەکانی بەچمکی کراسەکەی دەسڕێتەوە و کاغەزەکە دەخوێنێتەوە).

*ئەی برای عەزیز و میهرەبانم مەشەدی ئوروج:*

*هەرکە ئەم کاغەزەت بەدەست گەیشت لە سەرەتادا مژدە بە حاجی حەسەن بدە.*

*(حاجی حەسەن دەگرییێت)*

*پاشان ئەگەر دایکم ماوە پێی بڵێ ئیتر خەم نەخوات کەربەلایی فتح الله زیندوو بووەتەوە..*

*پاشان محەمەد علی بگرە باوەش و پێی بڵێ: کوڕە بچکۆلەکە، دڵگیر مەبە، ئیتر تۆ هەتیو نیت باوکت زیندوو بووەتەوە، چەند ڕۆژێکی دی لە خۆراسانەوە شەدەیێکی سوورت بۆ دەهێنێ...*

عەیبیش نەبێ بەدایکی محەمەد عەلی بڵێ.. خولاسە...

ئەی برای عەزیز و میهرەبانم

خوا دەزانێ هەواڵی زیندووبوونەوەی من دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی تۆ و هەندێ خەڵکی دڵڕەش.. هەزار لەعنەت لەو کەسانە بێت کە گومان لە قودرەتی خواوەندی عالەمین دەکەن. (پیاوەکان هەموو بەیەکەوە)

لەعنەت..

برام مەشهەدی ئوروج..

من.. بێجگە لە منیش سەد و چواردە نەفەر لە قەبرەوە گەڕاینەوە بۆ ئەم دنیایە، دەبێ هەتا هەفتەیێك هەر خەریکی زیارەت بین..

(أنشاءالله) پاش ئەو هەفتەیە دەگەڕێمەوە بۆ وڵات.. ئێستا دەمەوێ بەموختەسەری ئەمە بڵێم لە مەشهەدی پیرۆزدا، خوانـاسێ پەیدا بووە، ناوی شەریفی شێخ نەسروڵڵا-یە (أید الله تعالی باللطف) جەنابی شێخ پاش چەند ساڵێ لە ئەسفەهاندا علومی خەفیاتی وەدەست هێناوە و لێرەشدا، پاش چەند مانگێ ریاضیاتی تەواو و موجاهە - دەی لا کەلام وە موطەلعی خەفایای استنباط و أستخراجی هەمان عیلم بووە... نیەتی وایە بە مەرحەمەتی حەق سوبحانەهو وەتەعالا ئیقدام بکاتە سەر تەسخیری ئەرواح.

برای میهرەبانم مەشهەدی ئوروج:

أنشاألله کە گەڕامەوە تەفصیلاتی ماجەڕا!

خۆم بە زمان بۆتانی دەگێڕمەوە.. تۆ و ئەو کەسانەی کە دەیبیستن. مات و حەیران دادەمێنن... ئەمەش بزانە لە ڕۆژی هەژدەی (جمادی الاخرة)دا، کاتێ کە مانگ بەرەو عالەمی سوفلی دەکشێ جەنابی شێخ لە مەشهەدی موقەدەسەوە دێتە لاتان بۆ زیارەتی ئەهلی قبور تا شەرائیتی تەسخیری ئەرواح وەئەنجام بێنێ..

لە سەرەتادا دوعایێك دەخوێنێ و بەدەنگێکی نزمەوە دەڵێ: عەزەمت عەلەیکم یا ئەهلەلقبور ...

بوەستن ئەی بەندە مۆمنەکانی خوا..

هەرکە ئەم دەنگە دەبیستن جەمیعی مردووەکان بەقودرەتی خوای تەعالا دەست

بەحەرەکە دەکەن..

*(هەموو پیاوەکان دەست بە گریان دەکەن)*

*ئیتر چی بڵێم.. برام بینیم لەسەر سەرمدا شەخصێك وەستاوە، عابد صالح، دڵ پڕ لە ڕەحم، چاوڕەش، ڕەنگ و ڕووی موبارەکی مایل بە سەوزە، ئیسمی شەریفیشی شێخ نەسروڵڵا-ی ئەسفەهانییە..*

پیاوەکان: خودایە شوکر..

حاجی کازم: باری پەروەردگار.. ڕەحمەتت بە بەندە بەستەزمانەکانت بێتەوە.

ئوروج: (دەخوێنێتەوە)

ئەی برای موئمینم مەشهەدی ئوروج لەم کاغەزەدا مەبەستم ئەوەیە ئاگادارتان بکەمەوە کە فاضلی بێ مثال و عابدی موقەدەس شێخ نەسروڵڵا، لە غوروبی مانگی ڕەجەبدا لە مەشهەدی موقەدەسەوە دەردەچێ و بەڕێی (جەلف-دا) لەڕێی تەورێزەوە دەچێتە شارێکی تر و مەقصەدی جەنابی شێخ ئەوەیە چەند ڕۆژێ لە شارەکەی ئێمەدا بمێنێتەوە و بەزیارەتی ئەهلی قبوری موشەرەف بێ و پاشان ڕێ دەگرێتەبەر و دەڕوات..

هەرکە ئەم کاغەزەتان بەدەست گەیشت ئەم خەبەرە بەهاوڵاتییان بدە خصوصەن بە مامە حاجیم..

ئەویش لە حەوتی مانگدا بۆ پێشوازیی بچن. پێشوازی لایق بێ بەو وجودە و ئیحترامی بۆ بنوێنن. تا هاوشارییەکانم لە فەضیلەت و کەرامەت و مەرحەمەتی بێ بەش نەبن.

والسلام..

ئەهلی ولایەت: کەربەلایی فتح اللە-ی کوڕی حاجی ڕۆستەم لە تاریخی ۱۹ جمادی الآخر مەشهەدی موقەدەس

ئوروج: (هەردوو دەستی بەرزکردۆتەوە و دەگرییێت زەلامەکانیش دەگرین) خودایە شوکر.

بەخشعەلی: (بە سەرسوڕمانەوە) وابێ شێخ بۆ شارەکەی ئێمە تەشریف دەهێنێ؟

حاجی حەسەن: بەڵێ.. بەڵێ.. لە کاغەزەکەدا وا مەعلومە.

حاجی کەریم: دێتە شارەکەی ئێمە؟

ئوروج: بەڵێ..بەڵێ..دێتە شارەکەی ئێمە.

حاجی کریم: کەی تەشریف دەهێنێ؟

ئوروج: لە ٧ و ٨ مانگی ڕەجەبدا..وا نووسراوە.

بەخشعەلی: یانی ئەمڕۆ چەنی مانگە؟ وابێ جەنابی شێخ پاش دوو ڕۆژی دی تەشریف دەهێنێ بۆ شارەکەمان!

ئوروج: بەڵێ وایە..

حاجی حەسەن: ئیتر بۆچی وەستاوین.. وابێ جەنابی شێخ ئێستا بەڕێوەیە..کاتی وەستان نییە، حاجی کازم، حاجی بەخشعەلی، حاجی کەریم، مەشهەدی ئوروج، ئیتر کێی تریش هەیە، هەموو گوێ بگرن.. مەوەستن، تفاقی ڕێگا ئامادەکەن.. کا بە ئەسپەکان بدەن، ئەسباب ڕێگا ئامادە بکەن.. ئێوەیش حاجییەکان، مەشهەدییەکان، ئامادەبووان، کاتی وەستان نییە دەبێ تەدارەکی ڕێگا ببینن، بەرەو پیری بچین..(پیاوەکان جموجۆڵیان تێ دەکەوێ)

(یەك بەیەکدی) بچن ئەسپەکان ئامادە بکەین..

حاجی حەسەن: حەیدەر. مەوەستە. خەبەر بدە ژوورەکان خاوێن کەنەوە و فەرشەکان ڕاخەن. میوانمان دێ...

حاجی کازم: (بە حاجی حەسەن) حاجی: لێگەڕێ با من ئەزیەتی خانەخوێی جەنابی شێخ لە ئەستۆ گرم..

دەترسم بۆ ئێوە ئەزیەت بێ...

حاجی حەسەن: نە.. نە.. حاجی کازم وا مەڵێ... توخوا وامەڵێ ئەم جۆرە ئەزیەتە لە ڕێی ئەم جۆرە وجودە بەزایە ناچێ...

بەخشعەلی: نەخێر حاجی حەسەن با جەنابی شێخ میوانی ئێمە بێ...

حاجی کەریم: وەڵڵاهی ازی نابم.. دەبێ شێخ لە ماڵی ئێمەدا بێ.

حاجی حەسەن: بەسەری تۆ ڕازی نابم، چونکە جەنابی شێخ حەقی زۆری بەسەرمانەوە هەیە.

حاجی کازم: وابێ ئیتر وەختی پاڵدانەوە و قسەکردن نییە، بڕۆین خۆ ئامادەکەین.. حاجییەکان بفەرموون تەدارەکی ڕێگا ببینن.

(هەموویان بەفەرموو فەرموو دەردەچن، حاجی حەسەن لە ژوورەکەدا دەمێنێتەوە و لە دەرگاکەی ترەوە کەربەلای فاتمە بەترسەوە دێتە ژووریٚ...)

فاتمە: ئەریٚ حاجی. ئەمە چ خەبەریکە، دەڵێن کەربەلایی فتح الله زیندووبووەتەوە.

حاجی حەسەن: فاتمە.. ئێستا کاتی ڕاوەستان نییە، ئیشی ناو ماڵ سازکە هەموو عالەمی دنیا بەیەکا چوون لە خوراساندا خەڵکێکی زۆر زیندوو بونەتەوە...

کەربەلای فتح اللەیش زیندوو بووەتەووە...

ڕەنگە ئەمڕۆ بگاتەوە ئێرە.. ئەوەی زیندووشی کردووەتەوە شێخ نەسروڵلایە. ئەویش دێ...

(دەیەوێ دەرچێ و بڕوات)

فاتمە: حاجی خوا ڕەحم بە باوکت بکات، بڵێ تا ببینم مردووەکانی شاری ئێمەیش زیندوو دەکاتەوە؟

حاجی حەسەن: (لە دەرگاوە)

ئافرەت توخوا زووکە مەوەستە.. نازانم زیندوویان دەکاتەوە یا نە، ئەمەیان بەستراوە بەلوتف و ئیلتفاتی شێخەوە. سەرم شێواوە، نازانم بە چ جۆرێ زیندوویان دەکاتەوە..

ئافرەت پێت دەڵێم مەوەستە بڕۆ کاری ناو ماڵ ببینە.

من دەڕۆم (دەڕوات)

فاتمە: (هەردوو دەستی بەرز کردووەتەوە دەگری)

خوایە کچە جوانەکەمت لە دەستم سەند، جەرگت سووتاندم دەمەوێ سارای کچم وەکو کەربەلای فتح الله زیندوو بکەیتەوە..

خوایە..

(دەگرییێت و بەسەر چۆکا دەکەوێتە سەر زەوی، ئەسکەندەر دێتە ژووریٚ، لە دایکی نزیك دەبێتەوە، سەری شۆڕ کردووەتە خواریٚ و غەمناکە و بەدایکی دەڵێ):

ئەسکەندەر: دایە، حەیف..

**پەردەی دووەم**

ژووری میوانی ماڵی حاجی حەسەن فاتمە خانم و زەینەبی کارەکەری ژوورەکە ڕێك دەخەن، نازلیش گەمە دەکات.

نازلی: (بە دایکی) دایە، لە دەورت گەڕێم، بەقوربانت بم... دەڵێن میوانەکەی ئەمڕۆمان، مردوو زیندوو دەکاتەوە... منیش دەمەوێ بزانم ڕاستە یا نەء (باوەش بە دایکیا دەکات)

فاتمە: کچم نازانم، منیش وەکو تۆ، جارێ لێم گەڕێ، کاتی ئەوەیە میوانەکانمان بگەنە جێ با ئیشەکانم تەواو بکەم...

کچێ زەینەب زوو بالیفەکان بێنە بەم لاوە...

چمکی ئەو فەرشە هەندێ ببە سەرێ

نازلی: دایکە.. نازانم پێبکەنم یان بگریم..

قسەیێکم پێیە دەمەوێ بیڵێم.. دایە لە میوانەکەمان دەپاڕێمەوە دەکەومە سەر دەست و پێی (بەگریانەوە) دەڵێم سارای خوشکم زیندوو بکاتەوە.

(دادەنیشێت و دەست بەگریان دەکات) نازانم کچم نازانم

زەینەب: خانم توخوا دڵی خۆت مەگوشە، خوا کەریمە..

توخوا خانم ئەم میوانەمان چۆن پیاوێکە کە مردوو زیندوو دەکاتەوە...؟ (دەگرییێت و بەچارشێوەکەی فرمێسکەکانی دەسڕێت)

فاتمە: نازانم.. بەڵام خوا کەریمە. بەزەییشی بەئێمەدا دێتەوە...

زەینەب مەوەستە، بە عەلی بڵێ ئاو بێنێ...

تۆیش سەیری بن وجاغەکان بکە..

(زەینەب دەچێتە دەرێ)

نازلی: دایکە.. خەریکە دڵم دەتەقێ..تەنها جارێ سارام بدیبا. تۆ دەزانی من چەندێ سارام خۆشدەویست ئەو ڕۆژەم بدیبایێ سارای خوشکم لەم دەرگایەوە بهاتایە ژوورێ.. ئەی خوشکی وشکەوە بووی نێو خاکم.. دایە خەریکە شێت دەبم بەخوا و بەپێغەمبەر سوێند دەخۆم، نەزر دەکەم، هەر چیم هەیە دابەشی دەکەمە سەر هەژارانەوە.

(ئەسکەندەر بەگۆرانی وتنەوە دێتە ژورەوە)

ئەسکەندەر: ها.. دایکە.. کەیفت چۆنە؟

فاتمە: وەی.. کەیفم بەژەهرە مار بێ. لە دەردی تۆ خەریکە وشکەوە بم منالانی خەڵکیش دەرسیان خوێندووە، ئەوەتا هەموو پیاوی عاقڵ و سەرەن، هەر کامیان دەبینی باش چاوشی مەرکەزی پۆلیسە..

بەلام تۆیش، شەو سەرخۆش و ڕۆژ سەرخۆش، لە ناو خەڵکیدا بەبۆنەی تۆوە بووینە بە پەن و، ئابڕوومان چووە، کە ئەو ژەهرە مارە دەخۆیتەوە ئەوی. بەعەقڵتا بێت دەیڵێی...

نە خوا دەناسی نە لە گەورە و بچووکیش شەرم دەکەی...ئەوە چ قسەیێکە دوێنێ بە نازلی-ت وتووە...(وەرە دەستم لە دەست نێ بڕۆین بۆ گەڕان) چۆن دەبێ کچۆڵەکان وەکو کوڕان بچنە دەشت و دەر بگەڕێن.. دوێنێ کە ئەم قسەیەم بیست هەر ئەوە بوو بەدەستی خۆم قەبرم بۆ خۆم هەڵنەئەکەند و بچمە ناوی و قورتار بم لە دەستت.

ئەسکەندەر: (پێدەکەنێ سەری دەنێتە سەر شانی دایکییەوە)

ئیتر لەمەو دوایش بمری قورتار نابی و دەستم لە یەخەت نابێتەوە ئەی ئەوە نییە شێخ نەسروڵلا کە ئەمڕۆ دێ..

کە مردیشی شێخ زیندووت دەکاتەوە..

ها ها ها ئیتر بەمردنیش قورتار نابێ.

فاتمە: حەیف، سەر ئاسنین، تۆ بە چی باوەڕدەکەی؟ ئای بۆ ڕۆژ ڕەشیم، با ئیشەکانمان بکەین. چاکە بڕۆیت.

نازلی: کاکە ئەمڕۆ خۆت چاك بشارەوە.. پیاو شەرم دەکات.. میوانمان دێ.

(میر باقر ئاغا دێتە ژوورێ سەلام دەکات نازلی دەچێتە دەرێ)

فاتمە: علیك سلام، فەرموو دانیشە (میر باقر دادەنیشێ)

ئەسکەندەر: (بەدوای نازلی- ڕادەکات) کچێ نازلی مژدانەم بەرێ دەستگیرانەکەت هاتووە.

فاتمە: (بە ئەسکەندەر) بێ دەنگ بە، هەتیو بەم جۆرە مەدوێ (میر باقر ئاغا سەری شۆڕ کردووتە خوارێ)

ئەسکەندەر: منت بمرم دەستت بدە دەستم.. بەخوا لۆتیت.. دەست دە دەستم، ئەوە نییە پاش چەند ڕۆژێکی دی دەبیتە زاوا و کچێکی نۆ ساڵە لە باوەش دەنێی بەخوا لۆتیت.

میر باقر ئاغا:

عەیبە، شەرم و حەیا لە دایکت بکە...ئەم قسانە مەکە...

فاتمە: گەر حەیای هەبوایە ئەم قسانەی نەدەکرد..

(میر باقر ئاغا دەڕوات)

فاتمە: هەتیو، قوڕ بەسەرم خۆ ئەوە بەجارێ شێت بوویت (بەدەنگی بەرز) کوڕە عەلی وەرە ئەم بەرەڵڵایە دەرکە دەرێ (نازلی دێتە ژوورەوە)

نازلی: کاکە بەخوا بەتەواوەتی حەیامان نەما ئەوە چ قسەیێکە تۆ دەیکەی، عەیب نییە!

ئەسکەندەر:

(بەچەقەنەلێدانەوە گۆرانی دەڵێ):

*یارێکم هەیە عومری نۆ ساڵە*

*سورمەی لە چاوە گۆنایشی ئاڵە*

*ئەی جان وەی جان.. جان.. جان.. جان.*

*(عەلی نۆکەر دێتە ژوورێ هەواڵیان دەداتێ)*

عەلی: خانم ئێرە بەجێ بێڵن، میوانەکانمان تەشریفیان هێنا. (فاتمە و نازلی دەردەچنە دەرێ، حاجی حەسەن بەسەر و سەکوتی تۆزاوییەوە دێتە ژوورێ سەیری ئەمسەر و ئەوسەری ژوورەکە دەکات، لە دووریشەوە دەنگی سەڵەوات دێ)

حاجی حەسەن: هەرچی بەڵای خواوەندی تەعالا هەیە بەسەر ئەم شارە بەدبەختەی ئێمەدا نازڵ دەبێت، جەنابی شێخ لە ڕێدا هەندێ نەخۆش کەوتووە، باری تەعالا شفای بدات، خەجاڵەت نەبین، ئەسکەندەر، ئەمڕۆ لە بەرچاوی مێوانەکاندا خۆت چاک بشارەوە، عەیبە دۆست و دوژمنمان هەیە.

ئەسکەندەر: بابە. ئەمە، هەمان شێخە کە مردوو زیندوو دەکاتەوە؟

حاجی حەسەن: کوڕم، جەنابی شێخ نەسروڵڵا–یە. کاتی ئەوەم نییە لەگەڵ تۆدا قسەی پڕوپووچ بکەم.. ئەرێ هەموو شتێ ئامادە کرا؟

ئەسکەندەر: ڕەنگە یەکەم کاری میوانەکەمان ئەوە بێ من زیندوو بکاتەوە.. چونکە منیش شتێکم وەکو مردوو..

حاجی حەسەن هیچ نالێ هەردوو گوێی ئەسکەندەر دەگرێ و دەری دەکاتە دەرێ.. دەنگی های و هوی پیاوەکان، ترپەی پێی ولاخ و حیلکەیان لەگەڵ قاوقیژی خەڵکەکە تێکەڵ دەبێ حاجی حەسەن و شێخ ئەحمەد دەچنە بن باڵی شێخ نەسروڵڵا، دەیهێننە ژووری لەسەر دۆشەکێکدا دایدەنێن بە ئەدەبەوە پاشەوپاش دەکشێنە دواوە، پیاوە سەروچاو تۆزاوییەکان یەکە یەکە بەئەدەبەوە دێنە ژووری، هەموو لە پاینی ژوورەکەدا دەوەستن شێخ نەسروڵڵا سەیری کەس ناکات، ئەسکەندەر لە ناو زەلامەکاندا سەرەتاتکێ دەکات، حاجی حەسەن بەئیشارەت تێیدەگەیێنێ بڕوات، دەڕوات، شێخ ئەحمەد نزیکی شێخ نەسروڵڵا دەبێتەوە، دەپرسێ.

شێخ ئەحمەد: یاشێخ ئەحواڵتان چۆنە؟

حاجی حەسەن: (بەترسە ترس نزیکی شێخ دەبێتەوە) جەنابی شێخ ئیزن دەفەرموون چای بهێنن؟

(شێخ نەسروڵڵا بە سەر ئیشارەت دەدات).. نەء.. نەء..

بەڵکو جەنابی شێخ بفەرموو نان بخۆن، بارۆکەی چاکمان برژاندووە.

شێخ نەسروڵڵا: ئینسان لە کاتی نەخۆشیدا دڵی خۆراك نابات، دڵ کە گیرۆدەی دەردی هەوەس بوو، ئەم بیمارییە دەستی بەسەرا گرت، ئەوا ئارەزووی خودا پەرستی نامێنێ، خۆراك هەرچەند بەتام بێ لە لای بیماردا بێ تامە.. لە ئەنجامیشدا سوودی خۆی ناگەیێنێ.. چ خۆراکێکە.. چ جۆر بارۆکەیێکە؟

.. شێخ ئەحمەد تۆ منت بۆ کوێ هێناوە؟

ئەمانە چ موسوڵمانێکن (دەست بۆ فەرشەکان دەبات) ئەمانە چییە؟ چ خۆراکێکە؟ شێخ ئەحمەد مەگەر تۆ بەمانەت نەوتووە خۆراکی ڕۆژانەم تەنها تاقە خورمایێکە؟؟

شێخ ئەحمەد: بەڵێ جەنابی شێخ ئاگاداریانم کردووەتەوە.

شێخ نەسروڵڵا: (ڕوو لە پیاوەکان دەکات) ئەمە چییە؟ ولد الزینا چیتان دەوێ، لە چی دەگەڕێن؟ ئەگەر شاهەنشاهیش بن هەر دەبێ بمرن.. دنیای ئێوە لە بەرچاوی مندا زۆر بێ بایەخە وەکو گەڵایێکی زەرد وایە.. دنیای ئێوە عیبارەتە لە شەش جۆر لەزەت: مطعوم، مشروب، مەلبوس، مەنکوح، مەرکوب، مەشهوم، والسلام

بەلەزەتترین خۆراکتان هەنگوینە ئەویش لە پاشووی هەنگەوە دێتە دەرێ.. ئەو ئاوەی دەیخۆنەوە هەزاران حەیواناتی تیا دەژێت، باشترین بۆن و بەرامێکیش مسکە ئەویش لە ناوکی ئاسکدایە و عیبارەتە لە خوێن، چاکترین مەرکوباتتان ئەسپە ئەوەی کە سواری دەبێ هەمیشە خەتابارە، باشترین لیباستان ئاوریشمە، ئەویش لە شتە گەنیوەکانی ناو سکی کرمەوە دەردەچێ.. ئەوانەی کە مانەوە مەنکوحاتە، فەوائیدی عەزیم و مەتڵەبی لێرەدایە، باشترین دەرمانیش کە تاقی کراوەتەوە درکە.. ئەمری تەزویج موتعەی نیکاحە، ئەمەش شار دەپارێزێ و ئیمان دەبەخشێ من تزەوەجە ئەحرەزە دینە.. ولد الزینا.. یانی هەرکەسێ ژن بێنێ نیوەی ئاێنی لە شەڕی شەیتانی و هەوەس نەفسی دەپارێزێ.. (هەندێ پاڵ دەداتەوە) شێخ ئەحمەد لە ناو ئەم جەماعەتەدا هیچ لە خوشکان بەدی ناکەم و کەسیان دیار نین.. بەزوویی خەبەر بدەنە ئەو بێچارانە با بێنە ئێرە تا بێ بەهرە نەبن لە بیستنی حوکمەکانی خواوەندی تەعالا.. (هاتوچۆ دەکەوێتە ناو پیاوەکانەوە وردە وردە ئافرەتەکان بە سەرپۆشەوە دێنە ژووری لە پاڵ مێردەکانیان دەوەستن)

ئەکثەر ئەهلونار ئەلعوزەب.. یانی زۆرترین ئەهلی جەهەنەم سەڵت و ڕەبەنە (بەئەسپایی بە شێخ ئەحمەد دەڵێ) شێخ ئەحمەد من تاقەتم نەما تۆ ئەمانە بەڕێخە.

شێخ ئەحمەد: فەرمایشی جەنابی شێخ وایە کە زۆربەی ئەهلی جەهەننەم ئەو کەسانەن چ ژن چ پیاو لە موتعەی سیغە بێ بەشن!

(حەیدەر ئاغا و عەلی بەگ دێنە ژووری و لە نێو پیاوەکاندا ڕێ بۆ خۆیان دەکەنەوە و شێخ نەسروڵڵا هەڵدەستێتە پێوە).

شێخ نەسروڵڵا: مزاجی شەریفتان ئینشائەڵڵا سەلامەتە.

حەیدەر: لە سایەی شێخی وەك جەنابتان و خواوەندی تەعالا باشین و لە ئێمەت نەسێنێ.

عەلی بەگ: خوا عومرتان بداتێ..

شێخ نەسروڵڵا: کاتێ کە ئینسان دەنێنە ناو تابووتەوە خوای باری تەعالا لە کتێبخانەی غەیبدا عیبرەتی ئینسان بەقەڵەمی ئەجەل لەسەر تەختی تابووتەکەدا ڕەقەمی لێ دەدات.

بەڵێ خوای حەق و تەعالا چل پرسیار دەکات لە جوملەی ئەو پرسیارانە ئەمە یەکێکیانە:

کوڕی من.. زاهیری خۆتت زینەت داوە بەلباسی کافران خۆتتپۆشیوە و باتنیشت لە بەرچاوی مندا بووە.. من نازانم ئێوە لە وەڵامی ئەم پرسیارانە چی دەڵێن!

حەیدەر: بەڵێ جەنابی شێخ ئێمە لە هەموو حاڵەتێکدا بەندەی گوناهکاری خوای حەق و تەعالاین (ڕوو لە زەلامەکان دەکات) ماشائەڵڵا جەنابی شێخ دەریای عیلمە... من عالیمی وام نەبینیوە...

عەلی بەگ: ماشاالله لە عیلمی شێخ.

شێخ نەسروڵڵا: ئاغای من.. لەم ولایەتەدا جگە لە ئێوە کەسێکی تر هەیە لە ئەجنەبییەکان دەرسیان خوێندبێ.. ئێوە هەر دوو کەسن؟

حەیدەر: نەخێر یا شێخ کەسێکی تر نییە.. ئەها ئەها.. ڕاستییەکەی کوڕی حاجی حەسەن ئاغایش لە فەرەنگستان.. وەلێ چ فائیدە ئاخرییەکەی پەشیمانی بوو، لە حەقیقەتدا جەنابی شێخ، عەیبی تیادا نییە پیاو هەندێ فێری زمانی ئەجنەبی بێ... بەڵام لە سورەتێکدا منالّی موسوڵمانیش لە خارجدا مایەوە ئەڵبەتە ئیعتقادی دەگۆڕێ.

حاجی حەسەن: جەنابی شێخ ڕاستییەکەی من لە ڕووی منالّەوە بەدبەختم غەڵەتێکە و کردوومە..

شێخ نەسروڵڵا: کوڕەکەی حاجی حەسەن لێرەدایە؟

حاجی حەسەن: نەخێر جەنابی شێخ کە تەشریفتان هێنا لە خەجاڵەتییا ڕای کرد و چووە بۆ گەڕان... خوا ڕووی ڕەش کات..

شێخ نەسروڵڵا: ئەمر بیلمەعروف واجبی هەموو موسوڵمانێکە..

حاجی حەسەن کوڕەکەتان بانگ کەن دەمەوێ بیبینم.

(حاجی حەسەن دەردەچێتە دەرێ... لە ناو پیاوەکاندا ئافرەتێ دەست بە گریان دەکات)

شێخ نەسروڵڵا: ئافرەت چیت دەوێ؟

ئوروج: یاشێخ ئەمە دایکی منە.. لەبەر کوڕەکەی دەگرییێت.. کوڕەکەیش هەمان کەربەلایی فتح اللە-یەکە مەرحەمەتی ئێوە لە خۆراسان زیندووی کردووەتەوە، ژنەکە دەپاڕێتەوە و دەڵێ: بەقوربانت بم یاشێخ من کوڕەکەمم لە تۆ دەوێ (لەم کاتەدا حەسەن دەستی ئەسکەندەری گرتووە و پەلەکێشی دەکاتە لای شێخ، ئەسکەندەر لە لای

شێخدا دەوەستێ و دەستی ناوەتە گیرفانییەوە و سەیری دەموچاوی شێخ دەکات).

شێخ نەسروڵڵا: ئەمە ئیسمی شەریفی چییە؟

حاجی حەسەن: نۆکەرتان.. ئیسمی ئەسکەندەرە..

شێخ نەسروڵڵا: یەهـ.. یەهـ.. ئەسکەندەر ئەسکەندەری ڕۆمی ئەسکەندەری ذوالقرنین.. چ ناوێکی جوانە جەنابی ئەسکەندەر بەگ جەنابتان مەنسەبتان هەیە؟

ئەسکەندەر: نەخێر.. من خاوەنی هیچ مەنسەبێ نیم.. خاوەنی مەنسەب ئەم ئاغایانەیە (دەست بۆ حەیدەر ئاغا و عەلی بەگ دەبات). عەلی بەگ: (بەحەیدەر ئاغا) یەقینت هەبێ سەرخۆشە.

شێخ نەسروڵڵا: (بە ئەسکەندەر) وا مەعلومە کە دەرسی تۆ لە دەرسی ئەم ئاغایانە (دەست بۆ حەیدەر ئاغا و عەلی بەگ دەبات) کەمترە بۆیە وا هیچ مەنسەبێکتان دەست نەکەوتووە.

ئەسکەندەر: بەڵێ.. بەڵێ.. ئەمانە دەریای عیلمن.. ئینشائەڵڵا لە جەنابتانەوە فێری عیلمی مردوو زیندووکردنەوە دەبن، ئیتر بەتەواوی دەبنە عالمێکی پڕ.

شێخ نەسروڵڵا: (بە حاجی حەسەن) وا چاکە ئەم بێ ئەدەبە وە کەنار خەیت ئەم مورتەدە ئیستهزا بەحیکمەتی خوای تەعالا دەکات (حاجی حەسەن و هەندێ لە پیاوەکان ئەسکەندەر دەردەکەنە دەرێ..)

حەیدەر ئاغا: یاشێخ ئەوە عەقڵی لەسەر نییە.. شەو و ڕۆژ سەرخۆشە.

میر باقر ئاغا: جارێ با لە سەرخۆشییەکەی گەڕێین.. بیرکردنەوەی خەتەرە دەیەوێ کچان سەرپۆش نەکەن.. بەسەری ڕووتی بسووڕێنەوە؟

شێخ نەسروڵڵا: چۆن؟

حاجی کەریم: نەخێر میر باقر ئاغا ناتوانێ غەڵەتی وا بکات.

میر باقر: چۆن نایکات؟ دوێنێ بە خوشکە نۆ ساڵانەکەی دەوت وەرە بچینە دەرێ.. من بەگوێیەکانی خۆم بیستم (شێخ نەسروڵڵا هەڵدەستێتە پێوە)

شێخ نەسروڵڵا: واوەیلا.. واوەیلا.. لەم ولایەتە ناتوانم بمێنمەوە (بەرەو دەرگا ڕادەکات، پیاوەکان بەیەکا دێن و دەچن).

حاجی حەسەن: یاشێخ بەزەییت بە مندا بێتەوە، چ تەمیێك پێویستە من دەیکەم بریا

بەدڵشکاوی لە ماڵەکەی مندا دەرنەدەچوون.. یاشێخ بەدبەختم مەکەن.

ئوروج: یاشێخ ئێوە ئارام بگرن ئەم کارە بۆ ئێمە بەجێ بێڵن.. خۆمان دەزانین چۆن بەرەو جەهەنەمی دەنێرین.

(چەند زەلامێ دەردەچنە دەرێ و بەدوای ئەسکەندەرا ڕادەکەن).

حاجی حەسەن: (بەدوای زەلامەکاندا) لەسەرەخۆ بن، لەسەرەخۆ بن، لەسەرەخۆ بن.. ئارام بگرن، من تەمێی دەکەم، حاجی بەخشعەلی، حاجی کەریم، حاجی کازم ئەم مناڵە ورتکانە بێ دەنگ کەن.. من خۆم لە حەقی ئەم مەلعونە دێم (حاجی حەسەن و هەموو زەلامەکان دەردەچنە دەرێ شێخ نەسروڵلا و شێخ ئەحمەد لە ژوورێدا دەمێننەوە)

شێخ نەسروڵلا: ئەحمەد، ئەم ئەسکەندەرە چییە؟ من لەم هەتیوە دەترسم و گومانی شتی لێ دەکەم...

شێخ ئەحمەد: یاشێخ هیچ ناڕەحەت مەبە.. لێرەدا کەس بەپیاوی نازانێ. نیگەران مەبە.. خەریکی کاری خۆت بە.

شێخ نەسروڵلا: (سەرنجی دەرگاکە دەدات) شێخ ئەحمەد ئەوەلەن بەو زەلامە بڵێ نانم بۆ بێنێ، سانیەن با بێ دەنگیش بن دەمەوێ ئیسراحەت بکەم، سالیسەن (هەندێ پاڵ دەداتەوە) بێ قسە، بێ قسە، بێ سێ و دوو، تەدارگ ببینە، من لێرەدا ناتوانم بەتەنها بنووم. بەدەنم دێشی، دەبێ بمشێلن..

شوکر بۆ خوا.. خۆت هەمووی دەزانی مەوەستە دەست پێکە (شێخ ئەحمەد دەردەچێتە دەرێ، شێخ نەسروڵلا پێدەکەنێ، خۆی بە خۆی دەڵێ):

من لەناو خەڵکیدا خۆم بەنەخۆش دادەنێم شێخ ئەحمەد وادەزانێ من دەمەوێ دەستەمۆی بکەم.. من نەخۆشم نەخۆش، هەر لەبەر ئەم نەخۆشییەیە ئەم ئەحمەقەم لەگەڵ خۆمدا هێناوە

.. ئەمیش وا دەزانێ مناڵم و کشمیش و نۆکم دەوێ.

(شێخ نەسروڵلا بەهەردوو دەست دەموچاوی خۆی دەشارێتەوە، نۆکەرەکەی حاجی حەسەن خۆراکی جۆراوجۆر دەهێنێتە ژوورەوە و دەچێتە دەرێ. شێخ ئەحمەد دێتە ژوورێ لە پەنایێکدا دەوەستێ پاش هەندێ بێدەنگی دوو ئافرەت کچۆڵەیێکیان

بەدەستەوەیە و لە بەردەرگادا دەوەستن، جارێکی تر عەلی نۆکەر دێتە ژووریٚ و چراکان دادەگیرسێنیٚ و لەم کاتەدا حاجی حەسەن خۆی دەکاتە ژووریٚ).

حاجی حەسەن: (ئافرەتەکان) کچم شەرم مەکەن.. ئەمری خوایە، لە چی شەرم دەکەن.

شێخ نەسروڵڵا: (بەشێخ ئەحمەد) لە تەرەفی منەوە وەکیل بە.. سیغەکە وەجیٚ بێنە.

شێخ ئەحمەد: بەسەر سەر....

هەمووو دەچنە دەریٚ، کچۆڵەکەیش لە ژوورێدا دەمێنێتەوە، دەیەویٚ بەدوای زەلامەکاندا دەرچێتە دەریٚ دەرگای بۆ ناکرێتەوە، شێخ نەسروڵڵا هەڵدەسێتە پێوە بەبەلاغەتەوە پێی دەڵیٚ: ئەمە لە ئیختیاری خۆتدایە.. سەرپشك بە.. گەر دەتەویٚفەرموو.. دەتەویٚ بمێنیتەوە ئیختیاری خۆتە، بەڵام کاتیٚ کە دەمری دەکەویتە..بەرزەخی عالەمین، لە پاینی پێتەوە کەلێنی دەمی دادەچەقێنیٚ هەڵمی جەهەنەمت بۆ دەهێنیٚ، دووپشکی گەورە دەلکێننە لەشتەوە.. کەیفی خۆتە.. ئەگەر.... پاش ئەوەی دەتنێنە ناو قەبرەوە لە لای سەرتەوە دەریاچەیێك هەڵدەقوڵیٚ، لە دەریاچەکەوە غولمان دێن بۆ دڵنەواییت.. لە گەردنی غولمانەکاندا گەردانە ڕیزکراوە لە زوبەرجەدو دانە دانە دەیخەنە گەردنتەوە پاشانیش دەبینی حەوت سەد سەعاتی دنیا کۆبووەتەوە و قیامەت هەڵساوە (لە کچۆڵەکە نزیك دەبێتەوە وردە وردە شانۆ تاریك دادیٚ) لەو کاتەدا غولمانێك دەنووسێتە دەستەوە (خۆی بە دەستی کچۆڵەکەوە دەنووسێنیٚ) بە پێکەنینەوە پێت دەڵیٚ: دەبینی لە دنیادا چەنیٚ کاری سەوابت بینیوە.. (باوەش بەکچۆڵەکە دەکات)

**پەردەی سێیەم**

لە گۆڕستانێکی کەناری شاردا، زەلامێکی زۆری پێییەتی، شەرواڵەکانیان تا ئەژنۆ بەرز کردووەتەوە، دەستیان ناوەتە سەر دەست وەستاون. لە ناوەڕاستیاندا شێخ نەسروڵڵا کتێبێکی بەدەستەوەیە بەفەساحەتەوە دەڵیٚ:

شێخ نەسروڵڵا: (کتێبەکەی بەهەردوو دەست بەرز کردووەتەوە).

ئەمەیە کتێب... ئەمەیە عیلم.

ئەنواع و ئەسنافی علوم دوو قسمە، جەلییە و خەفییە، جەلییە ئەوەیە قەواعید و قەوانین و ئوسوڵی هەیە، خەفییەش لە کۆشەکاندا ماوەتەوە کەس لە حەقائق و

لە جملەی خەفییات ئەوەلەن عیلمی تەڵەسمات، کارمان بەم عیلمە نییە، سانیەن عیلمی تەسخیر، بەمەش کارمان نییە، سالیسەن عیلمی خەیالات کارمان بەمەش نییە، رابیعەن عیلمی شوعبە، ئەمیش هەروەها کارمان پێی نییە، خامیسەن (ڕوو لە قەبرەکان دەکات و زۆر بەدرێژییەوە دەڵێت) رەجعەت ئەموات..

عمومی فەوائید و شمولی عەوائیدی ئەم کتێبە (کتێبەکە بەرز دەکاتەوە) کەلبولباب، مەقبولی ئولی ئەلباب، لازمی ئەمسال، عالی جەناب، نقابی ئینتساب درایەتی نساب و ولایەتی ئیکتساب، جەلالی حەشمەتی دەولە قەویم ئەلدین وەل میللە، ئەمیر بەهادری لایەزال (مؤیدا من عندە بالنفس القدسیة) سدوری ئەم کتێبە لە لایەن ئەم فەقیر و حەقیرەی بەرانبەرتان، شێخ نەسروڵلا ئیبنی جەعفەری واعزی ئەسفەهانی، ئیشغال بووە بە تەئلیفی ئەم کتێب و ئەم ریسالەیە ئەوەیش بۆ کەشفی کیشاف و حیکمەتی رەجعەتی ئەموات.. ئەم کتێبەم بۆ پێنج مەقسەد داناوە: ئەوەلەن عیلمی سیمیا، دووهەم عیلمی ریمیا، سێهەم عیلمی کیمیا، چوارەم عیلمی لیمیا، پێنجەم عیلمی قیمیا بەڵام کارمان بەم عیلمانە نییە (هەندێ بیر دەکاتەوە) رەجعەت، بە فەتحەی ڕا مەعنای گەڕانەوەی مردووانە بۆ دنیا.. دانیش..

(هەموو زەلامەکان دادەنیشن)

هەندێ مونکرین دەڵێن، گەڕانەوەی پاش مردن مونافی تەکلیفە چونکە گەر کەسێ مرد ئەوا تەکلیفی لەسەر لادەچێ، دەڵێن دووبارە گەڕانەوە بۆ دنیا سوود و بەرێکی هەیە، ڕەنگە لەناو ئێوەیشدا مونکری دا وا هەبێ.. ئەگەر هەیە با بێتە بەرانبەرم.. من پەنا بەم کتێبە وەڵامی دەدەمەوە.. کێیە دەڵێ مردووەکان بەڕاکردن بۆ دنیا ناگەڕێتەوە.. کێیە ئەمە ئینکار دەکات؟ مونکیرەکان بابێنە بەرانبەرم تا پەنا بەم کتێبە وەڵامیان بدەمەوە.

حاجی حەسەن: بەفیدات بین... ئەوەی لە حوکمی خواوەند بەگومانە کافری موتڵەقە.

حاجی کەریم: (بەگریانەوە) یا شێخ ڕۆحم بەفیدات بێ.. من پاڵەوانی کوڕم لە تۆ دەوێ.. مانگێك دەبێ مردووە و جەرگمی سووتاندووە.. بەقوربانت بم شێخ من کڵۆڵ و بەستەزمانم.

(یەکێ لە زەلامەکان نزیکی دەبێتەوە و بەگریانەوە دەڵێ): باوکی منیش زیندوو بکەوە،

(یەکێ تریان) دایکم زیندوو بکەوە، (سێهەم) خوشکەکەم (چوارەم) براکەم

شێخ نەسروڵڵا: (بەدەنگی بەرزەوە) سکوت (سەیری گۆڕستانەکە دەکات) عظمت عەلیکم یا ئەهلەلقبور.. شێخ ئەحمەد قەڵەم و کاغەز بێنە، هەرکەسێ دەیەوێ قەوم و ئەقرەبای مردووی زیندوو بێتەوە، بیاننووسە و بیدە من.

(پیاوەکان بەیەکا دێن و دەچن، هەریەکە دەیەوێ نزیك بێتەوە دەنگیان لێوە دێ)

ئەدەب.. (هەموو زەلامەکان بێ دەنگ دەبن)

شێخ ئەحمەد: (قەڵەم و کاغەزی بەدەستەوەیە) بسم الله الرحمن الرحيم، هەرکەسێ دەیەوێ ڕەجعەتی یانی گەڕانەوەی مردووەکانی بۆ ئەم دنیایە، یەکە یەکە بەنۆرە.. بەقاعیدە، بەئوسوڵ .. بەئەدەب.. ناوەکانیان بڵێت و من لەم کاغەزەدا دەیاننووسم و دەیدەمە خزمەتی حەزرەتی عالی مەقام جەنابی شێخ (دیسانەوە زەلامەکان دەکەونە جموجۆڵ)

شێخ نەسروڵڵا: (بەدەنگی زۆر بەرزەوە دەڵێ) الصبر یا معشر الاسلام (هەموو بەترسەوە بێ دەنگ دەبن) (بەحاجی حەسەن) حاجی حەسەن یەکە یەکە ناوی مردووەکانت بڵێ تا شێخ ئەحمەد بیاننووسێ.

حاجی حەسەن: (بەئەدەبەوە نزیك دەبێتەوە) باوکم حاجی مەهدی – خوا ڕەحم بەمردووەکانی ئێوەش بکا (هەموو زەلامەکان بەیەکەوە) خوا ڕەحمیان پێ بکات.

شێخ ئەحمەد: (دەنووسێ) باوکت مەهدی.

حاجی حەسەن: دایکم سەکینە.. کوڕێکم جەعفەر، کوڕێکم حەیدەر (شێخ ئەحمەد ناوەکان دەنووسێ) سارای کچیشم (میر باقر ئاغا لە ناو زەلامەکان دەردەچێتە دەرێ)

نەخێر ناوی مەنووسە (حاجی حەسەن و پیاوەکان بە سەرسوڕمانەوە سەیری میر باقر ئاغا دەکەن)

شێخ نەسروڵڵا: ئەوە کێیە دەڵێ مەینووسە؟ ئەو چ حەقێکی هەیە؟

میر باقر: جەنابی شێخ ئەو کچە.. عەیب نەبێ عەورەتی منە.

شێخ نەسروڵڵا: چاکە.. مەگەر بەزیندووبوونەوەی ژنەکەتان ڕازی نین؟

میر باقر: جەنابی شێخ.. مەبەستم ئەمە نییە.. ئەوەی پێم ناخۆشە.

ئەگەر حاجی حەسەن پیاوێکی ڕاستە بۆچی ناوی حاجی ڕەزای برای نانووسێ؟

حاجی حەسەن: (بەتوورەییەوە) ئەمە چ حەقێکی بەتۆوە هەیە برای خۆمە ئەمەوێ دەینووسم نەمەوێ نایەنووسم.. ئەمە هیچ پەیوەندییێکی بەتۆوە نییە

شێخ نەسروڵڵا: زۆر قسەکردن لازم نییە حاجی حەسەن هۆی چییە ناوی حاجی ڕەزای براتان نانووسن؟

حاجی حەسەن: (سەری شۆڕ کردووەتەوە خوارەوە فکر دەکاتەوە) یاشێخ پێنج ساڵ دەبێ حاجی ڕەزای برام مردووە... ئێستا وشکەوەبووەتەوە، لەناوچووە ئیتر چۆن زیندوو دەبێتەوە و دەبێ بە پیاو!

شێخ نەسروڵڵا: چۆن وشك بووەتەوە؟ کێیە وشکی کردووەتەوە.. انظر العظام کیف ننشرها... کێیە وشکی کردووەتەوە..؟

حاجی حەسەن: یاشێخ ئەگەر مومکن بێت ئیزنم بدەیت بچم هەندێ بیر بکەمەوە.

شێخ نەسروڵڵا: چاکە برۆ.. بیر بکەوە.. (حاجی حەسەن سەری شۆڕ دەکاتەوە و دەڕوات) حاجی بەخشعەلی نۆرەی ئێوەیە، ناوی مردووەکانت بدە بە شێخ ئەحمەد تا بیاننووسێ.

بەخشعەلی: (دەستی ناوەتە سەر دەستەوە وردە وردە دەچێتە پێشەوە دەست بەگریان دەکات).

عەیب نەبێ کچێکم ماوە، بۆ کوڕ لە حەسرەتا دەژیم..

خواوەندی تەعالا دوو کوڕی بەمن مەرحەمەت فەرموو، هەردووکیانیشی لە دەستی منی بێچارە وەرگرتەوە..

یەکێکیان ناوی جەلیل بوو ئەوی دیشیان ناوی خەلیل بوو.. جەلیل دە ساڵان بوو، خەلیلیش هەشت ساڵان، هەردووکیان دەستگیراندار بوون خەریکی ڕێکخستنی شایی جەلیل بووم.. کەچی لە ژێر چەناگەیەوە برینێك سەری هەڵدا (لاملی خۆی پێشان دەدات) وەستا جەعفەری دەلاك چەندی داوودەرمانی بۆ گرتەوە.. بێ فائیدە بوو (دەگریێت) ئەی جەلیلی بێ نەوا چەندم نەزر کرد.. چەند جاریش بردمە نەزرگای (قەرەداش) بێ سوود بوو..

تومەس ڕۆژی تەواو ببوو.

شێخ نەسروڵڵا: من لێرەدا وەختی ئەوەم نییە زۆر دانیشم..

شێخ ئەحمەد: حاجی قسەکانت کورت کەوە کێت دەوێ بڵێ تا بیاننووسم.

بەخشعەلی: من جەلیل و خەلیلی کوڕم دەوێ..

شێخ ئەحمەد: واتە کوڕێکت خەلیل.. کوڕێکت جەلیل ئەمانەم نووسی.. ئیتر کێی تر.

بەخشعەلی: شێخ ئەحمەد ئاغا هەر ئەمانە بەسە!!

شێخ ئەحمەد: (بە سەرسوڕمانەوە) چاکە مەگەر دایك و باوکت، خزمانی ترت وەفاتیان نەکردووە؟

بەخشعەلی: بەڵێ باوك و دایکم وەفاتیان کردووە.. زۆر پیربوون.. خۆیان حەزیان بەمردن دەکرد ڕوو لە قەبرستانەکە دەکات، ئەی مناڵە بەستەزمانەکانم لە نێو قەبری مناڵە بێ چارەکاندا، قەبرەکانتان دیارە.. هەردووکیانم لە تەنیشتی یەکدییەوە ناشتووە...جەلیلی بەستەزمان بێ گوێی بوو بەڵام یەکدیان زۆر خۆش دەویست ئەویش کە...

شێخ نەسروڵڵا: (بە تووڕەییەوە) حاجی بەخشعەلی ئەگەر مردووی دیتان نییە وە کەنار کەوە.

بەخشعەلی: نەخێر قوربان.. جەنابی شێخ.. نییە.

کەربەلایی وەلی: چۆن نییە.. ئەی (ڕەحمە)ی ژنت بۆ نانووسی؟ (هەموو خەڵکەکە بەسەرسوڕمانەوە ڕوو لە جێی دەنگەکە دەکەن)

شێخ نەسروڵڵا: کێیە ئەوەی قسە دەکات با بێتە پێشەوە (وەلی نزیك دەبێتەوە).

وەلی: جەنابی شێخ من بووم قسەم دەکرد لەم حاجییە بپرسن تا ببینن بۆ ناوی ژنەکەی نانووسێ.. سێ ساڵ لەمەوبەر ژنەکەی مرد.. خوشکی من بوو.. ناوی ڕەحمەیە.. جمك بووین.

بەخشعەلی: گوم بە.. وەل بە بۆ جەهەنەم.. ئەحمەق.. ژنی خۆمە، بمەوێ دەینووسم و نەمەوێ نایننووسم.. بەتۆ چی؟؟

شێخ نەسروڵڵا: سکوت.. مباحثە لازم نییە. حاجی بەخشعەلی جەوابی قەطعیمان لازمە.

بەخشعەلی: (هەندێ فکر دەکاتەوە) یاشێخ ئەگەر بفەرموون ئیزنم بدەن تا بڕۆم هەندێ بیر بکەمەوە.

شێخ نەسروڵڵا: زۆر سەیرە.. چاکە.. تۆیش بڕۆ.. شێخ ئەحمەد پەلە بکە بزانە کێی دی

دەیەوێ زوو ناوەکان بنووسە..

(حاجی بەخشعەلی و چەند زەلامێ هەندێ دووردەکەونەوە وەلی نزیك دەبێتەوە)

وەلی: جەنابی شێخ قوربانی پێڵاوەکانت بم ناوی (ڕەحمە)ی خوشکم بنووسە، با ئەو ئافرەتە بەستەزمانە زیندوو بێتەوەو بەزمانی خۆی عەرزی جەنابتان بکات ئێوەش ببینن و بزانن، حاجی بەخشعەلی چ چەرمەسەرییێکی بەسەرا هێناوە.. ئەوسا دەزانن بۆچی ڕازی نییە ژنەکەی زیندوو بێتەوە..

بەخشعەلی: (لە نێو زەلامەکان دەردەپەڕێ و نزیکی شێخ دەبێتەوە بە تووڕەییییەوە دەڵێ)..
هەی پیاو... هێشتا قسە دەکەی.. شەرم ناکەیت زۆر سەیرە.. ناوی (رەحمە)یش بنووسە بەڵام بەو مەرجەی تۆیش ناوی هەموو مردووەکانت بنووسی!

وەلی: زۆر چاکە دەیاننووسم، شێخ ئەحمەد بنووسە، باوکم: مەشهەدی مصطفی (شێخ ئەحمەد دەنووسێ)

بەخشعەلی: زۆر چاکە

وەلی: کوڕێکم زەینال (دەگرێت و ئەحمەد دەنووسێ)

بەخشعەلی: زۆر چاکە

وەلی: والسلام

بەخشعەلی: (بەتووڕەییییەوە نزیکی دەبێتەوە) چۆن والسلام... ئەی بۆ دایکت نانووسی؟؟
بۆ دایکت نەمردووە؟ پار ژنەکەت ئەوەندەی لێ دا کوشتی.. ها.. بۆ بێدەنگی دەترسی زیندوو بێتەوە و بچێت لە دەوڵەت شکایەتت لێ بکات و دەست بەستتکەن و بۆ زیندانت بەرن..

ها.. بۆ نایینووسی.. بۆ چاوەکانت ئەبڵەق بوون؟!

شێخ نەسروڵڵا: قیل و قال لازم نییە.. ناوی دەنووسی بینووسە گەر نەء وەکەنار کەوە..

وەلی: (سەری شۆڕ دەکاتەوە) جەنابی شێخ با بڕۆم هەندێ بیر بکەمەوە!

شێخ نەسروڵڵا: چاکە تۆیش بڕۆ فکرکەوە..

(وەلی و حاجی بەخشعەلی بەڕقەوە سەیری یەکدی دەکەن و دەردەچنە دەرێ، لە دوورەوە دەنگی ئەسکەندەری سەرخۆش دێ و دەڵێ)

ئەسکەندەر: چاکە تۆیش بڕۆ فکرکەوە.. خوب تۆیش بڕۆ بیر بکەوە (لەگەڵ ئەم قسانەدا

ورده نان له گیرفانی دەردەهێنێ و دەیخوات و ئەو چەند زەلامەی لەوێدا ماونەتەوە سەریان شۆڕکردۆتە خوارێ..)

(هەموویان ڕۆیشتن، ئەسکەندەر جارێکی تر خۆی بەخۆی دەڵێ) چاکە تۆیش بڕۆ فکرکەوە.. (لە ڕووی شێخ نەسروڵڵا دەوەستێ و دەڵێ):

هەموویان رۆیشتن فکرکەنەوە، لەم مەیدانەدا هەندێ زەلام و ئەسکەندەری سەرخۆش ماونەتەوە...

هونەرە ئەو کەسەی ئەسکەندەر ئاسا بڵێت، جەنابی شێخ، چەندێ مردوو لەم گۆڕستانە هەیە هەموویان زیندوو بکەوە..

ها ها ها.. هەموویان ڕۆیشتن فکر بکەنەوە جەنابی شێخ دەستت بێنە با ببین بەدۆست.

شێخ نەسروڵلا: کەنار کەوە.. من دەست نادەمە دەستی تۆوە. تۆ شەراب ئیستیعمال دەکەی..

ئەسکەندەر: جەنابی شێخ تۆ دەبێ شوکری خوا بکەی کە من شەراب دەخۆمەوە گەر من شەراب نەخۆمەوە ئەوا عەقڵم لە سەرمدا دەمێنێتەوە و ئەو کاتە چاوەکانم دەکرێتەوە و دەڵێم: ئاها.. بۆ شارەکەی ئێمە موجتەهیدێك هاتووە و ناوی مردوو زیندووکەرەوەی لە خۆی ناوە، خەڵکەکەی شێواندووە و باسی گەڕانەوەی مردووانی خستووەتە سەریانەوە... هەر شەوەش لەگەڵ کچۆڵەییێکدا دەنووێ و سیغەی دەکات ها ها ها... منت بمرم دەستت بێنە.. لۆتیت دەستت بێنە... ها ها ها.

شێخ نەسروڵڵا: (بەتووڕەییەوە) وەل بە بڕۆ جەهەننەم...

وەڵڵاهی دوعایێکت لێ دەکەم بمری.. من بەئەمری باری تەعالا هەموو شەوێ نایلی سەوابێکی بێ ئینتها دەبم، من وەکو تۆ لە مەیخانەکاندا ئەوقاتم بەزایع نادەم (بەشێخ ئەحمەد) وەرە بڕۆین ئەم سەگە زۆری پێیە. ئەسکەندەر بەخێسەوە سەیریان دەکات و دەچێتە ئەو شوێنەی شێخ نەسروڵڵا–ی لێ بوو، دادەنیشێ و پێ لەسەر پێ دەنێ سەیری قەبرستانەکە دەکات..

ئەسکەندەر: ئاخ بریا منیش لە ژێر سێبەری خودادا وەکو شێخ نەسروڵڵا عیلمێکی وام دەبوو، دەمتوانی مردووەکانی ئەم گۆڕستانە بدوێنم، ئەوسا ڕووم لەم گۆڕستانە دەکرد پڕ بە دەنگ هاوارم دەکرد..

(هاوار دەکات)

ئەی مردووان.. هەموویان سەریان لە قەبرەکانیانەوە دەردەکرد و دەیانپرسی...

ئەسکەندەر بەگ چیت دەوێ.. ئەوسایش یەکە یەکە بەم ڕەحمەتییانەم دەوت وەسیەتم بۆ دەکردن (هاوار دەکات) مردووەکان..

ڕۆژێك شێخ نەسروڵڵا دێت و لەسەر سەرتان دەوەستێ و دوعایێك دەخوێنێ و بانگی ئێوە دەکات کە هەڵسنە پێوە (هەندێ شان دەداتەوە..)

ئەی بەندە موئمنەکانی خواوەند من وەسیەتتان بۆ دەکەم کە سەیری قسەکانی شێخ نەسروڵڵا مەکەن.. وەرن گوێ لە نەسیحەتەکانی ئەسکەندەری سەرخۆش بگرن.. ئەگەر شتێکیش دەپرسن، من ئامادەم وەڵامتان بدەمەوە..

ڕەحمەتییەکان.. ئێوە ئێستا لێرەدا بەئاسوودەیییەوە سەرتان ناوەتەوە، هیچ ئاگایێکتان لە دنیا نییە..

ئەما وەڵڵاهی وەبیللاهی، هەرکە سەرتان لە قەبرەوە دەرهێنا و هەڵسان، یەکسەر پەشیمان دەبنەوە ئەگەر دەپرسن بۆ؟ ئەوا عەرزتان دەکەم.. گریمان زیندووبوونەوە خۆ لەم قەبرستانە نامێنن.. بێ سێ و دوو بەرەو ماڵەکانتان دەگەڕێنەوە زۆر سەیرە..

حەپەساون.. بڵێن با ببینم. ئایا دەیەڵن بچنە ماڵەوە؟ وەڵڵاهی وەبیللاهی ئەو ماڵانەی بۆی دەچن دەرگاکانی گیراوە.. بەڵێ عەیبی تیادا نییە..

هەریەکە و بەردێ دەگرنە دەست و دەرگاکان دەکوتن.. گەر لێتانیش کرایەوە ئەوسا لە پەنای دەرگاکەدا زەلامێك دەپرسێ تۆ کێیت؟

ناوت چییە؟ تۆیش دەڵێی: دەرگاکە بکەوە من خاوەنی ئەم ماڵەم..

پێت دەڵێن: وەل بە، ڕێی جەهەنەم بگرە، ئێمە تۆ ناناسین.. تۆیش دەڵێی: ئاخر چۆن نامناسن من کەربەلایی حوسینقولیم من ژن و ماڵم لێرەدایە و منداڵم هەیە پێت دەڵێن: زۆر مەڵێ، تۆ لێرەدا هیچت نییە، حاجی فەرەجی برات ژنەکەتی خواستووە و منداڵەکانتی ناردووەتە مەیتەم.. ئەی ڕەحمەتییەکان ناهێڵن کەستان بچنە ژوورەوە و ڕوو لە هەر دەرگایەك بکەن، دەبینن گیراوە، دەپاڕێنەوە بۆ خاتری خوا دەرگا بکەنەوە یەکێکتان دەڵێ: من لێرەدا مێردم هەیە، من ژنی ئەم ماڵەم.. دیسانەوە پێتان دەڵێن: زۆر قسە مەکەن، بڕۆن، ئێمە ژنمان پێویست نییە لێرەدا کچی نۆ ساڵە زۆرە،

پیرێژنی لێکەوتەی وەك ئێوەمان پێویست نییە.. بڕۆن لە قەبرەوە بچن بۆ جەهەننەم.. دەی.. بڕۆن ها..ها.. ها.

(هەندێ بێدەنگ دەبێ و پاشان قسەکانی درێژ دەکاتەوە)

مردووەکان.. وەرن گوێ لە قسەکانی ئەسکەندەری سەرخۆش بگرن.. ئێوە چۆن نوستوون.. هەر ئاوها بنوون.. خوا ڕەحمتان پێ بکات..

*(عارەق دەخواتەوە)..*

**پەردەی چوارەم**

ماڵی حاجی حەسەن ژووری ئەسکەندەر

حاجی حەسەن و فاتمە دانیشتوون و بیر دەکەنەوە

حاجی حەسەن: کچێ فاتمە دەست و پێی نازلی پاك کەوە، دەبێ ئەمڕۆ بینێرمە ژوورەکەی شێخەوە.

فاتمە: حاجی بۆ بەم پەلەیە...؟

حاجی حەسەن: دەبێ وابێ

فاتمە: حاجی.. نازانم چی بکەم دۆش داماوم. نازانم شێخ ئەم گشتە هەموو ئافرەتەی بۆ چییە؟

هەر ڕۆژە و یەکێکی دەوێ.. ئێستایش کچەکەی ئێمە بۆ..؟

حاجی حەسەن: با هەر ڕۆژە و یەکێکی بوێ، لەمەدا خیلافی شەرعی نەکردووە.. ئەمری خوایە و بەجێی دێنێ.

فاتمە: حاجی ڕاست دەکەی.. بەڵام وەڵڵاهی ڕاستییەکەی جارێ نازلی زۆر منداڵە و..

حاجی حەسەن: بەم شێوەیە قسە مەکە، منداڵە یا نەء، ئەمەیان من لە تۆ چاکتری دەزانم لە هەژدەی ذی الحجەدا نۆ ساڵ تەواو دەکات و پێ دەنێتە دە ساڵییەوە ئیتر نازانم بۆچی منداڵە.. قسەی لا بەلا تێمەگرە.. لازم نییە هیچ بڵێی.. یەك شتێکی ئاشکرا هەیە..

ئەویش.. پاشان.. پاش ئەوەی جەنابی شێخ.. ئەوجا، نازلی دەدەمە میر باقر ئاغا.

فاتمە: ئەوەم مەبەست نییە، دەیدەی بە میر باقر ئاغا یا نەء.. کچی خۆتە بە کێی دەدەی بیدە، بەڵام دەزانم نازلی زۆر منداڵە .. شێخیش.. ئاخر تێبگە.. منداڵە.. منداڵ..

حاجی حەسەن: بەجەهەننەم... منداڵە منداڵ.. تایفەی کچ شتێکی ئەحمەقن، چ لە خێر و خۆشی تێناگەن.. خوشکی ئەسکەندەری سەرخۆشە، خۆ لەو چاکتر نابێ، دەبێ هەر شوکری خوا بکەین، کە نازلی بۆ لای زاتێکی وەك جەنابی شێخ نەسروڵڵا دەنێرین، بۆ لای شەخسێکی ئاوها موقەدەس چۆن دەستکەوتێکە، بەقسمەتی کێ دەبێ.. دەی فاتمە مەوەستە بزانە چی بە نازلی پێویستە ئامادەی کە.

(فاتمە دەچێتە دەرێ حاجی سەری شۆڕ کردووەتەوە بیر دەکاتەوە، ئەسکەندەر دێتە ژوورێ)

ئەسکەندەر: باوکە.. تۆیش خەریکە شێت دەبی.

حاجی حەسەن: فلْتە فلْت مەکە (پاش هەندێ بیر کردنەوە و لەسەرخۆ) گەر قسەت هەیە قسەکەت بکە بزانم چی دەڵێی..

ئەسکەندەر: دەڵێم شێخ نەسروڵلا تەڵەی بۆ داناون، مێشکتانی بە شتی پووچ پڕ کردووەتەوە، گوایە مردوو زیندوو دەکاتەوە تۆیش باوەڕت پێ هێناوە وارویۆخت لە ڕێی ئەم لۆتییەی ئەسفەهانەدا مفت بەخشیوە..

حاجی حەسەن: باشە بڵێین من لەم سەعاتەدا شێت بووم، بەڵام میر باقر ئاغا پیاوێکی عالیمە، ئەی ئەو بۆ باوەڕ بەزیندووبوونەوەی مردووان دەکات، وابێ ئەویش شێتە، ئەی حاجی بەخشعەلی بۆ باوەڕ دەکات حاجی کەریم، حاجی کازم، ئەمانە بۆ باوەڕ دەکەن وابێ هەموو هەر شێتن.. تەنها تۆ عاقڵی.. خولاسە لە تۆ بەولاوە عاقڵمان نییە؟ (فاتمە دێتە ژوورێ)

فاتمە: حاجی لە دەرەقەتی کچی تۆ نایێم.. بەڵکو خۆت بە زمان بیگری.

حاجی حەسەن: دەزانی توورە بم نە کەس دەبینم و نە کەسیش دەناسم بڕۆ بێ قسە دەست و پێی ببەستەوە دەبێ ئێوارە بینێرین بەکچەکەت بڵێ گەر قایل نەبێ دەیسووتێنم (فاتمە دەچێتە دەرێ)

(ئەسکەندەر سەیری باوکی دەکات و خۆی لە کەنار دەگرێ و تفێ دەکات و دەردەچێتە دەرێ)

حاجی حەسەن: تف لەوەی لێی بوویت، توون بە توون چیت. بەدفەڕ (لەم کاتەدا چەن نەخۆشێك دێنە ژوورێ و لە حاجی حەسەن دەپاڕێنەوە بەڵکو لەلای جەنابی شێخ هەندێ مەرحەمەتیان بۆ بخوازێ شفایان پێ ببەخشێ... و تکای لێ بکەن کە بەزەیی

پیایانا بێتەوە) پێیان دەڵێ:

بەسەر چاو بەسەر سەر ئەوەی لە دەستی مندا بێت قسورتان بۆ ناکەم، بەڵام دەبینن جەنابی شێخ ئیزنی نەداوە کەسێ بچێتە لای..

من خەبەرتان دەدەمێ..

هەمووتان ئازار و دەردە دڵتان عەرز بکەن، ئینشائەللا لەم دەرگایەوە بەبێ ئومێد ناچنە دەرێ! (زەلامە نەخۆشەکان دوعا بۆ حاجی حەسەن دەکەن و یەکە یەکە دەچنە دەرێ و دەڵێن):

خوا عومری درێژ بداتە حاجی، خوا ڕەحم بەباوکی حاجی حەسەن بکات خوا بەزۆری نەزانێ بۆ خاتری گەورەیی و تەنهایی خۆی بۆمانی بپارێزێ...

حاجی حەسەن چاوی بەنۆکەرەکەی دەکەوێ و بانگی دەکات:

ئەرێ عەلی نان و چات بۆ جەنابی شێخ بردووە.

عەلی: نەخێر حاجی ئاغا، هێشتا جەنابی شێخ لە خەو هەڵنەساوە دەرگاکەی پێوەدراوە.

(فاتمە دێتە ژوورێ بانگی عەلی دەکات عەلی دەچێتە دەرێ)

فاتمە: بەهەرحاڵ من ..نازلیم بەزمان گرتووە بەڵام ئەوەندە گریاوە بێحاڵ بووە..

حاجی حەسەن: (پاش هەندێ بیر کردنەوە) نەخێر.. بەکچەکەم بڵێ نەگرییێت .. من ڕازی نابم بگرییێت و دڵتەنگ بێت.. بوەستە بابرۆین منیش بەزمان بیگرم.

(دەردەچنە دەرێ، عەلی دێتە ژوورێ و پاش عەلی دوو ئافرەت چارشیویان بەسەرەوەیە لە پاینێکی ژوورەکەدا دەوەستن و عەلی دەردەچێتە دەرێ، جەلال گوڵە مێخەکێکی بەدەمەوەیە و لە بەر دەرگادا وەستاوە و سەیر دەکات، ئافرەتەکان بێ دەنگن جەلال پاش هەندێ سەیرکردنی دەڵێ):

جەلال: ئێوە بۆچی هاتوون؟؟

یەکێ لە ئافرەتەکان: هاتووین جەنابی شێخ سیغەمان بکات!

جەلال: وەی..وەی

ئافرەتێکی دی: هاتووین شێخ بمانخوازێت.

جەلال دەست بە پێکەنین دەکات، ڕادەکاتە دەرێ و ئافرەتەکانیش پێدەکەنن. میر باقر ئاغا لە دەرگاوە دێتە ژوورێ. ئافرەتەکان دەبینێ و پشتیان تێ دەکات فاتمە بەدوای

میر باقر ئاغا دا دێتە ژوورێ..

فاتمە: ئاغا بفەرموو دانیشە (میر باقر ئاغا پشت لە ئافرەتەکان دەکات و دادەنیشێ) ئاغا ئەم ئافرەتانە داوا دەکەن جەنابتان گەر بە زەحمەتی نەزانن عەرزی جەنابی شێخی بکەن کە ئەم بێ چارانە... بێ بەش نەکات لە... لە ئەجر و سەواب.

میر باقر ئاغا: (سەری شۆڕ کردووەتەوە) بەسەرچاو پێی دەڵێم... کارێکی زۆر جوانە خوای تەعالا هەمیشە دۆستی ئەم جۆرە بەندانەیە.. خوا ئەجر و خێرتان بنووسی.. ماشاالله.. خوشکان..

فاتمە: (بەئافرەتەکان) وەڵلاهی وەبیڵلاهی، هەرکەسێ هەرچییەك بڵێ درۆیە.. هەرچی لە ناو چەواندا نووسرا بێ، ئاوها دەبێ کێ دەیوت نازلی بەم زووانە دەبێ بە ژن.

میر باقر: (بەسەرسوڕمانییەوە) کام نازلی؟... نازلی ئێوە؟

فاتمە: ئاغا... نازانم حاجی بڕیاری داوە ئەمڕۆ نازلی بەسیغە بدات بەمیوانەکەمان.

میر باقر: بە شێخ نەسروڵلا؟

فاتمە: ئاغا من لە حەقی حاجی نایێم دەڵێم بەم پەلەکردنە ئیش مەیسەر نابێ... داماوم.. نازانم.. نا

(میر باقر ئاغا دەستەسڕی دەردەهێنێ و دەست بەگریان دەکات و حاجی حەسەن لە دەرگاوە دەردەکەوێ)

حاجی حەسەن: فاتمە ئەم ئافرەتانە ببە ژوورێکی دییەوە ئێستا پیاوان دێنە ئێرە...

(فاتمە و ئافرەتەکان دەڕۆن حاجی حەسەن و ئەسکەندەر دێنە ژوورێ)

حاجی حەسەن: (بە ئەسکەندەر) گوێ بگرە و بزانە چی دەڵێم، با میر باقر ئاغایش گوێی لێ بی تۆ دەزانی نازلی خوشکت چەند تۆی دەوێ .. ئەمرۆ من نامەوێ لەم ماڵەی مندا فرمێسك بڕێژن، من خۆم ڕازیم کردووە بچێتە لای جەنابی شێخ بەڵام لە ناڵە و گریان ناوەستێ و بێدەنگ نابێ.. دەڵێ: دەبێ ئەسکەندەر ڕازی بێ، ئەمەیشت پێ دەڵێم بەلای منەوە ڕازی یا نەء، هیچ تەفاوتێکی تیا نییە تۆ ئەوەندە منت ئەزیەت داوە، ئیتر من ناتوانم بەپیاوت بژمێرم. ئیتر خۆت بزانە، ئەگەر ئەتەوێ دڵی ئەو مناڵە تەنگ نەبێ ئەوا بانگی کە بۆ ئێرە و بە زمانی خۆش بیدوێنە، ئێتر خۆیشت دەزانی بۆچی (میر باقر ئاغا بەگریانەوە دەردەچێتە دەرێ، نازلی لە دەرگاوە دەردەکەوێ حاجی

حەسەنیش دەچێتە دەرێ)

نازلی: کاکە لێم گەڕێ با ڕوومەتت ماچ کەم (ئەسکەندەر دوور دەکەوێتەوە)

ئەسکەندەر: ها.. دەتەوێ لە تۆ دڵگیر نەبم.. لەوێدا بوەستە دەست دەبات بۆ گیرفانی بتڵێ عارەق دەردەهێنێ و دەیەوێ بینێتە سەرییەوە.

دەچێتە نزیکی نازلییەوە نازلی دەیەوێ نەیەڵێ عارەق بخواتەوە ئەسکەندەر بەتووڕەییەوە وەلای دەخا. نازلی لە ترسانا خۆی وەپەنا دەدات ئەسکەندەر دەست بەئارەق خواردنەوە دەکات نازلی بە گریانەوە بەرەو دەرگا دەڕوات. ئەسکەندەر دەموچاوی گرژ دەکاتەوە بەنازلی دەڵێ:

بوەستە.. مەڕۆ قسەم پێتە (بۆ جاری دووەم شووشە عارەقەکە دەنێتە سەریەوە و پاشماوەکەی لە گیرفان دەنێ وردە وردە دەست بەگۆرانی وتن و چەقەنەلێدان دەکات)

نازلی منت بمرم وەرە ئێرە.. با ئاشت بینەوە.. ئێستا هە چ قسەیەکت هەیە بیڵێ.. من نۆکەری تۆم.. وەرە ئاشتەوە بین.

(مەشهەدی ئوروج کاغەزی تەلەگرافی پێیە و بەگرژی و پەستییەوە دێتە ژوورێ)

کوانێ مامە حاجی؟

(نازلی دەچێتە دەرێ، حاجی بەخشعەلی و حاجی کەریم و حاجی کازم و میر باقر ئاغا و هەندێ پیاوی دی دێنە ژوورێ و سەیری سەروچاوی یەکتری دەکەن و نازانن چی بڵێن)

(حاجی حەسەن دێتە ژوورێ بە سەرسوڕمانەوە سەیری زەلامەکان دەکات و دەڵێ):

ئەرێ خێرە.. چ خەبەرە؟

ئوروج: (بەگریانەوە) مامە حاجی زیندووبوونەوەی کەربەلای فتح الله درۆ بوو!!

(ئەسکەندەر بەدەنگی بەرز پێدەکەنێ و دەڕوات).

حاجی حەسەن: (بەئوروج) ئەوە چ دەڵێی؟ چۆن درۆ بوو؟؟

زۆربەی پیاوەکان بەیەکەوە: بەڵێ بەڵێ درۆ بوو!!

حاجی حەسەن: بۆ خاتری خوا ئەم قسەیە مەکەن شتی وا نابێ..

ئوروج: مامە حاجی وەڵلاهی – وایە ئەمەش تەلگرافەکە.. بیگرە با بیخوێننەوە. (فرمێسکەکانی چاوی دەسڕێتەوە. بروسکەکە دەداتە حاجی حەسەن) مامە حاجی

کاغەزی کەربەلای فتح الله هاتبوو کە گوایە شێخ زیندووی کردووەتەوە و دێتەوە.. منیش خۆت دەزانی برووسکەم بۆ خۆراسان کرد تا بزانم چۆن زیندوو بووەتەوە.. برووسکەکەیشم بە ناونیشانی حاجی محەمەد عەلی ناردبوو... گەر کاکم زیندوو بووایەتەوە جگە لە ماڵی حاجی محەمەد عەلی بۆ چ شوێنێکی دی نەدەچوو.. ئێستایش حاجی محەمەد عەلی وەڵامی داوەتەوە دەڵێ: ئێوە شێت بوون؟ پیاو مەگەر لە پاش مردن زیندوو دەبێتەوە؟

حاجی حەسەن: (برووسکەکەی بەدەستەوەیە) چۆن؟

(ئەسکەندەر بەپێکەنینەوە دێتە ناو زەلامەکانەوە)

ئەرێ حەیدەر ئاغا خوا ڕەحم بەباوکت بکات.. سەرمان سووك کەوە بزانین ئەمە چ جۆر تەلگرافێکە؟؟؟ ئاخر عەقڵ نایبڕێ... ئەی ئەو شتانەی بەچاوی خۆمان بینیمان هەموو هەر درۆ بوو..ئێمە.. شوکر بێ بۆ خوا مناڵ نین، موعجیزەکانی جەنابی شێخ.. خۆ هەموو بە چاوی خۆتان بینیتان.. بزانە.. بەڵکو سەهوێك لە تەلگرافەکەدا هەیە!؟؟؟

ئوروج: حاجی حەسەن من بەدققەتەوە تەلگرافەکەم خوێندووەتەوە.. هیچ سەهوێکی تیادا نییە.. من بە مەسڵەحەت دەزانم کە ئەم ئەحوالاتە بخەینە بەرچاوی شێخەوە، بزانین فەرمایشتی چییە، بزانین تا بەکەرامەتی خۆی بزانێ کێیە برووسکەی ئاوها دەنێری و ئەم درۆیانەی ڕیز کردووە.

پیاوەکان: (بەیەك دەنگ) بەڵێ لازمە بەشێخ بوترێ (هەموو بێدەنگ بوون)

حاجی حەسەن: پیاو شەرم دەکات لە ڕووی شێخدا قسەی وا بکات لە ڕاستیدا من خەجاڵەتی دەکێشم.. ئاخر شتی وانییە و شتی واش نابێ.. من شەرم دەکەم خەبەری وا بەجەنابی شێخ بدەم..

بەخشعەلی: حاجی کەریم ئاغا تۆ باشتریت.. تۆ خۆت لەگەڵ شێخدا قسە بکە..

حاجی کازم: ڕاستییەکەی من لە جەنابی شێخ دەترسم.. نابینن چەند تووڕەیە کە دەنەڕێنێ دار و بەرد دەلەرێتەوە.

میر باقر: وا دیارە هەر خۆم دەزانم لێرەدا چ کارێك هەیە ئەوا من دەچم هەچ قسەیێکتان هەیە پێی دەڵێم (بەرەو ژوورەکەی شێخ دەڕوات)

پیاوەکان: خوا ڕەحم بەباوکت بکات.

حاجی حەسەن: توخوا هەندێ ئیحتیاتدار بە، هەرچییێك دەڵێی بەئەدەبەوە بیڵێ با شێخ ئەزیەت نەخوا..

میر باقر: (بەهەردوو دەست دەكێشێتە قەد دەرگاكەی شێخەوە و بانگی دەكات) جەنابی شێخ.

حاجی حەسەن: (لە كەنارەوە بە ترسە ترس) میر باقر ئاغا وەرە هەندێ ئیستشارە بكەین مەسڵەحەت نییە شێخ نارەحەت بێ..

(میر باقر ئاغا گوێی ناداتێ بەتوندی دەكێشێتە قەد دەرگاكەوە، هەموو مات و بێدەنگن، ئەسكەندەر لە ناو زەلامەكاندا دەردەچێ و پێلەقەیێك لە دەرگاكە دەدات وە دەرگاكە دەكرێتەوە، پیاوەكان لە ترسانا كەنار دەكەون.. كەس لە ژوورەكەی شێخدا وەبەرچاو ناكەوێ، ئەسكەندەر دەچێتە ژوورێ بەسەرسوڕمانەوە سەیری ئەملا و ئەملا دەكات، نزیكی پەردەیێك دەبێتەوە كە ژووری شێخی كردووەتە دوو بەشەوە.. چمكی پەردەكە وەلا دەدات و لە پاینیا دەبینێ سێ كچ دەگریین...

ئەسكەندەر: (بە كچەكان) كوانێ شێخ؟

(كچەكان وەڵام نادەنەوە هەر دەگریێن، ئەسكەندەر هەر ئەمسەر و ئەوسەری ژوورەكە دەكات و بەدوای شێخا دەگەڕێ دیسان دەپرسێ):

باشە میوانەكانمان بۆ كوێ چوون؟

كچێكیان لە پشت پەردەكەوە دەڵێ:

شەوێ هەموو تفاقەكانیان كۆكردەوە وتیان دەچین بۆ حەمام!!

(ئەسكەندەر بێدەنگ دەبێ، لە دەرێ قیژەقیژ و قیل و قال دەست پێ دەكات سێ سوار بەچەكەوە سەر و ملیان تۆزاوییە بەتووڕەییەوە دێنە ژوورێ)

سوارێ: كوا ئەو زەلامەی مردوو زیندوو دەكاتەوە؟؟

بگرەو بەردەیێكی سەیریان تێدەكەوێ، كچەكان دەگرییێن، یەكێ لە زەلامەكان دەڵێ: ڕایان كردووە.

یەكی تر دەڵێ: چۆن ڕایان كردووە؟ چ كاتێ ڕایان كردووە یەكێ لە سوارەكان ڕوو لە خەڵكەكە دەكات

سوارێ: ئەی برایانی موسوڵمان.. هەندێ بێدەنگ بن.. دوو قسەم هەیە و دەیڵێم و پاشان

ئێوەیش کاری خۆتـان ببینن و کۆمەکمـان بکەن.. ئێمە خەڵکی ئیرەوانین.. ئێستایش وا دەردەکەوێ لۆتییەکانی ئەسفەهـان ئەوەی بە ئێمەیان کردووە، ئێوەشیان لە بیر نەکردووە. ئەم حەرامزادانە بە درۆ ناوی موجتەهیدیان لە خۆ ناوە.. لە شارەکەی ئێمەدا چوار ڕۆژ مانەوە بە هەزار فرتوفێڵ و ساختە، هەر شەوەش کچێکیان بەسیغە مارە دەکرد.. پاشان بۆی دەرچوون و ڕایان کرد.. برایان ڕۆژی کۆمەکە و فریادە.. ئـامـان ڕێگـای ڕاکـردنـیـانمـان پـێشان دەن. (لـە پشتـی پـەردەکەوە کچـەکـان دەست بەگریان دەکەنەوە و زۆربەی زەلامەکان بەڕاکردنەوە کەوتوونەتە دوای سوارەکانەوە میر باقر ئاغاشیان لەگڵدایە..

میر باقر ئاغا: (بەدەنگی بەرز) مەوەستن بەڕێی جلفایا بڕۆین، کەربەلای حەسەن، مەشهەدی جەعفەر، حەسەنقولی، سواری ئەسپەکانتان بن، با بڕۆین ئەو لۆتییانە بدۆزیـنـەوە (هـەنـدێ لـە زەلامـەکـان لـەگـەڵ سوارەکـانـا دەڕۆن) ئـەسکـەندەریش لـە ناوەڕاستی ژوورەکەی شێخا وەستاوە و قسەی سوارەکان دووبارە دەکاتەوە و خۆی بەخۆی دەڵـێ:

ئەسکەندەر: هـەرشەوە کچۆڵەیێکی بە سیغە مارە دەکرد.. لە دواییشدا ڕایکرد (پێدەکەنێ، یەکە یەکە زەلامەکان بانگ دەکاتە ژووری) وەرنە ژووری.. وەرنە ئێرە.. وەرە وەرە، نزیك بەوە، بەرەو ژوور هەڵکشێ.. حاجی کازم تۆ.. حاجی بەخشعەلی، هەمووتان وەرنە ژووری منتان بمرم.. هەمووتان وەرن.. نۆ.. تۆیش برۆ ژووری وەرن وەرن (لەگەڵ ئەم قسانەدا یەکە یەکە زەلامەکان لە ژوورەکەی شێخدا کۆ دەبنەوە) ئێستا نۆرەی منە.. گوێ گرن منیش یەك دوو قسەم هەیە و دەیڵێم:

(هەموو بێدەنگن و بەڕیز وەستاون)

چراکان بکوژێننەوە (هەندێ تاریکی دادێ پەردەی ژوورەکە وەلا دەدات)

(کـچـەکـان دەردەکـەون، زەلامـەکـان لـە شەرمـانـا سەریـان شۆڕ کردووەتـە خـوارێ. کچەکان لە شوێنی خۆیانا کسکۆڵەیان کردووە و دەگرییێن)

سەیرکەن.. چاك سەیرکەن.. زۆر بەوردی تەماشا بکەن... لە کتێبی مێژووی ئێوەدا بەخوێنی کچێنی ئەمانە (دەست بۆ کچۆڵەکان درێژ دەکات) لاپەڕەیێك دەنووسرێت. ئەوانەی لە پاش ئێوەوە دێن دەست بۆ ئەم کتێبە دەبەن، ئێوەیان وەبیر دەکەوێتەوە و دەڵێن تف لە ڕوخسارتان (تفەکە دەکاتە ڕووی زەلامەکانەوە هەموو سەریان شۆڕ

کردووەتە خوارێ)

با دەستی پێ بکەین.. ئەسکەندەری سەرخۆش بێ ئەدەبی دەکات بەڵام ئێستا نۆرەی منە.. من ناڵێم ئێوە ئەم کچۆلانەتان بۆچی بەزۆر ناردووەتە ئەم فاحیشەخانەیە.. بێ قسە.. ئێوە وتووتانە دەتدەین بەم شێخە.. ئەم بێ چارە و بەستەزمانە دەپاڕانەوە،دەگریان ئێوەش دەست و پێیانتان دەبەستنەوە و شەوانیش دەیانوت بابە.. بابە ڕۆژی ئامانە من لە دایکم جیا مەکەوە (ڕوو لە کچەکان دەکات) وا نەبوو؟

ڕاستی ناڵێم؟ ... نەخێر من لەمە زیاتریان پێ دەڵێم ئەزیەتتان نادەم ئێوە کچەکانتان بۆ ئێرە پەلکێش دەکرد... خەیاڵتان وابوو ئەمانە بۆ بەهەشت دەنێرن و شێخی ئەسفەهانیش وای تێگەیاندبوون کە هەرکەسێ هەنگاو بەرەو ئەم ژوورە موبارەکە بنێ لە پاش مردن مەلائیکەکان فریای دەکەون. کە مەسئەلەی زیندووبوونەوەی مردووەکانیش هاتە گۆڕێ شێخ نەسروڵڵا ئەم کارەی خستە سەر ئیختیاری خۆتان.. کەچی سەیرە.. زۆر سەیرە.. ڕازی نەبوون برا و ژن و مناڵە مردووەکانتان زیندوو ببنەوە بۆ ڕازی نەبوون؟؟ شەرمتان نەکرد.. ژنەکانتان کردبوو بەهەوێر و لە ژێر دەستاندا دەتانشێلا.. ژنی براکانتان خواستبوو، ئەمانیش زیاتر، بەشە میراتی مناڵە باوك مردووەکانتان خواردبوو، ڕازی نەبوون زیندوو ببنەوە نەك کردەوەکانتان ببینن و پێتان بڵێن تف لە ڕوخسارتان..(تفەکە دەکاتە رووی زەلامەکانەوە هەموویان سەریان شۆڕ کردووەتەوە) کە من ئەم قسانە بەئێوە دەکەم خەیاڵ نەکەن من دەمەوێ پیسی ئێوەوە ستایشی خۆم بکەم..نەء..نەء.. من ئەمە دەزانم کە من هیچ نیم. بابزانین ئێوە کێن؟؟ من ناوم ئەسکەندەری سەرخۆشە، چاکە ئێوە چ ناوێکتان لێ بنێم؟

من بەرد و باڵەندە و مانگ و ئەستێرەکان و هەموو خەڵکی دنیا دەهێنمە ئێرە بۆ شاهێدی و ئەم کچانەیان نیشان دەدەم و پاشان لێیان دەپرسم: چ ناوێ لەم جەماعەتە نێم.

هەموویان بەیەك دەنگ وەڵامم دەدەنەوە:

مردووەکان: گەر هەموو میللەت و نەتەوەکان لێرەدا کۆ بکەمەوە تا سەیری حەرەمخانەی شێخ نەسروڵڵا بکەن، ئەو کاتە، لەسەر هەموو زەویدا، نەوەکانیشتان ناو دەبەن بە(مردووەکان)

ئەوانەی لە دوای ئێمەیشدا دێن و یادی ئێوە دەکەنەوە دەڵێن:

مـردووەکـان: وەرن ئـەی مردووەکـان کـچـەکـانـتـان بـەرنـەوە بـۆ لای دایکـانـیـان هـەموو چراکان بکوژێننەوە

(شانۆ هەندێ تاریك دەبێ دەستی کچۆڵەیێك دەگرێ) ئەمە کچی کێیە؟

(لەناو خەڵکەکەدا زەلامێ دەچێتە پێشەوە) کچێ تۆیە؟ وەرە بیبەوە زەلامەکە دەستی کچەکە دەگرێت و کچەکەیش بەگریانەوە لەگەڵیا دەڕوات.. هەر بەم شێوەیە کچی سێیەمیش بەڕێ دەخات، خەڵکەکە هەر سەریان شۆڕ کردووەتەوە هەر لەگەڵ بەڕێ خستنی کچی سێیەم ئەسکەندەر شووشە عارەقەکەی دەنێ بەسەرییەوە یەکبین دەیخواتەوە، شووشەکە بەتاڵ دەکات و دەیداتە زەوییەوە..

– وردە وردە پەردە دائەدرێتەوە –

تێبینی:

١– لە گۆڕینی ئەم شاکارەدا هەندێ دیمەنییم کورت کردووەتەوە وردە دەسکارییەکی هەندێ تابلۆیم کردووە بێ ئەوەی بیری شانۆگەرییەکە بگۆڕێت و کار بکاتە سەری.

٢– ئەم شانۆگەرییەم لە زمانی ئازەرییەوە کردووەتە کوردی.

٣– لە حەفتاکاندا بۆ یەکەم جار لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێدا بڵاوکرایەوە.

# سێ دادگا

موکری

پێشەکی

بـەڵام هـەرگـیـز نـاتـوانم بـاوەڕ بـەخـۆم بێنـم کـە ئـەو دادگـایـەی لـە دەروونـی مرۆڤدایە گەورەترو سامناکتر نییە لەو دادگایانەی کە بەکۆمەڵ مرۆڤ بەرەو سێدارە و فڕنی زەڕی دەنێرن. ناشتوانم دڵنیابم لەوەی کە شتێ هەبێ، ناوی عەدالەت بێ و لەدەرەوەی دادگای دەروونی مرۆڤدا بێ.

نەخێر...

موکری

# دادگای -١-

## پەردەی یەکەم

**کات:** نیوە شەوێکی درەنگ.

**شوێن:** ژوورێکی نیوە تاریك، مێزو کورسییێکی کۆن لە تەنیشتی پەنجەرەیێکی گەورەی دەرگا کراوەدا دەڕوانێتە سەر شەقامێکی خاڵ خاڵ ڕەش و، ڕەشەکەی قیرِی شەقامەکەیە و سپییەکەیشی زوقمە، دیوارەکانی بەرامبەر پەنجەرەکە سپی و بۆرن.. چەند دەرگایەکی داخراو لە پەنجەرەوە دیارن، دار تەلێ لەبەر پەنجەرەکەدایە و گڵۆپێکی زەردی کزی پێوەیە، ڕۆشنایی گڵۆپەکە، تێکەڵی ڕۆشنایی فانۆسی ژوورەکە بووە. لەنێو ژوورەکەدا، سەعاتێکی چاڵمەی کۆن هەڵواسراوە و میلەکانی لەسەر دوانزەدا وەستاون، تەپ و تۆزێکی زۆری لەسەرە، تەرمۆمەترێکی گەورە بەقەد دیوارەکە بەجیوەکەی لەسەر ژمارە (١٠٠)دا وەستاوە.. ئاوێنەیێکی کۆن لە نێو چوارچێوەیەکی سەوزی قەرسیلی جێگیر بووە و لە هەندێ شوێندا جیوەی پشتی ئاوێنەکە وەریوە. ڕۆژ ژمێرێکی گەورەش بەتەنیشتی ئاوێنەکەدا هەڵواسراوە قەرەوێڵەیەکی کۆن، پێخەفێکی پەرت و بڵاوی لەسەرە، ژێر قەرەوێڵەکە پڕە لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە، سەرمێزەکەیش هەندێ دەفتەرو پارچە کاغەزی لەسەردایە..

(یەك تەمەنی ٣٣ ساڵە سەروڕیشی گرژوگڤە فانیلەیێکی سپیی لەبەردایەو بەرامبەر پەنجەرەکە لەسەر ئەسکەمبیلەکە دانیشتووە ڕادیۆییێکی بچووکی لە دەستە و سەرنجی هەندێ کاغەزی نووسراو دەدا..

هەر کە پەردەی شانۆ دەکرێتەوە، سەعاتە چاڵمەکە، دوانزە زەنگ لێ ئەدا، یەك بەبێ دەنگی و سەرسووڕمانەوە سەر بەرز دەکات و بۆ چەند ساتێك لە سەعاتەکە ڕادەمێنێ.. سەرنج لەسەر سەعاتەکە لائەداو پارچەیێك لە کاغەزەکانی بەردەستی هەڵدەگرێ و بەدەنگێکی هەندێ بەرزو شاعیرانە دەیخوێنێتەوە..

یەك:

ئالێرەوە..

ئا لەم ژوورە تاریکەوە..

لە نێو ئەم خامۆشییە سامناکەدا،

بێ ئەوەی ڕێ بدەمە ئێشی زامم، کسپە لە چاوانم هەڵسێنێ

بیانکاتە دوو گڵۆپ و دایانگیرسێنێ

تاریکی ئەم ژوورە و ڕێی نێوانی من و ئێوە- ئەی هەژارانی

کڵۆڵ و کەساس- بڕەوێنێتەوە،

لەم دوورەوە..

لە نێو ئەم تاریکی و بێ دەنگییەدا..

ئەتانبینم.. زۆربەی زۆرتان.. ڕەش و ڕووتن

وەك تاریکی تاریك و تونن. برسی و نەخۆش و کەم هێزن..

.. چۆن دەتانبینم؟

هەرکە دڵۆپە خوێنێ

لە ئاسۆی برینێکەوە، سەر هەڵبدات

تەنها ڕەنگی دڕ بەم تاریکییەی نێوانمان ئەدات..

تیشکێ ئەبەخشێتە چاوەکانم، وەك دوو ئەستێرەی پاییز

دەگەشێنەوە،

تیشکی خوێن لە هەموو تیشکێ بەهێزترە..

لەم ژوورەوە.. لەم دوورەوە ئەتانبینم..

ئەی ئەوانەی لە پیرۆزی پیرۆزترن

ئەی ئەوانەی دەبنە خاك و لەبەر پێی خاك پەرستاندا

سەنگەرن

چاکترە.. هەرگیز خوێنی لەشتان نەوەستێ

نەك بەخوێنی پیس بژیین

(دەنگی دەگۆڕێ)

شیعرێکی باشە و باشیش نییە.. هەندێ لەنگە و ئاوازی کەمە. نازانم کەی نووسیومە.. گرنگ نییە بزانم، پاشان دەستێکی پێدا دەهێنم و پاکنووسی دەکەمەوە.

«دەست بۆ ڕادیۆکە دەبات و لەسەر ئێستگەیێکدا ڕایدەگرێ»

ڕادیۆ: کورتەی هەواڵەکانمان پێشکەش کردن و ئێستاش.. «هەندێ باوێشکی قوڵ ئەدات و سەیری سەعاتە هەڵواسراوەکە دەکات و پێئەکەنێ»

یەك: تۆیش خەوت دێ.!

«سەیری سەعاتەکەی دەستی دەکات و سەر بەرەو سەعاتە هەڵواسراوەکە بەرز دەکاتەوە»

فێڵباز، خۆ ئەوە خەوتوویت.. ساختەچی

«دەنگی ڕادیۆکە بەرز دەکات»

ڕادیۆ: دوا بەدوای هەواڵی بوومەلەرزە گەورەکەی ڕۆژهەلاّتی «خشەخش» ژمارەی کوژراوان گەیشتە ١٠٨٨١ کەس ببوورن، ژمارەکە چاك «خشەخش» ژمارەی خنکاوانیش «خشەخش» سەرەڕای ئەوەی «خشەخش» خانوو گەڕەك و «خشەخش» «یەك بەپەرۆشەوە هەڵدەستێتە سەر پێ و هەرجارەی ڕوو لەشوێنێك دەکا و ڕادیۆکە دەنێتە پەنا گوێی»

ڕادیۆ: سەر لە بەیانی ئەمڕۆ پۆلیسەکانی بلفاست، دوو شۆڕشگێڕیان دەسگیر کردو بەم زووانە دەدرێنە دادگا.. «خشەخش» ئاژانسی ڕۆیتەر «خشەخش» و «زیقە زیقێکی زلی لێوە دێ» دوو کچ فڕۆکەیەکی «خشەخش» سەر بەڕێکخراوی «خشەخش» داوای مەرەخەسی «خشەخش» ماینهوف «خشەخش» لە فرۆدگای «خشەخش» پۆلیسی ئەنتەرپۆل «خشەخش زیقە زیق» کشانەوەی سوپای «خشەخش» یاسر عەرەفات «خشەخش» یەشار کەمالی بەنەتەوە کورد «خشەخش» نۆبڵ «خشەخش» ڕادیۆکە بێ دەنگ دەبێ «یەك ئەم دیو ئەو دیوی پێ دەکات تا دەکەوێتە کار»

ڕادیۆ: «خشەخش» ئەیان سەمیث «خشەخش» یۆڕانیۆم «خشەخش» نەتەوە یەکگرتووەکان «زیقەزیقێکی گەورە و خشەخشێکی درێژ ڕادیۆکە بەدەنگێکی بەرزو ساف و ڕەوان دەکەوێتە کار»

دوا هەواڵ.. لە نێو یەکێ لە زەڵکاوەکانی باکووری ئەم زەمینە، منداڵێکی سێ سەر لە

دایك بووە، هەموو پزیشك و زاناكان سەریان لەم (نەوزادە) سوورماوە، شایانی باسە سەرەكانی ئەم منالە بەم شێوەیەن:

ا– سەرە گورگێكی دڕندەی چاو زیت.

ب– سەرە ورچێكی گەوجی گێلۆكە.

ج– سەرێكی تێكەڵاوی ئاژەڵ و مرۆڤ.

هەزاران چاویش بەسەر سەرەكانەوەیە، تاقە چاوێكی گەورەش لەسەر سنگییە، نەوتی سووری لێ دەردەپەڕێ.. زاناكان زیاتر سەریان لەوە سوورماوە كە منالەكە هەموو زمانەكانی ئەم زەمینە دەزانێ چەند وشەیەك بكاتە ڕستەیەكی گێروگەواڵ.. وەلامی هەموو پرسیارەكان بەم دوو وشەیە دەداتەوە «ئا» یا «نەء» تووڕەیە، هەڕەشە دەكات، تف دادەبارێنێتە دەوروبەری.. «خشەخش»

«یەك ڕادیۆكە دەنێتە بناگوێی، وەكو كەسێ سەما بكات بەناو ژوورەكەدا ئەمشان ئەو شان و هاتوچۆ دەكات»

ڕادیۆ: پلەی گەرما (٧) لەژێر سفردایە.. سبەینێ هەورێكی ڕەش ئاسمان دادەگرێ، ڕەشەباییێكی سوور هەڵدەكات «خشەخش» تا بەیەكگەیشتنەوە بەخواتان ئەسپێرین.. ئێرە ئێستگەی..

یەك: «بەرقەوە ڕادیۆكە خامۆش دەكات.. بەپەلە بەنێو ژوورەكەدا هاتوچۆ دەكات وەك ئەوەی بەدووی شتێكدا بگەڕێ سەرنجی ژێر قەرەوێڵەكە دەدات» سەیرە.. ئەم هەموو ناڵەو پێكەنینە، لەم شەوە درەنگەدا دەیانەوێ لەم ژوورە شێیاوییەی مندا ئۆقرە بگرن.. نۆبڵ و نەتەوەیەكگرتووەكان. پۆلیس و فرۆكە، منالی سێ سەر بەهەموو زمانەكانی ئەم زەمینە دەدوێ و هەڕەشە دەكات.. «پێئەكەنێ» ڕەنگە ئەم هەواڵە مووچركەی ترس بەهەندێ كەس دابێنێ بیانهەژێنێ و بەشتێكی.. گەلێ سەیری بزانن (پێئەكەنێ) بۆ سەیرە؟ نا، بۆ، نەء «سەیری تێرمۆمەترەكە دەكات» ئەوە نییە پلەی گەرما ٧ دەرەجە لە ژێر سفردایە «دەست دەنێتە سەر تێرمۆمەترەكە» ئەمیش ئەم فێڵبازەش گەر لە ژوور سەدیشی ژمارەی بۆ دیاری كرابا، ئەوا بێ جڵەو، بەسەركێشی هەر هانی خۆی دەدات تا، بۆ، ٢٠٠، ٣٠٠، ٤٠٠، هەزار هەڵكشێ..

«بەهەردوو دەست باوەشێنی سنگی خۆی دەكات»

ئەوا خەریكە لە گەرمانا بسووتێم بەرەو پەنجەرەكە دەچێ ئەوا كۆڵانەكانیش بەرگی

شەختەیان لەبەر کردووە!

«دەگەڕێتەوە بۆ بەردەمی ئاوێنەکە»

ئارەق سوواخی داوم!

«بە ڕقەوە تێرمۆمەترەکە دادەگرێ و دەیشکێنێ و جیوەکەی دەنێتە نێو لەپی دەستی و ئەیپرژێنێتە قەد سەعاتە چاڵمە وەستاوەکەی دیوارەکە»

هەموو هەر فێڵباز و تەمەڵن، هەموو هەر ساختەچی و تەوەزلەن ئەم ژوورە لە بێ یاساییدا یاسایەکی سەیری بۆ خۆی داهێناوە سەیرتریش ئەوەیە منیش کەوتوومە ژێر ڕکێفی ئەم بێ یاساییە، بەئارەزوو ئەمسەرو ئەوسەرم پێ دەکات! ژوورێکی سەیرە، سەیرە..

«ئەوەندە خۆی لەئاوێنەکە نزیك دەکات دەم وچاوی دەنوسێتە قەد ئاوێنەکە، بەدەنگێکی بەرز پێ دەکەنی»

چەند نالەبارم! ئەم سەرەم وەکو ئەم جیهانە چەند گێڕوگەاواڵ و نارێکە «سەری دەجووڵێنێتەوە».. سەرم یەك چاوی هەیە لووتم دیار نییە »زیاتر خۆی دەجووڵێنێ« ئەوەش چاوەکەی دیم.. ئەویش لووتم.. دەمم ون بوو.. چی لێ هات؟ «سەر بائەدات» ئەوەتا، چەند ناشرینە، کە دەوەستم یەکێ لە چاوەکانم و لووتم ون دەبێ یا ئەوەندە بە نارێکی و نالەباری ڕەنگم ئەداتەوە کە بێز لە خۆم بکەمەوە.. کە سەریشم دەجووڵێنمەوە دەیاندۆزمەوە، کەچی چاوەکەی دیم ون دەبێ و دەمم گێڕ دەبێ و بەیەکا دێن و دەچن!

پاشەو پاش دەکشێتەوە.. بەپەلە نزیکی دەبێتەوە، ئاوێنەکە هەڵاوگێڕ دەکات و لەسەر کورسییەکەدا دادەنیشێت، خۆی بەکاغەزەکانی بەردەستی خەریك دەکا« ئەم نیوە چیرۆکەش چاکە.. ئەم چیرۆکەیش سپیکردنەوەی دەوێ ئەمیان پیا هاتنەوەی دەوێ. ئەمانی دیش خراپ نین «سەیری سەعاتەکەی دەستی دەکات» خەوم نایێت.. تاقەتی نووسینم نییە، سبەی، ماوەیێکی دی.. نا، بۆ ئێستا نەبێ، نا.. نەء.. پاکەتەکەم یەك دوو جگەرەی تیادا ماوە.. برسیمەو فلسێکیشم نییە.. ژوورەکەیشم زۆر گەرمە.. کەڵکی نووسین نییە. سبەی، یا ماوەیەکی دی دەیاننووسمەوە.. هەندێکیش قەرز دەکەم. «هەڵدەستێتە سەرپێ دەست بۆ پەڕەیێکی ڕۆژمێرەکە دەبات و لێی دەکاتەوەو دەیخوێنێتەوە»

– هەینی.. ئازار.. هەزارو نۆسەدو.. (پەڕەی ڕۆژمێرەکە، هەڵاوگێڕ دەکاو پشتەکەی دەخوێنێتەوە)

– تەنها خۆت ببە بەخاوەنی نهێنییەکانت «پێدەکەنێ» بۆ ئەم ژوورە نهێنی پێ هێشتووم؟ چیمی نەمژی؟ چیم ماوە لێمی ئاشکرا نەکات؟ «سەیری بنمیچەکە دەکات» نهێنییەکانم لەم ژوورەدا نێچیری پێ بەستەی نێو تەونی ئەو گشت جاڵجاڵۆکانەیە نهێنییەکانم بووەتە بۆیاغ ئەم ژوورە شێدارەی ڕەنگ کردووە!

«بەدەنگی بەرز پێ دەکەنێ و لاپەڕەی ڕۆژمێرەکە گرمۆڵە دەکات و لە پەنجەرەکەوە تووڕی هەڵدەداتە شەقامەکە، دووبارە خۆی بەکاغەزەکانی بەردەستییەوە خەریك دەکات ترپە ترپی پێ دێ، سەر بەرز دەکاتەوە لە پەنجەرەکەوە سەر دەردەکاتە دەرێ، لە پڕ سەری بەرەو ناوەوە دەکشێتەوە»

سێ منداڵی شڕپۆش و سێ ئافرەتی لاواز، سەرو پرچ شێواو و ماندوو دوو پۆلیس، بە شەقامەکەی بەردەمی پەنجەرەکەیا تێ دەپەڕن. لە ترسی سەرما خۆیان گرمۆڵە کردووە، هەر کە ئەمان تێدەپەڕن «یەك لە پەنجەرەکەوە دێتە دەرێ و لە پشتەوە سرنجیان ئەدات، لەسەر چۆك و لەسەر شۆستەی شەقامەکەدا.. بەدەنگێکی هەندێ نزم»

دیسان بەزمەکەیە!

یەك: جا بۆ بەم نیوە شەوە؟.. وا دەزانن گەر بەنیوە شەو بۆ نەخۆشخانەیان ببەن کەسێ نایانبینێ؟ نەخۆشن؟! نەء.. برسین؟! بەهەر حاڵ مرۆڤی سەدەی بیستن!! سەرمایانە؟ خوا دەزانێ خەڵکی چ گوند و شارێکن؟ کێ دەڵێ سەرمایانە.. باوەڕناکەم سەرمایان بی.. نەوەی بەفرو چیاو بارانن! ئێ گریمان بۆ نەخۆشخانەیان ئەبەن و بمرن، چ دەگۆڕێ؟!

لە پەنجەرەکەوە دێتە ژوورێ، کاغەزەکانی سەر مێزەکەی بەگرمۆڵەیی هەڵدەگرێ، پاکەت و شقارتەکەیشی دەگرێتەوە دەست، دیسانەوە لە پەنجەرەکەوە دەچێتە دەرێ و لە ناوەندی شەقامەکەدا کاغەزەکان دادەنێ شقارتەیێکی پێوە دەنێ، هەردوو دەستی دەنێتە سەر ئاگرەکە، هەڵدەستێ بەدەوری گڕەکەدا شێتانە دەسووڕێتەوە بسووتێن..

ئێوە چین؟

چین لە ئاستی ئەمانەدا.. هەر هیچ نیین.. بسوتێن ببن بە خۆڵەمێش.. دەی بسووتێن، نەمێنن. خۆڵەمێشەکەیشتان دەسوتێنم!!.. تف لەوەی گەر ئێوە بکاتە شاهێدی ئەو بەستەزمانانە!!

ئاگرەکە کز دەبێ، جگەرەکەی بەئاگرە کزەکە پێ دەکا، بە پێیە پەتییەکانی، خۆڵەمێشەکە پەرت و بڵاو دەکات و هەر لەگەڵ یەکەم مژی جگەرەکەی، دەنگی فیقەی

پۆلیسێکی دوور، سەری پێ بەرز دەکا، بەبێ دەربەستی و بەفیکە فیك لە پەنجەرەکەوە خۆدەکاتە ژووریٚ، یەکسەر ڕوو لە ئاوێنەکە دەکاو هەڵاوگێڕی دەکاتەوە.. بەرامبەری دەوەستێ و پڕ بەدەمی تفێکی لێ دەکات!

**پەردەی دووەم**

**کات:** «نادیارە.. ناو شانۆ ڕۆشن و تاریك دەبێ، گەلێ جار ئەوەندە تاریك دەبێ، دانیشتوان تەنها دەنگ دەبیستن.. جار جارێکیش ئەوەندە ڕۆشن دەبێ، هەموو وردە شتەکانی شانۆ دەردەکەوێ».

**شوێن:** بەردەمی دەرگایێکی گەورە، لە ژوور دەرگاکەدا تابلۆی تەرازوویێك کێشراوە و نیشانەی دادپەروەری پێوەیە!!

شێرکۆ.. کەمال.. میرزا.. نادر

بەرگێکی ڕەشیان لەبەردایەو پشتیان لە دەرگاکەیە وە ڕوویان لە دانیشتووانی شانۆ کردووە وا دەنوێنن کەسێکی نادیار لەو ناوەدا خۆی وەپەناداوە!

نادر: هەڵدەستێ.. هەندێ لەتر دەدا، ئەمسەرو ئەوسەری شانۆ دەوەستێ، ڕوو لە هاوڕێکانی دەکات!

نادر: ... یەك ئەم ناوە.. ئەم ژمارەیە.. ئەو کەسەی کە ژمارەیەکی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و کردوویە بە نازناو!! ژمارەی پێ پەسندتر بووە لەناو.. باوەڕی وایە لە لیستەکاندا زیاتر گیانی بەزمانی بەستراوە.. ناویش تەنها جل و بەرگ و پێڵاوە و لە کاتی پێویستدا دەگۆڕێت.. «ڕوخساری دەنێتە نێو هەردوو لەپی»

بەلایەوە.. ژمارە ئەوە دەگەیینێ، کە شاهیدێکی چاکە بۆ ڕۆژی لە دایکبوون و ساڵ و مانگ و ڕۆژی مردنی و ژمارەی لاپەڕەکانی و ناسنامەو ژمارەی پێناسەکەی! ژمارەی تووك و ئەندام شانەکانی لەشی، ژمارەی خۆی لە نێو مەردومەکانی زەمیندا، یەك، ئەم ژمارەیە، بابڵێین ئەم ناوە، بەچەند وشە و دێڕێك ژیان و دەردی سەریەکانی بۆ دیار کردووم! بەشێ لە ڕۆحی خۆی پێ بەخشیم

«بێدەنگی، بەسەرسوڕمانەوە، سەیری یەکدی دەکەن..» یەك منی کردە لاپەڕەیێکی ئازار مژ، دەمیلکاندە ڕووی هەموو فرمێسك و خوێنێ پێمی هەڵدەمژێ.. دەروونمی کردە نەوارێ، هەرچی ناڵەو ئازاری کەسان هەیە.. هەرچی بزەو خەندەی دڵسافان

هەیە.. هەرچی گریەی منالآنی برسی و پەناهەندە و بیّ نەوا هەیە.. تێکڕا هەموو ئەمانەی لە دەروونی مندا تۆمار دەکرد! کردمی بەنموونەی مرۆڤی ئەم سەردەمە جەنجاڵ و بەیەکا چووە.. لە نێوان ئازار و ئێش و خەو بینینی خۆیدا، ژیانی بۆ دیاری کردم!

هەرسێکیان: ئیّ..

نادر: «دەنگی بەرز دەکات» بە چڵ ساڵی هێنامییە ژیان.. واتە لە منداڵانی قەڵەمەکەیدا لە دایکبووم و تەمەنم چل ساڵان بوو! بە شیر پەروەردە نەکرام! فرمێسکی قەڵەمەکەیم هەڵدەمژی.. منی کردە جێگیری خۆی.. بەچاوی من دەگریا..

بەچاوی من شتەکانی دەبینی.. بەئازاری کەسانی دیش ئازارەکانمی دەلاواندەوە..

ئەگەر چی خۆم ئازارم نەبوو، تەنها عەمبارەی ئازار بووم ئازاری کەسانی دی ئازارم بوون!

«بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، هەرسێکیانیش بە سەر سووڕمانەوە سەرنجی دەدەن!» یەك منی کردە جیهانی تایبەتی خۆی.. کردمی بەهاوڕێی لە نێو چەند لاپەڕەیەکدا ڕۆژ و ژیانی بۆ تەرخان کردم!

«بەدەنگی بەرز»

ئاخ، بیّ ئەوەی هێڵی ژیانم تا سەر بکێشیّ.. لەناو قەدا قرتانی!

هەرسێکیان: «هەڵدەسنە سەرپیّ» ئا..

نادر: (یەك) لە نیمچە خۆشمەستییێکی خۆیدا توانی بگرییێت و دەس لە چاوانی من هەڵگرێت..

گریا.. زۆر گریا.. پاشانیش دەستی لیّ هەڵگرتم! بەسەر چۆکا دەکەوێت «سووتانمی!» هەرسێکیان دەشڵەژێن، ئەمسەرو ئەوسەری لیّ دەگرن.. نادر یەکە، یەکە، سەیریان دەکات...

نادر: ئێستا من.. سووتاوم.. سەیرم کەن.. سەیری سەروچاو و هەموو لەشم کەن.. ئەمشەو.. ئا، بەڵیّ ئەمشەو.....

«لەسەر یەك»

سووتاوم.. سووتاوم.. بەڵیّ ئەمشەو، یەك، ڕقی خۆی ڕفاندە سەرم، کردمی

بـەقـوربـانـی ڕقـێکـی گـەورەی خـۆی و تـەڵـە شقـارتـەیـێکـی پـێوەنـام! سووتـانمی.. سووتانمی!

«بەدەنگی بەرز» ئای لە گەرمی ئەو ئاگرە، چەند بە تین بوو! «بە پەلە» ئەو ئاگرە، ئەو ئاگرە، ئەو ئاگرە..

«ڕوو لە نادر دەکات»

ئاگر هەر ئاگرە، لە هەموو کات و شوێنێکدا هەر ئاگرە سووتان، هەر سووتانە! من وام دەزانی هەر من سووتاوم «نادر ڕادەپەڕێ دەچێتە پاڵ شێرکۆ و کەمال» منیش لە لاپەڕەکانی.. بەڵێ منیش لە نێو لاپەرەکانی یەکدا بەگەورەیی گاگۆڵکەم دەکرد لە نـێوان و شکـانـیـدا چـاوم کـردەوە مـنـیش سووتـێنـرام.. مـنیش ئـێستـا وەکو مـردووم سووتاوم «بە پەلە و لەسەر یەك» سووتاوم، سووتاوم! سووتاوم..

نادر: (بە سەرسووڕمانەوە) کەی سووتایت؟

میرزا: ئەمشەو..

شێرکۆ و کەمال: (بەیەك دەنگ) منیش سووتاوم!

نادر و میرزا: (بەیەك دەنگ) کەی؟

شێرکۆ: ئەمشەو یەك منی سووتاند!

کەمال: ئەمشەو یەك منی سووتاند!

نادر: ڕەنگە هەر لەیەك کات و شوێندا سووتابین!

هەرسێکیان: (بەیەك دەنگ) ڕەنگە..

نادر: ئەشێ هەر لەبەر یەك هۆ بووبێ!

هەرسێکیان: «بەیەك دەنگ» ئەشێ..

شێرکۆ: منی سووتاند بە ئاگرەکەم دەستی گەرم دەکردەوە...

میرزا: جگەرەی بەئاگرەکەم داگیرساند.

نادر: چاوی لەسەر ئاگرەکەم نەدەگواستەوە.. بەخیلی پێ دەبردم، کەلەو شەوە ساردەدا، وا لە نێو ئەو ئاگرەدا بەبێدەنگی دەگەشامەوە!

کـەمـال: لـە چـەنـد لایـەکـەوە شقـارتـەکـەی لـە من بـەردا.. دەمزانـی گڕەکـەم شتـی دیش

دەسووتێنێ.. هەستم دەکرد فووم لێ دەکات، دەمگەشێنێتەوە.. بۆ لەناوبردنم بە پەلە بوو! پێیەکانیشی لە خۆڵەمێشەکەم وەردەدا!

(هەر چواریان سەر دەنێنە قەد یەکەوە)

هەر چواریان: واتە ئێمە کوشتەی دەستی یەکین..

شێرکۆ: دروستی کردین و کوشتمانی.. ئەم ڕەفتارەی لەگەڵ ئێمەدا وەکو ڕەفتاری ماسی وایە.. کە برسێیەتی زۆری بۆ دەهێنێ بێچووەکانی خۆی دەخوات.. یەکیش، ژان، زۆری بۆ هێنا سووتانمانی. تەسکینی دڵی خۆی شکاند و سڕیمانییەوە!

نادر: نەخێر ئێمەی کردە ژان و نایە سەر ژانەکانی!

(هەرسێکیان بە تەوسەوە پێدەکەنن)

کەمال: دەڵێن ڕۆمان نووسێکی فەرەنسی گەر یەکێ لە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی بمردایێت، ئەوا تاچەندرِ وۆژێك لە ژوورەکەی خۆیدا پرسەی بۆی دەگرت و بۆ دەگریا و دەرنەدەچووە دەری...

نادر: جا کێ دەڵێ (یەکیش) ئێستا گۆشەگیر نییە و لە پرسەی ئێمەدا خۆی هەڵنامژێ؟

میرزا: ڕەنگە وابێ.. بەڵام ئەمە پاکانە نییە بۆ ئەوەی کە بەپیاوکوژ نەژمێردرێت، چونکە هەر لەگەڵ خولْقاندنی مندا فێری کردم ئازار بە پێکەنین ناگۆڕدرێتەوە! دەبێ ئازار بنبڕ و ڕیشە کێش بکرێ.. لێی دەبوورم و لێی نابوورم!

شێرکۆ: من لێی نابوورم..

نادر: نەك تەنها لێی دەبوورم بەڵکو پشتگیریشی دەکەم! ڕەنگە ئێوە نەزانن بۆ ئێمەی سووتاند؟

هەرسێکیان: «بەیەك دەنگ» دەزانین!

نادر: بۆ؟

شێرکۆ: ئەو سێ ئافرەت و منالە برسییانەی دی، هەڵچوو، ڕقی هەڵسا، جگە لە ئێمە کەسی دەست نەکەوت، ڕقەکەی بەسەرا بتفێنێ و..

نادر: (قسەکەی پێ دەبڕێ) وانییە!

میرزا هەستی کرد کە ئێمە– ئێمە زادەی بیرو هەستی– سووکین بەرامبەر بەبرسێتی و غەریبی و دەربەدەری ئەو منالە و ئافرەتانەی کە..

نادر: (قسەکەی دەبڕێ) ڕەنگە ئەمە بەشێکی بچووکی ئەو هۆیانە بێت!

میرزا و شێرکۆ: ئەی چی؟

نادر: کە یەك لەو نیوە شەوەدا هاتە سەر شەقامەکە و سەرنجی بەستە وردە هەنگاوەکانی ئەو سێ منداڵ و ئافرەتانە، سەرمای بوو، خەریك بوو پەنجەکانی لەگۆ بچن، پێویستی بەئاگر هەبوو!

(میرزا و شێرکۆ، شێتانە پێدەکەنن)

نادر: (بێدەربەستان) بۆ ئەوەی خوێن بگەڕێتەوە بۆ پەنجەکانی. تا خوێنی خۆی بەئێمە ببەخشێ زاووزێ بەئێمە بکات.

(ڕوو لە میرزا دەکات) قەوزەو چڵکی سارد لەشی (یەکی) داگرتبوو، پێویستی بە خۆشۆردن هەبوو.. وەك چۆن باوەڕی بەوە نەبوو کە چڵك بە شتێکی دی بشۆرێتەوە و پاشانیش شتەکە پیس هەڵگەڕێ، واتەخاوێنکردنەوەی شتێ لەسەر حیسابی پیسکردنی شتێکی دی بەلایەوە نابەجێ بوو!.. چاکتر ڕوونی کەمەوە گەر چڵك بەئاو شۆرا، بێ گومان دەبێ ئاوەکە خاوێن بێ پاشانیش ئەو ئاوە خاوێنە چڵکن دەبێ و دەبێتەوە چڵپاو و سییان و مەڵبەندی هەزارەها میکرۆب.. ئەمە جگە لە بۆنە پیسەکەی!

(ڕوو لە میرزا دەکات) تۆ خۆت وتت، یەك، فێری کردم کە ئازار ناگۆڕدرێتەوە و دەبێ بنبڕو ڕیشە کێش بکرێ، ڕەنگە وابووبێ، کەسێکی چڵکن، یا شتێکی چڵکن، بۆ ئەوەی خاوێن بێتەوە، دەبێ شتێکی دی بلەوتێنێتە چڵکەوە! ڕەنگە ئەمە یاسای سروشت بێ!

شێرکۆ: (بەبێ حەوسەڵەییەوە) تۆ مەبەستمان بەرێ و..

نادر: (قسەکەی پێدەبڕێ) (یەك) باوەڕی وابوو کە ئاگر چاکتر پیسی دەشوات و چڵکنیش نابی.. بەڵکو زیاتر دەگەشێتەوە و سوورتر دەبێ.

کەمال: (بەهێمنی) ئەمە ئەوە ناگەیێنی بوترێ، خۆ خاوێنکردنەوە بەئاگر، هەڵاو گۆڕی تیادا نییە.. (بێدەنگی) باشە ئاگر بەچی دەکرێتەوە.. خۆ بەئاگر خاوێن کردنەوە، شێوە خۆپەرستییێکی تیادایە! ئاو چڵك دەشواتەوە و خۆی چڵکن دەبێ.. ئەمەیان باشترە لەوەی ئاگر چڵك بشوات و پاشانیش ئاگرەکە بۆیەکجاری هەر نەمێنێ..

شێرکۆ من دەزانم ئەم باسانە لە یەکترمان دوور دەخات.. چاك وایە یەکدی بناسین.. ڕاستە، ئێمە کێشەیێکی تایبەتی (دەست بۆ دەرگاکە دەبات) لەبەرئەم دەرگایەدا

کۆمانی کردۆتەوە و هەروەها کێشەیەکی تایبەتیش بووەتە هۆی سووتاندنی ئێمە.. هەر یەکە لە ئێمەش بەپێی ئازار و سەرنجی خۆی فەرمان دەدا، ئەگەر چی هەر چواریشمان زادەی بیر کردنەوەی یەکیین، کەچی لەیەکتر دوورین.. (بێدەنگی) من هەموو پەردەیەك دەردێنم باسی خۆمتان بۆ دەکەم!

کە (یەك) بەئازاری تەنهایی و غەریبی دەتلایەوە، پێویستی بە هاودەردو هاوزمان هەبوو.. ئەو شەوە (یەك) بووەمامانی قەڵەمەکەی و من لە دایك بووم تەمەنم ٢٥ ساڵان بوو.. واتە بە (٢٥)ساڵی لە دایکبووم.. ناوی شێرکۆی لێنام.. پێناسی کێشەی ڕۆژی، دایە دەستم (بێدەنگی) ناوم شێرکۆی کوڕی حاجی فتح الله، زگورتی، تاقە کوڕ لە نێوان چوار خوشکی عازەبدا، دایکێکی دڵناسك و کوێرەوەر و باوکێکی نیمچە خوێنەوار.. ئەمە خانەوادەی من بوو (بێ دەنگی) (یەك)، کردمی بەدڵداری کچە دەوڵەمەندێك.. کردمی بە تەمەڵ، عاشقێکی بێ پارە.. هەر لەگەڵ لە دایکبوونم خستمیە نێو کێشەیەکی گەورە و مشتومڕێکی بێ پایانەوە! دایك و باوك و خوشکەکانمی ورژاندە گیانم، (بێ دەنگی) بۆ ئەوەی دڵسۆزو ڕاستگۆیم ماوەم بەنێ، بابەرەو ئەو کێشەو مشتومڕەتان بکێشم.. پاشان ئێوە ڕای خۆتان بەرامبەربە من و(یەك) دەربڕن.

**پەردەی سێیەم**

**کات:** ئێوارەیێك

**شوێن:** ژوورێکی خنجیلانە.. شێرکۆ، چاکەت و پانتۆڵێکی سپی لەبەردایە.. حاجی فتح اللەی باوکی و دایکی و چوار کچ ناویان شیرین، نەسرین، ژیان، جوان، تەمەنیان ٢٢– ٢٠– ١٨– ١٤ ساڵانن.. هەموو هەر دانیشتوون وەك ئەوەی لەمێژە باس لە کێشەیەك بکەن.

حاجی: (ڕوو لە شێرکۆ دەکات) بەخوا کوڕم شکبەرداری ئەو پارەیە نیم.

شێرکۆ: (بە تەوسەوە) بەڵێ نییە! نییە!

حاجی: گەر هەشمبێ، چۆن ویژدانت هەڵدەگرێ ڕەنجی ئەم چەند ساڵە پڕ لە کوێرەوەرییەم، بنێمە نێو مشتی تۆوە! خوا بناسە (دەستی بۆ کچەکانی درێژ دەکات) ئەی چی لەم زەرد و سوورانە بکەم! بە چی بیانژێنم؟! بۆ ئەمانیش وەکو تۆ نین؟ هەندێ بیر بکەوە.. کوڕم بیرکەوە (بەدەنگی نزم) دەست لەو کچەتیوە هەڵگرە هەر

چەند مانگێکی دی سەبرم لێکە.. ئەوسا بەدڵی خۆت دەست بخە سەر هەر کچێکی دی.. سەرو ماڵم لە ئۆغرت دایە.. کوڕم.. کوڕم.. تۆ جارێ منداڵی و نافامی.. تۆ نازانی ئەو کچەتیوە ناکەس بەچەیەی وڕکت لێ داوە کچی سەر سواڵکەرێکە، ڕەنگە وەکو من (دەنگی زیاتر نزم دەکات) ئەو باوکە بێ شەڕەف و سوخۆرەی ناناسی کە چۆن لەم دواییەدا دەستی لەگەڵ پیاوەکانی میریا تێکەڵ کردووە! کوڕم دەڵێن هەموو شتێکیان بۆ دەکات هەتا، گەوادیش!

شێرکۆ: (بەتووڕەییەوە) بڕیارێکەو داومە، یا پارەم بۆ پەیدا دەکەی و دڵی باوکی ئەو کچەم بۆ نەرم دەکەی یا (بەدەنگی نزم) تێی دەتەقێنم و دەڕۆم!

حاجی: (بەتووڕەییەوە) ماڵم وێران دەکەی؟ دووچاری دەربەدەریم دەکەی؟ هەی ماڵ وێران، ئەگەر دەربەستی من و (دەست بۆ دایکی شێرکۆ درێژ دەکات) ئەو دایکە پیرە بەستەزمانەت نایێیت بەپیرو لێکەوتەمان دەزانی، بیر لەخوشکەکانت بکەوە.. هەتیو بۆ دەتەوێ بەم دواییە ئابڕۆمان بدەیتە دەستی ئەو گورگە برسییانە.. ئەمە چەنی چەند ساڵە، شەو نخوونی و هیلاکیم چێژتووە، تا ئەمڕۆ هەموو هێزێکم بۆ پاراستنی ئابڕۆتان تەرخان کردووە، ئێستایش دەتەوێ، لە پێناوی ئارەزوویەکی هەرزەکارانەدا خۆت بخەڵەتێنی و ناوی دڵسۆزی بلکێنێتە خۆتەوە و ئێمەش بلەوتێنیتە ژانی دەربەدەری و برسیەتی و.. (بەئەوپەڕی تووڕەبوون) هەتیو.. هەتیو.. خوات بێ.

هەی ماڵ وێران!

شێرکۆ: تووڕە مەبە و بەینێکە پێم وتووی، دەبێ چارێکم هەر بکەی.. ئەگینا.. بڕیارێکەو داومە و..

نەسرین: (ڕوو لە شێرکۆ دەکات و قسەکەی پێ دەبڕێ) شێرکۆ..

شێرکۆ: (تووڕەیە) بڵێ کاکە..

نەسرین: نەء.. شێرکۆ.. من بەش بەحاڵی خۆم دەربەستی ئەو ئەشکەنجەو دەردی سەریانە نایێم وا باوکم باسی دەکات ئەگەر تۆ ڕاستگۆو دڵسۆز و خاوەن باوەڕ بیت و خۆشەویستی هانت بدات لە خۆت ببووری و تێی تەقێنی و بڕۆیت.. ڕەنگە گەلێ دڵخۆشبم، تا ئەو ڕۆژەی فریامان دەکەون و دەستاو دەست دەمانگوازنەوە.. بەڵێ تا ئەو ڕۆژە لە نێو دەستە خوشکەکانمدا شانازیت پێوە دەکەم.. ئەوا نەشگەڕێتەوە

بستـێکـی دیـی ئـەو داروبـەردانــەت سوورکرد، ئـەوا ژیـانـی جـاویـدی بـۆ ئـێمـە و بنـەماڵـەکـەمـان تـاسـەری دیـاری دەکـەیت و کـامـەرانی دەبێتـە نـاسنـامـەو لـەتوێڵی خۆمدا هـەڵیدەگرم!

بـەڵام ئـەگـەر ڕۆیشتنت.. بـەم شێوە نـاپـەسـەندەو و ئـەم هـەوڵـە نەگریسـەت بۆ ڕزگـارکـردنـی پێستی خۆت.. ئـەم وورك و بیـانـوە بیّ سـەرو بـەرانـەت هـانم دەدات نـەك تـەنـهـا پشتگیری بـاوکم بکـەم بـەڵکو..

شێرکۆ: (بەتوڕەبوونەوە قسەکەی پیّ دەبڕیّ) نەسرین تۆیش؟

شیرین (بەهێمنی) منیش! (بێدەنگی) گەر گەنجەکانی شارەکەمان وەکو جەنابیت! بیرکەنەوە دەبیّ لەئێستاوە من خۆم ئامادەبکەم بۆ ئەو ڕۆژەی، حاجیێك، بەگـلێك، سەگێك، دەوڵەمەندێك، لەسەر ئەم بەرەشڕەمدا بکەوێتەك سەر دەست و پێی باوکم.. بەپارە.. بەسەیارە. بەختنوو بەزێر (دەنگ بەرز دەکات) باوکم قایل بکەن بمدەن بەشو ئەویش بۆ ئەوەی خانەوادێك لەدەربەدەری ڕزگار بکەم.. چونکە ئەفەنی کوڕیان جەنابت ئاسا، پەڵپی گرتووە، گەر فلاَنە کچی بۆ نەخوازن، ئەوا تێی دەتەقێنیّ و دەڕوات و کاسکێتەکەی گێڤارا لەسەر دەنیّ (بیّ دەنگی) ئیتر هەی قوڕ بەسەر ئەو هاوڕێیانەی پشتی پیّ دەبەستن، ئەمە ئەگەر کاسکێتەکەی لەسەرنا.. هەش بەسەر ئەو خانەوادەیە نوێیەش و ئەو مناڵانەی کە دەبنە زادەی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە (هەڵدەستێتە پیّ) منیش.. منیش.. منیش پشتگیری باوکم دەکەم! ئەوەش بزانە– وەکو نـەسریـن بـاسی کـرد– گـەر وابـێت، دەربـەست نـایێم، گـەر دنیـام لیّ بکـەنـە چـەرمـە چۆڵەکە.. گەر واش نەبیّ ئەوا ئیدی من بەخوشکی خۆت مەزانە!

شێرکۆ: (بەفیکەفیك) تۆیش حەقتە!

حاجی: (بە تەوسەوە) ئافەرین کوڕم.. ئافەرین.. هەی تەڕەماش! باشە گەر ڕۆیشتی و هاوڕێکانت بەمەیان زانی کە تۆ بەم فرت و فێڵە، تێکەڵیان بوویت، ئەوسا بە چ ڕوویێك سەرت بەرز دەکەیت! (بە هێمنی) باشە کوڕم تۆ ببە بەباوك منیش دەبم بەکوڕ و ئەم بیانووانە دەگرم.. چیم پیّ دەڵێیت!

شێرکۆ: دەڵێم کەیفی خۆتە!

نەسرین: درۆ دەکەی!

شێرکۆ: بە من؟

نەسرین: نەء.. نەء قوربان.. بە جەنابتم نییە.. بەترسنۆکمە!

شێرکۆ: وای لێهات.. برا گەورەتم.. هەی..

نەسرین: زۆری مەڵێ چەقە چەق مەکە.. برای گەورە دەبێ ڕێنماییمان بکات، نەك لە دوو سەرە داومان بۆ بتەنێ.. ئێ جا کەی تۆ هی ئەوەی شەو بدەیتە دەم ڕۆژەوە؟! تۆ ژەمێ نان نەخۆیت دەگریت! تائێستا لە تاریکی دەترسی!

شێرکۆ: کێ لە تاریکی ناترسێ؟

شیرین: ئەوەی لە تاریکی بەهێز ترە!

شێرکۆ: (بە تەوسەوە) ئەو مامۆستایەی ئەوەی فێرکردی لە تاریکی لە دایك بووە و لە تاریکیشا ژیان بەسەر دەبا و لە تاریکیشدا دەمرێ! واتە هەموو ڕۆشەنبیرییەکەی تۆ زادەی تاریکییە!

نەسرین: ئەبێ –کاکە شێرکۆ– ئەوەش بزانی ئەو مامۆستایە قوتابی ڕۆژگار و تاقیکردنەوەکانییەتی.. لە ئەنجامی زەبرو زۆری ئەم ژیانە دەروونی سپی بووەتەوە.. ئەو مامۆستایە دەیفەرموو چەرمەسەری ژیان گەر کوتەك بێ، منیش چەڵتووك بووم.. ئەوەندەی کێشاوەتە سەرم تەنها توێکڵەکەی پێ بەرداوم.. ئاکام وەکو مەڕمەڕ سپی کردوومەتەوە! (هەڵدەستێ و پەنجە بۆ ڕووی شێرکۆ درێژ دەکات) ئینجا لەبەرئەوەی جەنابت تا ئێستا وەکو زەروو خوێنی باوکمانت هەڵمژیوە، هەستت بەبرسییەتی و کەساسی کەسانی دی نەکردووە و لە ڕۆشنایی جیهانە تایبەتییەکەی خۆتدا فێری قسەو ڕەفتار بوویت.. بۆیە بڕی بیرکردنەوەت نەك تا ناوقەد، بەڵکو هەر لەگەڵ یەکەم هەنگاوتا بەرامبەر بەتاریکی بۆڕ دەدەی.. ئیتر تا ژیانت ماوە دەبێ هەر نۆچ دا بدەی!

حاجی: (بە ڕوو گەشییەوە) ئافەرین کچم، ڕووت سپی بێ (ڕوو لە شێرکۆ دەکات) تۆش پیاوی؟!

شێرکۆ: بۆ پیاونیم!

دایك: هێشتا نازانی؟

شێرکۆ: تۆیش؟ تۆیش؟ باشە ناتوانن داروبەردەکانی ئەمماڵەش هاندەنە گیانم و دوژمنایەتیم لەگەڵدا بکەن

دایك: جا بۆ سێبەرەکەت لەگەڵت دایە.. داوەشیێت!

شێرکۆ: خۆم لەگەڵ خۆمدام!

حاجی: بۆ خۆت تائێستا هەبوویت؟ ناشێ بڵێیت پیاوم، سەرو ڕیشم هەیە! تڕحێو بۆ ئەم پیاوە.. پیاو.. پیاو..

شێرکۆ: (بەتووڕەیی) بەسە.. بەس.

ژیان: کاکە نەشمیل دەناسی؟

شێرکۆ: (هەر تووڕەیە) کام نەشمیل؟

ژیان: خوشکی ئەو کچەی کە دەتەوێ بیخوازی!

شێرکۆ: ئا.. دەیناسم!

ژیان: دەزانی ئێستا لەگەڵ منداڵە وردەکانیدا لە کوێن؟

شێرکۆ: ئا.. دە..زانم.. لەو.. لەو خوارووەدان..

ژیان: لەم ڕۆژانەدا پوورە هەیبەتی فەڕاشی مەکتەبەکەمان کە خزمی دووری مێردەکەیەتی، چوو بوو بۆ سەردانیان، دەزانی نەشمیل و منداڵەکانی نەناسیبووەوە (بێدەنگی) بۆ ناپرسی بۆ؟

شێرکۆ: (بە نزمی) بۆ؟

ژیان: لەبەرئەوەی پرچەکەی نەشمیل تواشرابوو!

شێرکۆ: (بە شڵەژانەوە) بۆ؟

ژیان: ڕشك و ئەسپێ دابوویە سەری.. سەری منداڵەکانیشی تاشیبوو. دەڵێن خەسووەکەی مرد...

شێرکۆ: مرد..

ژیان: خێرەمەندەکان بە گۆڕستانی شاری پیرۆزیان سپارد..

شێرکۆ: بۆ نەیان هێنایەوە بۆ سلێمانی؟

ژیان: جا ئەوە پرسیارە.. بۆ کێیان لە سلێمانیدا بەدەرەوەن!

(بێدەنگی)

جوان: دەڵێن مێردەکەی نەشمیلیش بریندارە..

شێرکۆ: بریندارە؟

جوان: بۆ ئەوێ کوێیە؟ سەیرە بە هاوینە هەواری تێبگەی؟

شێرکۆ: (بەئەو پەڕی تووڕەبوونەوە) جوان.. تۆیش.. تۆیش؟

جوان: بۆ، نەء..

شێرکۆ: گەلەکۆمەکم لێ دەکەن!

دایك: جابایی ئەوە هەیت؟ ترسنۆك.. هاوڕێی تۆ پەڵپ و بیانوو لە دایك و باوکی ناگرێ و داویان بۆ ناتەتێ و ناچاریان ناکات، بەڵکو تاریکی و بێدەنگی ناچار دەکات و دەیان هەژێنێ تۆ با ئەو پیاوە بیت، چش لە حەوانەوەی ئێمە.. بەڵام حەیف، شیرەکەم حەرامت بێ.. سپڵەی ترسنۆك.. شێرکۆ: بەم قسانە ناخەڵەتێم.. هەر ئەمەوێ و ویستوومە ئیتر کەیفی خۆتانە!

(هەڵدەستێ)

**پەردەی چوارەم**

**کات:** هەمان کاتی پەردەی دووەمە..

**شوێن**: هەمان شوێنی پەردەی دووەمە.. نادر، شێرکۆ، میرزا، کەمال، هەمان بەرگی ڕەشیان لەبەردایە.. پشتیان لە دانیشتوانە.. بەپەلەو بەتووندی دەکشێنەقەد دەرگاکەوە.

شێرکۆ: بێ سوودە (ئەمسەرو ئەوسەری شانۆکە دەکات) لەسەر درێژەی چاوەڕوانیدا وەستابووم (یەك) بیری لە ژیانی من و خانەوادەم دەکردەوە. من لاسار بووم، نەرم دەبووم.. ڕەنگە (١) ڕقی لێم هەڵسابێ و نەیویستبێ لە چیرۆکەکەیدا پاڵەوانێکی بێ فەڕی وەکو منی هەبووبێ، هەر بەنیوە چڵپیەوە بەجێی هێشتم تا ئەمشەو دەستی بەئاگری سووتاندنم گەرم کردەوە.. (بێ دەنگی) پاش ئەوەی سووتام (بەنزمییەوە) بریا فرمێسکی چاوەکانی(١) خۆڵەمێشەکەمی دەکردە قوڕو سەرلەنوێ دروستمی دەکردەوە و ژیانی پێ دەبەخشیم، تا سەردانێکی ماڵەوەم دەکرد. (ڕوو لەهەرسێکیان دەکات) ئەرێ مردوو.. سووتاو.. خەو دەبینێ؟ (بێ دەنگی) پاش ئەوەی سووتام و مردم خەونیکی سەیرم بینی.. ئای لەو خەونە ترسناکە.. بۆتانی بگێڕمەوە؟ (هەر بێ دەنگن) خەونێکی درێژ بوو، هەر کۆتایی نەدەهات.. (دائەنیشێ بەدەنگێکی ناسك وەك لەخەودابێ قسە دەکات)

لەناو قەدی چیایێکی بڵندا، تاریکی دەوری تەنیبووم.. هیچم نەدەبینی، پەلم

دەهـاویشت بـەچـنـگـە کـرێ خـۆم بـەدار و بـەردەکـانـیـیـەوە دەگرتـەوە لـە پـڕ تـۆف و کـرێوەیـێکـی نـائـاسـایـی هـەڵـی کـرد، چـاوەڕێی ڕەقـبـوونـەوەم دەکرد، لـەوخـەونـەمـدا دەمزانی مردووم، سووتاوم (لە پڕ) ئەرێ دەزانن ئازاری سەرما لە ئازاری ئاگر زیاترە؟ (بێ دەنگی) تاریکییەکە ڕەوییەوە.. چەند ئەسپ سوار بەبەردەمما تێپەڕین، هەرچەندە هاوارم کردو فریادم کێشا، بێ سوود بوو نەهاتە هانامەوە.. بزماری ناڵی ئەسپەکان کە ساتمەی دەکرد لەگەڵ تاوێرو بەردەکانی چیاکە چەخماغەی ئاگری لە بەردەکان هەڵدەسان.. ئەوەندە چاوم تروکاند هیلاك بووم..

ئەسپ سوارەکان لە چاو ون بوون بەرەو ژوور، بەرەو لوتکە ڕۆیشتن.. سەرما زیاتر کاری تێکردم بەچەنگە کرێ بوومە شوێن هەڵگری شوێن سمی ئەسپەکان (بەسەر سوورمانەوە) (سەیری هەرسێکیان دەکات)! بەقەوارەی جێ سمی ئەسپەکان گۆڵە ئاو. قەوزەی سوور.. ئا.. ئا.. قەوزەی سوور بەسەر ئەوگۆلە ئاوانەدا وەك قەتماغەی برینێکی تازە دەگەشایەوە! ئا.. سوور بوو.. تینوو بوو، هەندێ دەمم تەڕکرد، سوێر بوو.. گورم هاتەوە بەر، وردە وردە بۆ لوتکەی چیا بڵندەکە هەڵگژام نەمزانی چۆن ئەم خەونەم گوڕاو خۆمم لەبەر دەرگای ماڵەکەمان بینی.. دایکم ڕەشپۆش بوو، تەنها شیرین و نەسرین بەدیار باوکمەوە دانیشتبوون.. نەسرین دڵی باوکمی دەدایەوە پێی دەوت:

تۆ چوار کچت هەیە، با دووانی بەند بێ.. خۆ ئەم دووانەی دی بایی ئەوەیان لەبار دایە خزمەتی ئێوە بکەن.. یەکسەر– لە خەونمدا– زانیم ژیان و جوانی خوشکم گیراون.. بەڕاست لە بیرم چوو باسی ئەوەشتان بۆ بکەم، شارم بینی شڵەژابوو، کچان مانیان گرتبوو بەڕیز بەردەرکی سەرایان تەنیبوو.. ئای کە خەونێکی درێژ بوو.. خوا ئەزانێ چی دیم بینیوە!

(وردە وردە دەست بە قسە هەڵبرزڕکاندن دەکات)!

کەمال: منیش خەونێکی لەم بابەتە هەراسانی کردووم.. پێش ئەوەی خەونەکەمتان بۆ بگێڕمەوە (ڕوو لە دانیشتووان دەکات) با خۆمتان پێی بناسێنم! (بەهێمنی) یەك، ناوی کەمال–ی لێنام، مامۆستا، خاوەن ژن و ماڵ، لە ڕەشبگیرێکدا خۆمم لە بەندیخانەیێکدا بینییەوە پاشان لەگەڵ چەند کەسێکی دیدا لە ژوورێکی بچووکدا جێگیریان کردین ٩، یا ١٠ کەس دەبووین.. (پشت لە دانیشتووان دەکات و ڕوو لە هەرسێ هاوڕێیەکەی دەکات) با چاکتر خۆمتان پێ بناسێنم!

**پەردەی پێنجەم**

**کات:** شەوە

**شوێن:** بەندیخانە، ژوورێکی بچووك ٣×٤ مەترییە، دیوارەکانی ڕەنگاوڕەنگە، ڕەنگەکان تێکەڵ و پێکەڵە، ڕەنگی خوێنی وشکەوەبوو، بۆر، ڕەش، لەهەندێ شوێنی دیوارەکانیا وشەو ڕستەی بەیەکا چووی لەسەر هەڵکۆڵراوە ٩ تا١٠ زەلامی بەرگ بۆر، لەسەر زەوی نووستوون، گڵۆپێکی کزی زەرد لە بنمیچی ژوورەکەیدایە! کەمال و حەسەن بەرامبەر یەکدی کسکۆڵەیان کردووە!

کەمال: (بەدەنگی نزم) ئۆ.. برا، دیسان ناوەکەتم لەبیر چووەتەوە..

حەسەن: (قەڵسە) ئەزانی لە دوێنێوە، ئەمە چوارەم جارە لە ناوم دەپرسی..

کەمال: ببوورە، هیلاکم، ئەوەندە ئەزیەتمان دەدەن، چاکە هەر ناوی خۆمم لەبیر ناچێتەوە.. ئەرێ ژن و مناڵت هەیە؟

حەسەن: بەڵێ..

کەمال: ئەرێ دوێنێ شەو چ کاتێك بوو هێنایانی؟

حەسەن: بەرەبەیان بوو.. هەمووتان خەوتبوون.. زۆرم برسی بوو، ویستم وەئاگاتان بێنم.. شەرمم کرد ترسام پێم بڵێن دەترسی!

کەمال: باشە دەترسی؟

حەسەن: چۆن ناترسم، ژنێك و دوو مناڵ، باوك و دایکێکی پیرو لێکەوتە، دنیاییێکی پڕ لە مەینەتی و ئازار، بازاڕێکی نەهەنگ ئاسا، چەند پارچە کاغەزێکی شین، هێزو توانای بازوو و بیر بمژێ! چۆن ناترسم، ئەی تۆ ئەترسی؟

کەمال: نازانم!

حەسەن: چۆن؟

کەمال: هێشتا تازەی (بێ دەنگی) مەبەستم ئەوەیە تازە گیراوی.

حەسەن: نەخێر.. تازە منیان هێناوە بۆ ئێرە.. (بێ دەنگی) ناشزانم چەنێکە و لەسەر چیش گیراوم..

کەمال: یانی تۆیش (بەپێکەنینەوە) وەکو ئێمەی!

حەسەن: (بەترسەوە) بۆ ئێوەیش هەموو هەر نازانن بۆ و چەنێکە بەندن..؟

کەمال: نەك هەر ئەمە (بێ دەنگی) گەلێ جار نازانین هەین یا، نەء.

حەسەن: منیش گەلێ جار ئەم گومانە ڕووم تێدەکات.. (بێ دەنگی) بەشك دەبم لەخۆم، لە ناوم، لە جەستەم، ئێستایش دڵنیانیم (دەست دەنێتە سەر سنگی خۆی) ئەمە من بم.. من وا نەبووم (دەست بەسەرو چاوی خۆیدا دەهێنێ) شتێکی دی بووم! بەتووندییەوە هەردوو دەستی بەرەو ڕووی کەمال درێژ دەکات) دە نینۆکم هەبوو! (دەست بۆ ناو لنگی خۆی دەبات) پیاو بووم، کەمال:

کەمال: (بێ دەربەستانە) لەکوێوە هێناویانی؟

حەسەن: (بەبێ حەوسەڵەییەوە) بۆ نازانی کات بەبوونی هەتاو دژمێردرێت.. منی هەتاو لێ زەوت کراو، چۆن بزانم کەی؟ بۆ؟ یا چەنێ بەرێوە بووین.. زۆر زۆر بووین هەموومانیان ئاخنییە لۆرییێك، پاشان یەکە یەکە جیایان کردینەوە من بەر ئێرە کەوتم! (بەدەنگی نزم) ئەرێ ئێرە کوێیە؟ مەبەستم چ شارێکە؟ یا لە چ شارێکەوە نزیکین؟

کەمال: ئێرە شارێکە ناوی.. ناوی.. نایزانم، نەمبینیوە، نا.. نا.. نەمبینیوە.. شەوان لە خەونا ئەم شارە دەبینم، خۆ زەینیشم کوێر بووە.. یا ڕاستتر هەر زەینم نەماوە.. لەخەونا ناوی ئەم شارەیان پێ وتووم.. کەچی ئێستا نازانم.. لە بیرم چۆتەوە.. بەهەر حاڵ ئەمە شارێکە.. ئێ.. پاشانشینە.. پاشاکەی، ناوی، ئۆ.. وابزانم، ئەمیشم لەبیر چووتەوە!

حەسەن: (بە سەرسووڕمانەوە) ئێ!

کەمال: شارێکە تا ئێستا بارانی نەدیوە.

حەسەن: چۆن؟

کەمال: بووەستە.. لەژێر زەوی دایە.. هەموو ڕۆژێ بە پاچ و بێڵ هەر خەریکی تونێل لێدانین.. خۆ تۆیش ئەمرۆ لەگەڵمان بوویت.. پاچ و بێڵیشت پێ بوو.. ئەی گوێت لێ نەبوو یاساوڵەکان گاڵتەیان پێ دەکردین و دەیانوت: دەی، دەی گەنجینە باوباپیرانتان لێرە دایە (بێ دەنگی) ئەم شارە جار جارێکیش هەتاو دەبینێ.. ئەویش کاتێ کە بەئاستەم دەرگا زلەکان دەکەنەوە، تیشکی هەتاو وەك دز خۆی بەم شارەدا دەکات! ڕووبارەکانی ئەم شارە، سەرەوژوور دەڕۆن، بێوەژنەکانیشیان کچێنییان

هەیە– پاشا وا دەڵێ.

حەسەن: (واقی وڕماوە، نازانێ کەمال گاڵتەی پێ دەکات یا ڕاست ئەکات، بەگومانەوە سرنجی ئەدات) ئێ..

کەمال: ئێ برا، ئەم شارە سەگی زۆرە.. پشیلەی زۆرە، لە مار و دووپشك، هەر مەپرسە.. خەڵکەکەی ڕەنگاو ڕەنگن، ڕەش وەکو قیر، سوور وەکو تەماتەی ڕزیو و بۆگەن، بۆرو زەرد و سپی تێکەڵ و پێکەڵن. (یەکێك لە بەندەکان ئەم دیوەو ئەو دیو دەکات و بەدەم خەوەوە)

بەندێك: ئا، ئا، بیگرن، ئەو سەگبابە خۆیەتی!

کەمال: هەموو شەوێ، ئەمە پیشەیەتی.. بەستە زمانە خۆی بە یاساوڵ دەزانێ، کە بەیانیان وەخەبەر دێتەوە تا چەند دەقیقەیەك وەکو ئەو سمێڵ فشەی ئەم بەیانییە کە شەقازللەکەی پیاکێشایت (حەسەن دەست بەسەروچاوی خۆیا دەهێنێ) ئیتر ئەم بەسەزمانە لەخۆیەوە کار دابەش دەکات بەسەر ئێمەدا، تووڕە دەبێ و گیڤە گیڤ دەکات، تا یاساوڵە سەر زلەکە خۆی دەکاتە ژووری، ئەمە کارییەتی، هەر کە چاوی بەو یاساوڵە دەکەوێ ڕەنگ دەبوێرێ و لە دەستوپێ دەکەوێ ئیتر هەموو بەیانییێك بەدوو سێ شەق و زللە، هێز بۆ لەشی دەگەڕێتەوە.. (بێدەنگی) بەسەزمانە..

حەسەن: بەسەزمانە.. ئێ قسەکەت لەبیر نەچێت، باسی ئەم شارەت دەکرد (سێبەری یاساوڵێ بەبەردەمیانا تێ دەپەڕێ هەردوو بێدەنگ دەبن..)

کەمال: ئا، ڕاست دەکەی، بەڕاست، ئۆ.. دیسانەوە لەبیرم چووەوە.. حاکمێ.. ئا.. ئۆ.. ناوەکەی چەنێ قۆڕە.. دەی گرنگ نییە.. ئەم شارەی کردووەتە.. ئیتر خۆت ئەزانی.. ئەم شارە پەرژینێکی ئەستوورو بەرزی هەیە! سێ دەرگای گەورەشی هەیە.. یەکێکیان ئاسنە، یەکێکیان پۆڵایە و ئەوی دیان مسە.. ئەم شارە سێ قەڵای تێدایە.. یەکەمیان لە کاسەی سەر دروست کراوە ئەوی دیان لەنینۆك و دگان سێهەمیان لە ئێسقانی مناڵ و ئافرەت.. (حەسەن واقی وڕماوە و دەمی داچەقاندووە). لە مەیدانێکی گەورەی ئەم شارەدا سەعاتێکی گەورە هەیە! جاری وا هەیە لەم شارەدا ڕۆژ هەزار سەعاتە.. جاری واش هەیە سەد دەقیقەیە، جاری واش سەد هەفتەیە! (بێ دەنگی) هەوێنی هەویرەکانی ئەم شارە خوێنە.. مەزەیان خوێنە، سووتەمەنییان خوێنە..

حەسەن: (بەتووڕەیی) بەسە.. بەس.. دەتەوێ بمترسێنی..

کەماڵ: خۆ جارێ باسی هیچی ئەم شارەم نەکردووە.. پەلە مەکە هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە (بێ دەنگی) خۆیشم زۆر شتی نازانم.. بەڵام پەلە مەکە لەخەونمدا بۆمی باس دەکەن منیش بۆ تۆی دەگێڕمەوە.. پەلە مەکە..

حەسەن: (دەیەوێ باسەکە بگۆڕێ) ئەرێ ژوورەکەتان گەورەیە ئێوەش کەمن، هەر زۆر کەمن، ئێمە لە ژوورێکی ئاوەهادا لە چل کەس زیاتر بووین، ناوە ناوەش یەك دوو زەلامی ئاوەکییان بۆ دەناردین:

کەماڵ: ئێمەش زۆر بووین..

حەسەن: بەربوون..؟ یانی مەرەخەس بوون؟

کەماڵ: بەربوون.. نەء.. ئازاد بوون، ڕزگاریان بوو!

حەسەن: بێ تاوانیان ئاشکرا بوو؟

کەماڵ: تاوانی چی؟ بۆ نازانی تاوانە گەورەکەی ئێمە بێ تاوانییە؟

حەسەن: ئەی چۆن ڕزگاریان بوو؟

کەماڵ: گەر خەوت نایێت بۆتی دەگێڕمەوە.

حەسەن: خەوی چی.. بەڵام مەمترسێنە.

کەماڵ: من ڕاستییەکەت بۆ باس دەکەم، ئیتر کەیفی خۆتە ئەترسی یان نەء، ئەوەیان نازانم!

حەسەن: باسەکە ترسناك نییە؟

کەماڵ: بۆ ئێرە نەء! بۆ تۆیش لە ڕاستی دەترسی؟

حەسەن: (وەڵام ناداتەوە).

کەماڵ: هەر باسی هەفتەیێکی لەمەوبەری ئێرەت بۆ دەکەم یانی حەوت ڕۆژ لەمەو بەر.. ئەرێ ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟ (بێ دەنگی) بابڵێین ئەم شەو شەوی هەینییە..

حەسەن: باوابڵێین..

کەماڵ: پێنج ڕۆژ لەمەوبەر گەنجێکی کەڵەگەت لێرەدا بوو، ناوی عەلی بوو، کابرایێکی لادێیی بوو... وەکو تۆ چۆن ئێستا بەم شەوە بێ دەنگ و درەنگە دانیشتووین، ئاوها وێکرا دانیشتبووین، قسانمان دەکرد، عەلی دەیوت: (بۆ چەند ساتێ تاریکی شانۆ دادەپۆشی کەماڵ و عەلی بەرامبەر یەکدی دانیشتوون وبەندەکانی دی نووستوون)

عەلی: من ناترسم.. باوەڕت هەبێ من ناترسم.. ئەوەندە خۆشیم نەچێژتووە، نازانم ڕادەی خۆشی ژیان چەندە و چۆنە تەنها هاوڕێی دڵسۆزم دەربەدەری و برسییەتی و سەرکوێری بوون.. مەرگی من ڕزگار بوونمە.. ئازادییە بۆ ئەم ڕۆحە بەندەم، کە سەرتاسەری تەمەنم برسییەتی و تێنوویەتی بووە، ئەمانە هەموو شتێکی لێ گۆڕیوم.. هەموو ڕەنگ و دیمەنێکی لێ شێواندووم.. مردنم ڕزگاریمە کەسێکم نییە بۆم بگرییێت، دڵدارێکم نییە خەمم بۆ بخوات دایکە پیرە نەخۆشەکەیشم، بەبیستنی هەواڵی مردنی ڕۆحە ئەزیەت کێشەکەی ئەویش ئازاد دەبێ، ئەویش بەیەکجاری چاوە کەم هێزەکانی لەیەك دەنێ..

(تاریکی)..

(حەسەن و کەمال)

کەمال: وشەکانی ئەو شەوەی عەلی، ئەوەندەی ئێستا کە وەبیرم دێتەوە، ئەزیەتێکی بەتامم ئەدات.

حەسەن: (بە سەرسووڕمانەوە) بەتام!

کەمال: (وەك ئەوەی گوێی لێ نەبووبێ)

ئەو شەوە قسەکانی عەلی وەکو هەموو قسە ئاساییەکانی بەندەکان دەکەوێتە بەر گوێم و نەیدەجوولاَنم.. کە بەرەبەیان جیایان کردینەوە، بێ دەنگییێکی سامناك خۆی لە دەموچاومان ئاڵاند! هەنگاوەکانی عەلی سەرنجمانی پەلکێش کرد، تا لە دەرگاکەوە ئەو دیویان کرد لای نەکردە دواوە، ورتەش لە دەمی کەسمانەوە نەهات (بێ دەنگی) تا دەنگی دەستڕێژێ شیرازەی بێ دەنگیمانی پساند، هەر یەکە لەئێمەیش وشەی (ئاخ) لە دەمییەوە دەرپەڕی (بێ دەنگی) ئێستا دڵنیام، ئەو ئاخە زادەی هەست بەئازار کردنی ئێمە نەبوو. (بێ دەنگی) بەمەزەنە، لە چاوی خۆمەوە دەڕوانمە ئەو شتە، وا تێ دەگەم زادەی ترس بوو..

حەسەن: ترس؟

کەمال: ترسی بیر لەخۆکردنەوە بوو، هەر یەکە لەئێمە بیری لەو ساتە دەکردەوە کە نۆرە دەگاتە سەری و هەمان دەسڕێژی بەردەکەوێ.. نەك هەستکردن بەئازاری کەسانی دی..

حەسەن: کوشتیان؟

کەمال: سێ شەو لەمەوبەر بایز خەوی لێ نەدەکەوت.. ئێمەی هەراسان کردبوو، لەکاتێکدا کە تەنها ئەم چەند سەعاتەی شەو ڕێمان دەدەن لە نێو ئەم ژووره گەنیوەدا بحەسێینەوە.. وەك ئەمڕۆ خۆشت بینیت، بەڕۆژ ئەوەی نەشێ پێمانی دەکەن، بە جنێو دەمانشۆنەوە، هەر ئەوەیە بەبێژینگ ئاومان پێ ناگوازنەوە و..

حەسەن: (قسەی پێ دەبڕێ) باسی بایزکە..

کەمال: ئەو شەوە بایز جنێوی دەدا، دەپاڕایەوە، وڕێنەی دەکرد، پەشیمان دەبووەوە، ناو بەناو وەك سۆفییەك لە بێ ئاگاییدا ون دەبوو، گەلێ جاریش دەنگێکی ناسازی لێوە دەهات..

دەیلووراند.. باسی مردنی دەکرد دەیوت

(بۆ ماوەیێك تاریکی)

(کەمال و بایز لەهەمان شوێندا بەرانبەر یەکدی دانیشتوون)

بایز: (بەسەری تۆ، لە مردن نەترساوم و ناشترسم!)

(تاریکی.. کەمال و حەسەن)

کەمال: وەك هاوڕێکانی باسی دەکەن و دەڵێن: بایز ڕاستی دەکرد لەمردن نەدەترسا، گەلێ جار بەرەوپیری چووە زۆر جاریش کاری ئەوتۆی کردووە، لە وزەی چەند کەسێکی بەجەرگ زیاتر بووە.. دڵڕەق و بێ هەست نەبوو، ئەوانەی بەچاکی دەیناسن (دەست بۆ هەندێ بەندی نووستوو درێژ دەکات) وەك ئێشکگر بەدەوریا دەهاتن.. ئەو شەوە گلەییان لێ دەکردو دڵیان دەدایەوە، کەچی بایز زیاتر بێ ئارامتر دەبوو، زیاتر دەپەشۆکا سەرتاسەری ئەو شەوە، نەخەوت نەیهێشت کەسێکیش بخەوێ (بێ دەنگی) لەبەرە بەیاندا بردیان، ئاوڕی دایەوە یاساوڵەکان ماوەیان دا، کەچی بایز، بایزی شەو نەبوو، قسەکانی ڕێك و لەبارو پوختە و ڕەوان بوو.. بایز ڕووی تێ کردین وتی: (تاریکی.. بەرەبەیانە، بایز لەنێو چەند بەندێکدایە و دوو یاساوڵ ئەملاو ئەولایان گرتووە، بەپاڵەپەستۆ دەیدەنە بەر)

بایز: هەرگیز بەخەیاڵما نەدەهات بەم بێ دەسەڵاتییە ڕوو لە مردن کەم.. حەزم لەم مردنە نییە.. هەرگیز مردنم بەدەسەڵاتدار نەزانیوە خۆشم وا بێ توانا نەبینیوە.. من بەم مەرگە قایل نیم.. بریا دەست و پێم دەبەستنەوە دەمبەنە ئەو مەیدانانەی کە ئاگر و

دووکەڵی لێوە هەڵدەستێ بریا دەمبەنە ئەو شاخ و هەڵدێرانە، کە تیا زمانی هێز دەتوانێ لەوێدا بدوێ.. بریا دەمبەنە نێو ئەو شەوە زەنگە تەڵخانە.. بریا.. بریا..

(تاریکی)

(کەمال و حەسەن لە هەمان شوێندا)

کەمال: ئەوەندەی وت تا بەچوار دەستە بردیان..

حەسەن: ئەویشیان کوشت؟

کەمال: چەند شەوێکیش لەمەوبەر، ڕەسول، هەتا بەرەبەیان هەر نوێژی دەکرد، بەبێ دەنگییەوە فرمێسکی دەڕشت و..

حەسەن: (قسەی پێ دەبڕێ) باشە ئاگاداریان دەکردنەوە کە سبەی دەیانبەن بۆ.. بۆ.. بۆ..؟

کەمال: منیش تا ئێستا بیر لەو هاوڕێیانەم دەکەمەوە کە چ هەستێکی خاوێنی خۆیان ئاگاداریانی دەکردەوە، کە ئەمە دوا شەویانە! (بێ دەنگی) ڕەسول، پێش ئەو شەوە هەر هەڕەشەو گوڕەشەی دەکردو دەیوت:

مردن شتێك نییە پیاو بترسێنێ.. ئەمڕۆ، سبەی، دەبێ هەر ڕوو بەڕووی ببینەوە، کەسێ نییە لەدەستی مردن دەرباز بێ.. مردن بووەتە سێبەرمان، ئیتر بۆ لێی بترسین (بێ دەنگی)

ڕەسول گەلێ جار بەدەنگی بەرز دەینرکاند، ئێمە لەمردن بەهێزترین.. (بێ دەنگی) کەچی نازانم بۆچی لە بەرەبەیاندا دەست و پێی شکاوو گۆج بوو.. پێش ئەوەی بمرێ ڕەنگی مردووانی لێ نیشت.. هیچی نەوت، هەر هیچ..

(بێ دەنگی)!

حەسەن: شەو درەنگە؟

کەمال: نازانم.. ڕەنگە بەرەبەیان بێ!

(زڕە زڕی زنجیر دەرگاکە هەموو بەندەکان وەخەبەر دێنێ.. سێ یاساوڵ خۆیان دەکەنە ژوورێ یەکسەر پەلاماری کەمال دەدەن و دەیبەنە دەرێ! دەرگاکە دەگرن، بەندەکان هەموو لەسەر یەك لەبەر دەرگاکە بە پاڵەپەستۆکەڵەك دەبن و گوێ هەڵدەخەن!

## پەردەی شەشەم

**کات:** هەمان کاتی پەردەی دووەم.

**شوێن:** هەمان شوێنی پەردەی دووەم.. کەمال و نادر و میرزا و شێرکۆ هەمان جل وبەرگیان لەبەردایە و پشتیان لە دانیشتووانە و بەتووندی لە دەرگاکە دەدەن.

کەمال: (ڕوو لە هەرسێکیان دەکات) بێ سوودە بەپەلە ئەمسەرو ئەوسەری شانۆ پەی دەکات کە سێ یاساوڵەکە بەتوندی باڵبەستیان کردم ماوەیان نەدام، خوا حافیز لەهاوڕێکانم بکەم.. بەرە بەیانێکی بێ دەنگ بوو.. تا گەیشتمە نێو حەوشە گەورەکەی نێو بەندیخانەکە ورتە لەدەمی کەسیان نەهاتە دەر، سەر تاسەری ئەو ڕێیەی نێوان ژووری بەندیخانە و حەوشەکە هەستم بەهیچ شتێ نەدەکرد.. هەستم بەلەناوچوون و جیابوونەوە نەدەکرد..

بیستبووم ئەوانەی کە بەرەو کوشتنیان دەبەن سەرتاسەری تەمەنیان وەکو فلیمی سینەما لەبەرچاویاندا دووبارە دەبێتەوە.. ڕۆژگاری مناڵی و گەمە و قوتابخانەو هەرزەکاری بیرکردنەوە لە دایك و باوك و گەڕەك، ئەم وێنانە هەموو بە بەرچاویا تێدەپەڕێ، کەچی من هەر هیچم بەدی نەدەکرد و بیریشم لەسەر هیچ شتێکا نەدەوەستا (بێ دەنگی) کە لە گۆڕەپانەکەدا ڕایان گرتم هەستم بەگزنگی ئەو بەرەبەیانە ساردە کردو شەو نخوونیەکەمی دەشۆردەوە خۆزگەم بەو ساتە خواست و حەزم دەکرد چەند مانگێ لەمەو بەردەستیان  بەم کارە کردبا و زووتر ئەم ڕۆحە بەدبەختەی ئەم جەستە بەندیخانە ئاسایەم ئازاد کەن (بەنزمییەوە) گەر دەسەڵاتم هەبوایە هەر لە سەرەتای تەمەنمدا، ئەم دڵسۆزییەم بەرامبەر بەڕوحم دەکردو مەرەخەسم دەرگای ئاسمان و ئەم جیهانە بەربڵاوەم بۆ دەخستە سەر پشت.. (بێ دەنگی) یاساوڵەکان لێیان پرسیم:

(تاریکی). (شانۆ ڕۆشن دەبێت، حەوشەی بەندیخانە، کەمال و سێ یاساوڵ)

یاساوڵێك: حەز لەخنکاندن دەکەیت.. یا بەگوللە دەسترێژت لێبکەین؟

(کەمال لەبەرخۆیەوە) داوای چیم لێ دەکەن، ئەمە چ پرسیارێکە؟. من تا ئێستا بەگومان بووم لە بوونی خۆم.. کەچی ئەم پرسیارە بوونی خۆمم بۆ دەسەلمێنی.. کەچی ئەمان دڵنیام دەکەن لەوەی کە هەم!

(زۆر بەنزمییەوە وەك ئەوەی بۆ کەسێکی نادیار قسە بکات) بوونێ، شانی بەسەر

بۆشاییدا دادابی.. بوونێ لە نێو جەستەییەکی بێ سەنگدا، خاوەن دوو چاوی زەق، کەهێزی بینینیان نەمابێ.. ڕۆحی شەیدای ئازادی بێ.. جەستەیش لە نێو برینی برینەکانیدا کرۆك بێ و کێمی خۆی بمژێ و کێم دروست بکات، ئەبێ چ بوونێ بێ؟ دڵخۆش نیم بەم دڵنیاییەم، کە گومانی نەبوونی لە دەروونمدا سڕییەوە.. حەزم لەو هەستە ناسکانەی پێشووم دەکرد، ئەویش گەلێ جار بەپرسیارێکی ساکارانە دەرم دەبڕی و دەمووت بشێ منیش هەبم؟ ئەگەر چی وەڵامی ئەم پرسیارەشم ساکارتر بوو، کە دەموت نازانم حەزم لەو جۆرە ساتانە زۆر بوو، خووم پێوە گرتبوو یاساوڵ (بەتووڕەیییەوە) پەلەکە.. زووکە هەڵبژێرە..

کەمال (بەئەوپەڕی هێمنی) هەردووکیانم دەوی.. پەت و گوللە (بەدەنگی نزم و لەبەرخۆیەوە) دیارە ئەم هەڵبژاردەیەم سەریانی لێ تێکداوە من دەمەوێ وەکو کەسێ، بەدوو تاقیکردنەوەی گەورەی مردنا تێپەڕم! ئازاری خنکاندن و پەنگخواردنەوەی هەناسەکانم بچێژم و چاویشم بەڕەنگی خوێن و چاوانەی جێی گوللەکانی لەشم بکەوێ

(بێ دەنگی).. یاساوڵەکان.. بێ دەنگن، کەمال پەستە، لەبەرخۆیەوە) ئای، کەخەمی هاوڕێکانمە.. ئێستا لە ژووری بەندیخانەکەدا گوێیان بۆ ئەو دەستڕێژە هەڵخستووە کە هەموو بەیانییێك وەکو ژەمە قاوەڵتییێکی تایبەتی ڕاهاتوونەتە سەری.

(بێ دەنگی، زۆر بەهێمنی و لەسەرخۆ) لەمەوبەر باوەڕم نەدەکرد کە هەم، بەگومان بووم، کەچی ئەمڕۆ لەپڕێکا ئەم گومانەم لە نێوان ئەم سەرنجە گەوجانەی ئەم یاساوڵانەدا بوو بە هەڵم.. ئەوا ئێستا ئالێرەدا باوەڕم پەیدا کرد کە دوو ڕوحم هەیە! یەکێکیان خاوێنە و بێ گەرد، ئەوی دیشیان وەکو ئەم جەستەیەم لەوتاوەتە دووکەڵ و گەردی بەندیخانەو ئەرکی ڕۆژگاری سەخت و ڕەنگی تەڵخی و تاریکی گرتۆتە خۆی! تا ئەم پرسیارەیان لێ نەکردم ڕۆحی ماندوو و تەڵخم بەسەر جەستەمدا زاڵ بوو، ئەوی دیشیان بۆ ساتێکی ئاوها خۆی لەمەڵاس داوە! ئەویش بۆ ئەوەی تا هەرچی هێزی تەمەن و ڕقی پەنگاوەم هەیە بیتفێنێتە ڕوویان (پاش ئەوەی یاساوڵەکان پرسیاریان بەگەورە گەورەکانی خۆیان کرد.. سێدارەیان هەڵخست ئەڵقەی پەتەکەیان شۆڕکردەوە ختیانە ملم، بڕیار درابوو بەر لەوەی کە کورسییەکەی ژێر پێم بترازێنن، دەقیقەو دوو گوللەم پێوەنێن، تا شەست گوللە.. (شانۆ بۆ چەند ساتێ تاریك دادێ، ڕۆشن دەبێتەوە کەمال بۆ هاوڕێیەکانی قسە دەکات)

کەمال: لێم نزیك بوونەوە، چاومیان بەست، دوور کەوتنەوە ئامادە بوون.. لەم کاتەدا، کە لەسەر کورسییەکە چاوەڕوان بووم، لەهەمان کاتیشدا، لەسەر درێژی و لاپەڕەیێکی نوێی بەردەستی «یەکدا» چاوەڕوانی چارەنووسی خۆمم دەکرد، کەچی یەك نەیهێشت بمخنکێنن و گوللە باران بکرێم، نەء.. ئا، لەباتی ئەمانە دوو چاری ئاگرێکی کردم کە هەرگیز خۆم بۆ ئەم جۆرە مەرگە ئامادە نەکردبوو (بێ دەنگی) سووتاوم.. سووتاندمی.. قایل نیم.. قایلیش نابم، هەرگیز.. هەرگیز.. (بەدەنگی بەرز) هەرگیز.. هەرگیز..

(هەرسێکیان بەدەنگی ئەم هەرایەی کەمال ڕادەپەڕن)

نادر: ژیانی منیش، لە نێو لاپەڕەکانی یەکدا وەکو ژیانی تۆ وابوو، بەهەندێ جیاوازییەوە، ئەویش سەرپشکی کردبووم و هەڵبژێرم، لە نێوان ماشێنێك و چەند سەفتە دینارێك و خۆکوشتنا.. هاوڕێ لاوازەکانم زۆربەی نهێنییەکانمیان درکاندبوو.. لە بەندیخانەکەدا زۆریان لێ کردم هەڵبژێرم! ماشێن و دینار، یا.. مووسەکە لەسەر دەماری دەستی چەپمدا بوو، کەچی، یەك سووتاندمی!

میرزا: (قسەکەی پێ دەبڕێ) ژیانی من لە هی هەرسێکتان جیاوازترە.. لە شەوی لە دایکبوونما، قایل نەبووم، نە بە قەدو ڕوخسار نە بەو ژیانەی کە (یەك) دەیویست بۆمی دیاری بکات!

هەرسێکیان: (بەیەك دەنگ و سەرسووڕمانەوە) چۆن؟!

میرزا: سەبرکەن..

**پەردەی حەوتەم**

**کات:** ئێوارەیێك

**شوێن:** هەمان شوێنی پەردەی یەکەم تەنها جیاوازی، سەعاتە چاڵمەکە ئیش دەکات، تێرمۆمەترەکە بەتەنیشتی ئاوێنەکەدا هەڵواسراوە، (یەك)، چاکەت و پانتۆڵێکی لەبەردایەو لەسەر ئەسکەمبێلەکە دانیشتووە، پەردەی پەنجەرەکە دادراوەتەوە.

یەك: (بەتوندی قەڵەمەکەی دەچەقێنێتە سەر لاپەڕەکانی بەر دەستی)

من کەیفی خۆمە، وابەباش دەزانم وابکەی!

میرزا: (وەکو تارمیێك خۆی بەژوورەکەیدا دەکات و لەپشتی سەریا ڕادەوەستێ، بەرگێکی سپی لە چەشنی کفن، سەرتاپای پۆشیوە، «یەك» هەستی پێ ناکات) قایل نیم..

یەك: بەدەستی منە.

میرزا: منداڵ بە نۆ مانگی لە دایك دەبێ، زمانی نییە، ڕەش و سپیش لەیەکدی جیاناکاتەوە (بەتوندی دەست دەنێتە سەر شانی یەك) تۆ بە ٣٥ ساڵی منت هێنایە ژیان.. لەتۆ گەورەترم.. قایل نیم بەو هێڵ و ڕەنگ و چارەنووسەی بۆمی دیاری دەکەی..

یەك: من چیرۆك نووسم!

میرزا: (پێ دەکەنێ؛ بەتەوسەوە) چیرۆك نووس!!

یەك: ژانەکانم تۆماردەکەم..

میرزا: نەخێر..

یەك: خۆم دەخلافێنم.. ئەی ئەم شەوە درێژە چۆن ببەزێنم..!

میرزا: بەتۆ نابەزێ..

یەك: ئەزانم بەڵام هەر هەوڵیش دەدەم..

میرزا: ڕەنگە هەر تەنها بۆ چێژ وەرگرتن بێ.. نەك بۆ گۆڕین..

یەك: ڕەنگە.. وابێ واش نەبێ.

میرزا: نەخێر..

یەك: ئەمەیان ئەوەندە گرنگ نییە.. گرنگ ئەوەیە من دەنووسم..

میرزا: جا چی ماوە بینووسی.. یا ڕاستتر چ شتێ ماوە نە نووسرابێ..؟ واتۆ..

یەك: (بەتووڕەییەوە) نازانم.. نازانم چی دەنووسم و بۆ چیش دەنووسم!

میرزا: سەیر ئەبێ!

یەك: گاڵتەت پێ دێ؟

میرزا: بە چی؟

یەك: ئەڵێم..

میرزا: نەء.. نەء.. وانییە

یەك: ئەی چییە؟

میرزا: ڕاستگۆ بە..

یەك: (بەتوڕەیی) هەر چییەك دەڵێم هەر قایل نییت..

میرزا: (توڕەتر) پێ لە ڕاستی بنێ قایل دەبم.

یەك: ڕاستی چییە؟

میرزا: نایزانی؟

یەك: سەرم لێ شێواوە.. بەچاکی نایزانم چییە!

میرزا: منیش بە چاکی نایزانم.

یەك: ماسی بێ ئاو ناژی.

میرزا: تەنها ماسی نییە بێ ئاو نەژییێت.

یەك: ڕەنگە ئەمە ڕاستی بێت..

میرزا: نەخێر.. بەشێکە لە ڕاستی..

یەك: ئەی ڕاستی چییە؟

میرزا: هیچ.

یەك: چۆن هیچ

میرزا: (بەپەلە لەسەر یەك) هیچ هیچ هیچ.

یەك: باشە ئێستا؟

میرزا: ئێستایش هیچ.

یەك: نابێ.

میرزا: ئەبێ.

یەك: نابێ.

میرزا: ئەبێ.

یەك: نابێ.

میرزا: ئەبێ.

یەك: (بەئەو پەڕی تووڕەبوون)نابێ، نابێ، نابێ..

میرزا: (تووڕەتره) ئەبێ.. ئەبێ.. ئەبێ..

یەك: (گەلێ ماندووە) چارە؟

میرزا: چارە نییە..

یەك: بۆ؟

میرزا: چارە نییە.

یەك: ناترسی؟

میرزا: بۆ ئەپرسی؟

یەك: ئەتكەم بە قارەمان.

میرزا: نامەوێ.

یەك: ئەتكەم بە پێشڕەو.

میرزا: نامەوێ.

یەك: بە كرێكار.. تێكۆشەر..

میرزا: نامەوێ.

یەك: ئەتكەم بە سەرباز.. شەهید.

میرزا: نامەوێ.

یەك: (زمانی تێكدەئاڵێ و بە تووڕەیی) بە.. بە.. بە..

میرزا: نامەوێ.. نامەوێ.. نامەوێ..

یەك: بۆ؟

میرزا: بۆیە.

یەك: (هەست بە بەزین دەكات) چارە؟

میرزا: چار نییە.

یەك: ئەی چیت دەوێ؟!

میرزا: تۆ چیت دەوێ؟!

یەك: هیچم ناویَ..

میرزا: چاك دەزانی منیش هیچم ناویَ.

یەك: (بەتەوسەوە) دەتکوژم!

میرزا: (فیکەیێکی درێژی بۆ دەکێشیَ) چاوەڕێی چیتە؟!

هەست دەکەم لە هیچە خۆت هیلاك دەکەی.

یەك: ئەزانم.

میرزا: چی ئەزانی؟

یەك: نازانم.

میرزا: پێش ئەوەی بتەویَ بەچەند وشەیەك بمخولَقێنی دەبیَ بزانی من هەم..

یەك: نموونەی وەکو تۆ زۆرە.

میرزا: لە کویَ؟

یەك: لە هەموو کونج و پەنایێکی ئەم زەمینەدا.

میرزا: ئیتر؟

یەك: لەم ژوورەشدا..

میرزا: ئیتر.

یەك: (دەست بۆ سەری خۆی دەبات) ئالێرەیشدا..

میرزا: ئیتر:

یەك: نازانم.

میرزا: لە ئاسمان، لە هەموو گۆڕستانە کۆن و نوێیەکاندا، لە بەندیخانە و نەخۆشخانەکاندا.. لە ئاودەستخانە و زێرابەکاندا، لە نێو لانك و دارەمەیتی ئەو میللەتانەی کە هەن و نین.

یەك: بەسە.. بەس.

میرزا: چی بەسە؟

یەك: ئەلَێم نموونەی وەکو تۆ لە کوێی دیدا هەیە؟

میرزا: لە هەموو شوێنیَ.

یەك: ئەی لەناو ئەستێرەکاندا؟

میرزا: گەر خەڵکیان تیا دابێ، چاك بزانە وەکو من و تۆ نین، کاتی خۆیان بەفیڕۆ لەدەست نادەن.. ئەوە ئەم ماوەیە من و تۆ چی ئەڵێین.. چیمان وت؟ یا چی ئەکەین؟ ها؟

یەك: نازانم.

میرزا: من ئەزانم.

یەك: چییە؟

میرزا: هیچ.

یەك: منیش دەزانم هیچە.

میرزا: تەنها لە ڕووکەشی وشەی هیچ گەیشتوویت.. بەڵام ناوەڕۆکەکەی نازانی..

یەك: دەیزانم و نایزانم.. باشە تۆ دەیزانی؟!

میرزا: چی؟

یەك: هیچ.

میرزا: ئا.. نەء.. ئا.. نەء.. دەیزانم و نایزانم.

(یەك دەیەوێ هەڵسێ میرزا، سووك لەلایەکی ژوورەکە دەردەچێتە دەرێ، یەك، چەند جارێ بەسەرسووڕمانەوە بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوەو هیچ نابینێ..)

یەك: جێم مەهێڵە (گوێ هەڵدەخات تەنها دەنگدانەوەی دەنگی خۆی دەبیستێ و هیچی تر!)

**پەردەی هەشتەم**

**کات**: هەمان کاتی پەردەی دووەم

**شوێن:** هەمان شوێنی پەردەی دووەم، هەر چواریان هەمان جل و بەرگیان لەبەردایە و مستە کۆڵە لە دەرگاکە دەدەن.

میرزا: قایل نەبووم، یەك، بەئارەزووی خۆی هەڵسوکەوتم لەگەڵ بکات.. دەیویست بمکاتە پاڵەوان، پێشڕەو کرێکار، شەهید، بەڵام من هەر دەمویست سەربەست بم نەبەسترێمەوە بە هیچ شتێك.. یاخی و سەربەست بم (بێ دەنگی) دیاربوو ڕقی (یەك) لە یاخیبوونەکەی من بەهێزتر بوو..

پاش ئەوەی سووتانمی، خەوم بینی (بێدەنگی) بۆتانی بگێڕمەوە؟ (بێ دەنگی) لە خەونمدا سەرم بەسەر دەستمەوە بوو، چاوەکانم وەکو چراکەی دیۆجین بەرپێی ڕۆشن دەکردمەوە، ئەو بەدوای ئینساندا دەگەڕا، منیش بەدوای سەری هیچدا دەگەڕام، (بێ دەنگی) شەوقێکی کز وەکو لایتێکی باتری نیوە مردوو لەچاوانمەوە دەردەچووکۆڵان و شەقامەکانم دایە بەر هەنگاوە ئاڵۆزەکانم، لەهەر شوێنێکدا دەوەستام خەڵکێکی زۆر دەورەیان دەدام، داوایان لێ دەکردم ئەو سەرەی سەر دەستمیان پێ بفرۆشم (بێ دەنگی) سەرەکە وەڵامیانی دەدایەوە تەنها بەوشەی نەء.. نەء.. نەء دەمکوتیانی دەکرد و سەری ئەو هەموو چاپلوسییەی ئەو خەڵکە کڕیارەی دەقرتاند.. (بێ دەنگی) سەرەکە قایل نەبوو لەسەر دەستم جیابێتەوە.. دەمزانی مردووم.. سووتاوم.. دەشمزانی خەون دەبینم، بەڵام گەنجینەی هەموو دنیا زۆر بێ بایەخ بوو لە ڕووی ئەو نەختە خوێن و ماسوولکەو قژە ئاڵۆزو ئێسقانەدا.. وامدەزانی تۆپی هەموو زەویم لەدەست دایە (بێ دەنگی) دەمارە پساوەکانی ملم وەکو ڕووبارەکانی ئەم جیهانە پیرۆز بوون، دەمم مایکرۆفۆنی هەموو ئەو سەربڕاوانەی ئەم جیهانە بوو.. ئای لەم سەرەم، چۆن دەستی ڕاستم دەیسپاردە دەستی چەپم جار جارەش هەردوو دەستم دەیگوشی (بێ دەنگی) لەپڕ وەئاگاهاتمەوە (بێ دەنگی) (سەیری هەرسێکیان دەکات) چاوەڕێی چی دەکەن هەرچواریان (بەتوندی دەکێشنە قەد دەرگاکە) بێ سوودە!

میرزا: بۆ منی جێهڵێن (دەکشێتە دواوە، بە شان تەکانێکی لێ دەدات و دەیشکێنێ هەر چواریان ڕوو لەژووریێ دەکەن.)

**پەردەی نۆیەم**

**کات:** ئێستایە:

**شوێن:** هۆڵێکی گەورە، بەڕیزە کورسی، بەرامبەر بەمێزێکی درێژی بەرز دانراوە، چ کەسیش نەلەسەر کورسییەکاندا وە نەلەسەر مێزی دادوەرەکاندایە.

(یەك) لەلای چەپی هۆڵەکە، لەناو قەفەسی ئیتهامدا باری سەری خستووەتە سەر لەپی دەستی، ئانیشکەکانی ناوەتە سەر شیشی قەفەسەکە.. کەمال و نادر و شێرکۆ و میرزا بەرگی ڕەشیان لەبەردایە لە تەنیشتی یەکدیدا وەستاون.. هۆڵەکە هەموو دیکۆرێکی دادگایی پێوەیە.. ئایەتی قورئان و شتی تر!

نادر: (چەند هەنگاوێك دەچێتە پێش، دەستی ڕاستی دەنێتە سەر مێزەکە) سوێندبێ ئەوەی

ڕاستی بێ دەیڵێم. (کەمال و میرزا و شێرکۆ بەهەمان دەستوور نادر ئاسا سوێند دەخۆن و دەکشێنەوەو ڕوو بەڕووی یەك دەوەستن، نادر دەست بۆ مێزی دادوەر درێژ دەکات)

نەخێر قوربان پێویستیمان بە پارێزەر نییە.. خۆمان ئەو توانایەمان هەیە بتوانین بەرگری لە مافی خۆمان بکەین (گوێ هەڵدەخات)

بەڵێ.. بەڵێ.. ئێمە هەریەکەو شتێکی تایبەتی خۆمان هەیە.. ئەوەی بۆتە هۆی ئەم یەکگرتنەی هەر چوارمان (دەست بۆ «یەك» درێژ دەکات) ئەم زەلامەی بەرامبەرتان لەیەك کات و شوێندا ئێمەی کوشتووە، واتە مردن ئێمەی کۆکردۆتەوە (بێ دەنگی) بەڵێ قوربان بەڕاستی مردووین (بێ دەنگی)

بەڵێ.. ڕەنگە پێش ئەم ڕووداوە یەکدیمان نەبینیبێ.. بەڵێ.. بەڵێ.. ئێمە مردووین، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی هەست بەدەوروبەری خۆمان نەکەین قوربان ئێستاش هەر خەون دەبینین و هەست بەئازاری کەسانی دیش دەکەین. ڕەنگە جیاوازیمان لەگەڵ زیندووواندا ئەمە بێت، ئێمە دژە نەوەین و دەبینین، ڕەنگە ئەوان.. نەخێر بەدڵنیاییەوە ئەوان وەکو ئێمە نابینن و نابیستن (بێ دەنگی) هەست بەبرسیەتی و تینوویەتیشیان دەکەین (بێ دەنگی) داوای مافی خۆمان دەکەین (بێ دەنگی) دەمانەوێ بەچاوی دادپەروەرییانەوە بڕواننە مەسەلەکەمان (بێ دەنگی) تاوانمان چی بوو؟

ئەشێ تاوانمان بێ تاوانی بووبێ (بێ دەنگی.. «یەك»)، دەست بە فیکە فیك و منگە منگ دەکات، هەرچواریان بەتووڕەیی سەیری «یەك» دەکەن پەنجەی بۆ درێژ دەکەن)

هەرچواریان: بێ دەنگی کەن!

شێرکۆ: قوربان.. گەورەم سەیری کەن، لەکاتێکی هاوشاندا ڕێزی دادگای مەزنی بەلاوە نییە.. بێ دەربەستانە دەڕوانێتە ئەم بەدکارییەی خۆی!

هەرسێکیان: بەڵی.. بەڵێ ڕێزی دادگاو.. (دەنگێ لە چەشنی دەنگی چەکوشە دارینەکەی دەستی حاکم، سێ جار دەکێشرێتە سەر مێزەکە..)

هەرچواریان: بمانبوورن! (یەك خۆی وادەنوێنی نەهیچ دەبینێ نەهیچیش دەژنەوێ، هەر فیکە فیك دەکات!)

نادر: (نیمچە تووڕەیە) ئەم داوایەمان تەنها داوای ئەم چوار کەسە خەڵووز ئاسایە نییە..

داوای هەموو چەوساوەو بەرسی و سەربڕاو و سووتاوەکانی ئەم زەمینەیە ئێمە نموونەی زوڵملێکراوەکانی ئەم تافەین! ( بێ دەنگی)

بەڕێزان.. (پەنجەی بۆ مێزەکە دەبات) لەم کات و شوێنەدا دەنگی مرۆڤایەتی لە نێو ئەم تووڕەیی و بەیەکا چوونەی ئێمەدا کۆبۆتەوە، لە هەمان کاتیشدا مرۆڤایەتی لە نێو فەرمانی ئێوەدا چاوەڕوانی دادی خۆیەتی!

میرزا: ئەوەی ئێمە دەمانەوێ.. یانی ئەوەیە کە «یەك» (بەفیکە فیك قسە دەبڕێ)

شێرکۆ: تەنها.. تەنها.. لە ئاستی ئێوەی بەڕێزدا «یەك» (قسەکەی ئەمیش بەفیکە فیك دەبڕێ)

میرزا: تکا دەکەین فرمان بدەن کە ئەوەندە فیکە فیك نەکات و ڕێزی دادگا بگرێ.. «یەك» (هەر فیکە فیك دەکات)

شێرکۆ: فیکە فیکەکەی تووڕەم دەکات و قسەکانم پێ لە بیر دەباتەوە ناتوانم زنجیرەی قسەکانم بدەمە دەم یەك.. تکا دەکەین ئاگاداری کەنەوە، ڕێزی دادگا بگرێ..

میرزا: (ڕوو لە هاوڕێکانی دەکات)

ئەشێ دادگا گوێی لە دەنگمان نەبێ (دەنگ بەرز دەکات) بەڕێزان، نازانین گوێتان لەدەنگمانە یان نەء.. (سێ جار چەکوش دەکێشرێتە سەر مێزەکە)

کەمال: ببوورن.. مەبەستمان دڵنیابوون بوو کە گوێتان لێمانە.. بەڕێزان ڕەنگە بەلاتانەوە سەیر بێ کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی دادوەریتاندا ببینن مردوو لەبەردەستتاندا بووەستێ و داوای ماف بکات، ئێمە دانمان بەوە داناوە کە مردووین و بە لەش ئەم جیهانە ڕەنگینەمان جێهێشتووە (ڕوو لە هاوڕێکانی دەکات وەك ئەوەی لەبیر چووبێتەوە لە کوێیەو بۆچی لەم هۆڵەدان، بەنزمی پێیان دەڵێ) ژیان لەگەڵ ئەو هەموو دەردی سەری و چەوساندنەوەیەدا لەگەڵ ئەو هەموو ئاوارەیی و شەونخوونی و کەم دەرامەتیەیدا لەگەڵ ئەو هەموو ئەشکەنجەو هیلاکی و فرمێسك و خوێنەیدا لەگەڵ ئەو تاریکی و لێڵی و بەندی و برسییەتییەیدا.. هەر خۆش بوو..

میرزا (بەهەمان جۆر و هەمان دەنگ) زۆر خۆش نەبوو..

شێرکۆ: هەر باش بوو..

نادر: کەی باش بوو..

کەمال: هەر باش بوو، بەیناوبەین پڕ بەدڵ ژەمێ ئۆخەیمان هەڵدەمژی.. کاتێ کە بەرەبەیانان هەتاو لە نێو ئاورنگەکانی زەوییەکەماندا دەبووە هەزار هەزار بەش.. هەر دڵۆپە شەونمێکیش هەتاوێکی دەگرتە خۆی..

نادر: پۆستاڵیش هەتاوی شەونمەکانی دەشێلا و دەیلەوتانە قوڕ و..

شێرکۆ: خۆ هەتاو نەدەمرد، بەیانییەکی دی بەهەمان دەستوور لە دۆڵ و چیاو پێدەشتەکاندا، دووبارە لە نێو شەونمەکاندا چینەیان دەکردەوە!

نادر: هەر پێشێل دەکرا!

کەمال: هەر سەری هەڵدەدایەوە!

نادر: هەر پێشێل دەکرا! پێشێلیش دەکرایەوە.

کەمال: لە نێو شەونمەکاندا پێشێل دەکرا، خۆ بەهەتاو نەدەوێران!

نادر: دیارە دڵت بەهەتاوی نێو شەونمەکان خۆش بوو.

کەمال: بەهەموو هەتاوەکان..

شێرکۆ: بەرەبەیانان، قاسپەی کەوەکان هەتاویان لەخەو هەڵدەستان..

نادر: هەتاو ناخەوێ..

شێرکۆ: مەبەستم خەو نییە..

میرزا: (بەتووڕەیی) ئەرێ ئێوە باسی چی دەکەن؟ نازانن ئێمە لە کوێداین (هەر چواریان ڕوو لە مێزەکە دەکەن و بەیەك دەنگ)

هەرچواریان: بمانبوورن!

کەمال: بەڕێزان.. وەکو وتم، ڕەنگە ئەمە یەکەم جار بێ لەمێژووی دادپەروەریتان ببینن، مردووان داوای ماف بکەن و دەستنیشانی جێی برینەکانی خۆی بکەن.. بەلاتانەوە سەیر نەبێ لەمەولا هەموو کوژراوێك، هەموو سووتاوێك، هەموو خنکاوێك، چ بە سێبەر خۆی بئاڵێنێتە حەسانەوە و بیرکردنەوەو ڕەوتی ڕۆژانەتان.. چ وەك مۆتەکە چۆك بنێتەوە سەر خەونەکانتان، یا وەکو تارماییێکی لێڵ لە ڕۆژی ڕۆشنا سەرە ڕێتان پێ بگرێ و داوای دادپەروەری و مافی خوێنی خۆیتان لێ بکات.. ئێستا ئێمەش هیچ ترسێکمان نەماوە.. لە چی بترسین.. مردن مردووین.. سووتان سووتاوین، بۆیە ئەم هۆڵە جێ ناهێڵین، تا ئەو فەرمانە دەبیستین کە دەگونجێ لەگەڵ داوای ڕەواماندا،

بۆیە بەم شێوەیە داوا دەکەین گوێمان لێ گرن.. ئەگینا دەنگی هاوار و شەپۆلی نرکەمان بنمیچی ئەم هۆڵە دەترازێنێ.. داوا دەکەین گوێمان لێ گرن:

(«یەك» فیکە فیك دەکات)

یەکەم داوامان ئەوەیە ئەم فیکە فیککەرە دەمکوت کەن و داوای لێ بکەن ڕێزی دادگا بگرێ.. فیکەفیکەکەی زنجیرەی قسەکانم دەپسێنێ ناتوانم بەرێکی قسە بکەم دەمکوتی کەن.

هەرسێکیان: دەمکوتی کەن..

(سێ جار چەکوش دەکێشرێتە سەر مێزەکە، «یەك» هەر فیکە فیك دەکات)

کەمال: (ڕوو لە هاوڕێکانی دەکات) ئەشێ ئێمەیش بەهەڵەدا چووبین، ڕەنگە ئێرە دادگا نەبێ.. (دەنگی سێ چەکوش)

نادر: (بێ دەربەستانە) دادگایێك توانای ئەوەی نەبێ هەر سووکە داوایێك لە تاوانخراوەپاڵ بکات، چاك وایە ئەم هۆڵە بەجێ بهێڵین..

کەمال: منیش هەمان گومانم هەیە.

میرزا: چ دادگاییێکتان مەبەستە؟

شێرکۆ: دادگا گەورەکەی شار.. ئەو دادگایەی پێش مردنمان لە ڕۆژنامەو ئێستگەو لە نووسراوە نهێنییەکاندا (هەشت نۆ جار لەسەر یەك دەنگی چەکوش دێ)

هەرچواریان: (سەر دەنێنە نزیك یەکدییەوە بەچرپە هەندێ قسە دەکەن، کەمال هێرش دەباتە سەر مێزی دادوەرو چەکوشەکە دەگرێتە دەس و چەند جارێك دەیکێشێتە سەر مێزەکە، میرزاو شێرکۆیش ئەم شان و ئەوشانی دەگرن و دادەنیشن..

کەمال: (دەست بۆ کورسییە بەتاڵەکان درێژ دەکات) بەڕێزان، دانیشتووان، بمانبوورن، ئەم کارەی ئێمە بە کودەتا لە قەڵەم مەدەن و ئەگەرچی ئەمیش بەشێ بوو لە داواکانی ئێمە (بێ دەنگی) ئەفسوس گوێیان لێنەگرتین. بمانبوورن ئێمەی مردوو لە فەرهەنگی یاساماندا لێبووردن و چاوپۆشینمان نییە.

شێرکۆ: ئەم کارەمان دەستدرێژی نییە هەرگیزیش نەریت هەڵناوەشێنێتەوە، ڕەنگە ئەمەشتان بەلاوە سەیر بێ کە سبەینێ لە ڕۆژنامە زەردەکاندا، ئەم هەواڵە بە مانشێت بنووسرێ کە شکایەت کەران بووبن بە حاکم.. ئەشێ ئێویش باوەڕ بکەن واتێبگەن

ئێمە شکایەتکەر و حاکمین.. نەخێر نەئەمانین و نەئەو..

کەمال و شێرکۆ: (بەیەك دەنگ) بەڵێ نەئەمانین و نەئەو..

میرزا: ئێمە نوێنەری ئەو کەسانەین کەتا ئێستا لەباتی وشە پەنگاوەکانی دەروونیان مەرەخەس کەن ئاخ هەڵدەکێشن.. ئێمە وەك نوێنەری ئەوانین، لە هەمان کاتیشدا ئەو وشە یاخییانەین کە کۆت و زنجیری– قەدەغە و ترس–یان شکاندووە لە دەروون و دڵە شکاوەکاندا، دەربازبوون.

کەمال: (بە چەکوشەکە سێ جار دەکێشێتە سەر مێزەکە)

تکایە بێ دەنگی..

(«یەك» دەست بەفیکە فیك دەکاتەوە، کەمال پەنجەی بۆ درێژ دەکات)

پێویستت بەپارێزەر هەیە؟!

(«یەك» هەر فیکە فیك دەکات، کەمال دووبارەی دەکاتەوە)

کەمال: پێویستت بە پارێزەر هەیە؟

(یەك بێ دەنگە)

نادر: (لە جێیەکەی خۆیەوە) من دەبم بە پارێزەری!

کەمال: (بە چەکوشەکە دەکێشێتە سەر مێزەکە) تکایە ئارام بگرن تکایە بێ دەنگ بن.

نادر: (ڕوو لە کورسییە بەتاڵەکان دەکات) ئەبێ منیش بڵێم بەلاتانەوە سەیر نەبێ، ئەم دادگایەی ئەمڕۆ دەبینن لە عورف و ئەتەکێتی ئەم سەردەمە دوورکەوتۆتەوە، ئەشێ بپرسن، چۆن دەبێ شکایەتکەر ببێ بە پارێزەری ئەو کەسەی کە خۆی شکایەتی لێ کردووە و پاکانە بۆ کردەوەکانی بێنێتەوە جا بۆ نەء (دەنگی بەرز دەکات) هەموو ڕۆژێ بەرمیلە نەوتێ ئەم کارە دووبارە ناکاتەوە دڵنیانین لەوەی بەرمیلە نەوتێ ڕەش دەکاتە سپی و سپیش ئەکاتە ڕەش ئەوەی ناتوورەی لە هەڵوێستی کەسێك دەگرت هەر ئەو کەسە بەهەندێ نەوت بە شان و باڵی ئەو بێ هەڵوێستە هەڵدەدات دەیباتە حەلحەلەی ئاسمان..

کەمال: (بەچەکوشەکە دەکێشێتە سەر مێزەکە و ڕوو لە کورسییە بەتاڵەکان دەکات) بێ دەنگ.. تکایە بێ دەنگ بن!

نادر: ئەم کارەی منیش تەنها بۆ ئەوەیە کە زیندووان دان بەم ڕاستییە بنێن کە مردووان

زۆر لە زیندووان دادپەروەرترن خاوەن بەزەییترن و لەهەموو سووچێکەوە دەڕواننە کارەکانەوە («یەك» هەر فیکە فیك دەکات)

کەمال: (ڕوو لە«یەك» دەکات) بەناوی هەموو مردووانی کوژراو و بەناوی ئەوانەی کە لەگەڵ مردندا لە جەنگدان، بەناوی ئەوانەی کە لە مردن ناترسن، داوای ئەوەت لێ دەکەین ڕێزی دادگا بگریت.

(«یەك» هەر فیکە فیك دەکات)

گەر هەروا سوور بیت و عینادیمان لەگەڵدا بکەیت ناچار دەبین پێویستیمان بە قسەکانت نەمێنێ..

(«یەك» هەر فیکە فیك دەکات)

(کەمال و میرزا و شێرکۆ سەر لەیەکدی نزیك دەکەنەوەو هەندێ قسە دەکەن)

کەمال: (بەتوندی چەند جارێ بە چەکوشەکە دەکێشێتە سەر مێزەکە) بۆ دادگا ئاشکرا بوو (دەست بۆ «یەك» درێژ دەکات) ئەم زەلامەی کە دەبینن وە لەبەر چاوی ئێوەشدا و لەناو ئەو قەفەسەدا گاڵتە بە دادگاو یاساو نەریت دەکات تاوانبارە و تاوانباریش نییە. بۆیە بڕیارمان دا («یەك» بە فیکەیەکی درێژ قسەکەی دەبڕێ) تاریکی....

***پەردەی دەیەم***

**کات:** ئێستایە..

**شوێن:** شانۆ بێ دیکۆرە؛ تەختەیێکی ″١″ م٣ لە ناوەندی شانۆدا پەردەیەکی سپی بەسەر دادراوە و بەخەتی زل و بەڕەنگی سوور لەسەر، پەردە سپییەکەدا نووسراوە:

(بەرەندەی خەڵاتی...)

لە ژێر ئەم ڕستەیەدا بەخەتی ڕەش و هەندێ بچووکتر نووسراوە (لەباتی لێژنەی هەڵبژاردنی بەرهەمە ئەدەبییە هەرە بە بایەخەکان؛ دادگاکەمان ئەم کارەی گرتە ئەستۆ و ″یەکی″ هەڵبژارد بۆ ئەم خەڵاتە...) بەچەند پلاجکتۆرێکی سوور ناو شانۆ ڕۆشن دەکرێتەوە؛ سێ منداڵ و سێ ئافرەتەکەی پەردەی یەکەم بەهەمان جل و بەرگ وشڕ پۆشی لەم لاو ئەولای تەختەکەدا ڕادەوەستن.

نادر؛ کەمال؛ میرزا؛ شێرکۆ؛

بێ دەربەستانە لەلای ڕاستی شانۆوە دێنە ژوورێ، هەر کە چاویان بە سێ منداڵ و

سێ ئافرەتەکە دەکەوێ لەبەر پێی منداڵەکاندا خۆیان دەخەنە سەر چۆك و دەستی پاڕانەوەیان بۆ درێژ دەکەن وەك لە نوێژدا بن ئاوها بەڕێز و بێ دەنگییەوە سەرنج دەدەن و کڕنۆشیان بۆ دەبەن..

یەك: لە پشتی شانۆوە وردە وردە بەهەنگاوی قورس نزیکی تەختەکە دەبێ منداڵ و ئافرەتەکان بێ ئەوەی بزانن «یەك»یان لێوە دیاربێ لەگەڵ هەنگاوەکانی یەکدا هەنگاو ئەنێن واتە «یەك» لە پشتی شانۆوە بەرەو تەختەکە دێت و سێ ئافرەت و سێ منداڵەکە لابەلا هەندێکیان بەلای ڕاست و هەندێکیان بەلای چەپ شانۆ بەجێ دێڵن.. نادر و میرزا و شێرکۆ و کەمالیش بە سکە خشێ هاوهەنگاوی سێ ئافرەت و سێ منداڵەکانن... کە «یەك» دەگاتە سەر تەختەکە کەس لەسەر شانۆدا نامێنی.. وردە وردە پەتێ لە چەشنی قەفی گوریسی سێدارە شۆڕ دەبێتە خوارێ؛ «یەك» بەهەردوو دەست پەتەکە دەنێتە ملی خۆی و بەنووکە پێ شەق لەتەختە ١م دەدات و هەڵدەواسرێت.. پاش هەندێ لەقەفرتێ پشتی بۆ دانیشتووانی شانۆ دەردەکەوێ کەبەخەتێکی زل و بینراو ئەم ڕستەیە لەسەر کراسەکەیدا دەخوێنرێتەوە!

AFTER SUCH
KNOWLEDGE WHAT
FORGIVENESS!

سەماوە
١٩٧٧

تێبینی:

١– ئەم دێڕە شیعرە (چاکترە هەرگیز خوێنی لەشت...) هی لورکایە.

٢– مەبەست ڕۆمان نووسی بەناوبانگی فەرەنسا بلزاك...

٣– (چەرمەسەری ژیان گەر کوتەك بێ... وتەیێکی بەنرخی هۆشی منەیە)

٤– لە دیکۆری پەردەی نۆهەمدا سوودم لە دیکۆری شانۆگەری کورسییەکان– یونسکۆ– وەرگرتووە.

5- AFTER SUCH KNOWLEDGE WHAT FORGIVENESSI

واتە: پاش ئەم هەموو زانینە لێبووردنی چی؟ ئەمە دێڕە شیعرێکی شاعیری مەزن، ت.س– ئەلیوت–

# دادگای -٢-

تێبینی:

١- لەپای تەختی وڵاتی....

لە شەقامێکی پان و بەرین، تەلارێکی سێ نهۆمی بەرامبەر بە لقێ لە بارەگای کۆمەڵەی مافی مرۆڤ.. لە ژوور دەرگای نهۆمی یەکەمی تەلارەکەدا تابلۆییێکی گەورە هەڵواسراوە تەرازووییێکی سێ تای لەسەر نەخشێنراوە... هەر سێ تای تەرازووەکە لاسەنگن.. بەپیتی ڕەنگاو ڕەنگ لەسەر تابلۆکەدا نووسراوە:

دادگا

٢- لەگەڵ هەموو وشەییێکی بێ دەنگی نێو کەوانەدا جۆرە پرسیارێکی نادیار هەیە... جۆری وەڵامدانەوەکە ڕەنگی پرسیارەکە دەردەخات.

٣- لەگەڵ تاریکبوونی هەموو شانۆ بەدەنگی قارەمانەکە بەرێکۆردەر و سەداوە دەنگ بەرز دەبێتەوە! دەنگەکانی دی، هەر بەدەنگی خۆیانە. شانۆ، دوو بەشە:

١- بەشی لای ڕاستی: سەرتاسەری شانۆکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە و هیچ گۆڕانێك بەسەر دیکۆرەکەیدا نایێت... هۆڵی دادگایە... کەس بەسەر مێزە تایبەتییەکەی دادوەرو یاریدەدەرکانییەوە نییە... ئەو کورسیانەی لە دەرەوە ڕیزکراوە بۆ ئەوانەی حەز دەکەن لە دادگاکاندا وەك گوێگر ئامادەبن کەسی بەسەرەوە نییە... هەرکاتێ ڕۆشنایی بخرێتە سەر ئەم بەشە، دەبێ ڕۆشناییەکە بە بلاجکتۆرێکی سووری گەورە بێ...

٢- لای چەپی شانۆش بەپێی پێویست و جێ گۆڕین دیکۆری هەیە... هەرکە ڕۆشنایی بکەوێتە لای چەپەوە دەبێ ڕۆشناییەکە تەنها ڕەنگی سوور نەبێ!

٣- «یەك» ناوی قارەمانی ئەم شانۆیەیە تەمەنی ٣٤ ساڵانە و بەپێی پێویستی بەشەکان بەرگەکەی دەگۆڕێت...

بلاجکتۆری سوور لای ڕاستی شانۆ ڕۆشن دەکاتەوە... «یەك» وەك ئەوەی تازە لە زیندان بەربووبێ، جل و بەرگێکی ئاسایی لەبەردایە... بەرامبەر بەمێزی دادوەری وەستاوە، سەر هەڵدەبڕێ و سەیری سەعاتە گەورە هەڵواسراوەکەی ژوور مێزی دادوەر دەکات– کە لەم کاتەدا میلەکانی لەسەر دوانزەدا وەستاون! سەعاتەکە دوانزە زەنگ لەسەر یەك لێدەدا... هەر لەگەڵ تەواوبوونی دوا زەنگ «یەك» وردە وردە بەرەو مێزی دادوەر هەنگاو دەنێ و دەگاتە بەردەم مێزەکەو دەوەستێ... دەستی ڕاستی دەنێتە سەر مێزەکەو دەڵێ:

سوێندبێ ئەوەی ڕاست نەبێ نەیڵێم...

(پاش هەندێ بێ دەنگی) وردە وردە پاشەو پاش دەکشێتەوە دواوە و دەوەستێ و گوێ هەڵدەخات!

– بەڵێ...

– ناوم؟

– ناوم یەکی کوڕی یەکی کوڕەزای یەکم!

– کارم؟

– نازانم... هەر ڕۆژەو کارێ دەکەم...

بەڵێ؟

– ئا.. هەر ڕۆژەو کارێ دەکەم.. ڕۆژێ کارم بێ کارییە: ڕۆژێ کارم خەوە.. ڕۆژێ جەلادییەو هەموو زادەکانی بیرکردنەوەم ئەزیەت دەدەم. سەریان دەپەڕێنم ڕۆژێ کارم مامانییە... ئا... بەڵێ مامانی وشە جەڕیوەکانی مێشکم دەزێنم جارجارەش بەزۆڵیان دەزانم و لەباریان دەبەم! بەهەر حاڵ کارم کاری سەرەکیم گۆڕ هەڵکەندنە.. بەڵێ بنووسن: گۆڕ هەڵکەن.. ئا.. من گورهەڵکەنم و هەموو ڕۆژێ... هەموو سەعاتێ گۆڕێکی نوێ لەناخی خۆمدا بۆخۆم هەڵدەکەنم! کەچی تائێستایش باوەڕم ئەوەندە قاڵ نەبووە و نەگەیشتوومەتە قەناعەت، خۆم زیندە بەچاڵ بکەم!

(بێ دەنگی)

ببوورن،... ئەمە ڕاستیەکەیە! درێژدادڕی و زۆر وتنم مەبەست نییە. خۆتان لە کارمتان پرسی... ناچارم ڕاستییەکەی بڵێم ئەگینا.. (دەنگی چەکوشی قازی دێت و سێ جار دەکێشرێتە سەر مێزەکە)

ببوورن!

ناونیشانم؟

(هەندێ لەسەر خۆو لاڵە پەتێیانە)

و.. و.. من لە ژووری ژژژ..مارە یانزەی ئو..تێلی ئاشتی و.. لە.. لەشەقامی سێ سیانزەی شاری «ن»ی و.. ولاتی خاوەن گەورەترین باخچەی ئاژەڵ و.. خاوەن بەرینترین شێتخانەو.. و بە.. بەهێزترین و سامناکترین کارگەی چەکی میکرۆبی.. بەڵێ ولاتی ژەنەراڵان و زانایانی جەنگ و نەخشەی جەنگ و..

(بێ دەنگی)

ببوورن.. مەبەستم ڕوونکردنەوەیە و هیچی تر.. ئەگینا!

(بێ دەنگی.. ڕەنگی تێکدەچێ و، دەشڵەژێ)

بەڵێ.. لەشەوی دوانزەی مانگی ئازاری ساڵی (دەکۆکی) لە سەعات دوانزەو چەند دەقیقەیێکدا چوومە ئوتێلی ئاشتی.. (پەنجە بەناو قەفەسی تاوان خراوەپاڵ درێژ دەکات)

سەیرم کرد ئەم زەلامە بەرامبەرتان

(بلاجکتۆرە سوورەکە دەکوژێتەوە، ڕۆشنایی دەخرێتە لای چەپی شانۆوە «یەك» لە ژووری ئوتێلێکدایە مێزێك، قەرەوێڵەیێك، چەند کتێبێکی پەرش و بلاوو لەگەڵ سەعاتێکی سەر مێزدا لەسەر مێزەکەدایە.. بتڵێکی نیوە خاڵی و پێکێك، هەندێ وردە شتی ناپێویستیش بەسەر مێزەکەیدا پەرت و بلاو بوونەتەوە! لەلای ڕاستی شانۆیشەوە بە«تەسجیل» بەدەنگی صەدادارەوە، یەك بەردەوامە لەسەر قسەکانی..

تەسجیل: بەڵێ سەیرم کرد مێخ سکەیێکی لە بنمیچی ژوورەکەیا داکەوتیوەو گوریسێکی ڕەنگاو ڕەنگی ئاوریشمی پێوە ئاوێزاندووە ئەمسەری گوریسەکەیش، قەفێکی ڕەشی قەترانی پێوە بوو.. ئامادەبوو مردن بزێنێ و چاوەڕوانی کەسانی بەد تاوانی بێ تاوان دەکرد..

ترسام.. گەلێ ترسام خۆی بخنکێنێ چونکە گەلێ جار لەخۆیم بیستبوو..

(لای چەپیش تاریك دەبێ.. هەمووو شانۆ تاریك دەبێ.. هەر هەمان دەنگی موسەجیلەکە– بێ صەدا– لە دوورەوە، لەناخی تارکییەوە بەرز دەبێتەوە.. وشە بەوشە دەنگەکە نزیك دەبێتەوە و زیاتر بەرز دەبێتەوە) مردنی من وەدەستهێنانی کارە!! کارێك کە

لەم سەردەم و ژیانەمدا وەچەنگم نەهێناوە.. بێ کاری هاندەرم بوو، کارێکی پوخت بدۆزمەوە.. گەیشتمە قەناعەت، کاری بێ گەرد لە جۆری مردندا وەدەست دێت.. بۆیە هەموو کارەکانی ئەم ژیانەم تەرخان کردووە بۆ ئەو کارە پوختەی لە مەرگدا وەدەستی دێنم.. کارەکەیشم بالۆیزییە لە ولاتی مەرگی یەکساندا.. ولاتێ، تەنها تەنهایی دەبێتە دۆستت و جێت ناهێڵێ. دەبێتە ئاشنای هەمیشەییت و گوێت لێ دەگرێ و لە چرپەکانی تەنهایی خۆت وەئاگا دەبیت.

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێتەوە، یەك لەسەرخۆ وەك ئەوەی بۆخۆی قسە بکات)

یەك: ئەم قسانە ئەوەندە بەجێ بوو، ئەوەندەش دووبارەی دەکردەوە.. هەستم بە چ کارێك نەدەکرد بتوانێ هەرچیم هەیە بیخاتە کار.. بۆیە ئێستاش ڕقم لە نیوەکارو بەشەکاری، ئەم جەستە کارگا ئاسایەی خۆمم هەیە.

(لای چەپ ڕۆشن دەبێتەوە بەهەمان دەنگی صەدادارەوە) منیش کە ئەم گوریسە ڕەنگاوڕەنگە ئاوریشمینییەم بینی ترسام، وامزانی ئەمە ئەو شەوەیە تۆڵە لەخۆ بکاتەوە.. ترسام.. زۆر ترسام چونکە..

(لای ڕاست ڕووناك دەبێتەوە «یەك» پەنجە بۆ ناو قەفەسەکە درێژ دەکات)

بێ ئەو ناژیم..

بێ من ناژێت.. پرسیم نیازت چییە؟ وەڵامی نەدامەوە!

(بێ دەنگی)

بەڵێ، لەمێژە دەیناسم، بەدڵنیاییەوە دەیڵێم جمك نەبووین بەڵێ نۆ مانگی ڕەبەق لە مناڵدانی سکێکا ئاراممان گرتبوو!! گەلێ جاریش کە لەخۆم جیا دەبوومەوە وام هەست دەکرد کە جمکین.. بەلام لە ڕاستیدا- بەڕێزان- کەسێکین.. جیاوازیێکی ئەوتۆ لە نێوانماندا نییە.. دەستی دەستمە..سنگی سنگمە، پێی پێمە!! من و ئەو....

(دەنگی چەکوش.. سێ جار دەکێشرێت بەسەر مێزەکەدا، خۆی وەك بێ دەربەستێ دەنوێنێ و بەردەوام دەبێت) ئەو منەو منیش ئەوم! تەنها جیاوازیمان بیرکردنەوە و جۆری بۆچوونمانە! من بەلەش ئەوم و ئەویش بەلەش منە بەڕۆحیش یەکین بەلام بەبیرو سۆزو ڕق و خۆشەویستی بلیار کەسین.. تەنها من و ئەو نین!!

(بێ دەنگی)

ببوورن.. بەڕێزان!

دەمزانی بەهەر جۆرێ بێ، دەبێت تۆڵەی لەخۆی بکاتەوە! چونکە گەلێ جار تاوانی سەیر سەیری دەخستە پاڵ خۆی! باوەڕیشی بە سزا پەیدا کردبوو!

(بێ دەنگی)

بەڵێ.. لەو تاوانانەی کە دەیخستە پاڵ خۆی.. زۆر بوون و ئەوەی بەخەیاڵما بێت ئەمانە بوون،

یەکەمیان دەیووت:

(هەموو شانۆ تاریك دادێ، هەر بەهەمان دەنگی «یەك» و بەصەداوە) ئەم سەدەو سەردەمە ژەنگاوییە.. ئەم مانگ و ڕۆژە سواو و شەکەتە ئەم یاساو وڵاتە گیان سپاردووە– کە بووەتە کارتۆنێکی بۆش، ئەم بەیەکاچوون و دووبارەبوونەوەیە.. ئەم بارۆمەترە فێڵبازانەی دڵ و سەرم.. ئەم گشت سنوور و نەخشەو ئاشتی و جەنگە.. ئەم هەموو گوریس و بەندیخانە و نەخۆشخانەو خانەو خانەو خانەو خانانە! ئەم هەموو– فەلسەفەو بیروڕاو ڕق و ناخۆشەویستییە ئەم هەموو دەمامکانە بەڵێ ئەم هەزار ڕووییەو لەبۆتەی ونبووندا، تواونەتەوە و بوونە بەکەرەسەی پیت و وشەی ڕستەیەك.. ڕستەیەك کە هەمیشە لەبەر چاومدا سەمایێکی شێتانە دەکات.. ڕستەیێك بووە بەشاوێنەی بینینم، وردە وردە دەنگ پەیدا دەکات! و دەبێتە شادەنگی بێ دەنگیم..

(لای ڕاستی شانۆ ڕۆشن دەبێتەوە، یەك، پەنجەی بۆ ناو قەفەسەکە درێژ دەکات و بەدەنگی خۆی)

هەمیشە بەتووڕەییەوە دەیووت!

(هەموو شانۆ تاریك دادێ و بە موسەجل و صەداوە)

ئەم ڕستەیە، خەون و حەسانەوەی لێ تاراندووم! وەکو پۆلیسی بت ئاسای یاسا، ڕووبەڕووم دەوەستێتەوەو بەدزییەوە سەرنجی وردە جووڵە و خەون و بیرکردنەوەم دەدات و بەپێی ملیۆن پێوەری سەیر سەیری ڕەوشتی ئەمڕۆی خۆشەویستەوە، وردە وردە هەموو شتێکم دەپێوێ! ئەنجامیش دەمگەیێنێتە قەناعەت کە سفرم و بەرەو سفرتر.. هەنگاو بنێم..

(لای ڕاستی شانۆ ڕۆشن دەبێتەوە، دەنگ بەرز دەکاتەوە) بەڵێ.. ڕستەکەیشی ئەمە بوو..

(شانۆ تاریك دادێ، بەهەمان دەنگی صەدادارەوە، لەدوورە، دەنگ بەرز دەبێتەوە، لەگەڵ دووبارە بوونەوەی ڕستەکەدا دەنگەکە نزیك دەبێ و بەرزتر دەبێتەوە)

موسەجل:

من بەهرەکانی خۆم دەکوژم..

من بەهرەکانی خۆم دەکوژم..

من بەهرەکانی خۆم دەکوژم..

(لای ڕاستی شانۆ ڕۆشن دەبێتەوە)

هەمیشە بەخۆیا دەهاتەوە، لە ڕۆژێکدا چەندین جار ئەم ڕستەیەی دووبارە دەکردەوە

(شانۆ تاریك دادێ)

من بەهرەکانی خۆم دەکوژم!

بێ بەزەییم.. بەزەییم بەخۆما نایێتەوە.. لە هەموو تاوانباریێ تاوانبارترم.. لە هەمووو.. هەموو.. هەموو..

(لای ڕاستی شانۆ ڕۆشن دەبێتەوە)

بەڵێ تاوانی دیشی دەنایە پاڵی خۆی.. دەیوت

(شانۆ تاریك دادێ)

من شایستەی ژیانی ئەم پووچە نیم.. دەبوایێ یەکی بووایێم لەو کەسانەی کە لەتافە بەردینەکاندا ژیانم لە نێوانی شەوی بێدەنگ و ڕۆژی بێ دەنگتردا بەسەر بردایەت!

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێتەوە) دەیوت (شانۆ تاریك دادێ) ناتوانم، کەرەسە و چەك و دەمامکی ئەم سەردەمە بەکاربێنم، ناتوانم بەپێی سەعات و وردە چرکە و بەشە هەرە وردەکانی کاتژمێر پەیڕەوی جووڵانەوەم بکەم.

(لای ڕاست، دەنگ نزم دەکاتەوە.. وادەنوێنێ کە دەترسێ)

دەیوت: (تاریك دادێ)

ناسنامەی تاوانم نییە! نازانم چۆن لە نێو ئەم چەند ملیار کەسەی ئەم زەمینەدا دەتوانرێت ژیان بگوزەرێنرێت! لەبەر بێ ناسنامەو پاسپۆرتی تاوان، هەست بە نامۆیی دەکەم! ڕاستتر لە هەموو نامۆیێ نامۆترم!.. ئای.. کە نەمتوانیوە نیوە بەئەم دیو و ئەو

دیوی ناخی خۆمدا سەربەستانە بسووڕێمەوە، لەناخمدا ملیۆن یاساوڵ داوای پێناس و پاسپۆرتم لێ دەکەن! هەر کە بمەوێ بەرەو وردە نەهێنییەکی دەروونم هەنگاو بنێم، هەستێکی سەیر بناغەی نەبوونم بۆ دەچەسپێنێ. ئیتر ئاشنایەتییەکی بەسۆز لەگەڵ داهاتووی نەبوونمدا دەمبەستێتەوە بەتەنهایی و بێ جووڵەیی گومانی بوون و نەبوونم..

(لای ڕاست)

هەر کە ئەم قسانەی تەواو کرد، بزەییەکی ڕەش لێوە بارگرتووەکانی دەگەشانەوەو بەپەلە دەیوت:

(تاریك دادێ)

نەخێر منیش لە تاوان بێ بەش نیم.. وەکو زۆربەی کەسانی ئەم سەر زەمینە تاوانی بێ تاوانیم لە توێشەبەرەی ڕێگای ئەم ژیانە– جەهەنەم– ئاسایەدا هەڵگرتووە!! ئەوە نییە دەمگرن.. دەمفرۆشن، سەرم دەبڕن.. سەرم بەسەدان ملی ڕەنگاو ڕەنگەوە موتربە دەکەن!

ئەوە نییە هەموو شتێ دەبینم و بێ دەنگم.. هەموو شتێ دەبیستم و بێ دەنگم ئەوە نییە دەنگیشم بووەتە جۆرێکی خەستی بێ دەنگی!

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێتەوە)

بەڵێ.. ئەم تاوانانەی دەخستە پاڵ خۆی! تووڕە دەبوو دەمی کەفی دەچڕاند.. باوەڕیشی بەخۆ سازدان پەیدا کردبوو کەچی گەلێ جاریش بەتووڕەبوونێکی شێتانەوە دەیوت:

(شانۆ تاریك دادێ)

ئەم وردە سزا و خۆ ئەزیەتدانەش بێ سوودە.. یانی چی قەڵەمەکەم بکەمە کەڵەشاخ و خوێنی سەرمی پێ هەڵمژم و لەسەر چەند لاپەڕەییەکی سپیدا، وەك سیامەستێ بڕژێتەوە؟ یانی چی ڕژانەوەی قەڵەمەکەم هێڵی ڕەفتارو گوزەرانی کولەمەرگیم بۆ بکێشێ و خەونەکانیشم بخاتە ژێر ڕکێفییەوە؟؟ یانی چی ئەو ڕژانەوەیە ببێتە دەنگی خواست و فریاد کێشانی هیوام..

لەکاتێکدا هەموو خواستەکانم لێ تێك چووە و ئاڵۆسکاون!!

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێتەوە)

(ئەم قسانەی تەواو کرد، پەنجە بۆ ناو قەفەسەکە درێژ دەکات) منیش یەکسەر ئەو ساتەم دەهاتە بەرچاو کە چۆن پەلاماری جامە زەهرێ دەدا.. یا، پەنجە لەسەر

پەلەپیتکەی چەکێ ڕادەکێشێ، یا، قەفی گوریسێ دەکاتە گەردانەی خۆی!!

(بێ دەنگی) ببوورن.. ئەمانەم بۆ ئەوە باس کرد تا هەموو سەرێکی باسەکەتان بەلاوە ئاشکرا بێت! بەڵێ لە شەوی دوانزەی مانگدا بینیم لە ژوورەکەیدا

(لای چەپ ڕۆشن دەبێتەوە و لەلای ڕاستەوە «ریکۆردەر» ئەم قسانە دەکات ولای چەپیشەوە جوولەکانی «یەك» لەگەڵ قسەکانی موسەجیلەکەدا هاوجووتن بەرامبەر بەگوریسێکی ڕەنگاو ڕەنگی قەف ڕەش دانیشتووە) جۆرە دانیشتنێ بوو، هەرگیز لە یادم ناچێتەوە.. لەسەر چۆك کەوتبوو، سەری بەرەو قەفی گوریسەکە بەرز کردبوو لە جۆرە بێ ئاگاییێکی سەیردا جۆرە نوێژێکی سەیرتر لەسەر لێوە بۆرەکانییەوە بەرەو بێ دەنگی ژوورەکە هەڵدەفڕی.. وشە بێ دەنگەکان بەجۆرێ لە ژوورەکەیدا پاڵەپەستۆیان بوو، دەترسام بتەقێ و دەنگێکی ئەوتۆی لێوەبێ، شاری خەوتووی بێ دەنگ داتەپێنێ و هەرەسی بە کاخ و تەلارو خانووبەرەو شێتخانەو نەخۆشخانەو قوتابخانەو خانە و خانەکانی دی بهێنێ

(دەنگی چەکوشی قازی دێت، سێ جار دەکێشرێتە سەر مێزەکە)

ببوورن..

بەڵێ زۆر دەترسام.. وامزانی ئەو شەوە بەتەمایە وشە بێ دەنگەکانی بکاتە شاهێدی مەرگی خۆی و سوورە لەسەر ئەو بڕیارەی کە دەبێ سزای گەورەی خۆی بدات.. (بێ دەنگی) بەڵێ بێ ئاگا بوو.. نەیزانی من هاتوومەتە ژوورەکەی! بەڵام وادەزانم بەڕۆح دەمبینێ پرسیم وەڵامی نەدامەوە، دووبارە وتم نیازی کوشتنی کێت هەیە؟ بێ دەنگ بوو، وتم نابێ بێ دەنگ بم، لەکاتێکدا دڵنیام کە نیازی بەدکارییێکت هەیە، هەر بێ دەنگ بوو.. دەبێ ئاگاداری یاساولەکانی یاسای پیرۆزی وڵات بکەم، ئەگینا منیش دەلەوتێننە (هەندێ دەکۆکێ) یا شتێکم بۆ دەدۆزنەوە..

(دەنگی چەکوشی قازی سێ جار دەکێشرێتە سەر مێزەکە لای ڕاستی شانۆ ڕۆشن دەبێتەوە)

قوربان ببوورن.. مەبەستم ئەوە بوو بیترسێنم و ئەوەی لا بچەسپێنم گەر لەخۆی ناترسێ با بەزەیی بە منا بێتەوە.. چونکە خاوەن دڵێکی زۆر ناسکە.. (پەنجە بۆ ناو قەفەسەکە درێژ دەکات، گەلێ جار لەبەر خاتری کەسان حەزو ئارەزوو و مەبەستەکانی خۆی زیندە بەچاڵ دەکرد.. کەچی هەر بێ دەنگ بوو.. لەباتی ئەوەی وەڵامم باتەوە

(لای چەپ ڕۆشن دەبێتەوە، «یەك» خەریکی ئەو کارانە دەبێت وا موسەجیل لەلای ڕاستەوە باس دەکات)

بە لاچاو سەیری کردم. دەستی بردە ژێر قەرەوێڵەکەی جەنتاییێکی دەرهێناو کردییەوە چەند دەفتەرێکی خۆی دەرهێنا و دەستی کرد بەهەڵدانەوەی لاپەڕەکاندا پارچە لاستیکێکی تەنکی دەرهێنا، هەر لە نێو هەمان جانتادا پەمپێك و چەند شووشە مەرەکەبێکی ڕەنگاو ڕەنگی دەرکرد.. لاستیکەکەی گرتە دەستی و پەمپی دا..

لاستیکەکە شێوەی ئینسانی وەرگرت..

(لای ڕاست)

بەڵێ ئینسان.. وەکو هەمووماں، یەك سەر و دوو دەست و دوو پێ و دوو چـ..

(دەنگی چەکوش سێ جار دەکێشرێتە سەر مێزەکە، لای چەپ ڕۆشن دەبێتەوە) هەرکە شێوەی ئینسانی وەرگرت، لەسەر پێ ڕایگرت و هەندێ تێی ڕاما، نایە نێو قەفە ڕەشەکەی گوریسە ڕەنگاو ڕەنگەکە.. هەڵیواسی، دەقیقەیەك کەمتر بەرامبەر لاستیکە پەمپدراوەکە وەستاو جۆرە وشەیێکی بۆندار لە دەمییەوە دەردەپەڕی کەتێرە ئاسادە نوسایە قەد هەڵواسراوەکە، وشەکانی بووە بەرگ و لکایە قەدیەوە.. وردە وردە- هەڵواسراوەکە- جوڵەی تێ کەوت و گیانی وەبەرهات!

(لای ڕاست)

نەخێر قوربان.. کە چووم بۆ ئوتێلەکە مەست نەبووم.. لە ئێستا ئاگادارتربووم.. ڕەنگە پاش ئەو شەوە کارەساتەکە پاش چەند سەعاتێ مەستی کردبێتم بەڵام دووبارەی دەکەمەوە ئەو شەوە لە ئێستا ئاگاتر بوو!

(لای چەپ)

گیانلەبەرە هەڵواسراوەکەی داگرتە خوارێ و بەرامبەر خۆی داینا قەڵەمەکەی پڕ کرد لە مەرەکەبی سوور.. هەموو مەرەکەبەکەی ڕژانە سەر ڕوخساری هەڵواسراوەکەو پێی وت:

(دەنگی موسەجیلەکە دەوەستێ، لەلای چەپەوە «یەك» بەدەنگێکی ناسك و لەسەرخۆ)

ناوت سوورەیە.. هەڵسە.. ئامادەبە بۆ ژیانێ کەڵەمێردانە هەنگاوی یەکەمت دەست پێ دەکات.. ئامادەبە بۆ ژیان و مردن.. کەیفی خۆتە، لە سەرەتادا کامیان هەڵدەبژێری، سەرپشك بە.. دەتەوێ لەمردندا خۆت بۆ ژیان ئامادەکەیت، یا لەژیاندا خۆت بۆ مەرگ

تەرخان کەیت.. کەیفی خۆتە.. بۆیشت هەیە لەیەك کات و شوێندا هەردووکی هەڵبژیرێت.. هەموو ڕۆژێ بمری و بژی.. بژی و بمری.. بمری و بژی..

(لای ڕاست)

بەڵێ زۆ ترسام.. واقم وڕما.. بەزۆردانم بەخۆما گرت..

(بێدەنگی)

بەڵێ.. بێگومان بووم کە لەڕووی کارەساتێکی گەورەدا وەستاوم!

(بێ دەنگی)

بەڵێ (پەنجە بۆ ناو قەفەسەکە درێژ دەکات) باوەڕم پێیەتی مەبەستم، باوەڕم بەدەسەڵاتی زۆرە!

(بێ دەنگی)

نەخێر نازانم، بەوردی، چی لەمێشکدایە.. ڕەنگە خۆیشی نەزانی چونکە گەلێ جار پێی دەوتم.. (شانۆ تاریك دادێ)

بریا دەمتوانی ئەوەی دەمەوێ دەری بڕم بریا دەمتوانی ئەوەی دەمەوێ بیکەم.. بینووسم.. کوێری کەمەوە..

هەڵوەشێنمەوە.... ناتوانم.. نا.. هەوڵ دەدەم.. هەوڵ دەدەم.. هەوڵ دەدەم!

(لای ڕاست)

بەڵێ.. ئا.. ببوورن، لەباسەکە دەرنەچووم.. ئا زەلام تازە گیانی بەبەرا هاتووە کە وەڵامی دایەوە

(لای چەپ)

سوورە: ئامادەم.. بەپێی پێویست هەڵدەبژێرم.. گرنگ وەئەنجام هێنانی کارە وەئاکام گەیشتن مەبەستە

یەك: سوورە.. ڕەنگە بزانی نموونەی چ جۆرە کەسانێکی ڕاسپاردەکانت لەبیر نەچێ.. برۆ.. ئومێدی زۆرم پێتە!!

(لای ڕاست)

نەخێر نەمزانی ڕاسپاردەکەی چی بوو..

(بێ دەنگی)

نەخێر.. زەلامەکە ئوتێلەکەی جێهێشت و ڕۆیشت.. نەخێر نەمزانی بۆ کوێ چوو.. نەشم پرسی.. ها..؟ لەبەرئەوە حەپەسابووم.. نەخێر تائێستا شتی وام نەبینیوە.. بەڵام وەك وتم باوەڕێکی زۆرم بەدەسەلاتی هەیە! بەڵێ هەر کە زەلامەکە ئوتێلەکەی جێهێشت و ڕۆیشت (وەك ئەوەی قسەکەی لەدەم ببڕن) نەخێر نەمزانی بۆ کوێ چوو.. نەشم پرسی!

(بێ دەنگی)

ها.. لەبەر.. لەبەرئەوەی حەپەسابووم! ئا حەپەسابووم!

(بێ دەنگی) نەخێر شتی وا، تەنها لە خەونەکانمدا نەبێ نەمبینیوە.. بەڵام وتم و دووبارەی دەکەمەوە (پەنجە بۆ ناو قەفەسەکە درێژ دەکات) باوەڕێکی زۆرم بە دەسەلاتی هەیە!

(بێ دەنگی)

هەرکە (سوورە) لە ئوتێلەکە دابەزییە خوارەوە ڕۆیشت:

(لای چەپ ڕۆشن دەبێتەوە)

دەستی برد و لاستیکێکی دیی دەرهێناو پەمپی دا و شێوەی ئافرەتێکی بیست ساڵەی وەرگرت (یەك ئەم کارانە دەکات) بەهەمان شێوەی پێشوو ملی ئافرەتەکەی نایە قەد قەفە ڕەشەکەی گوریسە ڕەنگاو ڕەنگەکەوە.. کەچی ئەم هەڵواسراوە زۆر زۆر گیانی هاتەبەر.. قەفە ڕەشەکەی گەردنی خۆی کردەوەو یەکسەر وتی (دەنگی تەسجیلەکە دەوەستێ)

ئافرەت: بەڵێ گەورەم.. من ئامادەم.. من ئامادەم.. ئامادەم

(دەنگی تەسجیل) پاش ئەوەی بەمرەکەبی ڕەش دەموچاوی ڕەنگ کرد (یەك ئەم کارە دەکات)

پێی وت: (دەنگی تەسجیلەکە دەوەستێ)

یەك: ڕەشێ.. سەرپێچی نەکەیت.. بەزەییت بەکەسدا نەیێتەوە نامەوێ وەك دڵنەرمێ ڕەفتار بکەیت، لەبەر خاتری شارە مێروولەیێك ڕەوتت سووك کەیت!.. دەست نەپارێزی.. بڕۆ.. چاوەڕوانی هاوڕێکانت بە هەر ئێستا بەدواتا دێن.. وریابە!

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێتەوە)

(پەنجە بۆ ناو قەفەسەکە دەبات)

لەژێر قەرەوێڵەکەیدا، جەنتایەکی دەرهێناو بەپەلە پێی وت:

(لای چەپ ڕۆشن دەبێتەوە)

یەك: ڕەشێ وریابە.. ئەم جانتایە بگرە دەست.. هەموو کەرەسە پێویستەکانی تیادایە.. لەبیرت نەچێ وریابە.. ئەگینا دەتگەڕێنمەوە بۆ نێو لاپەڕەکان.. ئیتر هەتا هەتایە هەر وەك وشە و ناو لە نێو چیرۆکێکدا دەمێنیتەوە!

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێتەوە)

بەڵێ، ڕەشێ، دەستی دایە جانتاکەو ڕۆیشت.. ئا.. واقم ورما.. بەجارێ بەرچاوم تاریك بوو.. وەك ئەوەی لەخۆ چووبێتم ئاوهام بەسەرهات! ئا.. کاتێ کە چاوم کردەوە بینیم

(لای چەپ ڕۆشن دەبێتەوە)

بەجارێ شەش دانە لاستیکی دەرکردووە و پەمپیانی داو بەهەمان دەستوور گیان هاتووەتە بەریان، ڕوخساری هەر یەکەیان بەجۆرە ڕەنگێ مرەکەبی پیا پژاندووە!

(یەك لەگەڵ شەش کەسدا، دەموچاویان هەریەکەو جۆرە ڕەنگێکی پێوەیە– دانیشتووە)

بانگیانی دەکرد و دەیوت:

یەك: کەسەکە..

بۆرە..

دێزە..

کوێتە..

شینە..

زەردە..

ئێوە.. ئەو کەسانە نیین، وەك کەسانی ئەمڕۆ لەسەر ئێسقان و ناوی مردووان بەردەوامی و گوڕ بدەنە ژیان و جووڵانەوەتان!

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێتەوە) بەڵێ.. مەبەستی ئەوە بوو کە ئەوان، یانی ئینسانە تازە گیانلەبەرەکان، مێشك و دەروونیان کێڵگەیێکەو تا ئێستا هیچ جۆرە تۆو چ بیروڕایەك و چ یادێکی سەرکەوتن و نشوستی تیا نەڕواوە! (بێ دەنگی)

بەڵێ (پەنجە بۆ ناو قەفەسەکە دەبات) دەیوت

(شانۆ تاریك دادێ.. دەنگەکە بە سەداوە لەدوورەوە وردە وردە نزیك و بەرز دەبێت)

ئێمە.. ژیانی ئەمڕۆ و داهاتوومان لەسەر ئێسکی مردووان بنیات ناوە.. سووتەمەنی ژیانی ئەمڕۆی ئێمە و بەردەوامیمان بۆ داهاتوو، پەنا بردنە بەر ڕۆژانی لەمەوبەری مردووە.. کە هەر ڕۆژێکی ژیانمان دەیان یاد و یادگاری لە ئامێزدایە لەگەڵ کۆن بوون و بەسەردا هاتنی یادێکی دی یاد و یادگاریمان دەبێتە ئەو مێژووە نەوسنەی کە خۆیشمان حەز و بێزی لێ دەکەین..

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێتەوە)

بەڵێ.. دەیوت مێژوو.. وابزانم ئەو مێژووەی مەبەست بوو کە هەرگیز لە نێو کتێبەکانی مێژووی وڵات و نەتەوەو ئەدەب و هونەردا بەر چاو ناکەوێ! ئەو مێژووەی مەبەست بوو کە دەروون و مێشکی کەسان، زۆر بەئەمانەتەوە لەنێو شانە وردەکانیانا تۆماری دەکەن. لە کۆتاییشدا دەیکەنە بناغەی مێژووی ڕاستەقینەی بێ لایەن.. (بێ دەنگی)

بەڵێ.. خۆ هەموو ئەو شتانە نییە وا نووسراوەتەوە.

(بێ دەنگی)

گەلێ سووربوو لەسەر ئەوەی کە ئێمە بێ دوێنێ و پێرێ ژیانمان بڕناکاتە سبەی و دووەی! دوێنێشی بەلاوە گۆڕستانێکی سەیر بوو هەزاران ڕووداوی نادیاری تیادا زیندە بەچاڵ کراوە.. دەیوت (شانۆ تاریك دادێ، موسەجەل)

ئێمەیش ئاژەڵین و سەپێنراوەتە سەرمان کە دەبێ کاوێژ بکەین.. ئەگینا تووشی درمی برسییەتی و هاری دەبین..

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێتەوە)

ببوورن.. ئەمانە بیروڕای (دەست بۆ ناو قەفەسەکە دەبات) ئەمە گەر لەڕای منیش دەپرسن بەکورتی و بێ سێ و دوو ئەڵێم:

ڕاست دەکات

(دەنگی سێ چەکوش) بەڵێ.. پاش ئەوەی هەموو ئینسانە لاستیکەکان، لە ئوتێلەکە دابەزینە خوارێ من هەتا بەرەبەیان، لەگەڵ ئەمەدا مامەوە! (بێ دەنگی)

وەك لەپێشدا وتم.. ئێمە بێ یەکدی ناژین.. لەجمك ئەولاترین.. نەك تەنها سووکە

سەرئێشەیێك كارمان تێ دەكات، بەڵكو لە دووری ساڵە ڕێیەكەوە، یەك جۆر بۆن و لەیەك قەوارە و دۆخدا شتەكان دەبینین.. (بێ دەنگی)

هەر كە زەلامە لاستیكە گیان لەبەرەكان دابەزینە خوارەوە من چوومە باڵكۆنی ئوتێلەكەوە.. لەوێدا سەیری شەقام و مرۆڤە بەیەكا چووەكانم دەكرد.. چ شەوێ بوو!!

دەمبینی.. دەمبیست: شار شڵەژاوە.. هەندێ زەلام و ئافرەتی ڕەنگاو ڕەنگ ئاشووب و ئاژاوەیان ناوەتەوە.. بێ دەنگی شاریان هەژاندووە... بوون بەهۆی ئەوەی منالآن لە ڕووی باوك و دایك و كەسانیاندا بووەستن و یاخی بن.. (بێ دەنگی)

هەر ئەو شەوە، خۆیان ئامادەی مانگرتێنكی گەورە كردبوو.. بڕیاریان دابوو گەر داواكانیان وەجێ نەهێنن، ئەوا بەكۆمەڵ خۆ دەكوژن و ئەم بێ دەنگییە ترسناكەی شار شەق دەكەن.. كچانیش زمانی یاخیبوون و تووڕەیییان هاتبووە گۆ.. شێتە عاقڵەكان، خەریكی سووتاندنی كتێبە كۆن و نوێیەكانی مێژوو بوون! دەمبیست گوایە بەتەمای خۆڵەمێشی كتێبەكان بكەنە كل، چاوی دایك و باوك و مامۆستا نێوەكوێرەكانی پێ بڕێژن! (بێ دەنگی)

نەخێر.. ئەو شەوە كەسێ نەهاتە ئوتێلەكە.. سەیری شەقامەكەم دەكرد و خەڵكەكە بەدەنگی بەرز قسەیان دەكرد، (بێ دەنگی) بەڵێ (دەست بۆ ناو قەفەسەكە دەبات) خۆیشی گوێی لێ بوو!

(بێ دەنگی)

بەڵێ زۆری پێ خۆش بوو، خەریك بوو گەشكە بیگرێ!

بەڵێ: گوێم لێ بوو لە شەقامەكەوە دەیانوت:

(شانۆ تاریك دادی.. غەڵبە غەڵبەكی زۆر.. دەنگی كەسێك بەئاشكرا بەرز دەبێتەوە)

كەسێ:

ئەم ڕەنگاو ڕەنگانە، دەس لەكەس ناپارێزن، لەگەڵ هەناسەدانیاندا ئاگرێكی سپی لە دەمیانەوە دەردەپەڕێ. ئەو ئاگرە سپییە، بەرچاوی هەر كوێرێ بكەوێ چاكی دەكاو دەكەوێتە دوایان.. كەڕو لاڵ و شەل و ئەوانەی درمی سامناكیان پێوە لكاوە.. بەگڕی ئاگرە سپییەكە چاك دەبن و دەكەونە دوایان!

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێت)

شار لە خۆپیشاندانێکی گەورەدا دەژیا!

(بێ دەنگی) کە دەڵێم، شار شڵەژا.. مەبەستم ئەو هاوار و سەرسووڕمانەی کوێرەکان بوو کە چاویان بە گڕی ئاگرە سپییەکە چاك ببوونەوەو ڕەنگەکانیان وەدی دەکرد.. سەیری خەڵکیان دەکرد و ناڵەیێکی سەیر لە دەمیانەوە دەهاتە دەرێ..

بەڵێ.. لە باڵکۆنەکەوە گوێم لە دەنگی کوێرێکی تازە چاکەوە بوو بوو (شانۆ تاریك دادێ، دەنگێکی ناسك)

کەسێك: ئا ئەمەیە ڕەش؟

بۆ ڕەنگی ڕەش وایە؟

من کە بینایيم نەبوو، وام دەزانی ڕەش، لە هەموو ڕەنگەکان جوانترە.. وام دەزانی لە تۆیی هەموو شتێکی ڕەشەوە، ئەو دیوی شتەکان دەبینرێ..

وام دەزانی سەرەتا و سەرچاوەی هەموو ڕەنگەکانە! کەچی ئەوا ئێستا بەجوانی دەبینم.. ساتەکان ڕەنگەکەی کاڵ دەکەن و ڕەنگی دەبوێرێ و ڕەنگی دی لێوە دەزێنێ.. ئەوە بۆ کەسانێ بەتەمەن پرچی سەریان لە ڕەشەوە سپی بووە. کەسانیش تا ڕادەیێك دەروونی هیسگرتوویان وەك پرچیان سپی بووەتەوە.. یانی ڕەش. تا تاقیکردنەوە هەڵنەمژێ سپی نابێتەوە!

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێ)

کەچی ئەو کوێرە تازە چاو چاکبووانە، بەهەڵەدا چووبوون نەیان دەزانی لەم شارو شەقام و بازاڕە.. لەم سەردەم و شەو ڕۆژە سپی بەرەو سپیتر دەکشێ دەبێتە ڕەش و ڕەشتر!!

(دەنگی سێ چەکوش)

ببوورن.. ناچارم دەبێ بۆ دادگای زۆر بەڕێزو پیرۆز.. بۆ یاسای پیرۆزتر هەموو شتێ ئاشکراکەم!

بەڵێ.. شەل و نەخۆشەکانی دیش گوڕیان وەبەر هاتبوو و کەڵکەڵەی تۆڵەیان بوو.. بەڵێ زۆر شتی دیشم دەبیست دەیانوت:

(شانۆ تاریك دادێ)

کەسێك:

ئەم ڕەنگاو ڕەنگانە ڕوو بەڕووی هەر ترسنۆکێ ببن یەکسەر تووشی شێتگیری دەکەن!

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێت)

بۆیە.. هەندێ کەس، ئەوانەی ژیان، دەقی کۆنی خۆی لکانووەتە لەش و ڕۆحیان، لەم شتانە دەترسان و دەرگاو پەنجەرەکانیان دادەخست..

(بێ دەنگی) سەرەڕای ئەوەی (پەنجە بۆ ناو قەفەسەکە درێژ دەکات) پێی خۆش بوو و ئاگای لە هەموو شتێ هەبوو بەڵام من پێم وت:

(شانۆ تاریك دادێ.. بە صەداوە)

نێچیرە زیندووەکانت ئاشووبیان خستۆتە نێو شارو کارێکیان کردووە، نەریتی هەزار ساڵەی ڕەوشت و خووخدەی شارو وڵات و میللەتیان هەڵوەشاندووەتەوە...

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێتەوە)

کەچی هەر بێ دەنگ بوو.. هیچی نەوت.. تەنها بەبزەیێکی ڕەنگین و سەر ڕاوەشاندنێ وەڵامی دامەوە کە سەرکەوتنێکی کاتی وەدەست هێناوەو ڕەنگە ئەم تاقیکردنەوەیە لە داهاتوودا چاکتر بەکاری بێنێ.. (بێ دەنگی)

پاشان؟

ئا.. پاشان زۆر ترسام!!

لەسەر کورسی و مێزەکەی دانیشت و دەستی دایە قەڵەمەکەی و خەریکی نووسین بوو!!

بەڵێ زۆر ترسام.. ئەوەندە زەلامی ڕەنگاو ڕەنگ دروست بکات تا....

(بێ دەنگی) ئیتر.. سێ چوار پۆلیسی ئەفەنی خۆیان کرد بەژوورەکەدا

(لای چەپ ڕۆشن دەبێتەوە) (پۆلیسەکان بەئەوپەڕی توورەییەوە ڕەفتار دەکەن و لای ڕاستیشەوە بە صەداوە) گەرچی سەگی پۆلیسیان پێ نەبوو، کەچی بەبۆن ئەمیان دۆزییەوە. پەلاماری قەڵەم و کاغەزەکەی بەردەستیان دا.. جانتاکەیان پشکنی دەفتەرو کاغەزەکانیان لە نێو جانتاکەدا دەرهێناو سووتانیان.. هەر لەگەڵ تەواو بوونی دواگڕی ئاگرەکەو بوونیان بەخۆڵەمێش.. ڕەنگێکی خۆڵەمێشی لە چەشنی بورکانێکی دامرکاو چۆکی نایە سەر ژوورەکە..

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێت) ئیتر وا دەزانم؛ یاسای پیرۆز دەستی بەسەر بازار و شەقام و شارا گرت.. (بێ دەنگی)

بەڵێ پۆلیسەکان منیشیان لەگەڵ ئەمدا دەست بەست کردو بەتێهەڵدان لە ئوتێلەکەوە

هێنامیانە خوارێ.. هەریەکەمانیان بردە ژوورێکی تاریك.. تاریکتر.. ڕۆشنتر لە مێشکی..

(دەنگی سێ چەکوش)

(دیکۆری لای چەپ دەگۆڕدرێت.. ژوورێکی چکۆڵەی بەندیخانەیێك، «یەك» لە ڕووی چەند کەسێکدا، لەلای ڕاستیتەوە تاریکی دادێ بەدەنگی موسەجیل قسە دەکات لەگەڵ قسەکردنەکەیا لەلای چەپ ڕەفتار دەکرێت) ئیتر هەزار جار ناویان پرسیم، کاریان پرسیم.. وا دەزانم جارێکیان پۆلیسێکی چاوشین و سمێڵ زەردو کەڵەگەت لێی پرسیم:

پۆلیس: کەی دەمرێ؟

یەك: نازانم:

پۆلیس: (بەتووڕەبوونەوە) ئەم نەزانینەت خاڵێکی دییەو تاوانەکەت خەستتر دەکات.. چۆن نازانی.. لەم سەدەیەدا بەتاوانی نەزانین تاوان دەخرێتە پاڵت!

(لای ڕاست)

بەڵێ دەمویست، سەرباری هەموو ئەم بێزارییەم هەندێ گاڵتەی پێ بکەم، کەچی لەپڕ بۆم دەرکەوت قسەکەی ڕاستە.. چۆن دەبێ کەسێ، لەم سەدەیەدا، لەم وڵاتە مەزن و پیرۆزەدا– کە دایکی هەزاران شارستانییەت و جەنگە– چۆن دەبێ کەسێ میراتگری ئەم شتانە بێت و نەشزانێ کەی دەمرێ! سەیرە (پەنجە بۆ دادوەر درێژ دەکات) بەرێزان دەبێ بزانێ!

(دەنگی سێ چەکوش) بەهەرحاڵ بەر تێلایان دام.. زۆر شتیان بۆ دۆزیمەوە و.. دەمزانی، ئەگەر بڵێم وانییە ئەوا بەتیشکی ڕەنگاو ڕەنگی ئامێرە پیسەکان و چرکە چرك و کاری کۆمپیوتەرەکان هەزاران شتی دی دێتە یادیان بۆ تاقیکردنەوە! حەزی زۆرم بەمەرگ دەکرد، بەڵام دەمویست بەهەر جۆربێ ئەوەندە بژیم تا ئەم شاهێدییەم لە دەم دەبیستن..

(دەسەسڕێکی سوور لە گیرفانی دەردەهێنێ و ئارەقەکەی سەروچاوی دەسڕێ و بەری دەداتە سەر زەوییەکە.

(تاریك دادێ)

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێ «یەك» لە نێو قەفەسەکەدایە، جل و بەرگی زیندانی و لەبەردایە)

یەك: نەخێر پێویستم بەپارێزەر نییە.. پێویستیش ناكات ئەوەندە لە ناو و كارم بپرسن هەزار بارەی كەنەوە.. لەو ڕۆژەی گیراوم، ناو و كارمتان لەوتانووەتە هەزار نهێنی و تارمایی.. خۆیشم لە خۆم بوومەتە نهێنی و تارمایی.. خۆیشم لە خۆم بوومەتە نهێنی ئەگەر سوورن لەسەر ئەوەی بۆ هەزار و یەكەمین جار لە ناوم بپرسن.. فەرموون:

ناوم یەكی كوڕی یەكی كوڕەزای یەكم!

كارم: نازانم.. هەر ڕۆژو كارێ دەكەم.. بنووسن، گۆڕ هەڵكەن

ناونیشانم: ژووری ژمارە (١١)ی ئوتێلی ئاشتی، شەقامی ١٣، شاری «ن» وڵاتی...

(سێ چەكوش)

(دەست بۆ جێی دەسرەكە دەبات)

بەڵێ، ئەو شاهێدە.. هەرچییەكی وت ڕاست دەكات.. ئەگەر چی تا ئەم ماوەیە بێ دەنگ بووم و لە ئاستی گازو پلایس و پەمپ و مرەی سەگە پۆلیسییەكاندا بێ دەربەست بووم!

(لای چەپ ڕۆشن دەبێتەوە) سێ چوار پۆلیس بەگازو پەمپ و پلایسەوە ئەزیەتی دەدەن وەك سەگ دەمرێنن.. لەلای ڕاستیشەوە بە ڕیكوردەر و صەداوە بە دەنگێكی شاعیرانە لەگەڵ ڕەفتاری پۆلیسەكاندا بەجۆرە ئیقاعێكی تایبەتییەوە)

من.. منی تاوانخراوە پاڵ.. تاوانبار بەپێی سەرنج و بیرو ڕاتان.. ئەو سەرنج و ڕایانەی كە بەپێی گەرما و سەرما لە هەڵچوون و داچووندایە.. منی، بێ دەنگ تارمایی ئاسا. لە نێو سووچ و كەلێنەكانی شاردا، لە نێو كۆڵانە تەنگە بەرەكان و لە نێو گونجەكاندا بەدووی خۆمدا دەگەڕام هەزاران خۆمم دۆزییەوە هەموو بڕیارمان دا ببین بە من ئەوا ئێستایش لەپەنای تاوانكاری ڕوو لە بێ تاوانی دەكەم و بەرامبەر بە چوار بلیار جووتە چاوی هەمیشە برسی وەستاوم.. بەر پرسیارم.. هەتا بەرامبەر بە ئێوەش بەر پرسیارم..

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێتەوە)

لە كوێ لە دایك بووم؟

(دەست بۆ لای چەپی شانۆ دەبات) ئا لەو شوێنەدا چاوم هەڵهێنا.

(دەنگی نزم دەكات هەر وەك ئەوەی بۆخۆی بدوێ)

داخەكەم.. ئەوەی دەمبینێ ئەو نەبوو! هەموو كەسێ بوو تەنها خۆی نەبوود باوكم.. دایكم.. تەنها خۆیان نەبوون! هەموو كەسێ بوون.. منیش كە ئێستا بەپێی سەرنج و

بیروڕاتان تاوانبارم.. ئەوەی دەمبینی وەك خۆی نەبوو، برین بوو، برین. منیش لە دەلاقەی برینەکاندا ئێشکم دەگرت، کەچی دەنگی گریانی خوێن و نالەی ئێسقان، دەبوونە ژان، ژانێکی سەختی حەسانەوەم، ژانێ دەمی بەقەد گۆپکەکانی مەمکی سزاوە دەنووساند و دەیچەکاند و مژی مەرگی لێ دەدام. هەراسانی دەکردم..

(دەنگی سێ چەکوش)

بەڵێ منی تارمایی ئاسای هەمیشە زیندوو و ئێشکگری دەرگای برینەکان. شەوانی درەنگ کاتێ کە خۆی دەیویست داگیرم کات چوار ملیار جووتە چاو سەد ملیار جووتە چاوی زیندوو و چل ملیار جووتە چاوی مردوو و چوار ملیار چاوی نەوەکانی داهاتوو، بەسەرجێ ڕوو بەڕووم دەبوونەوە و داوای ناونیشان و گەڕەك و وڵاتەکەم دەکەن و لە ڕەنگی خوێنەکەمیان دەپرسی، داوای ژمارەی شانەکانی لەشمیان دەکرد.. دەیانویست ببمە جێگری وشە مانگرتووەکانیان.. لە باتی ئەوان لەسەر دیواری ئاودەستخانەدا وەك دروشمێکی دژ بنوسرێم.. لەکۆتاییشدا لەگەڵ چەند دێڕێکی شیکراوەدا بمێنمەوە.. دەیانویست دەنگ ببەخشمە وشە تورەکانی سەرم.. ئەم سەرەی کە ئێوە (دەستی چەپی دەنێتە سەر سەری خۆی و دەستی ڕاستیشی بۆ مێزی دادوەر دەبات) داوتانەتە بەر زەین و لەمەڵاسدان بیهێڵنەوە و(بەتووڕەییییەوە) ئەم سەرەی کە ئێستا لەم لەشەمدا نامۆیە و دوژمن دۆستمە (سێ چەکوش) بەڵێ سوورم لەسەر ئەوەی دوژمنمە.. دوژمنمە.. بەڵێ لەو ڕۆژەوەی کە توانیومە جیاوازی لە نێوان ڕەنگەکاندا بەدی بکەم، ئەم سەرە کودەتای سەیر سەیرم بۆ سازدەدا! ئاشنامە.. دۆستمە گۆڕستانێکی گەڕۆکی پاسەپۆرت ئاسامە، هەزاران ئەیوب و داود و عیسا و محمد و ئیبراهیمی تێدایە و ملیۆن مناڵی زۆڵ و لە بارچوویشی پۆشیوە!

(بێ دەنگی، دەست دەنێتە سەر سەری خۆی) بەڵێ ئەم پایتەختە.. کە ئێوە دەیبنن و خۆم نایبینم.. کە دەڵێم دوژمنمە.. مانای ئەوە نییە دۆستی ئێوەیە.. بەهەڵەداچوون گەر وابزانن وەك پڵنگ و شێر کەوی دەکەن ئەمیش دەستەمۆکەن! دوژمنی ئێوەو دوژمنی خۆمە.. گەلێ جاریش هاوڕێی ژان و فێمە و چاوساغمە و یەکە شارەزای کۆڵانە پێچاوپێچەکانی شارو وڵات و زەمینمە.. زۆر جاریش قەڵغانمە.. سەنگەرە بۆ خۆم، بۆ هەموو شاهێدێکی ڕاستگۆ.. قەفەسە.. بەندیخانەیە.. ئا ئەم سەرەی کە ئێوە دەیبینن و خۆم نایبینم، ئەم جەنگەڵە ڕەشە ئەم هێلانە وێرانەیە بووەتە ئارامگای سیمرخ و سەمەندەرو پەپوولەکانی دۆزەخ.. ئەم سەرە نەدەتوانێ ژیان کەوی کات و نەکەوی

ژیانیش دەبی.. نەدەتوانیٚ ڕاستییٚك هەڵبیٚنیٚ و نە نهیٚنیکیٚشی پیٚ دروست دەکریٚ!

ئەم سەرە پەنماوە!

(بیٚ دەنگی) نەخیٚر نەخۆش نییم لە ئەنجامی ئەزیەتی کۆمپیوتەرەکانتان پەنماوە.. بەلاٚم هیٚشتا هەر فریاد ڕەسمە

(بیٚ دەنگی) بۆ؟

چ پرسیاریٚکە؟

چاکە ئەمیشتان بۆ ڕوون دەکەمەوە!

بەهەناسەی تاوانکاریتان پفتان داوە.. بووەتە چووپ جەستەی هەڵگرتووم و نایەڵیٚ لە گۆمی خویٚنی گەنیوی تاوانکاری مرۆڤایەتیتان بخنکیٚم..

بەڕیٚزان.. گەورە پیاوانی ولاٚت!

(سیٚ چەکوش) پیٚم سەیرە، چۆن ئیٚوەی زۆر بەڕیٚز ڕیٚ بە خۆتان دەدەن پرسیار لە کەسانیٚ بکەن کە تا بینەقاقا لەخویٚندایە، وەلاٚمی چیتان بدەمەوە.. جا چ وەلاٚمیٚ دەتوانیٚ ڕوو لە یاساییٚك بکات.. یاساییٚك کە..

(سیٚ چەکوش) مەبەستم ئەو یاسایەیە کە توانای تەنها ئەوەندەیە لەڕیٚی چاوو گویٚوە فەرمانەکانی دەئالیٚنیٚتەوە زنجیرو قەفی سیٚدارە.. فەرمانەکانی دەکاتە باروتی گوللەو پەنجەی بیٚ تاوانان دەخاتە کارو پەلەپیتکەی تاوانکاری پیٚ دەترازیٚنیٚو دەیلەوتیٚنیتە هەتاوی تافی پیاو کوژان.

(بیٚ دەنگی) نەخیٚر.. نامەویٚ. بەرگری لەو تاوانانە بکەم کە خستووتانەتە پاڵم.. نا.. با، بۆ یەکەم جار لە میٚژووی دادبازیتان تاوان خراوەپاڵییٚك ببینن کە

(دەنگی بەرز دەکات)

لەباتی ئەوەی بەرگری بکات بڵیٚ

(دەنگی نزم دەکات وەك چرپەییٚك)

بیٚ تاوانم..

(دەنگی زۆر بەرز دەکات)

گەر بەپیٚی فام و بیروڕاتان تاوانبار نەبم.. ئەوا بەرامبەر بەخۆم تاوانبارم.. دەشیٚ ئەمە بەنهیٚنی بزانن.. بەڵیٚ من و ئەم نهیٚنییە بووین بەنهیٚنییٚکی مەزن و مناڵدانی ئەم

تافە بەبێزەوە، لەباری بردووین و تفانومانییەتە سەر یەکی لە شانۆ هەرە گوڵمەزی و تراجیدییە کۆن و سواوەکانی ئەم زەوییە زەندەق چووە!

(بەنزمییەوە)

بـەڵـێ بـەڕێزان.. دەزانم، ئـەوانـەی مـن ئـاسـان– لـەم تـافـەدا بـۆ ئـەوە لـە دایك بـوون، نەسرەون، تا وەك نهێنییێك لە ناخی خۆیاندا دەبنە نهێنی. ئیتر وەك نهێنی نهێنییێکەی تر دەزێنێ.. ئیتر بەڕێزان هەر بەنهێنییەوە لەگەڵ هەنگاونانما، ئەو باریکە ڕێیانە دەکاتە کێڵگەو لە شوێن پێیەکانمەوە، تۆوی نهێنی سەرهەڵدەدەن، نەمام ئاسا بەرز دەبنەوە، زووخاوی پرسیار ئاویان دەدا.. پاشانیش بەری نهێنی دەگرن!

دەزانم چ تاوانێ چاوەڕێی مەرگم دەکات.. هەرگیز یاساتان ناتوانێ سنوور بۆ ڕەگە سەرکـێشەکـانم دابـنـێ، هـەرگـیـز نـاتـوانـێ شوورەم لـەبـەر ڕاگرێ و نـەیـەڵـێ بـەرەو نـاخـی داهاتووی تاریك داکشێم.. تاریك.. تاریکتر لە شەوی زۆڵێکی زیندە بەچاڵکراو..

(سێ چەکوش)

بەڵێ وایە.. من بۆ خۆم.. تەنها بۆ خۆم، دنیاو یاسایێکی ئەوتۆم دروست کردووە تامانی، من و باوو ئاو و هەتاو نە لەگەڵ دنیای کۆن و ئێستاو داهاتووی مرۆڤدا جیادەبێتەوە و نەیەکیش دەگرن!!

(سێ چەکوش، پەنجەی تووڕەیی بۆ مێزی دادوەر درێژ دەکات)

هەر یەکە لە ئێوە

(ڕوو لە دانیشتووانی هۆڵی شانۆ دەکات)

ئێوەش چاك دەزانن.. من بۆم هەیەو کوێرەوەری و دیلی ڕێی داوم کە ببمە خاوەنی ڕاستی خۆم و دەست بەسەر جەستەو ڕوحی خۆمدا بگرم و لەساتی پێویست و مەرجدا

لە یەکیان جیاکەمەوە! (هەر ڕووی لە دانیشتووانی شانۆیە، بەپێکەنین و تەوسەوە)

ئەشێ بپرسن چۆن ڕێت دەدەن. دیارە نازانی لە چ تاف و– سەردەم و لە چ وڵاتێکی ئازاد دایت و چ یاسایێك لەغاوی کردوویت و چ گومراهی هەرزەکارانی کاربەدەست و فەرمانباز ئاوزەنگی بێ دەربەستی و نەقیزەی بێزت تێ دەژەنن..

(سێ چەکوشی هەندێ توندو هەر ڕووی لە هۆڵی شانۆیە)

بەجێیە گەر بپرسن.. بەڵام خۆم.. تەنها خۆم و بەس!!

ئێوەش بێ قسووربن لەوەی بمکەنە گۆڕستان و بێ دەنگی.. ڕاستییەکانم بکوژن.. ڕوحم بەپێوەری ڕەوشتیان بهەنجێنن.. جەستەم لە خاچ دەن.. بێ قسوور بن..

(ڕوو وەردەچەرخێنێ و پەنجە بۆ مێزی دادوەر دەبات)

تاوانی من بەپێی دانپیانانی خۆم و شاهێدی (دەست بۆ جێی دەسەسرەکە دەبات) ئەو..

من بوومەتە گیان بەخشی کەسانی لاستیکی.. ڕاستە! دڵنیابن، تازە گیانلەبەرەکان

لە گۆرانی و وتن و تووڕەیی ناکەون وشەی سیحراوی و ئاگری سپی بەنێو کۆڵان و کونجەکاندا بڵاودەکەونەوە و سنوور بۆ پەندی کۆن و مەرگی ئاسایی دادەنێن.. گۆرانییە هەمیشەیییەکانیان بەدووی مەرگدا دەگەڕێ– ئەو مەرگەی کە بەسەر پشك بوونی کەسان وەدەست دێت..

ئەمانەتان کردووەتە تاوان و خستووتانەتە پاڵمەوە.. چاکە گەر ئێوە درکتان بەڕادەی ماندووبوونی خۆتان نەکردووە کەچ جۆرە سەر کوێرێك ئێوەی بەستووە بەهەڵپەی کوێرانەتانەوە و ناتانەوێ ناوی ئەوەم لێ نێن کە من ئینسا..

(سێ چەکوش)

لێرەیشدا ناتانەوێ ناوی ئینسان ببیستن؟

چاکترە لە منەوە بیبستن.. لە من.. منێکی بەند.. کە هەموو خەونەکانمتان سەربڕی و خوێنەکانیتان لە کاسە نا هەموو چاوەڕوانیمتان سووتاند کردتانە خۆڵەمێش تێکەڵی خوێنی خەونمتان کرد.. خوێن و خۆڵەمێشتان گرتەوە.. کردتانە قوڕێکی خەست.. خوسانتان، خشتتان لێ دروست کرد.. لە خشتەکان بەدەستی سەربەستی ژوورتان بۆ دروست کردم– یەکسانیش – دەرگایێکی پۆلایینی نایە قەد ژوورەکەمەوە.. من و ڕۆحمتان کردە زیندانی ئەو زیندانەی کە خەون و چاوەڕوانیم کەرەسەی بنیات و بناغەی بوو، سەربەستی و یەکسانیش بوونە وەستای.. بەڵێ بەڕێزان.. دەمی خۆمتان کردە قفڵی دەرگای زیندانەکە و زمانمتان کردە کلیل، هێشتاش دەتانەوێ لە وەستاکانی زیندانەکەم نەدوێم!

(سێ چەکوش)

بەڵێ (بێ دەنگی)

وایە..

وادەزانم پێویست ناکات لەمە زیاتر بڵێم

(بێ دەنگی)

کەیفی خۆتانە، هەر ئەوەندە دەڵێم..

(بێ دەنگی)

باوابێ.. با بێ دەنگی و هیچ نەوتن دانپیانان بی.. چەند جارێکی دیش دووبارەی دەکەمەوە، ئەوەی ئێوە کردووتانە بەخاڵی سەرەکی و منتان پێ پەلکێش کردووەتە ئێرەو دەتانەوێ بمکەن بەنموونەی ئەو کەسانەی کە دەربەستی ملیان نایێن.. (دەست بۆ دانیشتووانی هۆڵی شانۆ درێژ دەکات) و ئەمانەی پێ بترسێنن.. ئەوا دەڵێم، جا چاوەڕێی چی دەکەن!

(بێ دەنگی.. بەوردی گوێ هەڵدەخات)

ها.. تەنها ژمارەیێك.. ژمارەیێکی تایبەتی.. بەناوی گەل.. (ڕوو لە دانیشتووانی شانۆ دەکات) یانی بەناوی ئێوەیشەوە.. نا.. نا.. با بەناوی مردووان و لە دایك نەبووانیشەوە بێ.. چاکترە بەناوی مرۆڤایەتی و..

(سێ چەکوش)

نا.. چاکتر وایە هەرچی ژمارە لە کتێبی یاساکاندا هەیە هەموو بەسەر مندا ساغ کەنەوە.. بەلای منەوە هیچ ناگۆڕێ گەر بەپێی مادەی ٣٣٣٣ یا ٤٤٤٤ با ١١١١ یا کۆی ئەمانە.. لە ناو ببرێم.. وەك وتم بەلای منەوە هیچ ناگۆڕێ بەلام ئێوە دەستی ئۆخەی دەنێنە سەر کتێبە زلە پیرۆزەکانی یاساوە و ژمارەیێکی دی دەخەنە سەر لیستەی نێچیری کتێبەکانی یاسای ڕژێمتان.. دووریش نییە بمکەنە سەرچاوەو ناوبەناویش پەنا ببەنە بەر پەراوێزی ئەو ژمارانەی کە منتان پێ تاقی کردووەتەوە بەسەری من ئاسایێکی دیدا تاقیی بکەنەوە!

(سێ چەکوش)

ئێوەش دەتوانن لەگەڵ ژمارەکانی مادەی کتێبە پیرۆزەکانی یاسای پیرۆزتر، بنوون و دروست بن و لە شەوێکی ئاڵۆزو درێژتان خەونی زۆڵ بەرەو دنیای هۆڵی دادگا دەرپەڕێنن و بیانکەنە جانەوەر و گاڵیان دەنە جەستەی کەسێکی من ئاسا و بمکاتە گۆڕستان.

بۆ نا؟

(بێ دەنگی)

من لە وشە ئینسانم دروست کرد. ئێوە لە ژمارە جانەوەر دروست دەکەن..

ئێوە هەڵسوکەوتتان لەگەڵ جانەوەراندا و هەوڵ و کۆششتان بۆ دۆزینەوەی پاکانەو خاڵی چەسپاندنی تاوان.. ئێوەو ڕەفتاری گونجاوتان لەگەڵ ئەتەکێت و دبلۆماسییەت و پەیوەندی هاوسێیاتی و هاوئایینی و هاو..

(سێ چەکوش)

ئەستوونی (بوونی) خۆتانی ڕاگرتووە.. و لەڕێی ئەم دادگایەتانەوە خۆتان دەبینن. من پاکانەم ناوێ، لە چەشنی ئەوانە نییم کە قایلن تەنها بەسفر نەبن و لە ژێر ڕکێفی دەستووری ماتماتیکدا بمەیێن.. نامەوێ وەك ژمارەیێك، کۆبکرێمەوە و لەیەك بدرێم و دابەش کرێم..

(بێ دەنگی)

نەخێر، نەترسام و ناترسم.. من ڕاهاتووی تاریکییم.. نۆ مانگی ڕەبەق و چەند سەعاتێ لە نێو زێرابی منداڵدانێ هەتاوم نەبینی و خوێنی بێنوێژی دایکم هەڵدەمژی و ئارامم گرتبوو.. زۆریش دڵنیام نۆ بلیار ساڵی دیش لە نێو تاریکی گۆڕێکدا خوێنی کچێنی زەوی هەڵدەمژم و هەر بەزیندوویەتی دەمێنمەوە! (بێ دەنگی)

جیاوازی ئەم دوو تاریکییە؟

پێم سەیرە.. دڵنیام چاکی دەزانن.. بەڵام هەر دەبێ بڵێم:

تاریکی نێو سکی دایکم مەشق و خۆ ئامادەکردن بوو، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی تاقیکردنەوەکانی ئەم ژیانەی چاوەڕێی دەکردم.. بەڵام تاریکی نێو گۆڕ وەجێ هێنان وە ئاکام گەیاندنی ئەو تاقیکردنەوانەیە!

(بێ دەنگی)

بەڵێ.. کە تاریکی دنیای سکی دایکم بەچەند تکە شەهوەتێکی ئاوسی حەزی باوکێکی کڵۆڵ سپارد، دڵنیا بووم کە کەسێ لە من ئاڵۆزتر دەبێتە میراتگری ناپەسەندی مێژووی نەوسنی تافی دەیناسووری دوو پێ و سکایلاب و خوا ناسانی بەکۆمەڵ خۆکوژ و سوزانیانی بەهەشت بە دۆزەخ فرۆش.. بەڵێ ئەو تکە شەهوەتە ئاوسە، پاش من بۆ نۆ

مـانـگـی دی مـن ئـاسا خـوێنـی بێنوێژی هـەڵدەمژی پـاشانیش چـاو بـۆ ئـەم تـاریکییـە هـەڵدێنی..

(سێ چەکوش)

بەڵێ: تاریکی یەکەم، هەرگیز هەتاوی نەدیووە و نایبینێ.. بەڵام تاریکی دووەم زۆر سووکترە، چونکە کە گۆڕێ هەڵدەکەنن بۆ چەند ساتێ تیشکی هەتاو چینەی تیادەکات.. مارو مێرووەکانی تووشی شەوارە دەبن

(بێ دەنگی)

مەبەستم ئەوە نییە ئێوە حاڵی بکەم کە چیم دەوێ.. دڵنیام حاڵی نابن..

(سێ چەکوش)

مەبەستم کەمفامی ئێوە نییە! نا ئێوە لە کۆمپیوتەر زیاترو چاکتر وە ئاگان دەزانم هەموو ژمارە و ماددەو پەرەگرافەکانی کتێبەکانی یاساتان لەبەرە، جگە لە ژمارەی بەند و نێچیر و خنکاو.

(سێ چەکوش)

بێ دەربەستم. بێ دەربەستم. بێ دەربەستم.

(شانۆ تاریك دادێ)

(یـەك بـەجل و بـەرگێکی پـۆشتـەوە، لـە جێی مـودەعـی عـامـدا، لاپـەڕەییـەکـی بـەدەستـە، بەپەلەپەل دەیخوێنێتەوە)

بەڕێزان.. گەورەم، دادوەر..

ئـەمـەی دەیـبـیـنین (دەست بـۆ نـاو قـەفـەسە خـاڵـیـیـەکـە دەبـات) و بـە شەرمـەزاری و خەجاڵەتییەوە بەرامبەرتان وەستاوە! ڕەنگی زەردی تاوان هەڵنیشتووەتە سەر چاوی و هۆگری بووە و ئارەقی تاوانکاری بەنێو چاوانیا دێتە خوارێ و بۆنی بۆگەنی تاوانەکانی مێژوو و بەد ڕەفتاری و یاخیبوونی لێ دێت.. ئەم سیحربازەی، بەرامبەرتان.. میکرۆبی درمێکی پیس و ترسناکی بڵاوکردووەتەوە و دەیەوێ وڵات بشێوێنێ و بیکاتە لانەی بایەقوش.. دەیەوێ هەرچیمان هەیە

(دەنگی زیاتر بەرز دەکات)

لە میراتی و ڕەوشتی بەرزی باوباپیران و کەلەپوورو فۆلکلۆر و شاکاری کەم هاوتای

ئەدەبی پەیامدار و (لەسەر یەك دەكۆكێ)م مرۆ.. مرۆڤا.. مرۆڤایەتیمان و ئەو هەموو سەركەوتنانەی جەنگی تۆڵە سەندن (دەكۆكێ) بەڵێ بەرێزان، دەیەوێ نەخشەی پیرۆزەكانی پێشەواو ئەفسەرە (دەنگ نزم دەكات) شەهیدەكانمان و پیاوە گەورەكانمان و مامۆستایانی ڕەوشت ئایینی بەرزی ئاسمان و مێژووی قارەمانێتیمان هەڵوەشێنێت (دەنگی بەرز دەكات) دەیەوێ شتە پیرۆزەكانمان بگۆڕێ بە شتی كە خۆیشی (دەكۆكێ) نە دەزانێ چییە و نە دەتوانێ (لەسەر یەك دەكۆكێ) ئا.. ئا.. وەك خۆی باسی كرد؛ ئەم تاوانبارە؛ گەر سنوور بۆ ڕەگەكانی دانەنێن، ئەوا؛ چنگی كینەی لە ناخمان گیر دەكات و دەمان لەوتێنێتە ئەو ڕەوشانەی كە (لەسەر یەك دەكۆكێ و قسەكانی بۆ تەواو ناكرێ..)

گەورەم دادوەر

لەبەر بەرژەوەندی وڵات و میللەت و مێژوو.. لەبەر بەرژەوەندی ڕژێم و یاسا.. لەبەر بەرژەوەندی منداڵان و گیانی لەخۆبووردنی لاوانی خوێن گەرم و دڵسۆزانی خاك و حەق پەرستان!

.. گەورەم دادوەر

لەبەر بەرژەوەندی خۆمان و ڕەوشتی بەرزی كچانمان.. لەبەر ئافرەتی داوێن پاك وئەمكدارو وەفا بەخش كە نموونەی ڕەوشتی بەرزن ئێمەش هەوڵ و كۆششمان بۆ ڕاگرتنیانە لەم دۆخە پیرۆزو مەزنە.. كە بەپێی نەخشەو پەروەردەی دڵسۆزانی وڵات و بناغەی ڕووسپییەتیان دارێژتوووە لە سەرتاسەری مێژووی نەتەوەی پیرۆزەكانمان؛ ئەوەندەی تەڵە موویێك لایان نەداوەو لانادەن!

لەبەر بەرژەوەندی (دەكۆكێ) ئەو منداڵانەی كە لە داهاتوودا چاویان بەم مێژووە بەخوێن و زێڕ نووسراوەی وڵاتەكەمان دەرێژن و لەبەر بەرژەوەندی خاوەن قەڵەمە نەمرەكان و مرۆڤە بێ كێشەكان و كەسانی هێمن و یاسا پەرست!

لەبەر بەرژەوەندی یاسا و دەستوور و شاو شاژن منداڵەكان و تەخت و تاجی وڵاتی مەزن و خاوەنی مافی ڤیتۆ بۆ نمیچە نەتەوەكانی.. بەڵێ لەبەر بەرژەوەندی وڵاتی خاوەن سەدان چەكی میكرۆبی و دەیان كارگەی زنجیر و كەلەپچە و پێوەند بۆلەرێ دەرچووان و یاخیبووان و.. بەڵێ لەبەر بەرژەوەندی وڵاتی خاوەن گەورەترین مۆزەخانەی جیهانی كۆن و (دەكۆكێ) داهاتوویش!!

نەك تەنها– دەبێ ڕێی لێ بگیرێ ڕەگ دانەكوتێ و خاكی ئەم دەشت و دەرەی بەهەشت

ئـاسامـان پـۆخـڵ نـەكـات و كـارنـەكـاتـە سەر (لـەسەر یـەك دەكـۆكـێ) ئـاژەڵ و گـۆڕانـی بـاڵـنـدەكـان!! دەبـێ لـە هـەرچـی گـەڕەك و شەقـام و مـەیـدانـەكـانـی شاردا، سێدارەی بـۆ دادەمەزرێنن و هەر چەند سەعات جارێ لەسەر سێدارەیەكدا هەڵواسرێ پاش پشكنینێكی زۆر.. پاش ئەم هەموو تاقیكردنەوەی خۆم و شارەزاییم لە مادده و ژمارەكانیان، كە لە مووەكانی سەرم زیاترن بۆ ئەم كارەش زیاتر لێیان ورد بوومەتەوە.. بەڵێ، پاش ئەم پشكنینە زۆرە، نەمتوانی ماددەیێك وەدەست بێنم قەناعەت پەیداكەم كە بگونجێ لەگەڵ تاوانی ئەم (پەنجە بۆ ناو قەفەسەكە دەبات) تاوانبارەدا.. بۆیە بێ سڵكردنەوە دەڵێم: لە كـتـێبـەكـانـی یـاسای پیرۆزدا– هـەرچـی خـاڵ و بـەشی تـاوانـبـاری هـەیـە لـەئـاستـی ئـەم تاوانەدا، هێشتا سووك و نابەجێ و پڕ بەپێستی ئەم تاوانبارە نییە! بەڕێزان..

پاش ماندووبوونێكی زۆر، خاڵێكی دیم وەدەست هێنا بۆ ئەوەی سزاكەی قورستر بێ.. خاڵەكەیش ئەوەیە كە ئەم تاوانبارە بووە و دەبێتە هۆی ماندوو كردن و حەوانەوەو شێواندنی و شەونخوونی بەخشین بە شارەزایان و دەستوور ناسان و یاسا پەرستان! كە ئـەم تـاوانـبـارەی بـەرامـبـەرتـان ڕووبـەڕووی كێشەیێكی گـەورەیـان دەكـات نـاچـار دەبـن مێشكە كۆمپیوتەر ئاساكانیان بخەنە كار.. ماددەكانی یاسا كۆكردنەوە و لەیەكی دەركەن و دابەشیان كەن.. تا ژمارەیێكی تازە وەدەست بێنن لەگەڵ ناوەڕۆكی ماددەكەدا دروستی بكەن!

بەڕێزان.. گەورەم

وەك باسم كرد، گەر چی ژمارەی ماددەیێكم دەست نەكەوت، بەڵام تا شارەزایان كۆدەبنەوە و دەكەونە خۆ و ئەو مادده مەزنە دەدۆزنەوە– كە شمشێر ئاسا گەردنی هەموو بەدكارو تاوانبارو لەڕێ دەرچووان بپەڕێنێ و..

(لەسەر یەك دەكۆكێ)

من بەش بەحاڵی خۆم، لە تێكەڵكردنی بەشەكان و بەپێی تاقیكردنەوە و شارەزایی و بۆچوونم، ئەمەم وەدەست هێناوە:

تكا لە دادگا دەكەم و دەبێ!! وەجێی بێنێت و پاشان شارەزایان هەرچییەك وەدەست دەهێنن بۆ ئەم جۆرە كارانە با بەكاربهێنرێ.. بەڕێزان.. بەپێی ماددەی ٢٣٢٣٢ بەشی ١١١٩ و پـەراوێزی جـلـدی سەدوو دوانـزەهـەمـی ئـوسوڵـی دادوەری لـەگـەڵ مـاددەی ٣٨٣٨٣٨ بەشی ٤٤٤٥٥ جلدی سەد و یەكەم دەبێ

هەزار جار بكوژرێ (دەكۆكێ)

هەزار جار هەڵواسرێ (دەكۆكێ)

هەزار جار بسووتێنرێ (دەكۆكێ)

هەموو ساڵێكیش لە ساڵڕۆژی ئەم بڕیارەماندا، دەبێ خۆڵەمێشەكەی لە گۆڕ دەرهێنرێ و لە گەورەترین مەیدانی شاردا بسووتێنرێ.

(لەسەر یەك دەكۆكێ)

هەزار.. هەزار.. هەزار

(شانۆ تاریك دایێ)

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێ «یەك» لەسەر مێزی دادوەر دانیشتووە.. چەكوشەكە دەگرێتەوە دەست و هەندێ نەرمە كۆكەی بۆ دەكات و سێ جار چەكوشەكە دەكێشێتە سەر مێزەكە..)

«یەك»

(دەست بۆ ناو قەفەسەكە دەبات و بەدەنگێكی گڕەوە دەڵێ)

بۆ دادگا ئاشكرا بوو كە ئەم زەلامەی بەرامبەرتان كە ناوی یەكی كوڕی یەكی كوڕەزای یەكی لەخۆ ناوە.. تاوانبارە بەخیانەت و دوژمنایەتی لەگەڵ خۆی و نەریت و یاساو باوەڕی زۆربەی كەیفخۆشانی میللەت و دەسەڵاتدارە شەرافەتمەندەكانی دەوڵەت.. بەڵێ دوژمنی من و ئێوەیە.. دوژمنی، ئەوانەی پاشە ڕۆژ لە ڕووی مێژووی پیرۆزمان كرنۆشی ڕێز دەبەن..

پاش ئەوەی كە خۆی دانی بەتاوانەكانی خۆیاناو چەندین ڕاچیتەی پزیشكی مێشكیش ئەوەی سەلماندووە كە شێت نییە و وەئاگایە.. بەڵام لەگەڵ ڕێز و سوپاسمان بۆ پزیشكە زیرەكەكانی وڵات.. دەوڵەت بەباشی زانی، بۆ شەوێ، بەڵێ تەنها بۆ شەوێ لە ژوورەكەی خۆی بیگوێزنە ژوورێكی دی لەژێر چاودێری كۆمپیوتەردا دانرا.. تا خەیاڵ و بیركردنەوە و وڕێنەكانی تۆمار كات..

جا پێش ئەوەی وڕێنە و بیركردنەوەكانتان– كەكۆمپیوتەرەكە تۆماری كردووە بۆ بخوێنمەوە، دەبێ بڵێم، بۆچوونی پزیشكە زیرەكەكانمان هەمان دەستنیشانكردنی كۆمپیوتەرەكەیە.

(هەندێ نەرمە كۆكەی بۆ دەكات و لە دۆسییەكەی بەردەستیا پارچە كاغەزێ دەردێنێ)

(ژوورێکی چکۆڵەی پاك و تەمیز.. ئاوێنەیێکی گەورە. قەرەوێڵەیێك.. ئامێرێکی گەورە.. یەك بەرامبەر ئاوێنەکە قسە دەکات و چرکە چرکی ئامێرەکە تێکەڵی قسەکانی دەبێ)

یەك: ئا.. ئەو گەوجە..

بەرامبەری ئاوێنە گەورەکەی گرتبوو.. ئەو گەمژەیە چەند لە خۆی ڕادەما.. پێی سەیر بوو، چۆن لەم سەدەیەدا، ئەم هەموو گۆڕانکارییە کاری نەکردووەتە سەر ئاوێنەکان و نەیگۆڕیون.. ئای کە پیسن.. (تفی لە ئاوێنەکە دەکات) هەر دەتوانن دیوی دەرەوەی بنوێنن و ڕەنگی ئارایشکراو بدەنەوە..

ئەو بەستەزمانە.. گەمژەیە.. زۆر (سەیری وێنەکەی خۆی دەکاو پەنجە دەنێتە سەر ئاوێنەکە)

بەوردی سەیری خۆی دەکرد. تووڕە دەبوو، پێ دەکەنیٚ.. دەستی تووڕەیی خۆی درێژ کردو لە ئاوێنەکەدا وێنەکەی خۆی دەرهێنا (پشت لە ئاوێنەکە دەکات وەك ئەوەی یەخەی کەسێکی بەهەردوو دەست گرتبێ) تفێکی خەست و شەقێکی مزری تێ هەڵدا (تف دەکا و شەق دەوەشێنێ) و بەرەڵڵای کرد.. ناو ئاوێنەکە چۆڵ بوو.. لە پڕ کەسێکی دی لە نێو ئاوێنەکە جێگیر بوو، سەیری کەسەکەی دەکرد، بەوردی تێی ڕاما ئەیپرسی، ئەمیان دەبێ کێ بێ؟ هەر کە دەگەیشتە قەناعەت کە خۆیەتی بەپەلە لە نێو ئاوێنەکە دەری هێنا و هەمان ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرد.. ئەو هەژارە.. زیاتر لە دە دوانزە کەسی دەرهێنا.. هەموو کەسەکان هەر خۆی بوون بەسەرسووڕمانەوە سەیری نێو بۆشایی ئاوێنەکەی دەکرد (تفێکی خەست لە ئاوێنەکە دەکات)

درۆزن.. فێڵباز.. کەی ئەوانە ئەو بوون.. تەنها جل و بەرگ و شێوەی ئەو بوون..

(لای ڕاست ڕۆشن دەبێتەوە)

جا گوێ لە جۆری شیکردنەوەی کۆمپیوتەریش بگرن و بزانن ئەو ئامێرەش چ بەرامبەر بەم تاوانبارە دەڵێ:

(کاغەزەکە دەخوێنێتەوە)

گەر ئەم تاوانبارە زەلامی ڕەنگا و ڕەنگی دروست کردبێ.. و زەلامەکان ئاشوب و ئاژاوەیان خستبێتە نێو شارەوە.. گەر بەزەییتان پیا بێتەوە و قەڵەم و کاغەزی لێ قەدەغە بکەن و سێ سەد ساڵێك بەندی بکەن، ئەوا هیچتان نەکردووە.. چونکە چەکی ئەم تاوانبارە تەنها قەڵەم و کاغەز نییە.. ئاوێنەش چەکیەتی.. جا گەر ئاوێنەشتان لێ

قەدەغە کرد، ئەوا دووبارەی دەکەمەوە هیچتان لەگەڵ نەکردووە.. ئەگەر لە ڕەگ و ڕیشەوە بنبڕی نەکەن ئەوا وشەکانی دەمی.. ئا، ئەو وشانە لە دەمییەوە دێنە دەرێ، یەکسەر قەدو قەوارە وەردەگرن و دەبن بە ئینسان و هەزاران گێچەڵ دەنێنەوە (کاغەزەکە دەنێنە نێو دۆسییەکە..، دەست بۆ قەفەسەکە درێژ دەکات) دەیەوێ بناغەی ڕەنجی هەزار ساڵەی لاوانی لەخۆبردوو و سەرۆکە بەوەفاکان و ئەفسەرە میللەت پەروەرەکانمان هەڵوەشێنێتەوە و بمانخاتە ژێر دەستی کەسانی کۆیلەو زنج نشین! ئەم دیموکراتییەتە پیرۆزە.. ئەم یاساو دەستووە نایابەمان بەرەو ئاژاوەو هەڵەشەیی برسییە بێ پۆشاك و پیسەکانی ولاتەکەمان بەرێ ئەوانیش بەپێی بارۆمەتری قۆڕەی سکیان فەرمان ڕەوایییان بکەن! ببنە سەرۆك و پێشەوای جەنگی داهاتوومان.. ئیتر ڕووت و چڵکنەکانی ولات بەزمان لووسی، قەناعەت بە سوپاو میللەت دەهێنن کەبەم چەند بستە زەوییەی ولاتەکەمانەوە بلکێنن و هەرچی نەخشەی جەنگی داهاتوومان هەیە هەمووی دەسووتێنن.. بۆ تا دووچاری ئەم کارەساتە نەبین و هەر لەلانکدا سەرنگونی ئەم حەرامزادەو سپڵەیە بکەین..

دادگا بەگشتی (هەڵدەسێتە سەر پێ، دەنگی بەرز دەکات)

بڕیارەکە تا زووە.. (سەر بەرز دەکات و قسەکانی بۆ تەواو ناکرێ)

چوار کورسی ڕەنگاو ڕەنگ لە چەشنی گوریسی سێ دارەن شۆڕ دەبنە خوارێ.. گوریسە ڕەنگ سوورەکە بۆ ناو قەفەسەکە شۆڕ دەبێ، گوریسە سپییەکەش، بۆ جێی دەسەسرە سوورەکە، گوریسە ڕەنگاو ڕەنگەکەیش بۆ جێی مدەعی عام و گوریسێکی ڕەش قەترانیش بۆ جێی دادوەر.. چەند جارێ بلاجکتۆرە سوورەکە دادەگیرسێ و دەکوژێتەوە، «یەك» لەجێی دادوەر گوریسەکە دەنێتە ملی خۆی، هەرچوار گوریسەکە بەجارێ هەڵدەکشێت.. «یەك» هەندێ لەقەفرتێ دەکات و پشتی دەکەوێتە بەرچاوی بینەرانی شانۆ بەجووانی ئەم ڕستەیە لەسەر پشتیا دەخوێننەوە.

AFTER SUCH

KNOWLEDGE WHAT

Forgiveness!

# دادگای -٣-

***ئەم*** *شانۆگەرییە لەساڵی* **١٩٧٦** *دادگای (٣)دا نووسراوە، ئەگەر چی لە ڕووی هونەرییەوە گەلێ کەم و کوڕی تیادایە بەڵام بەباشم زانی دەسکاری نەکەم وەکو خۆی بیخەمە ڕوو.*

موکری

***

دەرگای ئەشکەوتێ، بەهەندێ بەردی زل، تا نیوەی هەڵچنراوە شەوقێکی کز بەردەمی ئەشکەوتەکەی ڕۆشن کردووە.. کەسێك بەچەکەوە لەبەر دەرگای ئەشکەوتەکەدا وەستاوە!

ئیبراهیم و قادر، لە دووری دە پانزە مەتر لە پەنای گابەردێکدا دانیشتوون و چەکەکانیان داوەتە قەد بەردەکە..

ئیبراهیم: ئەرێ چەند نانمان ماوە؟

قادر: تەنها سێ..

ئیبراهیم: زۆریشم برسییە.. لە دوێنێوە، نانم نەخواردووە، بەڵام بەشە نانەکەی من هەڵگرە و بیدە ئەو دیلە (دەست بۆ ناو ئەشکەوتەکە درێژ دەکات) دوو نانەکەی دیش بۆ خۆت و حەمە

قادر: حەمە، نانێکی پێیە.. وا دەزانم (سەیری سەعاتەکەی دەستی دەکات) چارەکێکی دی، نۆبەی ئێشکگرتنەکەی تەواو دەبێ.... نانەکەی بەشمان دەکات.. هەریەکەو نانێکمان بەر دەکەوێ.. ئەرێ زۆر ساردە هەست بە سەرما ناکەی؟

ئیبراهیم: نەخێر.. ئا.. ڕاستە زۆر ساردە.. بەڵام من سەرمام نییە.. ئاگرێکی سەیر لە دەروونمدا بڵێسەی سەندووە.. گەرمامە..

قادر: تێتدەگەم

تێتدەگەم.. ئەریٚ چیت بڕیاردا..!؟

ئیبراهیم: ناچارم.. دەی.. دەیکوژم!

قادر: وەك لەمەوبەر باست کرد نایناسی

ئیبراهیم: گرنگ نییە.. هیچ ناگۆڕێ.. بەڵێ نایناسم.. ڕەنگە تا ئێستا دەموچاویم هەر نەدیبێ..

قادر: ناچارە..

ئیبراهیم: (قسەکەی لەدەم دەقۆزێتەوە) بەڵێ.. دەزانم ناچارە.. دەزانم، بێ تاوانیشە.. دوورنییە منالّی وردیشی هەبێ..

ڕەنگە تاقە نان پەیداکەری خێزانێکی گەورە بێ.. ڕەنگە..

دڵنیام، خێزان و منالّەکانیشی ناچار دەبن، لاڕێی بگرن و لە پێناوی پاروە ناندا ببن بە دز.. جەردە.. میکرۆب.. ڕەنگە شتی سەیرتریان لێ دەرچێ!

قادر: بەزۆر ناردوویانە..

ئیبراهیم: دەزانم

قادر: ئاخر، گەر سەرپێچیشی کردبا چۆن دەژیا!؟ ها: دەیانگرت و لەکونی زیندانا قایمیان دەکرد.. گەر.. نازانم بڵێم چی،

ئیبراهیم: ئێستا لەم کات و شوێنەدا گرنگ نییە، ئێمە بزانین چۆن دەژیا.. یەکەم سەرپێچی نەکردووە و فەرمانەکانی (ئەوانی) وەجێ هێناوە.. ئەمانەش ئەوەندە گرنگ نییە.. ئێستا گرنگ ئەوەیە چارێکی بکەین! نانی زیاد و جێگامان نییە وەك بارمتەیێکیش ڕایگرین.. دڵنیام گەر بەرەڵلایشی کەین (ئەوان) دەیکوژن

قادر: قسەکانت بۆنی بێ بەزەیی لێوە دێت.. بەزەییت پیا نایێتەوە.. منالّەکانی خۆتت بیرچووەوە؟؟

ئیبراهیم: نەخێر بیرم نەچوونەتەوە.. دوو ساڵە، شەو و ڕۆژ لە یادمان ئەشزانی تەنها کەسێکی نان پەیداکەری ئەوان بووم.. نامەوێ لە کاتی ئاوها وەبیرم بێتەوە.. بەڵام گەلێ بەزەییم بەما (دەست بۆ ناو ئەشکەوتەکە دەبات) دێتەوە! ڕەنگە لە خۆی زیاتر هەست بەئێشی گیانکێشان بکەم! لە بیرت نەچێ تاقە ڕێی ڕزگاریی کوشتنیەتی! ئەی

دوێنێ خۆی باسی نەکرد نەیوت: ئەو سی دیلەی بەرەڵلامان کردن لە سەربازگەکەدا کوشتنیان..

قادر: تۆیش چاك دەزانی بۆ کوشتیانن

ئیبراهیم: دەزانم.. بەلام..

قادر: .. گەر نەیانکوشتبان ئەوا دیلەکان لە نێو سەربازگەکەدا بلاویان دەکردەوە کە ئێمە پیاو کوژ نین.. نایانەوێ سەربازەکانی دی بزانن کە ئێمە بەزەییمان بەبێ تاوانان دێتەوە و ئازادی ئەوانیش بەشێکە لە ئامانجی ئێمە.. ئەڵبەتە چاك دەزانی ئامانجمان گەلێ لەوە گەورەترە کە کوشتن و خوێن ڕشتن بکەین بەدروشمێ.. کەمیان لێ نە کوشتووین کەچی نەتەواو بووین و نە ڕێیان پێ بەرداوین.. زۆرمان لێیان کوشتووە، کەچی تائێستا دەبینی.. شتێکی ئەوتۆمان وەدەست نەهێناوە!

ئیبراهیم: لاریم لەم قسانەت نییە.. سەد دەرسەد لەگەڵ قسەکانتام بەلام گەر بەرەڵلای کەین ئەوان دەیکوژن!

قادر: بائەوان ئەم کارە بکەن.. گەر ئێمەیش بێ تاوانان بکوژین، جا چ جیاوازییێکمان لە نێواندا دەمێنێ؟!

ئیبراهیم: واتە ئێمە بۆ ئەو دیلە هیچمان نەکرد.. تۆ دەتەوێ ئێمە نەیکوژین، دەشزانی گەر بەرەڵلای کەین ئەوان دەیکوژن.. جا ئەم بەستەزمانە دەبێ هەر بکوژرێت.. تۆ قایلیت کوشتن و کوشتنکاری لە گۆڕێدا بێ و بەردەوام بێ، بەمەرجێ خۆت نەیکوژی، یا لەبەر چاوتا نەکوژرێن واتە تۆ، لەم حاڵەتەدا بەزەییت بەخۆتا دێتەوە و ناتەوێ تووشی ئازار بیت و سۆزت هەڵچێ و بیر لەخۆت بکەیت و ئەوساتە بێنیتە بەرچاوت کە ڕەنگە (تۆیش) دووچاری ڕۆژێکی وابیت.. پێم سەیرە، چۆن بەپێی بۆچوونت هەردوولامان، ئێمەو ئەوان پیاو کوژین.. ئەمەیان تاڕادەیەك، تاڕادەیەك ڕاستە، بەلام جیاوازیمان چییە ئەمەیانم پێ سەیرە! چونکە تۆ.. خۆیشت دەزانی جیاوازیشمان زۆرە (ئەوان) دەیکوژن و بەترسنۆك و خایەن لە قەڵەمی دەدەن! لە کاتێکدا تا دوا فیشەك خۆی نەداوەتە دەستەوە.. ئێمە بیکوژین، یەکەم حەقی خۆی دەدەینێ و ئازادی کەین و نازناوی شەهیدیشی بێ ڕەوا دەبێ.. ڕەنگە ئەوانیش بە شەهید لەقەڵەمی بدەن!

قادر: دەتەوێ لە خوێنی خۆی میدالیای ئازایەتی بۆ داڕێژی و پێی ببەخشی..

ئیبراهیم: نەخێر، نامەوێ چاوشارکێیان لەگەڵا بکەین.. گریمان نەیانکوشت، ئەوا بێ شك بە چەکێکی سامناکتر بۆمانی دەنێرنەوە! ڕەنگە ئەم جارە ئەم بمانکوژێ..

قادر: گەر نەیکوژن، دوور نییە جارێکی دی بینێرنەوە.. بەڵام دووبارە هەر پاکانەی بۆ دەکەم و هەر دەڵێم: ناچارە سەربازە بێ تاوانە، ئامێرە دەبێ فەرمان بەجێ بێنێ.. بۆ ئەم هەموو سەربازانە باوەڕیان بەم شەڕە هەیە!

(چەند دەنگێکی لەسەر یەکی تۆپ، ئەو ناوە دەلەرێنێتەوە دوا بەدوای دەنگی تۆپەکان دەسرێژێکی خەست بۆ چەند ساتێ دەست پێ دەکات..)

ئیبراهیم: (بەتەوسەوە) بەڵێ باوەڕیان بەم جەنگە نییە.. وتت ناچارە.. ئامێرە– ڕاست دەکەی، ئێمەش ناچارو ئامێری ئەو باوەڕەین کە ئێستا بەپیرۆزی دەزانین.. ئەم جەنگە، پیس و پیرۆزە سەپێنراوەتە سەرمان.. دەبێ بەرگری بکەین.. تاقە ڕێمان.. بۆ ئەوەی نەمان توێننەوە.. زمانمان ڕیشەکێش نەکەن.. دەبێ بەردەوام بین.. بۆیە داوات لێ دەکەم تۆ بیکوژی!

قادر: دیلە... هیچ یاساو ڕەوشتێ ڕێی کوشتنیم ناداتێ...

ئیبراهیم: هیچ یاسایێك.. هیچ جۆرە ڕەوشتێك.. لەهەر کوێدا بێت ڕێمان لێ ناگرێت لەپێناوی خاك و نەتەوە بەرگری لە کوشتنمان بکەین..

قادر: کوشتنی، هیچ لە مەسەلەکەمان ناگۆڕێ.. ئەمە دوژمنی ڕاستەقینەی ئێمە نییە.. بەڕەوایشی نازانم بیکوژم..

ئیبراهیم: دوژمنمان نییە ڕاستە! بەڵام بەشێکە لە هێزی دوژمن.. بۆ ئەوەی نەکوژرێت دەبی.. ئەشزانی کە لە هەر وڵات و کۆمەڵگایێکدا گەر عەدالەت نەبوو، ئەوا هەموو شتێ ڕەوا دەبێ..

قادر: نەك تەنها دەستم تێی ناچێ.. بەڵکو باوەڕیشم بەکوشتنی نییە!

ئیبراهیم: (بەپەلە قسەکەی لەدەم وەردەگرێ)

ناپلیۆن، لە صەیدا، لەبەر بێ جێیی، سێ هەزار دیلی کوشت.. پاش ماوەیێك، لە هەمان شوێندا درمێك کەوتە نێو سەربازەکانی خۆی، هیچ ئومێدی چاکبوونەوەیان لێ نەدەکرا.. ئەزانی چی کرد؟

قادر: نا.. نازانم

ئیبراهیم: ناپلیۆن، بڕیاری دا، سەربازە بێ کەڵکەکانی زەهر خوارد بکات.. تۆ ئەزانی سێ هەزار سەربازی خۆیشی کوشت!!

قادر: ئێمە ناپلیون نین.. بستێ خاکی کەسیشمان داگیر نەکردووە!

ئیبراهیم: مەبەستم، تەنها دڵنەرمییەکەتە.

قادر: (بەتووڕەیییەوە) چاك دەزانی جوانترین مۆسیقا بۆ دەروونی تینووم ئەو تەقەو دەستڕێژانەیە کە لە گەرمەی ئەم جەنگە پیرۆزەدا دەیبیستم، هەرگیز بەبیرما نەهاتووە، تەقە لە ڕووی کەسێکی بێدەسەڵاتدا بکەم.. دەڵێم، نەك هەر نایکوژم! بەڵکو داوای ئازادیشی بۆ دەکەم!

ئیبراهیم: ئەڵبەت دەزانی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە کە لە پێناوی بەرژەوەندی کەسانی دیلدا، بێ سێ و دوو ڕەفتاری پیاوانەی لەگەڵدا دەکات.. هەوڵ دەدا ئازادی کا.. بەڵام لەم کات و شوێنەی ئێستای ئێمەدا ئازادی ئەم بەستەزمانە لەوەدایە، ئێمە هێمنی پێ ببەخشین.. منیش وەکو تۆ داوای ئازادی بۆ دەکەم! بەرژەوەندی ئەم کوشتنیەتی و ئازادیشی هەر لە کوشتنی دایە!

(بێدەنگی)

قادر: (بەئەسپایی)

(هەر وەك ئەوەی هەست بەوە نەکات کەسێ گوێی لە دەنگییەتی)

هەست دەکەم، هەموو شتێ تاوان دەرژێنێتەوە.. وام لێ هاتووە بێز لەم تفەنگەیش بکەمەوە! کە تاقە ڕێی سەربەرزیمە.. تەنها دەنگ و زمانمە، لەڕووی هەموو ناڕەواییێك و هەموو زوڵم و زۆرێکدا پێی دەدوێم و یاسامە!!

ئیبراهیم: (بەجۆرە تووڕەییێکی نادیارەوە)

بەختەوەر دەبم گەر ببم بەسووتەمەنی و بکوژرێم بەختەوەرتر دەبم گەر وەك پیاوکوژێکی ڕەسەن لە شۆڕشدا ڕەفتار بکەم.. تا چێژ لە هەردوو لایەنەکەی شۆڕش وەربگرم! بۆیە، ئامادەم.. ئاما.. دەم!...

قادر: پێم سەیرە! چۆن تائێستا درکت بەوە نەکردووە کە کوژران و کوشتن دوو جۆر بیرن و تێکەڵ بە چ بیرێکی دی نەبوون! وا دیارە ئەم دوو بیرە بەلاتەوە شێواون و جیاوازی لە نێوانیاندا بەدی ناکەیت!

ئیبراهیم: ئەگەر تێکەڵیش بووبن، بەلامەوە گرنگ نییە ڕەنگە وەکو فەلسەفە و ڕەوشت نابەجێ بێت. حەزدەکەم بزانی هەموو شتێکی نووسراو لەگەڵ زەمینە و ئاو و هەوای تایبەتیدا یەکانگیر دەبن ڕێزم بۆ بیروڕات زۆرە.. بەڵام ئەکوژم بۆ ئەوەی نەکوژرێم.. گەر کوژرام، ئەویش هەر بۆ ئەوەی نەمرم و تۆوی جاویدیم پێ دەبەخشرێ. واتە ئەو گوللەیەی سەر سنگم هەڵدەتەکێنێ دەبێتە ئەو تۆوە، من چیم، ئەگەر نەتەوەم نەبێ..

(بێدەنگی)

قادر: دەبینم تووڕەیت.. تووڕە بوون سەرتاپاتی هێناوەتە لەرز.. ئەڵبەت دەشزانی تووڕەیی پەرژینێکە و بەرچاوی ڕاستی دەگرێ! (دەنگی بەرز دەکات! نامەوێ، بەئازاری بتلێمەوە، کە لە پێناوی ئەوەی دووچاری نەبم، ئەم تفەنگەم هەڵگرتووە.. ئەم ڕێیەم هەڵبژاردووە! (بەدەنگی بەرز) نامەوێ بێدەنگ بم و دەستەوئەژنۆ دانیشم و ببینم کەسێ کەسێکی ناچار و بێ دەسەلاتە لە خوێنی خۆیدا بگەوزێت.. نامەوێ گوێم لەو پاڕانەوەیە بێت کە کەسەکە هەموو هێزێکی خۆی بۆ تەرخان دەکات و دەشزانێ بێ سوودە!! نامەوێ ئەو ڕۆژانە بکەوێتەوە یادم کە لە بەندیخانەکاندا؛ هەندێ لە هاوڕێکانمانیان دووچاری ئەو پاڕانەوە و گەوزانەوەیە دەکرد! نا.. نا.. نا.. نامەوێ..

ئیبراهیم: (بەخوێن ساردییەوە) کاممان تووڕەین؟

(بێدەنگی)

قادر: هەست بە تەنهایی و غەریبی دەکەم!

ئیبراهیم: (بە هێمنی) ئەم ساتە کورتەی تەنهاییت پڕە لە جۆشی ژیان.. کاتێ لەگەڵ ئەم گەردەلوولەی دەروونتا یەك دەگری دڵی هەڵچووت هەستی پێدەکات!

قادر: (بەتووڕەیییەوە قسەکە لە دەمی ئیبراهیم دەبڕێ)

ئاخ.. ئاخ.. ژیان بۆ ئەوەندە پڕە لە گرێ و کێشە و ناخۆشی.. (بە هێمنییەوە)

ئەم کێشانەی تووشمان دەبێ و کار دەکاتە سەر نەوەکانیشمان، زۆربەی زۆری دەستکردی خۆمانە!

ئیبراهیم: (بە نەوازشەوە) هەرگیز نابێ لەسەر ئەم زەمینەدا ژیانێکی بێ کێشە هەبێ.. ئەم هەموو ناهەمواری و هیلاکییە ڕووی بوونی ژیان وەدەردەخات.. هەڵچوونەکانیشمان گەورەترین بەڵگەیە و زیندوویەتی و بوونمان دەسەڵمێنێ.. ئازار

و فرمێسك خۆشی و پێكەنین نیشانەی ژیانە! جیهان هەروا پڕ بووە لەكێشە و.. هەر شتێكیشی تیادایە رقەبەرایەتی لەگەڵ دەروونی مرۆڤدا دەكات! چ ڕێیەك نییە بۆ دەربازبوونمان.. بەڵام ڕاستگۆیی سەرنجی ورد و بیركردنەوەی دروست، هەندێ دڵخۆشیمان پێ دەبەخشی.. سەپێنراوەتە سەرمان لەنێو ئەم بەیەكاچوونەدا بژین.. وەك دەژین، پێویست دەكات بەهێزبین.. تەنها هێز دەتوانێ لەڕووی گەردەلوول و لافاوی ڕق و كینەدا بەرگری بكات.. وا تێنەگەی كە تەنها هێزی باوەڕم مەبەستە! بازوویش... بازوویش.

قادر: دەزانی ڕۆبسپیر گەلێكی ناردە پای قەنارە.. ئەوەندە تاوانبار و بێ تاوانی كوشت؛ ئەوەندە ماڵ و منداڵی دووچاری دەربەدەری كرد؛ تا لەئەنجامدا خۆیشیان بردە بای ئەو قەنارەیە..

ئیبراهیم: لەبیرت نەچێ لە پای قەنارەكەدا وتی: دایكم دەیوت

كوشتن و بڕین لەلایەن گەلەوە خۆراكی شۆڕشە

قادر: بەهەر حاڵ ناتوانم بڵێم كەیفی خۆتە.. نایەڵم بیكوژی.

ئیبراهیم: منیش ناتوانم بڵێم كەیفی خۆتە.. نایەڵم بەڕەڵڵای كەیت..

قادر: ئاگاداری سەركردایەتی بكەین

ئیبراهیم: لە كاتی ئاوهادا هەموومان سەركردەین!

بۆیە تائێستا پەلەم نەكردووە؛ بە سەركردەم زانیویت.

ئێستا.. (هەڵدەسێتە پێ و بەرەو ئەشكەوتەكە دەڕوات)

قادر: پەلە مەكە

(ئیبراهیم بێ دەربەستانەو بە پەلە دەچێتە نێو ئەشكەوتەكە)

قادر: پەلە مەكە.. پەلە مەكە.. (شانۆ تاریك دادێ، لەگەڵ دەنگی دەستڕێژێكا شانۆ ڕۆشن دەبێت)

قادر: كوشتت؟!

ئیبراهیم: (بەخوێن ساردییەكەوە) نەخێر ڕزگارم كرد!

قادر: بابیشارینەوە... بانگی حەمە بكە با یارمەتیمان بات!

ئیبراهیم: پەلە مەكە.. ماوەمان زۆر بەدەستەوەیە (دەڕوات، شانۆ تاریك دادێت.. دەنگی

مارش لە دوورەوە بەرز دەبێ و تێکەڵی چەند دەسترێژێك دەبێ..)

(شانۆ ڕۆشن دەبێ)

قادر: ئەو، ئەوبەردەت تاشی

**ئیبراهیم:** ئێا...

قادر: ناویت نووسیوە...؟

**ئیبراهیم:** نەخێر:

قادر: ئەی چی؟

**ئیبراهیم:** نووسیوومە ئالێرەدا کەسێ بە تاوانی بێ تاوانی سەری ناوەتەوە

سەماوە **١٩٧٦**

## پێڕست

مسز ژۆلیا. سترنبێرگ ........ ٥
سەقاقوش. ئۆگێست سترنبێری ........ ٥٩
گەمە بە ئاگر. ئۆگێست سترنبێری ........ ١٠٢
سموم. ئۆگێست سترنبێری ........ ١٣٩
سێتاری ئاسنین. جۆزیف ئۆکۆنور ........ ١٤٩
پردی ئارتا. جۆرج ثیوتوکا ........ ٢٢١
مردووەکان. جەلیل محەمەد قولی زادە ........ ٢٧٥
سێ دادگا. موکری ........ ٣١٧
دادگای -١- ........ ٣٢٠
دادگای -٢- ........ ٣٦١
دادگای -٣- ........ ٣٩١